یاداشتەڕۆمان

# ئاگردانێك بەقەد نیشتمان

## ژیاننامەی فاروقی عەلی مەولود

داڕشتنەوەی
فازیل شەوڕۆ　　　د. هاوژین سڵێوە

٢٠٢٠

# ئاگردانێك بەقەد نیشـتمان

## ژیاننامەی فاروقی عەلی مەولود

**له بەرکی ( فاروق عەلی مەولود) چاپکراوە.**

ناوی کتێب :   ئاگردانێك بە قەد نیشتمان.

بابەت  :  یادەشتەرۆمان (ژیاننامەی فاروقی عەلی مەولود).

دارشتنەوەی:  فازیل شەورۆ  ـ  د. هاوژین سلێوە

پێداچوونەوە و هەڵەچنی: سامی قادر و پەیوەست خۆشناو

دیزاینی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

سکێچی وێنەی بەرگ: قەرەنی جەمیل

تیراژ  :  ٥٠٠ دانە

چاپ :   چاپی دووەم ٢٠٢١

چاپخانە: تاران

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٧٦)ی ساڵی ٢٠١٩ی دراوەتێ.

**پێشکێشە بە گیانی:**

*** (فاتم)ی دایکی فاروق.**

***شەهید (عەلی مەولود)ی باوکی.**

***(باوەڕ)ی جوانەمەرگی کوڕی.**

***شەهید شۆڕشی برای.**

***(ئەختەر)ی هاوژینی.**

**(واژۆ)**

پێش چاپکردنی ئەم کتێبە، من بەوردی هەموویم خوێندۆتەوە، دەستخۆشی لە هەردوو نووسەر: فازیل شەوڕۆ و دکتۆر هاوژین سلێوە دەکەم بۆ دارِشتنەوەی بیرەوەرییەکانم بەو شێوازەی کە لەبەردەستە. من ڕازیم بەوەی کە ئەوان ڕۆحی ڕووداوەکانیان پاراستووە و شتێك بەدی ناکەم گونجاو نەبێ لەگەڵ ژیاننامەکەم وەك بۆمگێڕوانەتەوە. هەموو کەسەکان و ڕووداو و کارەساتەکان حەقیقین، ئەوان لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا دایانڕشتۆتەوە. من گەلەك مەمنوونیانم و دەزانم چەندان مانگ خەریکی ئەوکتێبە بوون. شەونخونی و ماندووبوونی خۆبەخشانەیان، جێگەی ڕێز و قەدرزانی منە.

واژۆ

فاروق شەهید عەلی مەولود

٢٢/ ٧ /٢٠١٩

## ئەم یاداشتەڕۆمانەمان چۆن نووسی؟

دوو سـاڵ دەبـوو، هـەڤاڵ فـاروق بـە (دکتـۆر هـاوژین)ی گوتبـوو، ئـەو حـەزدەکا بیرەوەرییەکانی لە کتێبێکدا چاپبکات، چونکە باری تەندروستی ئـەو ڕێگـرە لـەوەی خۆی بتوانێ ئەو کارە بکات. دکتۆریش بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیی خۆی نیشاندابوو بۆ هێنانەدی خەونەکەی و وەعدی ئەوەی پێدابوو، کە لەگەڵ فازیـل شـەوڕۆ پێکـەوە ئەو کارە بگرنە ئەستۆ. کارەکە نەختێ دواکەوت، لە لایەك ڕەوشی تەندروستی کاك فاروق یارمەتیدەر نەبوو، لە لایەکی دیکەش شەوڕۆ لە هە ندەران بوو، جا کە شەوڕۆ گەڕایەوە و زانیمان تەندروستی ئەویش جێگیرە، دەستمانکرد بە ڕاپەڕاندنی کارەکە، نەخشەکەمان بە تۆمارکردنی زانیارییەکان دەستپێکرد، لە (٣٠/٨/ ٢٠١٨) دکتۆر هاوژین دەستیکرد بەوەرگرتنی زانیارییەکان، ڕاستەوخۆ لە زاری کاك فاروقـەوە، لـە ماڵەوە بەیەکەوە دادەنیشتن، تاوەکو (٢٢/١٠/٢٠١٩) تـوانی لـە (٣٧) دانیشـتندا کرۆکی ژیاننامەکەی تۆماربکات. لە(٥/٩/٢٠١٨) فاروق شەهید عـەلی مـەولود و فازیـل شـەوڕۆ و هـاوژین سـڵێوە و بێسـتون سـەعدون و سـامان عەبـدوڵڵا، دانـی بەیانییەکەی سەردانی داربەسەریانکرد، بۆئەوەی بەچاوی خۆیان گوندەکە ببینن، زۆر بـەوردی سـەیری پێدەشـت و گـرد و تەپۆلکـە و خـانو و کێڵگـەکانیان کـرد، ئـەو شوێنانەشیان بینی کە کاتی خۆی هێڵی کۆپتـەری لێنیشـتبووەوە، یـان کۆبوونـەوەی لێکرابوو، جگە لەوەش کۆنە خانووەکەی شـەهید عـەلی مـەولودیان بینـی، بینینـی

گوندی داربەسەر بە ڕێگاو بان و ئاقارەکانییەوە، بۆ فازیل و هاوژین زۆر پێویست بوو، بۆئەوەی لەکاتی گێڕانەوەکان بتوانن وەسفی شوێنەکان بکەن.

ماڵی کاك فاروق ماڵێکی بەهات و بات و پڕ میوان بوو، کەسانی چاوکراوە و میوان دۆستن، هاوژین ڕۆژانە دوای نیوەڕۆ دەچووە ماڵیان و زانیارییەکانی تۆمار دەکرد، کەم ڕۆژ هەبووە میوانیان نەبێ، جا هاوژین سوودی لەمیوانەکانیش وەردەگرت، ئەویش بەکردنەوەی بابەتی پەیوەندار بە ژیانی کاك فاروق. زۆرجاریش ڕاستەوخۆ فاروق بەتەلەفۆن پەیوەندی بە دۆست و هاوڕێیانی دەکرد، ئەوانەی نزیك بوون دەهاتنە ماڵەوە و هاوژینیش پرسیاری لێدەکردن و زانیارییەکانی تۆمار دەکرد، بۆکەسانی دوورەدەستیش ئەوا ڕاستەوخۆ بەتەلەفۆن زانیارییەکانیان وەردەگرت و دەم و دەست هاوژین تۆماری دەکردن، لەو دانیشتنانەدا کە دەوری سەعاتێك تا سەعات و نیوێکی دەخایاند، هەندێ جاریش پتریشی دەخایاند، کەسانی دیکەش، وەکو مەحبوبە (قەسپێ)ی خۆشکی و خاتوو ئایشەی هاوژینی و مام کەریمی مامی و براکانی هاریکارییان دەکردین، چونکە فاروق زۆر شتی لە بیرنەمابوو.

بەتایبەتی (قەسپێ)ی خوشکی فاروق هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ بەبیرهێنانەوەی زانیارییەکان و گێڕانەوەی هەندێکیان. سەبارەت بە وێنە ئەرشیفیەکانیش هاوژین وێنەی ناو ئەلبوومەکانی پێشانی ئەندامی خێزانەکەی کاك فاروق دەدا، واتا جگە لە فاروق، قەسپێی خوشکی و ژنەکەی و کچەکانی هۆکارێکی باش بوون، تاوەکو بەهەموویان بتوان ناوی کەسەکان و ساڵ و شوێنی گرتنی وێنەکان ساغبکەنەوە. فەیسەڵ کەریم مەولود کۆمەڵێ وێنەی پێداین، کە لەلای کاك فاروقیش نەبوون.

دواتر هاوژین ئەو بابەتانەی لەبارەی شەهید عەلی مەولود نوسرابوون وەرگرت و چەند کەسێکی دیکەش بابەتیان نووسی، فۆڕمێکیشی دروست کرد و لە فەیسبوکی خۆیی و فازیل شەوڕۆ بڵاویانکردەوەو بۆ بەشێکی بەرچاوی دۆست و هاوڕێیانی نارد، کە داوای ئەوەیان لێکرابوو، کە لەم پڕۆژەیەدا پاشکۆیەك دەبێ بەناوی (چەند پەیڤێك لەبارەی فاروق شەهید عەلی مەولود)، سەرجەم ئەو وتارانە لەخۆدەگرێ، کە لەلایەن هەڤاڵانی نووسراون، یەکەم کەسیش (سامی قادر) بەزوویی وتارەکەی خۆی نارد، ئەو و هیوای سۆفی بەکر هیمەتێکی باشیان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی فۆڕمەکان و ناردنی بۆ دۆست و هاوڕێیانی، هەندێك بە ئیمێل، هەندێکیشی بەدەستنووس بەدەستمان گەیشتن، هەندێ لە هاوڕێکانیشی دەرفەتیان نەبوو، یان نەیاننووسی، دواتر هاوژین، هەموو زانیارییەکانی ڕێکخستەوە و تایپیکردو بە دۆسییەیەك بۆ شەوڕۆی ناردە دوبلن ـ ئایرلەندا. ئەویش لە (٢٠١٨/٨/١١) دەستیکرد بەدارشتنەوەی زانیارییەکان و بەشێوازێکی ئەدەبی ئامادەی کرد و لە(٢٠١٩/١/١٦) تەواویکرد و بۆ هاوژینی ناردەوە. (هاوژین)یش پێداچوونەوە و گۆڕین و بۆزیادکرن و ئارایشتکردنەوەی نووسینەکەی گرتە ئەستۆ. زۆر جاریش بەتەلەفۆن لەگەڵ شەوڕۆ لەپەیوەندی دابوون بۆچۆنیەتیی دارشتن و تەتەڵەکردنی زانیارییەکان. هەروەها پێش ئەوەی دەست بە نووسینەوەی ژیاننامەکە بکەن، لە چەندان دانیشتنی دوو قۆڵی، شەوڕۆ و هاوژین، تاوتوێی نەخشەی دارشتنەکەیان دەکرد، لەبەر چڕو پڕی ڕووداوی کارەساتبارەکان، وەکو ئەرشیفێکی مێژوویی، وارێککەوتن کە بابەتەکە بکەن بە (یاداشتەڕۆمان)، لەسەرتادا، بیرۆکەکە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدەدا، سەرەتا هاوژین پێی باش بوو ناوی بنێن (بیرەوەرییە

ڕۆمان) دواتر فازیل شەوڕۆ (یاداشتەڕۆمان)ی پێ پەسندتربوو، دوای گۆڕینەوەی بیرورا جیاوازەکانیان، گەیشتنە ئەو بڕیارە، کە بە ئەنجامدانی ئەمکارە، ئەوان لە لایەك بۆ یەکەمین جار ڕشتەی (یاداشتەڕۆمان) دەهێننە نێو ئەدەبی کوردییەوە و موتوربەی دەکەن بە ئەزموونێکی نوێ کە پێشتر کاری لەسەر نەکراوە، لە لایەکی دیکە، فاروق وەك قارەمانێکی یاداشتەڕۆمانەکە، پێشکەش بە خوێنەرانی دەکەن.

لێرەدا حەز دەکەین تیشك بخەینەسەر چەند وردە خاڵێك: داڕشتن و زمانی یاداشتەڕۆمانەکە، ڕەچاوی ئەوەی تێداکراوە، کە خوێنەری هەموو ئاستەکان بتوانن تێیبگەن و چێژی لێوەرگرن، بۆیە لەگەڵ ڕێزگرتنمان لە پایەکانی نووسینی ڕۆمان، خۆمان لە شێوازی جەفەنگ و تەمومژاوی و دیمەنی سوریالی نەداوە. لە هەندێك شوێن بەمەبەست بێچووەزاری ناوچەیی بەکارهاتووە، یان چەند ڕستەیەکمان بەزمانی عەرەبی یان بەزمانی دیکە نووسیوە.

هەموو کارەکتەرەکانی یاداشتەڕۆمانەکە، حەقیقین و ناوی خۆیانن، تەنها مەلەك و مەستوورە نەبێ کە دوو ناوی خواستراون بۆ دوو ئافرەت. لە ئینتەرنێت و لەکتێبەکان بەدوای زانیاری گەڕاوین سەبارەت بەگرتووخانەکانی عێراق، بەتایبەتیش (گرتووخانەی نوگرە سەلمان) بۆئەوەی لەوەسفەکان بتوانین تەوزیفی بیرۆکەکان بکەین. یاداشتە ڕۆمانەکە لەدەوری فاروق عەلی مەولود دەخولێتەوە، بەڵام شەهید عەلی مەولودیش لەنێو یاداشتەڕۆمانەکە ئامادەییەکی زۆری هەیە. جگە لەو هاوڕێیانەی ناومان هێنان، هانامان بۆ دەیان کەس بردووە، لە کوردستان و دەرەوە، بۆ وەرگرتنی

وردترین و دروسترین زانیاری، بە گەرمی سوپاسیان دەکەین و دەبێ بشمانبەخشن کە نەماتوانی لەبەر زۆریان هەموو ناوەکان تۆماربکەین.

کە هەردوو نووسەر، یاداشتنامەکەیان تەواوکرد، دایانە بەڕێز (چاپووك عومەر)، هەرچەندە ئەو لەگەڵ کاك فاروق پێشمەرگە نەبووە، بەڵام هاوسەردەمی ئەو بووە لەپێشمەرگایەتی و کەسێکی دونیادیتەو زەین ڕوونە، بۆیە لە(١٥/ ٢ / ٢٠١٨)گەیاندمانە دەستی، دوای خوێندنەوە چەند سەرنجێکی هەبوو، لەبارەی چەند ناوێك.

ئەوجا پێش ناردنی بۆ نەخشەسازی و چاپکردن، نیشانی کاك فاروق دراوە، تا ڕەزامەندی خۆی لەسەر بدا و بۆچوونەکانی بخاتە ڕوو. ئەوەبوو دوای پەسندکردنی ئەو، بڕیاری چاپکردنی درا، پێشوەختیش ئەو لەوە ئاگادارکرابۆوە، کە یادەوەرییەکانی لە فۆڕمی یاداشتەڕۆمان دادەڕێژنەوە، لە مانگی نیسانی ٢٠١٩ درادەستی، بەڵام بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی، سەفەری دەرەوەی وڵاتی هاتەپێش، دوای هاتنەوەی داوامانلێکرد بیخوێنێتەوە، خوێندییەوە و چەند تێبینییەکی هەبوو، لە(٢٠١٩/٨/١٩)دایەوە دەستمان، واتە نزیکەی پێنج مانگ لەلای مایەوە، ئێمەش ڕەچاوی سەرجەم تێبینییەکانمان کرد، بەمەبەستی هەڵەبڕی و نەهێشتنی هەڵەی ڕێنووسی جارێکی دیکە فازیل شەورۆ سەرجەم نووسینەکانی خوێندەوە، ئینجا بۆهاوژینی ناردەوە. لە زووەوە فاروق عەلی مەولوود دەفتەرێکی سەوزی قەبارە مامناوەندی بە هاوژین دابوو کە (١٤٧) لاپەڕە زانیاری لەبارەی ژیاننامەی خۆی تێدابوو، دوای ئەوەی بە وردی خوێندییەوە، توانی زیاتر لە پازدە شوێن زانیاری لە دەفتەرەکە وەربگرێ، ئەو شتانە وەربگرێ کە لەچاوپێکەوتنە (٣٧)

ئەلقەییەکـەدا بـاس نـەکرابوون، یـان بـاس کرابـوون، بـەڵام لـەڕێی دەفتەرەکـەوە زانیارییەکان کامڵتر بوون، ئینجا بۆدواجار هاوژین سەرجەم نووسیەکانی خوێنـدەوە، بۆئەوەی ئەو هەڵـە ڕێنووسـییانەی کـەماوە چـاکیان بکـات و دواگۆڕانکـاری ئـەنجام بدات، بەم شێوەیە ئامادەبوو بۆ بەچاپ.

لـە نووسـینی ئـەم یاداشـتەڕۆمانەدا، سـوود لـەنوێترین تـەکنیکی ڕۆماننووسـین وەرگیراوە، زۆر جار ڕەچاوی گێڕانەوەی زنجیرەیی نەکراوە، لەدەستپێکی ڕۆمانەکـەش خوێنەر هەست بـەوەدەکات، کـە ڕاسـتەوخۆ باسـی گرتووخانەدەکـەین، نـەك ژیـانی منداڵی کاك فـاروق، لـە خوێندنـەوەی ئـەم یاداشـتە ڕۆمانـە خوێنـەر خـۆی ئـەرکی مۆنتاژکردن و گرێدانی ڕووداوی ڕۆمانەکە لەئەستۆ دەگرێ، چونکە چەندان شـێوازی گێڕانەوەمان پـەیڕەوکردووە. نووسـینی ئـەم یاداشـتەڕۆمانە چـەندە بـۆ نووسـەرەکان بابەتێکی نوێیە و ئەزموونێکی بێپێشینەیە، بەڵام پڕ زەحمەتیشـە، چـونکە نووسـەر ئازادی تەواوی نییە لە گەمەکردن بە کات و شوێن و کرۆکی ڕووداوەکان، ئەوە جگە لە ماندوبوون و مشەقەتی کۆکردنـەوەی زانیارییـەکان. لـە لایـەکی تـریش گومـانی تێدانییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا زۆر ناو بەجێماون، یان کارەسـات و ڕووداوەکـان لە کامیرای چاوی کاك فاروقەوە ئەرشیف کـراون، ئەشـێ کـامیرای چـاوی کەسـێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە ئەرشیفی بکات، با بە نموونەیەك ئەمە ڕوونبکەینەوە، لەو یاداشتەڕۆمانە باسی شەڕی تەقتەق کراوە، وەك دەگێڕنەوە ئەو شەڕە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە بەشداری تێداکردووە، لە چەندان قۆڵـەوە هێرشـیان کـردووە، ئێمـە نـاوی هەزار پێشمەرگەکانمان بۆتۆمـار نـەکراوە، چـۆنیەتی هێرشـکردن لـە هـەموو لایـەوە بەوردی باس نەکراوە، تەنها ئـەو ڕووەمـان بـاس کـردووە کـە کـاك  فـاروق هێرشـی

تێداکردووه. واته هەریەك لەو هەزار پێشمەرگەیە چیرۆکی خۆی هەیە بۆگێڕانەوەکە، بەڵام لەهەمانکاتیش فەزایەکی هاوبەش هەموو گێڕانەوەکان یەکانگیر دەکات، لە کات و شوێن و ڕووداوە گشتییەکە، نەك لە وردەکارییەکان.

لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا،(چوار) تەوەرەی دیکەش دەخوێنیتەوە:
یەك: هاوڕێ شەهید عەلی مەولود لە دیدی هاوڕێیانیدا، کە دەستەیەك لە هاوڕێ و دۆستەکانی شەهید عەلی مەولود پێشتر ئامادەیان کردووە، یان داوامان لێکردون ئینجا نووسیویانە.
دوو: چەند پەیڤێك لەبارەی فاروق شەهید عەلی مەولود.
سێ: ڕووبەڕوو لەگەڵ فاروقی شەهید عەلی مەولود، کە تیایدا دوازدە پرسیارمان لێکردووە و وەڵامی داوینەتەوە.
چوار: ئەرشیفە وێنە، کە ژمارەیەك لە وێنەی هاوڕێ فاروق و بنەماڵەکەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.

**فازیل شەوڕۆ** **د. هاوژین سلێوە**

**دوبلن** **کۆیە**

# ئاگردانێك بەقەد نیشتمان

# (١)

## (ئەو ڕۆژەی کە مەرگ ئیرەیی پێدەبردم)

ئەوکاتــەی قــژم سەوزســەوز بــوو، نــزمترین دەنــگ لــە گوێچــکەما نــەدەخنکا، چاوەکانم پڕ لە هەتاو بوون، دەست و بازوو و قاچەکانم ڕەشەبابوون، ئەوکاتــەی دڵــم کانییەکی بەجۆش بوو، ددانەکانم ملوانکۆکەیەکی مرواری بوون، ڕوومــەتم لەئاوێنــە بێگەردتر بوو، زاکیرەم حــەوزە ئــاوێکی ڕوون ڕوون بــوو. ئەوکاتــەی ئومێــد و هیــوام لەسەر ترۆپك بوو، هەناسەم بۆنی سێو و مێخەکی لێدەهات، ئەوکاتــەی ئەوکاتــەی ئەوکاتەی... لەپڕ بەتووڕەییەوە ئەفســەرەکە دەشــیڕێنیّ: (فــاروقی عــەلی مــەولوود) وەرە دەرەوە. هەر ئەوەندەی زانی بەکێبلّ کەوتنە سەری و هەموو گیانیــان خــەڵتانی خوێن کرد، دواتر بە چوار دەستەکی هەڵیانگرتەوە و فڕێیاندایە ژووری گرتووخانــە و هاوڕێکانی بەگریانەوە ئاویان بەدەم و چــاوی دادەکــرد و بــەهۆش خۆیــان هێنایــەوە. لەخەو ڕاچەنی و وتــی: بشــمکوژن ســوورم لەســەر خــەبات و تێکۆشــان. (عایشــە)ی خێزانی بەو نیوەشــەوە و بەحەپەســاوییەوە وتــی: فــاروق ئــەوە چــی بــوو؟ بەهەناســە بڕکێوە: کابووس بوو کابووس، ئایشە پەرداخەئاوێکی دایێ، دوای چەند ســاتێك لــیّ ڕاکشا، بەڵام خەو نەدەچووە چاوەکانی، زیندەخەونی دەبینی، وێنەی پچڕپچڕ، وێنەی گرتووخانەی ئەبوو غرێب، گوێی لە هەیت و هوتی جەلادەکان دەبوو، وێنەی هــاوڕیّ شەهیدەکانی وەك ئەلبوومی یادگــار یەکــە یەکــە دەهاتــەوە پــێش چاوی، ئەوشــەوە

نەنووست تابەیانی جێنگڵی دەدا. بەیانی کە تیشکی زێڕینی خۆرەتاو، سروشتی بەخەبەر هێنایەوە، باڵندەکان گۆرانیان بۆڕۆژێکی خۆش دەوت، کەچی ئەو دڵی گیرابوو، ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، بەبێ تاقەتی سەیری ئاوێنەی ژوورەکەی دەکرد، ڕووخسارە ئاڵۆزەکەی خۆی دەخوێندەوە، چووە دەرەوە و لە هەیوانی ماڵەکەی دانیشت، خەیاڵێکی چڕ دەیبردەوە بەرەو تونێڵە قوڵەکانی منداڵی، بەرەو گوندە خنجیلانەکەی داربەسەر، بەرەو مەملەکەتێك پڕ لە هەرەت و پەرەت و تەپۆلکە و کەپکە شاخ، چەند ماڵێکی پەرت، دیمەنی خانووە لەقوڕ و بەرد دروست کراوەکان، چەند مێگەلێك لەدەشتەکانەوە، چەند کۆترێکی قەلاش و خۆماڵی بەسەر کوێسەبانەی ماڵەکانەوە، دەنگی سوێسکەی دوورە هەرەتان، خۆرەتاو تازە چاو دەکاتەوە و ڕۆشنایی بەسەر پێدەشت و هەرەت و پەرەتی سەوز و جوانی دێیەکەی دەپرژێنێ، کچە نەشمیلەکان بەگۆزەی شانەوە لەکانی دەگەڕێنەوە، خەیاڵەکانی پچڕ پچڕ دەبن، ئاخر بەبیرهاتنەوەی کاتە خۆشەکانیش هەرخەمە، چونکە بەسەر چووین و ناگەڕێنەوە. دواتر دیمەنی دایکی دێتەوە بەرچاو، دایکە جگەر سۆزەکەی، سەماوەری داگیرساندووە و قۆریە چای لەسەر داناوە و بۆنی گوڵەچاو دارچینی هەیوان و حەوشەی ماڵەکەیانی پڕکردووە لە میهرەبانی، دایکی خەریکی ئامادەکردنی نانی بەیانییە. لەپڕ فاروق دەداتە پرمەی گریان، (عایشە)ی خێزانی دەرگا دەکاتەوە، فاروق فاروق، گیانەکەم چی بووە بۆدەگری!؟

فاروق: چۆن نەگریم، دڵم هێند پڕە. ڕابردووم، نەك هەر ژیانم، بەڵکو خەون و زیندەخەون و خەیاڵەکانیشمی داگیرکردووە. ئەو ڕابردووە تاڵەی کە یەك پارچە سیمفۆنیای ئازار و هەناسە ساردییە، ئاخیر چۆن نەگریم، لەتەمەنی مێرد منداڵی

باوکم شەهید بوو، تێر دایك و خزم و کەسی خۆم نەبینی، هەر ئاوارەیی و گرتووخانە و ئازار بوو، ئێستاش بەوبارە دەروونییەخراپەوە، بەو جەستە پڕ لەساچمە و برینەوە، دەبێ چۆن بم، ڕابردوو لێم نابێتەوە، ڕابردوو بووە بە ئەندامەکانی جەستەم لەدەم و لێو و لووت لەمنەوە نزیکترە.

که بەدەستی ڕاستی پڕیدایەکوتەکە دەسك ڕەشەکە و بە هەموو هێزی خۆی بە مێزەکەی بەردەمی کێشا و زرمەیەکی گەورەی لێوەهات، ئەوجا بە غروورییەوە وەك ئەوەی لەشکری ئەسکەندەری شکاندبێ، کوتکەکەی فڕێدایەوە سەر مێزەکە و چاویلکەکەی کردەوە چاوی و دۆسییە بەرگ شینە کراوەکەی بەردەمی، کە بەقەد کتێبێکی سێ سەد پەڕی ڕاپۆرت و یاداشت و پەڕاوی لێکۆڵینەوە و تۆماری شاهید و شهودی تێدابوو، بە سەری پەنجەکانی دەستی چەپی دایخست و نەختێ بۆ پێش مێزەکە خۆی نووشتاندەوە و بە وردی دەیقەتی لە ناوەکەی سەردۆسیەکە دا و بە حینجە لەبەرخۆیەوە خوێندییەوە و هەناسەیەکی قووڵ قووڵی هەڵکێشا، بۆ ئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ خوێندنەوەی بڕیاری حوکمەکە، بە دەنگێکی هێندە گەورە و گڕ تا دڵ و هەناوی هەموو ئەو تۆمەتبارە دەست و پێ بە کۆت و زنجیرەی کە بەرانبەری ڕاوەستاون، لەترسان ڕاچڵەکێنێ.

ماوەی نێوان پڕدانە کوتکەکە و دیقەتدانی ناوەکەی سەر دۆسییە بەرگ شینەکە، هەر دە چرکەیەك دەبوو، لێ لەو ساتە وەختەدا، ئەو دە چرکەیە درێژتر بوو لەو ساتانەی کە دایکم لە باوەشی دەکردم و مرچ مرچ ماچی دەکرم، زۆر درێژتر بوو لە یەکەم ژووانم لەگەڵ کچە چاو بەڵەکە کۆیەکە کە عەیامێك بوو یەکتریمان خۆشدەویست، ئەو دەچرکەیە، گەلێ درێژتر بوو لە کۆیساڵەکانی تەمەنی

پێشمەرگایەتیم، ئەوەی کە لەم دەچرکەیە درێژتر نەبوو، لەم ساتەوەختەدا، تەنها و تەنها تەمەنی باوکم بوو. دوو شەوبوو ئەشکەنجەدان و تەعزیبم لەسەر هەڵگیرابوو، هەرچەندە هەرچی بەند و جومگەی لەشم هەبوو دەتگوت بە گازان لەبەریەکیان دەرهێناون، بەڵام هەست و هۆشم بەئاگا بوون، دەمزانی لەم هۆڵە ڕەش و بەسام و ترسناکەدا چ دەگوزەرێ. ئەسڵەن لەم دەچرکەیەدا من وامهەست کرد کە لە هۆڵی سینەمادا دانیشتووم و ئەو فیلمەی لەنێویدا نقووم بووم، سیناریۆکەی خۆم دامڕشتووە و قارەمانەکەشی هەر خۆمم: خوێن لە هەر هەموو برینەکانی لەشم وردە جۆگەڵەی بەستبوو، کە ئەو ئێوارەیەی لە داستانێکدا پێکرام، تەواو دڵخۆش بووم وامدەزانی هەموو شەهیدەکان سەریان بە ئەژنۆم کردووە و وا منیش بە هێمنی لەگەڵیان بۆ یەکجاری دەخەوم، وا دەهاتەبەرچاوم، قەسپێ بە دەستە قەڵێش قەڵێشەکانی هەناوی ئاگردانەکەی ناو ماڵەکەمان هەڵدەدڕێت و پارچە چەکە شاردراوەکان دەهێنێتە دەرەوە و جوان جوان خاوێنیان دەکاتەوەو ڕادەستی پۆلە پێشمەرگەیەکی دەکات، وەك ڕۆژی ڕووناك ئەسپە شێیەکەی باوکم بینی لە کەپکی بێژینك بەسەر وەك خۆر هەڵدەهات و بە حیلە حیل بەرەو گەرووی فاقێ هوڕەی دەکرد، دەمگوت ئەوە گیانی منە جارێکی دیکە دەچێتەوە سەر کارێزی ئاوبارە و کانیاوی قالۆغدار، تا پێش مەرگم قومە ئاوێکی ئەو داربەسەرە نۆش بکەم و کڕنۆشێك بۆ قەبرستانی کانیلە بەرم. نازانم چۆن لەم دەچرکەدا سیمای جوامێرانە و خەندەی جوان و گوفتاری شیرینی ئەو هەموو پێشمەرگە شەهیدانەم هاتنەوە بەرچاو کە دەتگوت لەشایی و چۆپییەکی یەکجار خۆش و گەرموگوڕدان و خۆم بە دەسرۆکەی سەوز و سوور سەرچۆپییەکەم گرتووە و هەڵدەپەڕم و ئاهەنگدەگێرم. ئاخر

هەر چەند چرکەیەك پێش ئێستا ئـەو ئەفسـەرە عـەرەبـە بێویژدانـە، شـان بـە تـاج و نەجمە، کە هەر لە گڕووەسەگی زەلکاوەکانی هۆڕی جبایش دەچوو، بە ناوی دادوەری شۆڕش، حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر پێنج لە هاوڕێیەکانی مندا سەپاند و حوکمی هەتا هەتایەشی بەسەر سێ لە هاوخوێنەکانم و دووعەرەب بڕییەوە. مـن وام هەسـت دەکـرد، دەسـتەکانمان بـوون بـە بـاڵی سـپی سـپی بـەرەو عـەرشـی خـودا بـەرز بـەرز هەڵدەفڕین و لە باوەشی میهرەبانی ئەودا دەخەوین، شەهید خۆشەویسـتی خودایـە. نەك من، گەر کەسێکی غەوارەش بێتە ئێرە و دیقەت لە دەسکی ئـەو کوتکـە بـدا، کە ئەو جەلادە بە مێزەکەیدا دەکوتێ و حوکمەکەی پـێ دەخوێنێتـەوە، دەزانـێ کـە ڕۆژانە چەند جار، دەستە دەستە ڕۆڵەی کورد، بە فرمانی ئـەو ڕەزاقورسـە ڕەوانـەی سەر کورسی سێدارە دەکرێن. دەسکی کوتکەکـە لـە دەسـتی ئـەو حاکمـە غـەدارەدا هێندە ڕەشهەڵگەڕابوو، دەتگوت سەد ساڵە لەناو دەستی ڕەشی ئەو غەدارە دایـەو و لەو مێزە دەکوترێت و حوکمی پێدەدرێت. هەر لـەو دوو ڕۆژەی ڕابـردوو دوانـزدە لـە هاوڕێیەکانم بەو حوکمە قورسـانە حوکمـدران، بـەبێ ئـەوەی هـیچ شـتێکیان لەسـەر ئیسپات بێ، یان خۆیان ئیعترافیان کردبێ.

جا دوای ئەوەی ناوەکەی منی لەسەر بەرگی دۆسییە شـینەکە خوێنـدەوە، سـەری خۆی بەرزکرد و بەبێ ئەوەی هیچ کاغەز و وەرەقەیەکی لەبەردەم بێ و بیخوێنێتەوە، چونکە بە هەزاران جار ئەو حوکمەی گوتوبۆوە، وەك تووتی لەبەری کردبوو، زۆر زۆر بێباکانە و هیتلەرانە بە دەنگێگ کە لە گوێمدا بە لوورەی گوورك و چەقەڵ دەچوو، لووراندی:

(حكمت محكمة الهيئة الخاصة بجلستها المنعقدة بتاريخ ٢٥/ ٣ /١٩٧٧ الحكم على المتهم فاروق على مولود، حسب مادة (٤٠٦) فقرة (١) بالاعدام شنقا حتى الموت مع مصادرة اموالة المنقولة و غير المنقولة.)

وەك دڕندەیەك لە ڕووی نێچیرێكی تێكشكاودا بمرخێنێ، وەك گرمەی هەوری سەرەپاییزان ... وەك دەنگدانەوەی غلۆركردنەوەی گابەردێكی گەورە لە دۆڵێكی كپدا، هاوارم كرد:

ـ ئەم حوكمە ناڕەوایە... ئەم حوكمە حوكمی قەرەقۆشە.. ئاخر من هیچ ئیعترافێكم نەكرووە و قەت هیچ تاوانێكیشم نییە.

عەرەبییە جوان و ڕەوانەكەی، ئەم دەنگە زوڵاڵ و حەقانییە، نەك هەر سەرنجی ئەفسەرە گڕووەسەگەكەی ڕاكێشا كە حوكمەكەی خوێندوە، بەڵكو داواكاریی گشتی دادگاكە لە لای دەستە چەپی مێزەكە ڕاوەستا بوو، بۆ ماوەیەك چاوەكانی ئەبڵەق بوون و ئەو لەجێی خۆی موچڕكی بەلەش دادەهات، وەك بڵێی سامگرتبێتی، كە چۆن گەنجێكی كوردی بێ پشت و پشتیوان، لەنێو ئەم ڕەوە گوورگەدا، جورئەت دەكات بەم شێوەیە بەڕووی سەرۆكی دادگایەكی سەربازی هەڵگەڕێتەوە.

فاروق، هیچ وەڵامێكی لە ئەفسەرەكە و لە پارێزەر و لە داواكاریی گشتی نەبیست، چونكە وەك سەگی هار، چوار لە پیاوانی ئەمن كە بەهەموو سوچێكی هۆڵەكەدا بڵاو بووبوونەوە، پڕیان دایەوە و بێڕەحمانە كەوتنە سەری و ڕایانكێشایە دەرەوە. كاتێك ئەو بەهۆش خۆ دێتەوە، دەبینی هەموو لەشی خوێنە و هاوڕێیەكانی بەدەوریدا كۆبوونەتەوەو خەریكی تیماركردنی برینەكانی ئەون و بە ئاو دەم و چاوی دەشۆن.

کاتێك فاروق چاوەکانی دەکاتەوەو بەهۆش خۆ دێتەوە، بەبێ ئەوەی بزانێ لە کوێیە، بە هێمنی لەبەرخۆیەوە دەڵێ:

ـ ئای دارگوێزی کوێستانان، بیور کلکی لە خۆت نەبێ، قەت ناتوانێ بتبڕێتەوە!

ئەو، عەیامێك بوو ژەهری غەدری خیانەت و خۆفرۆشی دەستی هاوڕێیەکانی خۆی نۆشی بوو و هەمیشە بە تاڵاوی ئەو ژەهرەی، کە هەزاران ساڵە لە نێو خوێنی کوردان دا دەسوڕێتەوە، دەتلایەوە و یەکجار زۆر خەمی پێدەخوارد. خەیاڵ دەیباتەوە گوندەکەی خۆیان بیری دەکەوێتەوە: لە ناکاو گرمەیەك هات و گوێمان لەتەقینەوەیەکی گەورەبوو، بەهەشتاوی هاتینە دەرەوە ڕووم لەخوشکم کرد وتم ئەو دەنگە چبوو، وتی لەماڵی مام حەمە بوو، کەچووم خێزانی مام حەمە بریندار‌بوو، وتم ئەوە چی بوو وتی: هەژاری کوڕم شتێکی بۆفڕێدام وتی ها دایە ئەوەم دۆزیوەتەوە، کە دەکەوێتە بەردەمی ڕاستەخۆ دەتەقێتەوە و بەخەستی برینداری دەکات. ئەو برینداریەش دەبێتە هۆی لەدەست دانی گیانی. دواتر ئەوساتانەی بیردەکەوێتەوە،کە ئێوارەی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ بوو کۆمەڵێك پێشمەرگە بۆنانخواردنی ئێوارە هاتنە دێیەکەیان، کەژمارەیان بیست کەس دەبوو، مەلا بەختیار و شەهید شاخەوان عەباس هاتە ماڵیان، وتی هاوڕێ فاڕوق ئەوە مەلا بەختیارە، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەیە. زۆر قسەیان بۆکردم لەبارەی (ی.ن.ك) و کۆمەڵە. دوای نانخواردن وتی وەرە بۆمزگەوت خەڵك کۆدەکەینەوە و قسەیان بۆ دەکەین. باسی ڕێبازی شۆڕشی نوێی بۆ خەڵك کرد، لە ڕاستیدا قسەکانی زۆر بەتوێکڵ و سەرنج ڕاکێش بوون. زۆر بەسوود بوون بۆ خەڵکەکە.

هەر ئەوکاتەش ئەوەی بەبیرهاتەوە کە وتبووی: کاك بەختیار ئێستا من ئاشکرا بووم، ناتوانم دابنیشم، وتی دەبێ تۆ بچیتەوە بۆ ماڵ لەوێ خۆت بپارێزی نەهێڵی بکەویتە دەست دوژمن، لەبەرئەوەی ڕژێم دایکت و خوشکت و براکانت دەستگیردەکات دەیانخاتە بەندیخانە، دواى ئەوەش دەبێ کاری ڕێکخستن بکەیت و هەوڵی گەشە پێکردنی بدەی.

ئەو وای هەست دەکرد، ئەوە دوێنێ شەو بوو کە لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار و هەڤاڵ کاوە و هەڤاڵ شاهۆ و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە، بەیەکەوە لە کۆڵێتێکی بچووکی شێدار دانیشتبوون، پەیرەوپڕۆگرامی ڕێکخراوەکەیان تاوتوێ دەکرد، لە شەوێکدا کە مەرگ تیایدا لە خۆی دەترسا و بست بەبستی ئەم کوردستانە پشکۆی ئاگر بوو و ترس و سامی دڕەندەیی بەعسییەکان کونجی هەموو ماڵێکی، وەك تەونی جاڵجاڵۆکە تەنیبۆوە. مرۆڤەکان لە نزیکترین خۆشەویستیان دەسڵەمینەوە. ئا لەو کاتەدا، زرمەی نارنجۆکێك کە لە لوولەی سۆبە فڕێدرایە خوارەوە، قرمژنی دوو دەستڕێژ کە لە درزی دەرگاوە ئاراستەیان کرا، کۆڵێتی کردە دۆزەخ و دەم و دەست هاوڕێ شاهۆ شەهید دەبێ و دوو پێشمەرگەش زامدار دەبن. دیار بوو کە دوو خۆفرۆش پلانی کوشتنی مەلا بەختیاریان داڕشتبوو. ئەو کات هەڤاڵ فاروق نەناسرا بوو و کەس نەیدەزانی کە لە ڕێکخستنەکاندا چالاکەوانێکی بەوەجە. هەر ئەو شەوە مەلا بەختیار کە هەموو دەم و چاو و جل وبەرگی لە بەر سوتووی ڕەش و خۆڵەمێش و ئاگر وەك کوورەچی حەمامی لێهاتبوو کەس نەیدەناسییەوە، پێی دەڵێ: فاروق دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بیت. پلان و نەخشە هەیە بۆ لەناوبردنی هەموومان، بۆیە

دەبێ زۆر ژیرانەتر هەڵسوکەوت و جموجۆڵ بکەی، ئاگاداربە خیانەتکار و جاش زۆربووین، جاش و باش تێکەڵبووین، حەکیمانە بیری لێبکەوەو لێکیان هەڵاوێرە.

لەرۆژگارێکدا کە شارەکان بەندیخانەیەکی گەورە بوون، شارنشینان یەخسیر و زەلیلی شەقی پیاوانی بەدڕەوشتی بەعسی بوون، تا ئەو ڕادەییەی پرسەدانان و زیارەتی قەبرستاناکانیش بە پسوولە و مۆڵەتوەرگرتن بوو، جێگۆڕکێ لە یەك گەڕەکدا، مایەی گرتن و کوشتن بوو، کەس نەبوو لەسێبەری خۆی نەترسێ. بە ڕۆژ هەمیشە کۆپتەر بەسەر گوندەکانەوە بوو بەشەویش جاش و خۆفرۆشەکان دەکەوتنە بۆسە دانانەوە و تەگبیرکردن بۆ ڕاوکردنی ئەو خەڵکە بێ دەرەتان و بەستەزمانەی دەشت و دەران. لەوێشدا ڕژێم چەندان پیرێژنە ماستفرۆش و کاروانچی بێگانەپەرستی کردبووە چاو، وەك چاوی پەپۆ هەمیشە لەگەڕاندابوون بۆ ڕاوکردنی نێچیرێکی ئەم گوندانە. چەندان جار شوانی بێتاوانیان، بەنرخی پێشمەرگە بە پیاوانی ڕژێم دەفرۆشتەوە. هەموو شەوێك پێش مەلابانگدان فاروق بەدزییەوە لە ماڵ دەردەهات و هەر ساتەی لە بن کەپکەشاخێك و گەوەڕێك و ملەزورگێك خۆی دەشاردەوە و ڕۆژی بەسەر دەبرد. ئاقاری گوندەکەیان تەواوەك دوورە شاخ و چیایە، لە باکووری ڕۆژئاوایدا هەر چیای پیرەر و باواجی دیارە، ئەو ناوە لە دەشتێکی ڕووتەن دەچێ، بەڵام ئەگەر لێی نزیك بیتەوە، دەبینی شوێنێکی زۆر عاسێ و سەخت و پڕ پێچ و پەنایە، بەدرێژایی باکوور و باشووردا، چەندان زنجیرە کەپکە شاخی گەورە گەورەی بەیەکەوە بەستراون، شیوی لێژ و کەندڕ و دۆڵی زۆری تێدایە، جەنگەڵ و لێڕو دارستانی چڕی نییە، بەڵام تەڕاش و پووشەڵانی زۆرە. هەر چەند فەرسەخێك لە گوند دووربکەویتەوە، وەك جنووکە لەبەرچاوان وندەبی، کەسێکی شارەزا و خۆیی

نەبێ، توولەڕێ و سەرە ڕێیەکان ناناسێتەوە. ئەم ئاقارە بۆ فاروق وەك حەوشە و هەیوانی ماڵی خۆیان وابوو، ئەو منداڵ بوو لەو باسك و هەرەتانە بەدوای هێلانە سوێسکە و پەپوولەسلێمانکە و سۆفیلکاندا دەگەڕا. هیچ پاوان و پەرێزێك نییە مێگەلە مەڕوبزنی تێنەکردبێ، لە بەهارانیشدا لەگەڵ گەنگرکەر و کاردیکەراندا، پێ بەپێ ئەو دەشت و دەرەی کوتاوەتەوە، هیچ گۆم و گۆلاو نییە مەلەی تێدانەکردبێ و خۆی تیدا نەشووشتبێ. ئەو داربەدار و گابەرد بە گابەردی دەڤەرەکەی دەناسی. کە دوای خۆرئاوەبوونان سەری بەماڵدا دەکردەوە، دایکە شەکەت و خەمخۆرەکەی وەك منداڵی ساوا چاودێری دەکردو ئامۆژگاری دەکرد و ژەمەنانی هەڵگرتووی بۆ گەرمدەکردەوەو دەیلاواندەوە. خۆ ئەو چەند گەوەڕ و کونە ئەشکەوتەی بن کەپکە شاخەکان نەبوونایا، دەمێك بوو ئەو دەستگیرکرابوو، ڕۆژ بووە حەوت کۆپتەری سەربازی چەندان جار بەسەر ئەو گوندە و دەوروبەرەدا سوڕاونەتەوە و لە سەرزەویش جاش و جەیش کون و قوژبن نەماوە نەیانپشکنیبێتەوە، کەس نەماوە لە ژن و منداڵ و مەلا و موختار و شوان و سەپان و جوتیاری ئەو ناوە پرسیاری فاروقیان لێنەکردبێ. هەر جارەکی هێرشیانهێنابێتە سەر ئەو گوندە، ڕاستەوخۆ هەر ماڵەکەی وان مەقسەد و ئامانج بووە. هەر جارێکی کە دایکی نکۆڵی کردبێ کە عیلمی هەبێ کوڕەکەی لەکوێیە و بۆ کوێ چووە، ئەو خۆفرۆش و داوێن پیسانە سەدان جنێوی ناشرین و تف و نەعلەتیان لەو ژنە بێخەتایە کردووە، تا چۆوە بارەگای خودا، شونی ئەو قونکە دەمانچەیەی هەر بەسەریەوە مابوو، کە ڕۆژێك جاشێکیان بە هەموو قوەتی خۆی دەیکێشی بە کەلـلەی سەریدا و سەری دەشکێنی و هەموو دەم وچاوی خەڵتانی خوێن دەکات. پێی دەڵێن: "فرقێ، تۆ درۆدەکەی باش باش دەزانی

فاروق لەکوێیە، بەڵام ناتەوێ پێمان بڵێی". ئەو خۆفرۆشانە هەموو ئاواییەکەیان بە گەورە و گچکەوە دەناسی، ڕۆژێك (محەمەد جەلیل)ی خائین لە دایکی دەخوڕێ و پێدەڵێ: "پیرێژن بۆ خۆتمان لێ نەناس دەکەی، لەبیرتە کە شەوەکەی ئا لەو ژۆرەی سەرەوە هێلکە و ڕوونت بۆ کردین و نانت داینێ، خۆم پێشمەرگە بووم و دەیان جار لێرە ئاشت بۆ کردووین و پێخەفت بۆ ڕاخستووین". دایکی لە دڵی خۆی دەیوت هەی هەناوت گڕێ گرێ بێ، هەی نمەك کوێرت کا. بەڵام کە زاریشی دەپچڕاند دەیوت من تۆ ناناسم! بەوە نەدەوەستان، بەدزییەوە، خەڵکیان ڕادەسپارد لە خزم و کەس و کاریان بپرسن و سۆراغیان بۆ بکەن، کە ئەو کوڕە بۆ کوێ چووە. هەموو دەیانگوت، لەوەتەی باوکی ئەمری خوای کردووە، ئەو کوڕە خەریکی کاروکاسبییەو بووەتە دێوەرەی ئەوگوند و شارانە.

شەوبوایە، ڕۆژبوایە، بەیانی بوایە، ئێوارە بوایە، بەفرو تۆفان و لافاو بوایە، ئەو جاش و چەتە و خۆفرۆشانە، بەرۆکی ئەو گوندەیان بەرنەدەدا، وەك بڵێی ئەم گوندە پایتەختی کوردستان بێ و ماڵەکەی باوکی فاروقیش قەسری سەرۆککۆمارەکەی بێ. ئەوان هێندە ئەزیەتی ئەو خەڵکەیان دابوو، هەر کە لەدووررا بەدیاردەکەوتن، خەڵکەکە خۆیان دەشاردەوە، یان کارێکی وایان دەکرد کە قەناعەتیان پێ بێنن، ئەوان هەر خەریکی فەلاحەتی و مەڕداری خۆیانن و حەقیان بەسەر هیچەوە نییە و دەستیان بەکڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبات. جارێکیان حاجی ساڵح، چێشتەنگاوێك، بەرەو ماڵ دەبێتەوە، هەر ئەوەندەی زانی جاش و جەیش دەووریان گرتووە، ئەویش بەبێ دەستنوێژ، هەر لەسەر گوفکێك ڕوو لە قیبلە دەکات و

نوێژدادەبەستێ. لێ بەمەش هەر وازی لێناهێنن و ئەزیەت و ئەشکەنجەی دەدەن، بەڵام ئەو هەر سووردەبێ لەسەر ئەوەی کە هیچ خەبەرێکی ئەو (فاروق)ە نازانێ!

فاروق، لە ئەزموونی کاری سیاسی و پێشمەرگایەتیی خۆی فێر ببوو، کە چۆن چالاکییەکانی ژیرانە ئەنجام بدات، کەسێتی خۆی کە سێبەری کەسێتیی باوکە خەباتگێڕەکەی پێوە دیار بوو، یەکجار کاریگەری بەسەر خەڵکەکەوە هەبوو، متمانە و پێگە و ئازایەتی و بلیمەتی ئەو، هۆکار بوون بۆ ئیقناعکردنی لاوان بچنە ڕیزی شۆڕشی نوێ و دەستبکەنەوە بەخەباتی چەکداری. چەندان شانەی لەو گوندانە پێکهێنابوو، جا بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن و دوژمن زەفەریان پێنەبات، هەر شانەی لە سێ کەس پێکهاتبوو، هەر یەك کەسیان کەسێکی دیکەی لە شانەیەکی دیکە دەناسی و بازنەی ڕێکخستنەکەی زۆر بچووك کردبۆوە. لەو ڕۆژگارە دژوار و ناخۆش و سەختەدا، ڕوویداوە، لەسەر یەك قەوانە فیشەك، خەڵکیان لەسێدارە داوە! کەچی فاروق توانیبووی هەر بۆخۆی سێنزدە کلاشینکۆف و ڕەشاشێکی تەکتریۆف پەیدا بکات. ئەو ئەم پارچە چەکانەی لە دەوری گوندی لەژێر زەوی شاردبۆوە، دواتر بۆ ئەوەی شوێنپێی خۆی بزرکات و کەس جێگەی چەکەکان پێنەزانێ، شەوێك لەگەڵ قەسپێ و موحتێی خوشکی چەکەکان دەهێننە ماڵەوە، بەیەکەوە چاڵێکی گەورە لە شوێن ئاگردانەکە لێدەدەن و چەکەکانی تێدا دەشارنەوە و ئاگردانەکەش وەك خۆی دروست دەکەنەوە و بە ڕەژوو و سەلکەبزۆتی کوژاوە دادەپۆشن.

سێ مانگی ڕەبەق، بەشەو بەڕۆژ، ئەو کابرایە، لەدەوروپشتی گوندی و ناوچەکەدا، وەك کەسێك کە ئەشقیا و یاخی بێ، بە خۆشاردنەوە و موختەفی و خۆگۆڕین ژیانی ڕۆژانەی بەسەر دەبات. ئەو پتر لەو شوانانە دەچوو کە خاوەن

مێگەلێکی گـەورە  بـێ و هـەر بەشـەو سـەر بەگونـدی خـۆی  دابکاتـەوە و دیسـان مەلابانگدان بەو کەژ و دەشت و دەرە بکەوێتەوە.

ئەگەرچـی نزیکـەی دووسـاڵ و نیـو بەسـەر دامەزرانـدنی یـەکێتیی نیشـتمانی کوردسـتان تێپـەڕیبوو، وەلێ هێشـتا کاروچـالاکییەکانی پـتر ژێـرزەمینی بـوون و لەقۆناغی خۆدروستکردنەوە دابوو، هێشتا نەشـئەی هـەرەس پێهێنـانی بزووتنـەوەی چەکداری کوردی، ڕژێمی بەعس بەرنەدابوو، دوای وەشاندنی ئەو گورزە کوشـندەیە، هەرگیز لەوباوڕەدا نەبوون جارێکی دیکە کورد ڕوو بکاتەوە شاخ و خەباتی چەکداری دەسـتپێبکاتەوە. بەراسـتی هەرەسـهێنانی شۆڕشـی ئـەیلوول، داڕوخـانی ڕۆحـی کوردایەتی  و مردارکردنەوەی سۆزی نەتەوایـەتی بـوو، جـەماوەر بەگشـتی یـەکجار نائومێد و هیوابڕاو بوو. هەر ئەمەش وای کردبوو سەرانی ڕژێمی بەغدا پـتر غـروور بـن و بەخـەونی شـەوانیش نـەزانن، کـەوا ژیلـەمۆی بزووتنەوەیـەکی نـوێ لەگەشانەوەدایە. ئەوان وا  ماران گاز ببوون بەدەستی کوردەکان، ئامادەبوون هەر بـۆ ئەوەی کەس جورئەت نەکات جارێکی تر بڵـێ: شـۆڕش  لەسـەر قەوانـە فیشـەکێك، گوندێك کاول بکەن، لەسەر کیفێکی بەتاڵی مەخزەنێکی کلاشـینکۆف بنەماڵەیـەك ئەشکەنجە بدەن،  لەسەر دێڕە شیعرێکی بـەرەنگاریی شـاعیرێك گوللـەباران بکـەن، یان بەناوهێنانی سـەرکردەو خـەباتگێڕێکی کـورد بـەدەیان کـەس زینـدانی و ئـاوارە بکەن.

ڕووداوەکان وایانیشاندەدا، کە دەزگای هەواڵگری و ئەمنی گشتی ڕژێمی بەغـدا، هێندە ئەو دەڤەرەیان بە خاڵێکی خەتەرناك دانابوو، کە یەك سرب کۆپتەری جەنگی

بۆ تەرخان بکات، وەك ئەوەی هەموو سەرکردە و بنکردەی ئەو کوردستانە ئـەوێیان کردبێتە قۆمرغانەی خۆیان.

لە سەرتایی مانگی تشرینی دووەم، پانزدە ڕۆژ بە بێ پسانەوە چەند کۆپتەرێك بە ئاسمانی ئەو دەڤەرەدا دەسوڕانەوە، جارو بار لە بەری گوندی دەنیشـتنەوە و ئاوایییـان تێکـڕا خڕدەکـردەوە و پرسـیاری فاروقیـان لێـدەکردن. هەنـدرێن گـوتی: ڕۆژێکیـان، کۆپتەرەکان نیشتنەوە و چەند سەربازێك ڕاستەوخۆ ڕوویان لەماڵی ئێمە کرد، ئـەمن لە نێو دەرگا ڕاوەستا بووم، یەخـەیان گـرتم و ڕایانکێشـامە دەرەوە و لێیـان پرسـیم: کاکت لەکۆێیە؟ گوتم: نازانم. گوتیان ئەدی مەلا بەختیار لە کوێیە؟ گوتم، من نازانم و نایناسم، مەلا بـەختیار کێیـە؟ ئـەوجا کەوتنـە دارکـاریی کـردنم، کـە بـاش بـاش شـلوکوتیان کـردم، ئـەوجارەی یەخـەی کـەڕەی برامیـان گـرت، کـەڕەش هـەر بـە ئاماژەکردن، عەلەلەلـە و وەلەلەلـەی دەکـرد، دەیەویسـت تێیـان بگـەیێنێ کـە ئـەو کەڕولاڵە، فائیدەی نەبوو ئەویشیان داپەلۆسی و بە قاڕەقاڕ خۆی لـە ژووریٰ کوتـاوە. ئەوجا مام ئەحمەدی کێخوا سالْحیان گرت، مام ئەحمەد وەختی خۆی لەسواری پەڕی بوو دەستێکی قووت ببوو، بەخوا کە ئەویش گوتی هیچ عیلم و خەبەرم نییە فاروق لە کوێیە، ئەویشیان چینەکی باش کوتا، کـە چـاویان بـە بـرا بچـووکەکەم کـەوت، دیتیان چاوێکی خێلە، ئەفسەرەکە، پێکەنینی هاتێ و گوتی: ئەوە چییە، ئەم دێیە، دێی موعەوەقانە!

پاییز، گەڕی خۆی تەواو کردبوو، دەهات وردە وردە سەرما و سـۆڵ زاك و مـاکـان لە هەوێزان بتارێنێ. حەوانەوە بەشەو لەو دەرودەشـتە ئەسـتەم بـوو، ئەگەرچـی ئـەو ئاقارە زستانان بەفر ناگرێ، بـەڵام سـووەکەی یـەکجار سـاردە، وەك گێـزان دەسـت و

دەموچاو شەقارشەقار دەكات. زۆربەی سبەینان سەر ئەو خاك وخۆڵە دەبێتە زوقم و ئاو دەیبەستێ. چەقەڵ و ڕێوی بۆ پەیداكردنی نێچیریان شەوان پەلاماری پەلەوەڕی گوندی دەدەن. ماڵات لەدەرەوە نامینێ. سەحەرێك، تازە داوە بەنی ڕەش و سپی لێكجودادەكرایەوە، بە هێمنی فاروق دەرگای سەر هەیوانەكە دەكاتەوە و چەند هەنگاوێ لەماڵ دوور دەكەوێتەوە، هەست ڕادەگرێ، گوێی لە دەنگە دەنگ و غەڵبەغەڵبێك دەبێ، دڵی خەبەر دەدات كە شتێكی نائاسایی لە ئارادایە، هەر كە دەگاتە ئاقاری گوندی، شكڵ و شێوەی محەمەد جەلیل و ساڵحی ئامۆزای ئەو، دەناسێتەوە، دەیەوێ خۆیان لێنەناس بكات و بەرەو چۆلی بڕوا، بەڵام دیقەتی دەداتێ و دەبینی ئەو دوو خۆفرۆشە بە دەست ئاماژە بۆ سەربازەكان دەكەن كە ئەوە نێچیرەكەیە! بەهەر شێوەیەك بێ فاروق خۆی بگەیێنتە مێگەلە مەڕێك، كە تازە لە هەوێزێ دەرچووبوو، زوو قاپووتەكە لە شوانەكە دەسێنێ و لەبەر خۆی دەكات. بەڵام خێرا خێرا چەند سەربازێكی سەربە خودە و كالاشینكۆف لەناو مست بەرەوڕووی دێن و قفی لێدەكەن و لێدەپرسن: بۆ كوێ دەچی؟ ئەویش خۆی ناشێوێنێ و دەڵێ مەڕەكانم دەبەمە ئاقاری. تێیڕادەخوڕن كە دەبێ بگەڕێتەوە و زیاتر دوور نەكەوێتەوە، ئەویش بەرەوماڵ دەبێتەوە، هەر لە بیری ئەوەش دا دەبێ، كە چۆن خۆی دەرباز بكات، دەیەوێ بە بیانوی هێنانی كۆتكە ماستاو خۆی بخافلێنێ، لێ دەبینی سەربازەكان هەر بەدوای دادێن و پتر لێی نزیك دەبنەوە و پێی دەڵێن: ناوت چییە؟ ئەویش یەكسەر بەناوی ئامۆزای باوكی، خۆی دەناسێنێ و دەڵێ ناوم مەغدیدە. لەگەڵ ڕەوینەوەی بۆڵێڵە، فاروق دەبینێ، جاش و جەیش بە هەموو ئاوایی وەربووین و وا ماڵ بەماڵ دەیپشكننەوە. دیار بوو دوو چاوساغە خۆفرۆشەكە، ئەفسەرەكانیان

تێگەیاندبوو کە نێچیری خۆیان گرتووە، بۆیە یەکسەر فاروق قۆڵ بەست دەکەن و چاوی دەبەستنەوە و بەبێ هیچ سین و جیمێك دەیخزێننە پاشکۆی ئیڤاێکی سەربازی و بەرەو شەریکەی نەوتی شیواشۆك بەڕێی دەکەون. هەر ئەو بەرەبەیانییە سێ کوپتەری سەربازی لە گوندەکە دەنیشنەوە، فارس مەولود کە (مامی فاروق بوو) گوتی: کۆپتەرێکیان لەسەر خەرمانان و یەکێکی دیکەیان لە سەر جێی خەرمانان و ئەویدیکەش لە جێی قوتابخانەکە نیشتنەوە، ئەوان بۆ دەستگیرگرتنی فاروقی هاتبوون، سەربازێك هات منی بۆ لای ئەفسەرەکە برد، ئەو سەربازە کوردێکی زۆر جوامێرانەو پیاو بوو، لە ڕێیێ پێگوتم، هەرچییەکیان لێپرسی بڵێ من نازانم، کە ڕادەستی ئەفسەرکەی کردم، وەك سەگی هار بۆم هات و گوتی: کوا ئەو موخەریبە؟ گوتم من هیچ نازانم و ئاگاداری هیچ نیم، ڕاستەوخۆ پڕ بە زاری تفێکی لێکردم و دوو سێ کەسی دیکەشیان لە خەڵکی ئاوایی هێنا، یەکێکیان ئەسعەدی پورزام بوو، کە ئاشەوان بوو، کە ئەوانیش گوتیان نازانین، هەرچی جنێوی پیس هەبوو لەزاری هاتەدەر، ئەوجا یاخەی کەڕەیان گرت وبە هەزار حاڵ تێمان گەیاندن کە ئەو بەستەزمانە کەڕولاڵە و هیچ نازانێ.

لە بنکەی سەربازی شەریکەی نەوتی شیواشۆك، فاروق سواری ئوتومبیل دەکەن و دەبیەن بۆ سەربازگەی تەقتەق. دیارە جاشە خۆفرۆشەکان، بە بێ دەنگی هاتوونەتە لای فاروقی چاوبەستراو، بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە خۆیەتی. خێرا خێرا لە تەقتەقەیشەوە دەیگوێزنەوە بۆ کۆیەو ڕادەستی دائیرەی ئەمنی کۆیەیی دەکەن.

ئەو دەیزانی ئەو بێدەنگییە گەورەییەی لەنێوان دەرگای حەوشەیماڵەوەیان و بەردەرگای دائیرەی ئەمنی کۆیە چ پەیامێکی ترسناکی لەناو خۆیدا حەشاردراوە،

پەیامێك لە هەورەتریشقە بەهێزترە و لە شڵپۆهۆڕی شەپۆڵەکانی دەریا مەزنتر. ئەو دەیزانی، لێرەدا دوای کەمێکی دیکە بێدەنگی دەبێتە گوڵدانێکی وردوخاشکراو، ناڵە ناڵی هەرپارچەیەکی دەگاتە عەرشی خودا. ئاخر ئەو نێچیرە بۆ ڕژێمی بەغدا لەگرتنی قەندیل و هەڵگورد بایەخدارتر بوو، لە سەندنەوەی قودس گرانتر بوو، لە یەخسیرکردنی شێخ مەحموود بەنرختر بوو بۆ ئەوان! هەرچەندە بەدێژایی ڕێگا قۆڵەکانی فاروق لە پشتەوە کەلەپچەکرابوون و چاوەکانی بەسترابوونەوە، ئەو لە گفتوگۆی جاش و ئەفسەرو ئەمن و سەربازەکان تێدەگەیی و دەیزانی بەرەو کام چارەونووسی دەبەن.

ئەو دەیگوت: کە ناوی کۆیەم هاتە بەرگوێ وزە و ورە و هێزێکی ئیلاهی هێندە مەزن و کاریگەر سەرتاپای لەشی داگرتم، هیچ هەستم نەدەکرد کە من مرۆڤێك بم لە گۆشت و ئێسقان، وامدەزانی قەڵای دمدم و خەرەندی ڕەواندزم. کۆیە لەبەر چاوە بەستراوەکانم بوو بە زمانە ئاگرێکی گەورە گەورە بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو و دونیای ڕووناك دەکردەوە. من وامدەزانی کە تەنیاو تەنیا حاجی قادری کۆیی ئەو بەیتە ئاگرین و ئەو شیعرە بڵێسەدارانەی هەر بۆمن گوتوە تا لە ڕۆژێکی ئاوادا دوژمنی پێ بسووتێنم و گڕکانی تۆڵە بەرپابکەم. ڕۆحە سوورەکەی باوکمم هاتەوە بەرچاو، جوتیارەکان دەووریان  لێدابوو و بە جادەکانی شاردا هوتافی خەبات و سەرکەوتنی دەگوتەوە و بەیداخی کوردستانی لەسەر شان بوو. حەرف حەرفی سروودەکەی" ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان، نامرێ ناونیشانتان" دەبوونە خوێن و دەڕژانە نیو دڵە گەرمەکەم. هەستم دەکرد، شەهید بوونی من لەباوەشی ئەم شارەدا دوو شەهید بوونە: شەهیدبوون لە پێناوی خاك و نەتەوە، شەهیدبوون لە پێناو پەیامە

پیرۆزەکانی حاجی، بۆیە ناوی هەموو ئەو هاوڕێی و هاوخەبات و پێشمەرگانەی لە نێودڵمدا حەشارم دابوون. سڕییمنەوە و ڕەشمکردنەوە، قوفڵێکی گەورەم لەدڵی خۆم دا، کلیلەکەم فڕێدایە تونێڵە تاریکەکانی ناخم، نەکۆ ژان و ئازاری ئەشکەنجە و تەعزیبی وەحشیگەرانەی بەعس، زەفەرم پێببەن و ئیعترافیان لەسەر بکەم! گوتم: فاروق دەمێکە مردووە و مەحاڵە خیانەت بکەم و ناوی هاوڕێکانم ئاشکرابکەم. دەبێ پێشڕەو و ڕابەر هەمیشە سەرمەشق و قوربانی بێ!

هەر بەچاوبەستراوەی فڕێیاندامە گۆشەیەکی ژوورێک کە بۆنسارتك و بۆگەنی زوخاو و بۆنی خوێنی قەسابخانانی لێدەهات، بە ئاستەم نووزە نووزی چەند کەسێکم دەهاتە بەرگوێ، ئەگەرچی لە گزنگی بەیانییەوە نە لەتە زادێك و نە قومە ئاوێك چووەبوونە سەر ئەو لێوانەم، قەت هیچ هەستم بە برسییەتی و تێنوویەتی نەدەکرد. سەرماوەرز بوو، بە هەوا ساردەکەی هەستم دەکرد بەرە بەرە وا شەو تاریکتردادێ، ئەوەندەم زانی دەنگی سێ چوار جووتە پۆستاڵ و پۆتین لێم نزیك دەبنەوە و لەنکاوڕا، چۆن گورگێکی بەتەڵەوە بوو بدەیتە بەر مەترتەقان تا بیکوژی، ئا بەو شێوەیە بە کێبڵ و داردەست و شەق و پێلەقە کەوتنە دارکاریکردنم، لەگەڵ هەر کێبڵێك کە ڕایاندەوەشاند، هاواریان دەکرد" اخت گحبە، ام گحبە"، لەگەڵ هەر شەقێك کەتێیانهەڵدەدام دەیانگوت:" گەواد... مەنیوك... چلب". حەسیرمەیدانکردنەکە، ئاسنگەریی بوو، دیاربوو ئەو جەلادانە کەسانی مەشقپێکراو بوون، دەیانزانی لەکوێ دەدەن تا زۆرترین ئازارت پێبگات و لەبەردەستیشیاندا نەمریت. ئەوان دەیانتوانی بەئاسانی بمکوژن، بەڵام ئەوان دەیانەویست زۆرترین زانیاری لەم نێچیرە قەڵەوە وەدەست بێنن. ئەوان پتر لە سێ مانگ بوو، سەرقاڵی ئەم ڕاوە بوون. نازانم

دارکاریکردنەکە چەندی خایاند، چونکە لـە هـۆش خـووم چـووم. ئـەوان هـەر تێیـان هەڵدەدام و جنێوەیان دەداو هیچیتریان نەدەگوت. کاتێـك بەهۆشـخۆم هاتمـەوە، وەك لەناو سارنج بم، هێندەم سەرمابوو، قاپووتەکـەی شـوانەکەم لەبەردانـەمابوو. دواتـر زانـیم هـەر دەرپێقووتـە و فانیلـەی بـن جلکـانم لەبـەرداماوە. دەسـت و چـاوم هـەر بەسترابوونەوە و هەموو ئەندامی لەشم لەبەر ئێش و ئازار دەیانچریکاند. ماوەیـەك ئەوناوە کڕ و بێدەنگ بوو، هەر ئەوەندەم زانی بە غلّبە غلّب پەیدابوونەوە، من وەك مەیتی لەسـەر عـادری ڕاکشـا بـووم و حـەجمینم نـەبوو. ڕایانکێشـام و چواردەسـتی هەڵیانگرتم و دایان نامەوە، نەمدەزانی بۆوام لێدەکەن، دواتر، تێگەیشتم، وەك چـۆن مەلۆتکە دەپێچرێتەوە، ئا بەو شێوەیە منیان توند توند لەنێو پارچـە قوماشـێك بـە پەت و کندران پێچایەوە. یەکەم جار وایبۆچووم، بیانەوێ بە زیندوویی چـاوان بمبـەن فڕێمدەنە ناوچاڵێك و خۆڵم بەسەرداکەن و شـونبزرمکەن، بـەڵام نەدەچـووە ئەقڵێشـم هەروا بێ پرسیار و تەحقیق بمکوژن! هێندەم زانیێ سێ چوار ستڵەئاوی سارد سارديان پێـداکردم و بوومـە شـەمووڵە، مـن نووقـەم لـەخۆم بـڕی بـوو، وەك چـۆن ئاسـکێك دەکەوێتە بەر چڕنووك و کەڵبـەی گـورگ و چـەقەڵان، ئـاوام لێهـاتبوو، لەسـەر ئـەو حاڵەشەوە گلەیم لەخۆم دەکرد و دەمگوت، فاروق تۆ شێتی، تـۆ زۆر شـێتی، دەچـی سێنزدە کلاشینکۆف لە بن ئاگردان دەشاریتەوە و چواردەخۆرێك ناخیتەبەر پشـتێنی خۆت بۆ ڕۆژێکی ئەوها. با هەر لە گوندی بکوژرابای، خۆ تۆش سێ چوارێکت هـەر لێبەردەدانەوە. بە سێ کەسان بەرزیانکردمەوە و هەردوو قۆڵیان، بە پەت شـەکەتدام و شـۆڕیانکردمەوە و بـەڕەڵایان کـردم، وەك چـۆن کەڵـەشـی حـەیوانی سـەربڕاو هەڵدەواسن، ئا بەوتەرحە هەڵیانواسیم بە حەواوە، کە دەسـتیان لێبـەردام، ئێسـقانی

شان و ملم قرچەقرچیان لێوەدەهات، سەرم بۆ سەر سینگم شۆڕبۆوە و هەستم بە ئازارێکی هێندە کوشندە کرد لە بڕبڕەکانی پشتم، دەتگوت ئەوا بە گازان لەبەر یەکیان دەردێنن. ئەوجا دیسان ئاسنگەریی دەستیان کردەوە بە دارکاریکردن و جنێودان، لەبەر وێزەوێزی کێبڵ و شولەهەناران گوێیان لە ناڵە ناڵی من نەبوو. کە ماندوو بوون، دایانگرتمەوە سەرعەردی و دیسان بە ستڵەئاوان هەموو لەشیان کردمە جلۆکە و هەڵیانواسیمەوە و کەوتنەوە دارکاریکردنم. سێ جاران بەبێ پسانەوە ئەو کارەیان دووبارە کردە، بەڵام ئەمجارە لەهۆشخۆم نەچووم، جاری سێیەم، کە لە حەسیرمەیدانکردنەکە بوونەوە، یەکێکیان گوتی:"بەسە، وازی لێبێنن، ئێستا بۆخۆی هەموو شتێکمان پێدەڵێ و بۆماندەگێڕێتەوە!"

گوتم :من هیچم نییە تا پێتانی بڵێم، من هیچم نەکردووە.

عەرەبییەکەم باش بوو، موتەرجیمم نەبوو، بۆ یەکەمین جار گوێم لە جاشێکی خۆفرۆش بوو، دیاربوو ئەو جاسووسی لەسەر کردبووم، هەڵدایە و گوتی:

ـ من ئێوەم بەچاوی خۆم بینی کۆبوونەوەتان لە ئاقاری گوندی داربەسەر دەکرد.

گوتم: وانییە، من هیچم نەکردیە، تۆ لەخۆتەوە قسان دەکەی.

قسەکەم تەواو نەکردبوو، دیسان پڕیاندامێ و بەرزیانکردمەوە، ئەوجارەی بە پانکەیانەوە هەڵیانواسیم. یەکێك لە ئەمنەکان گوتی: خۆت بەدارکاریکردن مەدە و ماندوومان مەکە، ئێمە زانیاری تەواومان هەیە و هەموو سرڕێکت دەزانین. پێمان بڵێ ئەو چواردە پارچە چەکەت لە کوێ شاردۆتەوە؟

وەك برووسکە، بیرۆکەیەك مێشکی سمیم، باشە بۆ شتێك نەڵێم بۆ خۆدەربازکردن، بەڵکو پێم باوەڕ بکەن. یەکسەر گوتم:

ـ ڕاست دەکەن من چەکم هەیە.

لەپانکەکەیان کردمەوە و لە پاڵدیوارەکە دایانیشاندم. وەك بڵێی ویستیان نەختێ نەرم و نیانی و پیاوەتی خۆیانم نیشاندەن، ئەوجا من خۆم دەستم کرد بە قسەکردن و گوتم:

ـ ڕاست دەکەن من چەکم هەیە. من بڕنەوێکم هەیەو شاردوتمەوە، دیارە ئێوەیان وا تێگەیاندووە کە چەکێکی زۆرم هەیە. من کە لە ئێران گەڕامەوە ئەو بڕنەوەم هەبوو، کاتێك ویستم ڕادەستی بکەمەوە عەفوو بەسەرچوو بوو. ئەمن پیاوێکی دوژمنداریشم، ئەو تفەنگەم بۆ خۆپاراستنی خۆمە، خۆ بۆ ئەوەم نییە شەڕی حوکومەتی پێبکەم. لە کوردەواریدا دوژمندار نییە چەکی نەبێ!

دیاربوو، قسەکانی منیان تۆماردەکرد، لە هەڵسوکەوتیشیان دیاربوو کە، قسەکانی منیان بەدەسکەوت دەزانی، خۆشیان لەلای بەرپرسە گەورەکەیان بەسەرکەوتوو نیشاندەدەن بەوەی کە گوتوومە چەکم هەیە و لەبەر ئەوەی عەفوو بەسەر چووە دوای گەڕانەوەم لە ئێران نەموێراوە تەسلیمی بکەمەوە و دوژمنداریشم. ئەوشەوە، پیاوانی دائیرەی ئەمنی کۆیە دەست لەسەر فاروق هەڵدەگرن و پارچە قوماشە پێچراوەکەی لێدەکەنەوە و کەچە قاپووتی شوانەکەی بەسەر دادەدەن و بەو شەوە سەرمایە لەو ژوورە ساردوسووڕە بەجێی دەهێڵن. فاروقیش بە ئێش و ئازاری ئەو هەموو شولاق و کێبلانە بەنج دەبێ و لەجێگەی خۆی هەر بەدەست و چاو بەستراوەی خەوی لێدەکەوێ.

دائیرەی ئەمنی کۆیە، چەند ژوورێکی بچووك و مام ناوەندی بوو، خرابووە سەر ئەو بەشەی سەرای کۆیە کە ڕووی لە چوارتاقان و هەرمۆتە بوو، دوو دەرگای ئاسنی

هەبوو دەرگـای پێشـەوەی گـەورە بـوو ئۆتـۆمبێلی پێدادەچـووە ژوورەوە، دەرگاکـەی دیکە هەر لەناو سەراوە بۆی دەچوو. ژێرزەمینێکی گەورە کە هەموو کۆنکریت بـوو لەبن ئەو ژوورانە بوو و دەرگاکەی لەدیوی ژوورەوە بوو. شەوانە زیندانیکراوەکان لەو ژێرزەمینـەدا ئەشـکەنجەدەدران، ئەمنـەکان زۆربـەیان عـەرەبی حەویجـە و تکریـت و سامەڕا و دۆر و شەرگات بـوون، ژمارەیەکیشـیان لـە تورکمانـە تۆرانییـەکان بـوون. چەند کوردێکیش کە خـەڵکی کۆیـە و دەڤەرەکـە بـوون هاریکـاری ئـەو ئەمنانـەیان دەکـرد. زۆربـەیان لـە لای کۆییـەکان ناسـراو بـوون. یـەك دوو جـاریش، لـە کـاتی ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، چاوبەستەکەی سەرچاویان داماڵدراوە و ئەو کۆییانەیان لـە ژووری تـەعزیب دیـوە، ئـەوان پـتر وەك موتـەرجیم و وەك شـکایەتکەر لەسـەر زیندانییەکان کەلکیان لێوەردەگیرا و لە ئەشـکەنجەدانەکان بەشـداریان پێنـەدەکردن. خێزانـی ئەمنـەکانیش لـەڕیزە خانووێـك بـوون کـە لـە تەنیشـت دائیرەکـە بۆیـان دروستکرابوو. لەنزیك دائیرەی ئەمن چەند ماڵە کۆییەك هەبوو، ئەوان دەیانگێڕایەوە کە زۆر شەوان گوێیان لە هاوار هاوار و گریان و قیژاندنی ئەشـکەنجەدراوەکان بـوو. ئەو زیندانییانەی لەژێر ئەشکەنجەشدا شەهید دەبوون، لە بەتانییـەکیان وەردەپێچـاو مەلا بانگدان، لە تەنیشت قشڵەی کۆیـە، ئەمنـەکان قوڵتێکیـان بـۆ هەڵدەکەنـدن و دەیانشاردنەوە.

کە ڕۆژبۆوە، کولێرەییێـك و هەنـدێك ئـاو دەخەنـە بـەردەم فـاروق و لەبـەر ئـەوەی جلکی لەبەردا نەمابوو هەموو لەشی خوێن بوو کۆنە شـەرواڵێکی دەدەنـێ لـە پێـی خۆیکات. لەناخیدا فاروق وایهەست دەکرد، کە نەخشەکەی داڕشتبوو خراپ نـەبوو چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دیکەی دەکرد، هەمیشـەش خـۆی هانـدەدا کـە نـەڕوخێت و

خۆڕاگر بێت و بەهیچ شێوەیەك ئیعتراف نەكات و زانیاری پتر بەدەستەوە نەدا. دوای دووسێ سەعات دوو كەس دێن و پیلی فاروق دەگرن و لە ناو حەوشەی دائیرەكە سواری پشتی پیكابێكی سەرداخراوی دەكەن و بەڕێ دەكەون، ئەو تێدەگا كە دەیبەنەوە تەقتەق. لەو نیو سەعاتە ڕێیە ئەو چەند لێكدانەوەی بە خەیاڵ دادەهات و هەر خۆشی هیچیانی پێ پەسند نەبوو. ئاخر بۆ ئەو دەبەنەوە تەقتەق، دیارە دایك و براكانیشی گیراون! یان شانەكان ئاشكرابووین و هاوڕێیەكانی گیراون! یان ڕەنگە ئەفسەرێكی گەورە لە سەربازگەی تەقتەق داوایكردبێ كە خۆی ڕووبەڕوو گوێی لە ئیفادەكەی بێ! یان دوور نییە لە سەربازگەی تەقتەق ڕەمیبكەن و لەكۆڵیكەنەوە!

هەر كە گەیشتنە سەربازگەی تەقتەق، بە گورجی فاروقیان لە پشتی پیكابەكە دەرهێناو چەند سەد مەترێك ڕۆیشتن و ئەویان ڕادەستی تاقمە سەربازێك كرد، یەكێكیان كە لە شێوازی فرمانەكانی دیار بوو ئەفسەرێكی پلەدار بوو گوتی:

ـ ئەی موخەریب... چیت پێدەڵێن وابكە، ئێستا بە كۆپتەر دەتبەین بۆ گوندەكەی خۆتان، چیمان لێداوكردی جێبەجێی دەكەی، دەنا لە ئاسمان فڕێت دەدەینە خوارەوە و جارێكی دی ئێرە بەچاوی خۆت نابینیەوە!

كە سواری كۆپتەرەكەی دەكەن، لەنێوان دوو سەربازی دادەنێن و دەستیشی بە كەلەپچەكە لە كورسییەكە دەبەستنەوە. فاروق هەر بیر لەوە دەكاتەوە كە دەبێ فرمانەكانیان چی بێ و بۆكوێی بەرن. هەركە كۆپتەرەكە بەرزبۆوە، سەربازەكان چاوی دەكەنەوە. فاروق دەبینێ چوار سەربازی دیكەشی لەگەڵن، هەموویان ڕەشتاڵە و سمێڵ ڕەش و چاو زەقن، زۆر پێكدەچن، بەو ئارم و نیشانانەی سەر شانیان دیار بوو هەموویان سەربازی هێزی ئاسمانی بوون و جلكی موغاوریشیان لەبەربوو. پتر هەر بە

چاو لەگەڵ یەکدی قسەیان دەکرد و هەر خەریکی جیهازە بێتەلەکەی نێو دەستیان بوون، هەموویان کلاشینکۆفی پەڕەشووتیان لە ناو مستی بوو. جگەرەکێشێکی پێنەچوو، کۆپتەر گەیشتە سەر گوندی، سەربازێکیان پێیدەڵێ، ئێستا نیشانماندە، چەکەکەت لە کوێ شاردۆتەوە، دەمانەوێ ڕادەستمان کەی. دەیانەوێ لە نزیك ماڵی فاروق بنیشنەوە، بەڵام ئەو بۆ ئاقاری لای خوارووی گوندیان دەبات و لە پانکی پرزەبرای دەنیشنەوە. چوار سەربازکە لەگەڵ فاروق دادەبەزن، سێرەی کلاشینکۆفەکانیان ڕوو لە فاروق دەکەن و فرمانی پێدەدەن پێشیان کەوێت و بچێتە سەر پارچە چەکەکان. ئەو کێلەبەردێکی ڕەشی کردبووە نیشانە، نەختێ زەویەکە هەڵدەکۆڵن و بڕنەوەکە کە لە ناو چەند قەد نایلۆنێك بەجوانی پێچرابۆوە و لەگەڵ سندوقێك فیشەك دەریدەهێنن، فاروق لەو کاتەدا پڕ بەسییەکانی هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و لەدڵی خۆیدا خواحافیزی لە گوندە جوانەکەی و لەزێدی باب و باپیری دەکات و چاوی پڕ دەبن لەفرمێسك، خێرا سواری کۆپتەرەکە دەبنەوە و بەرەو تەقتەق دەفڕن. هەر کە سواری کۆپتەرەکە دەبنەوە ئەفسەرەکە فەرمان دەدات کە جارێکی دیکە چاوی فاروق ببەستنەوە.

فاروق، کە یەکەمین جاربوو لەژیانیدا سواری فڕۆکە بێ، چەند جارێك دەیەوێ لە پەنجەرە خڕەکانی کۆپتەرەکەوە تەماشایەکی گوندەکەی بکات و هەموو بیر و هۆشی لە لای دایك و کەڕەی برای دەبێ، لە دڵێ خۆیدا دەڵێت دەبێ ئەوشەو دایکم خەونی نەدیبێ، یان دڵی خەبەری نەدابێ، کە بۆ دوایین جار کوڕەکەی دێتەوە گوندی و پێش مەرگی هەناسەیەکی فێنکی لێ هەڵدەمژێ، یان ڕەنگە ئێستا لەترسی گڕەگڕ و فڕەفڕی ئەو کۆپتەرە خۆیان شاردبێتەوە!

کە لەسەربازگەی تەقتەق، کۆپتەرەکە دەنیشێتەوە، بەهەمان پیکاب فاروق دەگەڕێننەوە دائیرەی ئەمنی کۆیە و لەوێشدا بە کەلەپچەکراوی دەیخزێننەوە هەمان ژێرزەمین. ڕۆژی دواتر، قامچی بەدەستەکان دێنەوە لای و داوای لێدەکەن کە ئیعتراف بکات کە لە حزبی یەکێتیی نیشتمانیدا کار دەکات و کەسێکی تەنزیمییە. بەڵام ئەو هەر پێدادەگرێ کە زۆر ڕاستگۆیانە شتەکانی پێگوتون و ئەو تۆمەتانەی کە بۆیان هەڵبەستاوە هیچی ڕاست نییە و ئەو کاسبکارێکی ماڵی خۆیەتی. دوو ڕۆژی ڕەبەق بەچەندان سیاسەت و شێوازی جیاواز دەیانەوێ وای لێبکەن کە ئیعتراف بکات، بەڵام ئەو هەمیشە دەڵێ، ئەو ئیفادەی داومە ڕاستییەکەیەتی و هیچی ترم نییە پێتانی بڵێم.

ناو و ناوبانگی عەلی مەولود، لەهەر چوار ئیقلیمی کوردستان و عێراق دەنگی دابۆوە، هەر کە دەنگۆی گیرانی فاروق بڵاو دەبێتەوە کەسانی مێرخاس و دڵسۆز هەوڵی جددی دەدەن کە کارێکی بۆ بکەن هەر نەبێ لە سێدارەو مردن ڕزگاری بکەن. عوسمان پشکۆ، کە شاعیرێکی کوردپەروەر بوو، لە کۆیە، لە بنەماڵەی مام یەحیا بوو، زوو خۆی دەگەیێنێتە بەڕێوەبەری دائیرەی ئەمن لە هەولێر کە نەقیب مەرعی لەوێ دەبێ، ئەو لە شێخەکانی نەعیم بوو، خەڵکی گوندی تەڕاشی گوێڕ بوو، هەرچەندە بەڵێنی ئەوەی دەداتێ کە بۆ سووککردنی حوکمەکەی تەقسیری نەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاپورتەکان فاروقیان بە کەسێکی هێندە خەتەرناك دانبوو و چەکیشی لێگیرابوو. مەرعی نەیتوانی بەڵێنەکەی بێنێتە دی.

لە سێیەمین ڕۆژدا، بە پیکابێکی شۆڤرلێت، فاروق بە دەستی بەکەلەپچەوە ڕادەستی دائیرەی ئەمنی هەولێر دەکەن. هەر کە دەگاتە ئەوێ داوای لێدەکەن کە

ددانـی پیابنێت  کـه لەڕێکخستن دایـه، بـەڵام ئـەو ئیفـادەی خـۆی نـاگۆڕێ، بۆیـه ڕاستەوخۆ ڕایدەپێچن بۆ یەکێك لە ژوورەکانی ئەشـکەنجەدان و تـاکو لـەهۆش خـۆی دەچی، بە کێبڵ و قەمچی و شەق و پێلەقان دارکاری دەکـەن و ئەشـکەنجەی دەدەن. ئەو لەئەزموونی خۆڕاگری خۆی لەبەر ئـێش  و ئازارەکـانی ڕۆژانـی پێشـتر، بـاوەڕی بـەخۆی دەبـێ کـە نـەڕوخێت و ببێتـە قەڵایـەکی پـۆڵاین بـۆ پاراسـتنی گیـانی هاوڕێیەکانی، هەمیشه بەخۆی دەگوت: بـنج و بناغـەی شـانەکانم هێنـدە تۆکمـە و جوان داڕشتووە، کە مەحاڵە ڕژێم بتوانێ زەفەریان پێبدات.  هەر بەخۆشـی دەگـوت ئەگەر ئـەو محەمـەد جەلیلـه و سـەلاحی ئـامۆزای جاسووسـیان لەسـەر نەکردبایـه و نەبووبانه چاوساغ، ئەوان حەددیان نـەبوو جورئـەت بێـنن لـە ئاقـاری گونـدی نزیـك ببنەوە و ئەو دەستگیر بکەن. لە ماوەی سێ مانگدا لەو دائیرە بەسـام وترسـناکەدا، کە ڕۆژانە چەندین گەنجی کوردی تێدا ئەشـکەنجە دەدراو لـە سـێدارە دەدرا، فـاروق لەڕووی پیاوانی ڕژێـم بـووە کۆسـار و سـەفین. هـەر بـۆ ئـەوەی نەختۆکـەك زانیـاری لێبدزنەوە و نهێنییەکانی پێ ئاشکراکەن، سێ هەتیوچـەی عـەرەبیان لـە ژوورەکـەی ئەودا بەند کردبوو، کە گوایه لەسەر مەسەلەی بەرتیل و ئـەو شـتانە گیراون، بـەڵام ئـەو زۆر لـەوان ژیرتـر بـوو کـە بـەو جـۆرە فـرت وفێڵـە بێتـە بـن بـار. هەڵواسـین و دارکـاریکردن و برسـیکردن و ئـازاردانی جەسـتەیی و دەروونـی کـاری ڕۆژانـەی ئـەو جەلادانه بوو، چوار جار  هەر جـارەی تاقمێـك ئیفـادەی لێـوەردەگرن و بـە قورئـانی پیرۆز سوێندی دەدەن. بەڵام ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕق ئەستوورتر دەبێ و باوەڕی بەهێزتر و قوڵتر دەبێ. بۆ ئەشکەنجەدانی زیاتر فاروق دەخەنـە ژوورێکـەوە کـە هـیچ پەنجـەرەی تێدانەبوو، تەنها لەبەشی سـەرەوەی دەرگاکـە کـونی تێـدابوو، بەقـەد دەسـتێك پـان

دەبوو.دوایی بەقاپێك چێشتیان دەدایێ، ژوورەکەش دوو بەتانی ڕەشی چڵکنی تێدابوو، ئەویش زۆر گیانی دێشا و ژانی دەکرد دانیشت لەسەریان. دواتر خەوی لێکەوت، دوای سێ سەعات بردیانە ژووری لێکۆڵینەوە. پێیانوت عەرەبی دەزانی وتبووی بەڵێ، یەکێیان بەتەوەسەوە پێی دەڵێ ئێستا دەتبەن عەرەبیت باشتر فێردەکەن. بردیانە ژورێك لەسەر پشت درێژیان کرد، توند شەتەکیان داو وەریانگەڕایێ بەقامچیان تەنها لەبنی پێیان دەدا، دواتر پەتەکانیان لێکردەوە و وتیان بڕۆ، هەرچەندی کردی نەیدەتوانی بڕوا، وتی ناتوانم بڕۆم، بەپاڵنان و شەق تێهەڵدان پاڵیان پێوەدەنا، کەوتە سەرزەوی دوایی بەچوار دەستەکی فڕێدراوە ژوورە تاریکەکە. ئەو شەوە تاکو بەیانی هەموو گیانی هاواری دەکرد و لەبەر ئێش و ئازار نەیدەتوانی بخەوێ. نانی ئێوارەیان بۆهێنا دوو کەباب و یەك ستڵ ئاویان دایێ، بەڵام هیچی بۆنەخورا. بەیانی دەرگایان کردەوە وتیان بڕۆ ئاودەست. وتی ناتوانم بڕۆم. بانگی یەکێکی تری کردو وتی: وەرە با بیبەین بۆ ئاودەست. خۆیان خستە ژێر باڵی و بردیانە ئاودەست. دوایی بردیانە ژوورەکە و کوپە چایەك و کەمێك خواردنیان بۆهێنا. دیسان نانی بۆنەخورا، تەنها کوپە چایەکەی بۆ دەخورێتەوە. دوای چەند ساتێك وتیان مدیر داوات دەکات، نەیدەتوانی بڕوات. بەمدیریان وتبوو ئەو ناتوانێ بڕوات، وتبووی لێیگەڕێن ئەمڕۆ مەیهێنن، سبەی بەیانی بیهێنن. ئەو شەوی هەندێك خەوت، ڕۆژی سێیەم لە ئەمنی هەولێر، بانگیانکردەوە و بردیان بۆتەحقیق. پێیان وت: فاروق تۆ کوڕێکی گەنجی و زۆر جوانی، زکت بەجوانی خۆت و دایکت و خوشك و براکانت بسووتێ، هیچ خۆت ئازار مەدە و ئێمەش ماندوومەکە، چی لەبارەی ڕێکخستنەوە دەزانی پێمان بڵێ. ئەویش دەڵێ: باوڕ بکەن هیچ نازانم.

وتی: باوەڕت پێناکەین. باوکت شیوعی بوو و چەند ساڵ لەناو ڕێکخستنی شیوعی ئیشی کردووە، کە ڕێکخراوی مارکسی نوێ دروست بووە، چۆن تۆ لەو ڕێکخراوە نیت. بڕۆ تابەیانی بیری لێبکەوە دوایی چی دەزانی پێمان بڵێ. (فاروق) یان بردەوە ژوورێکی تر، سێ ئەمنی تێدا گیرابوو، یەکیان ناوی موحسین بوو، خەڵکی تکریت بوو، یەکێکی تر ناوی محەمەد بوو، خەڵکی بەغدابوو، ئەویتریان ناوی کازم بوو، خەڵکی حلەبوو. پرسیاریان لێدەکرد، دەیانوت تۆلەسەر چی گیراوی، فاروق: تفەنگێکم هەبووە لەسەر ئەوە گیراوم. وتیبویان سلێمان بیریێژی دەناسی وتبووی نەخێر، وتیان ئەی کێ دەناسی .

-کەس ناناسم.

- ئەی ئێوە چین؟

- لەگەڵ حزبی بەعسین لەسوریا بۆیە ئێمەیان گرتووە. دواتر فاروق بۆی بەدەرکەوت ئەوانە ئەمنی ئەم دائیرەن، لەسەر بەرتیل خواردن و دزی کردن گیراون، چونکە لەهۆبەی ئابووری بوون لەگەڵ قاچاخچییەکان ڕێکەوتبوون. هەر ئەو کەسانە دواتر حکوم دران و هاتنە ئەبوو غرێب. لەوێ یەکتریان ناسیبووەوە، کە هەریەکەیان حوکم بوون بە حەوت ساڵ زیندانی. بێینەوە سەر باسی ئەمنی هەولێر جارێکی دیکە فاروقیان بردەوە لای نەقیب و وتی وەرە دانیشە، چایەکی بۆبانگکرد و خواردییەوە.وتی لەدوێنێوە مۆڵەتمان پێدایت بۆئەوەی بیربکەیتەوە. ئێستا قسەمان بۆبکە.

- ئەوەی گوتومە هەرئەوەیە. دیسان هەڵیانواسییەوە. کەوتنە تێهەڵدانی تاوەکو لەهۆش خۆی چوو. دواتر کە بەهۆش هاتەوە لەبەردەم ئاودەستەکە کەوتبوو و هەموو

گیانی ئاوی لێدەچۆڕایەوە. ئیتر بیست و هەشت ڕۆژی ڕەبەق هێشتیانەوە. لەو ماوەیەدا هەرخەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوون لەسەری. نوسراو لەسەر نەسراویان بۆدائیرەی ئەمنی کۆیە دەکرد و لەوێشەوە لەڕێگەی کەسانی باوەڕ پێکراوی خۆیان زانیارییان کۆدەکردەوە.

جارێکی تر فاروقیان بانگکردەوە وتیان، زانیاریمان دەست کەوتووە، بەبەڵگە کە تۆ مەسئولی ڕێکخستنی یەکێتی. فاروق نکۆڵی لێ دەکا و دەڵێ: ئەو زانیارییانە هەڵەن. زانیارییەکان چی دەڵێن؟ وتی: زۆرن، بەڵام دەمانەوێ خۆت قسەبکەی. سەر لە بەیانییەکی کاتژمێر دە، سێ کەسیان هێنایە ژوورەکەی فاروق، ترسا لەوەی بەفێڵ هێنابێتیانە ژوورەکەی، دوای ماوەیەکی کەم بۆی بەدەرکەوت ئەوانە، تووتنی قاچاخیان لێگیرابوو، خەڵکی شیرێ بوون. دوو شەو مانەوە، یەکیان ناوی عەزیز شیرەیی بوو، دیاربوو لە گوندەکەیان سێ چوار کەسی دەناسی، فاروق پێی وتبوو: کاك عەزیز ئەگەر گەڕایتەوە بڕۆ داربەسەر، خەبەری ماڵمان بدە، کەمن لە دائیرەی ئەمنی هەولێرم. ئەوانیان بەردا، دواتر بۆی بەدەرکەوت عەزیز ناوەکە خەبەری ماڵییانی نەدابوو.دوای بیست و هەشت ڕۆژ فاروقیان گواستەوە مەحکەمە خاصەی کەرکوك. هەر کە گەیشتە کەرکوك جەلادەکان وەریگەڕانێ بە زلە و شەق و پێلەقە زۆریان لێدا. چاویان کردەوە قەمسەڵە و پشدێنەکەیان فڕێدایە سەر هەندێ جلی تر و کۆنەپێڵاو. یەکیان دەرگای کردەوە، ئەوەیتریان پاڵیپێوەنا بۆ ژوورێ. کە چووە ژوورەکە هەشت کەسی تری لێبوو. کە دووانیان عەرەب بوون و خەڵکی دێیەك بوون لەبەعقووبە. یەکێکیان کوردی دەزانی. ئەوانی دیکەش خەڵکی لای مێرگە سۆر بوون. ئەو کەسانەی ناو سجنەکە سەر و ڕیش و سمێڵیان تێکەڵ ببوون

جل و بەرگیان شیتاڵ شیتاڵ ببوون، پڕ بوون لە ڕشك و ئەسپێ، لەبەرئـەوەی شـەش مانگ بوو خۆیان نەشوشتبوو.

ئـەو کـاتی لـە کـەرکوك بـوو، ڕۆژێـك هـاتن چـاویان بەسـت و بردیـان بـۆ ژووری تەحقیق، بەڵام لەو کاتەی دەستیان گرتبوو سەرسمێکی داو بەرەو پێشـەوە تەکانیـدا، ئەوانیش دەستیان بەردا و دەماو دەم کەوت. دەسـتەکانی لـەزەوی خشـان و برینـدار بوون، کەچی دوو جەلادەکە دایانـە قاقـای پێکـەنین. دواتـر هەڵیانگرتـەوە، بردیانـە بەشی تەحقیق.

- تۆ فاروقی عەلی مەولودی.
- بەڵێ.
- چیمانپرسی بەڕاستی وەڵام بدەوە، ئەگەر نا توشی ئازاری زۆر دەبیت و دەتکوژین. تۆ کەی چویتە ناو ڕێکخستن؟
- نە چومەتە ناو ڕێکخستن.
- ئەی شەوان کێ دهاتە گوندەکەتان.
- نـازانم نـاوە هەنـدێ کەسـی غـەریب دەهـاتن دووسـێ نانیـان وەردەگـرت و دەڕۆیشتن، ئیتر هەرئەوەندەیە و هیچی تر نازانم.
- ئەوکەسانەی کە دەهاتن کەسیان دەناسی؟ کێ بوون؟
- کەسیان ناناسم نازانم ناویان چییە.
- کلاوچی درۆدەکـەی، زلـەییێکی قـایمی لێـدا و پـاڵێکی پێوەنـا، دواتـر جـەلادەکان دەسـتیان بەسـتایەوە، تەنەکەیـەکیان هێنـا بردیانـە سـەری و هەڵیانواسـی و دواتـر تەنەکەکەیان لابرد. کەوتنە گیانی بەسـۆندە و قامچـی، ماوەیـەکی پێچـوو بێهـۆش

بوو، دوایی کە بەهۆش هاتەوە بردیانە ژوورەوە و پالێکی قایمیان پێوەنا و فڕێیاندایە ژوورەوە، لەو کاتەدا ئازاری گەلێ زۆر بوو، دوو پۆرگی گەورە لەژێر پێی دەرچوو، لەپێ کەوت، کاتێ دەیویست بچێتە ئاودەست تەنها لەسەر دەستەکانی دەخشی. هەرچەندە هاوڕێیانی گرتووخانە دەیانویست بەهەڵگرتن بیگەیێننە ئاودەست، پاسەوانەکان نەیاندەهێشت. چونە ئاودەستیش تەنها یەك دەقیقە بوو، زیاتری پێبچوبوایە بەشەق و سۆندە دەردەکرایە دەرەوە و هەرلێیاندەدا تادەگەیشتەوە ژوورەکەی خۆی.

هەیئەی خاسە لە مەحکەمەی سەربازی کەرکوك. شوێنێکی سامناك بوو، شوێنی ئەشکەنجەو ئازاردان بوو. دەزگای تایبەتی لێکۆڵینەوەی کەرکوك کە پێیان دەگوت (الهيئة التحقيقية الخاصة - كركوك)، لە سەربازگەیەکی سوپایی نزیك بیرەکانی نەوت بوو، تایبەت بوو بۆ ئەو پێشمەرگە و کوردانەی کە لە لایەن دەزگای ئەمن و ئیستخباراتەوە دەگیران. زیندانەکە بەقەد ئۆردوگایەك گەورەبوو. هەیئە بریتی بوو لە سێ خانووی پێکەوەنووساو،خانووی یەکەم دوو ژوور بوو، ژووری لێپرسینەوە و ژووری یاساوڵ، خانووی دووەم، سێ زیندان بوو بۆ بەندەکان و ژوورێك بۆ یاساوڵەکان، هەر ژوورەی چل تا پەنجا کەسیان تێدەپەستا. بە جۆرێك کە دەبێ هێندێکیان هەمیشە بە پێوە ڕاوەستن و ڕۆژانە یەك سەتڵ ئاویان بۆ خواردنەوە بۆ دادەندرا. تا بڵێی شوێنەکە پیس و پۆخڵ و ئەسپێیاوی بوو. هەموو ڕۆژێ سەعات پێنجی بەیانی بەندکراوەکان دەهێندرانە حەوشەو بە سۆندە و کێبڵ و شوولکان دەکەوتنە دارکاریکردنیان. ئەوجا دەیانبردنە خانووی سێیەم، کە تەرخانکرابوو بۆ لێکۆڵینەوە. لەوێ قاچەکانی بەندکراوەکانیان لە بۆری ئاسن دەبەستنەوە بە شەش

جەلادان دەکەوتنە دارکاریکردنیان تا لەهۆشخۆیان دەچوون و دوای ئەوەی سەتڵە ئاویان پێدادەکردن، کە بەهۆشخۆ دەهاتنەوە، دیسان دەکەوتنەوە دارکاریکردنیان، ئەمە ڕۆژێ پێنج جار پاتدەکراوە، کە ئەشکەنجەدراوەکان دەبردرانە ژووری خۆیان، هاوەڵەکانیان هەوڵیان دەدا بیانلاوێننەوەو دەم وچاویان بشۆن و برینەکانیان بۆ خاوێنکەنەوە و بیانشێلن. زۆر جار بەندکراو لە ژێر تەعزیبدا گیانی لەدەست دەدا. بەندکراو هەبووە، بەو حاڵە، تا شەش مانگ لەم زیندانە ماوەتەوە. لەو دۆزەخەدا تەنانەت چوونە سەر ئاودەستیش بە لێدان و شەق و زلە بوو، هەر بەندکراوێك یەك دەققیقەی هەبوو، دەنا دەیاندا بەر قامچیان، لە چوونە ژوورەوە و هاتنەدەریش هەر تێهەڵدان بوو.

شێوازی دادگایکردنەکەش هەر فلیمێکی کارتۆنی بوو، پێشوەخت حوکمەکان بڕابوونەوە، تەنها بۆ ئەوە دەیانبردنە هۆڵی دادگایی تا حکمەکەیان بۆ بخوێننەوە. دوای خوێندنەوەی حوکمەکەش، هەر چەند ڕۆژێك لە هەیئە دەمانەوە، ڕاستەوخۆ ئەوانەی حوکمی ئیعدامیان بۆ بڕابۆوە دەیان بردن بۆ بەشی سێدارە، ئەوانی دیکەش بۆ ژووری گرتووخانە، ڕەوانەی گرتووخانەی ئەبوغرێب دەکران. جاریش هەبوو هەر لە لای خۆیان لەسێدارەیان دەدان، یان دەیانکوشتن.

کە بەپەڕاویی هەموو ئەو زیندانیانە، دادەچیتەوە، یان گوێت لەو کەسانە دەبێ کە بە پەرجوو لە ژێر پەتی سێدارە ڕزگارییان بووە، دەگەیە ئەو ئاکامە، کە ئەو ڕژێمە خوێناوییە، یان ئەوەتا بە ئەشکەنجەی وەحشیگەرانەی ئیعترافی بەو زیندانییانە کردوە و پەنجەمۆریان پێکراوە، یان هەر بە هەوەس و میزاجی خۆیان حوکمەکانیان

دەردەکرد. دواى پێداچونەوە بە حوکمە قەرەقۆشەکەیان، حوکمەکەى فاروقیان لە ئیعدامەوە کردە حوکمى ئەبەدەى.

# (٢)

## (ئاگردانێك بەقەد نیشتمان)

کە پاشای کۆرە، لە حوزەیرانی١٨٣١ لەشکری چەند هەزار سوارە و پیادەی خۆی بە چەك و تفاقەوە بەرەو شەنگال بەڕێدەکا، سنووری قەڵەمڕەوی میرنشینی سۆران لە ڕەواندزەوە گەیشتبووە هەودیان و ڕۆستێ و سیدەکان و برادۆست و مەرگە و شنۆ و شێروان و حەریر و خۆشناوەتی و هەولێر و کۆیە و ڕانیە تا ئاقاری قەمچووغە. هەرچەندە بەهانەی میری سۆران لەو هێرشەیدا ئەوە بوو کە عەلی بەگی داسنی برازایەکی مەلا یەحیای مزووری کووشتبوو، بەڵام جگە لە غرووری و تەماحی میر بۆ فراونترکردنی قەڵەمڕەوییەکەی خۆی هیچ شتی دیکە لە گۆڕێ نەبووە. جا دوای قەتل و عامکردنێکی خوێناوی، عەلی بەگی داسنی، میری ئێزیدییەکان، پەیمان لەگەڵ پاشای کۆرە دەبەستێ، بەڵام پاشای کۆرە، میر عەلی بەگ لەگەڵ هەزاران ژن و پیاوی بە یەخسیری دەهێنێتەوە ڕەواندزێ، پایتەختی مێرنشینەکەی و چەك و تالانێکی زۆریش دەکات. دەگوترێ دوو هەزار بە دیل دەگرێت. کچێکی میر عەلی بەگی لە ڕەسووڵ پاشای برای مارەدەکا و کچەکەی دیکەی دەداتە مەلاعەزیز، ئەوجا پتر لە پێنج سەد کیژ و کچی داسنی بەدیلگیراوی وەك خەڵات و سەبایا دەبەخشێتە شێخەکانی موسڵ و ئاغایەکانی وراتی کۆیە و هەولێر و ڕەواندز، دوای سێ ساڵانیش بە بەهانای ئەوەی کە ژنی میری ئێزیدییەکان، شۆڕشی ناوەتەوە و

مێردەکەی فیتنەگێڕی کردووە، بە پردەکەی ڕەواندزێ میرعەلی بەگ هەڵدەواسێ و دەخنکێنێ، دەگوترێ کە میری ئێزیدیان، عەلی بەگ، گەلێك ڕەند و لاوچاك و مەردو جوامێر بووە، بە دەسیسەی مەلایەکان، پاشای کۆرە ئەوی لەسێدارەداوە، چونکە قبوڵی نەبووە لە دینەکەی خۆی وەرگەڕێتەوە و ببێتە مسوڵمان. عەلی بەگی داسنی لە جێی ئەو تاڤگەی کە ئێستا ناوی گەلی عەلی بگە، وەك پەیکەرێکی ئاوی بۆ بەزیندوهێشتنەوە، ڕۆژگار ناوی ئەو لەسەر نەخشی ئاوەکە دەنووسێ و تاڤگەکە بەناوی ئەو دەکرێ.

هۆزی شێخانی، کە نازناوکەیان لە زێدی خۆیان، مێرگی شێخانەوە وەرگرتووە، بەرەچەڵەك دەچنەوە سەر ئەو ئیزیدییە یەخسیرکراوانەی شەنگال، کە دواتر بوون بە مسوڵمان و دەیان تایەفە و تیرەیان لێ کەوتۆتەوە وەك حاجی وەتمانی و کلاوسۆری و قوینی و باوەکراکی و ئەسکەندەری و میرارکی و وەیسی و شێخا و شێخ خدر و پیرهەسین. باوەگەورەی یەکێك لەو تایەفانە، عەبدولاّ عەرەب بووە، کە پەرتەوازەی وراتی کۆیە دەبێ و دەبێتەوە باپیرە گەورەی فاروق. کە فاروقیش کوڕی عەلی مەولودی حەمە کوڕی وەسمانی کوڕی حەمەدی کوڕی عەبدوڵلایە. ئەوان عەیامێکی زۆر لە گوندی داربەسەر بە فەلاحەتی و ئاژەڵدارییەوە، ژیانی خۆیان بەسەر بردووە. کە لەسەر ڕێی کۆیە و هەولێر ڕوو لە گوندی گۆپتەپەوە دەڕوانیێتە ئاسۆگەی گوندی داربەسەری گچکە، واتدێتە پێش چاو کە ئەو وراتە بیابانێکی کاکی بەکاکییە و جگە لە کۆمەڵێك شیو و کەپکە شاخی پەرتو بڵاو هیچی دیکە نییە، دوو ئەسپ سوار بە سەعاتێك دەتوانێ هەمووی داگیربکات. بەڵام کە نەختێکی بە هەوراز و گردۆڵکە سەرپان و نزمەکانی هەڵدەکشێیت، سروشتێك دەبینی یەکجار جوان و

سەرنجڕاکێش و عاسێ  پڕ هەرەت و کەندڕ و یاڵ و شیوی پێچاوپێچی داپۆشراو بە گابەرد و شاخەبەردی زل زل، کە پڕە لە ئەشکەوتۆکە و گەوەڕ و پەناگای پڕ ڕاز، جێ جێش گەڕە شاخی کچکە دەبینی. لە وەرزی بارانبارینەدا ئەو دۆڵ و نشێوانە دەبنە ڕووبارۆکە و گۆمی بچووك بچووك تا سەرەتای هاوین وشك ناکەن. دەوەن و پوشو و شیواشینك و پنجە خڕنووك و قامیشەڵان لە هەموو لایەکەوە دەورت دەگرن، لەوەڕگا و پاوان و مێرگی هێندە زۆرە، لە قەدیمەوە گوتویانە:

لەوەڕی باش، لەگەرمیانێ: ئیلنجاغ و داربەسەر، لە کوێستانێ: گەدە و پانەسەر.

ئەگەرچی سەرتەپۆلکەی گردی حمکە ئەو دارەی بەسەرەوە نەماوە، کە بۆتە نازناوی گوندەکە، لێ ئێستاش کیژ و کوڕانی گوندی بەهاران بۆ سەیرانگە هەر ڕووی تێدەکەن، بەیانیان کە خۆر هەڵدێ هەر حەزدەکەی تەماشای گزینگی سەر گردی بێژینگبەسەر بکەی و لە خۆرکەوتنانیش دیمەنی زەردەپەڕی ئێوارەی  بەهار و هاوین و پاییزان لە گەرووی فاقێ هیچی کەمتر نییە لە جوانییەکانی خۆرئاوابوونی  کۆسار و  باواجی وکۆسرەت.

داربەسەرییەکان، هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، ڕۆحی یاخی بوون و قبوڵنەکردنی ژێردەستەییان، کردووەتە خەسڵەتێکی نەگۆڕی کەسێتیی خۆیان و گوندەکەیان، بۆیە بەدرێژایی مێژوو، بۆ یەك ڕۆژ ئەو گوندە نە ئاغای هەبووە نە لەژێر ڕکێفی هیچ ئاغایەکدا بووە، لە کاتێکدا بست بەبستی زەوی گوندەگانی دەوروبەری موڵکی ئاغایەکانی وراتی کۆیە بوون. ئەو خۆڕاگرییەی ئەوان بێ قوربانیدان نەبووە، چەندان جار لەگەڵ ئاغا دەستدرێژکەرەکان تووشی گێچەڵ و

ئاشووب بوونەتەوە، بەڵام هەرگیز ژێردەستییان قبوڵ نەبووە و هەر بە ئازادیی ماونەتەوە.

لەو ڕۆژەوەی، عەلی مەولود، دەبێتە کوڕی لاوچاکی ئەو گوندە، داربەسەر مێژوویەکی نوێ لە عومری خۆی تۆمار دەکات، تا ئەو ڕادەیەی کە ئاگردانی ئەو ماڵە بەقەد گەورەیی نیشتمان ڕێزی لێدەگیرێ و لە مێژووی ناوچەکەدا پەنجەمۆری خۆی بە تۆخی بەجێدەهێڵێ. لەڕاستیدا، شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١)، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کوردستانی باشووردا هێنا. چەندها گوندی دوورەدەستی نەناسراوی وەك پردێ و چەمی ڕێزان و ماوەت و قەڵاچۆلانی نەك بە کوردستان بگرە بە جیهانیش ناساند، بەڵام زۆر کەم لەو گوندانە، وەك گوندی داربەسەر، مێژووی پڕ خەبات و بەرخودان و ڕاپەڕینی خۆیان پاراست.

ئەگەر گوترابێ مهابادی قازی و سۆرانی خانزاد و مەریوانی دوانزدە سوارە، ئەوە لەوارتی کۆیە دەگوترا داربەسەر عەلی مەولودی. تێکۆشەر هاوڕێ جەلال دەباغ دەڵێ:" کاتێك بە گوندەکانی ناوچەکەدا بڕۆیشتینایە، کە لە شاخ بووین، کە دەیان پرسی لە کوێوە هاتوون، هەر ئەوەندە بەس بوو بڵێین، لە داربەسەری عەلی مەولودەوە هاتووین".

عەلی مەولود لە ڕۆژگارێکی زۆر دژوار و ناخۆشی کوردستان چاو هەڵدەینێ، لە باکوور ئەتاتورکەکان بە ئاگر و ئاسن شورشی شێخ سەعیدی پیران دادەمرکێننەوە و دوای قڕکردنی سەدان لە شۆڕشگێرەکان، شێخ سەعیدی پیرانیش لە سێدارە دەدەن. لە ڕۆژهەڵاتدا، ڕەزاشای پەهلەوی بەناحەق میر شامرادخان، میرنشینی لورستانی بچووك، دەکوژێت و قەدەم خێری خوشکی بۆ تۆڵەکردنەوی خوێنی براگەورەی،

شوڕشێکی خوێناوی بەرپادەکات، لە باشووریش هەر ساڵێك بوو حوکمڕانی مەلیك شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی لەبارچوو بوو، هەر چوار ساڵ دواتر مەلیك فەیسەڵی یەکەم، لەسەر تەختی عەرشی بەغدا، دادەنیشێت. کە ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠)، بەردەگای سەرای سلێمانی کردە گۆماوی خوێن، عەلی مەولود تەمەن پێنچ ساڵان بوو. ئەو ڕۆژەی حزبی شیوعی عێراقی دامەزرا، تەمەنی عەلی مەولود(٩) ساڵان بوو، هێشتا ئەو حزبە هەر بە نهێنی لە هێندێ لە شارە گەورەکاندا، هۆشیاریی و ڕۆشنبیری لەنێو جەماوەر بڵاودەکردەوە، کە عەلی مەولود، فیداکارانە دەبێتە هەواداری ئەو حیزبە و جەرگسۆزانە قوربانی بۆ دەدات و تا دواچرکەی شەهیدبوونیشی بۆ یەك ڕۆژ بیروباوەڕی خۆی ناگوڕێ. ئەو لاوچاکە لە خێزانێکی جووتیاری دەشتەکی پێدەگات، لە سەردەمێکدا کە باهۆزی دەرەبەگایەتی لە ناوچەکەدا لەوپەڕی بەهێزی دابووە، ئەویش بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی گوندەکەیان و بۆ دیفاعکردن لە مافەخوراوەکانی جوتیاران چۆتە ڕیزی حزبی شیوعی و بە پارێزەر و پشتیوان و بەدیهێنەری خەونەکانی چینی چەوساوەی زانیووە. ئەو وەکو کەسێکی هۆشیاریش زوو درکی بەوەکردووە، کە هێزی هەر کەسایەتییەکی بەرچاو لەناو هێزی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکاندا دەبێت، دیارە ئەو حزبەشی هەڵگری ئەو دروشم و ئاڵایە بووە.

عەلی مەولود، لاوێکی باڵاڕێکی تێکچەقیوی شان پانی تەوێل پڕ جەوهەر بوو، چاو و برۆ و سمێڵ ڕەش بوو، تا بڵێی چوست و چەلەنگ و خۆشڕۆ و زیت و زیرەك و زەینڕوون بوو. خۆشمەشرەب و بەگفتولتف بوو. بۆیە بە کاریزمای خۆی توانی نەك جووتیارەکانی گوندی داربەسەر، بگرە زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە بکاتە هەوادار

و لایەنگر و ئەندامی حزبی شیوعی. بەشداریکردنی بەردەوامی ئەو  لە خۆپێشاندان و ڕێپیوان و مانگرتن و ڕاپەڕینە نیشتمانییەکانی سەردەمی خۆی، بووە باعسی ناودەرکردن و ناسینی لەناو جەماوەردا، بە تایبەتی ئەو وەکو پیاوێکی ڕەشید و ئازاو بەشان وشکۆ لەناو جەماوەر بەدیار کەوتبوو.

کە لە ساڵی(١٩٥١)، چەپەکان هەڵیان کوتایە سەر سەرای کۆیە و دەستیان بەسەرداگرت، عەلی مەولود لە پێشەوەی هێرشەکەدا بوو و بوێرانە دەستی خۆی لە پۆلیس و پیاوانی ڕژێم وەشاند، چوار پۆلیسیان کوشت. بە گوتەی فاتیح ڕەسوولی تێکۆشەر،"عەلی مەولود  ئاڵای عێراق لە سەربانی سەرا دەهێنێتە خوارەوە و دەبێتە گۆبەند،  عەلی مەولود ڕێنادا نە ئاڵای حزبی شیوعی عێراقی و نە ئاڵای سووری بە داس و چەکوشی یەکێتیی سۆڤییەت هەڵدەن. بەدەستی خۆی ئاڵای کۆماری کوردستان بەرزدەکاتەوە و هەڵیدەدا." بەوەش کۆیە یەکەمین شار بووە لە کوردستانی باشوور بە بەرچاوی جەماوەر و بە هێز و پشتگیریی ئەوان ئاڵای کوردستانی لە ئاسماندا بشەکێتەوە. بە قەولی پلە شوکری چەکمەڕەقی کە لەو ڕاپەڕینەدا، جگە لە عەلی مەولود، هەر یەك لە" فاتیح ڕەسووڵ و حەسەن کاکە و مامۆستا خالید حەمەد و کەریمی مزەمید(کەریم حەمەد ساڵح) و مستەفای ئاوبەردەرەوە و عوسمان عەونی، حەمە گەمحان و ئەحمەد دڵزار  و وەستا سەلامی نانەوا و کافیە خان و کەریم شارەزا بەشدار بوون." کە دواتر زۆربەیان دەگیرێن و چەند ڕۆژێك لە گرتوخانەی قشڵە بەندیان دەکەن، پاشان دەست بەکەلەپچە ڕەوانەی هەولێریان دەکەن.

عەلی مەولود لەپێشەنگی خۆپێشاندانێکدا کە دژی ڕژێمی پاشایەتی و ئیمپریالیزم بەڕێوەچوو بوو، دەگیرێت و لە تشرینی دووەمی (١٩٥٤) ڕەوانەی گرتووخانە بەدناوەکەی نوگرەسەلمان دەکرێت، کە لە بیابانی خوارووی عێراقە و دەکەوێتە سەر سنووری وڵاتی سعودیە. شەش مانگ لەو زیندانە دوورە مەفتەنە بەسەر دەبات و عەبدوڵا گۆرانی شاعیریشی لەگەڵ دەبێ.

سەحەرێکی زوو، عەلی مەولود، لە خەو ڕادەچڵەکێت و کەچە پەشمە کۆن و کون کونەکەی سەرچاوی (گۆران) هەڵدەداتەوە و لە خەویی هەڵدەستێنێ و بە پەشۆکاوییەوە پێیدەڵێ:

ـ گۆران، تازە، خەونێکی زۆر زۆر عەجیبم دی، لە تاو ئەو خەونەدا، خەو لەچاوان زڕاو تۆم بەخەبەر هێنا... بینیم، لە نێوان کارێزی سەید قولی و کارێزی کاولەخانیان، مانگێکمان لێهەڵات، من دەستم بە ڕێشمەی ئەسپەکەمەوە بوو، مانگەکە نیوەی سوور بوو نیوەی کەسك... هەڵکشا هەڵکشا تا گەیشتە تۆقەڵەی ئاسمانی داربەسەر، دوای پەڵە پەڵەی وەکو گوڵی لەسەر ڕووی پەیدا بوو، من (٥٧) پەڵەگوڵم ژمارد و لەناکاو لەوخەودا ڕاچڵەکام و هەستام... گۆران، دڵم زۆر نارەحەتە!

ـ ئێ.. عەلی گیان، ئێمە بۆ سۆدرەی سەران کوونە پەنجەرەیەکیشمان لەم گرتوخانەدا نییە، بۆ چرکەیەك مانگ ببینین.... تۆش مانگی کەسك و سوورت بێنوە و نارەحەتی... دە بنوو بنوو بەم سەحەرە زووە، گوتم دەبێ چیت لێ قەومابێ!

لە سەرپەڕگێ مەلا کەریم، کە هەموو ئەعزای جەستەی سەقەت و پەقەت بوو، لێیان بەدەنگ هاتوو گوتی:

ـ کاکە، ئێستا ئێوە بۆ وادەکەن، عەلی لە داربەسەری مانگی لێ هەڵاتووە، خەو لە چاوانی ئێمە دەزڕێنن... ئەمەش بووە خەون!

سەر لە ئێوارەی پاییزێکی درەنگ، فاتمی ژنی عەلی مەولودی، ئاگای لە مێگەلە مەڕو بزن و گارەگاری مریشك و علیوە علیوی عەلەشیشان نامینێ و بە شەپرزەیی دەکەوێتە سەرجێگا، ژنانی دراوسێی ئاوایی، دەزانن کە ئەولەسەر مانگ و ڕۆژی خۆیەتی، بەڵام بەرە ژانەکانی زۆر ئازاری دەدەن، پوورە سێوێی حاجی عەبدوڵا، زوو هەر لە هۆدەکە حەمامێك بۆ فاتمێ سازدەکات، یەك تەشت ئاوی گەرم گەرم دەینێ و بۆ بۆن خۆش کردنی ئاوەکە کەمێك کووزەڵە و بەندۆکەی تێدەکا، لە ناوەندی ژوورەکە دایدەنێ و دۆشەگێك کە پڕ کرابوو لە کا، دەیخاتە سەر ئاوە گەرمەکە، ئەوجا فاتمی هێنا و بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك لەسەر ئەو دوشەگەی دایانیشاند تا هەناوی بە هەڵمی ئاوەکە گەرم دابێت.

ئەوجا پوورە غەزاڵ دوو سێ کۆتك نەرمە خۆڵ دێنێ و لە ناوەندی ژوورەکە ڕوویدەکا و پارچە پەڕۆیەك لەسەر خۆڵەکە ڕادەخا، ئەوە بۆ ئەوە بووە خوێن و زووخاوەکە هەڵمژێ. پاشان لە ناوەندی ئەم پەڕۆیە جامێکی قەبارە مام ناوەندی سەرەوژێر دانا و بە پەڕۆیەکی نەرم و خاوێن داپۆشت و کردیە کۆتك، ئەوجا فاتمی هێناو بە ئاگری ئاگردانەکە پشتی سوور کردەوە و ڕۆنی ساغی کوردی لە زگ و پشتی هەڵسووی. لەسەر کۆتکەکە لەسەر چینچکانی داینیشاند و پلە (خۆخێ)ش وەك مامان لە پشتەوە کاری خۆی دەکرد، پوورە غەزاڵ شووشەیەکی بە تاڵی دابووە دەست فاتمێ فووی تێبکات تا باشتر تین بداتە خۆی و زوو نەجاتی ببێ. زیڕە زیڕی فاتمێ لەگەڵ بسمیلا و یائەللا و ئایەتولکورسی ژنەکان تێکەڵ ببوو، هەر ئەو نیوە

شەوە خودا کوڕێکی جوانی کردە برای بارزان و مەحبوبەو سوعاد. پلە خۆخێ زوو ڕۆیشتەوە گوتبووی، دیسان دێڵە! پوورە غەزاڵیش قەد ناوکی نەبڕیبوو، دوای بەهۆشخۆهاتنەوە، فاتم بەدەستی خۆی بە کوولەقەڵەمبڕێك ناوکی کوڕەکەی خۆی دەبڕێ. پوورە غەزاڵیش یەکسەر پەشتەماڵێکی ئاسایی تێ وەردەپێچێ، دواتر خێرا، بە پەشتەماڵێکی دیکە جوان جوان دەیسڕێتەوە و بە دەزووێکی سێچوار قەد بادراوە، ناوکی منداڵەکەی گرێدا. ئەوجا جلکیان کردەبەر و کۆچکیان لەسەرنا و نێوچەوانیان بە یازمە پێچاوە، کوڕەیان کردە مەلۆتکە و لەسەر بێژینگێکی سەرەونخونکراو لە تەنیشت دایکیان دانا. بێژینگەکە دۆشەگۆرەیەکی نەرم و خاوێنی لەسەر داندرابوو بالیفۆکە و لێفۆکەی بۆ ئامادە کرا بوو. دوای کەمێك فرچکی داو ئینجا منداڵەکەی هەڵداوە و هێندێك هەنگوینی لە سەر گەڵای سەوزی تووتن دانا و ئەو گەڵا تووتنەی خستە سەر بەشی خوارەوەی بنزگی منداڵەکە، واتا سەرەوەی زەکەری، تا تووشی نەخۆشی (بازەڕە) نەبیت. گوتیشی تا (٧) ڕۆژی دیکە ئەو پەلکەتووتنەی لانەبەن. هەر زوو قورئانەکیان لە پشت بالیفەکەی منداڵەکە دانا. دواتر فاتمیان خاوێن کردەو لەسەر دۆشەکەکیان درێژکرد کە هەموو کابوو ئەمەش بۆ ئەوە بووخوێنە چۆڕاوەکە بمژێ و دەبوایە حەوت شەوان لەسەر ئەم دۆشەکە کایە، بخەوێت.

کەمێك دۆشاویان کولاند و یەك دوو دلۆپە روونی خۆماڵیان تێکرد. بۆ فاتمێش، یەك دوو ماڵیان کرد کەس هەنگوینی نەبوو، بۆیە حەلوای شەکریان بۆ کرد.

دوای ئەوەی کە فاتم بۆ حەفتەیەك لەسەر گونییە کایەکە دەخەوێ، بە گەسك خۆڵ و خاشاکی ماڵەکە دەماڵن و هەمووی دەکەنە ناو کۆشی ئەو، ئەویش دەیکاتە ناو

تەنەکەی زبڵ و خاشاك و لەگەڵ گونییە کایەکە فڕێیدەدەن. ئەمەش بەو واتایەی کە هەرچی پیسی و خراپی ئەو ژنە هەیە لەگەڵ ئەو زبڵ و خاشاکە لە ماڵ وەدەر بنرێت و هەموو شتەکان خاوێن و پاکژ ببنەوە.

دەڵێن دەبێ ئەو کوڕە ناو لێ بنێن فریز، چونکە برایەکی هەبوو ناوی پوشۆ بوو، بەڵام پوورە ئامینەی دایکی عەلی مەولود، ناوی لێدەنێ فاروق.

فاروق ئەو ساڵە هاتە دونیا، کە پەیمانی بەغدا لەنێوان ئێران و پاکستان و بەریتانیاو عێراق لە ساڵی (١٩٥٥) مۆرکرا و بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپێشاندان و پشێوی لەسەرتاسەری عێراقدا.

دوای حەفتانە، لەبەر ئەوەی ڕێژە و پێژەی ناو ماڵ و نان و پات و کور و کانی وجرپوجۆپی شوانکارە و ماڵات هەمووی لە ئەستۆی فاتم بوو، ئەوە هەر زوو. وەکو ڕۆژانی پێشوو دەستیکردەوە بە ئیش وکاری ناوماڵ کە ئەگەر شەو و ڕۆژ ببووایە ٤٨ سەعاتیش هەر بەشی نەدەکرد. ئێش وکاری فەلاحەتی و ئاژەڵداری زۆر زۆرە و ئەویش بە تاقی تەنێ لەگەڵ پلکە خۆخێ و نەنە ئامینە پێڕانەدەگەیشتن. لەڕاستیدا، عەلی مەولود، هێندە بە جۆش و خرۆش و دڵسۆزییەوە چووە ژێرباری چالاکییە حزبایەتییەکان، وەك کەسێکی ئالوودەی لێهاتبوو، ئەوەندەی ئەو خەریکی خزمەتکردنی حزب بوو، نیو هێندە ماڵ ومنداڵی بەسەر نەدەکردەوە. پیشەی ئەو هەر جووتیاری و مەڕداری بوو، بەڵام ئەو بۆخۆی یان لە بارەگاکانی حزب بوو یان لە بەندیخانان، دواتریش بەو شاخ و داخە دەکەوێت و دەبێتە پێشمەرگە.

فاروق وەکو منداڵانی دیکەی گوندی، بە هەمان کەلتووری کۆنی کوردەواری بەخێودەکرێ، دایکی داوێکی بەسەرە قەندێکی کونکراوەوە کردبوو و لە ملی

کردبوو، لە جیاتی مەمکە مژەی منداڵان. کاتێکیش ددانەکانی سەریان دەرهێنا بۆئەوەی پوکی هەڵتۆقێنێ، دایکی باڵە مریشکێکی جیڕی دەدا دەستی تا پوك و ددانی لێگیرکات.

جا کەدێ گاگۆڵە بکات و بەرزە پێ بکەوێ، هەر چاوی بە کاریلە و بەرخۆڵە و جووجەڵە و مریشك و کۆتر دەکەوێ و بە بۆنی پەنیر و داندۆك و باران و قشپل و بۆنی گوندەکەی ئاشنا دەبێ، وەکو باقی منداڵانی گوندی کۆچك بەسەر و دشداشە لەبەر و زۆربەی جارانیش پێخواست بووە.کە نەخۆشیش کەوتووە، تەنها بە داودەرمانی کوردەواری چاکبۆتەوە، نەیزانی نەدەرزی چییە، نەحەب و شووروب.

دوای ئازادکردنی عەلی مەولود لە گرتوخانەی نوگرەسەلمان، ئەوا پتر لە کایەی سیاسەتدا قاڵدەبێتەوە، ئاسۆی تیگەیشتنی فراونتر دەبێ، هەر کە ئەحمەد دڵزار ی شاعیر لە ساڵی ١٩٥٦لەبەندیخانەی نوگرەسەلمان بەردەبێ و دەگەڕێتەوە کۆیە، ڕاستەوخۆ عەلی مەولود دەچێتە سەردانی و بەیەکەوە دەستدەکەن بە خەباتکردن لە حزبی ڕزگاری نیشتمانی. کە کۆنفرانسی جووتیارانی حزبی شیوعی لە (١٧)ی مارتی ساڵی١٩٥٩لە هەولێر بەسترا، عەلی مەولود بەرپرسی حزبی دەشتی کۆیە بوو، ئەو هەم وتاری هەبوو هەم وتەبێژی کۆنفرانسەکەش بوو، ئەگەرچی بۆ ڕۆژێکیش قەت سەری بەدەرگای قوتابخانەیەك دانەگرتبوو. ئەو کات فاتیح ڕەسووڵی تێکۆشەر، لە نزیك دەرگای مزگەوتی گەورە، باپیری دوکانێکی بۆ دادەنێ تا لە سیاسەت دوور کەوێتەوە، بەڵام ئەو چاوە دوکانە دەبێتە بارەگایەکی نهێنی حزب، زۆربەی ئەندامانی حزب بە دزییەوە لەوێ کۆدەبوونەوە، جا عەلی مەلوود یەکێك بووە لەو کەسە چوست و بوێرانەی کە هەمیشە ئەرکی دابەشکردنی

بڵاوکراوەکـانی خۆیـانی گرتبـووە ئەسـتۆ و لـەڕێی فـاتیح ڕەسـووڵەوە شـتەکانی پێدەگەیشت. دواتر فاتیح رەسووڵ دەگیرێت و دوکانەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت. کە کودەتای (١٤) ی تەمووزی (١٩٥٨) لە بەغدا ڕوویدا. عەلی مەولود ئەندامی لێژنەی حزب بوو لە شاری کۆیە. داوتریش بووە ئەندامی لێژنەی نـاوخۆی پارێزگـای هەولێر لە بەرپرسی بزووتنەوەوی جووتیارانی قەزای کۆیە. ئەو لە بەندیخانەدا کە بـە یاسای حوکمی عورفی لەگەڵ گۆمەڵێك چەپڕەوی دیکە، حوکمی ئیعدامیان بەسـەردا بڕایەوە. سەید نووری کە ئەندامی حزبی هیوا بـوو، یـەکێ بـوو لـەو کۆییانـەی بـە هەمان سزا حوکمدرا لـە بەغـدا. جێگـری داوکـاری گشـتی کـە مـەیلێکی بـۆ لای چەپڕەوەکان هەبووە، بڕیارەکەی مەحکەمە دوادەخات و ناینێرێ بۆ تەسدیق کـردن و جێبـەجێکردنی. ئـەوە بـوو کودەتـای تـەمموزی سـاڵی (١٩٥٨)ی بەسـەرداهات و هەموویان عەفوویان بۆ دەرچوو.

ئەو جموجۆڵە زۆرەی عەلی مەولود، ژیانی فاتمی ژنی هێندەی دی پڕ مەشـەقەت و پڕ گێچەڵ کرد، لە لایەك بەخێوکردنی سێ منداڵی ساواو نۆبەرەیـەکی کـەروڵاڵی کەوتبووە سەرشانی، خۆ ئەو کـات نـە دکتـۆر و نـە داودەرمـان لـە گونـدی هـەبوو. دەبوایـە بەدەسـتووری کـوردەرواری چارەسـەری دەردو نەخۆشـییەکانیان بکـات. کـە فاروق سوونەت دەکەن، باوکی هەر پێشنازانیێ، ڕۆژێك سەیدی سونەتچی بـەخۆی و جانتایەکەی دەستییەوە دێتە گوندی و لە ماڵی مەلای گوندی فـاروق لەگـەڵ شـەش حـەوت منـداڵی دیکـەی داربەسـەر سـوونەت دەکـەن. لـە لایـەکی دیکـە هەرچـی ئیشـوکاری فەلاحـەتی و مـەڕومالاّت هـەبوو لـە ئەسـتۆی ئـەو ژنـەدابووە، بۆیـە بەچـنینەوەی پوزەوانـە و گـۆرەوی و چـەند قرۆشـێکی بۆمنداڵـەکان پەیـدادەکرد.

ئـەوكاتیش قـاتو قـڕی و نەهامـەتی زۆر بـوو، هاوینـان لـەنێو پـەرێزەکان دەگـەڕا و هێشوە گەنمی کۆدەکردەوە و دەیهێنا و دەیهاڕی، زۆر جاریش هەر بـە دەسـتاڕ چـەند جارێکی دەهاڕی بۆئەوەی لە ئارد نزیکبێتەوەو خێرا خێرا کولێرەی لێدروست دەکرد، ئەو ژنێکی زۆر بەهیمەت بوو، لە ڕۆژگارە ڕەشەکان خۆڕاگربوو، وەك دەڵێن لەپشـت هەر پیاوێکی مەزن، ژنێکی مەزن وجوودی هەیە. ئەوە جگـە لـەوەی کـە ئیشـێکی دیکەشی بۆ پەیدا ببوو، کە ماڵەکەیان لە داربەسەر ببووە بارەگای حزب و ڕۆژنەبوو دەستەدەستە خەڵك نەبنە میوانی ئەو خانەخوێیە.

لەگەڵ کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم، عەلی مەولود لە گرتوخانەی نوگرەسـەلمان ئازاد دەکرێ و دێتەوە بەغداو دواتر دەگەڕێتەوە کۆیە، ئەوە دووەم جار بوو ئەو لـەو گرتووخانەیە زیندانی بکرێت، بەڵام هەر دوو سێ ساڵی پێناچێ، دیسـان بـە گیراوی ڕەوانەی بەندیخانەکانی شاری موسڵ دەکرێتەوە، ئـەوجارەیان لەسـەر ئـەوە بـوو کـە حاکمێك لە کۆیە دەبێ زۆر بە خراپی و بە بوغزەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڕێیانی حزبـی شیوعی و کوردپەروەرکان دەکات، عەلی مەولودیش بـۆ چاوترسـێنکردنی، دوو سـێ فیشـەکی پێـوە دەنـێ و برینـداری دەکـات. دادگـا حـوکمی ئیعـدام بەسـەر عـەلی مەولوددا دەسەپێنێ. دواتـر کـە سـاڵی (١٩٦١) عـەبدوکـەریم قاسـم، هـەموو ئـەو کەسانەی ئازاد دەکرد کە بەهۆی ڕووداوەکەی شەوافەوە لـە موسـڵ حوکمـدرابوون، عەلی مەولودیش بەبەر ئەو عەفوە دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.

لەساڵی(١٩٦٢)فاروق دەنێرنـە بەرخوێنـدن، لەداربەسـەر مەکتـەب نـابێ، دەبـێ ڕۆژانە لەگەڵ جەلالی مام خورشید و فەتاحی مام ڕەحمان و مستەفای خاڵە مەولود و ڕەحمانی حاجی حەمەد و سدیقی حاجی حەمـەد و عوسمـانی جـۆلا بـە پێیـان یـان

جاروبـار بـە  سـواری کـەر و وڵاغـە بـەرزە و تراکتـۆر بچـێتە گونـدی ئیلنجـاغی درواسێیان، کە مەکتەبی سەرەتایی لێبوو.

فاروق دەڵێ: پۆلەکانمان ژووری بچووك بوو و  بە دوو ڕیز دادەنیشتین، ڕیزێکی لای پەنجەرە و ڕیزێکی لای دیـوار، کورسـییەکەی کـە لەسـەر دادەنیشـتین کـە پاڵپشـتی هەبوو زۆر گچکۆکەبوو و مێزێکی گچکەشمان لەبەردەمی بوو، چەند قوتـابی بـووین ئەوەندە کورسی و مێزەمان هەبوو، هەموومان هەر کورتەك و شەرواڵمان دەپۆشی و مـامۆسـتاکان کـە دەهاتنـە پـۆل داریـان لـەناو دەسـتیدا بـوو. هـەر بێعـاری و لاسارییەکمان بکردبووایە ئەوا دوو سێ داریان لە دەستی دەداین. ئەمن هـەتا بڵێـی بیعار بووم و لە ناوپۆل جولانەوە و چرپوچۆپم زۆر بوو. شـەڕانیش بـووم، چـەندجاران سـەری وەڵاشـەکانی خـۆم شـکاندووە، ئـەوانیش دوو جـار سـەریان شـکاندوم. مـامۆستاکانمان تابڵێی قسەخۆش و زیرەك و بە تەحەمول بـوون لەگـەڵمان، بـەیانیان ئەگەر سارد نەبووایە لە حەوشەی مەکتەب ڕیزیان دەکردین و سرودمان دەگوتـەوە و مـامۆستاکان ئامۆژگارییان دەکردین، جار هەبوو سزای تەلەبـەی لاساریشـیان دەدا. مـامۆستاکانم کە تا پۆلی شەشـەم دەرسـیان پێگـوتم و زۆرم خۆشدەویسـتن و شـەرمم لێدەکردن، هەموویان کـۆیی بـوون، مامۆسـتا عەبدولواحێـد نـەجم دەرسـی کـوردی پێدەگوتین، مامۆستا مەحەمـەد دەبـاغ و مامۆسـتا خورشـید مسـتەفا و مامۆسـتا خالید نەجار و مامۆستا ئیـبراهیم چـەلەبی  و مامۆسـتا تەهابـەگ. ئـەوان زۆر بـە پەرۆشەوە بوون کە لەگەڵ دەرس و دەورەکە، خۆشەویستی نیشتمان و خاك و نەتـەوە لە دڵماندا بڕوێنن. ئەوان زۆر کاریگەریان هەبوو لەسەر دوارۆژ و بیروباوەڕی ئێمە.

بۆخۆم لە دەرسی کوردی و عەرەبی و مێژوو زۆر باش بووم، زۆر حەزیشم لە وەرزش دەکرد، بەڵام لە زانستەکان و بیرکاری باش نەبووم. هەموومان حەزمان لە وەرزش بوو، خواخوامان بوو زوو ببێتە وەرزش و لەو حەوەشەو دەرودەشتەدا تۆپانێ و یاری بکەین.

بەیانییەکی زوو، من لە پۆلی دووەمی سەرتایی بووم، هێشتا بەرەو مەکتەب بەرێنەکەتبووم، بە گورجوگۆڵی و جۆرە پەشێوییەکەوە، باوکم خەریتەکانی لە خۆ بەست و برنەوەکەی کردە شانی و بە پەلە پەل ئەسپە شێیەکەی لە تەویلە هێنا بەردەم حەوشەکە و بە جوانی زینی کرد و قاچی ڕاستەی لە ڕکێفی ئەسپەکە گیرکرد و خۆی هەڵدایە سەر زینەکەو بەدەستی ڕاستەی جەڵەوەکەی توند توند گرت و بە چاوێك و تەماشاکردنێکی زۆر غەریبانە، کە قەد پێشتر، باوکم بەم ڕوخسارە نەبینی بوو، تەماشای هەموومانی کرد و کە بەدەووریدا خڕببوینەوە. پاشان بەدەم ڕاوەشاندنی دەستی چەپی، بە دەنگێکی پڕ لە حەنین و سۆز و حەسرەتەوە، بە دایکمی گوت:

ـ دەبێ لەمن زیاتر چاوت لەو منداڵانە بێ، برایمی سماقەش قەولی پێدام کە خۆی سەرافەتی مێگەلەکە بکات و جوانتر لەجارن شوانییەکەمان بۆ بکات، ئەوا دایك و براکانیشم بۆ فەلاحەتییەکە تەقسیرت لەگەڵ ناکەن. خودا پشتیوان بێ زوو دەگەڕێمەوە، بەڵام نازانم کەنگینێ دێمەوەو ناشزانم چیم لێبەسەردێ. ئەسپەکەی یەك دوو جار ملی تۆپەڵ کرد و چەپۆکی لەزەوی گیر کرد وەك ئەوەی بڵێ حەزم لەسمکۆڵانی ئەم خاکەیە، حەزناکەم بڕۆم، لشمە لشمێکی بۆکرد و پڕماندی، دواتر باوکم وتی: جارێ خواحافیز... خواحافیز.

دەستی چەپی وەك بەیداخێك بۆ ئاسمان بەرزکردە و هەر دوعا و خواحافیزی پێدەکرد، بینیم، ئەسپە شێیەکەی بەرەو باواجی تاوداو لە دوای پێچی ڕێیەکە ئاوڕێکی دایەوە، وامزانی بانگمان دەکات کە ئێمەش بەدوایدا سواری ئەسپی خەیاڵی خۆمان بین و ببین بە یاوەری.

ئەو وەك پەلە هەورێکی سوور. وردە وردە لەبەر چاوانمان ون بوو، کەوتە ئەو دیویی گردۆڵکەکان. دایکم بەرانپیلەکەی خستەوە سەرشانی و تەماشایەکی ئاسمانی کردوو و هەناسەیەکی قوول قوولی هەڵکێشا، وەرتە ورتێکی لێوەهات، وەك بڵێی لەگەڵ خودادا قسە بکات. بەڵام من باش لێی حاڵی نەبووم.

## (٣)

## (ساڵی کولـلەی مەرگ  و کۆنفڕانسی سووری داربەسـەر)

کە هاتن بە خۆیان و تفەنگە سەر بەنێزەکانیان، دە نەبوون، بیست نە بوون، سەد نەبوون، دوو سەد نەبوون... کولـلەڕەشەی زار پڕ ژەهری مەرگ و قڕکـردن بـوون، بـە چەند سەعاتێك، ئەو دەشت و دەر و ئاقاری گوند و ئاوەدانییانەیان  بە بۆنی barووت و خۆڵەمێش  و دوکەڵ ڕەش کرد، دەتگوت تەجارن لە توونی دۆزەخـەوە دەرچـوون و بۆ غەزای کوردان ڕەوانەکراون. دەتگوت لە برسان مردووەکانی نـەوەی هۆلاکـۆن بـۆ تـالآنکردنی نادێنـەکانی ئـەو وراتـە نـازڵکراون. دەتگـوت هەمەجـەکانی بیابـانی حیجازن بە خۆیان و شمشێرە دەمەزەرد کراوەکانیانەوە، هاتوون هێرش ببەنە سەر ئەو خێڵە تالآنچییانەی، کاروانیان ڕوتکردبوون و ژنەکانیان فەسـاد کردبـوون. ئـەوان کـە هاتن هەر مەرگیان پێ بوو، هەر بارە ژەریان لە کۆڵی خۆیـان پێچـابوو. ئەگـەر دوو سەعاتێك زووتر خەڵکی ئاوایی ئاگادار نەکرابانـەوە، ئـەوا حـەوزە ئـاوی مزگـەوتان دەبوونە گۆماوی خوێن و باخچە و گێلگە و هـەوێز و تەویلـەکانی وەلآغـان دەبوونـە قەسـابخانە. ئـەو ژن و پیرێـژن و پیرەمێردانـەی، لـە ئـاوایی مابوونـەوە، هـەر بـەوە ڕاگەیشتن پەلی منداڵێك بگرن، ساوایەك بگرنە باوەش، نەخۆشێك بخەنە سەر پشـتی گوێدرێـژێك، هـەمووی هـەر هەڵـدەهاتن، هـەمووی غارەغاریـان بـوو بـەرەو شـار، دەیانزانی ئەوەی بەجێبمێنێ و بکەوێتە دەست ئەو دڕندانە، پەل پەل دەکـرێ و دوور

نییه گۆشتەکەشی بخۆن. ئەو بەیانییەی عەلی مەولود خۆی هەڵدایە سەر زینی ئەسپە شێیەکەی، دەیزانی، ئافاتێك، لافاوێك، پەتایەك، بەرەو ئێرە بەڕێوەیە، ئەو بۆیە وا گیانفیداییانە بووە بروسکەو بۆی دەرچوو، دەیەویست ڕێ لەبەر ئەو لافاو و ئافاتە بگرێ و ببێتە بەربەست و بەندەن و دیوار.

دەڤەری وراتی کۆیە، یەکەم شوێن بوو کە سوپا و حەرەس قەومی بەعسی قەومچی ڕەگەزپەرست هێرشیان کردە سەر. هێرشی سەر شارەکانی دیکەی کوردستان وەکو دهۆك و ڕەواندز و شەنگال و سلێمانی لە (٩)ی حوزەیران دەستییپێکرد. کە هێزەکانیان بریتی بوو لە فرقەی (٤) وفرقەی (٢) بەپاڵپشتی سوپای سووریا و حەرەس قەومییەکان. هێرشە سەربازییەکەی سەر وراتی کۆیە بە سەرپەرشتی جەلادی چەنگ بەخوێن عەقید ڕوکن (تەها شەکرچی)بوو، بە پاڵپشتی هەزاران حەرەس قەومی و جاش و خۆفرۆش. ئاخر لەگەڵ کودەتاکەی حزبی بەعس بە سەرکردایەتیی عەبدولسەلام عارف لە (٨ی شوباتی١٩٦٣) بەسەرحوکمی عەبدولکەریم قاسم، کەتێکڕای سەرکردەکانی ڕژێمی قاسمی قەتل و عام کرد بە خودی عەبدولکەریم قاسمیشەوە و بە هەزاران هەزار ڕۆڵەی عێراقی گولـلەباران کرد و لە زیندانەکانی پەستن و لە سێدارەیدان، جا داوی خۆ قایمکردن و تەیارکردنی سوپا و پڕچەککردنی هێزی حەرەس قەومی، کە تێکەڵەیەك بوو لە خێل و هۆزە عەرەبەکانی ناوەند و خوارووی عێراق، وەك جاش عەرەب کەوتەنە هێرشهێنان بۆسەر کوردستان، بە بیانوی دامرکاندنەوەی کوردە چەکدارە سەرپێچیکەر و یاخیبووەکان.

ئەوهێزە وەحشیگەرە هەمەجە داخ لەدڵە، لە گوندەکانی بەری گەرمیانەوە دەستیان کردبوو بە هێرش کردن و قەتل و عامکردن و تالان کردن، کە گەیشتنە

دەووروبەری گوندەکانی گۆمەشین و دەشتی کۆیە، خەڵك هەواڵی دەسترِەشی و چەنگ بەخوێنی ئەوانیان بیستبوو، بۆیە گوندەکان سەروبەریان چۆلکرابوون، کاتێك ئەو پێپەتییە چاوبرسییانە گەیشتنە ناو ئاواییەکان، هەوێز بە هەوێز، تەویلە بە تەویلە، کۆڵێت بە کۆڵێت و ماڵ بە ماڵ دەگەڕان، ئەوەی ڕۆحی لەبەربوایە دەیاندایە پێش خۆیان، بە دەیان هەزار مەڕ و بزن و کار و بەرخۆڵە و گا و گۆلك و ئەسپ و هێستر و ماین و گوێدرێژ و جوانۆ و جاشکیان ... دایە پێش خۆیان و پیکاب و جێبەکانیان لێپڕکردن و هەموویان بەرەو ناوەند و خوارووی عێراق ڕادا.زۆریشیان بەپیادە بردن. دوای ئەوەی دەستیان بە سەر هەموو کەل و پەل و شتومەکی ناوماڵەکان داهێناو تالآنیان کردن، ماڵ بە ماڵ ئاگریاندا. ئەگەر وەکو ئەم ڕۆژگارەی ئێستا کامێرا و تەکنەلۆژیایی پێشکەتوو هەبووایە، ئەوە دیمەنی ئەو هەموو ئاژەڵە تالآن کراوە و ئەو هەموو ماڵە سووتاوە و ڕەشەدوکەڵی ئاسمان، دەبووە فلیمێکی بێنەزیر لە سینەمای زوڵم و زۆرداری بۆ سەر کوردستانی باشوور.

مەگەر بەو شیعرەی کەریم دەشتی نەختێ وەسفی ئەو ڕۆژەم پێبکرێ، هەر دەڵێی بۆ ئەو ڕۆژەڕەشەی گوتووە:

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە
تووڕەیی شاخێ بوو
ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە
خەمباری باخێ بوو
ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە
سێدارەی ناخێ بوو

ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە
وەك هەوری سەرجەم و دۆڵەكانی
ڕەش بوو ڕەش ئەو ئاگرە
تووڕەیی نیشتمانم بوو
لە ناپاكی ڕۆڵەكانی.

فاتمی دایكی فاروق، باڵای ڕەقەڵە و بنێسی خۆی كردبووە چەتر بەسەر سەری ئەو كۆزە منداڵە ساوایەی بەسەریدا بەجێمابوو، خەمی كەڕەی بەقەد خەمی هەمووان بوو، نە تێدەگەیشت كە چ كارەسات و مەرگەساتێك بەڕێوەیەو نە بەكەس هێوردەبۆوە، شێتانە دەیەویست ڕێی گوندی بگرێتەوەبەر و بچێتەوە لای بەرخۆڵە و جووجەڵە و كۆترەكانی. فاروق هەر هاوارهاواری بوو بۆ مەكتەب و مامۆستاو كتێب و دەفتەرەكانی، پێیان دەگوت: سووتان... سووتان... نەمان... هەمووی سووتان... حەرەس قەومی سووتاندنی... مەكتەبیان سووتاند، مزگەوتیان سووتاند، ماڵەكانیان سووتاند، كەپرەكانیان سووتاند... هەموویان سووتاند... ئەو هەر تێنەدەگەیی بۆ دەبێ ئەو هەموو شوێنە جوان و خۆش و دڵگیرانە بسووتێندرێن. مەحبوبەو سوعاد، وەكو بەرخۆڵە و مەڕ، بۆ دەقیقەیەك دەستی داكیان بەرنەدەدا، ترسابوون، وایانـدەزانی دەستەكانی داكیان قەڵغانە و گوللە دەگێڕێتەوە... وایاندەزانی دەستەكانی داكیان دەستی خودا و فریشتانە دەیانپارێزێ... وایاندەزانی دەستەكانی داكیان زنجیرێكی پۆڵایە و هیچ شتێ ناتوانی لەدەستی وانی بكاتەوە.

فاتم وەكو هەزاران ژنی دیكەی دێیەكانی ئەموراتە، سەرەڕای ئەو هەموو مشەقەت و ماندوو بوون و هیلاكییەی كە ڕۆژانە دەیانچێشت تا نانێكی حەڵاڵ و

مەشکە دۆیەکی خۆماڵی بۆ منداڵەکان دابین بکەن، هەرگیز بەقەد ئەو ڕۆژانە خەفەتی لە نەبوونی و دەستکورتی و بێدەرەتانی نەخواردبوو. ئاخر تا چاو بڕیدەکرد ئەوا مەزرا و کێڵگە و پاوان و باغ و باغاتی وان بوو، ژمارەیەك مەڕ و بزن و کاریلە و بەرخۆڵە و گاوگۆلکیان لەو دێیەی خۆیان هەبوو، بە حەفتە، ئاگری کوانویان، لەبەرمیوان و میوانداری زۆر نەدەکوژایەوە، کەچی دوای سووتانی گوندەکەیان، بوونە ئاوارە و دەربەدەری شاران و موختەفی لە ناو کوچە و کۆڵانی گەڕەکەکانی شار. شوعییەکان هەمیشە خەمخوری یەکدی بوون، زۆر کەم هەڵدەکەوێ وەکو هاوڕێیانی ئەو حزبە لەچەکداری یەکتری بن، لەو بەسراو ناسرییە و حلە و سەماوە... شوعییە ڕاونراوەکان دەهاتنە ماڵی هاوڕێی کوردەکانیان و جوامێرانە بە ساڵ لە ماڵەوە خزمەتیان دەکردن. فاتم خۆی و منداڵەکانی گەیاندە ماڵی حەسەن کاکە لە گەڕەکی بایزاغا لە کۆیە، هەرچەندە هاوڕێ(حەسەن)یش هەر لە شاخ بوو، بەڵام نەجیبەخانی هاوژینی، وەك دوو خوشکی جەرگسۆز سەریان بەیەکەوەناو بوون بە هاوخەم و هاوڕازی دەیکدی. فاروقیشیان بۆ خوێندن لە قوتابخانەی زانست قەیدکرد، لەوێش کە تا پۆلی شەشەم مایەوە بووە هاوپۆل و هاوڕێی جەباری حاجی قادری و ئاراسی شێخ جەنگی تاڵەبانی و محەمەدی حەمەدەمینی حەلاق و دلێر تاقانە، ئەو لە پۆلی یەکدا تووشی نەخۆشی دەبێ و دەرناچی و لە پۆلی پێنجەمیشدا، لەبەر زروف و ناخۆشی ناچێتەوە مەکتەب. بەمەش دوو ساڵی تەمەنی خوێندنی لەقیسدەچێ.

تەها شەکرچی زاڵم و حەرەس قەومی دڕندەو جاشە خۆفرۆشەکان، ژیانی ئەو خەڵکە بێ دەسەڵاتەی ژێر دەستی خۆیان کردە دۆزەخ و ناخۆشتر و دژوارتریش لە دۆزەخ. ڕاونان و گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانی ژن و پیاو و منداڵی کورد،

ببووه کار و پیشەی ڕۆژانەیان، نەیاندەپرسی تۆ کێیت و تۆ چیت... حەپسخانەکان هێندە پڕ بوون لە گیراوە مەدەنییەکان، تەویلەکانی ولاغانیشیان کردبووە حەپسخانە. هەر کاتێ حەزیان لێبوایە، دەیانکردە مەنعی تەجەول و ئەو سەربازە چاوحیز و دەستڕەشانە و ئەو حەرەس قەومییە چلێس و تەماحکارانە بە کوچەوکۆلان و مالان وەردەبوون، هەرچی بیانویستبوایە، لە غەدرکردن و تالان و ئەشکەنجەدان، بە ئارەزووی خۆیان دەیانکرد. کارو کاسبی نەمابوو، ئابلووقەیەکی ئابووری هێندە توند و قورسیان خستبووە سەر هاوولاتیان، شوشە نەفتێك بەچەنگ نەدەکەوت، دەبوایە چای بە قەسپ بخۆیتەوە و خورما لە جیاتی گۆشت بخەیتە سەر پلاو ساوار، ئەگەر ئەویش هەبوایە. ئەو خەڵکە بە ناچاری لە زستاندا دەستیان کرد بوو بە بڕینەوەی دارودەووەنی ئەو شاخ و داخانەی دەووری شار، لورك و شیواشینکك و دڕکودالیشیان دەهێناوە بۆ سووتاندن. دوو فەرسەخ لەشار دوورکەوتبایتەوە، ئەوا بۆی هەبوو هەر لەوێ بتکوژن. هاتووچۆی نێوان شاران لەگەڵ قافلەی سەربازی بوو، دەبووایە ئۆتۆمبیلی خەڵکەکە لەپێش دەبابە و زیلەکان بەڕێکەون، تا ئەگەر مینێك لەسەر ڕێگادا چاندرابێ، بەواندا بتەقێتەوە. ڕۆژ نەبوو فڕۆکەی جەنگی باڵەکانیان لە سووانەی خانووەکانی شار و دێیەکاندا نەسوون و زەندەقی ژن و مندالان نەبەن. ئێواران لەگەڵ چۆلەکە خەڵك بەرەو ماڵ دەبۆوە و کەم شەو هەبووە نەبووبێتە تەقە. جا پێشمەرگە بەسەر بنکە و بارەگا و سەربازگەکانیان دادەدا، یان هەر جاشەکان لەترسی خۆیان دەیانکردە تەقە. چەندان خەڵکی بێ تاوان بە تەقەی شەوان و لەو ڕێگاو بانە بێ سووچ و قەباحەت کوژران و تێچوون. نە دادگا هەبوو نەحاکم و قازی! شار یەخسیری حوکمی سەربازیی بوو. تەها شەکرچی، دوو دەستە خەڵکی

سـڤیلی، بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە، لـە دینگـەکانی سـەر شـەقامی کۆیـە پێچـاو گولـلەبارانی کردن. ئەوجا جەیش و جاش بە ماڵان وەردەبوون لە ماڵـە پێشـمەرگان دەگەڕان، جارێکیان بە سەدان خێزانیان، بـە ژن و منداڵـەوە، بـە پێخواسـتی لەشـار دەرکرد، بە بیانوی ئەوەی مێرد و باوك و کوڕەکانیان لە شاخ پێشمەرگەن.

فـاتم، بــە خــۆیی و منداڵەکانییــەوە، دوای ســاڵێك لــە مــاڵی حەســەن کاکــە، گواستییەوە ماڵی وەستا ڕەئوفی سەراج، لە گـەڕەکی دڵـدار، چـونکە وەسـتا ڕەئـوف هاوڕێیــەکی دڵســۆزی عــەلی مــەولود بــوو، خــەمخۆری شــوعییەکانیش بــوو، وەکــو عەیشەگڵۆکەی خوشکی هەمیشە لە خزمەتکردنی حزب و نەتەوە بووە. خانووەکەیان دوو هۆدە بوو، هەر ماڵەی لە هۆدەیەکدا بـوون. لـەوێش سـاڵێکی ڕەبـەق مانـەوە، دواتر دووچـاوە ژووریـان لـە تەنیشـت مـاڵی وەسـتا ڕەئـوف بـەکرێ گـرت و دواتـر گواستیانەوە بۆ گەڕەکی بەفریقەندی.

بارەگـای گـەورەی حزبـی شـوعی لـە چیای ئـاوەگرد بـوو، ژمـارەی پێشـمەرگە چەکدارەکانیان لەبەر تۆقاندن و ڕاوەدوونانی پیاوانی بەعس لـە شـارەکانی عێراقـدا، لە هەڵکشان دابوو، عەلی مەولود، هەمیشـە بـۆ دیفـاعکردن لـەو خـاك و خەڵکـە سەری پێوە نەبووە، جارێکیـان کـە دەزانـن جـەیش و جـاش هێرشـیان کردۆتـە سـەر سماقوڵی گەلی، ئەو بە خۆی و ژمارەیەك پێشمەرگە و برینپێچێك، لە ئاوەگردەوە بە هاواری ئـەو گونـدەوە دەچـن، دوای سـەعاتە ڕێیـەك، کـە دەگاتـە ئـاوایی، دەبـینی جاشەکان بەرە و کۆیە کشـاونەتەوە، زوو ماڵـە سـووتاوەکان دەکوژێننـەوەو ئـەو دوو بریندارەش تیمار دەکەن، کە جاشـەکان بـە گولـلە برینـداریان کردبـوون و بـەجێیان هێشـتبوون. لـە چـەندان بۆسـە و دەستوەشـاندنی لـە هێـزی داگیرکـەر، ئـەو زەبـری

کوشندەی لە دوژمن وەشاندوە و دەستکەوتی باشی بۆ شۆڕش هێناوەتەوە. ئەو لەبەر چالاکی و پڕ ئیش وکاری حزبی و چەکداری هیچ ئاگای لە ماڵ و منداڵی نەبوو، لە لای ئەو ئازادکردن و سەرفیرازیی کوردستان فەرزتر بوو لە ئازادکردن و سەرفیرازی یەك تاکە خێزان.

خۆشەویستیی جووتیار بۆ خاك و زێدی خۆی، وەك هیچ بونەوەرێك نییە، چونکە ئەوان زەوی بە دایکی خۆیان دەزانن. لەو زەویدا، نانی حەڵاڵی وان سەر دەردێنیٚ و سەوز دەبیٚ. لەو زەوییەدا ئاژەڵ و ماڵاتەکانیان شیر و کار و بەرخیان پێدەدەن. بۆیە ڕۆحی جوتیاران تێکەڵەیەکە لە خۆڵی گوندەکەیان و ئاوی کانی و کارێزەکانی. عەلی مەولود، دوایی ماوەیەك سەر بە گوندەکەی دادەگرێتەوە، بە هەرەوەزی، وردە وردە، کۆلێتە خانووان دروست دەکەنەوە و مەڕ و بزن پەیدادەکەن و ژیان و ڕۆح و جوولە دەخەنەوە ناو جەستەی ئاواییە سووتاوەکەیان. ناوە ناوە فاتم خۆی دەگەێنێتەوە گوندی و خەریکی داچاندنەوەی باغ و باغات و زەوی و زارەکە دەبیٚ، هەرچەندە ڕۆژانە فڕۆکە جەنگییەکان بەسەر سەریانەوە بوون و ناوە ناوە بە شەستیر و موشەك قەسفی دەکردن.

سالانی خوێندنی فاروق چ لە گوندی ئیلینجاغ و چ لە شاری کۆیە، کاریگەرییەکی وەرچەرخێنەری هەبوو لەسەر دروست بوون و پێگەیشتنی ئەو کوڕە هەرزەکارە. ئەو لە خۆرسکەوە زۆر هەستیار و دڵناسك و بە لێکدانەوە بوو، بۆ ئەو شتانەی کە لەدەوروبەری دەگوزەرا تەواو لە دڵ و دەروونیدا کاری خۆیان کرد... . دوای پتر لە نیو سەدە، ئێستاش بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان گویٚ بیستی وشەیەك بیٚ ئاماژە بیٚ بۆ فاتمی دایکی، وەك منداڵی ساوا، جۆگەلەی فرمێسك بەسەر

کوڵمەکانیدا دێنەخوارەوە و ناخی پڕدەبێ لەجۆش و خرۆش و ئازار. ئەو ڕۆژگارە تووش و سەخت و کارەساتبارە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەر ئایندەی ئەو هەرزەکارە هەبوو. ئەو دەیەویست بزانێ بۆ دەبێ ئەو حەرەس قەومییە وەحشیگەرانە، لە خوارووی عێراقەوە، لەو بیابانە دوورە بێن و گوندەکەی وان بسوتێنن؟! بۆ دێن و مێگەلە مەڕ و بزن و گاوگۆلکیان لێ زەوتدەکەن و بە تالآنیان دەبەن؟! ئاخر ئەوان هیچ خراپە و خەتا و گوناحێکیان نەکردووە، بۆ دەبێ وا دڕەندانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؟! لە سەرەتادا، ئەو وەکو غەوارەیەك لە دالآن و پۆلەکانی قوتابخانەی زانست هاتووچۆی دەکرد، ئەو هەمیشە بیر و هۆشی لە لای گێلکە و هەوێز و کۆلێتەکەی خۆیان بوو لە داربەسەر. ئەو بیری جەلالی مام خورشید و فەتاح حاجی ڕەحمان و مستەفای خالە مەولود و ڕەحمانی کاکەحەمەد و سدیقی لالۆحەمەد و عوسمانی جۆلآی دەکرد، نەیدەزانی چیان بەسەر هاتووە، ئاوارەی چ شار و دێیەك بوون. دەستکورتی و نەبوونی و هەژاریی لە سیماو چاوی ئەودا بە ئاسانی دەبینرا، ئەو نەك دوورەباب بوو، نەك هەر مەحرومکرابوو لە باوەشی گەرم و ماچی باوکی، ئەو خۆی وەکو هەتیوێك دەهاتە بەرچاو، کە بێگانە و غەوارەیە لەم شارەدا، نامۆییەکی چڕ ناخی تەنیبووەوە. بەچاوەکانی خۆی دەبینی چۆن بەو ڕۆژگارە پڕ مەترسییە، ئەو دایکە قەلەندەرەی دەچێتە پەریزان و بە کۆتك گەنمیان بۆ خڕدەکاتەوە و بۆیان دەکاتە نان و دەیخاتە سەر سفرەی سارد و سوڕیان... ئەو دەیبنی، دەست و پەنجەکانی ئەو ژنە بۆ یەك دەقیقە ڕاوەستانیان نییە. هەر دەچننەوە و دەچننەوە، گوریس دەچننەوە، دەسترازە دەچننەوە، دۆخین و گۆرەوی دەچننەوە، ئەو بەو پەنجە ناسکانەی سیپارەی بۆ منداڵەکانی پەیدا دەکرد. فاروق

ئەو ڕۆژەی لەبیر نەدەچۆوە، کە دایکی بە کوڵ دەگریا، بە دڵ دەگریا، چونکە پارەی نەبوو سەفەری نوگرەسەلمانی پێبکات و سەرێك لە باوکی فاروق بدا، ئەو باوکەی عەیامێکی زۆر بوو لەوان دوورکەوتبۆوە و هیچ خەبەر وسۆراغێکی نەبوو. ئەو ژنێك بوو خۆی بە خانزادی داربەسەری دەزانیێ و خۆی بە قەدەم خێری شێخانی دەزانی، ڕۆژانە سێ چین سفرە بۆ میوانانیان ڕادەخرا، ئێستا هەژار و لانەوازەی شاران بووە. کە لە ماڵی هاوڕێ حەسەن کاکە بوو، هەر دەبوایە نەجیبە بە مەکینەکردن و دەرزی و دوررمانان، نانی دوو خێزان پەیدا بکات، هاوڕێی حەسەن کاکەش هەر لە حکومەت یاخی بوو. فاتم دەچوو بۆ بازاڕ، جوان جوان خۆی دەپێچایەوە، نەکو دوکاندارەکانی کۆیە بیناسنەوە، لەبەر کەسێتیی عەلی مەولود، پارەی شتومەکەکانی لێوەرنەگرن کە بۆ منداڵەکانی دەکڕێ. ئەو عزەتی نەفسی هێندە بەرز بوو، ئامادە بوو دەستی خۆی ببڕێتەوە بەڵام، نەیێڵێ ئەو ڕۆژە بێ دەست لەبەر کەس پانبکاتەوە. فاروق هەر هەرزەکارێکی ئاسایی نەبوو، حەز و مەیل و ئارەزووی ئەشقی ئەو تەمەنە سەرمەستی بکات و بیر لە چاوڕەش و ئەگریجە خاوێك بکاتەوە...ئەو هەمیشە مەست بوو بەو پرسیارانەی کە بووبوون بە لوغز و مەتەڵ بۆی هەڵنەدەهاتن: دەبێ کەی بۆ یەکجاری بگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان؟ تاکەی دەبێ ئەو دایکە بەخت ڕەشەی بەو چەرمەسەرییە بژی؟ ئەدی کەی باوکی دێتەوە؟ ڕاستە حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکراوە، ئیعدامی دەکەن!؟

تادەهات هەوری ڕەشی شەڕ و نەهاماتییەکانی ئاسمانی کوردستان ڕەشتر و ڕەشتر دەبوو. تادەهات ڕژێمی چەنگ بەخوێنی بەغدا دڕەندە و دڕەندەتر دەبوو دەرحەق بە خەڵکی ئاشتیخواز و ئاسایشویستی کوردستان. شەستیر و موشەکەکانی فڕۆکەکان

بوون به ناپاڵم و بۆمبی فسفۆڕی، چەندان کاریز و کانی لە جێی ئەو ناپاڵمانە تەقینەوە. ڕەشاشی برێن و دۆشکەی هێزەکانی سەربازی بوونە تۆپی (١٢٠) میلیمی وتۆپی دوورهاوێژی وێرانکەر، جاش و خۆفرۆشەکان لە کێبڕکێ دابوون، کامیان زۆرترین پێشمەرگەو ژن و منداڵ بۆ ڕژێم دەکوژێ و یەخسیر دەکات، سەربار و بنباری هەموو ئەو مەرگەساتانە، درزێکی گەورە و لێکترازانێکی خەتەرناك، لە جەستەی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوویدا، کە پەڵەی شوومی خوێن و مەرگ و مەرگەساتی پێوەدیار بوو. هەموو خوێندنی پەیڕەکانی چوار ئیقلیمی وڵات خەبەری هاتنی ئایندەیەکی خەتەرناك و مەترسیداریان دەکرد. بەرە بەرە براکانی یەك سەنگەر، پتر شمشێریان لەیەکدی دەسووی و سەرکردەکانی نێو یەك ئەشکەوت پتر ددانی بوغزیان لەیەکتر جیڕدەکردەوە. بۆنی شەڕی براکوژی هەموو وڵاتی بۆگەن کردبوو. هەموو خەڵکی ئەو کوردستانە دەستیان لەسەر دڵیان بوو، پیرێژنەکان دوعایان دەکرد، مەلا و شێخ و مشایەخ و قەشە و ڕەبەن و ڕاهیبەکان دوعایان دەکرد، دایکە جەرگسوتاوەکان دوعایان دەکرد، کە خوا کارێك بکا ئەو دوو برایە نەبن بە قابیل و هابیل و زوو دەست لەملی یەکتربکەنەوە و ئاشت ببنەوە، ئەوان دەیانزانی جەستە پڕ برینەکانی کوردستان بەرگەی زامی نوێی چەقۆ و نێزە و خەنجەری دیکە ناگرێ. ئەوە بوو عەبدولسەلام عارف لە هاوینی ساڵی (١٩٦٦) لەوتارێکیدا هەڕەشەی لە کورد کردو گوتی:

"سنقضي على الكاكات بالكاكات".

ڕژێمەکانی بەغدا، وەکو سەگی هاریان لێهاتبوو، پەلاماری هەرچوار دەوری خۆیان دەدا، ژیان و گوزەرانی ئەوانەی لە ناوەند و باشووری عێراق دەژیان، ڕاستە بە فڕۆکەو تۆپ و تانگ بوردومان و تۆپباران نەدەکران، بەڵام لە ژیانی کوردستان

خۆشتر و باشتر نەبوو. بەندیخانەکان مۆنجەیان دەهات لە هاوڕێیانی شیوعی کە خزێنرابوونە ژووره ئینفرادی و قاوشە گەورەکان. هەر پێنج ساڵ دوای هەڵبژاردنی وەك سكرتێری گشتی حزبی شیوعی عێراقی، لە کۆنفراسی یەکەمی حزبدا، یوسف سەلمان (فەهد) لە بەغدا لە سێدارە درا و دوای چوار ساڵی دیکە، سکرتێری گشتیی دووەمی ئەو حزبە، هاوڕێ سەلام عادل، لە ژێر ئەشکەنجە شەهید دەکرێت، لێژنەی مەرکەزی حزب، هاوڕێ عەزیز محەمەد، وەك سکرتێری حزب هەڵدەبژێرێ. جا سەرەڕای ئەو هەموو ڕاوەدونان و گیران و ئەشکەنجەدانانە، درز دەکەوێتە نێو حزبی شیوعی عێراقیش و باڵێکی لێجیادەبێتەوە. ڕژێمی بەغدا هێندە وەحشیگەرانە دەستی لە بێناقاقەی ئەو حزبە نابوو، کە تاقە گۆڕستان لە کوردستان و عێراق نابینییەوە شەهیدی ئەوانی تێدا نەنێژرابێ. بە ئاستەم هەناسەی لەبەر مابوو، کوردستان بووبووە سینەی ژیانەوەی ئەوان، بە سەدان لە هاوڕێیەکانیان ڕوویان کردبووە شاخەکان و بە کورتەك و شەرواڵ و پشتێنی کوردییەوە، کتومت وەکو پێشمەرگەکانی خۆمان هاتووچۆیان دەکرد و و چالاکییان ئەنجام دەدا. لەبەر ئەوەی یانزدە ساڵ بەسەر بەستنی کۆنفراسی دووەمی حزب تێدەپەڕێ و بارودۆخی ناهەمواری عێراق و خودی حزبەکەش ئەوەی دەخواست کە کۆنفرانسی (٣)ی حزب ببەسترێ. لەوکاتەدا ناووناوبانگی هاوڕێ عەلی مەولود، لە کوردستانەوە گەیشتبووە دورترین شار و شارۆچکەی باشووری عێراق و ببووە کەسایەتییەکی کورستانی و عێراقی لەیەك کاتدا. ئەو هەموو ساڵانەی ئەو لە گرتووخانەکانی نوگرەسەلمان و بەغداو موسڵ و کەرکوك و هەولێر و بەعقوبە بوو، ئەویان بە سەدان لە کادیر و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی ناساند. جا حزب لە هەموو خاکی عێراقدا

جێگەیەکی نەدۆزییەوە وەك گوندی داربەسەر شیاو و پەسند و باش بێ بۆ بەستنی ئەو کۆنفرانسە و دوای ڕاوێژ و ڕاوێژکاری نێوان خۆیان، بڕیاری کۆتایی لەسەر گوندی داربەسەر درا.

بەستنی کۆنفرانسی حزبێکی جەماوەری پێشکەتووخواز، لەودەمدا، لەو گوندە بچوکە دەلالەت و ئاماژەیەکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆری هەبوو. مێژوو ئەم ڕووداوەی وەك ئەرشیفێکی بایەخدار بۆ گوندی داربەسەر و بۆ کوردستان تۆمارکرد، کە گوندێکی دوورەدەستی سی چل ماڵی، پێگەیێکی سیاسی بەقەد بەغدای پایتەختی عێراقی پێدرا، کە کونفرانسی یەکەم و دوومی لێ بەسترابوو. ئەوە جگە لەو پەیامە جوانە برایانە و دۆستانەی نێوان کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە، کە لە ئەندامە جیاوازەکان لەڕووی: زمان و ئایین و کەسە جیاوازەکانی حزبدا ڕەنگی دابۆوە. بێگومان کاتێك گوندێك باوەش بۆ دەیان کەسی بێگانە دەکاتەوە و بە نان و ئاو و پێخەف میوانداریان دەکات، ڕووە گەشاوەکەی کۆمەڵگای ئەو ئاوەدانییە ڕووسوورانە بە خەڵك نیشاندەدا و دەبێتە مایەی جوان پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی یەکدی. چەندان لە گوندەکانی کوردستان، لەو سەردەمەدا چەقێکی سیاسی و مێژووییان بۆ خۆیان تۆمار کرد. پارتی دیموکراتی پێشکەوتی کوردی لە سوریاش هەر لەم ساڵەدا یەکەمین کۆنفراسی خۆی، دوای شەش ساڵ لە دامەزراندنی، بەست. ساڵێکیش پێشتر، ساڵی (١٩٦٦)، پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنفرانسی حەوتەمی خۆی لە گەلاڵە بەستبوو.

هەموو ئەوانەی باسمان کرد لە لایەك، ڕۆڵی عەلی مەولود، وەك داینەمۆی ئەو کۆنفڕانسە لەلایەکی دیکە. با لەزاری ڕێکخەر و بەشداربووانی کۆنفڕانسەکەوە، ڕاستییەکان ببیستین:

هاوڕێ کەریم ئەحمەد دەڵێ:

"مرۆڤ ئەگەر بڕوای بە شتێك هەبوو، هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی دەخاتە گەڕ لە پێناو بەدیهێنانی. عەلی مەولود بە بڕوایەکی تەواوەوە ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردبوو، بەو پێیەی تاکە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ بوو لە زوڵم و چەوساندنەوە. ئەم بڕوایەش بوو پاڵی پێوەدەنا هەوڵ و تواناکانی بخاتە کار بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەر بە تایبەتی زەحمەتکێشان، لە چوار دەوری حزبی شیوعی و کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابورییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان. ئەو بڕوایەی هاندەر بوو بۆ ئەوەی هەموو ژیانی، سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دەهاتنە سەر ڕێی، بخاتە خزمەت حزبی شیوعی و ئامانجە ڕەواکانی. کە حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی (١٩٦٧) بڕیاری بەستنی کۆنفڕانسی سێی لە گوندی داربەسەر و لە ماڵەکەی کاك عەلی مەولود دا، بەشێوەیەکی زۆر نهێنی ئەو کۆنفڕانسەی بەست. لەبەر ئەوەی حزب نەیدەتوانی بە ئاشکرا کاری حزبایەتی خۆی ئەنجام بدا. لە هەمان کاتیشدا، شۆڕشگێڕییەکانیش لە شۆڕشی کوردستان بە دڵێکی فراوانەوە ئەم بڕیارەیان وەرگرت و هەموو توانایەکی خۆیان خستە خزمەت کۆنفڕانس. ئامادەکردنی سێ ژەمە خواردن و جێگەی خەوتن و پشوودان، کە فاتمەی تێکۆشەری خێزانی و هەردوو کچی ( ڕەشی و قەسپێ) بە درێژایی ئەو دە ڕۆژە سەرقاڵ بوون بە ئامادەکردنی خواردن و

نان، بێ ئەوەی هەستی ماندووبوون نیشان بدەن. لەکاتێکدا ئامادەکردنی خواردن و جێگەی خەوتن بۆ پەنجا و حەوت لە ئەندامانی حزب ئاسان نەبوو، ئەوە جگە لە دە ئەندامی دیکە، کە بە سیفەتی چاودێری هاتبوون، هەروەها ئەو هاوڕێیانەی کە ئەرکی چاپ و پاسەوانیان لەسەر شان بوو هەتا سێ منداڵە وردەکەی ( بارزان و فاروق و سەباح)یش هەر خەریکی ئیش و کار و یارمەتی دان بوون. بەڕێوەبردن و هەڵگرتنی ئەرکی بەستنی کۆنفڕانس لەم جۆرە شوێنە بەڕاستی کارێکی ماندووکەربوو، بە تایبەتی لە وەرزێکی وا سادری مانگی کانونی یەکەم، کە هەر سوپاس و تەقدیری پێدەوێ.

هاوڕێ عەلی مەولود چاودێر بوو لە کۆنفڕانسەکە و وتەبێژیشی بوو، لە یەکێك لە شەوەکانی کۆنفڕانسەکە، پاش کۆبوونەوە بازنەیەکمان بەدەوری سۆپەدا بەستبوو کە لە گەرمان سوور ببۆوە، یەکێك لە هاوڕێکان کە دەیەویست هەستێ، دەست بە بۆڕیی سۆپەکەوە دەگرێت و دەستی دەسووتێ، هەمووانی خەفەتبار کرد، لێرەدا هاوڕێ عەلی مەولود وتی: ئەگەر گەرمی ئەو بۆڕییە نەبینین، ئەدی چۆن گرفت و ئازارەکانی خەڵك دەبینین. هەمووان پێدەکەنین، بەهاوڕێ دەست سووتاوەکەشەوە."

حزبی شیوعی ئەو کۆنفڕانسەیان بە سەرکەوتوو هەڵسەنگاند و، زۆریش پیرۆزباییان لێکرد و پێوقدومیشی بەخێر بوو، هەر لە سەروبەندی کۆنفڕانسەکەدا، چل هاوڕێی مەحکومکراو بە زیندانی قورس قورس، توانیان بە هەڵکەندنی تونێڵێکی دەستکرد، لە گرتووخانەی حلە ڕاکەن و ئازادیان بێ و هێندێکیشیان بە سەلامەتی گەیشتنە بارەگاکانیان لە کوردستان.

کە فاروق، لە ئامادەکردن و ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری ناو ماڵ هاریکاری و بەردەستی خوشك و براکانی دەکرد، لەو ڕۆژە پڕ ئێشەی داربەسەردا، تەمەنی دوانزە ساڵان بوو. ئەو دوو ئەزموونی دژبەیەکی بەچاوی خۆی لەو گوندە بینی: هێرشی حەرەس قەومییەکان و تاڵانکردن و سوتاندنی گوندەکەیان، هاتنی ئەو هەموو پیاوە گەورە و ڕۆشنبیر و تێگەیشتووە و کۆبونەوەیان لە ماڵی واندا بۆ ماوەی دەڕۆژ زۆر شتی لە مێشکیدا چەسپاند، وەك خولێکی پێگەیاندنی کادیران وابوو بۆی، ئەو هەمیشە گوێ بە وتەو پەیام و وتاری شۆڕشگێرانە و خەباتکەرانەی ئامادەبووەکان دەزرینگایەوە. زرینگانەوەیەك، کە لە ئایندەدا، وەك دەنگدانەوەی گابەردێکی زل کە لەناو دۆڵێکی گەورەدا غلۆربێتەوە و دۆڵ بە دۆڵ دەنگبداتەوە... .

ئاوەدانکردنەوەی داربەسەر لە دیدی فاروق لە دایکبوونێکی نوێیی خۆی و دایك و خوشك و براو هاوڕێیەکانی بوو.

ئێوارەیەك، مەفرەزەیەك پێشمەرگە لادەدەنە ماڵی عەلی مەولود لە داربەسەر، دوای نانخواردن، فاروق کلاشینکۆفی یەکێك لە پێشمەرگەکان دەکاتە شان و بە شانازییەوە لەبەرهەیوان و حەوشەی ماڵدا پیاسە دەکات و پۆز لێدەدا، کاتێك پێشمەرگەکە چەکەکەی لێوەردەگرێتەوە، دەست بە پرچە ئاڵۆزەکەیدا دادەهێنێ و بە زەردەخەنەیەکەوە، پێیدەڵێ:

ـ دەزانم، لەچاوتڕا دیارە، دەزانم حەزدەکەی هەر ئەم ئێوارەیە لەگەڵمان بێت و ببیتە پێشمەرکە. گوێبگرە، من مامۆستا بووم، ئێستا دەمبینی چیم؟ ئەمن یەك نسیحەتت دەکەم، بخوێنە، بێ خوێندن سوودی نابێت بۆت.

یەك دوو مشت بە ناو لەپی، لەسەری فاروقی دەدا و، پێیدەڵێ:

ـ لـەبیرت نەچێ چیم پێگوتی. دەبێ بخوێنی، دەبێ باش باش بخوێنی... لە قوتابخانەشدا دەتوانی پێشمەرگایەتیی خۆت بکەی. تێگەیشتی... فاروق!

## (٤)

# له داربەسەرەوە بۆ مهاباد

## (سەفەرێك نیوەی خوێن و نیوەی نسکۆ)

گرمە گرمی دەهۆڵ ئەنگێو و فیقەفیقی زوڕناژەن، سێ شەو و سێ ڕۆژان بەبێ پسانەوە، ئەو خەڵکەی گۆڕەپانی بەردەم سەرای کۆنی کۆیەی هێنایە هەڵپەڕکێ و سەماکردن و خرۆشان، ئەمە دیمەنی سەرجەم شارەکانی کوردستانی باشوور بوو دوای خوێندنەوەی بەیاننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠). تەنانەت ئاهەنگەکان بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەند و خواروی عێراقیشی هێنابووە جۆش و خرۆش. لە شاری کۆیە، دوای سێ شەو و سێ ڕۆژەکە، ئاهەنگی شایی و هەڵپەرکێیەکان تەنها دەمە و عەسران و شەوان دەگێڕدران و کەمتر بە دەهۆڵ و زوڕنابوون، شۆڕەژن و پیرەمێردە جوانپۆش و گورج و گۆڵەکان سەرچۆپیان دەگرت و بەیت و گوتنیان دەگوتەوە، گۆڕەپانی خانەقا لە گەڕەکی قەڵاتێ و گۆڕەپانی قولەتێنی گۆرانان لە نزیك گەڕەکی بایزاغا و پانکی قونگرێ لە گەڕەکی هەواوان، قۆمرغانەی ئەو کوڕە جحێڵ و کچە چاو بەڵەکانە بوون، هەبوو شەوانە هەموو شاییەکانی بەسەر دەکردەوە. لەسەر دەسرۆکەی ڕەنگ زەرد و سووری سەرچۆپیگێڕ، یەك دوو جار، شاییەکان ئاڵۆزییان تێکەوت، بۆیە شوعییەکان و هەوادارەکانیان، لە دەشتە زەوییەکی پێش پردی ئازادی بە دەستە ڕاستەوە، ئاهەنگی خۆشیی خۆیان دەگێڕا. ئەو کات فاروق تەمەنی هەر پانزدە بەهار دەبوو، دیمەنی ئەو خۆشیی و گۆڕانکارییە بەرچاوانە تەواو ئەوی کەیف خۆشکردبوو، بۆ یەکەم جار لەگەڵ باوکی

دەهاتە بازاڕ و دەیبینی کە ئەو خەڵکە چەند بە ئیحترام و تەقدیرە بۆ باوکی و دەستیان دەخەنە سەر سینگیان. ڕەنگبێ ئەوەی پتر ئەوی دڵخۆش کردبێ گەڕانەوەی دایك و خوشك و براکانی بوو بێ بۆ گوندی و دەستکردنەوە بە ژیانێکی نوێ لە زێدی خۆیان.

دوای نۆ ساڵی ڕەبەق لە شەڕ وکوشتارو ماڵوێرانی، هەموو خەڵك پێشوازییان لە بەیاننامەی (١١)ی ئادارکرد. کورد بۆ جارێکی دیکە باوەشی ئاشتەوایان بۆ یەکتری کردەوە، خەونی دوژمنانیان لە گۆڕنا، کە بە ئاواتی شەڕی براکوژی نێوان مەلایی و جەلالییەکان بوون.

فاروق لە ساڵی (١٩٧٠) دەبێتە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە دواناوەندی کۆیەی کوڕان. لەو سێ چوار ساڵەی دوایی، ئەو باش چاوی دەکرێتەوە و دەوروپشتی خۆی دەناسێ و پتر لە ڕووداوەکان تێدەگات، ئێستا ناوە ناوە کە دێنەوە گوندی، باوکیان دەبینن و شەوان بەدەوری سۆبەو ئاگردانەوە ئەلقە دەبەستن، چونکە ماڵەکەیان هەمیشە دیوەخان بوو، شەو نەبوو باوکیان سەربوردەیەکی خۆی بەدەم حەسرەت و ئاخ و ئۆفەوە نەگێڕێتەوە، جاریش هەبوو وای دەکرد هەمووان لە پێکەنین بکەونە سەر گازەرەی پشت. ئەو کۆبوونەوانە ئەگەرچی مانگێ هەر چەند جارێك هەڵدەکەوت، چونکە ئەوان ماڵیان لە شار بوو، ئەگەرچی ئاوەدانی لە هەندێك لە گوندە سووتێنراوەکان پەیدا ببۆوە، بەڵام چونکە قەسفی فڕۆکەو تۆپبارانیان هەر لەسەر بوو، خەڵکەکە هەر پتر ڕۆژانە هاتووچۆیان دەکرد. جا کاتێك کە باوکی وەك پاڵەوانی ئەفسانەکان لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا هەڵسوکەوتی دەکرد، فاروق هەموو ئەندامەکانی لەشی دەبوو بە گوێ و دەبوو بە چاو. نەیدهێشت یەك ڕستە

یان یەك جوولەی باوکی لـەقیس بچـێت و زوو لـە کەشـکۆڵی ناخیـدا هەڵیـدەگرتن. لەڕاستیدا، ئەگەرچی ئەو باوکـە زۆر کـەم لـەناو منـداڵ و خێزانەکـەی بـووە، بـەڵام هـەرکاتێکیش حـزووری هەبوایـە، هـەمووان وەك پەروانـە بەدەوریـدا دەسـوڕانەوەو دەیانەویست زۆرترین قسەیان لەو گوێ لـێبێ و زۆرتـرین کـات بەدیاریـەوە دانیشـن. فاروق هەموو قسەکانی باوکی کردبووە ئەلقەی گوێی.

جارێکیان، لە باوکی دەپرسن:

ــ ئـەرێ هـاوڕێ، ئـەوە چییە هەمیشـە چـواردەخۆرێکی تـازەت بـە قـەدەوە، شۆڕکردۆتەوە کەچی هەر سێ فیشەکت پێیە؟

ئەویش، بە متمانەیەکی تەواو دەڵێ:

ـ ئێ براله، خۆ من ناچم شەڕی کۆریا بکەم. من ئەو سێ فیشەکەم بـۆ ئەوەنییـە کەس بکوژم. هەر بۆ ئەوەمە ئەگەر خوانەخواستە یەکێك هات بمکوژێ، بەو دووسێ فیشەکە بیترسێنم و وازم لێبێنێ. خۆ من پیاوکوژ نیم و باوەڕیشم بە کوشتن نییە!

شەوێکی دیکە کە دیوەخان گەرم دەبێ، عەلی مـەولود بـەدەم چا خواردنـەوە، ئـەم سەربوردەیە بۆ میوانەکان دەگێڕێتەوە.

"ئێوارەیەکی مانگی ئـادار بـوو، ئەوەنـدەمان زانـی ژوورکـەمان لـە گرتووخانـەی نوگرەسەلمان بووە چڕە دوکەڵێك چـاو چـاوی نـەدەدیت... لـەناکاوڕا دەرگـا کرایـەوەو چوار پۆلیسی حەرەسی سـجن، بـە خۆیـان و قامچـی و تـۆپزی نـاو دەسـتیان لێمـان بەژوور کەوتن و کەوتنـە دارکاریکردنمـان، دووانیـان کەوتبونـە دارکـاریکردنی مـن و دووەکەی دیکەش عەبدوڵا گۆرانی شاعیریان لە گۆشەی ژوورەکە پەستا بـوو حەسـیر مەیـدانیان دەکـرد، بـەڵام چ حەسـیر مەیـدانێك! هـەتا شـلوکوتیان نـەکردین وازیـان

لێنەهێناین، کە من پێمگوتن، ئێستا پێمان ناڵێن، ئێمە چیمان کردوە، لەسەر چی دارکاریمان دەکەن؟

پۆلیسێکیان، تۆپزەکەی دەستی بۆ مەلا کەریم درێژکردو بە توڕەییەوە شیڕاندی:

ـ ئەو قەحپەبابە، ئەو مەلاکەریمە، چووزانیێ ئەمڕۆ نەورۆزەو بچیێ بەتانی بسووتێنێ و ئاگری نەورۆز بکاتەوە، ئەگەر ئەتو و عەبدوڵا فێرتان نەکردبێ. دەزانن ئەو گێل و معەوەقە!

مەلاکەریم، کە ئەویش لەگەڵ ئێمە بەندکرابوو و هاوڕێی حزب بوو، کابرایەکی سەقەت بوو، دەستی گۆچ بوو، قاچی شەل بوو، ملی خوار بوو، چاوی خێل بوو، هیچ ئەعزای بەدەنی نەبوو سەقەت نەبی. ئەوجا من و گۆران چووینە سەر سەری مەلا کەریم و لە داخی ژان و ئازاری خۆمان، پێمان گوت، بەوخودایەی، سەقەت نەبووبای، ئیستا هێندەمان لێدەدای، سەقەتمان دەکردی، بەڵام ئێستا چیت لێبکەین و لەکێندەرێت بدەین!

خۆ ئەو قوربانی و فیداکارییەی فاتمی دایکی لە پێناو ئەوان نواندی، هیچی کەمتر نەبوو لەو خەبات و قوربانییەکانی باوکی. فاروق ئەو ڕۆژەی قەت لەبیر ناچێتەوە، کە دوای ئەوەی باوکی حوکمی ئیعدامی بۆ دەردەچیێ و دایکی لەبەر نەبوونی و دەست کورتی ناتوانیێ بچێتە لای لە نوگرەسەلمان بۆ دوایین جار ماڵئاوایی لێبکات! جا ڕۆژێك کە نامەیەکی باوکیان بۆ دیێ، دەبینیێ دوای خوێندنەوەی نامەکە دایکی دەست دەکات بەگریان، بەڵام گریانێك زۆر جیاوازتر لە ئەوانی پێشوتر، هەموو ژن و کچەکان لەدەوری خڕ دەبنەوەو دڵی دەدەنەوە، ئەو هەر زیاتر دەگرییێ و

ڕووی خۆی دەڕنێتەوە، دواتر دایکی، بەدەنگێکی زۆر غـەریبی پـڕ لـە موحیبـەت و حەسرتەوە دەڵێ:

ـ عـەلی! ئـەوها....! عـەلی ! ئـەوها....! ئـەوها چاکەی چـەند سـاڵەی مـن دەدیتەوە؟ ئەگەر من نەبوومایە کێ یەك ڕۆژ ئـەم ژیانـەی مـنی تەحـەمول دەکـرد؟ چماوە، بۆ ئێوەی نەکەم تا سەربەرزانەو ڕووسوورانە بژین؟ ئـاخر، عـەلی چۆن دڵـت هات، وامپێبڵێی؟ چۆن بۆ من دەنووسی: بۆ خۆت ئازاد بە! چۆن من دوای تۆ ژیانم دەوێ! عەلی، من دەبێ بچم تۆڵەی تۆ بکەمەوە نەك بچـم ...

تەواوکراوەی ڕستەکەی خستەوە ناو هەناوی خۆی و پتر پێی کولایەوە.

هەرچەندی ئەو (فاروق)ە دیقـەتی لـە ڕوخسـار و شـان و شـەوکەتی بـاوکی دەداو فەقیری و ڕەنجکێشانی دایکی بەبیر دەهاتەوە، لە زۆر نهـێنی شـێوازی ژیـانی ئـەوان تێنەدەگەیی. ئاخر باوکێك سێ چوار مانگ ماڵ و منداڵ بەجێ بهێڵێت و بۆ کاسبی بچێتە شاری موسڵ، کە دێتەوە لە جیاتی جیزدانـی پـڕ لـە پـارەوپول و باروبارگـەی دیاری، بە دیشداشەی پیس و پۆخڵی عەرەبی و نەعلی دڕاو و پینەکراو بێتەوە. کـێ ئەوە قبوڵ دەکات؟ جا کاتێکیش لێی دەپرسن، ئەوە خێرە، بۆ وات لە خۆت کردییە؟ دەڵـێ: وەڵا لـە ڕێگـا سـواڵکەرێکی زۆر زۆر فـەقیر و ڕووت و قـووتم دی، هـەموو جلکەکان و پێڵاوەکـەی خـۆم داوی، بـۆ پـارەو پـوولیش، چـەند مـانگ بـوو، ئـەمن ئابوونەی حزبم نەدابوو و قەرزار بووم!

بەیانی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)، سەرتای ئاگربەسـت و ڕاگـرتنی شـەڕ و دەستپێکردنی قۆنـاغیکی نـوێ بـوو لـە مێـژووی کوردسـتانی باشـووردا. چـالاکییە حزبییـەکان و جـم و جـوڵی ڕێکخراوەکـانی مـەدەنی گەشـەی سـەندبوو سـەردەمی

خەباتی ژێرزەمنی کۆتایی پێهاتبوو. هەموو حزبە کوردییەکان بارەگاو ناوچەو بنکەیان لە شار و شارەدێیەکان کردەوە. بارەگای ناوچەی کۆیە لەسەر کۆشکێك بوو لە سەر ڕێی سەرای نویٚ و حزبی شیوعیش لە نهۆمی سەرەوەی بانکی کۆیە بوو، نزیك مەیدانی خواریٚ، کە خاوەنی خانوبەرەکە عوسمان عەونی بوو. باری گوزەرانی خەڵك و ئابووری ناوچەکە هات نەختیٚ ببووژێتەوە و گوندەکان ئاوەدان کرانەوە و خەڵکەکە گەڕانەوە سەر جێگەو ڕێگەی خۆیان.

گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە. لە قۆناغی ناوەندی، هەردوو ڕێکخراوی قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی، بە ئاشکرا بەرۆکی ئەو قوتابیانەیان دەگرت کە دەگەیشتنە قۆناغی ناوەندی، چونکە بنەماڵەو دێیەکەیان، هەر بە شوعی ناویان دەرکردبوو، زوو ئەندامانی یەکێتی گشتیی قوتابییان، کە سەر بە شوعییەکان بوو، (فاروق) بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و وەکو لایەنگر ناونووسی دەکەن، قوتابییەك بەناوی فەخرەدین، سەرپەرشتی کۆبوونەوەو وەرگرتنی ئابوونە و دابەشکردنی بڵاکراوەکانی قوتابیانی دەکرد. دوو ساڵی پێنەچوو، لە هەڵبژاردنێکی یەکێتی گشتیی قوتابیان، کە بەربژێرەکانی: ئەسکەندەر یەلدا و عوسمان داربەسەری و عوسمانی جۆلا و سەباحی مام قادری مەرزان و بەکر سدیق و ڕێبواری وەستا سەلامی نانەوا دەبیٚ، فاروق زۆرترین دەنگ دەهێنیٚ و دەبێتە ئەندام ناوچەی حزبی شیوعی لەکۆیە لە قوتابیانی دواناوندی کۆیەی کوڕان.

لە مانگی ئابی ساڵی(١٩٧٠)، عەلی مەولود و ئەحمەد دڵزار ی شاعیر و چەند هاوڕێیەکی دیکەی حزبی شیوعی عێراقی، لە ڕێی دیمەشقەوە بەرەو مۆسکۆ بەڕێدەکەون و ساڵێك و هەشت ڕۆژ لە مۆسکۆ و شارە گەورەکانی دیکەی یەکێتیی

سۆڤیەت بەشداری خوول و کۆڕ و کۆبوونەوە حزبییەکانی ئەو وڵاتە دەبن و بە چاوی خۆیان گۆڕانکارییەکان و بەرنامە و پرۆگرامی مارکس و لینینی دەبینن. فاروق وەك ئاوێنەیەکی بێگەرد، لە ناو قوتابی و هاوڕێکانیدا دەدرەوشێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ چالاکیی و هۆشیاریی و ئاستی ڕۆشنبیری فراوانتر دەبێ، تا وای لێدێ پەیوەندیی ڕێکخراوەکەی یەکێتیی گشتیی قوتابیان بەهێزتر دەکات لەگەڵ هەولێر و شارەکانی دیکە، ئاشنایەتیی لەگەڵ زۆر لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆی پەیدا دەکا. تا ئیرەیی و حەسوودیی قوتابییەکانی ڕێکخراوەکەی پارتی بەو، دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ببێتە شەڕ و ناخۆشی لە نێوان قوتابی هەر دوو ڕێکخراوەکە و ڕۆژێك قوتابییەکانی پارتی چینە لێدانێکی باش لە چەند قوتابییەکی شیوعی دەدەن و جەمیل تەقتەقی و شەریف  دارکاری دەکەن.

خەسڵەتێکی دیاریی کەسێتیی  عەلی مەولود ڕەخنەگرتن بووە، هەرگیز چاوپۆشی لە غەدر و هەڵە و خەتای حزبەکەشی نەکردووە. ئەم ڕۆحە پاکەی ئەو لە پێناو باشترکردن و جوانکردنی ڕووی خەبات و ئامانجەکانی  و تێپەڕاندنی قۆناغە سەخت و پڕکۆسپەکان، زۆر جار بە خراپی بەسەر خۆیدا دەشکایەوە. ئەو ڕوو بە ڕوو ڕەخنەی لە شۆڕشی ئەیلول دەگرت، کە تارمایی دەسەڵاتدار و ئاغایەتی بەسەرەوەیەو زیاد لە پێویست پاڵی بە شاهەنشای ئێرانەوە داوە. لەسەر کەموکوڕی حزبەکەی خۆشی بازی نەدەدا. دەگێڕنەوە، کە لە مۆسکۆ دەگەڕێتەوە دەبینن گۆپاڵێکی بەدەستەوەیە، لێی دەپرسن:

ـ ئەرێ، هاوڕێ عەلی، ئەتۆ چویتە مۆسکۆ لە جیاتی هەموو شتێك ئەو گۆپاڵەت بۆ هێناوینەتەوە، ئەوە چ حیکمەتێکی تێدایە؟

ئەویش بە نەبرەی دەنگێکی شێرانە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ:

ـ هەر خۆم دەزانم چیم دیووە لەوێ! جا پیاوم دەوێ ڕەخنە بگرێ و بڵێ لەل، یەکسەر بەم گۆپاڵە لەسەری دەدەم!

مەبەستی هاوڕێ عەلی ئەوە بوو، کە زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو پەیڕەوپڕۆگرامەی حزبەکەی وان کە لەسەری دەڕۆن و ئەو واقیعەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەت کە ئەو بە چاوی خۆی بینیویەتی. سەرەڕای هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی ئەو وڵاتە، کە ئەوانیان دەگەڕاند بەناو مەیدانی سوور و بورجی ئوستان و مۆزەخانەی تاج و مۆزەخانەی چەك و کەشتییە جەنگییەکان، لە درزی پەنجەرەکانەوە، عەلی مەولود دەیبینی، چۆن وەك شەمەندەفەر، ئەو ژن و پیرەمێردانە سرەیان گرتووە بۆ وەرگرتنی تەبەقە هێلکەیەك یان دوو کیلۆ پەتاتەو شووشە شەرابێك... ئەو لە کۆبوونەوەکانی حزبیدا ڕەخنەی خۆی دەگرت، ئەگەر گیانیشی لەسەر دانابوایە.

کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٣)، لەئاهەنگێکی کەم وێنەدا لە قەڵەباڵغی و خرۆشان و گەرم وگوڕیدا، لە گۆڕەپانی بەردەم سەرای کۆن لە کۆیە، پەردەیان لەسەر کۆتەڵی حاجی قادری کۆیی لادا، فاروق لە سوچێکی شەقامەکەدا ڕاوەستا بوو کە دیتی، عەلی مەولودی باوکی، وتاری حزبی شیوعی خوێندەوە و بە پیرۆزبایی کردن لەگەڵی ڤێتنام دەستی پێکرد، کە لە شەڕی (١٧) ساڵەیاندا بەسەر ئەمریکاو ئیمپریالیزم سەرکەوتن و هیوای خواست کە ئەم سەرکەوتنە نەخشەشبی لە کوردان، بەڵام جەماوەری ئامادەبووانی پارتی کردیانە هوتافکێشان و دەنگهەڵبڕین، بۆ ئەوەی وتارەکەی پێببڕن و نەهێڵن تەواویکات... دوای سێ چوار

حەفتە لـەم ڕووداوە، مەفرەزەیـەكی چـەكداری سـەر بـە ناوچـەی كۆیـە، ئێوارەیـەك لەماڵەكـەی خۆیـدا دەچـنە سـەر عـەلی مـەولود. دواتـر لـە ڕێـی نامەیـەك كـە سەركردایەتیی شۆڕش لە گەڵاڵە ناردبووی، عەلی مەولود دەچێتە ئـەوێ، لەوێشـدا یەكسەر دەیگرن و لە بەندیخانەی ڕایاتی دەپەستن. جەلال دەباغ، هۆكاری ئەوگرتنـە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە كە " پارتی لە هاریكـاریی ڕژێـم كشـایەوە و حزبـی شـیوعی عێراقی بە تـەنیا مایـەوە، كێشـەكانی نێـوان هـەردوو حـزب پـەرەی سـاند و چـەند تێكۆشەرێكی وەكو عـەلی مـەولود و دكتـۆر فـارس لـە لایـەن هێزەكـانی پارتییـەوە گیران و ڕەوانەی بەندیخانەی ڕایات كران." هەرچەندە زۆر لە عەلی مەولود دەكەن كە بەرائەتی خۆی لە حزبی شیوعی ڕاگـەیێنێ، بـەڵام ئـەو خۆڕاگرانـە ئـەو داواكارییـە ڕەتدەكاتەوە.

كاتێك دوای ئازادكردنی لە بەندیخانەی ڕایات، عەلی مەولود لە بەغدا چاوی بـە هاوڕێ جەلال دەباغ و هاوڕێ كەریم ئەحمەد دەكەوێت، بەگەرمی پێشوازی لێدەكەن و هەر وەك جاران ئەندامیەتیی لە حزب پلەی خۆی پێدەدرێتەوە.

كەش و هەوای سیاسی كوردستانی باشوور ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر گرژی تێدەكەوێت و پەیوەندی نێوان پارتیی دیموكراتی كوردستان و حزبی شوعی دێ پتر بـەرەو خراپـی بچـێ و لـە سـەروتاری ڕۆژنامـەكانیان، لـەهێرش بردنـە سـەر یەكـدی، تەقسـیریان بەیەكدی نەدەكرد. لە تەمووزی ساڵی(١٩٧٣) بـۆنی دروسـتبوونی بەرەیـەكی نـوێ لەنێوان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی و حزبی شیوعی عێراقی دەهات، ئەوە بوو لە دوای چەند مانگێك پەیماننامەی (بەرەی نیشتمانی و پێشكەتن) لە نێو ئـەو دوو پارتەدا بە ئاشكرا مۆركرا، بۆ جارێكی دیكە شەڕ و كوشـتار لـە نێـوان حكومـەتی

عێراقی و کوردەکان دەستی پێکردەوە، جا چونکە عەلی مەولود لەبەرەی دژە بەرەی نێوان ئەو دوو پارتەبوو و نەك باوەڕی پێنەبوو، بەڵکو هەر زوو بە گەلەکۆمەیەکی خەتەرناکی زانی، جارێکی دیکە لە بەغدا گەڕایەوە ناوچە ئازادکراوەکان، لە چۆمان و گەڵاڵەو حاجی ئۆمەران.

فاروق جارێکی دیکە، بێ باوك و بێ پشت و پشتیوان، لەنێو دۆزەخێکی یەکجار دژوار و ناخۆشدا خۆی دەبینێتەوە. دیسان گوندیان بەجێهێشتەوە و بوونەوە دەربەدەری شاران. سەدان گوندی کوردستان، بە هێرشە ئاگرینەکانی فڕۆکەو تۆپ و تانگ و جاش و عەسکەر سووتێنرانەوە. شەڕی ئەم جارە یەکجار خوێناوی و دڕەندانە بوو، لە (٢٤/ ٤/ ١٩٧٤) بەسەدان قوتابی وگەنج و ژن و منداڵی سڤیلی شاری قەڵادزێ، بە فڕۆکەکانی بەعس خەڵتانی خوێن کران و شەهیدکران و زۆریش زامدار بوون. فاروق، کە بووبووە پۆلی سێیەمی ناوەندی و پلەیەکی بەرزی لە یەکێتیی گشتی قوتابیان هەبوو، وەکو باوکی، باوەڕی بە بەرەی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی نەبوو، بۆیە بۆ خۆدەربازکردن لە گیران و ئەشکەنجەدان و کوشتن، ناچار بوو، پێ لەجەرگی خۆی بنێ و زۆر بە نابەدڵی و پەرۆشی و حەسرەتەوە واز لەخوێندن بێنێ.

پاشنیوەڕۆیەکی پاییزیی، فاروق، لەبەر بەرۆچکەی ماڵەکەی خۆیان، لە گەڕەکی بەفریقەندی، عادز عادز خۆی دابوە بەرخۆر و هەڵتروشکابوو و چیلکە دارێکی بەدەستەوە بوو، وەکو وەلی و دێوانان، چیلکە دارەکەی لە خۆڵی سەربانەکە وەردەداو خەت خەتۆکەی پێدەکرد... خەتخەتۆکەکان کتومت وەکو ڕێگە و نەخشە و ئایندی ژیانی خۆی بوو.... چاوەکانی ناوە ناوە دڵۆپە فرمێسکێکی لێ بەردەبۆوەو دەکەتە

سەر خۆڵەکەی بەردەمی، خەمەکانی ئەو زۆر زۆرتر و گەلێ قورستر بوون لە چاو جاران. ئێستا دایکە بەخت ڕەشەکەی نەك چوار منداڵ، دە منداڵی بەسەردا بەجێماوە. نە پارەوپۆلێکیان هەیە و نە کەسیش شك دەبەن هانایەکی بۆ بەرن. لە نێوان عادر و عاسماندا خۆیان بە هەڵواسراوی دەبینی. ئێستا ئەو تەمەنی (١٩) ساڵە، کوڕی بەختدار و ئاخرخێران بوایە، دەبوایە بچێتە زانکۆ. ئەو هەرچەندی دەیکرد و دەیکراند، قسەکانی ئەو پێشمەرگەیەی لەبیر نەدەچۆوە کە حەوت ساڵ پێش ئێستا لە هەیوانەکەی داربەسەری پێیگوتبوو: بخوێنە، بێ خوێندن سوودی نابێ بۆت...

ئەو ئێوارەیە. فاروق بە بێدەنگی زۆر بۆ خۆی گریا... زۆر سکی بەخۆی دەسووتا... زۆر سکی بە دایکە قەلەندەرو بێ دەرەتان و ماندووەکەی دەسووتا... سووی لە تەمەنی بەبا بردووی خۆی و خوشك و براکانی دەبۆوە...ئەو هەر فرمێسکی گەرمی هەڵدەڕشت و بیری دەکردەوە و نەشیدەزانی چی بکات و ڕوو لە کوێ بکات. کەسیشی شك نەدەبرد تەگبیرێکی بۆ بکات و دەستی بگرێ و ببێتە پشتیوانی... ئەو ئێوارە پاییزییە...فاروق زۆر زۆر گریا.

سەرەڕای نابەرانبەری هێزی کورد و هێزی سوپای عێراق، زەبری زۆر کوشندە بە حکومەتی عێراق کەوت، یەکێتیی سۆڤیەت بە گوێرەی ئەو پەیماننامە سەربازییەی لەگەڵ عێراق مۆری کردبوو، بە نوێترین و کوشندەترین چەك پشتیوانی و کۆمەکی سوپای عێراقی کرد. بۆیەکەمین جار لە دەرەوەی ئاسمانی خۆیان، فڕۆکەی باجەرو مێك (٢٩)یان خستە خزمەت هێزی ئاسمانی عێراقی. تیژڕەووی فڕۆکەی مێکی (٢٩)، دووجاربەرانبەری خێرای دەنگبوو.

(٨) مانگ و (٤) ڕۆژ دوای شـەهیدکردنی قـەڵادزێ. دوو فڕۆکـەی مێـك (٢٩) هێرشێکی لەناکاویان کـردە سـەر پردەکـەی گەڵاڵـە[١] و پۆلێـك پێشـمەرگەو عـەلی مەولود شەهید بوون.

هەواڵی شەهید بوونی عەلی مەولود، وەك بروسکە زوو بـە هـەموو کوردسـتان و عێراق بڵاوبۆوە. لە سێیەمین ڕۆژی شەهیدبوونیدا، فاروق و وەسمانی مـامی خۆیـان گەیاندە، دەڤەری چۆمان و لەوێ چاویان بە مەسعود بارزانی کـەوت، بـە پەرۆشـەوە دوای بەخێرهاتن کردنیان، گوتی:

ــ باوکم لەبەر پڕ ئیشی و سەرقاڵی، دەرفـەتی ئـەوەی نـەبووە، سـەردانتان بکـات و ئێوە ببینێ، من وا لـە جیـاتی بـاوکم دەتـانبینم. پرسـەو سەرەخۆشـیتان لێدەکـەم و هەردەم لە خزمەتی ئەو بنەماڵە مەزن و شکۆدارەداین.

فاروق بە دەنگێکی غەریبانەی پڕ لـە حـوزن و خۆشەویسـتییەوە بـە کـاك مەسـعود بارزانی دەڵێ:

ـ سوپاسی دڵسۆزیتان دەکەین، بەڵام ئێمە حەز دەکەین جەنازەی باوکمان ببینەوە داربەسەر، زێدی خۆی.

کاك مەسعود، تاوێ ڕادەمینێ و پاشان پێیان دەڵێ:

ـ باوکم، مەلا مسـتەفا، وتویـەتی، ئەگـەر منـیش شـەهید بـووم لـەم گۆڕسـتانە بمنێژن، من وای بەباش دەزانم کە هەر لێرە بمێنێتەوە. لەبەر ڕەوشی خراپـی ئـەمنی

---

[١]- لە زۆر نووسین ئاماژە بەوەکراوە, کە (عەلی مەولود) لەسەر پردی: چۆمان, یان حاجی ئۆمەرا, یان ناوپردان, شەهید کراوە, هەموو ئەوانە هەڵەن، چونکە ئەو لە پردی گەڵاڵە شەهید کراوە.

دەڤەری کۆیەش، حەز دەکەم ئێوەش هەر لێرە بمێننەوە، بۆ خۆتان و خزم و کەس وکارانیشتان باشترە.

فاروق و وەسمانی مامی، نەیانەویست قسەیەك بکەن، ڕیز لە پێشنیازەکەی ئەو نەگرن.

بە دڵێکی پڕ لە خەم و کەسەر و نائومێدی، فاروق و هاوەڵەکانی ماوەیەك لە دەڤەری باڵەکایەتی مانەوە و فاروق زوو زوو سەردانی گۆڕی باوکی دەکرد، قسەی لەگەڵ دەکردو دەردەدڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت. پاش نیوەڕۆیەك. دوای گریانێکی بێدەنگ، لە لای کێلی سەری باوکی شەهیدی دانیشت و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

ــ بابە تۆ هەر پێشمەرگەیەکی چەکبەشانی فیداکار نەبووی... تۆ ڕاوێژکار و نەخشەدارێژەری کوردان بووی.. بەڵام نە حزبەکەت و نە کوردەکان ئامادە نەبوون گوێت لێراگرن.... بابە، چەندە بیرتیژ بووی، زوو گوتت، ئەو بەرەیە ناپەسندە نەفرەت لێکراوەی نێوان حزبی شوعی و حزبی بەعس، پلان و گەلەکۆمەیە... چەند ژیرانە ویستت بە گۆپاڵەکەت ڕێی ڕاست و دروست نیشانی هاوڕێیەکانت بدەی، بەڵام قەدریان نەزانی... بابە گیان، تۆ چوویت لە یەکێتیی سۆڤیەت بەرنامەو پرۆگرامی مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی فێر بیت و بۆ کوردستانی بێنیتەوە، کەچی ئەوان مێکی (٢٩) یان کردە دیاری بۆدوژمنەکانی کوردو وا تۆیان پێ شەهید کرد...چۆن دەنگم بگەیێنمە جەنەراڵ بریجنێڤ و پێی بڵێم، ئەوە فرۆکەکانی ئێوەیە، باوکم و هاوەڵەکانی ڕۆژانە شەهید دەکەن! ئەوەبوو پەیمان و بەڵێنتان بۆ باوکم و بۆ حزبەکەی و نەتەوەکەمان؟

فاروق هەستی دەکرد، کە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی بۆ بارودۆخ و ڕووداوەکانی ناوچەکە، ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێ، نەك هەر لە هزر و بۆچوونەکانی سەرکردەکانی کورد تێبگات، بەڵکو دەهات لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی و لە ڕۆڵی بەرژەوەندی تەسکی تاك و حزب و وڵاتەکان تێبگات و ئاسۆی ئەقڵی سیاسی زۆر کراوەو والا بێ.

بەرەبەیانییەکی زوو، گوتەی پێشمەرگەکەی بەرهەیوانێی داربەسەری، دیسان وەك بروسکە مێشکی سمی و لە گوێیدا زرینگایەوە:

ـ " بخوێنە، بێ خوێندن سوودی نابێت بۆت...بخوێنە، بێ خوێندن تۆ یەکسانی بەسفر، نەخوێنیت ببیتە هەرچی شتێك تۆ هەر هیچی"... .

هەر ئەو ڕۆژە، فاروق خۆی گەیاندە بارەگای کاك مەسعود و قسەی دڵی خۆی بۆ کردو وتی:

ـ کاك مەسعود، خۆتان لە نزیکەوە ئاگاداری وەزع وئەحواڵی ئێمەن. وا باوکم شەهید بوو. خۆم و دایك و هەموو خوشك و براکانم، بووینە قوربانی شۆڕش و ئایندەمان نادیارە، بەڕاستی من زۆر زۆرم حەز لە خوێندنەو دەمەوێ بەردەوام بم و بچمەوە قوتابخانە.

بە فەرمانێکی بەپەلەی مەسعود بارزانی، فاروق و سەباحی برای و فەتاحی مام ڕەحمانی داربەسەریی و خدری مەولودی مامی و مستەفای کوڕی پوری فاروق، یەکسەر دەنێردرێنە شاری مهاباد، جێگە و ڕێگەیەکی گونجاویان بۆ دەستەبەر دەکرێت خانوویان بۆدابین دەکرێ، خاوەنی خانووەکە ناوی ((مەحمود وەیس) بوو زۆر کورد پەروەربوو، چونکە لەسەردەمی کۆماری مهاباد پێشمەرگەبووە. لە قوتابخانەی

ناوەندی (نالی) قەید دەکرێن و جارێکی دیکە دەبنەوە قوتابی و هەموو خەرجی و مەسرەفیشیان بۆ دابیندەکرێت. مامۆستاکانی ئەو قوتابخانە، هەر مامۆستا ئاوارەکانی خۆمان بوون، کە ئاودیوی ئێران ببوون و قوتابخانەکانی شۆڕشیان بەڕێوەدەبرد، ئەو قوتابخانانەی بۆ کوڕ و کچەکانی خێزانە ئاوارەکان کرابوونەوە و هەمان کتێب و پڕۆگرامی سیستەمی پەروەردەی کوردستانی خۆمانیان دەخوێند.

فاروق لە یەکەم گەشتیدا بەناو شاری مهاباد، لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەچێتە گۆڕەپانی چوارچرا، لەوێ بە چاوی خەیاڵ، وەك لە کتێبەکانی مێژوودا خوێندبویەوە، ئەو دیمەنە سامناك و ستەمکارەی ڕەزاشای پەهلەوی و پیاوەکانی هاتەوە پێش چاو، کە چۆن پێشەوا قازی و هاوەڵەکانی ئەویان، لەوێدا لە قەنارەدان. پاش نیوەڕۆیەکەشی سەردانی گڵکۆی ئەو دەستە شەهیدەی کرد، کە دەبوایە هەر لە دوورەوە تەماشایان بکات و قەدەغەبوو لێیاننزیکبێتەوە. ئەو کە تەماشای گۆڕەکانی دەکرد، وای دەهاتە بەرچاو، کە باوکیشی وا لە تەنیشت ئەوان ڕاکشاوە.بەبێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ هیچ هەڵوەستەیەك بکات، ڕووی لە برادەرەکانی کردوو وتی:

ـ شەهیدی کورد، هەر شەهیدە، چ ڕەزا شای پەهلەوی لە سێدارەیان بداو چ ئەحمەد حەسەن بەکر بۆمبارانیان بکات و چ ئەتاتورك گوللەبارانیان بکات، ئەوان هەموویان لە پێناو یەك خاك و یەك زمان و یەك مێژوو و یەك ئامانج گیانی خۆیان فیدا دەکەن. ئێوە لە مەقسەدم تێدەگەن؟ دوژمنی کورد هەر دوژمنی کوردە، جا هەر بەرگ و ڕەنگ و ڕوخسارێك بپۆشێ!

هەر سێ ڕۆژ دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنە شوومەکەی نێوان محەمەد ڕەزای پەهلەوی و سەددام حوسێن، لە جەزائیر، قوتابخانەکەمان دەرگای بۆ یەکجاری داخراو، گەورەترین خەنجەری غەدرو خیانەت لە پشترا لە کورد درا، شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا. هاوڕێ و براو خزمەکان، وەکو هەموو کوردە ئاوارەکانی دیکە بوونە ئاردی ناو دڕکان و هەر یەکەی کەوتە شوێنێك. من بڕیارم دا نەگەڕێمەوە، لە خولێکی فێربوونی زمانی فارسی بەشدار بووم و بە (٤٥) ڕۆژان فێرە ئاخاوتن و خوێندنەوەو نووسینی فارسی بووم.

بەیانییەك، هۆشمەند ناوێك هەموو ئەو کوردە ئاوارانەی لە مهاباد مابوونەوە، کۆکردنەوەو هەڕەشەی لێکردن، کە دەبێ کوردی عێراقی خاکی ئێران بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، دەستی کرد بە ناونووسنیان، پێش ئەوەی ناوی فاروق بنووسێ، فاروق وەك هەورە تریشقە بەڕوویدا هەڵگەڕایەوەو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

ـ ئێوە، خیانەتان لەگەڵ ئێمە کرد... ئێوە بە خەنجەری ژهەراوی لە پشتەوە لە ئێمەتاندا... ئێوە کورد و کوردستان بەخاتری نەوت و ئاوی شەتولعەرەب فرۆشت. دەچینەوە، نامانەوێ لەسەر خاکی نامەرد و خۆفرۆشان بژین... نامانەوێ یەخسیر و دیلی فارس و عەجەم بین... دەچینەوە... دەچینەوە.

شەڕی ئەو جارەی حکومەت و کورد، سەخترین و خوێناویترین شەڕ بوو، تەنیا لە چوار مانگی یەکەمیدا، ڕژێمی بەغدا نزیکەی (١٥٤٢) شار وگوندی کوردستانی بۆمبابارانکرد و (٤٣٣) شار وگوندی خاپۆر کرد و پتر لە(٥٠٠) سەربازی لێکوژرا،

بۆیە بەرگەی ئەو شەڕەی نەگرت و ساڵ نەسووڕایەوە تەسلیمی ڕەزاشای پەهلەوی بوو.

## (٥)

## (له کۆڵێته ڕەشی دەغارەوە بۆ گرتوخانه شوومەکەی ئەبوغرێب)

ببووه دێوانەیەکی سەرلێشێواوی بێ جێگە و ڕێگا، دێوانەش نەبوو. ببووه شێتێکی نەرم و حەلیمی سەر شۆستە و کەناری شەقام وکوچەوکۆلانان، شێتیش نەبوو. ببووه پیرەمێردێکی نەوەد ساڵەی خەڵەفاو، نەهیچی لەبیرمابوو، نەدەیزانی چی دەڵێ، پیرەمێردی خەڵەفاویش نەبوو. یەکەم هەواڵی شەهیدبوونی باوکی، لە ناخی ئەودا هەر وەك ئەوە بوو تەورێکی قورسی زۆر تیژ بە کەلـلەیسەریدا بکێشن و لەهۆش خۆی بچێ و لێ گیان نەدا. بەڵام یەکەم هەواڵی هەرەسهێنان، هەرسهێنانی دڵ و دەروون و ڕۆح بوو، یەکەم هەواڵی هەرەسهێنان لەچاو یەکەم هەواڵی شەهیدبوونی باوکی، ئاسمان و ڕێسمان بوو! هەرەسهێنان، ئەو گەنجە بیست بەهارییەی کردە بنجەگوڵێکی سیس و ژاکاو و زەردهەڵگەڕاو، بۆ پتر لە (١٥٠) شەو و ڕۆژ، دوای یەکەم هەواڵی هەرەسهێنان، ئەو کوڕە هەر سێبەرێك بوو بەسەر زەوییەوە، هەر جوڵەیەك بوو لە نێو پێلاوەکانی خۆیدا. هەمیشە خەمناك، هەمیشە عادز و مەلوول، کام جێگە چۆل بوایە، کام شوێن کپ و بێ دەنگ بوایە دەچوو لەوێ هەڵدەتروشکا و تەماشای ئاسمانی دەکرد و بێدەنگی دەیخنکاند. خەیاڵی قوڵ قوڵ ڕایدەکێشا بۆ بنی دونیا و نەیدەزانی لەکوێوە بۆ کوێ دەچێ. سەری نینۆکەکانی خوێنیان تێزابوو، ئەوەندەی ددانیان لێگیرکات، سەروسیمای لە پیاوێکی ژن مردووی

حەفتا ساڵە دەچوو، کە دەربەدەر و پەرتەوازەی شاران بێ. ئەو لە هیچ ماڵێك ئۆقرەی نەدەگرت، لە هیچ گوند و شارێك ئارام و سرەوتنی نەبوو، خەو دەمێك بوو لە چاوەکانی تۆرابوو. سەحەران، بە پێخواستی دەهاتە سەری کۆڵان و ئێواران پشتی بە دیواری مزگەوتێك دەداو، هەر بیری دەکردەوەو ناوە ناوە

لەگەڵ خۆی دەیگوت:

- پەکوو... ئەو درۆ گەورەیە چی بوو کردیان... هەرەسهێنان... هەرەسهێنان...هەرەسهێنان... ئەی بابە لەو درۆیەگەورەیە... ئاخر چۆن (١٥٠) هەزار پێشمەرگەی گیانفیدا، بە شەوێك هەرەسدێنێ... چۆن... چۆن (١٥٠) هەزار تفەنگ، بە دەنگێ بێدەنگ دەبێ...؟ چۆن...چۆن... (١٥٠) هەزار ئومێد و مراز، بە ساتێك دادەڕوخێن...؟ ئاخر شۆڕش، قەڵای شێروانە نەبوو، وا هاسان بڕوخێ... کەپکەکانی کۆسار نەبوو، بە لێزمە بارانێك، داتەپێ... بەفرەکەی کوێستانان نەبوو، بە زریانێك ڕنۆ بکاو بۆ دامێنی شاخ ڕاکشێ.

پێنج مانگی ڕەبەق، فاروقی تەنیا، هەم پاڵەوان و هەم سیناریۆنووس و هەم دەرهێنەری فلیمێکی ناوازە بوو. فلیمێك، (٥) ملیۆن کاراکتەر تێیدابەشداربوون، گرێچنی ئەو فلیمە، سەربڕینی نەتەوەیەك بوو، سووتاندنی وڵاتێك بوو.

دەیبینی، کە جندرمەکان بەلایدا تێدەپەڕن، پێی پێدەکەنن... کە پیرێژن و پیرەمێردەکانی مهاباد و نەغەدە و کرماشان و سنە بەلایدا تێدەپەڕین، دەیانگوت، کەس بووە مریشك و کەڵەشێری خۆی بە ڕێوی و کەمتیاران بسپێرێ! کە تەماشای تەیروتواری ناو درەخت و سەر دارتەل و دیوارانی دەکرد، وای دەزانی، ئەوان هەمووی لەخەمناکی ئەودا وا بە جۆش و خرۆش دەچریکێنن و دەگرین.

فاروق، وەکو هەزاران گەنج و ژن و پیاوی ئاوارەی ئەو شارانە، وێڵ بوو، مەست و سەرخۆش بوو، هەرچەندی دەیکرد و دەیکراند، نەیدەتوانی، قەناعەت بەخۆی بێنی، کە شۆڕش هەرەسی هێناوە.

پێیان دەگوت: تۆ گەنجی، بڕۆ...لەم وڵاتە بڕۆ...بۆخۆت...بڕۆ وڵاتانی ئەوروپا.... پێیان دەگوت... تۆ گەنجی.. بڕۆ تارانێ... بڕۆ تەورێزێ سنعەتێ فێربە و خۆت بژیێنە... پێیان دەگوت... تۆ گەنجێکی قۆزی، بڕۆ کچەفارسێك بگرە و لە حەسارێك ستاربن و خۆتان مات کەن.

پێنج مانگی ڕەبەق ئەوە حاڵی فاروقی پەناهەندەی باوك شەهید بوو، دەمەو ئێوارەیەك چووە بەردەم نانەواییێك و داوای دوو نانی لێکرد، نانەوا لێی پرسی، تۆ کوردی عێراقی، ئەویش، نێرانە، دەنەڕێنێ و دەڵێ: بەڵێ، من کوردم و کوردی عێراقیم، نانەواکەش پێیدەڵێ: خایشدەکەم... ببەخشە.. نان نییە... شارەداری فرمانی پێکردووین...نان نەفرۆشینە کوردانی عێراقی.

ئەو شەوە تا بەیانی، خەو نەچووە چاوانی فاروقی برسی. هاتە ناوەندی حەوشەی ماڵەکە و بەرانبەر مانگ چوارمەشقی دانیشت و خەمبارانە تەماشای تریفەی زیوینی دەکرد و ڕاستەوخۆ دایکی وەبیرهاتەوە و لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ فاروق، ئێستا دایکە قەلەندەرە بێکەسەکەت، دەبێ خەمی چەندان هەڵگرێ: خەمی مێردە شەهیدەکەی؟ خەمی کوڕە کەڕوڵاڵەکەی؟ خەمی کچە عازەبەکانی؟ خەمی کوڕە دەربەدەرەکانی؟ خەمی نانی؟ خەمی گوندی؟ خەمی خۆی؟ ئای دایە گیان.. دەبێ حەزرەتی یوسف، حاڵی ئێستاکە بە حاڵی تۆ بێ؟ نا دایە.. من دێمەوە... دێمەوە باوەشی تۆ... دێمەوە کەوشەکانت ماچ دەکەم... دێمەوە

خەمەکانت لەگەڵ بەش دەکەم... دێمەوە، گەر کوشتیشیانم، ئەوا ڕۆحەکەم دەگەڕێتەوە باوەشی باوکم.. جا لەو ڕۆژە خۆشتر هەیە.

سەرەتای مانگی ئاب بوو، بەیانییەکەی زوو بە پێیان بەرو گەراجی کرمانشان بەڕێکەوت، تا لەوێوە سەفەری گەڕانەوەی دەستپێبکات بەرەو قەسری شیرین. لە ڕێگا بەبەردەم کتێبخانەیەکدا تێپەڕی و یەکسەر گوتەی پێشمەرگەکەی هەیوانی داربەسەری بە بیرهاتەوە، فاروق، بە دەنگێك کە بەزەحمەت لە گەرووی دەردەچوو و سیخناخ بوو بە نەبرەی حوزن و حەسرەت، لەبەرخۆیەوە، هەروەك بەرانبەر پێشمەرگەکە ڕاوەستابێ و قسەی بۆ بکات، بە هێواشی دەیگوت:

ـ چەندە، بولبول حەزی لە خوێندنە، چەندە بەهار حەزی لە نێرگز و وەنەوشەیە، چەندە ساوا حەزی لە باوەشی دایکیەتی، مـن دە هێندە حەزم لە خوێندنە... بەڵام..توخوا کاکی پێشمەرگە... لۆمەم مەکەو سەرکۆنەم مەکە... خەتای من چییە؟ قوتابخانەکەم دەسووتێنن؟ گوناحی من چییە گوندەکەمان وێران دەکەن؟ تاوانی باوکم چییە، جگە لەوەی کە ئازادی دەوێ و ئاشتیخوازە، دەیکوژن؟ سەیرمکە... من چیم کردووە، من غەردم لەکێ کردوە؟ وا دەربەدەری شار و وڵاتان بم.... من چیبکەم، ئەگەر قەدەر لێنەگەڕێ.. ئەگەر بەخت یاوەر نەبێ...ئەگەر چارەنووس و ئایندەی کوردان هەر ڕەش بێ. حەزم دەکرد. بخوێنم و بە قەڵەمەکەم خزمەتی ئەم خاك و نەتەوەیە بکەم، بەڵام خەتای من چییە؟

لە گەراجەکەدا، دەبووایە چاوەڕوان بکات تا نەفەری تەواو بۆ ئۆتۆبووسەکە ئامادە دەبێ، بەدەم چاخواردنەوە لە کوشکێکی سەر عەرەبانە، گوێی بۆ ماملی

شلکردبوو و تەواو لە جیهانێکی دووردا نوغرۆ ببوو و مـاملێش بـە دەنـگ و سـەدا خۆشەکەی دەیچریکاند:

ئەمن دەمگوت لە دنیا تابمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم، گولم، موو ناپسێنم.

وەنەبێ، ئەوە یەکەمین جار و دوایین جار بێ فاروق  بە بیستن و بینین و بۆنکردنی هێندێ دەنگ و ڕەنگ و بۆن، تەواو تێکبچێ و خۆی لەبیربچێتەوە، ئەو ساڵێك دەبێ وایە، بەڵام بەسەرخۆی ناهێنێ و هەر حەز دەکات ئەو نهێنی و سرڕە لە نێو سینگی خۆیدا حەشاردا و کەس پێنەزانێ. ئـەو متمانـەی بـەخۆی هـەبوو ئـەو بەڵێنـەی بـە کیژۆڵە چاو ڕەشەکەی کۆیی دابوو، بیهێنێتەسەر و لەو قەناعەتەشدا نەبوو ڕۆژێ ئەو دولبەرە نازدارەش لە وەعد و پەیمانی خۆی پەشیمان ببێتەوە. خۆشەویستیی فاروق و مەلـەك، ئەگەرچـی زۆر لەمێـژ نـەبوو، بـەڵام پـەیمانی شـیرین و فـەرهاد و لاس و غەزاڵیان بەیەکتری دابوو. فاروق لە خەیاڵدا، ئەو دیمەنـەی بینیبـوو کـە ئـەو ڕۆژەی دەگەڕێتەوە کوردستان تا نەگاتەوە کۆیـە ڕانەوەسـتێ و بـۆ هـیچ لایـەك لانـەدا، لـە کۆیەش، یەکسەر سەر بەو ماڵەدا بگرێ کـە ئاشـنایەتیان لەگـەڵیان هەیـە و مـاڵی دولبەرەکەیەتی. لەگەڵ  کۆتایی گۆرانییەکە، فاروقیـان گـازکرد کـە بێـت و سـواری ماشـینەکە بێـت. مـاملێ گۆرانییەکـەی تـەواو کـرد، بـەڵام حیکایـەتی عیشـقی گڕگرتووی دڵی فاروق کۆتایی نەهات، بەو خەیاڵەوە چوو سواری ماشێنەکە بوو.

هەر لە قەسری شیرین کە سواری ئۆتۆمبیل بوو بەرەو خوسرەوی کەوتە ڕێ، تا سەر سنوور، دەیان خەیاڵ و بیرۆکە و پێشبینی و لێکدانەوەی سەیر و سەمەرەی بە مێشکیدا دەهات و وەکو تۆپەڵە داوێکی زۆر ئاڵۆز و پاڵۆز هیچ گرێیەکی بۆ نەدەکرایەوە، گرێیەکان هەموویان گرێکوێرە و ئاڵۆزاویی بوون.

لە یەکەم بازگەی سەربازیی سەر سنووری خوسرەویی، سەرباز و پیاوانی ئەمنی عێراقی، پیاوەکانیان لە ژن و منداڵەکان جیاکردەوە و دەیان بردن بۆ دوو ژووری بەبلۆکی سەر بەجەمەلۆن. پاشان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد لەگەڵ هەر یەکێك لەوئاوارە گەڕاوانە. پرسیارێك و دوو پرسیار و سێ پرسیار نەبوو، چەندان فۆڕمیان پێپڕکردنەوە و بە کامێرا وێنەیان گرتن، تا چوارپشتانیان لێدەپرسین. دوای نزیکەی دوو سەعات، بە دوو ئۆتۆمبیلی جۆری نیڕن، ژن و منداڵەکان بە جیاو، پیاوەکان بەجیا بەڕێکەوتن، لە نێو هەر ئۆتۆمبیلێك دوو سەربازی چەك بەدەستیان لەگەڵدا بوو.

فاروق، بە تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلەکەیان بەناو شاری خانەقین، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئەوە یەکەمین شاری کوردستانی باشوور بوو، چاوەکانی گەشبکەنەوە، هەستی بە خۆشییەکی زۆر غەریب کرد، کە نەیدەزانی وەسفی بکات، بەڵام کە دوای بڕینی ماوەیەك، ئۆتۆمبیلەکەیان، بەرەو جەلەولا بایانندەداوە، دڵی، نەختێ مشەوەش بوو، دواتر دڵی خۆی بەوە دایەوە، کە ڕەنگ بێ لە شارەبانەوە، یان لە بەعقوبەوە، بەرەو کوردستان ڕێبکەن.کە لە بەعقوبەش تێپەڕین و تابلۆی سەر ڕێگای خوێندەوە بە گەورەیی نووسرا بوو: بغداد ٦٨ کم، هەردوو دەستی خستە سەر پشتی کوشینەکەی پێش دەمی و سەری خۆی خستە سەر دەستی، هەستی بەوە

دەکرد دێ لەهۆشخۆی بچێ... یان بڕشێتەوە....یان تووشی سەرەسووڕەبێ. بە هێمنی لەبەرەخۆیەوە، گوتی:

ـ مەگەر خوا، دایە ناتبینمەوە، بەڵام باوەڕیشم بە خۆڕاگریی خۆم هەیە.

لە بەردەم چێشتخانەیەکی شەعبی، لە دەروازەی بەغدا بۆ نانخواردن دابەزین. فاروق، ویستی ورەی خۆی بەرزبکاتەوە و وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ ئایندەیەکی پێشبینی نەکراو، بڕیاریدا نانێکی باش باش بخوات، دواتر، بە دزییەوە خۆی گەیاندە شۆفێرەکە و دوای گفتوگۆیەکی سەرپێیی، لێی حاڵی بوو کە دوایین کاروانسەرای ئەم سەفەرەیان شاری دیوانییەیە.

دوای بڕینی (١٥٦)کم، کە دەگەنە شاری دیوانییە ڕادەستی دائیرەی ئەمنیان دەکەن و لەوێشڕا، دیسان لەگەڵیان دەکەونە تەحقیق و تەحقیقکاری. دوای دەمەو عەسرێکی درەنگ فاروق و چەند ئاوارەیەکی دیکە لە پشتی پیکابێکدا دەپەستن، بە پاسەوانی دوو پیاوی ئەمن، بۆ مەسافەی (١٥)کم دەگەڕێنەوە ئەو ڕێیەی پێیداهاتبوون، لە ناحیەیی دەغارە ڕادەستی دائیرەی ئەمنیان دەکەن.

شارەدێیەکی تەپوتۆزاوی، ڕەنگی مەرگ لێنیشتووی پیس و پۆخڵ، تەماشای هەر لایەکیت دەکرد ئاژەڵ و مەڕو ماڵات و گامێشی لەڕولاواز و سەگی بەڕەڵا بوو، دارخورماکانی کە یەك و دوو هێشووی خورمایان پێوە شۆڕببوەوە، خوار و خێچ و دەردەدار دەهاتنە بەرچاو. ئەوەی کە لە هەموو گۆشەیەکی ئەو شارەدێیە، لە چاوەکانت دەچەقی، ئەو کەپر و ساباتانەبوو کە بە حەسیری خورما و قامیش سەریان گیرابوو و وەکو چیغیش بەدەوریاندا شەتەکدرابوون، کە باشتر لە دەوروبەرەکەی ڕوانی و بە جلك و بەرگ و پۆشاکەکانیان، زانی کە ئەو کەپر و ساباتانە هی ئەو

کوردە ئاوارانەن کە بۆ ئەو ناوچەیە نەفی کراون. دوای سێ شەوان، لە دەغارەوە فاروق دەگەڕێننەوە بۆ دیوانییە، لەوێشڕا دەیبەنە دائیرەی ئەمنی عامەی ئەو پاریزگایە. فاروق بۆ هەموو پرسیار و لێکۆڵینەوەکان هەر یەك قسەی دەبێ و ئیفادەکانی ناگۆڕێ. چونکە پیاوانی ئەو دائیرەیە، هەرچەندی دەکەن ناتوانن هیچ زانیارییەکی گرنگ لە فاروق هەڵکرێنن، ڕاستەوخۆ، ڕادەستی دائیرەی ئەمنی عامەی بەغدای دەکەن.

فاروق، تێگەیشتبوو کە نیازی پیاوانی داغ لەدڵی ڕژێم خراپە، بەڵام چونکە هەموو شەوێ، باوکی بەسواری ئەسپە شێیەکەی دەهاتە بەردەم دەرگایەکەی و قسەی لەگەڵ دەکرد، ئەو ورەی زۆر زۆر بەرزبوو. بە خۆی دەگوت:

ــ باشە بۆچی باوکم ژیانی لە خۆی تاڵکرد و دایکم و ئێمەی وا تووشی دەردەسەری کرد؟ بۆچی هەر بەندیخانە و زیندان و تەعزیبی کردە هاوەڵی خۆی؟ بۆچی خۆی بەکوشتدا؟ بۆ ئەوە نەبوو ئایندەیەکی ئازاد و خۆشی پڕ لە سەرفیرازی بۆ نەتەوەکەی و بۆ ئێمە دەستەبەر بکات؟ باشە... باوکم خۆی کردە فیدای بیر و باوەڕە پیرۆزەکەی، بەڵام ئامانجەکانی هاتنە دی؟ نەخێر نە هاتە دی... کە ئەو شەهید بوو، کلاشینکۆفەکەی هەر لە شان بوو، کەواتە، ئەوە ئەرکی سەر شانی منە، درێژە بە ڕێبازی باوکم بدەم و نەهێڵم کلاشینکۆفەکەی بکەوێتە سەر زەوی و دەستبەرداری بم، تا خەونەکانی نەهێنمە دی.... با بمکوژن، قابیلە ڕۆحی من لە ڕۆحی باوکم و ئەو هەموو شەهیدە زیادترە؟ بە نرخترە؟ من لەوەتەی لێرە چاوم بەو ژن و منداڵە ئاوارانە کەوتووە، ئاگرم تێبەربووە، وەختە بەگژ داروبەردداا بچمەوە....

نا... من خۆم نادەم بەدەستەوە...من کوڕی پیاوێکم پێیدەڵێن: عەلی مەولود.

ئێوارەکەی خەیاڵێکی خەست فاروقی پڕ کردبوو لە سۆزی ڕابردوو و منالّی خۆی دەهاتەوە بیر کاتێ دایکی دەیوت: ڕۆڵە ئاوم بۆبێنە، زۆرم تینووە ئەوکاتە سەهۆڵ نەبوو، ئەوکات کوپە و کوندە هەبوو کە ئاویان تێدەکرا. ئاومان بۆدەهێنا دوای ماوەیەك کە دەحەسایەوە، قرشە گەنمەکەی دەهێناو دەیکوتا و دواتر لە دەستاڕی دەدا و چەند نانێکی بۆدروست دەکردین و لە برسیەتی ڕزگاری دەکردین. زۆر جاریش موو و خوری بۆخەڵك دەڕست بۆئەوەی کەمێك پارە پەیدا بکات و چا و شەکرمان بۆبکڕێ. جانازانم چۆن پاداشتی ئەو دایکە جگەر سۆزەم بدەمەوە. برا گەورەکەم سەرپەرشتی دەکردین توندوتیژ بوو لەگەڵمان و لێی دەداین، چونکە کەڕ و لاڵ بوو نەیدەتوانی نسحەتمان بکات. لەنێو ئەو خەیاڵە تاڵ و چڕانە دەبێ بانگی دەکەن، دەیبەنە ژوورێك، هەر ئەو شەوە، ئەفسەرێکی پلەداری ئەمن، کە ناوی ئەحمەد دەبێ، تەحقیق لەگەڵ فاروق دەستپێدەکاتەوە و دەڵێ:

- ئێمە زانیاریی تەواومان لەسەر تۆ و بنەماڵەکەت هەیە، جەنابت بە فەرمانی مەسعوود بارزانی گەڕایتەوە، گوایە پەشیمانی و هاتۆیتەوە ڕیزی نیشتمان! تۆ کەسێکی نزیك بووی لە مەسعوود. چی لێداواکردووی بۆی جێبەجێ بکەی؟ چت لەبن سەرییە؟ باشە مەسعوود باوکی تۆی کوشتووە، تۆ چۆن چوویت خزمەتی ئەو پیاوکوژە بکەی؟

فاروق، بە تەحەدداوە، بە زمانی عەرەبی وەلامی دەداتەوە، کە ئەو هەر خەریکی خوێندن بووە و هیچ حەقی نە بە سیاسەت، نە بە پێشمەرگایەتییەوە نەبووە.

دوای چەند و چوونێکی زۆر، کە هیچیان پێنەکرا، فرمانیاندا کە دەبێ، فاروق لە ژێر چاودێری بێت و لە شارەدێی دەغارە ژیانی ڕۆژانەی بەسەر ببات، بەومەرجەی

ڕۆژێ دوو جار، بەیانی و ئێوارە، بچێتە دائـرەی ئـەمنی دیوانییـە، بـۆ ئـەوەی لـە دەفتەری مەوجودات، بە واژۆ ئیسپات وجوودی خۆی بکات. ئەوەی کـە دەیویسـت سەری فاروق بەفەتارە ببات (عەزیز تەمر)بوو،کـە پێشـتر لـە حزبـی شـیوعی بـووە، عـەلی مـەولوودی دەناسـی و وتبـووی: بـەڵێ فـاروق بەدەسـتی مەسعود بـەرزانی گەڕایتــەوە بۆئــەوەی لــەدژی ڕژێمــی عێــراق کاربکــات. هەرچــەندە بــە لێــدان و هەڕەشەکردن. ویستیان فاروق بهێننە قسە بەڵام سوودی نەبوو.

دوو مانگی ڕێك، ئەو سەفاومەڕوایەیان بـەو کـوڕە کـرد و هەمیشـە وەك سێبەر پیاوێکی ئەمنی بەدواوە بوو، سەردەمێك، مونعیم ناوێك، کە نائب عەریف بـوو. دوایی چاودێرەکەی ئەمنێك بـوو بـە نـاوی کامیـل، کـوردێکی خـەڵکی بەعقوبـەش ماوەیەك ڕەقیبی بوو. دوای ئەو دوو مانگە، واژۆی ئیسپات وجـوودی ڕۆژانـەی بـۆ کرایە یەك جار، دەبوایە هەموو بەیانیان، بچێ لە دەفتەرەکەیدا واژۆی خۆی بکات. دوای یانزدە مانگ بەسەر بردن لە نێوان دەغـارە و دیوانییـە، ڕۆژێـك لـە دائیرەی ئەمن نووسراوێکیان پێدا، کە گوایە لەبەر ئەستۆپاکی مەلەفەکەی و ئیلتزامـی بـەو مەرجانەی بۆی دیاریکرابوو، ئەو ئازادە، دەتوانێ بگەڕێتەوە کۆیە. بێگومـان ئەمـە هەواڵێکی خۆش بوو، فاروق ڕاستەوخۆ قبـوڵی دەکـات، ئـەوانیش نووسـراوێکی بـۆ دەکەن، تا لە ڕێی دائیرەی ئەمنی کۆیەوە، بچیتەوە ماڵی خۆی.

لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ زێدەکـەی، فـاروق مێشـکی خـۆی هـەر بـەوەوە سـەرقاڵ کردبوو، هەر کە گەیشتەوە، ئەگەر بچێتە بەر دەرگای مـاڵی مەلـەکێ و دایـە فـاتم لێی بپرسێ کەی گەیشتوویتەوە؟ چۆن درۆی لەگەڵ بکات. ئـەدی ئەگـەر ڕاسـتەوخۆ بچیتەوە لای دایکی و مەلەك لێی بپرسێ لە کەیەوە گەیشتوویتەوە، چۆن ڕاستی لێ

بشارێتەوە! لێ هەر گەیشتووە کۆیە، پێشەوای برای، لەبەردمی قوتدەبێتەوە و دەست لە ملی یەکتری دەکەن و یەکتر ماچ دەکەن و فاروق دەڵێ:

ـ پێشە، ئەو ڕۆژەی باوکم لە بەندیخانە ئازادکرا و هاتەوە گوندی، پێیان گوت، ئەوەش پێشەوایە، ئەو گوتی: پێشەوا کێیە؟! ئاخر تۆ تەمەنت چوار ساڵان بوو کە باوکم بەربوو، منیش هێندەی نەما بوو، وەکو باوکم نەتناسەوە، ماشاڵا گەورە بوویت و قۆز بوویت و گۆڕاوی.

لەڕاستیدا، دایك و خۆشك و براکانی، فاروق زانیارییان هەبوو، کە ئەو بۆ خوارووی عێراق نەفی کراوە و لە ژێر چاودێرییە. (فاروق)یش ئاگاداری کردبوونەوە، کە نەکەن بێن و سەردانی بکەن، نەکو ئەوانیش بگێڕنەوە و ئاوارەی ئەو سەحراو بیابانانەیان بکەن.

دوای شادبوونەوەی دایك و هەموو خوشك و براو خزم و دۆستەکان بە گەیشتنەوەی، سفرە و خوان ڕازاندنەوە، زوو فاروق خۆیان لێوندەکات و خۆی دەگەیێنیتە ماڵی مەلەکی خۆشەویستی، بەڵام توشی نائومێدی و نیگەرانییەکی ناخۆش دەبێ، کە زانی ئەو شویکردووە!؟ فاروق هەوڵیدا پەشۆکاوی خۆی بشارێتەوە، بەڵام لە چاوی ئەودا ئەو کچە وەکو ئەو دایکەی لێهاتبوو کە لەسەر جەنازەی سێ کوڕی دانیشتبی. فاروق بە گەرمی بەدەم تۆقەکردنەوە پیرۆزبای لێکرد و تەمەنای ژیانێکی پڕ بەختەوەری بۆ خواست. کە دەرفەتێك، دوور لە چاوی ئامادەبووان، سازبوو، کچە بە چرپەیەکی پڕ لە سۆزەوە گوتی:

ـ دەبێ بمبەخشی، من هیچ خەبەرێکی تۆم نەدەزانی، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ڕۆژێك بگەڕێیتەوە و چاوم پێت بکەوێتەوە! فاروق بەنیگایەکی قوڵ و بەزەردەخەنەیەکی نمایشکارانە جارێکی تر پیرۆزبایی لێکرد.

فاروق لە ڕەوشتی جوانی باوکی فێر ببوو، کە دەبێ ڕێز لە حەز و بۆچوون و تێڕاونینی خەڵکی دیکە بگرن، بۆیە زۆر ژیرانە، بۆ دڵنەوایی کیژۆڵەکە و پاراستنی ئاشتەوایی خێزانە نوێیەکەی، یەکسەر گوتی:

ـ دڵمان یەکە، ڕاست دەفەرمووی، باوەڕبکە من بەنیازی گەڕانەوە نەبووم و نەخشەی سەفەری ئەورووپام هەبوو، بەڵام خۆشتان ئەوە دەبینن، هەموو شتێك قیسمەت و نسیبە!

بۆ سبەینێ، چێشتنگاوان، لەگەڵ پێشەوای برای، نووسراوەکە ڕادەسدتی دائیرەی ئەمنی کۆیە دەکات، چونکە ئەوان مەلەفی فاروق و عەلی مەولودیان لەبەردەست بوو، هەر زوو پلانێکیان داناوە، تا بتوانن کارێ بکەن وەکو دیوانییە، ئەو بخەنە ژێر چاودێری خۆیان، بۆیە خەبەری ئەویان دایە کە ئەو موتەخەلیفە، بۆ سەربازیی موراجەعەی دائیرەی تەجندی نەکردوە و دەبێ دادگایی بکرێ!

کە تەسفیری دەکەن بۆ سەربازگەی غەزلانی لە موسڵ، دەیبەنە بەر دادگای سەربازیی ئەوێ، فاروق پاکانەی خۆی بەوە دەکات کە لە کاتی عەفوەکەی دوای (٦)ی ئادار، ئەو نەیتوانیوە بگەڕێتەوە و بێتەوە ڕیزی نیشتمانی، چونکە ئێرانییەکان دەست بەسەریان کردبوو، ئەویش وەکو ئەو هەزارەها کوردە لە ساڵی (١٩٧٤) چووبووە شاخ.

که هیچ حوکمێکی بەسەردا نابڕێننەوە، فاروق دەبێتە سەرباز، لە بەر گورج و گۆڵی و خورتی و ئازایەتی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا، دەبێتە (جوندی ئەوەل)، لە کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٦)، ڕۆژێ لەگەڵ سەربازێکی کورد، کە دادەبەزن بۆ گۆڕەپانی (بابولتۆپ)ی موسڵ، تووشی ناسیاوێکی کۆیی دەبن و پێیان دەڵێ کە بزووتنەوەیەکی چەکداری لە کوردستاندا سەریهەڵداوەتەوە. کە فاروق دەپرسێ، ئەو جەماعەتە کێن و سەرکردەکەیان کێیە. کابرا پێیان دەڵێ: حزبێکی زۆر چالاك و کارامەن، قائیدەکەشیان(مام جەلال)ە.

وەك چۆن بروسك لە دارێك بدا و یەکسەر بیسووتێنی، ئەو هەواڵە یەکسەر لە مێشکی فاروق چەخماخە لێدەدات و دەکەوێتە تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی نائاسایی. بەبێ ئەوەی پەیوەندی بەکەسەوە هەبێ، یان کەس داوای لێبکات، خەبەرەکە دەگەیێنێتە ئەو سەربازە کوردانەی کە لەسەربازگەکە لەگەڵیدابوون و جێگەی متمانە بوون. کەوتنە تەگبیر و تەگبیرکردن، کە چۆن فیرار بکەن و خۆیان بگەیێننە ئەو بزووتنەوە نوێیە. فاروق پێیان دەڵێ، چرا تاماڵ پێی بوێ، حەرامە بۆ مزگەوت. کە کوردستان چاوی لەمە بێ، چۆن خزمەتی ڕژێمێك بکەین کە سەد ساڵە غەردمان لێدەکات و خۆمانی بۆ بەکوشت بدەین؟

نەخشەکەیان وا دەبێ کە لوقمان هەرکی و جەمیل کێخوا عەولای دەرگەیی و سدیق سێبیرانی و خەتاب بندیانی و هاوار شەفیقی خەڵکی عەزە و قونیان، بەیەکەوە فیرار بکەن و بچنە شاخ، بەڵام نەخشەکەیان سەرینەگرت، چونکە هەموویان پەرت و بڵاوە پێدەکەن و هەر سەربازەی نەقڵی شوێنێك دەکرێ. سەددام حوسێن، کە جێگری سەرۆکی مەجلیسی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو، بڕیارێکی

دەرکرد، کە دەبێ سەربازەکانی سەربازیی ئەقاعیدی بن و هەموو سەربازگەکان لە نەیار و ناپاك و گومانلێکراوەکان پاکبکرێنەوە. ئەو بڕیارە، خێری فاروقی تێدا بوو، دوای هەشت مانگ سەربازیی، ئەو تەسریح کرا، دیاربوو ئەویان لە زوومرەی نەیارەکانیان ناونووسکردبوو.

لەو ڕۆژگارەدا، گوندی داربەسەر، ئاوەدانی لێپەیدا ببوەوە و کاریز و باغچە و گێڵگەو هەوێزەکان جارێکی دیکە ڕۆحیان تێگەڕابۆوە، کە فاروق دەگەڕێتەوە گوندی و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداو و گۆڕانکارییکانی دەڤەرەکە دەبێ، بڕیار دەدات کە پەیوەندی بە کۆمەڵەوە بکات، لەڕاستیدا ئەو زۆر لەژێر کاریگەری کەسێتی و بیروباوەڕی باوکیدا بوو، بۆیە کۆمەڵەی بەبژاردەیەکی باش زانی، ئەوانیش مارکسی بوون و پەیڕە و پڕۆگرامیان لە سەرچاوەکانی مارکسەوە هەڵێنجابوو، بەڵام بە نەهجێکی ماوی پەیڕەویان دەکرد. عەلی ساڵح، یەکەم کەس بوو ئەو مەوزوعەی لەگەڵ باس کرد، کە لەگەڵ شاخەوان عەباس لەسەر بانی ماڵی خۆیان دادەنیشن و دەبێتە موناقەشەیان، ئەو پەیڕەوپڕۆگرامی کۆمەڵەی بە وردی خوێندبۆوە.

هەموو ئەو موعاناتە زۆرەی فاروق لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریی خۆیدا، چێشتیبووی لە تالانکردن و سووتاندنی گوندەکان و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و شەهیدکردنی باوکی و ئەو هەموو زوڵم و جەور و غەدرەی لە خۆیان و بنەماڵەکەیان کرا، بوونە باڕووت بۆ تەقاندنەوەی ئەو هەموو بوغز و ڕقەی چەندساڵەی کە لە ناخی ئەودا پەنگی خواردبووەوە و دەسەڵاتی هیچیشی نەبوو.

کارامەیی و زیت و زیرەکی فاروق هێندە زۆر و جددی بوو، کە لەماوەیەکی کەمدا، توانی پتر لە (٦٠) کەس بێنیتە ناو کۆمەڵە. هەر لە داربەسەری خۆیان

فارس مەولود و ئازاد داربەسەری و ئەحمەد سادقی تەنزیم کردبوو، لە داربەسەری گەورەش، تاهیر ساڵح سەعید و کەریم کاکل و مەلا مستەفا، کە مەلای گوندی بوو. قادری مام کەریمی و عوسمان حەمەد، مەلا عەزیزیش، کە خوێندکاری کۆلێژی شەریعە بوون لە بەغدا. ئەو وەکو تەتەران، هەر ڕۆژەی پێیان لە گوندێکی ئەو ناوە بوو، لە مەرزان، عەبدوڵای کێخوا حەوێزی و لە گوندی شیواشۆك قالە سوور کە مامی باوکی کاك کۆسرەت بوو. عوسمانی مام خارەندی و کەریم عوسمان و حاجی مام شەکر و ڕەئوفی شێخ محەمەدی و حەمەدی مام شێخ محەمەدی و خالید عەبدولکەریم. لە گوندی ئیلنجاغیش، کە بە منداڵی لەوێی دەیخوێند، توانی چەند کەسێك ڕابکێشێتە ناو تەنزیمەکەی لەنێویاندا محەمەد فەتاح و مامەی مام مستەفای و بەکر سلێمان و جەعفەری مام وسوو و مەلا سەدر مەولود و جەوهەری مام ئۆمەری و هیدایەتی مام حەمەدی و سەباحی سەلامی... تاد.

تۆڕی ڕێکخستنەکەی، کە بۆخۆی چنیبوویەوە، شانەکانی هەموو سێ کەسی بوون، جا لەهەر شانەییێکدا یەك لەوان بەرپرسی دووکەسەکەی دیکە بوو. سرڕی زۆر زۆر قایم بوو برا و خوشکەکانی خۆی تەنزیم کردبوو، لە یەك ماڵدا بوون و نەیدەهێشت کەسیان بە کەسیان بزانێ. مانگێ دوو جار کۆبوونەوی پێدەکردن و ئابوونەی لێوەردەگرتن. فاروق دەبێتە ئەندامی ناوچەی دێدەوان. ناوە ناوەش کۆبوونەویان لەگەڵ مەلا بەختیار و شاخەوان عەباس و ڕێباز دەکرد.

پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە یەکجار سەخت بوو، دەبوایە بە ڕۆژ خۆیان لە شاخ حەشار بدەن و شەوان لە گوندەکان پێویستی ژیانی ڕۆژانەیان دەستەبەرکەن. بەیانیان پێش گزنگی خۆر دەبێ گوند و لادێیەکان بەجێبهێڵن و هەوڵبدەن نەچنەوە جێگەی

ڕۆژی پێشتر. زۆربەی پێشمەرگەکان سەڵت بوون، تووری خۆیان لە پشتی خۆیان بوو، جگە لە تفگەنگەکانیان چەند مەخزەنێك و نارنجۆك و هەندێکیان دەمانچە و مەتارەی ئاو و، هەندێکیان دووربین و ڕادیۆی پاتریشیان پێبوو. لە هەڵسوکەوتیشیاندا زۆر ڕەوەشت بەرز و جوان ڕەفتاربوون لەگەڵ خەڵکدا.

(٦)

## (٧٢٢) ڕۆژ و (١٣) سەعات لە دۆزەخی بەعسدا)

کات، بە ماوەیەکی زەمەنی دەگوترێ، کە پێوانەدەکرێ و بریتییە لە زنجیرەیەك لە ڕەهەندی زەمەنی، کە پەیوەند نییە بە هیچ جێگە و پێگەیەکەوە و لە ڕێی دەستوور و یاساکانی بیرکاریدا پێوانەدەکەرێ، ئێمە ئەو کاتە هەست بە بوونی زەمەن دەکەین، کە دەکەوێتە نێوان جەمسەری دوو ڕووداو، جا بۆ تێگەیشتن لەو هەستپێکردنە، شیتەڵکارییەکان دەگۆڕێن، بە گوێرەی ئاستی شیتەڵکارەکە لە ڕوو مەعریفی و ئاراستەی ماددی و فەلسەفی و زانستی و دەروونی و بایەلۆژییەوە. مرۆڤ بەبێ ئەوەی کاتژمێر، یان هیچ ئامێرێکی پێوانەی کاتی هەبێ، دەتوانێ هەست بە کات بکات لە ڕێی هەستی ئاگایی کە خۆڕسکانە لە مێشکیدا بوونی هەیە، ئەمەش وایکردووە، کە مرۆڤەکان بتوانن ڕووداو و چالاکی و کارەکان لێکدی جودا بکەنەوە. کات هەمیشە یەکەیەکی یەکگرتووی نێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەیە، کە دەکرێ بۆ خوێندنەوەی پێشبینییەکانی داهاتووش کەلکی لێوەربگیرێ. هەیە وادەزانێ کە ئەو حەڤدە هەزار و سێ سەد و چل و یەك سەعاتەی فاروق لە گرتوخانەی ئەبوغرێب بەڕێیکردووە، هەر وەك ئەو سەعاتانەیە کە ڕۆژانە کاتژمێرەکانمان نیشانمان دەدەن، هەر سەعاتێکی،(٦٠) خولەکە و هەر خولەکێکیش (٦٠) چرکەیە. ئەوەی ماوەی زەمەنی سەعاتێك دیارییدەکات، ئامێری کاژمێر

نییە، بەڵکو ڕەوش و کەش و هەواو ژینگەی ئەو سەعاتەیە کە تێیدا بەسەری دەبەی. بۆ گەڕیدەیەك کە لە بەغداوە بەڕێبکەوێ و بەلای ئەوبوغرێب تێپەڕێ، خۆ گەر وەرزەکەی، سەرەتای بەهار بێ، ئەوا ئەو(٣٢) کیلۆمەترەی ڕێگایەکە، هێندە کورتە وا دەزانێ هەر چەند چرکەیەکە بەڕێکەوتووە، ناحەققیشی نییە، ئاخر ئەو هەموو باغ و بێستان و ڕەزە چڕەی دارخورماو هەنار و هەنجیر و ترێ و لیمۆ و پرتەقاڵ و هەرمێ و مێرگ و چیمەنی هەر دوو لای ڕێگاکە، هێندە سەوز و جوان و دڵگیرن، حەزناکەی چاو بتروکێنی، نەکو دیمەنێکت لە قیسچێ. بەرخ و کاریلە و مەڕ و بزن و گا و گۆلك و ماین و ئەسپ و جوانوو و وشتر لە لەوەڕگەکانی سەرڕێ، شاگەشکەت دەکەن لە جوانی و ئارامی و هێمنیی ژینگەکەدا. دواتریش کە باڵەخانە بەرز و سەردەمییەکانی کۆلێژی ئەندازیاریی کشتوکاڵی و کۆلێژی ڤێتەرنەری زانکۆی بەغدا، لە سەر ڕێگادا دەبینی، ئیحساسێکت پێدەبەخشێ، کە ئەو هەموو سەوزایی و ئەو هەموو ئاژەڵ و مێگەلانە، لێرەدا بۆ خۆشی ئەو خەڵکە خزمەت دەکرێن، ئەوا جگە لەو هەوا سازگار و بۆنخۆشەی کە لە نێو بێستان و چیمەن و مێرگەکانەوە دێن، کە هەردەڵێی هەموویان دەستە خوشکن، دەستی یەکیان گرتەوە و بە درێژایی هەردوو کەناری ڕێگایەکە ڕاوەستاون و چەپکە گوڵ و نێرگز و وەنەوشە دەفرۆشن. لە هەمان کاتدا، گەر تۆ لە نێو ئەم گرتوخانەدا، مەحکوم بیت، بە حوکمی ئەبەدی، دەرفەتێکت بۆ بڕەخسێ، لە کونیکی بچووکەوە، کونێکی بچووك بە قەد ئەنگوستیلەیەکی پەنجە، جا لەو کونە بچووکەوە تەماشایەکی هەمان دیمەن بکەی کە کاکی گەڕیدە تەماشای دەکرد، ئەوا بۆ تۆ هەر سەعاتێك ساڵێکە و هەر دەقیقەیەك ڕۆژێکە و هەر چرکریەك سەعاتێکە... سەعاتەکانی ژیان لەدۆزەخدا، بە

کاتژمێر پێوانە ناکرێن، بەڵکو بەو ئازار و عەزاب و ئەشکەنجە و غوربەت و نامۆیی و خەمۆکییەوە دەپێورێن، کە لە هەر چرکەیەکدا هەستی پێدەکەین و لە هەر چرکەیەکیشدا هەستەکان بە شێوەییێکن، تاڵتر و بە سۆتر و سوێرترن لە ئەوانەی پێشتر.

فاروقێك، کە پەروەردی دەشت ودەر و بێستان و گێڵگەو پاوان و باسك و زوورگ و مێرگ و چیمەنان بێ، کە هەمیشە سەرمەست بێ بە بارەبارِ و بۆرەبۆرِ و حەپەحەپ وقووقەقووق وگمە و جوکە و سیرە و ورتە و قرخە و قاسپە و دەیان ئاژەڵ و پەلەوەر، سەرمەست بوبێت بە بۆنی کنێر و شلێر و مێخەك و حاجیلە و بەیبون و گاگرۆ و مێلاق و نیسان و کاوێسنە و لاولاو و پەلێزە و شمری شاق و خەزێنە و دانەقەتێ و نێرگز و و پونگ و رەیحان و  شبیت و خاك وخۆڵ و شنەبا و بارانی وارتی کۆیە،  کورێك، کە گوند سوێندی بەسەری دەخوارد و دایك بەقوربانی دەبوو و رۆژێ سەدجار دەیگوت:" وەی بەسەدەقەی سەرت بم!"، ئێستا دەبێ تا داوین هەناسە و تا دواین ترپەی دڵ و تا دواین تروسکەی چاو، لە ژووری زیندانێکی جەنجاڵی نەحس و بەشووم، لەگەڵ پیسترین تاوانبار و قاتیل و چەتە و لۆتی و سەرسەری و حیز ودزی هەموو شار و شارۆچکەکانی عێراق چرکەکانی ژیانی بەسەربەرێ.

کە لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردو چەند قۆنتەراتچییەکی ئینگلیزی ئەو گرتوخانەیان دروست کرد و ناوی لێنرا (سجن بغداد المركزي)، بەخەونی شەوانیش نەیاندەزانی، رۆژگارێك دادێ، تاقمێك، پیاوکوژ و چەقۆکێش و رێگر، دەبنە سەرکردەی ئەم وڵاتە، ئەو بەندیخانە هێندە فراوان و گەورە دەکەن، ڕووبەرەکەی

بکاتە ڕووبەری نزیکەی(٢٥) یاریگای تۆپپێ و(٥٠) هەزار ژن و منداڵ لەیەك کاتدا، بخزێننە ژوورە تەسك وتروسك و تاریکە بەسامەکانی.

کە پیکابی شۆڤەرلێتی تیژڕەو بە نێو چەندان پێچ و لۆفەی چەپ و ڕاست تەیکردو لەنکاوڕا ئیستاپیکردو ڕاوەستاو و دوو پاسەوانە کلاشینکۆف بەدەسدتەکە خۆیان فڕێدایە خوارەوە و پەڕۆ ڕەشەکەیان لە چاوی فاروق کردەوە، فاروق یەك دووجاران، لەبەر تینی تیشکی خۆرەکە چاوی خۆی چوقاند و کردەوە، کە ڕەشێنەی چاوەکانی ئاسایی بوونەوە، بینی لەسەر تابلۆیەکی گەورە، لەبەردەم دەرەگایەکی ئاسنی شیشەڕێژکراو زۆر بە گەورەیی، نووسرابوو:(هنا مدرسة للذين خانوا البعث و الشعب)، کە فاروقیان پێش خۆیانداو بردیانە ژوورە و پەڕاوەکەیان ڕادەستی ئەفسەرێکی لێوئەستوری لووت پانی چەناکە کوتراو کرد، فاروق تێگەیی کە ئێرە بەندیخانە بەدناوەکەی ئەبوو غرێبە.

نە هیچ دیوەخانێك، نە هیچ مزگەوتێك، نە هیچ پەیمانگایەك، هێندەی ئەم بەندیخانە قەڵەبالغ نییە، چوار دێننە ژوورەو چوار دەبەنە دەرەوە، حەوتان دەگوێزنەوە، شەشان دەهێننەوە. شانۆگەرییە و شانۆگەریش نییە، سینەمایە و سینەماش نییە، شێتخانەیە و شێتخانەش نییە. لە یەکەم چاو گێڕان بەو هۆڵە گەورەیەی فاروق لێی وەستاوە، نەشارەزا و غەوارە، واتێدەگا کە ئێرە جێگەیەکە کەس بەکەس نییە، گەر پیاو نەختێ بوێر و ڕەشید بێ دەتوانی خۆی دەرباز بکات. بەڵام هەر دوای دوو سێ سەعات تێدەگا کە قەڵا و قشڵەکانی قەیسەری ڕوسیش لە قایمی و تۆکمەداری و چاودێری ورددا ناگەنە چۆکی ئەو گرتوخانەیە. شوورە بەرزەکەی بە(٢٤) قولەی بەرزی چوارگۆشەیی چنراوە، بە بەرزی سێ چوار مەتر

تەلبەندی تۆڕی شیشە ئەستوور، بۆ ئاسمان هەڵکشاوە، ئەوجا لە سەرووی ئەو تۆڕەشدا سێ چوار قەفە تەلی دڕکاوی بازنە گەورە گەورە، وەکو ئیسپرینگی لەبەر یەك ڕاکێشراوە، بە سەر هەموو شوورەکەدا، سوڕاوەتەوە، بانی ئاسمانی حەوشەکانیشی وەك قەفەزی تەیروتوار بە تۆڕی ئاسن تەلبەندکراوە، لە جێگەی خەتەر و ترسناکەکانی شوورەکەدا، تەزووی کارەبا خراوەتە سەر تەلبەندە دڕکاوییەکان. لە خوار ئەم شوورەیەش، بە درێژایی گرتوخانەکە جادەی قیڕە و لە نێوان زرێپۆش و زرێپۆشێکدا، زرێپۆشێکی دۆشکە بەسەر ڕاوەستاوە، ئەوە جگە لە سەدان کامێرەی چاودێری و هەزاران گڵۆپی (بلاجۆکتۆر)ی بە شەوق بە شەوق.

فاروق تێگەیی، کە ئەو لە هۆڵی (ئیستقبال)ە، لەوێ دوای وەرگرتنیان، بە گوێرەی جۆری ئەو حوکمەی کە بۆیان بڕاوەتەوە، بەسەر قاوشەکاندا دابەشیان دەکەن. قاوشەکانیش پێنج جۆرن، قاوشی زیندانییە سووکەکان، قاوشی زیندانییە قورسەکان، قاوشی زیندانییە تایبەتەکان، قاوشی لەسێدارەدان، قاوشی ئافرەتان.

فاروق، وەکو یەکێکی لێ هاتبوو، کە لەشەودا لە سینەما بێتە دەرەوە، هەر دیقەتی لەو دەم و چاو و ڕوخسار و بیچمە سەرنجڕاکێشانە دەدا، بیچمی ئەفسەر و پیاوە ئەمنە قێزەونەکان و ڕوخساری خەماوی و شپرزەی دەست و پێ بەکەلەپچەکان.

هۆڵی ئیستقبال مۆنجەی دەهات، جێی یەك نەفەری دیکە نە دەبۆوە، سێ شەوان فاروقیان لە دالانەکان، لە نێوان قەرەویلان خەواند. تا لە شەوی سێیەمدا، ڕاپێچیاندا و گواستیانەوە بۆ قاوشی زیندانییە سزا قورسەکان. هێشتا ئەو لە هۆڵی ئیستقبال بوو، کە خەبەر گەیشتبووە، نەوزادی کاکە ڕەش، ئەویش ڕاستەوخۆ کراس و شەرواڵێکی بۆ دەنێری. جلك وبەرگی فاروق، کە لە هەیئەی دادگای سەربازییەوە

هەر لەبەریەتی، ئەوەندەی بە جلك و بەرگی شێتان دەچوو، کەچە کراس و شەرواڵی خوێناوی و پیسی دادڕا و شڕودڕەکەی، هێندە لە جلکوبەرگی بەنی ئادەمی ئاسایی نەدەکرد.

کاتێ فاروق دەگاتە، قاوشەکە، چ قاوش! بە قەد قوتابخانەیەك گەورە دەبوو. ئاخر هەرقاوشێك لەو قاوشانە سەربەخۆ بوو، نەك لە نەخشە و خانووبەرە، لە سیستەمی بەڕێوەبردن و سزادان و خواردن و مواجەهە و مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییەکانیشدا. ئەو دەبینێ، هەر هۆڵێك و هەر دالانێك و هەر پاشکۆیەك و هەر گۆشەیەکی سەری بەسەردا دەگری، مۆنجەی دێ هێندە پڕ و قەڵەبالغە شوێنی بەرماڵێك زەوی نابینێتەوە، لەو قاوشە گەوریەیی کە بە قەد هۆڵێك دەبوو، تاکە قەرەوێڵەیەکی بەتاڵ نەبوو، بۆیە بۆ ماوەی بیست ڕۆژ فاروق لە بەر پێی زیندانییکاندا، لە نێوان قەرەوێڵەی دالانەکان دەخەوت. تا لە ژوورێکی حەوت قەرەوێڵەیی جێگەیەکیان بۆ پەیدا کرد.

حەوت ڕۆژ پاش گەیشتنە بەندیخانە، لە یەکەم مواجەهەدا، فاروق بە دایك و کەس وکاری شاد دەبێتەوە، لە ڕێی نەوزاد کاکە ڕەش و ڕەفیق مەرگەیی، داربەسەرییەك هەواڵەکە دەگەیێنێتە ماڵی فاروق لە داربەسەر. مواجەهەکە لە حەوشەیەکی بەندیخانەکە بوو، دوای ئەوەی کە خەڵکەکە دێنە ژوورەوە و جوان دەیانپشکنینەوە و بن مەچەکی دەستە ڕاستی یەکە یەکەیان بە مۆرێکی ڕەش مۆر دەکەن، بە ژن و پیاو و منداڵەوە ئەوجا هەمویان کۆدەکەنەوە، ماوەکەی لە سەعات هەشتی بەیانی تا دوانزدەی نیوەڕۆ بوو، جا کە زیندیانییەکان یەك یەك دێنە حەوشەکە و پاسەوان چاودێریان دەکات، خزم و کەس و کار لە دەوری

زیندانییەکە خڕ دەبنەوە و ئەلقە دەبەستن، هاوینانیش لەبەر گەرمای بە تینی ئەو ناوچەیە، هەر زیندانییەی بۆ خۆی پەشمەیەك یان هەر شتێ کە بەردەست بێ، وەك چادرۆکە بۆ خۆیان هەڵدەدەن و لە بنی دادەنیشن. کە فاتمی دایکی فاروق و بەدرییەی پلکی و سەمەدی ئامۆزای باوکی، چاویان بە فاروق دەکەوێ، یەکتر لە ئامێزان دەکەن و دەکەونە ماچکردنی یەکدی، دایکی فاروق کە دەبینی کوڕەکەی ڕەنگی لەبەردا نەماوە و لێوبەبار و زەردهەڵگەراو و لاواز و خەمبارە، یەکجار زۆر بۆی دەگریێ و دەڵێ:

ـ قوربانی دەقیقەیەکت بم، فاروق، شوکری خوای پێدەوێ، چا نەبوو ئیعدامیان نەکردی و جارەکی دیکە چاوم پێت کەوتەوە، چاوی داکت کۆر بی.

ـ ئەمن بە قوربانت بم دایە گیان... سەد جار بە قوربانت بم، مەگری، لۆ دەگرییی، خۆ ئەمن لەسەر بێئەخلاقی نەگیراوم، ئەمن لەسەر کوردایەتی گیراوم.

کە دایکی بینی وا پاسەوانەکان لێیان نزیکبوینەوە و گوێی خۆیان قوتکردۆتەوە، ڕاستەوخۆ هاتە سەر مەوزوعێکی دیکە، نەکو قسەیەك بگوترێ و کوڕەکەی ئەشکەنجەبدەن.

جگە لە نانی نوردی وخواردن، کراس و بێجامە و فانیلە و ئەو شتانەیان بۆ هێنابوو.

ئەم چاوپێکەوتنە، نیگەرانی و پەژارەیی هەمووانی تاڕەدەیەکی زۆر ڕەواندەوە، ئەوان سێ مانگ بوو، هیچ خەبەرێکی ئەو کوڕەیان نەدەزانی. (فاروق)یش بە دیدەنی دایکی و خزمەکانی زۆر دڵخۆش بوو لە ئەحواڵ و هەواڵی هەموو دۆست و ئەحباب و ئاوایی دەپرسێ. کە بووە سەعات دوانزدە، زیندانییەکان دەبەنەوە

قاوشەکان و سەرژمێریان دەکەن، ئەوجا خەڵکەکە ئیزن دەدەن، کە دەچنە دەرەوە دەبێ دەستیان بۆ ئاسمان بەرز بکەنەوە، مۆرەکەی بن مەچەکیان نیشانی دەرگەوانەکان بدەن. هەر ئەو ڕۆژە دایکی فاروق و ئەوانی دی دەگەڕێنەوە گوندی داربەسەر.

فاروق سێ مانگی ڕێك لەم قاوشە بەسەر دەبات، بەرە بەرە چاوی دەکرێتەوە، جگە لە چوار زیندانی عەرەب، لەگەڵ کوردێك بەناوی کاکەخان و یەکێکی تریش کە لە کۆمەڵی هەڵۆی سوور بووە بەناوی عامر عەبدولکەریم، لەو ژوورەدا سەربەیەکەوە دەنێن.کاتێك بەیانیان بۆ پشوو و پیاسەکردن دەیانهێننانە دالآنەکە، لەگەڵ نەوزاد کاکە ڕەش و ڕەفیق مەرگەیی و حەمیدی کەریم شانە و حاکم برایم حوسێن کە خەڵکی کفری بوو، پیاسەیان دەکرد و باس و خواسی سیاسیشیان لە نێو خویاندا شەنوکەو دەکرد. دەنگو باسی کوردستانیان بۆ دەهات، فاروق لە دەروونەوە بێزی لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەبۆوە کە حکومەت بەسەر قاوشەکاندا دابەشی دەکرد، وەکو ڕۆژنامەی الثورة و ڕۆژنامەی التاخي و گۆڤاری بەیان و قەت نەیدەخوێندنەوە، بەڵام کتێبی کوردی، وەکو بابەتەکانی ماو و مارکسی دەخوێندەوە، لە قاوشەکەیاندا تەلەڤزیۆنیش هەبوو.

دواتر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، هەر لەو قاوشەدا، فاروق دەگوێزنەوە ژوورێکی دیکە. هەمووجارێ کە خزم وکەس دێن و سەردانیان دەکەن دەنگوباسیان بۆ دێنن، ئەوان خەبەریان هەبوو کە لە کۆیە خۆپێشاندان کراوە و نەشرەی سیاسی بڵاوکراوەتەوە. زۆر زۆریش خەفەتبار دەدبن بە بیستنی هەواڵی شەهید کردنی ئارام (شاسوار جەلال).

ڕۆژێك، فاروق بانگدەکەنە ژووری لێپێچینەوە و سزادان، داوای لێدەکەن کە ئیش بۆ ئەوان بکات و هاوکاریان بێ. ئەویش ڕاستەوخۆ لە دەمیان دەداتەوە و پێیان دەڵێ کە ئەو هەرگیز جاسووسی ناکات، هەر ئەو ڕۆژە دارکارییەکی زۆر باشی دەکەن و تا شلوکوتی نەکەن وازی لێناهێنن. فاروق دەیزانی کە لە ناویاندا جاسووس و خۆفرۆش هەنە، بۆیە زۆر بە حەزەرەوە و ژیرانە مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ زیندانییە نەناسەکاندا دەکرد.

ئەگەرچی، حەفتانە مواجەهە هەبوو، جاریوا ڕێکدەکەوت، لە مانگێك دوو جار خزم و کەس دەهاتن، جاریواش هەبوو بە سێ مانگ بۆیان ڕێکنەدەکەوت بێن.

لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێکدا ڕژێمەکانی بەغدا، هاواریان کردووە کە لە هەرچوار ئیقلمی ولآت بگەڕێی یەك زیندانی سیاسی نادۆزیتەوە. ئەوان زیندانییە سیاسییەکانیان بە مادە و فەقەرە جینائییەکان حکومدەدا، ئەوەتا فاروقیان بە ماددەی(٤٠٦) ، کە تایبەتە بە قەتل، حوکمی ئەبەدی دراوە، نەك بە ماددەیەکی تایبەت بە کردە و چالاکییەکی سیاسی نەیارانە. ئەمە هەر بۆ ئەوە بوو ڕووی ناشیرین و ڕەزاقورسی حزبی بەعس و ڕژێمەکەیان، پەریزادە و فریشتانە نیشانی دونیا بدەن و حەقیقەتەکان بشارنەوە.

ئەگەر دۆزەخێکی بێ ئاگر و بێ دوکەڵ لەسەر ئەم زەوییە پان و بەرینە هەبێ، ئەوا گرتووخانەکەی ئەبوغرێب بووە، پیاوەکانی ئەوێ لە گورگی چڵێس گورگتر و لە کەمتیاری برسی کەمتیارتر بوون، جێگە و پێگەی ژوورە ناتەندروستییەکانی و ئاودەستە پیسەکانی و خواردنە قێزەونەکانی، سەد باری خراپتر و پیستر بوو لە گرتووخانە ناودارەکانی وەکو ئەبوسلیم لە لیبیا و مەزە لە سوریا و ئەلجموید لە

ئوردن و عەسقەلان لە ئیسرائیل و ئەڤین لە ئێران. ئەوانە هەزارجار ئاوگلاوکراون لەچاوی ئەوەی ئەبوغرێب.

ئەو دۆزەخە، عێراقێکی بچووککراوە بوو، هەر چی نەتەوە هەیە لە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشور و ئەرمەن، هەرچی ئاین و ئایینزا هەیە لە موسڵمان و مەسیحی و ئێزید و سابیئی و سونەو شیعە وکاکەیی و ... لەوێ هەبوو. زەحمەت بوو شارە دێ و شار و پارێزگایەك، بگرە گوندێکی عێراقی هەبێ، زیندانی وانی تێدا نەبێ. هەرچیت گەرەك بایە لەوێ هەبوو، کوردەکان هەرەزۆریان لایەنگران و هەوادارانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوون، ئەوجا پارتییەکان و شیوعییەکان بە پلەی دووەم و سێیەم. سوشیالیست و ڕۆژهەلاتیشی.... تێدا بوو. لە عەرەبەکانیش شیعەکان بە پلەی یەکەم، لە نێوانیشیاندا، ئەوانەی سەر بە حزبی دەعوە بوو هەرەزۆرەکە بوون. هەشە پانزدە بیست ساڵە لە ژوورێکە و تا ئێستا ئاسمانی نەبینیوە و کەس کەسیشی نەهاتۆتە لا.

فاروق وەکو زۆربەی زیندانییەکانی دیکە، زوو زوو تووشی سکئێشە و سکچوون و لەرزوتاو سەرئێشە دەبوو، بەڵام هەرگیز بەقایان بە داودورمانی نێو ئەو گرتووخانەیە نەبووە، دەرمانی ڕاسپاردەیان، لەگەڵ سەردانیکەرەکان بۆ دەهات، ئەویش دەبوایە بە حونەر لە ناو کولیچە و کفتە و کوبە و چوکلێت بشارنەوە. زەحمەتە حوکمەتێتکی وەك ڕژێمەکەی بەعس هەبوو بێ لە بێ بەزەیی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ زیندانییە مردووەکانیشدا. ئەوان دوای مردنیشیان، هەر وەکو بوونەوەرێکی ترسناك و خەتەر تەماشا دەکران. ئەوانەی لە سێدارە دەدران یان لە ژێر تەعزیب و ئەشکەنجە دەمردن، جەنازەکەیان ڕادەستی کەس و کاریان دەکردە، کە

بیانویستبوایە، بەو جەنازانە خەڵکی ئەو شار و دێیە چاوترسێن بکەن و پتر زەلیلیان کەن، جاریش هەبوو، کە دەیانزانی ڕادەستکردنەوەی ئەو جەنازانە، دەبێتە هۆکاری خۆپێشاندان یان تۆڵەکردنەوە، ئەوا خەبەری لەسێدارانەکەیان دەگەیاند، لێ جەنازەکەیان نەدەدانەوە. بێگومان ئەوانەی لە ژێر تەعزیبیش شەهید دەبوون، هەر وەفاتنامەی ئیعدامکردنیان بۆ دەردەچوواندن. جا لە هەموو حاڵەتەکانیشدا، نە دەبوایە جەنازەکە بە ئاپۆڕەیەکی زۆر ببەنە سەر قەبران و پرسە و تازییەی لە مزگەوت و کلێسا و ماڵەوە بۆ دانێن. تەنانەت بە شەویش نەدابوایە کەس هاموشۆی ماڵە شەهیدەکان بکەن، ئەوەی کە فەرمانبەر و مامۆستا و کارگوزار بوو، دەبوایە هەر هەمان ڕۆژی ناشتنی جەنازەی ئەو شەهیدانە بچنەوە سەرکاری خۆیان و نەدەبوو بۆ یەك سەعات لەبەر چاوی پیاوانی ئەمنی ڕژێم ون بن.

مردوو و ئیعدامکراو و ئەوانەی لەژێر تەعزیب دەمردن، لە دوو قەبرستانی ڕۆژهەڵاتی بەغدا، نزیك گرتووخانەکە بە ناوی گۆڕستانی (خان الضاری) و گۆڕستانی (الزهیدیة)بە دزییەوە دەنێژران، جار بووە، سی چل جەنازەیان فڕێداوەتە چاڵێکەوە و داپۆشراون.

سەرەڕای هەموو گرفت و نەهامەتی وخەم وخەفەتەکانی، فاروق زۆر بە حەسرەتەوە بوو کە خودا دەست و قەڵەمێکی جوان و زمانێکی شیرین و پاراوی بدابوایە تا ئەوەی لەو گرتووخانەیە بینیویەتی و بیستوویەتی بیانکاتە چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامە و سیناریۆی فلیمی نەوازە و جیهانی. کوڕێکی تەمەن بیست و دوو بەهاری، لە نێو تەندووری دۆزەخێکی نەك هەر ئاگر سووتێنەر، بەڵکو بۆنکرووز ناخۆش و دیمەن قێزەوەن و بۆنی ناخۆشتر لە سەگی تۆپیوو، وەکو دارقاوە دەسووتا و

دەبرژا و دەتلایەوە. فـاروق هەسـتی بـە هـەموو شـتەکانی دەوروبـەری دەکـرد و زۆر جارانیش دەکەوتە خەیاڵ و دالغەلێدان، دەیەویست هۆکاری ئەنجامدان و ئاکامەکانی بارو وەزعی زیندانییەکان لێکداتەوە و ڕاڤە بکات. ئەو خەمی دەخوارد کە دەیبینی گەنجێکی جوانی ئاڵوودەبوو بە ماددەهۆشبەرەکان، بۆ پتەبۆدرەیـەکی دار و و قومـە جگەرەیەکی بێهۆشـکەر، خـۆی دەگەوزانـد و هـاواری دەکـرد و دەکڕووزایـەوە. ئـەو گریانی دەهات، بـۆ ئـەو حـافزە تەمـەن حـەفتاو حـەفت سـاڵەی کـە تاقـەتی نـەبوو گۆپاڵەکەشی بەدەستەوە بگرێ، کە بە ناحەق موختارەکەیان ڕاپۆرتی لەسـەر دابـوو، چونکە ڕۆژێك ژنەکانیان شەڕەجنێویان لەگەڵ یەکدی کردبوو. فاروق، نەیدەزانی بە چ وشەو دەستەواژە و ڕستەیەك وەسفی سۆزی دایك و دایکایەتی بکـات، کـە هـەموو جـارێ دایکێکـی بێـوەژنی دەسـتکورتی دەبـینی، چـۆن دۆڵـمـە و کفتـەی موسـڵ و کولیچەو حەلوا و ترشـیات و زەیتـونی موسـڵی بـۆ کوڕەکـەی دەهێنـاوە و چـۆن لـە باوشی دەکرد و چەند بە کوڵ بۆی دەگریا و فرمێسکەکانی دەتگوت جۆبـارن بەسـەر کوڵمە گەشەکانیدا دێنـە خـوارەوە، ئـەو دایکـە وا بەپەرۆشـەوە بـوو بـۆ ئـەو کـوڕە تاقانەی، لە کاتێکدا ئەو لەسەر ئەوە حوکمی ئەبەدی درابوو، کە شەوانە بە حـەب، دایکی خۆی بێهۆش کردبوو و لەگەڵیدا خەوتبوو!! کاتێك دایك دەبینێ دووگیانە...، پۆلیس دەستدرێژیکەرەکە ئاشکرادەکەن، کە کوڕە تاقانەکەی ئەو دایکـە، خۆیـەتی. فـاروق بـە چـاوی خـۆی دەیبـینی چـۆن گـەنجێك شـەو و ڕۆژ سـەر لەسـەر قورئـان هەڵناگرێ، تەنیا کاتی نوێژکردن و نانخواردنەکە نەبێ، دەنا هەر قورئانی دەخوێندەوە و دەخوێندەوە. لە سەر قەرەوێڵەکەی بەرانبەریشیدا دوودەکیەکی چاو حیز بە ئاشکرا تەشقەڵەی بـە زیندانییـەکان دەکـرد تـا دەسـتبازی لەگـەڵ بکـەن... فـاروق زۆر زۆر

نهێنی ئەو گرتووخانەی لە دڵە کە هێندە قێزەوەن و نامرۆڤانە و دوور لە ئەخلاقن، قەت نایەوێ بۆ کەسی بگێڕێتەوە.

ئەو گرتووخانەیە وەك هۆڵی سینەما وابوو، بۆ هەر فلیمەی دەستەیەك تەماشاچی دەهاتنە ژوورەوە و دوایی دەچوونە دەرەوە و دەستەیەکی دیکە دەهاتنە سەر کورسییەکان. شەوێك، (١٦٠) زیندانیی شیعەمەزهەب دەهێننە قاوشەکەی فاروق بەسەر ژوور و داڵانەکاندا دابەشیان دەکەن و ئینزاریان دەدەنێ کە نابێ کەس لەگەڵیان بلێ لەل. کاتێ فاروق لە خەو هەڵدەستێ دەبینی یەك زیندانی لەو (١٦٠) زیندانییە عەرەبانە لە قاوشەکەدا نەماون، کە دوای ماوەیەك لە ڕەئیس عورەفایەك پرسی وان دەکات، بەدزییەوە پێیدەڵێ: هەر ئەو شەو هەموویان، توێندرانەوە و ئیسقانیشیان نەما... هەموویان، تێکڕا لە تیزاب تواندەوە.

شێوازەکانی ئیعدام کردنیش، بە گوێرەی جۆری ئەو کارەی کە پیاوانی بەعس ناویان لێناوە خیانەت، جیاوازی هەبوو. زیندانی هەبووە دەبوایە بە تەعزیبەوە بکوژرێ، هەبووە ئەلقەی پەنجە و سەعاتەکەی دەستی خۆی داوەتە جەلادەکە، گوایە کە پەتەکەی دەکاتە ملییەوە، وای بۆ دەبەستی، بە کەمترین ئازارەوە گیانی دەرچێ. هەبووە بە مشار و درێلی کارەبابی دەیانکوشت... دۆزەخی ئەبوغرێب زۆر ترسناکتر بوو لە دۆزەخی خوداوەندی وەك لە کتێبە پیرۆزەکاندا وەسفکراوە.

ڕۆژێك لە کاتی پیاسەکردنی نێو داڵانی قاوشەکان، فاروق ئەو پیاوە ڕەقەڵەو ڕیش سپییەی ڕۆژانی تەعزیبی هەئیەی کەرکووك دەبینێتەوە، دوای یەکتر ماچ کردن دەزانێ کە ئەویش سزای حوکمی ئەبەدی بۆ بڕاوەتەوە و فاروق بە خەندەیەکی تاڵەوە ئەو شانۆگەرییەی وەبیر دەهێنێتەوە، کە ئێوارەیەك لە کاتی دابەشکردنی خواردن

بەسەریان داهات. فاروق دەیزانی کە ئەو شتەی ئەوان ناویان لێناوە چێشت هەمووی ڕوونی داغ راوە و نیسکی سپییە تا تووشی سکچوون بن، بۆخۆی ئەو خواردنانەی نەدەخوارد، جا کاتێك لەگەنە نیسکەکە ناخۆشەکە فڕێ دەدەنە بەردەمیان، فاروق لەو پیاوە دەپاڕێتەوە و پێی دەڵێ:

ـ بۆ خاتری ئەو ڕیشە سپییەت... بۆ خاتری شێخ سەعیدی پیران، ئەوە مەخۆ، کوڕە دەرگامان لێناکەنەوە و خۆت لێرە پیس دەکەی.

ـ ئەز گەلەکێ برسیمە.

ـ خاڵە گیان، من لە تۆ پترم برسییە، بەڵام نەیخۆی باشترە... بەخوا شەو دەبین بە فلیم!

ـ ئەز بمرم ژی دێ خۆم، ئەز دزانم، گەلەك خوارنیا خرابە، بەلێ تۆ نزانی ئەز چەندێ برسیمە.

چەند سەعاتێك دوای نانخواردنەکە، خاڵۆی نیسکخۆر، دەست دەنێ بە سکییەوە و دەکەوێتە نووزانەوە و ئاخ و ئۆف، و فاروق هەرچەند لە دەرگا دەدات و بانگی پاسەوانەکان دەکات، تا بێن و بیبەنە سەراوێ، کەس جوابی ناداتەوە، دەقیقە لەدوای دەقیقە، خاڵۆی نسیکخۆر پتر تێکدەچێ و دێ بە خۆی دەڕیی، فاروق هەرچەندی دەکات، نازانێ چیبکا، یەکسەر فانیلە سپییەکەی بەری خۆی دادەکەنێ و پارچە پارچەی دەکات و بە خاڵۆ دەڵێ، وەرە لەسەر ئەو پارچانە بیکە. ئەو شەوە هەموویان بەدیار ئەو شانۆگەرییە بۆندارەدا دادەنیشن، جا بەیانییەکەی هەر زیندانییەك کە دەچوو بۆ سەراوەکە دەبوایە پریاسکەیەك لە پیساییەکەی خاڵۆی

نیسکخۆر لەگەڵ خۆیان ببەنە دەرەوەو بە دزییەوە فرێیدەن. فاروق هەر کەچە دەرپێیەکی چڵکنی ڕیزییوی لە پێدامابوو، لەو ژووره خنکن و ناخۆشە.

لەو گرتوخانەی ئەبوغرێب، چەند هۆبەیەك هەبوو، بۆ فێرکردنی هێندێ پیشە و کاری دەستی، ئەو ناونووس دەکەن بۆ فێرکردنی تایپکردن، بەڵام هەر خۆیان زوو پەشیمان دەبنەوە و کە دەزانن ئەو زیندانی سیاسییە، دوور نییە لە ڕۆژگارێکدا کەلك لەو عیلمە وەرگرێ لە دژی وان بەکاری بینێ، بۆیە لە بەشی چنین و مافور دروستکردن، وەك فێرخواز، ناونووسی دەکەن. فاروق بۆ ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێك لەو خوولە بەشداری دەکات و فەرشچنێکی باشی لێ دەردەچێ، ئینجا وەك سووکایەتی کردن بەمەشاعیری کەسێکی سیاسی چەندان جار لەسەر بۆردەکان، مافورۆکەی تابلۆی ئەحمەد حەسەن بەکریان پێ دروست دەکەن. فاروق و فەرهاد کاوانی شاگردی وستا محەمەد جەمیل بوون، کە خەڵکی قەشقە بوو. ئەو ببووە تەونگەرێکی زۆر مەعلان و کارامە.

سەحەرێکی زوو، فاروق بالیفەکەی خستە پشتی خۆی و پاڵی بە پشتی قەرەوێلەکە داو دەستەکانی لە قاچی وەرێناوە، کەوتە نێو دەریای بیرکردنەوەیەکی قول و لە خۆی دەپرسی:

ـ ئێ باشە، ئێستا، باوکم بۆ ئەو دەمانچە چوارده خۆرەی دامن؟ ئەدی بۆخۆی چۆن دەبێ بێ دەمانچە بێ، لەوەتەی من ئەوم دیوە هەر قایش و دەمانجەی بەستووە، ئەدی بەو ئەسپە شێیەی، بۆ کوێ چوو، بۆ پێینەگوتم؟ مەبەستی چی بوو کە گوتی: کوڕم، تۆ خەمی منت نەبێ، تۆ دەبێ خەمی دایك و خەمی خۆت بخۆی؟ من قەت باوکم نەدیبوو هەموو جلەکانی بەری سوور بێ، بۆ ئەو جارەی،

جامەدانیکەی سوور بوو، کڵاوەکەی سەری سوور بوو، ڕانگوچۆغە و پشتێنەکەی سوور بوو، تەنانەت گۆرەیی و کەڵاشەکانیشی سوور سوور بوون؟

فاروق، تەواو شەپرزە و پەشۆکاو بوو، بەو خەونەی لەوبەرە بەیانەدا بینیبووی. ئەو بە خۆی دەگوت:

- زیندانی ئەبەدی! یانی چی؟ یانی تا ئەو ڕۆژەی دەبیتە قەپێلکە هێلکە و دەبیتە قۆزاغەی شەیتانۆکە و دەبیتە وشکە گەڵای دارمازوو و دەبیتە قەپێلکە زەلام، دەبێ لێرە بکەوی و ڕۆحت دەرچێ، ئەوجا مەیتەکەت دەبەنەوە زێدی خۆت یان هەر نایاندەنەوە، ئەوە شتێکی دیکەیە... خۆ دایکم بزانێ من لێرە مردووم بەجارێکی شێت دەبێ... خودایە... خودای عەرد وعاسمانان...خودای بێکەس و یەخسیران، شتێ بکەی دایکم جەنازەی من نەبینێ... ئاخر ئەو زۆر زۆر مەغدوور و مەحرووم و ستەملێکراوە... ئەو زۆر زۆر بێ خەتایە... خەتای ئەو چییە؟ باوکم بۆ ڕەنجدەر و چەوساوەکان خەبات دەکات... ئەو دبێتە قۆچی قوربانی؟ چانەبوو مەلەك زوو شووی کرد، وەکو دایکم، لەسایەی سەری منەوە نەبووە قوربانی... ئێستا گەر هاوژینی من بوایە، جگە لە هاتووچۆی ڕێی بەندیخانە هەشبەسەری و قوڕپێوان چیتری لەمن دەست نەدەکەوت؟

دواتریش هەر لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ـ نا بەڵکو ئەو کیژۆڵەش وەك چۆن دایکم بە ئەمەك و وەفاداری باوکم بوو، ئەویش وەفادار و جەرگسۆزم بوایە.

هەر ئەو سەحەرە، فاروق بە ئاگاو بێ ئاگا، وایهەستکرد، ئەوە خەون نەبوو بینی... ئەدی باوکی خۆی، عەلی مەولود، دوو جار حوکمی ئیعدامی بۆ دەرنەچوو،

هەردوو جاریش نەجاتی بوو؟ ئەدی تا ئێستا ئەو داربەسەرەمان سێ چوار جار نەسووتاوە لەنوێ دروستمان کردۆتەوە؟ ئەدی دوای شێخ سەعدی پیران و سمکۆی شکاك و شێخ مەحمودی حەفید، شۆڕشی کورد دیسان هەڵنەگیرسایەوە...؟ کەواتە بۆ، من ئەم حوکمەی خۆم بە کۆتایی بوونی خۆمی بزانم؟ باشە دەبێ باوکیشم کە مەحکوم بوو بە ئیعدام و لە زیندان دابوو، وەکو من بیری کردبێتەوە...کوڕە...

وەستای نەجار

بنو بێ خەم و خەیاڵ

خوا، یەکەو، دەرگای هەزار.

ئەوڕۆژە کە مواجەهەیان هەبوو، فاروق، وەکو زیندانییەکانی دیکە، لە حەوشەی گرتووخانەکەیدا، مافورۆکەکانی چنی بووی، جوان جوان لەسەر عەرزەکە ڕیزی کردبوون، یەکێکیان هی باڕەکەوێك بوو لەسەر گابەردێك دەیخوێند، یەکی دیکەیان، داربەڕوێکی بڕابۆوەبوو تازە خەڵفی دەرکردبۆوە، یەکێکی دیکەیان ژنە بلَباسێکی توورلەپشت بوو کە منداڵی ساوای تیدابوو. یەکێکی تریشیان کە تایبەت دروستی کردبوو بیکاتە دیاری بۆ دایکی، ژنە بێریڤانێکی کورد بوو مەڕی دەدۆشی. زیندانییەکانی دیکەش، کڵاو و گۆرەوی و کلێتە و دەسیکێش و پۆزەوانە و پێڵاوی منداڵی ساویان لە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ چنیبۆوە، هەبوو تاوەری ئیفل و پرد و خانووچکۆلە و مزگەوت و کڵێسای لە دەنکە شقارتە دروستکردبوو، هەبوو جیزدانی بچووك و بازن و خڵخاڵ و پاوانە و ملوانکەی چاوەزار و دوپشکی بە زەنگیانان هۆنیبۆوە. هەبوو ڕستەڕستە تەزبیحی لەبەردەم خۆی ڕیزکردبوو. وەلحاسڵ، ڕۆژی مواجەهە دەبووە بازاڕۆکەکی گچکەلە. هەم خەڵکەکە وەکو یادگاری ئەو شتانەیان

دەكرێ، هەم لەڕێی كڕینی ئەو شتانەوە، كۆمەكێكی ماددی زیندانییەكانیان دەكرد.
فاروق هەر دەبوایە بۆ خەرجی باخەڵی چاوی لە دەستی دایكی بوایە، جاروباریش سەردانیكەرەكان یەك یان دوو دیناریان لە ژێر بەڕكەیدا بۆ بەجێدەهێشت، هەر كۆییەك و ئەوانەی وراتی كۆیە سەردانی ئەو گرتوخانەیان بكردبوایە، سەرێكیان هەر لە فاروقیش دەدا. ئەو ڕۆژە كە دایكی و قەسپێ و ڕەشێ و چەند برایەكی هاتبوون بۆ مواجەهەی: فاروق پێشوازی كردن و دوای گریان و یەكتر ماچكردن، پێڵاوەكانی لەپێی دایكی كردەوە و لەسەرسەری خۆی دانان و بەرەو ئەوشوێنە ڕۆیشتن كە دیاری كراوە بۆمواجەهەكردنەكە، دایكی گوتی: فاروق، یاڕەبی هەر وا جوان بی، ئەوە دوو ساڵە قەت قەت هێندە قۆز و ڕووخۆشم نەدیوی لێرە، قوربانی سەعاتەكت بم!
فاروقیش لە دڵڕا، هەستی بە خۆشییەك كرد، كە دایكی وا دەبینێ و ئەو ئیحساسەی هەیە، یەكسەر گوتی:
ـ دایە.. خەمت نەبێ، قۆزتر و جوانتریش دەبم... ئەتو نازانی ئەم سەحەرە خەوێكی چەند خۆشم دیتیە!
ڕاستەوخۆ قەسپێ هەڵێدایێ و بە خەندەیەكی پڕ لە شكۆداریی وعەزیمەتەوە، گوتی:
ـ برالە... بەخوا هەر خەونەكی دیتبیتت، وەكو خەونی ئەمشەوی من خۆش نەبووە...درم دەرێ هەر بەم زووانە... دێیتەوە داربەسەری و ڕەشێی خۆشكیشم، گایەكی لۆ دابەستایی، گا چ گا، هەندی حوشترەكی دەبی.
ڕەشێ بە قسە هات و گوتی: ئەمن سەدەقەم لە خۆم گرتییە، ئەو گایە هی نەزر و سەدەقەیە، ئەو هەر بگاتەوە نزیك گوندی بۆخۆم بسمیلای لێدەكەم و تیغی پێدادەینم.

دایکی، به عادزییەوە لەبەر خۆیەوە، گوتی:

ـ خوا دەکا ئەو بەردەبی و دێتەوە، ئەمن، ڕۆحی خۆمی لۆ دەکەمە قوربانی! قوربانی ئەو چاوە ڕەشە و ئەو سمێڵە ڕەشەت بم...فاروق گیان!

دواتر دایکی بە فاروقی وت: کاك شاخەوان و کاك ڕێباز هاتنە لام و وتیان سڵاوی ئێمەی پێبگەیێنە، پێیبڵێ مام جەلال کۆبوونەوەی پێکردووین. باسی پەیوەندی شۆڕش و هەندێ وڵاتی بۆکردووین.

نامەی شەهید ڕێبازی بۆهێنابووە ناو گرتووخانە، کە باسی وەزعی شۆڕشی تێدابوو، تێیدا نووسرابوو، کە یەکێتی پەیوەندیی نوێی دروستکردووە لەگەڵ بەریتانیا و سوریا و لیبیا و ڕێکخراوی فەلەستینییەکان. وابڕیارە چەکێکی زۆر وەربگرین.

مواجەهەی پێشتریش نامەیەکی (شاخەوان عەباس)ی بۆ فاروق هێنابوو، ئەویش دەنگ و باسی سیاسی تێدابوو. دوای خوێندنەوەی نامەکان، لەت و پاری دەکردن و دەیخستنە ئاودەستەوە.

یەك مانگ و یەك ڕۆژ دوای ئەوەی سەددام حوسێن لە جێی ئەحمەد حەسەن بەکر دانیشت و بووە سەرۆك کۆماری عێراق، لە سەعات هەشت، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە، شەوی (١٧ی ئاب١٩٧٩) بەیاننامەی عەفوو خوێندرایەوە، بۆ هەموو زیندانییەکی عێراقی جگەلە جاسووس و ئاڵوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان.

ئەو شەوە تا بەیانی، لە هەموو قاوشەکانی ئەو گرتووخانەیە، بووە گۆرانی و چەپڵەڕیزان و ئاهەنگ گێران. بۆ سبەینێ پاشنیوەڕۆیەکەی، سەعدون شاکر، کە یەك مانگ بوو وەك وەزیری ناوخۆ دەستبەکار ببوو، هەموو زیندانییەکانی لە گۆڕەپانی

بەندیخانە خڕکردنەدەوە و وتارێکی دوورودرێژی دا، کە هەموو مەدح و ستایشی سەددام بوو، بە زیندانییەکانی گوت کە دەبێ سوپاسگوزار و قەدرزانی ئەو بڕیارەی سەرۆك کۆماری نوێ بن و سوود لەو دەرفەتە وەرگرن و غەڵەت و هەڵەکانی پێشووتان دووبارە نەکەنەوە، دەبێ بێنەوە ڕێزی نیشتمانی ڕاستەقینە و خزمەت بکەن.

## (٧)

## (لەکەباڵخانەی کاوێسەوە بۆ خڕی ناوزەنگان)

ڕۆژەکە، هەر لە ڕۆژی حەشەر دەچوو، هەمووی هەر مشەوەوەشی و پەشۆکاوی پێوەدیار بوو، هەر زیندانییەك گومانی لە خۆی بوو کە ئەو عەفووە ئەو دەگرێتەوە یان نا، چونکە هەرچی متمانە و بەقا هەبوو ئەو ڕژێمە لەدەستی دابوو، جار بووە، لە بەرەبەیانێکدا بە پەلە پەل سەدان زیندانیان لە سێدارەداوە، چونکە عیلمیان هەبووە بەیانییەکەی عەفوویك دەردەچی و ویستوویانە کەمترین زیندانی بگرێتەوە. تێکڕای پیاوانی ڕژێم کە لەم بەندیخانە کاربەدەست و دەستوپێوەند و نۆکەر بوون، نەخۆشی دەروونی و جۆرێك لە جۆرەکانی سادییەتیان تێدا بوو، کە هەمیشە چێژیان لە ئازاردان و هەڵواسین و سێدارە و قەنارە دەکرد. خۆ ئەوانەی عەوفووەکەی دوێنێ شەو شموولی نەدەکردن، هەر وەکو شێت و هارانیان لێهاتبوو، خوێن لە چاویان دەباری.

فاروق، گورج و گۆڵ و چالاك بوو، بەهەر حاڵێك دەبێ وابکات زووتر، (طبع الاصابع) ی بۆ بکرێ و دوای وتارەکەی وەزیری ناوخۆ، بەخوی و جانتا شڕەکەی شانی، خۆی لەودیوی دەرگایەکی بەندیخانەکە دەبینێتەوە، پاش ماوەیەکی کەم کە چاوی بەخەڵك و شەقام و ئەو ئۆتۆمبیلانە دەکەوێ، کەمێك ڕادەمێنێ و چاوەکانی خۆی هەڵدەکلۆفێ، خودایە ئەوە ڕاستییە یان خەون. بۆ یەکەمین جار لە دووری چەند

مەترێکەوە سەیرێکی دار و دیوار و قوله و شووره و تەلبەند و دەرگای ئاسنین و ئەو هەموو پاسەوانە چەك بەدەستە و زرێپۆشە سەر بە دۆشکانە دەکات، تێدەمێنی، ئاخۆ بەڕاستی ئێستا ئەو ئازا کراوە و لە دەرەوەی زیندانەکەدا ڕاوەستاوە و تەماشای ئەو حەشر و حەشاماتە دەکات، کە بە هەزاران ژن و پیاو و منداڵ و پیرەمێرد و پیرێژن و بەو هەموو تەکسی و ئوتۆمبیلە، جرت و فرتیانە و هەر کەس لە بەندکراوی خۆی دەپرسێ، فاروق نەیدەزانی ئەوە خەونە... یان ئەو لەنێو خەوندا خەوندەبینێ و خۆیشی بۆتە قارەمانێکی سەرلێشێواوی نێو ئەو خەونە.

کاتەکە خێرا تێدەپەڕی، وەکو پاش عەسرانی ئاسایی نەبوو، هەر زیندانییەك بڕی پەنجا دینارێکی پێدرابوو، خۆشی سێ دیناری ڕێکی لە تەنکەی گیرفان بوو. زوو خۆی دەگەیێنێتە هوتێل نێرگز، کە خاوەکەکەی محەمەد مەنسووری بەرِەچەڵەك کۆیی بوو، کە بە بنەماڵە ئازادیخواز و نیشتمان پەروەربوون، دوای نانخواردێك لێیدەخەوێ و نایەوێ کەس ببینێ و کەس بیناسێتەوە. کە بەیانی زوو دەیەوێ هوتێلەکە جێبێڵی، بەبێ ئەوەی بیناسنەوە، پارەی ئەو شەوەی لێوەرناگرن و پێی دەڵێن، تۆ زیندانی سیاسی بوویت، بەخێر بێیت بان چاوانمان و ئێمە لە خزمەتاندایین و خواتان لەگەڵ...

فاروق دەیزانی نە دایکی قەلەندەر و بەستەزمانی و نە براکانی بەوە ڕاناگەن، لەو داربەسەرە دوورەوە بگەنە بەردەرگای بەندیخانەی ئەبوغرێب و لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە. ئەو بەوە دڵخۆش بوو کە زێدی خۆی پێدەزانییەوە، زیندانی هەبوو لەبەر دەرگای بەندیخانەکە، وەکو شێت و شووران دەسووڕایەوە، نە دەیزانی بۆ کوێ بچێ و نە دەیزانی ماڵیان دوای ئەو عومرە دوورودرێژە. ئێستا کەوتۆتە چ کووچە و کۆڵانە و

شار و پارێزگایەك... نەیدەزانیێ كێیان ماوە و كێیان مردووە. فاروق لە گەراج لەگەڵ ئۆتۆمبیلێكی تەكسی دەێتەوە كەركووك، ئەو دوو سەعاتەی كە بۆی گەڕاوەتەوە، لەوەی گەر بەسواری نێرن سەفەری بكردایە، بۆ ئەو وەكو دوو ساڵ وا بوو، پەلەی بوو زۆریش بە پەلە، هەم بۆ ئەوەی زوو لە ژێر قەڵەمڕەوی ڕژێم دەرچێ و دووركەوێتەوە، هەم تا دەقیقەیەك، زووتر بگاتەوە باوەشە گەرم و بۆنخۆشەكەی دایك و بە خوشك و براو ئازیزان و زێدەكەی شادبێتەوە. شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلەی دەیگەیێنێتەوە كۆیە، ئەویش هەر كرێی لێ وەرناگرێ. كە دەگاتە ئاقاری گوندی تاڵەبان، دەكەوێتە ڕاڕایەكی قورس، نازانێ دابەزێ و چاوەڕێی یەكێ بكات بیگەیێنێتەوە داربەسەری یان بچێتەوە كۆیە... نەیدەزانی ئێستا دایك و خوشك و براكانی بۆ سۆراغی ئەو بۆ كام لا ڕۆیشتوون. زوو كۆتا بریار دەدات كە بچێتەوە كۆیە.

بەسەربردنی حەڤدە هەزار و سێ سەد و چل و یەك سەعات لە نێو دۆزەخترین دۆزەخی سەر زەوی، هەر بەزار خۆشە. خۆشترین خواردن، ئەگەر بەدەستە موتفەركەكانی دایكیش ئامادەكرابێ، هەركە سەرەویلكەكەی كرایەوە و هەوای ژوور و حەوشەی ئەو دۆزەخەی پێكەوت، لە زاری زیندانییەكان، تامی زەقنەبووت و كوارگی ژەهراوی و گۆگرد و مەرگەمووشی لێدێ. ئەوە بۆچوونی هەرهەموو زیندانییەكان بوو، دەیانگوت، قەت بووە خواردن و ئاشی خۆشی دەستاوی دایكیشمان، لە ترسی چاوی پیاوان و داروديواری بەعس تامی خۆشیان لەدەست بدەن. جا هێندێ خواردن هەیە، لەسەر قاوەچاغی خۆی نەبێ، لە دەرەوەی زیندانیش، ئازادیش بی، تامی خۆشی خۆی نادا، ناحەقی نەبوو، حەڤدە هەزار و

سێ سەد و چل و یەك سەعات بوو، تامی کەبابی کۆییانی نەکردبوو، فاروق، بەبێ ئەوەی ئاگادار بێ، دەستی ئەقڵی بێئاگایی، دەستی ئەوی گرت و ڕاستەوخۆ بردیە، کەبابخانەی وەستا کاوێسی، کە بەناوبانگترین کەبابچی شار و دەڤەرەکە بوو، چوار شیشی عەنابی داواکرد، تا نەیگوت ئۆخەی، خوایە لە تۆ بەزیاد بێ. دەستی نەکشاندەوە. کە تەقولبابی لە دەرگای ماڵی کاك ئەحمەدی کوڕی پوری کرد، لە گەڕەکی گردی جوان، سەعات نزیکەی دوو و نیوی پاشنیوەڕۆ بوو. هەر کە دەرگای حەوشەکرایەوە، بووە هەڵهەلەلێدان و لەباوەشکردن و ماچکردن، کەسیان نەیاندەزانی ئەوە خەونە، فلیمە، ڕاستییە یان خەیاڵ. بەپەلە پەل، نەیانهێشت چای سەر مقاڵەکە دێمێبدا، ئۆتۆمبیلیان هێنایە سەرسیلەی کۆڵانێ و خێرا خێرا خۆیان پێچایەوە، قەسپێ و نەجیبەی مەلا قادری و ئیسماعیلی ئامۆزای فاروقی، فاروقیان لە پێشی سەیارەی دانا، ناوی خوایان لێهێنا و بەرەو داربەسەر بەڕێکەوتن. چەند ئۆتۆمبیلێکی دیکەی خزم و دۆستانیش بەداویان کەوتن، فاروق نەیدەزانی بۆ ئەو عەسرە، بیست و پێنج دەقیقە ڕێی زێدەکەی بۆتە بیست وپێنج سەعات، ناوە ناوە، بەبێ ئاگایی، بە شۆڤێرەکەی دەگوت: قوربانی چاوەکەت بم، نەختێ باشتر پێ لێنی... هەر کە گەیشتە تخوبی گوندی، تەزوێکی سارد سارد، ساردتر لە بای سەربەفری سبەینانی کوێستان، بە هەموو لەشی فاروق داهات، بۆ چەند چرکەیەك، تەواو نوتقی گیراو، وەك منداڵێکی ساوای لێهات کە ڕێی لێ ون بێ و هاواری دایکی بکات... دارودیواری خانووەکانی داربەسەر لەبەر چاوی ئەو قەسر و کۆشك و تەلارەکانی پاشایەکانی نێو حیکایەتەکانن...ئاسمان و دار و دەوەن و تەڕاشی، تەلەسمێکی بەهەشتن هێندراونەتە ئەو ئاقارە، مەڕ و بزن و گا و گۆلك و گوێدرێژ و

مریشـك و كەڵـەباب و مـراوی و قازەكـانی وەكـو ئاسـك و جوانـو و قـاقزوقوڵینگ دەهاتە پێش چاوی. سەری لە جامی ئۆتۆمبیلەكە دەرهێنا و هەناسەیەكی قول قولی هەڵمژی، وەك چۆن كەسێك ماوەیەك بێ هەناسەی سـواربووبێ و نەفەسـی گیرابـێ و لەناكاو سییەكانی بكرێنەوە، وەك چۆن كەسێك چەندجارێك بپشمێت و دواتر هەست بەهەناسەیەكی نوێ بكات. هەناسەیەكی هێندە قولی هەڵمژی، هەمووان گوێیان لە مژەكەی بوو، ئەوان بەرە بەرە زۆرتر لە گوندی نزیك دەبوونەوە، هەر ئەوەندەیان زانی ژن و منداڵ و پیرێژنی گوندی، لە پێش هەمووشـیانەوە، فـاتمی دایكـی فـاروقی، بـە زریك و هۆڕ و گریان و لە خۆدان و تیتیك ڕنینـەوە و سـینگكوتان، بـە غـارە بەرەو ئۆتۆمبیلـەكان دەهـاتن. فـاروق شـێت و هـار بـوو، یەكسـەر، ئۆتۆمبیلەكـەی ڕاگرت و هاتە خوارەوە و بـە ڕاكـردن بـەرەو باوەشـی دایكـی چـوو، وەك منـداڵ بـۆ باوەشی دایكی، وەك بەرخ و مەڕ، وەك شیرین و فەرهاد، وەك زولێخا و یوسف، وەك مەریەم و عیسا یەكتریان لە باوەش كرد و كەوتنە یەكتر ماچ كردن، ماچێك نـەبوو دووان نەبوو سێیان نەبوو، تا خوشك و براكان، لە باوەشیان دەرهێنا و ئـەوجا ئـەوان یەك یەك فاروقیان گرتە باوەش و تێر تێر ماچیان دەكرد و دەگریان. دایكی گوتی:

ـ هەزار شـوكر بۆتـۆ خودایـە... مـن وامزانـی جەنازەكەیـەتی و بـەرەو پیرییـەوە هاتم... ڕەبی خوا لێتان هەڵنەگرێ...كو فاروق بەربووە و كەس خەبەرەكی نەدایمێ.. هەتا لەسەر دەستان و لەسەر زگان بەرەو پیرییەوە بچـم.... تـا فاروقیـان گەیانـدەوە دیوەخانی شەهید عەلی مەولودی، هەر لەجیاتی دەهوڵ ودمبك، لە بـنی سـترۆكەی ماستی و تەنەكەی ئاویان دەدا، چین چین ژن و گیژوڵە و منداڵی گونـدی ئاهـەنگ و چەپڵەڕیزان یانبوو. هەر ئەو ئێوارەیـە، بـە پەلـە مەنـەجڵ خرانـە سـەر ئاگردانـان و

ئەوجا مریشك و کەڵەشێریان سەربڕی. بۆ بەیانی ئەو جوانەگایەی ڕەشێ کردبووەیە سەدەقەی سەری فاروقی لە عاردیاندا و کردیانە قوربانی و بووە شای و خۆشی هەموو خانەوادە و ئاواییەکەی داربەسەری لە دەوریان کۆبوونەوە. دایکی پێشتریش مێنگوینێکی کردبووە سەدەقەی سەری فاروق، کە ئەو لە زینداندا بوو.

ئاگردانە قەدیمەکەی ئەو ماڵە گەورەیەی داربەسەری، یەکەم جاریەتی، لەوەتەی کۆنفرانسەکەی حزبی شیوعی، وا بە پشکۆ و بلێسە و گڕی خۆشی و شادومانی گەرم بێتەوە. ئاگردانێك هەر بەقەد تەشتۆکەکی کولێ، وەلێ خۆشەویستیی هەر چوار ئیقلیمی بەدەووری خۆیدا کۆکردبۆوە، ئەو سێ چوار حەفتەیە، بۆ سەعاتیك پشکۆ و گڕی دانەمرکایەوە و خامۆش نەبۆوە، لە بادینانەوە، بە شال و شەپك، هاتبوون، لە لەیلان و گەرمێنەوە قایش لەپشت و سەر بە عەگال هاتبوون، لە هێرۆ و هەرشۆییێوە تا دەسوڕێتەوە باڵەکایەتی و تخوبی ڕەواندزێ. دەستە میوانێك دادەبەزین و دەستەیەك بەڕێدەکران، جا خۆ نەریتی ماڵی عەلی مەولودیش هەر وا بووە، کە دەبێ میوان بە جوانترین و بە خۆشترین و بە باشترین خواردن و خواردنەوە مودارات بکرێ. هەموو جارێ کە ڕەفیقێکی باوکی دەهاتە ژوورەوە، فاروق وایدەزانی دوێنێیە و هاتوونە دیوەخانی عەلی مەولود گەرمترکەنەوە. ئەو سێ چوار حەفتەیە، سێبەری ئەو باوکە شەهیدە بەسەر هەموو گۆشەیەکی دیوەخان و هەیوان و حەوشەو گوڕەپانەکانی دەوری ماڵ دیار بوون...نەبوو میوانێك بێتە ئەوێ وگوزشتەیەکی سەخاوەتی و جوامێری و بوێری ئەو مێرخاسە ڕۆحڕەوانە نەگێڕێتەوە. هەرچەندە فاروق، پێویستی بە حەسانەوەیەکی چەند شەو و چەند ڕۆژی هەبوو، لێ ئەو تەواو خۆی لە بیرچووبۆوە، دەمێك لەسەر پەڕگێ دەست لەسەر سینگ پێشوازی میوانانی

دەکردو دەمێك، پڕی دەدایە کەوشەکانیان، لە کاتی خواحافیزی کردنییان، تا لەبەر پێیـان دابێتـەوە، ئـەوجا دەبـووە ئەسـتەغفیرەللاّ.. ئەسـتەغفیرەللاّ.. کـوڕە فـاروق خەجالّەتمان مەکە...کوڕە بە ئەمەکەکەی شەهید عەلی مەولودی.

شەوانە کە فاروق سەری دەخستە سەر سەرینەکەی، خەیالاّتی زۆر سەیری بۆ دەهات، لە دلّی خۆیدا دەیگوت:

ـ من کە لە گۆشەی ژوورەکەمدا، لەو بەندیخانە نەحسەدا، تاق و تەنیا بووم و دەقیقە و سەعاتەکانی تەمەنی خۆم دەژمارد، وامدەزانی کەس کەس، منی لەفکر و خەیالّ نییە... وامدازنی کەس لە گوندی و وراتی کۆیە و دەوروبەری نەماوە و ناوی منیان لە بیر بیّ، کەچی ئێستا، بۆ بەخێر هاتنەوەم لە چۆمان و دەربەند و گەلاّلەوە هاتوون، لە سەرکەپکان و وەرتیّ و بالیسانەوە هاتوون، لە کەرکوك و مەخمور و دووزەوە هاتوون.. چۆن من هێندە بالاّ و شکۆداریم لە دلّ و دەروونی ئەم خەلّکەدا؟ چۆن من دەتوانم ئەو قەرزە گەورەی وان بدەمەوە؟ کەواتە، بەعس گلۆرەی لە لێژییە، کە ئەو هەموو خەلّکە چاو نەترسە، بە زەقەی چاوانی پیاوان و خۆفرۆشانی ڕژێم دێنە سەردانم و ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە... بابە گیان.. ڕۆحم بەقوربانی ڕۆحە پاکەکەت بیّ... من زۆر زۆر قەرزاری تۆم... تازە دیّ ئەمن بزانم کە ئەتو چەندە خۆشەویست و چەندە قارەمان بوویت، بۆ ئەو ڕەش و ڕووتانەی ولاّتەکەم...بابە تۆ دوای ڕۆیشتینشت هەر فێرە درەسمان دەکەی.... من چۆن دەتوانم قەرزی ئەو هەموو ژن و پیاوە چاك و پاك و ئازایانە بدەمەوە.

هاوڕێیانی شاخ، نەیاندەزانی، چۆن بچنە سەردانی فاروق و شتیّ نەکەن کە ڕژێم دیسان بیکاتە بیانو بۆ دەستگیرکردنەوەی ئەو. دەهاتنە دەوری گوندی، بەلاّم چونکە

دیوەخانیان پڕ بوو، نەیاندەویست خۆیان ئاشکرا بکەن، جا کەریم مەولود و برایم قادر مەولودیش بەگەڵ ئەو عەفوە کەوتبوون، ئەوانیش دوای داستانەکەی حەمامۆك گیرا بوون، کە پانزدە شانزدە کەسیان لە ئەمنەکانی دائیرەی ئەمنی کۆیە لە کەمینێکدا لە سەر ڕێی حەمامك بەرانبەر کێلەخوارە کوشت. هەر چۆنێك بوو شەوێك، درەنگ، فاروق بە تاریکی چووە پشت مالاّن و چاوی کەوت بە ڕێباز و شاخەوان و عەلی سالّح و ئەحمەد سماقە و ئەحمەد قەمبەری و سامی کە ناوی نهێنی مام نەریمان بوو لەگەڵ ڕابەری سیاسی هەرێم کە ناوی زرار مەجید بوو ئەندامی کۆمەڵە بوو. ئەو دانیشتنە هەر چەند حەفتەیەك دوای گەڕانەوەی بوو بۆ داربەسەر و بڕیاری چارەنووس سازیشی تێدا درا، لێ شتەکانی زۆر بە نهێنی بوون، جگە لە خۆیان، کەس کەس، پێینەدەزانی.

ڕژیمی بەعس لە هەموو شوێنێك شانازی بەوە دەکرد، کە وەکو خودا، چاویان هەموو شتێك دەبینێ، ئاخر ئەوان پیرێژنە ماستفرۆش و سوالّکەر و شوان و دوکاندار و شۆفێر و مامۆستا و ژنی مالێشیان کردبووە جاسووس. دەیانگوت، ئاگاداری خشەی مارومێروون. زوو فاروقیان بانگ کردە دائیری ئەمنی کۆیە، تا بیخەنە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خۆیان، چونکە دیار بوو داربەسەریان بە قەلاّیەکی زۆر مەحکەم دەزانی، لەوێ پێیانڕاگەیاند کە دەبێ وەك فەرمانبەرێك لە کارگەی مافووری کۆیە دەست بەکار بێ، ئەوان دۆسییەی فاروقیان لە بەندیخانەی ئەبوغرێبەوە بۆ هاتبوو، دەیانزانی چی کردوە و چی نەکردووە.

ناچار فاروق لەگەڵ (قەسپێ)ی خوشکی لە خانووی ئەحمەد کلێسەیی لە گەڕەکی گردی جوان، بووە کرێچی و دەستیکرد بە کارکردن لەو کارگەیە، موچەی مانگانەی

(٤٤) دینـاربوو ئـەو کـات (٤٥)مسـقاڵ زێـڕی پێـدەهات، مەجیـد میرخـان، کـە مێرخاسێکی چالاك و بەوەج و نهێنی پارێز بوو، لە بەختی فاروق، بەڕێوەبـەری ئـەو کارگەییــە بــوو. ئەوەنــدەی ئــەوان لــەبن دیــوار و بــە پیاســەکردن و لــە ڕێــی هاتووچۆکردنیان باسـی سیاسـەت و کوردایـەتی و سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـی نوێیـان دەکرد، هێندە لە خەمی کارگە و مافوورو بەڕەو بەرماڵان دانەبوون. بۆیە ئەوجارەی، فاروقیـان بـانگکردە مەنەزەمـەی کۆیـە و بـە شـێوەیەکی گـەف ئـامێز، ئاگاداریـان کردەوە کە دەبێ پێبەقەد بەڕەکەی خۆی ڕابکێشی و بەهیچ شـێوەیەك تخـونی کـار و چالاکی سیاسی نەکەوێت.

دوو مـانگی ڕێـك، فـاروق لەگـەڵ کارمەنـد و کرێکـارە ژنـەکان و کارگوزارەکـانی کارگـەی مـافوور پەیوەندییـەکی تۆکمـەی پـر لـە خۆشەویسـتی دروسـتکرد، خـۆی وانیشاندەدا کە لە منداڵییەوە کارگەچی بووە.

پاشنیوەڕۆیەك، لە شوێنێك، بە دزییەوە، لەگەڵ شوفێرێك بەناوی کاکە سوور، کە خەڵکی گوندی کلێسەبوو، بە ئۆتـۆمبیلی خـۆیی، خێـرا خۆیـان دەگەیێننـە گونـدی کلێسەو لە مـاڵی هاوڕێیـەکیان دادەبـەزن. هـەر ئـەو شـەوە دەسـتەیەك پێشـمەرگە دەگەنـە جـێ و فـاروقیش لەگـەڵ هاوڕێیـەکانی، یەکـەم شـەوی پێشـمەرگایەتی، لـە مزگـەوتی گونـدی دەسـتپێدەکاتەوە و بـەیانی زوو بـەرەو گونـدی کـانی کـوردە بەڕێدەکـەون. فـاروق بـوو بـە کـادیری سیاسـی و ماوەیـەك کـاری ڕێکخسـتن و کادیرایەتیی خۆی بە چوست و چالاکی بەڕێوە دەبرد، بێ چەك، مێشکوژێکیشی پێ نەبوو. ئەو شەوەی ژێسەیەکیان پیدا، بەیانییەکەی ئەوەندەیان زانی جـەیش و جـاش شالاوی بۆ هێنان، پێشمەرگەکان دامەزران و شەڕ لە سەعات حەفت دەستی پێکرد،

جاشەکانی قاسماغا و زاهیراغا پێش ئەو هێزە گەورەیە کەوتبوون. فەرج ئەسعەد ئامیر کەرت بوو، ئەوان(٢٥) پێشمەرگەبوون، شەڕەکە تا دەهات قورستر دەبوو، (١٩) کۆپتەر هێزیان دەهێنا و قەسفیان دەکرد، ئەحمەد برنۆ و تۆفیق ئارپێجییان لە کۆپتەرێکدا. هەر دوو گوللە ئارپێجییان پێبووە، گوللەی دووەمیان بۆ نەتەقاندرا، چونکە دەرزی ئارپێجییەکە شکا بوو. کۆپتەرێکیان پێکا و لە نزیک گوندی بلۆکین کەوتە خوارەوە، حەوت سەرباز و ئەفسەرێك کوژران، تاسەعات هەشتی شەو شەڕ کۆتایی نەهات، فاروق بە حەیاتی عومری ژێسێی نەتەقاندبوو، نەیدەزانی چۆنی بەکاربێنێ، بۆیە هەر خەریکی پڕ کردنەوەی مەخزەنەکان بوو بۆ ئەوانی دی، دەستکەوتی پێشمەرگە پێنج کلاشینکۆف ودەمانچەیەکی تەنویر و بێتەلێکی کۆڵەپشت و ئاڵایەکی سووری سەربازی بوو، لەوشەڕە دا، یەك پێشمەرگەی خەڵکی حاجی قەڵا برینداا بوو. خەڵکی ئاوایی گوندەکە لەترسی تۆپباران و هێرشی جاش و سەربازەکان چۆلیان کرد. هەر ئەو شەوە، ماندوو و هیلاك و برسی، پێشمەرگەکان خۆیان دەگەیێننە کاولان و ئەوجا شۆڕدەبنەوە بۆ دەم زێ، خوار قوزڵوو. هێزەکەی حکومەت هەر ناکشێتەوە، ڕۆژانە کۆپتەرەکانی بە ئاسمانەوە بوون تەعقیبی پێشمەرگەکانیان دەکرد.

هەر لەگەڵ ڕۆیشتنی فاروق، قەسپێ بار و بارگەی تێکدەنێ و کۆیە بە جێدێڵێ و دەچێتەوە گوندی، ئەو ڕۆژانەش کۆپتەر هەر لەو دۆڵ و یاڵانەدا بەدوای شوێنپێی پێشمەرگەکاندا دەگەڕێ، وەك بڵێی بۆنی فاروقیشیان کردبێ کە لەدەووروبەری هەرەت و پەرەتەکانی ئەو ناوەبێ.

ئەوڕۆژە نوێیەی لە کەلی ژیانی فاروق هەڵهات، هەر ئەوە نەبوو، ئەوی لە ژووری تەسك و تروسکی بەسام و ترسی بەندیخانەی ئەبوغرێبەوە ڕادەستی ئەو کەژ و شاخ و کێوانەکرد. سەرتاپای ڕەهەند وگۆشە و گۆڕەپانەکانی ئەم ژیانە نوێیەی جیاواز بوو، ئەو هەر چەند حەفتەیەکە خولیای کار و چالاکی پێشمەرگایەتی و کادرایەتی بووە، بەڵام جیهانی دەور و بەری خاڵی نییە لە تەم ومژوو و تارمایی و ڕەشایی. بۆیە بە شەوقەوە چاوەڕێی ئەو دەرفەتەی دەکرد، کە لەنزیکەوە بۆ چاوی خۆی و بە گوێی خۆی، لە مەڵبەندەکانی بڕیار، شتەکان ببینێ و ببیستێ. ئەوەش بەبێ بینینی سەرکردە و کادیرە پێشکەوتووەکانی هەوراز خۆی  کارێکی مەحاڵە.

سەرەتای مانگی ئایار، فاروق لەگەڵ قاسم کرێکار و چەند کەسێکی دیکە دەستیان کرد بە گەشتێکی دوور و درێژ، لە دەشتی کۆیە و بەرەو سەر سنووری ئێران، یەکەمین جاربوو فاروق سەفەری وا دوور بکات، بەنێو چەندان گوند و شارەدێیان تێپەڕین و دەیان دۆڵ و نشێو و  چیا و شاخی هەڵەموت و ڕووباری بەخوڕیان لەسەر ڕێ بینی. لە خۆشی ئەو دیمەنە دڵڕفێنانە، لە خۆشی ئەوەی جارێکی دیکە خۆی بە ئازادیی لەو شاخ و داخە جوان و دڵگیرەدا دەبینیەوە، هێندە بە پەلە بوو، شەقاوی دەکردە چوار شەقاو و بەدەستی بوایە بە شەویش هەر دەڕۆیشتن و پشوویان نەدەدا. لە  سوورقاوشانەوە پەڕینەوە و چوونە قەمچووغە، لەوێشڕا بەرەو سەرمۆرد، ئەوجا گوند بە گوند و دێ بە دێ پێداهاتن تا گەیشتنە نزیك ماوەت، هێزەکانی حکومەت هەمیشە ئەو ڕێیەیان چاودێری دەکرد و لە تەپۆلکە بەرزەکانەوە بە دوربینان، دوور دووریان دەڕوانی، شەو نەبوو چەند هاوەنێکی تێنەگرن،  ئەو شەوەی ئەوانیش گەیشتنە ئەو ئاقارە دوو هاوەنیان

تێگیرا، بەڵام سەلامەت دەرچوون. کە گەیشتنە دۆڵی سەفرە و زەرونان، ڕانەوەستان تا گەیشتنە بێتووش، لەوێشڕا بۆ گوندی قەلەڕەشان کە ئازاد کرابوو و لە بەردەستی کۆمەڵەی ئێران بوو. کاتێکیش گەیشتنە تووژەڵە لە بارەگای حزبی شیوعی چایەکی گەرمیان خواردەوە و دیسان بەڕێکەوتنەوە، دوای تەیکردنی چەندان دۆڵ و کێوی سەخت و گوندی دیکە نیوەڕۆکە گەیشتنە بارەگای سەرکردایەتی کە لە خڕی ناوزەنگ بوو.

ناوزەنگ، یان وەکو هێندێك خەڵکی ناوچەکە پێیان دەگوت خڕی نێوزەنگ، کەوتبووە سەر سنووری ئێران، لە بناری چیایی مامەندە بوو، زنجیرە چیایەکی زۆر سەخت و عاسێ بوو بە ناوی، قەلات و زینوێی سوور و گردی گوێژ، چاکی ئەسحابە و سەرنسێ. دەڤەرەکە هەموو دارستانی چڕوپڕ بوو، خەڵکەکەی دەیانگوت، ئێرە هەر جێی ورچ و پلینگ و گورگ و چەقەڵ بووە. لە سەرەوەیدا جۆگەلە ئاوێك لە سەرچاوەیەکەوە دەهاتە خوارەوە و زەوییەکانی زەڵێی پێئاودەدرا. پێشتر ئەو ناوە ئاوەدانی لێنەبووە. خڕی نێوزەنگ لەوەڕگای مێگەلەکانی شێنێ بوو. زستانی ئەوێ زۆر بە بەفرە و ڕنووی زۆرە، بەڵام بەهاری پڕ کانی درۆزنەیەو ئاوی زۆر دەبێ. شوێنەکە بۆ بارەگای سیاسی و سەربازی، زۆر ئیستراتیژی بوو.

سەفەرەکە تا بڵێی بە پیادەڕۆیی دوورو سەخت بوو، بەڵام گەرمای هاوین جارێ هێندە بە تین نەببوو، بە تەواوی هێز و بڕستیان لێ بسێنێ و جوانی و دڵگیری ئەو شاخە سەر بە ئاسمانانە و ئەو دۆڵە لێژ و پڕ دار و دەوەن و لێڕستانە، هەر حەزت دەکرد بەدیارییەوە ڕاوەستی و بەندیان بەسەردا هەڵبڵێی.

مەلا بەختیار سەری لە دەرگای بارەگاکە دەردێنێ، کە فاروق و هاوڕێیانی دیکە دەبینێ، پێشوازیەکی گەرم و گوڕیان لێدەکاو، دەیانباتە ژوورەوە. ئەو خانووەی بۆ بارەگا دروستکرا بوو خانووێکی لادێیی هاکەزایی، چەند ژووری بوو، مەلا بەختیار، ئەو کات زاوای نوێ بوو، تازە خاتوو ڕووناکی برازای خالە شیهابی گواستبۆوە. دوای دوو ڕۆژان، چەند پێشمەرگەیەکی دیکە گەیشتنە وێ، ئەو نیوەڕۆیە هەموویان دەعوەتی مەلا بەختیار دەبن و سفرەکەشیان گۆشتی قووتوو دەبێ. ئەوکات دوو ڕۆژ پێشتر، لە ڕێی تارانەوە، مام جەلال بەرەو سووریا سەفەری کردبوو.

لەم سەفەرەدا فاروق و چەند هاوڕێیەکی، بەرەو بارەگای نەوشیڕاون مستەفای دەچن، بە نیازی بینینی، لە ڕێگا تووشی یەکتری دەبن، دوای هەواڵپرسین و تەعارف کردن، کە ئەوە یەکەمین جار دەبێ فاروق لە نزیکەوەی پێی ئاشنابێ، نەوشیڕاون دەیەوێ بزانێ دەنگوباسی خوارێ چییە؟ فاروق باسی شەڕەکەی ئیلەڵاو جموجۆڵی جاش و هێزەکانی سوپای بە وردی بۆ دەکات، هێندێ لە هەواڵەکان دیار بوو پێشتر گەیانداربوونەنەوشیڕوان مستەفا و عیلمی هەبوو.

دوای کۆبوونەوەیەکی گەرم و گوڕ، کە تێیدا باسی گۆڕانکاریی و پێشهاتەکان کرا، جەمیل ڕەنجبەر کە سەرپەرشتی کۆبونەوەکەی دەکرد، چەند پارچە چەکێك کە هەمووی کلاشینکۆفی سۆخۆی بوون، بەسەر پێشمەرگە میوانەکان دابەش کرد. ئەرك و کاری هەر یەکێکیان دیاریکرا. فاروق لە هەرێمی هەشت، کاروباری ڕێکخستنی دەشتی هەولێری پێسپێردرا. سنووری هەرێمی هەشت زۆر فراوان و پان و بەرین بوو: لە مەلەکانەوە هەتا ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان و ئالانەی دەگرتەوە. شێخ سلێمانی بالیسانی بەرپرسی ڕێکخستنی دۆڵی بالیسان و ئالانێ

بوو. مامۆستا ساڵح سولاوکەیی بەرپرسی دۆڵی هیران و نازەنین بوو. مەلا غەفوور عاڵلاوەیی بەرپرسی دۆڵی سماقوڵی و ناوچەی بناری سەفین بوو. شۆڕش حاجی بەرپرسی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە بوو. هەژار کانیمارانی بەرپرسی دۆڵی خەلەکان و بناری کۆسرەت بوو. فەرماندەی هەرێم شێخ عەلی بوو و جێگرەکەی عەلی ساڵح بوو. هەرێمی هەشتی هەولێر، دابەشکرا بوو بەسەر چەندان کەرت: کەرتی خۆشناوەتی ئازاد خۆشناو بەرپرسی بوو، کەرتی دەشتی هەولێری عەلی ساڵح فەرماندەی بوو. مەجیدی مەلا فەتاحیش بەرپرسی کەرتی کۆسرەت بوو.

یەکێك لە چالاکییە دیاریکراوەکانیان، ئەوە بوو، کە بە هێزێکی گەورە و تۆکمە و پۆشتە و پەرداغ بە چەك و تیفاق، جەولەیەك بکەن، لە زۆربەی ئەو شارە دێ و گوندانەی دەستیان پێڕادەگا. نزیکەی چوارسەد پێشمەرگە لەژێر فەرمانی مەلابەختیار هاتنەخوارێ. شێخ عەلی، کە فەرماندەی هەرێم بوو سەرقاڵی کارێکی دیکە بوو بۆی نەدەکرا لەو جەولەیەدا هاریکار بێ. ئەرسەلان بایزیش وەکو لێپرساوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی سنووری هەولێر، یاوەریان بوو. کە دەگەنە دۆڵی ئاکۆیان، سواراغای سەرکەپکان، کە فەرماندەی هەرێمی یانزدە بوو، پێشوازییەکی پڕدەرانەی گەرم و گوڕیان لێدەکات، سێ ڕۆژ میوانی ئەو دەبن. لە ڕێی سایە و سێوەکان و مەلەکانەوە خۆیان دەگەیێننە دەرەشیر، لەوێدا دابەش دەبن بەسەر شیرێ و بالیسان و شێخ وەسانان و بێراوە. دوو ڕۆژ لەو دەڤەرانە مانەوە، ئەوجا بۆ ڕۆژی سێیەم ڕێی گوندی چیوەی دەگرنەبەر، نیوەڕۆیەکەی دەگەنێ. هەر ئەو ڕۆژە حەمەی حاجی مەحموود و پێشمەرگەکانی بەسەر بۆسەیەکی سلێمان بیرێژی کە سەربەقیادەی مۆقەتەبوو دادەکەون و شەڕ دەست پێدەکات و زوو مەلا بەختیار و

هێزەکەی یاوەریان دەیانگەنێ و حەمەی حاجی مەحموودیش بەرەنگاریان دەبێتەوە و بوێرانە ڕاویان دەنێ و دەیانشکێنێ، پێشمەرگەیەکی هێزەکەی حەمەی حاجی مەحموود شەهید دەبێ. جا هەر دوای دە ڕۆژێك ئەو سلێمان بیرێژییە بە دەسیسەی ڕژێمی بەغدا، بەدەستی عەولا تورگ، لە گوندی ئەسپینداره، کوژرا. پێشمەرگەکان بەردەروام بوون لەسەر تەواوکردنی جەولەکەیان، هەر شەو و ڕۆژەی، وەك پیشەی هەمیشەیی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی، ڕوو لە گوند و دێیەك دەکەن، سەر لە دۆڵی نازەنینێ دەدەن و بە گوندی سناوە و کۆلکەڕەش و کاموسەك تێدەپەڕن و دەچنە دۆڵی سماقوڵی. هەر لەوێ حەمەی حاجی مەحموود و هێزەکەی کە لەگەڵی بوون دەنێرنەوە سەرکردایەتی. تا سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی عێراق - ئێران لە (٢١ی ئەیلولی١٩٨٠)، ئەو هێزە گەورە، کە فاروقیشیان لەگەڵ بوو لەو گوند بۆ ئەو گوندی دەڤەرەکە دەگەڕێن و بانگەوازی شۆڕشی نوێ لە نێو جەماوەردا دەکەن، لە گۆمەشینەوە بگرە تا بەردێر و بلەبان، بەسەر دەکەنەوە و یەك لەو گوندانە هەرنابوێرن: گوندی شاخە پیسکە، سێگرتکان و داربەسەری گەورە و داربەسەری گچکەو و گۆپتەپەو بانی ماران و بایزاغا و سماقە و ئۆمەرگومبەت. ئەو شەوەی بەیاننامەی سەربازی هەڵگیرسانی شەڕەکە دەستی پێکرد، ئەوان لە گوندی بانی ماران بوون.

هەرچەندە ئەو جەولە وەکو مانۆڕێکی سەربازی ناوچەیی بوو، بۆ نیشاندانی هێز و بەرنامە و پرۆگرامی سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە نوێیە، بەڵام بۆ فاروق، وەکو خولێکی ڕاهێنان بوو، ڕۆژبەڕۆژ باشتر و چاکتر چاوی دەکرایەوە و فێر دەبوو بە چ زمانێ لەگەڵ جەماوەر بدوێ و چۆن بیر و باوەڕ و بەرنامەکانی بخاتە ڕوو و چۆنیش

وەڵامی پرسیار  و سەرنجەکان بداتەوە. لە زۆربەی ئەو کۆبوونەوانـەدا، مەلابـەختیار وتارەکانی بۆ جەماوەری گوندەکان دەدا، خـەڵك بـە گشـتی پێشـوازیان لێـدەکردن و کۆمـەکیان دەکردن و زۆریش چوونە ڕیزەکانی کۆمـەڵە و دەبوونـە پێشـمەرگە. فـاروق ڕۆڵی کادیرایەتی خۆی وەك ڕابەری سیاسی کەرتەکەی خۆی چـالاکانە دەبـینی. لـەو شوێنانەی کە پێیدا ڕەت دەبوون نێوانیان لەگەڵ هاوڕێیانی حزبی شوعی خۆش بـووە و چـەند جـارێکیش فـاروق هـاوڕێ حەسـەن کاکـەی بینیـووە، دوای تـەواوکردنی جەولەکە، پێشمەرگەکان دەگەڕێنەوە بەرەو خۆشناوەتی. پاش ماوەیەك شـێخ عـەلی بەرپرسی هەرێم، کۆبوونەوە بـە پێشـمەرگەکان دەکـات، فاروقیشـیان لەگـەڵ دەبـێ، دەچنە دۆڵی بالیسان و مەلەکان، دواتر فاروق لەگـەڵ بیسـت پێشـمەرگەیەك دەچـنە دەشتی هەولێر و تا ساڵی(١٩٨٢) لەوێ وەك ڕابەری سیاسـی کـار و چـالاکی خـۆی جێبەجێ دەکا. بە گوێرەی بەرنامەی سەرکردایەتی، دواتر هـەرێم هەڵدەوەشـێتەوە و دەکرێن بە چەند قوەتێـك، دواتـر هـەموویان دەکـەن بـە تیـپ. لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٨٣) فاروق دەگوێزرێتەوە بۆ تیپی(٩٣) ی کۆیە، کە شەماڵ باخ سەرتیپی بووە. دواتر فاروق دەبێتە ڕابەری سیاسی تیپی(٨٣) ی هەورێ.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێـران، ئەگەرچـی سـوپای عێراقـی زۆر سست و کز و مات بوو، پێشمەرگە هەر شەڕی دیفاعی دەکرد و زۆر کەم پـەلاماری هێزەکانی سوپایان دەدا.

ڕووداو و یادەوەرییـــەکانی ڕۆژانـــی ئـــەو ســـاڵانەی دوایـــی، بـــە خۆشـــی و ناخۆشـــییەکانیانەوە، بـــە جـــوانی و ناشـــیرینییەکانیانەوە، بـــە پـــیرۆزی و نەفرەتلێکراوەکانیانەوە، تابلۆی تەمـەنی فاروقیـان نەخشـاند و بـوون بـە بەشـێکی

فەرامۆشنەکراوی بیرەوەرییەکانی. لە کۆنفڕانسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕنجدەرانی کوردستان، کە لە ئایاری ساڵی (١٩٨١) لە مالیمۆس بەرانبەر کانی زەردی سەربە سەردەشت بەسترا، لەکۆنفڕانسی دووەمیشدا، کە دوای دووساڵی دی لەخڕی نێوزەنگ بەسترا، فاروق وەك ئەندام تێیاندا بەشدار بوو.

شەوێکی بەهاری ساڵی (١٩٨٠) مەفرەزەیەکی مەندە حەمەدەمین و فەرەج کە بەرەو شیوەشان و قازبەگیان دەچن، تارمایی چەند چەکدارێك لەسەر جادەی قیرەکە دەبینن و یەك و دەستڕێژیان لێدەکەن، زوو فاروق و حەمیدی کەریم شانە کە تازە لە سەرکردایەتی گەڕابوونەوە، دەنگی مەفرەزەکە دەدەن و خۆیانیان پێدەناسێنن. هەر ئەو شەوە هەموویان دەچنە گوندی ئیلەللا و شەوەکەی لە مزگەوت بارگەی لێدەخەن، پێش مەلابانگدان، زانیارییەکیان پێگەیشت، کە هێزێکی جاش و جەیش بەڕێوەیە، ئەوانیش زوو خۆیان دەبەستنەوە و ڕوو لە چیای سەکوژێ دەکەن، کە لە بەینی کانی کوردەو ئیلەللایە. کە جاش و جەیش دەگەنە گوندی و بە خەڵکەکە دەڵێن: موخەریبەکان کێوەچوون، ئەوان ئینکاریی دەکەن کە هیچ چەکدارێك پێی نابێتە گوندەکەی وان، بەڵام کە سەربازەکان پێخەف و هێندێ کەرەستەی بەجێماوی پێشمەرگەکانیان نیشان دەدەن، خەڵکەکە قسەیان بۆناکرێ... لەو چرپوچۆپەدا دەبن، سەربازێك ڕەفیقی حاجی عەلی لە بن کەپکە شاخێك دەبینێ و دەنگی دەداو هاوار دەکا:

ـ قف... سلم نفسك!

ڕاستەوخۆ ڕەفیقی حاجی عەلی لێی وەدەست دێ و تەقەی لێدەکاو لە هەموو لایەك دەبێتە تەقە و حەشرو حەلا، نائیب زابتێك کە دەیەوێ لەگەڵ(١٢) سەرباز ڕووەو

شاخەکان، بۆ پێشمەرگەکان بچێ، پێنجیان لێ بەردەدەنەوە و ئەوانی دیکەش شەت وپەت دەبن و دەگەڕێنەوە، ئەحمەد بڕنەو و تۆفیقی قەیسەری هەر دوو گوللە ئارپێچییان پێدەبێ، کۆپتەرێك دەپێکن و لە نزیك گوندی بۆگد بەردەبێتەوە، شەش سەعات لە شەڕکردن و بەرەنگار بوونەوەی ئەو هێزە، پێشمەرگە کشانەوەو هەر حەسەنی مام عەلییە سووری شیوەجانیشیان لێ بریندار دەبێ. دەچنە کێلەزیندانێ و دواتر شۆڕدەبنەوە بۆ قولقولە و تەکەڵتو، مەندە حەمەدەمین پێشمەرگەکان کۆ دەکاتەوەو پێیان دەڵێ:

- وەرن مەعاشتان دەمێ!

توومەز(٧٥) دیناری لە سەربازە کوژراوەکان دەستکەوتبوو، بەسەرپێشمەرگەکانیدا دابەشی دەکات. چەکە دەستکەوتووەکانیش بۆ شۆڕش دادەنێ.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٨٠) فاروق لەگەڵ نزیکەی سەد پێشمەرگە کە لەژێر فەرمانی شەهید ملازم کەریم و عەلی ساڵح، کەجێگری هەرێمی هەشت و فەرماندەی کەرت بوو، دەچنە گوندی قەڵاسنجی سەرووی بناری سەفین، (سەید کەریم)یشیان لەگەڵ دەبێ، کە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و سەپەرشتیاریی هەرێمی هەشت دەبێ، شەوەکەی لە مزگەوت دەخەون، کە بەیانی بۆ قاوڵتی دابەش دەبن بەسەر ماڵەکاندا، لە بەرزاییەکی خوار دێ، گوێیان لە تەقەی کلاشینکۆفێك دەبێ، پشێوی دەکەوێتە ناو گوندی، زوو پێشمەرگەکان تەوزیع دەبن و جێگەی خۆیان دەگرن و شەڕ لەگەڵ مەفرەزەیەکی خاسەی سەر بەڕژێم دەست پێدەکا، کە بە پاڵپشتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز بۆ پەلاماردانی ئەوان هاتبوون. لە گەرمەی

شەڕەکەدا گولـلەیەك بە شلکەی ڕانی فاروق دەکەوێ و بریندار دەبـێ، هـەر چۆنێك دەبێ خۆی دەگەیێنێتە پاڵ دیوارێك و خێرا  پارچەیەك لـە پشـتێنەکەی دەکاتـەوە و توند دەیبەستێتەوە، تا دەهـات شـەڕەکەش گـەرمتر دەبـوو، وایلێهـات بـووە شـەڕی دەستەویەخە، مامۆستا حەسەن مەخموری، ناسراو بە مامۆسـتا کـاوە، کـە ڕابـەری سیاسی هەرێمی هەشت بوو، شەهید دەبێ و قاسـم کرێکـار و مـەلا سـەدر و سـەید کەریم بریندارەدەبن.

ئـەو دەمـەی فـاروق لـە بالیسـان جێگـری تیپـی(٨٥)  ی بەڕانـەتی بـوو، بـە برووسکەیەك لە مام جەلالەوە، بەپەلە، بانگێشت دەکرێ بۆ بارەگای سەرکردایەتی، خۆیی و لیوا سمکۆ دزەیی سڕکرابوون، کەدەگاتە بارەگا، لەوێ لە خانووێکی بچووکدا لەگەڵ شێخ عەلی و شێخ جەعفەر و مـام ڕۆسـتەم و مامۆسـتا شـاهۆ بـەکر حـاجی سەفەر...تاد دەیانهێڵنەوە، ئـەوان ئـەو خانووچـکەیان نـاو نـابوو "قەلەندەرخانـە". کاتێك فاروق دەیەوێ هۆکاری سڕبوونەکەیان لە زاری مامەوە ببیستێ و بزانێ. ئـەو دەینێرێتە لاینەوشێروان مستەفا. کە فاروق دەگاتە بیرۆ، لە نێوان بالیسان و خەتێ، ڕاستەوخۆ چاوی بەنەوشێروان مستەفا دەکەوێ و دوای چاك وچۆنی، دەڵێ:

ـ هاوڕێنەوشێروان، من هـاتووم بـۆ ئـەوەی بـزانم لەسـەر چـی  ئـەمن لێخـراوم و سڕکراوم؟

نەوشێروانیش ڕاشکاوانە پێیدەڵێ:

ـ کاك فاروق تۆ و هاوڕێیەکەت مەلا بەختیار بە عێراقچییەتی مەشهورن!

ـ قوربان، ئەگەر من عێراقچییەتیم بکردابوایـە، ئـەوا وەکـو بـاوکم دەچـوومە ڕیـزی حزبی شیوعی و ئەکیـد پلـە و پایـەیی باشیشـم پێـدەدرا، چـونکە بەنـدە کۆمەڵـەی

ڕەنجدەرانی کوردستان، بە بزوتنەوەیەك دەبنم کە پڕاو پڕە لـە کوردسـتانییەتی، بۆیـە ئەوم کردۆتە بژارەدی خەباتم بۆ ئەم خاك و نەتەوەیە...

ـ کاك فاروق، وا پێدەچی زۆر بێویژدانانە ڕاپۆرتیان لێدابی، خـۆم دواتـر لەگـەڵ مـام جەلال قسە دەکەم.

هەرچەندە، سڕکردنەکە و لێپێچینەوەکانی سـەرکردە، لـە ناخـدا فاروقیـان نیگـەران کردبوو، چونکە ئەو بە باوەڕێکی پاکەوە ئەو ڕێبازەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، قـەتیش ئامادە نەبوو تەنافبازی بکات ودڵڕەنجاندنەکەی هانی بـدا بچـێتە بەرەیـەکی دیکـە، زوو بەپیر بانگێشـتی مامـەوە دەچـێ و مـام پێـی دەڵـێ :" وا تـۆ بوویتـە جێگـری تیپی(٨٦) ی دەشتی هەولێر. کە هاوڕێ سابیر ڕەسووڵ سەرتیپیەتی".

فاروق کە لە ساڵی (١٩٨١)، لەگەڵ سەباح و پێشەوای بـرای، یەکـەم دیـدەنی مـام جەلال دەکەن، واباسی مام دەکات و دەڵێ:

مام لە توژەڵە بوو، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردین. ڕادیۆیەکی دانـابوو گـوێی لە دەنگوباسیێ(BBC) ی دەگرت و سەرقاڵیش بوو بە نووسینی نامەیەکی بەردەستی و وەك هەموو هەست و هۆشیشی لای ئێمە بێ قسەی لەگەڵ دەکردین. من لە دڵـی خۆمدا دەمگوت، دەبێ ئەو زاتە هەر یەك مێشکی هەبێ یـان دەبـێ کەلـلەی ئـەو سێ مێشکی تێدا بێ؟ دەنا چۆن دەتوانی گـوێ لـە دەنگوباسـەکە بگـرێ، وەك بڵـێ هەموو هۆشی لە لای ڕادیۆیەکەیە، چۆن دەتوانی وا بە دیقەت و وردبینی نامـەکـەی بنووسێ، وەك هەر خۆی و خۆی دانیشتبێ و خەریکی نووسینی ئەو نامەیە بێ، یان وەك ئەوەی هەر ئەو چوارەمان بەیەکەوە بین و چاو لە چاو قسـە بکـەین و ئاگـاداری هەموو قسە و وتەکانی ئەو بین. مام گوتی:

کاکە فاروق، باوکت مامۆستای من بوو، جارێ پێیوتم، بۆ نابیەت ببیتە شیوعی؟ منیش لێم پرسی: ئێوە نەتەوەیین یان ئومەمین؟ ئەویش گوتی: ئێمە ئومەمین. منیش گوتم، کەواتە نابم بە شیوعی.

باوکم لە چەندان دانیشتندا دەیگێڕاوە، بە گوتەی فاروق، کە مام پۆلی دووی سەرەتایی بووە، ئەوکات، مام پەتێکی لە مەترەقەدارێك دەخست و لە شانی دەکرد، دەیگوت ئەوە تفەنگە، من بەو تفەنگە حەقی کورد وەردەگرم!

لەو سەفەرەدا فاروق کۆمەڵێك پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، لەوانە: جەباری حاجی قادری، ئەحمەد سماقە، مەولودی حاجی قادری ناسراو بە ئاسۆ و سەلیمی شاخە پیسکە و ساڵحی وەستا مەحموودی ناسراوە بە ساڵحە قەڵەو، پێشەوای برای فاروق و هەژار محەمەدی مەولود، کە ئامۆزای خۆی بوو. کە مام بڕیارنامەکە دەداتە دەستی سابیر ڕەسووڵی سەرتیپی(٨٦) ی دەشتی هەولێر، زۆر پێخۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ. کە لەگەڵ هەموو فەرماندەی کەرتەکان کۆدەبێتەوە. محەمەد شینە و مامەند مەنتك و سەلاح شینەو فەقێ گۆمەشینی و خالیدی حاجی ئامادە دەبن. لەوێ، دوای ناساندن فاروق، پەسنی ئەویان بۆ باسدەکات کە نموونەو ڕابەرە لە پاکی و دڵسۆزی و بوێری، ئەوانیش پەیمانی پشتگیری و هاریکاری بۆ ئەو نیشاندەدەن. دوای دەستبەکار بوونی ڕۆژانە فاروق بەسەر بارەگایەکاندا دەگەڕێ و کۆبوونەوە بە ئەندام و لایەنگرەکانی دەکات و زۆرترین جەماوەر لەدەووری خۆیدا کۆدەکاتەوە. فاروق دەڵێ:

هەر لە مانگی تشرینی یەکەم، بەڵام ساڵێك دواتر، مام جەلال داوای کردبووم، لەسەر ئەوەی کە دەمەتەقێیەکمان ببوو لەگەڵ بزوتنەوەی سۆشیالست هێڵی گشتی لە وەرتێ. ئەو جارە مام گلەیی زۆری لێکردم و داوای لێکردم کە دەبێ ئاشتەوایی و

تەبایی نێو خۆمان وەك بیلبیلەی چاومان بپارێزین، لە گەڕانەوەم بەرەو وەرتێ، جەوهەری عومەری عەلییەگۆجی و دوو پێشمەرگەی دیکەشم لەگەڵ بوون، کە ئەوانیش هاتبوونە سەرکردایەتی. زستانێکی یەکجار سەخت و تووش و ناخۆش بوو، دوو چۆك بەفر کەوتبوو، لە بەیانییەوە بەڕێکەتبووین، تا لای ئێوارە هەر ڕۆیشتین و بە ناو ئەو بەفر و بەستەڵەکەدا ڕێمان دەبڕی، یەکێك لە پێشمەرگەکان لەسەرمان هات ببورێتەوە و ئەژنۆی شکا و هێزی لەبەر بڕا، دەست و پەنجەمان وەکو کۆلکەدار ڕەقببوو، بە زەحمەت دەجوولانەوە، زوو فیشەکدان و تفەنگ و مەخزەنەکانمان لێکردە و زۆر هەوڵماندا بەفری لەسەر قاچەکانی لادەین و بە شێلانی شان و مل و ڕانەکانی نەختێ گەرمی بکەینەوە و هێزێکی بێتەوە بەرێ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، دەهات ببێتە یەك پارچە پەڕۆ، ئێمەش هێندە هیلاك ببوین کەسمان ئەو هێزەمان تێدا نەما بوو، لە کۆڵێ خۆمانی کەین و بیگەیێنینە جێیەك. کە زانیم هەرچەندە داوای لێدەکەین کە هەڵسێتەوە تەکانێك بداتە بەرخۆی هیچ سوودی نەبوو، منیش یەکسەر میلی کلاشینکۆفەکەم لێ ڕاکێشا و نەختێ لێی کشامەوە هاوارم کرد:

ـ ئیمە بە زیندوویی بەجێت ناهێڵێن، یاللا، زوو پێناسەکەی لە گیرفانی دەرێنن و من دەیکوژم با گورگ بیخوا؟ ئێ چی لێبکەین؟ با بە زیندوویی نەکەوێتە دەست دوژمن.

هەر مەبەستم بوو بیترسێنم، یەکسەر بە زمانێکی قورس گوتی:

ـ کاك فاروق مەمکوژە لەگەڵتان دێم.

هەرچونێ بوو تەكانی دایە قاچەكانی و نەرم نـەرم دەسـتی كـردەوە بـە ڕۆیشـتن، شەوێكی یەكجار سەخت و دژوار بوو، وەك دەڵێن شەو قەڵای مێردانە. دوای عـەزاب و مانـدوبوونێكی یـەكجار زۆر دەوری سـەعات دوانـزادەی شـەو گەیشـتینە گونـدی بەرگرتك، زوو خۆمان بەیەك دوو ماڵاندا كرد، پیرەمێردێكی دونیا دیتە، كە ئێمـەی بەو حاڵە بینی و باسی میحنەتی ئەو سەفەرمان بۆكرد، پێیگوتین:

ـ بابی بابم، وەرن دانیشن، ئەوە تەزوو و سەرمای ئەو بەفرە ئێـوەی ئـەنگاوتووە، نەكەن تخوونی ئاگردان ببنەوە، وەرن دانیشن، دەبێ خۆم ئێستا عیلاجتان بكەم، دەنا قاچەكانتان بە بڕینەوە دەچن.

من و جەوهەر چوینە ماڵی مام سلێمانی بـرای قـادر خـەباتی، یەكسـەر قاچیـان خستینە ناو تەشتۆكەك ئاوی شـلەتێن، بـۆ ماوەیـەك تـا وەردە وردە ساردایەكە لـە قاقچمان دەرهات، ئەوجا لچكە بەتانییان جوان جوان لە قاچەكانمان وەرپێچا تا وردە وردە گەرم بوونەوە و تینێكمان هاتەوە بەر. جگە لەو سەرمایەی لـە قـاچ و پشـت و سەروكەلـلەی دابووین زۆر زۆریشمان برسـی بـوو، بـەو نیـوە شـەوە دەفرێـك گـوێز و گونجی وردكراو و چای شیرین و نانی تیرییان بۆ هێناین و تێر و پڕمان لێخوارد، ئـەو خواردنەی ئەو شەوە خواردم تاكو ئیستاش تامی لەزارم ماوە، سوێندێ دەخۆم قـەد هیچ حەلوا و پاقلاوەم نەخواردوە وەك ئەو گوێز و كونجی و چایە خۆش و بە تام بـێ. بە هەمان شێوەی مە، دوو پێشمەرگەكەی دیكەشیان گەرم كردبۆوە.

بۆ بەیانی بینیمان، قاچمان تەواو ئاوساوەو شین و مۆر بۆتەوە، گوتیان دەبێ لێرە بن و پشوو بدەن تا قاچتان دەنیشێتەوەو چاكتر دەبن، سـێ ڕۆژان ماینـەوە، هـەموو ڕۆژێ خەنەو ڕوونیان تێكەڵدەكرد و وەكو مەرهەم لە قاچیان دەداین، دەیانگوت ئەوە

دەرمانی ئەو سەرمایەیە، دەیانوت وانەکەن تووشی لارەشە دەبن و قاچەکانتان دەفەوتیّ.

له دلڕا، دلّی پێشمەرگە قاچ سووتاوەکەم چاککردەوە، ئاخر ئەو بە تەواوی هێز و برستی لێبڕا بوو، خۆ ئێمەش هەر چەند دەقیقەیەکی دیکە ڕاوەستابووینایە و نە جولابایینەوە، خوێنمان دەیبەستا، خۆ نەدەکرا بەجێی بێلّین و بۆشمان بە کۆلّدانەدەدرا و پێمان هەلّنەدەگیرا، یان دەبوایە هەر چوارمان لە ناو بەفرەکە ڕەق ببینەوە گورگ بمانخوا، یان دەبوایە ئەو شانۆگەرییە سازبکەم، ئەوجا ئەو بیرۆکەم چۆن بۆهات؟ جاریك لە ترسی فڕۆکە پیاوێك خۆی پەستابووە ناو کلۆرە دارێکەوە، بە چوار زەلامان بۆیان لە ناو کونەدارەکە دەرنەدەهات و پێیان دەگوت، بەس پێمان بلّیّ تۆ چۆن چوویتە ناو ئەو دارەکلۆرەوە، ئەویش دەیگوت، کوڕینە ڕۆح شیرینە، لە ترسی ڕۆحی خۆم، بۆخۆشم نازانم چۆن خۆم کوتاوەتە ناو ئەو کونەدارە!

بەیانییەکەی ڕۆژی چوارەم هەستمان کرد کە قاچمان باشتر بووە، بەفرەکە هەرمابوو بەلّام بەرە بەرە دەتوایەوە و ڕیّ کرابۆوە.

کە لەمالّ وەدەر دێن، لەنکاوڕا، فاروق تەواو دلّ و دەروونی تێکدەچیّ و وەکو کەسێکی سەرخۆشی لێدیّ، هاوڕێیەکانی دەوری لێدەدەن و دەشلّەژێن و دەیانەویّ بزانن بۆ وای لێهات، فاروقیش پێیان دەلّیّ:

ـ خۆی بوو....نەتان دی... ئەو چیدەکا لێرە، بۆ هاتۆتە ئێرە؟

هاوڕێیەکانی دەحەپەسێن و نازانن چ بلّێن، لەبەرخۆیانەوە دەلّێن، بسمیلّا.. بسمیلّا! دواتر فاروق، بۆیان دەگێڕێتەوە، کە چاوی بەو چوار کیژە کەوت کە لە داران دەهاتنەوە دار و چیلکەیان بە کۆلّەوەبوو و ماندبوونیان لێکردن، یەکێکیان کت و

مت مەلەك بوو، لە چاوو برۆ و پرچ و ئەگریجەی... هەموو شتێکی لەو دەچوو، بۆیە کۆنە برینی دڵانی بەو دیمەنە کاریگەرە کولابوونەوە.

"لە بەرگرتك بۆ خانەقا نیو سەعات ڕێ بوو، ناوی خوامان لێهێناو بە جێبێکی لاندرۆڤەر چووینە خانەقا، هیچ بازگەیەکی حکومەتی لێنەبوو، لەوێشڕا بە جێبێکی دیکە چوینەوە وەرتێ و سەفەرەکەمان کۆتایی پێهێنا".

لە بۆنەیەکی دیکەدا، هەر لەو ساڵانەدا، مام جەلال بارەگای لە خەتێ دەگوازێتەوە بۆ زیخان، فاروق و کۆمەڵە پێشمەرگەیەك دەچن بۆ پێشوازیی ئەو، لەو دیدەنییەدا مام کورتە پیاسەیەك لەگەڵ فاروق دەکات و زۆر ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەکات و پێیدەڵێ:

ـ برازاکەم، من دەمەوێ تۆ ببیتە سەرپەرشتیاریی ئەو کەسانەی دەچنەوە شاری.(٥٠٠) دینارت بۆسەرف دەکەم بۆ هاریکاری کردنیان و هەزار دیناریش بۆخۆت، بینێرەوە بۆمنداڵەکانت، دەمانچەیەکی چواردەخۆریش دیاریی من بێ بۆتۆ.

وەك برووسکەیەك مێشکی فاروق بتەزێنێ یان تەزوویەکی کارەبای چەند هەزار ڤۆڵتی بە دڵی دابێ، هەستی بە چرکەیەکی غەریب کرد، کە قەد پێش ئێستا شتی وای بەسەر نەهاتبوو، نەیزانی خەیاڵە یان واقیع، خەونە یان بە ئاگایە، دیمەنی ڕوخسار و سیمای مامی لەبەر چاو بوو بە باوکی کە لەسەر ئەسپە شێیەکە لەوی دەڕوانی، وایزانی ئەو باوکییەتی زیندوبۆتەوە و دەمانچە چواردەخۆرەکەی قەدی خۆی دەداتە دەست کوڕەکەی و پێی دەڵی:" بیگرە... خەمی منت نەبێ".

فاروق خێرا خێرا چاوەکانی چەند جارێك دەترۆکێنێ وەك ئەوەی بیەوێ تارماییەك بڕەوێنیتەوە و دەڵێ:

ـ مامە، زۆر زۆر سوپاسی ئەو مەرحەمەتە میهرەبانییەت دەکەم، بەڵام ئێمە وەزعمان، لەخوا بەزیاد بێ، باشە، ئەو پارە ببەخشە بە دوو خێزانی شەهید، ئەوەتا لێرە ڕاوەستاون. دەمانچەکەش، چونکە دیاریی تۆیە بە سوپاسەوە قبوڵمە و شانازی پێوەدەکەم.

ڕاستەوخۆ مام دەست لە ملی فاروق دەکات و ماچی دەکاو بە دەنگێکی پڕ متمانەی خۆشەویستی پێیدەڵێ:

برازا، تۆ بەڕاستی دڵسۆزی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی، من کەسانی وەکو تۆم خۆشدەوێ! هەر ئەوەم لە برازای خۆم چاوەڕوان دەکرد، تۆ کوڕی پیاوێکی شۆڕشگێڕی، تۆ کوڕی کاکم، عەلی..... ئاخ، ئەو شۆڕشەمان تەنیا دوو کەسی کەمە، عەلی مەولود و فاخیر مێرگەسۆری.!

شێخێکی جەربەزەی شەهوەتبازی ڕیشپان، لە گوندی زیخێ، بەناوی نووشتەکردن و دوعاخوێندن، ژن و کچوکاڵی ئەو گوندانەی دەوروبەری دۆشی بوو و فیعلی خراپیشی دەکرد، دوای ئەوەی ژنەی لەسەر تەژگەبەڕێك درێژ دەکرد، دەستی دەکرد بە قورئان خوێندن و دوعاکردن و هات و هاوار، ناوە ناوەش دەستی لە دەست و قاچ و شان و ملی ژنەکە دەدا، ئەوجا لە گەرمەی حاڵگرتنێ بە ژنەی دەگوت:

ـ زۆر باشە، دە ئێستا ئەو دۆخینەی بینەخوارێ!

جا ئەگەر ژنەکە لەڕووی هەڵگەڕابایەوەو خۆی لێ تورە کردبا، ئەوا شێخ زۆر بە ئەسپایی پەنجەی دەستی بۆ سەر سینگێکی دیوار درێژ دەکردو،دەیگوت:

ـ دایکی خۆم، لەبەرت مرم... بۆ خۆت تێکدەدەی، دەهەستە ئەو دۆخینەم بۆ بێنەخوار... ئەوەتا بەو سینگەوەم شۆڕکردۆتەوە، ئەوە دۆخینی مرازانە.

کە فاروق بەوە دەزانێ، ئێوارەیەك، دەچێتە سەر شێخی، بە قورئان و تەورات سوێندی بۆ دەخوا، کە ئەگەر هەر ئەو شەوە نەڕوا و ئەو گوندە بەجێنەهێڵێ، لە خوێنی خۆی دەیگەوزێنێ!

شێخی شەهوەتبازی ملپان، یەکسەر باول و بوخچەو بووزگوڕی خۆی تێکدەنێ و سەرهەڵدەگرێ و زیخێ بە جێدەهێڵێ و ڕوو لە لای خەلیفانێ دەکا و جارێکی دی ناوێرێ ببڕای ببڕای، ڕوو لەوناوە بکاتەوە.

ڕژێمی بەغدا، گەرچی قاچی بە تەڵەی ئێرانەوە ببوو، بەڵام چونکە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سەرۆك جاشەکان، کە ناویان لە خۆیان نابوو موستەشار، خەڵکی خۆفرۆش و فیرار و موتەخەلیفی سەربازییان لە دەوری خۆیان کۆکردبۆوە، ببوونە ئاگرەخۆشەی فیتنەو شەڕ و ئاژاوەو قەتل و عامکردنی خەڵکی بێدەسەڵاتی شار و گوندەکان، زۆریش بە پارەوپوول و ئۆتۆمبیل کڕدرابوون و کلکەسووتە خزمەتی ڕژێمیان دەکرد، قەت پێشمەرگایەتی وەکو ئەو ڕۆژگارە سەخت و پڕ زەحمەت نەبوو. سەرەتای مانگی شوبات، کە فاروق و زیاتر لە هەشتا پێشمەرگەی تیپی(٩٣) ، لەپشت گوندی کانی سوور بەسەرشاخەکانەوە، کە ژمارەیەك کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕێنەوە، هەموویان دابەش دەبن و چاوەڕوان دەکەن بزانن چ ڕوودەدا، پێنج لە کۆپتەرەکان سەرباز لەدەووری گوندی بولقامیش دادەبەزێنن و دووکۆپتەرش دەسووڕێنەوەو شەستیر و موشەکان دەهاوەن، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لەو گوندە دەبن، هەر ئەوان ئارپیچییەك بە کۆپتەرێکەوە دەنێن و شەڕ دەست پێدەکات و ژمارەیەکی زۆریش لە جاش و جەیش بۆ پەلاماردانی ئەو گوندە هاتبوون، فاروق کە ڕابەری سیاسی دەبێ، تێدەگات کە مەحاڵە ئەوان بتوانن لە زێ بپەڕنەوە و بە هانای

هاوڕێیانی حزبی شیوعییەوە بچن، پێشبینی ئەوەش دەکرا، کە ئێستانا ئیستا، هەموو ناوچەکە دەبێتە یەك پارچە ئاگر و پەلاماری هێزەکەی یەکێتیش دەدەن.

ئەورۆژە گوندی بولّقامیش داستانێکی پڕ سەروەری لە مێژووی خەباتی کورد تۆمارکرد، هەموو پێشمەرگەکانیان بە ڕۆحی شەهادەت یان سەرکەوتن بەرەنگاری دوژمن بوونەوە، تەنیا یەك پێشمەرگەیان توانی خۆی دەرباز بکات، باقی بیست پێشمەرگەکەی دی هەموو لەوێ شەهید بوون.

داستانی بولّقامیش، دایکی سەرکەوتی کردە قارەمانێکی نەمری مێژووی شۆڕەژنی کورد، کاتێك جاشەکان، سوێند بە شەرەف دەخۆن کە گەر سەرکەوتی کوڕی ڕادەستی وان بکات، ئەوا نایکوژن و ئەویش جوامێرانەو قەدەمخێرانە تف لەچارەیان دەکات و پێیان دەڵێ:

ـ ئێوە دەمێکە شەرەفی خۆتان فرۆشتەوە، کوا شەڕەفتان هەیە!

لەو داساتانەدا کێوی حەوتدار و شاخەزەردە، دەبنە شاهیدی سەربەرزییەکی کەم وێنە، کە وێنەی ئەو دایکە، لە چاوانیاندا هەڵدەگرن، کە سێ کوڕی پێکەوە بە دەستی خائین و خۆفرۆشان بەبەرچاوییەوە شەهید دەکرێن.

جەنگی خوێناوی عێراق و ئێران ڕۆژ دوای ڕۆژ سەختتر و دژوارتر و خوێناویتر دەبوو، وا پێدەچوو کە ڕژێمی بەغدا لە حیساباتی سەربازیی و ئیستراتیژیی و سیاسی خۆیدا تێکەوتبێ و پێشهاتەکان بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراوبوو. جەنگ پێینایە مانگی حەڤدەهەمەوە، کەچی هیچ کۆتاییەکەی دیار نییە، ئەو دوو دەوڵەتە چنگ بەخوێنە مووشەکی زەوی بە زەوییان بە پایتەخت و شارە قەڵەباڵغەکانی یەکتری دادەدا، وەك بڵێی بە لایانەوە، ئەو مووشەکانەی کاغەز و کۆلارەبن و هیچ

بەزەییەکیان بەو خەڵکە نەدەهاتەوە. ئاسەواری ئەو شەڕە دەهات بەسەر ڕژێمدا وردە وردە دەرکەوێ، خەڵکی لە هەر چوار ئیقلیمی عێراق بێزار ببوون، ماڵ نەبوو چەند کەسێکی ڕاپێچی بەرەکانی جەنگ نەکرابن و ڕۆژیش نەبوو جەنازەی کوژراوەکانی بەرەکانی شەڕ بۆ شار و شارەدێیەکانی عێراق نەیێنەوە، باری ئابووری وڵات لە دارِمان دابوو، بە هەزاران هەزار کەس یان فیرار یان موتەخەلیفی سەربازیی بوون، شەڕە قورسەکە کەوتبووە شاری موحەمەرەی خواروی ڕۆژئاوای ئێران، کە لەگەڵ زەویدا تەختکراو ئێرانییەکان ناوەکەیان لە (خورمشهر)کردە (خونین شهر)، لەو دیوی سنووریشەوە ئێرانییەکان خۆیان بۆ ئەو هێرشە تەیار و ئامادە دەکرد، کە ناویان لێنابوو (فتح المبین). خەڵکی عێراق پێشبینی ڕوخانی ڕژێمی سەددامیان دەکرد و چاویان کرابۆوە و ترسیان ڕەویبۆوە، لە سەرەتای مانگی گوڵان لاوە خوێنگەرم و نەبەردەکانی قەمتەران، ڕاپەڕین و هاتنە سەر شەقام و جادەی نێوان ڕانیەو کۆیەیان کۆنترۆڵ کرد، سەدای ئەو ڕاپەڕینە خێرا بە ناوچەکە بڵاو بۆوەو لە کۆیەش خوێندکار و لاو و ژن و پیاو لە ماڵ هاتنە دەرەوە و دەستیان کرد بە خۆپێشاندان، زوو مەفرەزە پێشمەرگەکانی نزیك کۆیە بە هانای خۆپێشاندەرە ڕاپەڕیوەکانەوە چوون، شەوانە بە ئارپێجی پەلاماری مەنزومەو دائیرەی ئەمن و بارەگای جاشەکانیان دەدا و پێشمەرگەی شاریش خۆیان خزاندبووە نێو ڕیزی خۆپێشاندەرەکان.

شەو فاروق خۆی دەگەیێنێتە گەڕەکی جەمعیەو سەرباغ و بە بڵندگۆ لە کۆڵانەکاندا هاوار دەکات، کە ڕۆژی ڕاپەڕینە و ڕۆژی کۆتایی هێنانە بەو ڕژێمە خوێنڕێژە.

له گەڕەکی سەرباغ، خۆپێشاندەران درووشمی: (بژی گەل، هێزی گەل، دیموکراسی بۆ گەل)، دەڵێنەوەو بە جادەو کۆڵانەکاندا وەردەبن، شەڕ دەکەوێتە نێوان خۆپێشاندەران و پیاوانی ڕژێم، ئەحمەد عەبابەکر، پێشمەرگەیەکی نێو خۆپێشاندانەکە بوو، یەکێك لە (ئەمنەکان) چەك دەکات و لە عاردی دەگەوزێنێ، بەڵام لەپشتەوە، ئەمنە چەکدارەکانی دی تەقەی لێدەکەن و شەهیدی دەکەن، لەو خۆپێشاندانەدا خاتوو شوکریە قادر حەسەن و فەهاوی حوسێنی مام تەهای شەهید دەکرێن، هەشت کەسیش بریندار دەبن لەنێوانیاندا دوو کچ بوون. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارەکان دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن.

دوای ئەوەی کە فەرماندەی هێزی دەشتی کۆیەو خەلەکان، مامۆستا عەزیز ڕەسووڵ ئیبراهیم، لە هێرشێکی ئازایانەیدا لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی (١٩٨١)دا، بۆ سەر مەنزەمەی بەعسییەکان لەناوجەرگەی کۆیە، بریندار دەبێ، فاروق کەڕابەری سیاسی دەبێ، دەبێتە سەرپەرشتیاری تیپی(٩٣) ی کۆیە. لەهێرشەکەی مامۆستا عەزیز، ژمارەیەك جاش دەکوژن و هەندێکیش بریندار دەکەن، بەڵام ئەحمەد بڕنەو و یەکێتی مەجیدی ئامۆزای شەهید دەبن و جگە لە مامۆستا عەزیز، قادر تیمارۆکی و شەمدین و ئەمیر تیمارۆکیش بریندار دەبن.

جەواب بۆ تیپەکەی فاروق دێ کە هیزەکانی سوپا و جاش هێرشیان کردۆتە سەر بنکەکانی پێشمەرگە لە بناری سەفین، ئەو کات مولازم سەید کەریم، کە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری بوو، سەرپەرشتی هەموو تیپەکانی دەکرد و عەلی نەبی سەرتیپی تیپی(٩١) ی سەفین بوو و مولازم خوولە سەرتیپی(٨٣) ی هەورێ بوو و قادر خەبات لێپرساوی هەرێمی(٧) بوو. فاروق بەخۆی و(١٢٢) پێشمەرگەوە

بەهانایانــەوە دەچــن، لــەژێر دەســترێژی تــۆپ و تانــك و دۆشــکەی دوژمنــدا خۆیــان دەگەێننە پێشمەرگە گـەمارۆدراوەکان، کـە لـە بەرزاییـەکانی  هیشـکۆری زیـارەتی دامـەزرابوون. لەو هێرشەدا نە یەك  پێشمەرگە شەهید بـوو نـە بریـندار،(٤) زیـل و (٤) تانك و سەدان جاشی ڕووڕەشیان بەزاند و فریای پێشمەرگەکان کەوتن و دەربـاز بوون. شایەتحاڵەکان بینیبوویان، کە خوێن لەو زیلانە دەچۆڕایەوە کە بـەرەو دەربەنـد پاشەکشەیان دەکرد و هەڵدەهاتن.

## (٨)

## (گولـله ئارپێچییەكی غەدار)

دۆزەخی جەنگی عێراق - ئێران درێـژەی كێشـا، نزیكـەی سـی و شـەش مـانگی تێپەڕاند و حەفتە دوای حەفتە و مانگ دوای مانگ، شەڕ و هێـرش و پـەلاماردانی یەكدی، خوێناویتر و دڕندەتر دەبوون، لە دەنگوباسەكاندا كوژراوەكان هەر بە ژمـارە هــەزار بــاس دەكــران و یەخسـیر و دیلـیش بێشــومار بــوون و هــەردوو لاش لــە هێرشەكانیاندا خۆیان بـە بـراوە و سـەركەوتوو دادەنـا. هەرچـی میـدیا و ڕاگەیانـدن هەبوو لـە خزمـەتی ئـەو جەنگـە نەگریسـەدا تـەوزیفكرابوو. سـەرت بـۆ هەرلایـەك هەڵدەبڕی نووسرابوو: كل شئ من اجل المعركة. كلنا مشروع لآستشهاد. قادسية، قادسية طريقنـا، نصرنا... شەڕی قورس لە زەوی و دەریا و ئاسمان بۆ یەك دەقیقـە ڕاوەسـتانی نـەبوو، بۆردومانكردنی شارەكان بە فڕۆكە، شارەكانی كوردستانیشی گرتبۆوە، ڕۆژێكیان لـە یەك سەعاتدا فڕۆكـەكانی عێـراق و فڕۆكـەكانی ئێـران دەڤـەری كۆیـە و نـاو شـاری كۆیەیان قەسف دەكرد. سەدان خـەڵكی سڤیل لـە هـیچ و خـۆڕایی ڕۆژانـە دەبوونـە سـووتووی ئـەو جەنگـە خوێناوییـە. سـەربازێكی بێشـومار لـە بـەرەكانی شـەڕدا هـەڵاتبوون و دوو هێنـدەش مەتەخـەلیف و مـەخفی بـوون. بـارودۆخی وڵات هێنـدە

دژوار و سـەخت و شـێواو بـوو کـە بـە زار باسـناکرێ. لـە گرتەیەکـدا سـەددام بـۆ شەهیدەکانی خۆی دەگریا و خەڵك بە ئاشکرا دەیانگوت:

ســەددام بۆیە گریاوە / جەیش و جاشی نەماوە.

چـالاکی بـەردەوامی هێزەکـانی پێشـمەرگە، لـە هـەموو دەڤـەرەکانی کوردسـتان ڕژێمی بەغدای هێنابووە زەلزەلە، شەو هەبوو لـە یـەك دەنگوباسـدا، سـی چالاکی بەزەبر و کوشندەی هێزەکانی پێشمەرگە لەئیستگەدا دەخوێندرایـەوە. بەندیخانـەکان پڕپڕببون لە ئەندام و لایەنگر و هەواداری هەموو حزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و پشکی شێریش بەبەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کـەوتبوو. لـەو ڕۆژەدا هاواریـان دەکرد: قەندیل بەغدای هەژاند!

لەو بارودۆخە جەنجاڵ و ئاڵۆز و تاریکەدا، ڕژێمی بەغدا، هەوڵی دەدا، کارێك بکا هـەر نـەبێ چـالاکییەکانی هێزەکـانی پێشـمەرگە خامۆشـکات و بیانوەسـتێنێ، تـا دەستکراوە بێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فارسەکان. ئەوەبوو لـە کۆتـایی سـاڵی(١٩٨٣) فسکەفسکی گفتوگۆی نێـوان ڕژێمـی بەغـدا و سـەرکردایەتیی یـەکێتیی نیشـتمانی کوردستان، لێرە و لەوێ دەبیسترا. جا بۆ ئەوەی ڕژێم خۆی وا نیشان نەدا کە لاوازە، چەك و تفاقێکی زۆری بەسەر ئەنوەر بەگی بێتواتە و جاشەکانی پشدەر دابەشـکرد و زۆر گوندیان لە بەردەستی هێزی شۆڕش دەرهێنا، وەکو گرتـك و هەرتـەل و زێـووە و بەروژدە و نێوە و مێرگەسەر و وەرێ و سوێرەرە و چیوەی سەرو و چیوەی خوار و زۆر جێگــەی دیکــەش. ئەمــەش هێزەکــانی یــەکێتیی نیشــتمانی ناچــارکرد، بــۆ پارێزگاریکردن لە بارەگا و شـوێنەکانی خۆیـان و بـەرەنگاریان ببنـەوە و پـەلاماریان

بدەن. شەڕێکی قورس بەرپابوو، خودی مام جەلال لە مامکۆك وەك هێرشبەر بەشداری تێداکرد، عەلی نەبی یەك بەخۆی هاواری دەکرد:
ـ کوڕە مام جەلال بگەڕێوە... تکای خوات لێدەکەم بگەڕێوە... تۆ بۆ ئێمەیان واز لێبێنە.

لێ مام لە پەلاماردانی ڕەبییەکانی سەر ماکۆکی هەر بەردەوام بوو. فاروق لەگەڵ هاوهێزەکانی دیکە، دلێرانە و چاپووکانە دەستی خۆیان لە دوژمن وەشاند. چوار ناقیلەی سەربازیان تێکشکاند و سووتاند و دەستیان بەسەر دوو تۆپی(١٢٠) (میلم داگرت. فاروق تۆپەکان باردەکات و دەیگوازێتەوە بۆ بالیسان و دکتۆر کەمال خۆشناو ماچی دەکات و دەستخۆشی لێدەکات.

دکتۆر قاسملوو، کە ئەوکاتە پەیوەندیی خۆش بوو لەگەڵ بەغدا، زۆری پێخۆش بوو ئاگری ئەو شەڕی کوردستانە ئاوێکی پێدا بکرێ و چارەسەرێکی ئاشتییانەی دادپەروەرانە بۆ هەموو کێشەکان بدۆزرێتەوە. لە گوندی زیارەت لە کانونی یەکەم ساڵی (١٩٨٤) فاروق وەك جێگری تیپی(٨٦) ی دەشتی هەولێر، بەشداری دەکات لەو کۆبوونەوە فراوانەی کە دەبەسترێ بۆ تاووتۆکردنی هەل و مەرجەکانی ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، زۆر لە سەرکردە و ئەندامە دیارەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەوێ ئامادە بوون، وەکو: هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوول لێپرسراوی مەڵبەندی چوار، شیخ جەعفەر شێخ مستەفا لێپرسراوی بەشی سەربازی مەڵبەند، مەحموود بەنزین ئەندامی مەڵبەند ـ بەشی دارایی، رەئوف سلێمان لێپرسراوی سیاسی مەڵبەند، شاخەوان عەباس لێپرسراوی کۆمەڵەی سنووری مەڵبەند، ڕێباز جێگری فەرماندەی تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، سابیر ڕەسووڵ فەرماندەی تیپی(٨٦)

ی دەشتی هەولێر، جێگری ئەم تیپە فاروق عەلی مەولود بوو، ڕەهبەر سەید برایم فەرماندەی تیپی(٩٣) ی کۆیە، سەفینی مەلاقەرە فەرماندەی تیپی(٨٧) ی قەرەچووغ، مام غەفوور جێگری تیپ، بهرۆز ناسراو بەشوان قەشقەیی، مەلا خدر لێپرساوی ڕێکخستنی کۆمەڵەی دەشتی هەولێر. فاروق بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە تێگەیشتنی خۆی دەربارەی ئەو گفتوگۆیە دەردەبڕی و دەڵێ:

- من باوەڕم بە بەغدا نییە و ئەم گفتوگۆیە مەبدەئی نییە و تەکتیکییە و وەك مارەکە، گەرم بێتەوە لێمان هەڵدەگەڕێتەوە!

سەرکردە و ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگەکان لەبارەی ئەو گفتوگۆیەوە بەسەر سێ کۆمەڵ دابەش ببوون، بەشێکیان گفتوگۆیان بە ڕێگەچارەی کێشەکان دەزانی و بەشێکی دیکەشیان، بە پیلان و موئامەرەیان دانابوو، هەرچی گروپی سێیەمە خۆیان یەکلای نەکردبۆوە و چاوەڕوانی ڕەوینەوەی هەورە ڕەشەکان بوون و شتەکانیان بە تەمومژاووی دەبینیی!

ئەگەرچی لێرە و لەوێ وەك ڕێکخەری پەیوەندییەکان لێژنەو لێژنەکاری لە نێوان ڕژێم و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دروستکرابوون، کە پێیان دەوتن لێژنەی تەنسیق. پێکدادان و پەلاماردانی یەکدی هەر بەردەوام بوو.

کە فاروق هەر لە دەشتی هەولێر دەبێ، خەبەریان بۆ دێ کە مەفرەزەیەکیان کەوتۆتە بۆسەی جاشەکانی جەلال پیربال، شەڕ دەست پێدەکات و دوو جاش دەکوژرێ و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی غەفور مەجید داربەسەری شەهید دەبێ. مامۆستا سەیفەدین عەلی کە بەرپرسی پەیوەندی یەکێتی بوو لەگەڵ ڕژێم، زوو دەگاتێ و شەڕەکە ڕادەگرێ.

هەر لەو ساڵەدا، مەفرەزەیەك دەچێتە گونـدی گردەڕەشـە، جاشـیش پێـدەزانن و دەوری گوندەکە دەگرن، لێپرسراوی مەفرەزەکە عەلی پوونگینە دەبێ، زوو فـاروق و هاوڕێکانی دەیانگەنێ و سەرۆکی مەفرەزە خاسەکە کە سەید قـەهار بـوو دەکـوژن و پێشـمەرگەکان ڕزگـار دەکـەن. لـە گەرمـەی شـەڕەکەدا، ماتۆرسـوارێك، بـە لای پێشمەرگەکان تێپەڕ دەبێ، فاروق لێی دەپرسێ:

- بابی بابم ئەوە ئەتۆ بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟

- بەزمانێکی قورسەوە دەڵێ: وەڵڵاڵاهی دەچممە هەولێڕێ.

-ماڵکاول، فەرتەنەیە، شەڕە، هەرایە، بگەڕێوە... هەولێری چی!

- وەڵڵا ناگەڕێمەوە، ئەتۆ کێی کوڕە؟

ماتۆڕسوار نزیك دەبێتەوە، زلەیەکی لە بناگوێی فاروق دەدا. مامۆستا موحسین قۆلپێچی دەکات و دەگەڕێنەوە و دەیبەنەوە گوندی لەوێ حەسیرمەیدانێکی باشـی دەکەن. دواتر دەردەکەوێ کە ئەو زەلامە ئاقڵی تەواو نییە و هۆشی لەسەرخۆ نییە.
شـەڕ یـانی مـاڵوێرانی، لـە مێـژووی بزووتنـەوەی چـەکداریی کـوردا، دەیـان ڕووداو دەبیستین، کە تێیاندا، کەسانی دەروون شێواو و شێت و نوقوستان و نەفام و دەلـو و نەزان، بەبێ ئەوەی هیچ سووچ و قەباحەتێکیان هەبێ دەبوونـە قوربـانی، جـا چ بـە کوشتنیان یان ئازار و ئەشکەنجەدانیان.

لە دۆڵەبەکرە، پێشمەرگە و جاش لێیان دەبێ بەشـەڕ، زیلێکـی عەسـکەری دێ، مـەفرەزەی پێشـمەرگە قڕیـان دەکـەن، دواتـر چـوار ناقیلـەی سـەربازی دێ ڕوو لـە پێشمەرگەکان دەکا، فاروق بە ئارپیجی ڕایاندەگرێ فەرمانیان پێدەکا کە دەبـێ ئـەو ڕێیە چۆل بکەن، سەربازێکی کوردیان لەگەڵ دەبێ و شەفاعەت دەکا کە نەیانکوژن و

بێ شەڕ ڕەبییەکان ڕادەستی پێشمەرگەکان بکەن، دواتر لە ڕێی لێژنەی تەنسیقەوە، چەکەکان بۆ ئامیر لیوایەکە بگەڕێننەوە.

هەرچەندە خۆشەویستیی مەلەك، لە دڵی (فاروق)دا، وەك خوێن و دڵ بووە، هەمیشە هەر لەگەڵیدا بووە، لێ کیژۆڵەیەکی لەبار و جوان و ڕووخۆشی گۆمەشین، کە بە هەڵکەوت تووشی دەبێ، دڵ بە فاروق دەدا و بەڵێن و قەولی پێدەدات، ئەو زووتر فاروقی بینیبوو، هەر کیژە بۆ خۆی پێشمەرگەیەکی هاوڕێی فاروقی ڕاسپاردبوو کە حەز دەکات بێتە خوازبێنی. چەند جارێك نامەی زارەکی بۆ دەنێرێ. دواتر فاروق لە بنەماڵە و ڕەچەڵەکیان دەپێچێتەوە و ئەویش قەولی هێنانی ئەوی پێدەدا و پشکۆی خۆشەویستییەکی دیکە لە دڵ و دەروونی فاروقدا بەرە بەرە گەش دەبێتەوە و پتر دادەگیرسێ.

لە(١٩٨٣/١٢/٣) دەرگای گفتوگۆی نێوان ڕژێمی بەعس لە بەغدا و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کرایەوە. بە بروسکە هەموو مەڵبەندەکان و تیپەکانی پێشمەرگ ەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەو لقەکانی شۆڕشگێڕان لە ڕاگرتنی شەڕ ئاگادارکرانەوە، سەددامیش فەرمانی بە هێزە عێراقییەکاندا کە عەمەلیاتی عەسکەری دژی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ڕاگرن.

دکتۆر قاسملو لەگەڵ ئەفسەرێکی پلەداری باڵا بە ناوی ئەبو سەرحان، کە سەر بە ئیستخباراتی ڕژێم دەبێ، بە کۆپتەر دێنە گوندی زیخان لەدۆڵی بالیسان و بۆ ماوەی پتر لە سەعاتێك لەگەڵ مام جەلال و ئەندامانی یەکێتی کۆدەبنەوە. دەبوایە نوێنەرانی کورد پێکبێن لە مام جەلال و مولازم عومەر و فەریدون عەبدولقادر و دکتۆر خدر مەعسووم و مەلا بەختیار و عومەر عەزیز، لەگەڵ قاسملوو و ئەبو

سەرحان، فەریدون عەبدولقادر بە کۆپتەرەکە دەچنە بەغدا. ئەو ڕۆژە فاروق لە زیخان بوو. بە چوونی مام جەلال بۆ بەغدا، بێ هیچ بارمتـە زۆر نیگـەرانی دەبـێ، فـاروق دەست دەکا بە بۆڵەبۆڵ، نێوشیروان مستەفا پێی دەڵێ: ئێمەش بە (مام جەلال)مان وتووە، بەڵام بەقسەی نەکردووین.

لە یەکەم دانیشتنی نوێنەرانی کورد، لە بەغدا، تاریق عەزیز بە زمانی هەڕەشە دەستپێکی گفتوگۆیەکە دەکاتەوەو دەڵێ، ئێمـە لـە جـەنگێکی قـورس دایـن. ئێـوە کۆمەکمان نەکەن، دواتر زەبری کوشندەتان لێدەدەین!

نوێنەرانی یەکێتی چەندان جار سەفاومەروای نێوان بەغدا و کوردستانیان کرد. دواتر خودی مام جەلال چاوی بە سەددام حوسێن دەکەوێ، پاشان بە ئۆتۆمبیل دەگەڕێتەوە دۆڵی بالیسان. ئەو گفتوگۆیانە کە ساڵێك و چل و دوو ڕۆژی خایاند، چەند جار مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و دەچنە بەغدا و نوێنەرانی ڕژێمیش دێنـە کوردسـتان، لەوانە عیزەت ئیبراهیم دووری، کـە جێگـری سـەرۆککۆمار بـوو چـەند کەسـانێکی دیکەش. زۆر جار جارِ دەدرا کە بەو زووانـە ڕێکەوتنامـەی نێـوان ڕژێـم و یـەکێتیی نیشتمانی کوردستان مۆر دەکرێ، بەڵام هەر مـۆر نـەکرا و نـە خوێندرایـەوە، وردە وردە، وەکو خووی هەمیشەیی گا زەردەکەی بەغدا خۆی لـە بەڵێنـەکانی دزییـەوە و کشـایەوە. پـارت و حزبـەکانی دیکـەی سـەر گۆڕەپـانی سیاسـی کوردسـتان ئـەو گفتوگۆیەیان ڕەتدەکردەوەو بە پلانگێڕییان لـە قەڵـەم دەدا. لـە شکسـتهێنانی ئـەو موفاوەزاتـە حکومـەتی تورکیـای ڕەگەزپەرسـت ڕۆڵـی سـەرەکی دەبـێ لـە بـە ئیقناعکردنی بەغدا، کە ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی تورکیا و عێـراق دا نییـە و کورد بەهێزدەکات.

دوای نۆ ساڵ و نۆ مانگ، لەشەهیدکردنی عەلی مەولود، بۆ جاری دووەم، فاروق جەرگی بە کوچکێوە دەندرێ، کە هەواڵی تیرۆرکردنی هاوڕێیەکی ڕۆح بە ڕۆحی خۆی و ڕەفیقی ڕێی خەبات و کوردایەتی پێدەگات، بۆ فاروق، مولازم سەید کەریمی فەرماندە، باوك و برا و هاوڕێی خۆشەویست بوو، ئەوەی خەمەکانی ئەوی قورستر و بارگرانتر دەکرد، ئەوە بوو، کە فاروق لە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکی ئەو گفتوگۆیەی نێوان یەکێتی و ڕژێمی بەغدا، ڕەشبین بوو، ئەوەی بە تەڵە و تەپکەیەکی پڕ مەترسی بۆ کورد مەزەندەکرد. ئەوەتا بە چاوی خۆی دەبینی، کە لە گەرمەی ئەو گفتووگۆیە چروك و بێبەرەدا، خۆشەویسترین هاوڕێی شەهید دەکرێ.

فاروق مەراق و گرێیەکی گەورەی لەسەر دڵ بوو، زۆر جار کە دادەنیشت، دەیگوت:

ـ گەر بەهرەیەکی باشم ببوایە و ببوایم بە ڕۆمانووس، هەر یەك ڕۆمانم دەنووسی و ناوم لێدەنا لوتکەکەی قەندیل: مولازم سەید کەریم، گەر شاعیر بوومایە هەر یەك قەسیدەم دەنوسی ناوم لێدەنا سیڕەی هەڵۆبەرزەکەی ڕەواندز، گەر هونەرمەند بوومایە، هەر یەك شاخم دەکردە پۆرترێیتی شەهید مولازم کەریم و لە ژێریم دەنووسی، پۆرترێیتی هەڵگورد مولازم سەید کەریم... ئاخ گەر پەیکەرتاشێك بومایە، تا ئەم شەهیدە، لە کۆسرەت داتاشم و بیکەم بە یەك تاکە پەیکەری گەورە گەورە، پەیکەری ڕۆح!

مولازم سەید کەریم فەرمانەدەی هەرێمی حەوتی باڵەییان بوو، پاشان بووە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان. ئەو فەرماندە ڕەشید و نەبەردە لە داستانی شینێ و و داستانی قەڵاسنج و قەندیل و مامەندە و دەشتی

هەولێر و هـێران و نـازەنین و کـەڵکی باڵـەییان و چـەندان داسـتانی دیکـە بەشـداری کردووە و چاونەترسانە ڕووبەڕووی داگیرکەران و خۆفرۆشان بۆتەوە.

لە(١٥)ی ئەیلولی(١٩٨٤)مولازم کەریم لەگەڵ نەهرۆ عەبدوڵڵا سـەلیم و سـەلاح خۆشناو لە سلێمانی گەڕابۆوە بۆ سورداش، بێ ئاگا بوو لەوەی کە لەو نزیکانە چەند جاشێك کوژرابوون، مولازم سەید کەریم و هاوڕێیەکانی دەکەونە بۆسەی جاشـەکانی تاسلوجە و شەهید دەکرێن.

لە ماوەی ئەو گفتوگۆیەدا چەندان قارەمانی نەبەرد و تێکۆشەر بوونە قوربـانی، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لێپێچینەوەی لـە کوشـتنی جاشەکاندا نەدەکرد. ڕژێمیش ئەمەی قۆزتبۆوە هەم بۆ دەستوەشاندن لـە پێشـمەرگە سەرکردەکان و هەم تادوژمنایەتیی نێوان کورد و کورد قولتر و تیژتر بکـات، ئـەوەی دەکوژرا هەر کورد بوو.

ڕژێمی دەستڕەشی بەغدا، بۆ یەك ڕۆژ لە فێڵ و دەسیسە و خیانەتکاری خۆیـدا، بەرانبەر کورد، سڵی نەکردۆتـەوە، ئـەو جارەیـان دوای چـوار مـانگ و نـۆ ڕۆژان لـە شـەهیدکردنی مـولازم سـەید کـەریم، لـە ڕێبەنـدانی سـاڵی (١٩٨٥)، پڵینگـە چاونەترسەکەی گەرمیان، مامەڕیشە، بە پلانێکی ترسنۆکانەی تاقمـە خۆفرۆشـێکی خائین، شەهید دەکرێ و خەم و پەژارەیەکی قوڵ نەك هـەر دەخاتـە دڵـی فاروقـەوە، بەڵکو سەرتاپای کوردستان دەتاسێنێ و خەفەتباری دەکـات. فـاروق ئەگەرچـی هـەر چەند جارێك بە ئاشنایەتی ئەو شێرە پێشمەرگەیە ئاشنا بوو. زۆر پەرۆش و دڵتەنگ بوو، دەیگوت: مامەڕیشە کەسێکی چـاپووك و ئـازار و وریـابوو، لـەکاتی شـێنەیش هەشـت نـۆ مـەغزەنی بەقـەدەوە، جگـە لـە مـەتارەو ڕادیـۆ و چـەندان نـارنجۆك و

تفەنگ... کەسێکی بەهێز و ورە بەرز بوو، سیمبولی خەبات و تێکۆشان بوو. زۆر جاریش فاروق دەیوت:

ـ کوڕینە نەکەن، قەت قەت بە ڕژێمی بەغدا باوەڕ بکەن، کوڕینە، ئەوان دوژمنی بابەگەورەی ئێمەن، وەك بابی ڕەحمەتیم دەیگوت، ئەوەی لەگەڵ سێبەری دەبابەکانیشیاندا بڕوا، ئەوا جاش و خۆفرۆشە و ئی بەقایێ نییە!

هەواڵی شەهیدکردنی مامە ڕیشە، وەك گڕکانێك ناخی پێشمەرگەی هەژاند، ئاخر ئەو سیمبولی ئازایەتیی هەموو گەرمییان بوو، داستانەکانی دوژمنیان هێنابووە لەرزین، تەحسین شاوەیسی خۆفرۆش مامە ڕیشە فریودەدا کە دەیەوێ دەست لە خراپەکاری هەڵگرێ و بگەڕێتەوە، بە دەسیسەی ئیستخبارات لە کاتی چوونی مامە ڕیشە بۆ شوێنی دیارکراو لەگەڵ دوو لە پێشمەرگەی هاوڕێیەکانی: سەردار حەمە شەریف و موحسین مەجید سەلیم، دەگەنە نێو بۆسە و هەر سێکیان شەهید دەکرێن. بۆیە لە زۆربەی شوێنەکاندا، چالاکی تۆڵەسەندنەوەی مامە ڕیشە ئاگری کردەوە و فاروقیش کە هەر پێشمەرگەی تیپی(٨٦) ی دەشتی هەولێر دەبێ، لەگەڵ بیست و پێنج پێشمەرگەی دیکە لەنزیك گوندی شێراوە، بۆسەیەك دادەنێنەوە و ئیڤایەك وپیکابێك کە پڕ ببوون لە جاش دەدەنەبەر دەستڕێژ و شێرانە تۆڵەستێنی پێشمەرگەکان و گورزی کوشندەیان لێدەدەن و ئارپێجییەك و کلاشینکۆفێکیش دەگرن. ئەوەی ڕزگار بوو هەڵات و ڕایکرد. پێشمەرگەکانی تیپی(٧٥) ی سەگەرمەش، چەند بۆسەیەکیان داناوە و زەبری کوشندەیان لە دوژمندا.

خوێندکاران لە سلێمانی خۆپیشاندانیان کرد و هاواریان دەکرد:

بە هێزی مامە ڕیشە، سەددام دەدەین لە شیشە!

لەسەرەتای مانگی نیسانی ئەم ساڵەدا، فاروق ئەم برووسکەیەی پێدەگات:

"لە هەڤاڵ مام جەلالەوە بۆ هەڤالآن فاروقی عەلی مەولود و ڕیباز و محەمەد شینە، بە پەلە و بێ دواکەوتن لە لام ئامادە بن بۆ کاری پێویست".

لە گوندی سێگرتکانەوە، بە یاوەری دەووری(١٥) پێشمەرگە بەڕێدەکەون. لە نێوان گوندی کلێسە و سوورقاوشان، فاروق و چەند پێشمەرگەیەك بەسەر ئەو پردە هەواییەدا دەپەڕنەوە کە ئەندازیار پۆلا دروستی کردبوو. چونکە پردەکە شلکەی دەکرد و لە ئاستی ئاوەکە زۆر دادەبەزی، چەند پێشمەرگەیەك بە بەلەمۆکەی دەم ئاوەکە پەڕینەوە ئەو بەری، لە گوندی سوورقاوشان، دوای ئەوەی گیسکێك دەکڕن و سەری دەبڕن و نانی نیوەڕۆ دەخۆن، دەمەو عەسەرەکەی بەرەو گوندی قەمچوغە بەڕێدەکەون کە دەگەنە نێوان جادەی سلێمانی ـ دوکان، لە بەینی دوو ڕەبییەدا خۆیان تێدەکەن، شەو لە مزگەوت دەخەون و بۆ بەیانییەکەی دەکەونە ڕێ بەرەو گوندی سەرمۆرد، کە هەر سەعاتە ڕێیەك دەبێ، بەڵام هەورازێکی یەکجار سەخت و ناخۆشە، کە دەگەنە سەر قۆپکی سارا، کەشف دەبن و ڕەبایەکان دەیاندەنە بەر هاوەن و قەناسە و دۆشکان، بە هەر شێوەیەك بێ پەرتەی لێدەکەن و بە سەلامەتی خۆیان ڕزگار دەکەن، لە گوندی هەموویان یەك دەگرنەوە، کە بەرەو گوندی سیروان، بەڕێدەکەون کە بارەگای سەرکردایەتی لێدەبێ، ڕیباز بە سوعبەتەوە دەڵێ:

ـ هەڤاڵ فاروق، دەبێ مام جەلال چ ئیشی بە ئێمە بێ و بۆ بانگمان دەکات؟ من وای بە باشدەزانم، کە گەیشتینە بارەگا، ئەتۆ لە پێشەوە بچیتە ژوورەوە، وەبی ئەگەر هەر مام گۆچانەکەی ڕاوەشاند، ئەمن خۆم قووتارکەم!

ـ نەیخۆی... بە تامە... وەڵا دەبێ ئەولجار ئەتۆ بچیە ژوورەوە!

بەمشێوەیە بە قسەی خۆش و پێکەنینەوە، بەیانییە زووەکەی دەگەنە بارەگای مام.
لە دیدارکەیاندا لەگەڵ مام دوای چاکوچۆنی و هەواڵپرسین، مام ڕوو لە فاروق دەکات و بە تورەیەوە پێی دەڵێ:

ـ جەناب! تیپی(٨٧) ی قەرەچووغ گیراوە، بۆچی بەمنتان نەگوتووە؟!

ـ مامە، بەخوای وامزانی تۆ ئاگادار کراویتەوە و عیلمت هەیە.

ـ عیلمم هەبێ یان نەبێ، ئەوە واجبی تۆیە زوو بە زوو خەبەرم بدەیتێ!

لە دوای نانخوارنی نیوەڕۆ، مام جەلال لە فاروق دەپرسێ، کە بۆچی ئەو دوو ئەفسەرەیان کووشتبوو کە لە نزیك مەخمور بە دیلیان دەگرن و نەیانهێنان بۆ سەرەوە و ڕادەستی ئەوانیان نەکردوون، فاروق وای عەرز دەکات کە ئەویش بێ ئاگابووە لە کوشتنیان و خۆی لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووە.

دوای نانخواردن، فاروق لە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ دەپرسێ:

ـ ئەوە بۆچی مامتان لەو کارەساتە گەورەیە ئاگادار نەکردبۆوە، دەزانی چەندە خۆی لەمن تورە کرد؟

ـ بەخوا ئەمنیش هەر ئەو ترسەم هەبوو، نەبادا لە سەفینی مەلا قەرە تورە بێ.

دوای مانەوەیان بۆ چەند ڕۆژێك، فاروق و ڕێباز و پێشمەرگەکان دێنەوە خوارێ بۆ لای سماقوڵی، لە ڕێگادا کە دەگەنە گوندی تۆربەی بناری کۆسرەت، بە سێ بەلەم لە ئاوی دوکان دەپەڕنەوە، لە ناوەندی دەریاچەکە، ئەو بەلەمەی فەهدی برای فاروق و هەژاری مام حەمەد مەولود و حەکیم مەولودی سوار ببوو، کون دەبێ و ژیانیان دەکەوتە مەترسی، ناچار فەهد پشتێنەکەی خۆی دەکاتەوە و دەیخاتە نێو کونەکە و قاچی دەخاتە سەرێ، ئەوانی دیکەش هەموویان بە پێڵاوەکانیان خێرا خێرا ئاوی ناو

بەلەمەکە دەردەدەن، بەو چەکمەسەری و دەردەسەریەوە، بە سەلامەتی دەگەنە کەنار و لە نقووم بوون نەجاتیان دەبێ، ئینجا بە دوڵی خدراندا گوزەر دەکەن و ڕاناوەستن تا دەگەنەوە سماقوڵی سەروچاوە.

لەو ڕێگا دوورودرێژەدا فاروق دەبینی کە زۆربەی ئەو ناوچانە چۆلکراون و بۆنی خوێنیان لێدێ و ئاوەدانی کەمیان تێدا ماوە.

بۆ بەیانییەکەی لە گوندی سماقوڵی سەروچاوە، کە بارەگای تازەی مەڵبەندی سێ بوو، هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ، کە ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی ئەو مەڵبەندە بوو، لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو چەند لقێکی شۆڕشگێران کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی ئەنجامدا و پێیڕاگەیاندن کە:

ـ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بە بن بەست گەیشتووە و تازە هیچ متمانەیەکیان بە ڕژێم نەماوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە شێوەی خەباتی چەکدارمان بگۆڕین و لە بەرەی دیفاعکردن و خۆ پاراستن، بگوێزینەوە بۆ هێرش و پەلاماردان، دەبێ گورزی کووشندە لە هێزەکانی ڕژێم بوەشێنین.

نەخشەی چالاکییەکی دلێرانە دارێشترا و بڕیاری جێبەجێکردنی درا.

دوای چەند ڕۆژێك، لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا، لە گوندی گۆمەشین، بارگینێکی چەمووشی لووشکەوەشێن، بە چەك و تەقەمەنی باردەکەن و بەڕێدەکەون بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك. هێرشبەرەکان لە دوو کەرت هەڵبژاردرابوون، لە هەر کەرتەی دە پێشمەرگە. فاروق جێگری مامە غەفە بوو، بۆ هەردووکیان دوو ڕەبییە دەستنیشان کرابوون، سەفینی مەلاقەرە و جێگرەکەیشی، ڕێباز دەبوایە دەست بەسەر ڕەبییەکی دیکەدا بگرن. دەورووپشتی ئەو ڕەبییانە هەموو مینڕێژ کرابوون،

تاکـه ڕێ هـەر ئـەو باریکـە ڕێیـەبوو کـە سـەربازەکان خۆیـان هاتووچـۆیان پێـدا دەکرد.کاتێك پێشمەرگەکان هێرش دەبەنە سەر دوو ڕەبییەکەی پیرەر، سەگێکی هار بە حەپە حەپ بۆیان دێت و یەکسەر فاروق دەمکوتی دەکا و لە حەپەحەپەی دەخـا. لە بەر دەمی ڕەبییەکە هاوار دەکا: هجووم... یاسـین و قارەمـان شـینە و نـەجات و نەسروڵای مام عەلی ئیلینجاغی، هێرش دەبەن، فاروق لوولەی کلاشینکۆفەکەی بۆ ناو ڕەبییەکە شۆڕدەکاتەوە، سەربازێك دەکوژرێت و یەکی دیکـەش بریـندار دەبـێ و سەربازێکیش بە دیل دەگرن. یاسین هاوار دەکات:

ـ کوڕە فاروق کارەبا گرتمی!

فاروق تێدەگا کە پێکراوەو جارێ گـەرماو گەرمـە هەسـتی پێناکـات، قارەمـان شـینەش فیشـەکێکی بـە دەسـتی دەکـەوێ و فـاروقیش فیشـەکێك پێڵاوەکـەی پێـی ڕاستەی کوندەکا، بەڵام زامدار نابێ.

مامە غەفـەش سـەعات دوانـزەی شـەو پـەلاماری ڕەبیەکـەی سـەرگردی تایـەی داو گرتی، هاوەنێکی هەشتا و دوو میلیمی و چـەند کلاشـینکۆفێك و دەیـان نـارنجۆك و سەدان فیشەکی دەستدەکەوێ، بـەڵام سـلێمان مەلامحەمـەدی نیرەگـینی لـێ شـەهید دەبێ. هەرچی کەرتەکەی فاروق بوو کە یاسـین دەسـتەی هێرشـبەری بـوو بەسـەختی بریندار دەبێت، قەناسـێکی ڕووسـی و ڕەشاشـێکی ئـاڕ بـی کـەی و دە کلاشـینکۆفی کوبی دەستدەکەوێ. لەولاوە شەو سەفینی مەلاقەرە، ڕەبییەکـەی بـۆ نیشـانکرابوو، دەیگرێت و هاوەنێك و دوازدە کلاشینکۆف و قەناسێك دەگرن.

یەکێك لە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی فاروق بە ناوی نەجات دوبزی، کـە تاقانـەی دوانزدە خۆشکان دەبێ لە سێ دایکان، شەهید دەبێ.

دەیانەوێ سەربازە دیلەکە، کە بریندار بوو، بکوژن، فاروق ناهێڵێ و دەڵێ، ئەوە دیلەو نابێ دیل بکوژرێ. فاروق برینەکەی بۆ دەپێچێتەوە و لە بەتانییەکی وەردەپێچی و پێنج دیناریشی دەداتێ و پێیدەڵێ:

ـ هاي هدية من فاروق علی مولود.... و مع السلامة!

بەدەمرێگاوە، بەرەو گوندی گۆمەشین، یاسین، لەبەر سەختی برینەکەی، کە بڕبڕەی پشتی سمی بوو، گیانی دەردەچێ و شەهید دەبێ.

دواتر، دەبیستنەوە کە ڕۆژ دەبێتەوە، قاسماغاو جاشەکانی ڕەبییەکان بەسەر دەکەنەوە و بە سەربازە دیلەکە دەڵێن، چۆنە ماوی و چۆن نەیانکوشتووی؟ کە دیهێننە نەخۆشخانەی کۆیە، زۆر جەرگسۆزانە تیماری ناکەن و گوێی پێنادەن، ئەویش جنێویان پێدەدات و دەڵێ:

ـ فاروق علی مولود ماكتلني و داواني و اعطاني فلوس.... هسه انتم تعوفوني و ماتداوني....یا كلاب، يا ابن الگحبه.....

هەر لەوێ دەمرێ و جەنازەکەی دەبەنەوە کەربەلا.

بارەگای مەڵبەندی چوار تا نزیك کۆتایی ساڵی (١٩٨٤) هەر لە بالیسان بوو، دوای یەك دوو مانگ بارەگایەکە دەگوێزرێتەوە بۆ سماقوڵی سەروچاوە و ئەم مەڵبەندە و مەڵبەندی سێ تێکهەڵکێش دەکرێن و دەکرێنە یەك مەڵبەند بەناوی مەڵبەندی سێ و هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ دەبێتە لێپرسراوی.

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ، یەکێتیی نیشتمانی کورستان، زۆر لە جاران ئازاتر و بوێرانەتر، لە سەرتا سەری ئەو جێگایانەی وجوودیان لێ هەبوو، پەلاماری هێزەکانی سوپا و جاشیان دەدا. جەنگی ئێران ـ عێراق لەو پەڕی دڕەندایەتی و قەتل وعام کردن و کاولکاریی دابوو، کە لە زۆر لەبەرەکاندا، سوپای عێراق بۆ

بەرپەرچدانەوەی هێزە سەد هەزارییەکانی ئێران، چەکی کیمیاوی بە ئاشکرا بەکاردەهێنا. سەربازێکی زۆر لەبەرەکانی شەڕ هەلاَّتبوون و ژمارەی جاشە مەفرەزە خاسەکان و موستەشارەکان لە زیادبووندان. بۆ چاوشکاندنی شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی ژێردەستەی شارەکان، ڕژێم بێڕەحمانە کەتبووە لە قەنارەدان و خنکاندنی ئەو خەڵکە ڕەشوڕووت و بێ گوناحە. ڕۆژ نەبوو پۆلێك لە پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگر و هەوادارانی یەکێتیی نیشتمانی لە زیندانەکانی ئەبوغرێب و مووسڵ و کەرکوك و هەولێر لە سێدارە نەدرێن و گوللەباران نەکرێن. زۆرجار پانزدە پانزدەو بیست بیست بە یەکشەو لە سێدارە دەدران.

ئەوانە هەمووی ڕقی تۆڵەکردنەوەی لە دڵ و دەروونی هێزەکانی پێشمەرگەدا جۆشدابوو، بۆیە خۆیان بە ئاو و ئاگر دادەداو لە هیچ نەدەگەڕانەوە. فاروق وەکو، هەڤاڵەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ بە گوڕتر و بە ورەی بەرزترەوە چالاکییەکانی سەر شانی جێبەجی دەکرد، بەو هیوایە چۆك بە دوژمن دابدەن و ئەو ڕووبارە خوێنە بوەستێنن کە بەغدا شوولی لێهەڵماڵیوە.

ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان، بەم شێوەیە تێدەپەڕن و شەڕ لە سەر سنوور و لە ناو خاکی کوردستان، وەکو ئاگر و پووش هەموو ئیقلیم و ناوچە و دەڤەرێکی گرتبۆوە. ڕۆژێك هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ، بە دوای مامە غەفە و فاروق دەنێرێ، کە سەرتیپ و جێگری تیپی(٨٦) ی دەشتی هەولێر بوون، ئەوانیش دەچنە کانی بێ. هەڤاڵ کۆسرەت بە فاروق دەڵێ:

- هەڤاڵ، نەخشەی ئۆپەراسیۆنێکی گەورەمان بە دەستەوەیە، دەمانەوێ شارۆچکەی تەقتەق بگرین، جا دەبێ تۆ لەگەڵ ئەسوەد شەوگێڕی، کە ئامیر

مەفرەزەی خاسەیە، قسە بکەی. ئەو متمانەی بە تۆ هەیە و بەقسەشت دەکا، دەبێ هاریکاریمان بکات.

فاروق ڕاستەوخۆ، پەیوەندی بە نەوازدی کاکە ڕەشەوە دەکات، کە لێپرسراوی ڕێکخستنی تەقتەق بوو. ئەویش لە ڕێی خاڵییەوە پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئەسوود دەکات و وەڵامەکەی ئەوە دەبێ کە، ئەو سیقەی تەواوی بە فاروق هەیە و ئامادەیە هەموو هاریکارییەکیان بکات، بەو مەرجەی شۆڕش عەفوی بکات و لێیخۆش بێ.
فاروق سەرکردایەتی لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکاتەوە و بە جیهازی ڕاکاڵ بروسکەیەك دەنێرێ:

"لە فاروقەوە بۆ هەڤاڵ مام جەلال.... ئەسوود شەوگێڕی، دەیەوێ بێتە ڕیزی شۆڕش و تەقتەقمان تەسلیم بکات. داوی لێبوردن دەکات، جەنابتان فەرمانتان چییە؟"

وەڵام: "لە هەڤاڵ مام جەلالەوە بۆ فاروق عەلی مەولود.... کە تەقتەقتان گرت، ئەسوود شەوگێڕی بێنن بۆ لای خۆم. "

فاروق، سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە ئامادە بووە بۆ شۆڕش هەرچی بۆی بکرێ تەخسیری نەکات، بەڵام کەسێتی ئەو ڕێی پێنادا، بە درۆ زەمانەت بداتە ئەسوود شەوگێڕی.

لە گوندی خەرابە، لە کۆبونەوەیەکی داخراوی دوور لە چاوی خەڵك، کۆسرەت ڕەسووڵ، وردەکاری ئۆپەراسیۆنەکە بۆ سەرتیپ و جێگرەکان شیدەکاتەوەو هەنگاو بە هەنگاوی هێرشەکەیان بۆ ڕاڤەدەکات.

دواتر سێ سەدو پەنجا کلاشینکۆفی کوبی نوێ و تەقەمەنی پێویست، بەسەر پێشمەرگەکان دابەشدەکەن، لەکاتی دابەشکردنی چەکەکان، فاروق هەر پرتە پرتی لێوەدێ و کەسیش نازانێ چی دەڵێ، پێشمەرگەیەك کە لە نزیکیەوە ڕاوەستابوو دەپرسێ:

- ئەرێ هەڤاڵ فاروق، پێمان نارێی ئەو پرتە پرتەت لە چییە؟ دوعا بەسەر چەکەکان دەخونی، یان شیعرت لۆهاتییە؟

فاروقیش، بە هێمنی و لەسەرخۆ، وەك بڵێی بۆ خۆی قسە بکات دەڵێ:

- بابی بابم ئەتوو، لەو پرتە پرتەی من تێناگەی!

- لۆ تێناگەین؟ کوردی نازانین یان خویندەواریمان نییە؟ دیارە ئەتوو ئەمە بە ئەفغانی دەزانی؟

- ئای زوڵم و سەتەم! ئای غەدر و زۆرداریی! ئای نادادپەروەری و ناحەقی!

- کاك فاروق، دەرێی بەندان دەرێی!

- کوڕە برا شیرینەکەم، ( فاروق دەستی ڕاستەی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی)، ئەتوو دەزانی ئەمنیان لەسەر چی بردە ئەو ئاسمانە بڵندەی؟ لەسەر کەچە تفەنگەکی ژەنگاوی، بە کۆپتەرێ منیان بە دەست بەستراوی لە کۆیەو تەقتەق، بردەوە داربەسەری و بن عاردیان پێهەڵکۆڵیم، بۆ کۆنە تفەنگەکی! ئێستاش ئەوە بۆخۆم ئارپێجیم لە شانییە و تفەنگی ناو گریسی دابەش دەکەم... دەزانی سڕڕەکە لە چ دایە...؟ زوڵم و سەتەم! غەدر و زۆرداریی! نادەدپەروەری و ناحەقی! ئەگەر ڕژێم وا ستەمکار نەبێ و وا زوڵم و غەدرمان لێ نەکات، ئەتوو چدەکەی لێرە؟ ئەمن چ دەکەم لێرە؟ ئەتوو ئێستا حەزت نەدەکرد، منداڵت لە بەر خوێندن بوونایەو لە

باوەشی ماڵ و منداڵی خۆت بووبای؟ ئەمن حەزم نە دەکرد، ئێستا لەگەڵ مەستوورە دانیشتبامایەوە بەو نیوەشەوە لەم چەکمەسەری و عەزابە دانەبوومایە؟ ئاخر ئاسان نییە پیاو بچێ خۆی بە کوشت بداو ئاسانیش نییە بچێ خەڵك بکوژێ! ئێستا تێگەیشتی من ئەو پرتە پرتەم لە چییە؟!

ـ بەخوای لە خۆڕا پێیان نەگوتوی کوڕەکەی عەلی مەولودی.. بار بەو ملەی هەموو قسەکانت هەقە، هەر خوادەزانی ئەمن کە داکم بەبیر دێتەوە، چەندە گریانم لۆدێ...بەرام، ئەوەی تێی نەگەیشتم، ئەو مەستوورە... مەستوورە کێیە؟

ـ وەختی ئەو قسانە نییە، دەی خۆت ببەستە و مەتارەت پڕ ئاوکە، شتومەکەکانی خۆت بەسەرکەوە بزانە لەهیچت کەم نییە...ئێستا بەڕێدەکەوین.

لە شەوی(٢٩/٣٠) ی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٨٧). وشەی نهێنی هێرشە گەورەکە بۆ سەر شارۆچکەی تەقتەق ڕاگەیاندار و هێرش وەك نەخشەی بۆ کێشرا بوو دەستی پێکرد. هێزێکی هاوبەشی زۆر گەورە کە پێکهاتبوو لە زۆربەی تیپەکانی مەڵبەندی(٢) ومەڵبەندی(٣) ی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ، شێرانە پەلاماری ئەو بنکەو خاڵانەیاندا کە بۆیان دەستنیشان کرابوو. نەخشەی هێرشەکە وا بوو کە هەڤاڵ کۆسرەت سەرپەرشتی ئەو ڕووبەرە بکات کە دەکەویتە نێوان دەواجینەکە و بینایەی مەنزومە و خەستەخانە و مەرکەز شوورتەکە. مامە غەفە، لە خەتی کانی لەلەوە تا تەقتەق و دەواجینەکە. هەرچی ڕێباز بوو سەرپەرشتی پردەکەی تەقتەقی دەکرد. یەکەم ئارپیجی ئۆپەراسیۆنەکە سەعات(١١) شەو تەقێنراو ئەوناوە بووە یەکپارچە ئاگر، وەك دەڵێن لە ئاسمان گوللە گوللەی دەسمی. فڕۆکەی جەنگی بەو شەوە دەستیان کرد بە

ڕەمیکردن و هاویشتنی تەلقە تەنوویر، شەڕ شەش سەعاتی خایاند و هێزی پێشمەرگە تا سەعات پێنجی بەیانی لەوێ دەمێننەوە، هەموو ئەو خالآنەی بۆیان دەستنیشان کرابوو بە سەربازگەی قەلاَتوکەشەوە کە بارەگای فەوجێکی سوپای میللی (الجیش الشعبي) تێدابوو دەگرن و پاکدەکەنەوە، لەو هێرشەدا تەنیا ڕەبیەی سەر پردەکە و مونەزەمەی بەعس نەگیران. لەو داستانەدا(١١) پێشمەرگە گیانی پاکیان بەئازادی کوردستان دەسپێرن و ژمارەیەکیش برینداردەبن.

هەر کە فاروق بە ئارپیجی هێرش دەکاتە سەر ماڵی ئەسوەد، دەبینی پێنج شەش جاشی کوژرا و لەوێ کەوتوون و خۆشی هەلاَتووە، لە گەرمەی ئەو هێرشەدا، زرمەی ئارپیجییەك، لە نزیك فاروق ئەو ناوە دەکاتە دوکەڵ و تەپوتۆز و پریشك و ئاگر. لەگەڵ زرمەکە فاروق بەردەبێتەوە و لەگەڵ بەربوونەوە ئارپیجییەکەی دەستی خۆشی دەتەقێ و ئەو دونیایە دەکاتە ئاگر و دوکەڵ و تەپوتۆز. خێرا خێرا سەعیدی حەمە زیادی و عوزێر فەقێیانی و ئەحمەد سماقە و و فەتاح داربەسەری پڕی دەدەنێ و بە کۆڵی خۆیانی دادەدەن دەیانەوێ لەو جێگەیە کە بە تەنویرەکانی فڕۆکەکان کەشف ببوو، دوور بکەونەوە و فاروق ڕزگارکەن، لەو هات و بات و ڕاکەڕاکە، کە فاروق بە کۆڵی سەعیدەوە دەبێ، دەستڕێژێکیان لێدەکرێ و سەعید پێنج گوللەی پێدەکەوێ و فاروقیش گوللەیەکی بە ئەژنۆ دەکەوێ. خۆشبەختانە سەعید بە سەختی بریندار نابێ و گوللەکان بەر جێگەی خەتەر ناکەون.

تاکو سەعات پێنجی بەیانی هێزەکان هەر بەردەوام بوون لە هێرشەکەیان و خەریکی هێنانەوەی جەنازەی پێشمەرگە شەهیدکراوەکان و بریندارەکان دەبن. بە هەزار ناڵەی عەلی فاروق و بریندارەکان دەگەیێننە نەخۆشخانەی شۆڕش کە لە

سماقوڵی گرتك دەبێ. فاروق سەرتاپای لەشی خوێن بوو، بە ئاستەم هەناسەیەکی لێوەدەهات و هیچ هۆشی لە خۆ نەبوو، کە بە پەلە دکتۆر زریان و دکتۆر حوسێن و دکتۆر چیا خەریکی تیمارکردنی برینەکانی فاروق دەبن، دەبینن، کە ساچمەی ئارپێجییەکان هەموو لەشیان کردۆتە سەردوبێژینگ، پەنجاو حەوت برینی لە لەشیدایەو بە دەیان ساچمە چوونەتە نێو سەرتاپای لەشی. هەڤاڵ کۆسرەت بە پەلە فرمان دەدا کە دەبێ دکتۆرەکان کاریێ بکەن، فاروق لە مردن ڕزگار بکەن و هەرچی پێویستە دەستبەجێ بۆیبکرێ.

دکتۆر زریان، جەبار سماقوڵی، کە پێشمەرگەیەك بوو لەگەڵ فاروق، بانگ دەکات و پێی دەڵێ:

-کاك جەبار، فاروق شەهید دەبێ، ئەگەر زۆر بە پەلە دەرزی گزازی بۆ پەیدا نەکەی، خوێنێکی زۆریشی لەبەر ڕۆیشتووە، چەند جۆرە حەب و مەرهەم و شتی تریشمان پێویستە. دەبێ هەر ئێستا ئیشێ بکەی.

هەر بەو شەوە، جەبار سماقوڵی باوکی ڕادەسپێرێ کە بەیانی زوو بچێتە بەغداو لە لای دکتۆر ئیبراهیم تەها، ئەو شتانەی دکتۆر زریان داوای کردووە، بۆی بێنێت. کەمتر لە بیست و چوارسەعات باوکی جەبار سماقوڵی بە پەنجا دەرزی گزاز و بوتڵەخوێنی زۆر و یەك گوونییە لەفاف و شتومەك دەگاتەوە سماقوڵی گرتك. مام جەلال وای کردبوو دەرمانەکانی لە بەغدا بۆ زامن بکەن و هەڤاڵ کۆسرەتیش زوو لە شەقلاوە هێندێ دەرزی گزازی بۆ پەیدا کردبوو.

دکتۆر زریان، دە ڕۆژی بۆ فاروق دانابوو، ئەگەر لەم ماوەیەدا لە مەرگ ڕزگار بوو، مەترسی لەسەر نامێنێ و وردە وردە چاك دەبێتەوە.

ـ دکتۆر گیان... کاك فاروق نامرێ؟

لە وەڵامی دکتۆر بۆ ئەم پرسیارەی جەبار دەڵێ:

ـ ئەگەر تا دە ڕۆژی تر هیچی لێنەییێت، خەم مەخۆ، ئەوا دوای دوانزدە سێنزدە ڕۆژی دی، دەتوانی شت بخوا و دوای سێ مانگی دی دەتوانێ بەپێی خۆی بڕوات و بە شەش مانگی دیکەش، ئینشاللا، چەك دەکاتەوەشانی و دەچێتەوە بەرەکانی شەڕ.

فاروق لە دوای(١٣) ڕۆژ بێهۆشی، لە چواردەمین ڕۆژ چاوی کردوە، بەڵام نە نوتقی هەبوو نە زمان. برینە خەتەرەکەی لە مێشکی بوو، چونکە نزیکەی(٧) گرام لەمێشکی هاتبووە دەرەوە، پرژابوو.

فڕۆکەکانی ڕژێم، بە شەو و بە ڕۆژ بە ئاسمانی ئەو ناوەدا دەسووڕانەوە، لە چەند ناوچەیەکیش بە بۆمبی کیمیاوی قەسفی گوندەکانی کردبوو، بۆیە لەنزیك ژوورەکەی فاروق کونە تەیارەیەکیان بۆ ئامادەکردبوو، بە بەتانی جوان جوان دەروازەکەیان گرتبوو، هەمیشە دوو سێ ستڵ و تەنەکە ئاویش لە نزیك ئەو کوونە داندرابوو، کە لە نزیك جۆگە ئاوەکە لێدرابوو.دەیانگوت، گەر کیمیاوی لێدا، دەبێ ئەو ئاوە بە بەتانییەکەی سەرکونە تەیارەکە دابکەی، لەوە پتر هیچیان نەبوو بۆ بەرگری، نە ماسکی دژە بۆمبی کیمیاوی و نە دەرزی و دەرمانی تایبەت بەو جۆرە چەکە کوشندەیە.

بەیانیەکی زوو، دوو فڕۆکەی سۆخۆی بە چەکی کیمیاوی ئەو ناوەیان ڕشاند، زوو فاروقیان گەیاندە ناو کونە تەیارەو ئاویان بە بەتانیەکان داکرد و خۆیان ماتکرد. خۆشبەختانە لەم هێرشەدا هیچ قوربانی لێنەکەوتەوە، تەنیا دوو ڕاوچی، هەردوو چاویان بەو گازە کوێر بوو.

سێ مانگی ڕێك، جەبار خەریکی خزمەتکردنی فاروق بوو، بۆخۆی دەیشووشت و خاوێنی دەکردەوەو دەبوایە ڕۆژانەش، لەسەر ئامۆژگاری دکتۆرەکان جەرگی حەیوانی بدەنێ. لەو ماوەیە هەم مام جەلال و هەم کۆسرەت ڕەسووڵ بەردوام لە تەندروستی فاروقیان دەپرسی و چەندان جار پێشنیازیان دەکرد کە تا زووە بینێرنە دەرەوە، تا زووتر چاکببێتەوە. هەرچی ئامۆژگاری دکتۆرەکان ئەوەبوو، کە بە کەلکی جوولانەوە نایەت و دەبێ هەر لەسەر جێ ڕابکشێت، تا هێندێ هێز و قوەتی دێتەوە بەر.

بۆ سێ مانگان فاروقیان لە نەخۆشخانەی سماقوڵی گرتك و سەروچاوە، چارەسەر دەکرد. ناوە ناوە ڕۆژانە دایك و خوشك و مامەکانی سەردانیان دەکرد. جاریش هەبوو بۆ ماوەیەك لە لای دەمانەوە. دەبوایە زۆر زۆر بەعینایەت خزمەتی بکەن، نانخواردنی بەگوێرەی ئەو لیستەبوو کە دکتۆرەکان بۆیان ئامادەکردبوو، نە دەبوایە هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بدەنێ یان زۆری لە پێش دانێن، چونکە ڕیخۆڵەکانی وشکببونەوە، دوو حەفتە دەبوو زادی نەچوبووە سەر لێوی.

هەر دوو حەفتە جارێك دایکە شەکەت و ماندووەکەی لە داربەسەرەوە دەهاتە لای و دوو سێ ڕۆژ لە لای دەمایەوە، قەسپێش، هەر لە تەنیشت ژوورەکەی فاروق بوو هەمیشە ئەو لەسەر سەری ئامادە بوو، شەو و ڕۆژ خزمەتی دەکرد.

قەسپێ ئافرەتێکی تێکچەقیوی ئەسمەرەی پرچ و برۆ ڕەشی، یەکجار گورج و گوڵ بوو، بۆ خۆشی پێشمەرگە بوو، چ لە ماڵەوە، لە داربەسەری و چ لە سماقوڵی وەکو هەڵۆ و هەنگ هیچ وەستانی نەبوو، جەرگسۆزی و خەمخۆری و وەفادری ئەو خوشکە بۆ فاروق و بۆ هەموو بنەماڵەکەو بۆ پێشمەرگەکان، هێندە دڵسۆزانە ودۆستانە بوو، کە دەبێ وەك نموونە باسی بگێڕدرێتەوە.

ڕۆژێك كە مامە كەریمی بەدیاریەوە دادەنیشێ، دەبینی، وا مێشێك، لەسەر نێوچەوانی فاروق نیشتووە، ئەویش دەڵێ لێیگەڕێن، با پێوەیدا، ئەگەر دەستی بزووت، ئەوا دیارە هەستی پێدەكا. هەر كە مێشەكە پێوەی دەدا، فاروق هەوڵدەدا، دەست بۆ نێوچەوانی نزیككاتەوە. دەبێتە خۆشی و زوو خەبەر بۆ دكتۆر دەبەن، ئەویش موژدەیان پێدەدا، كە خەم نەخۆن ئەو نامرێ! كاتێك كە فاروق چاوی كردەوە نوتقی نەبوو قسان بكات، هیچیشی نەدەبیست، بەڵام دكتۆرەكان، ئەوانیان ئاگاداركردبۆوە، كە هەر قسەیەكی لەگەڵ دەكەن، ڕاستییەكانی پێ بڵێن و شتی لێنەشارنەوە و درۆی لەگەڵ نەكەن.

قەسپێ، وەك خوشكێكی جەرگسۆزی ئازاو دلێر هەر لە سماقوڵی مایەوە تا لێی نزیك بێ و جوان خزمەتی بكات، كە لێی دەپرسی:

ـ كاكە، ئەمن كێمە؟ ئەمن ناوم چییە؟

ئەو هەر بە ئیشارەت پێیدەوت كە تۆ ناناسم و نازانم تۆ كێیت.

دوای ماوەیەك فاروق، حاڵی باشتر بوو و زمانی كرایەوە و هاتەوە گۆ. بەڵام هەر چەند وشەیەكی سەیر و سەمەرەی لەسەر زاری بوو، بۆخۆشی نەیدەزانی چی دەڵێ: لێیان دەپرسی:

ـ ئەمن ناوم چییە؟

ئەو دەیگوت: نۆنی!

دەیان پرسی: سەرت دێشێ؟

دەیگوت: نۆنی!

دەیانپرسی: برسیت نییە؟

دەیگوت: نۆنی!

پێیان دەگوت: حەزت لە چییە بۆتبێنین؟

دەیگوت: نۆنی!

هەرچیت لێ بپرسی بوایە ئەو هەر دەیگوت: نۆنی.

یەکەم جار کە زمانی کرایەوە، گوتبووی: فەتاح.

خەسرەو شێرە هاتبووە لای و لێپرسی بوو:

ـ فاروق، دەمناسییەوە، ئەمن کێم؟

ئەویش گوتبووی:

ـ ئەتوو بزنی!

دوو مانگ هەر دکتۆر زریان سەرپەرشتی دەکات و تیماری دەکات، دواتر دکتۆر حوسێن و دکتۆر چیا. کە مام جەلال دەزانێ فاروق نەختێ باشترە و دەتوانێ دارەدار بکات، ناوچەکەش بە چەکی کیمیاوی قەسفکرا بوو، فرمان دەکات کە هەرچی زووە بینێرنە نەخۆشخانەکانی ئێران.

قەسپێ گوتی: سەعات سێ و نیوی شەوێ بوو نانم دەکرد، بە ڕۆژ لە ترسی تەیارە و کیمیاوی کەس نەیدەوێرا سەری دەربێنێ، لە غافڵی، ئەوەندەم زانێ لە پشتەوە یەکێك بە هەموو هێزی خۆی گۆچانێکی بە پشتیدا کێشام، لە تاو ئازار، چاوم تاریك بوو. دەبینم ئەوە فاروقە، لە خەو هەستایە لە ژوورەکەی هاتیتەدەرێ و ئەو کەتنەی کرد. من لە بەر ئێشی پشتم هندەی نەمابوو ڕۆحم دەرچێ، یەکسەر دامە قاقەی پێکەنین و حیتەحیت، ئاخر فاروق هەر کەسێکی بدیتبا دەگریێ یان هاوار

دەکا، یەکسەر تورِە و عەسەبی دەبوو باری دەروونی تێکدەچوو. جا هەرچی بکردبوایە هەر دەبوو تۆ پێبکەنی.

ئەو بەزەحمەت دەیتوانی لە جێی خۆی هەرستی و بڕوا، هەردەم دەبوایە بن باری بگرین، هێز و تینی لەبەردا نەما بوو. شەوێکی دیکە، بووە دەنگە دەنگ و غەربەغەرب، هەمووان لەخەوێ هەستاین، گۆتیان، کورِە خۆ فاروق لەسەر جێگەکەی خۆی نەمایە، ئەو لا فاروق ئەم لا فاروق، هیچ ئاسەورێکی نەبوو، گۆتیان هەبێ و نەبێ جاش و خۆفرۆش هاتوون، دزیتیان و بردیتیان، هەر یەکەی لۆ لایەکی براوبوونەوە، دواتر مەحەمەدی مام عەبدولاّی هاواری کرد:

ـ فەهد، فەهد، زووبە بگەیێ، فاروق ئەوەتە لێرەیە.

فاروق بە تاقی تەنێ و بەو شەپرزەیی و بێحالّییەوە، چووبووە ئەو بەری ڕووبارێ، ئێستاش نەمانزانی، کو لەو ڕووبارە پەریبۆوە و نەکەوتبووە ناو ئاوەکەو نەخنکا بوو!

فاروق بە ئۆتۆمبیل دەبەنە چیوەی سەرێ، لەوێشەوە عەبدولڕەزاق بە سەیارە دەیگەیێنێتە توتمێ، لەوێشەوە عەبدولڕەحمانی حاجی خدری بە سەیارە دەیباتە گوندی سکتان. ئەوجا لەوێوە محەمەدی خالّە عەولاّی دوو ئێستر دێنێ و دوو گوشە کای گەورە دەخاتە سەر پشتی ئیسترێکیان و سێ چوار بەتانیش لە نێوان دوو گووشە کایەکە ڕادەخات و فاروق بە سێ چوار کەسان سواری ولاّغ دەکەن و دەیبەن بۆ قاسمەڕەش و لەوێ سێ شەوان لە بارەگا دەمێنێتەوە، تا بەلّگەی بۆ دەکەن، لەوێشڕا بە ئۆتۆمبیل دەیگەیێننە، سەقز و ئەوجا یەکسەر بۆ تەورێز.

لەبەر ئەوەی فاروق زەبری بە کەللەی کەوتبوو، هەمیشە ژانەسەر و ئازاری زۆری هەبوو و زۆر لاواز و داهێزابوو، نەیدەتوانی باش هەنگاو هەڵێنی و بڕوا. یەکسەر لە بیمارستانی سینا دەیخەوێنن و دەست دەکەن بە پشکنین و چارەسەرکردنی. دوای ماوەیەك دەیگوێزنەوە بۆ بیمارستانی مستەفا خومەینی، کە باشتر و پڕ کەرەستەتر بوو. لەوێ لە پاڵ چارەسەری بەدەنی، چارەسەری سروشتیشی بۆ دەکەن، تا ماسوولکەکانی بێنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان و باری دەروونی هێور بێتەوە، دوو سەماعەی تایبەتیان ئاخینی بووە گوێیەکانی کە بە ئامێرێکی تایبەتەوە بەسترابوون و لە باخەڵیدا هەڵیدەگرت، بۆ چاوەکانیشی، کە ئەوانیش زامدار ببوون، چاوێلکەی تایبەتیان بۆ سازکردبوو. لەجۆری چاوێلکەی زیرەك بوو، میمۆری تایبەتی تێدا بوو. ئەو نزیکەی دوو مانگ لە نەخۆشخانەکانی تەورێز مایەوە، لە بەختی ئەو دکتۆر موشیری حەمە غەریبی، کە پێشمەرگەیەکی جەرگسۆزی کۆیی بوو، خۆی و خێزانی لە تەورێز بوون، خزمەتێکی باشی فاروق دەکەن چ لە نەخۆشخانەو چ لە ماڵەوە.

لەم سەفەریدا لە سماقولییەوە هەر مام فەتاح عەبدولڕەحمان داربەسەری لەگەڵ بوو، فاروق هەستی کرد کە لەچاو جاران باشترە و دەتوانێ بە گۆپاڵ ڕێبکات و هەست و هۆشیشی هێندێك پەیداکردۆتەوە و دێ بێتەوە سەرەخۆ.

لەبەر ئەوەی کەللەسەری فاروق بریندار ببوو و بە گوێرەی ڕاپۆرتی دکتۆرەکان، چەند گرامێك مێشکی پرژابوو، ئەو تەواوەك هەڵسوکەت و ڕەفتاری ڕۆژانەی گۆڕابوو:

دکتۆرەکانی بیمارستان لە تەوریز، فاروق ئیزن دەدەن، ئەویش هەست دەکا کە بەگشتی باری تەندروستی ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر و خۆشتر دەبێ، بۆیە بڕیاری گەڕانەوە دەدات و دێتەوە سەقز لەوێشڕا خۆی دەگەیێنێتە سەر سنوور و لەگەڵ مامە فەتاحی بەگەڵ قاچاخچیان دەکەون و بە پشتی ولاغی ئەو شاخ و داخە سەخت و هەزار بەهەزارانە دەبڕن و بە گوندەکانی بناری قەندیل شۆڕدەبنەوە بۆ دۆڵی باڵەییان و مەلەکان تا دەگەنە گوندی توتمێ، لە بارەگای هاوڕێیانی یەکێتی پشوویەك دەدەن و بە ئۆتۆمبیل دێنەوە سکتان، لەوێشەوە بەرەو داربەسەری دەکەونە ڕێ، دوای دوو مانگ دابڕان لە دایك و خوشك و براو خزم و دۆستان لە زێدەکەی خۆی بە یەك شاد دەبنەوە.

بەڵام چ شاد بوونەوەیەك...؟

## (٩)

## (له نێوان دۆزەخی ئەنفال و بەهەشتی گۆتینگن)

بەهاران دەشت و دەر و شاخ و کێو و کوێستانەکانی ئەم کوردستانە چەندە جوان و ڕازاوە و دڵگیرن، پاییزانیشی، لە بەهارەکەی خۆشتر و پڕمیوەجات و دڵگیرترە. ڕاستە وەرزی خەزانی دار و درەخت و دارستانەکان ڕووت دەکاتەوە، بەڵام ئەو جوانی و خەیاڵ و دیمەنەی گەڵاڕێزان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ، هەر شاعیری دەوێ وەسفی بکات و دڵی دەوێ، لە باوەشی بکات. بە درێژایی ڕێگاوە، فاروق خەیاڵاوی، دەیەویست جوانییەکانی دیمەنی سروشتی پاییزی، لەگەڵ ئەڤینی پڕ لە سۆز و موحیبەتی دڵی خۆی ئاوێتە بکات. ئەو ڕقی لە مرۆڤی پەیمانشکێن و بێ بەڵێن دەبۆوە، دەستهەڵگرتن لە یار و دولبەر، لە دیدی ئەو لوتکەی خیانەتە. هەرچەندە سکڵی ئاگری عیشقی مەلەکی، لە دڵدا خامۆش نەببۆوە، لێ حەزیشی دەکرد کە ئاکامی خۆشەویستییەکەی بۆ مەستوورە بە ئاکام بگات و بەهەمان چارەنووسی یەکەمین خۆشەویستی نەگات. ئەو هەر لەو خەیاڵە دابوو، ئاخۆ دەبێ مەستوورە، هەواڵی برینداربوونی وی زانی بێ، دەبێ ئێستا لەسەر وەعد و پەیمانی خۆی مابێ و چۆن کارێ بکا زوو بچێتەوە ژوانی و پەیمانی ڕاستیی خوشەویستی خۆی بۆ دووبارەبکاتەوە و نەخشەڕێژییەك بەیەکەوە بۆ پێکگەیشتنیان داڕێژن!

عەرەب گوتەنی، ڕەنگ بێ بایەك هەڵ بكات بە دڵی كەشتی نەبێ! كە فاروق گەیشتەجێ و بارگەی خۆی لێخست، بینی ئەو داربەسەرە و ئەو ئاگردانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە قەد نیشتمانێك بوو، ئێستا بیابانێكی قاقڕ و چۆل و هۆڵە، نە باخ و بێستان، نە كۆڵیت و حەوشەو هەیوان، نە تەویلە و هەویز و هۆڵ، نە مزگەوت و دیوەخان ودەرودراوسێ و ئاوەدانی... گوند ئاتاری بەسەر پاتارییەوە نەماوە، دەڵێی عەیامێكی زۆرە، كوندەپەپۆ لێی خوێندوە و بەسەریەكدا كاول و وێران بووە.

دوای ئەوەی هێزەكانی سوپای عێراقی شاری فاویی داگیركراویان لە سوپای ئێرانییەكان ساندەوە، هەرچی هێرشی ئێرانی هەبوو بۆ سەر چیای هەڵگورد و ناوچەی میهران و شاری بەسرا تێكشكێندران و پایتەختی تاران و شارە گەورەكانی ئێران كەوتنە بەر لێزمەی موشەكی زەمین بەزەمین و نزیكەی (١٦٠) موشەكیان تێگیرا، دیاربوو كە كۆتایی جەنگەكە نزیكدەبێتەوە، جا ئەوكاتەی جەنگی كەشتییە نەوت هەڵگرەكان لە كەنداوی عەرەبی دەستی پێكرد و بە دەیانیان لە كەشتی ئێرانی و عێراقی نوقمی نێو ئەو كەنداوە كران، وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریكا هەستیان كرد، كە ئاكامە خراپەكانی ئەو جەنگە دێ كاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەوانیش پەیدابكات و بانك و خەزێنەكانی هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراقیش بەتاڵ بوون و چیتر توانای كڕینی چەك و تفاقیان وەكو ساڵانی پێشوو نەماو، بڕیاری ئاگربەستی ئەو جەنگەیان لە نێوخۆیاندا هەڵسەنگاند. لە(٢٠) ی ئابی (١٩٨٧)دا، مەجلیسی ئاسایش بڕیاری ژمارە(٥٩٨) ی تایبەت بەڕاگرتنی جەنگی ئێران و عێراقی بە بێ شەرت و شرووت، دەركرد. ئەم پێشهاتە تازانە، دڵی كوردانی باشووریان خستە خرپەو دڵەڕاوكێ، ئەوان شارەزای ڕەفتار و ڕەوشتی حكومەتەكانی بەغدا بوون.

بەدرێژایی ئەو سێ دەیەی دوایدا، هەر وەختەکی ئەو حکومەتانە لاواز بوون، هانایان بۆ کورد هێناوە و هەر وەختەکیش قوەت و هێزێکیان پەیدا کردبێتەوە ئەوا وەك مارەکە، پێوەیانداوە!

نەخشەی وێرانکردنی کوردستان، بە شار و دیهاتەکانییەوە و قڕکردنی کوردەکان، لە مێژبوو لە لایەن ڕژێمی بەغداوە داڕێشترابوو، چاوەڕوانی هەل و مەرجی لە بار و گونجاویان دەکرد بۆ جێبەجێکردنی. ئاخر هەر لە سەرەتای یەکەمین دانیشتنی نێوان تاریق عەزیز و فەرەیدون عەبدولقادر، لە کاتی دانووستانی ساڵی (١٩٨٣)، عەزیز بە فەرەیدون دەڵێ:

ـ" ڕۆژێ دێ ئەو شەڕە تەواو ببێ، ئەگەر ئێستا بێن و لەگەڵمان پێکبێن چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ دەکەن هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە. خۆ ئەگەر شەڕ درێژە پێبدەن، دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران، ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆ شەڕی ئەوانمان دروست کردوە، دەیهێنینە سەر ئێوە، ... خاکتان بە تورەگە دەبێژین وتەفروتووناتان دەکەین."

سەرەتای قۆناغی یەکی شاڵاوی ئەنفال لە مانگی شوبات بۆ سەرگەڵو و بەرگەڵو دەستی پێکرد و جگە لە شارۆچکەی سورداش و دوکان و بنگرد و سەرچنار و قەڵاچوڵان و چوارتا، نزیکەی سی و پێنج گوندی دیکەشی تەختو وێرانکرد و بەسەدان ژن و منداڵ و پیریان یەخسیرکرد.

هەواڵی دڕەندەیی و وەحشیگەریی ئەو شاڵاوە بێئامانە، خێرا بە هەر چوار ئێقلیمی کوردستان بڵاو بۆوە، خەڵکەکە زوو درکیان بەوەکرد ئەو شاڵاوە جیاوازترە لەگەڵ شاڵاوی ڕاگوێزانەوەی گوندەکانی سەر سنوور لە ساڵەکانی دوایی

ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥). دوو حەفتەی نەبرد، هەواڵی جەرگبڕی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە هەمووو کوردستانی هەژاند، ئەو خەڵکە قەڵەمی شکا، هەمووان وەك کەسێکی پشتشکاو لە پەل و پۆ کەوتن، هیچ ڕێگایەك نەبوو بۆ کۆمەك کردن و بە هانا چوونی ئەو ژن و منداڵە ژەهراویکراوانە، هیچ دەرچەیەك نەبوو بۆ هەڵاتن و خۆ دەربازکردن. هەمووان وەك بەرد و پەیکەر ڕۆحیان لە جەستەدا نەمابوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش خەبەری ناخۆشتر و دڵتەزێنتری کیمیابارانکردنی ناوچەکانی دیکە دەگەیشت. کوردستان ببووە گۆماوێکی ژەهراویکراو بە هەزاران هەزار لەو خەڵکە وەکو ماسی دەرمان خوادروو بەسەر ئاوکەتبوون و هیچ چارەیەکیان نەبوو، نە لە ئاسمان نە لە زەوی دەستێك نەبوو، دەنگێك نەبوو بە هانایانەوە بچێ و ڕزگایان کات!

شاڵاوی ئەنفال بۆ سەرگەرمیان هەر ئەو مانگە دەستی پێکرد و نزیکەی(٥٠٠) گوندیان لەگەڵ زەوی تەختکرد و بە هەزاران ژن و منداڵیان ڕاپێچی نێو بەنگەڵە سەربازییەکانی تۆپزاوا و کەرکوك و خوارووی عێراق کرد.

لە مانگی ئایار، لەگەل کیمیابارانکردنی سێوسێنان، شاڵاوەکە بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ دەستی پێکرد، ئەوەی گیرا گیرا و ئەوەی بۆی کرا هەڵات و دەربەدەری ئەو شاخ و کێوانە بوو.

لە سەرتای مانگی نیسانی (١٩٨٨)ەوە، بەرنامەی وێرانکردنی گوندەکان و گرتن و ڕاگوێزانەوەی ئاواییەکان دەستی پێکردبوو بە هەزاران هەزار سەرباز و مغاویر و جاش لەو شاڵاودا بەشداربوون. ئەو گوندانەی بەخۆیان ڕاگەیشتبوون، چۆڵیان کردبوو و ڕوویان لە ئەشکەوتوو و شاخ و داخەکانی ناوچەی خۆیان کردبوو،

ماڵی فاروق خۆیان گەیاندبووە باریکە لـە عاقـاری داربەسـەری خۆیـان، مـاڵی مـام مەولودی ئەحمەد نیزامی مێردی پوری فـاروق و مـاڵێ خاڵـە مەغدیدیشـیان لەگـەڵ دەبێ، خاڵە مەغدید خەڵکی گوندی یەدیقزلـەر بـوو. لـە زەڵ و قامیشـی ئـەو نـاوە لەپاڵ کەندێك کەپرێکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو و ئەو شڕوشـیتاڵەیان بـۆ خۆیـان ڕاخستبوو کە بۆیان دەرچوو بوو. ژیانێکی کولەمەرگی زۆر سەختیان بەسەردەبرد. لە ترسـی کۆپتـەر و فڕۆکـە، هەمیشـە چـاوێکیان بـە ئاسمانـەوە بـووە. خـۆراك و خواردنیشـیان پـتر هـەر شیرەمەنییەکانی مـاڵاتی خۆیـان و شەکروچـای و سـاواری کـوردەواری بـووە. لەگـەڵ نزیـك بوونـەوەی وەرزی پـاییز و گـۆڕانی کـەش وهـەوا و ساردبوونی شەوان، دوای چوار مانگ، ناچار دەبن بگوێزنەوە بـۆ دۆڵـی هـەناران لـە نزیك داربەسەر، ماڵی فارس مەولودیشیان بەگـەڵ دەکـەوێ و دەبنـە چـوار خێـزان و سەربەیەکەوە دەنێن.

فاروق لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك، بە شەلەشەل و برینداریی‌یەوە، هەر لـە ئاقـاری داربەسەری دەمینێتەوە، لە دۆڵێکی نەدیو و عاسێ چەند ژوور و هەیوانێك بۆ خۆیان لـە خشـت و بـەرد و قـوڕ دروسـت دەکـەن. ئـەوان تـەرەکتۆرێکیان هـەبوو لەگـەڵ سەیارەیەکی توێتا پیکاب بە شـەو دەچـوونە گونـدی شاخەپیسـکە و کـەردز و بانـە قەرات و دێهاتەکانی نزیك شار، شـەکر و دەرمانچـاو بـرنج و شـتە پێویسـتییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان پەیدا دەکرد و دەگەڕانەوە کۆڵێتەکەی خۆیان.

ڕۆژ بـە ڕۆژ وەزعـەکـە ناخۆشـتر و دژوارتـر دەبـوو، خەسـتەخانە و قوتابخانـە لـە گوندەکان نەما، چەند خێزانێك مندالەکانیان بۆ تەواوکردنی ساڵی خوێندن، ڕەوانەی لای خزمەکانیان لە کۆیەو تەقتەق و هەولێر کردبوو.

بەیانییەکی زوو. نازداری هاوژینی لالە ئەسعەدی مام مەولودی پورزای فـاروق، لەگەڵ کوڕەکەی، بە پەلەپەل و مشەوەشی لە کۆیەوە دەگەنە لای فـاروق، ئاگـاداری دەکەنەوە کە هێزێکی گـەورەی جـەیش و جـاش خۆیـان ئامـادەو تـەیار کـردووە بـۆ هێرشکردنە سەر گوندەکانی دەڤـەری کۆیـە. هـەر ئـەو ڕۆژە هـەموویان بـەرەو ئـەو هەرەت و پەرەتە بە سەر لێشێواوی دەڕۆن و خۆیان دەشـارنەوە، شـەوەکەی هێزێکـی پێشمەرکە کە(٧٠٠) کەس دەبوون پاشەکشێیان کردبوو، لـەلای فـاروق دەمێننـەوە ولەو دەشت ودەرە شەوەکە بەسەردەبەن و چی خوادای شتێك دەخۆن.

هەر ئەو شەوە بە تراکتۆرەکە هەر چوار ماڵ، لەگەڵ خاتوو زبێدەی دایکی هەڤاڵ کۆسرەت و پەرژین و خەرمانی خوشکی بەرەو جادەی قیری ڕێی کۆیـە بەڕێدەکـەون، پێشەوای برای فاروق، چونکە پێشمەرگە دەبێ، ناتوانێ زیـاتر بـڕوات و ترەکتۆرەکـە دەداتە دەست ڕزگاری لالە ئەسعەدی پورزای فاروق، بە ترس و لـەرز بـەرەو دێگەڵـە دەکەونـە ڕێ. قەسـپێ دەیگـوت،(٥٢) کـەس بـووین، هـەمووی ژن و منـداڵ، وەك گیشەدار، لە پاشـکۆ و سـەر مەکینـەی تراکتۆرەکـە کەتبووینـە سـەر یـەکتری. لـە دێگەڵە دەچنە ماڵی عەلی بڕنەوی برادەری قەدیمی دڵسۆزیی عەلی مەولود، دەبینن چوار پێنج ماڵی دیکەش خۆیان گەیاندۆتە ئەو ماڵە نەجیبزادەیە. ئەوان لە ڕێگا بە هەزار نالەی عەلی لە بازگەکەی سـەر ڕێـی خۆیـان قوتـار کردبـوو. بـەوە بـاش بـوو فەتحولای تالەبانی ئەمنێکی ناسی بوو(٣٠٠) دیناری لەمستی نابوو تا ڕێیان پێ بدا بڕۆن.

(ڕەشێ)ی خوشکی فاروق ڕوو لە کۆیە دەکات و دەچێتە ماڵی لالە ئەسعەد کە لە گەڕەکی حەمامۆك دەبێ.

شالاوی کوللەی جەیش و جاشە خۆفرۆشەکان گەیشتە ناوچەی ڕێدار و ئاغجەلەر و تەقتەق و دەشتی کۆیە. ئاوایی گوندی عەسکەر و گۆپتەپە خەریکی فتارکردنەوە بوون، کە دڕندانە بەر تۆپی کیمیاوی و(١٥٤) کەسی بێ گوناحیان شەهید بوون. لەو شالاوەدا نزیکەی(٢٣٧) گوند سووتان و وێران کران و ژن و منداڵەکانیان دەستگیرکران.

(١٣)ی ڕەمەزان بوو، کە کاروانی ئیڤا و زیلە عەسکەرییەکانی سوپای عێراق بە ناو شاری کۆیەدا تێپەڕین، بە سەدان ژن و منداڵ و پیرەمێردی کەنەفتیان وەکو ماڵات و ئاژەڵ لە پاشکۆی خۆیان بارکردبوو، هەموو چاو بەگریان و پەژارە و نیگەران و ترساو، نەیاندەزانی بۆ کوێیان دەبەن و چییان لێدەکەن. لە پێشی ئۆتۆمبیلەکانیش لافیتەی سووریان هەڵواسی بوو، کە ئایەتی (ئەنفال)ی قورئانی لەسەر نووسرابوو. خەڵکی شار دەستە وەستان و خەمبار و توڕە لەسەر شۆستەکان ڕاوەستابوون و بەرانبەریان بوبوون بە بەرد و بە پەیکەر. بە زار و بە دڵ بۆیان دەگریان. دوکاندارێك کە چاوی بەو دیمەنە دڵتەزێنە کەوت، تووشی هیستریا بوو، لەسەر دوکانەکەی خۆی هاتە خوارەوەو ڕووی لە ئاسمان کرد و هاواری کرد:

- خودایە، ئەگەر ئەتۆ، ئەو زوڵم و ناحەقییەی قبوڵ بکەی، ئەوا من بۆت بە ڕۆژوو نابم و بەم هەینییە بۆت نەدەچمە نوێژی جەماعەت... خودایە، بە گەورەیی خۆت ئەو زوڵم و ستەمە قبوڵ نەکەی و زوو تەخت و تاراجیان تێك و لێك نێیت و ڕەحمێك بەو ژن و منداڵە بەستەزمانە یەخسیرکراوانە بکەی!

کاروانەکان دوور و درێژ بوون نە سەریان دیار بوو نە بن. شار وەك کەروێشکێکی ژەهر خواردوو لەجێی خۆی تاسابوو، هێرشەکەی بەعس لە دوو قۆڵەوە بوو،

قۆڵێکیان لە تەقتەقەوە دەهاتن و قۆڵەکەی دیکە لە دەشتی کۆیە: بەرەو گوندەکانی قەیسەری و هەواوان و قوزلۆ و کانیبی و سوێرەڵە و ئاودەلۆك و گوندەکانی دیکەی ئەو دەڤەرە. سەرکردە و ئەو (٧٠٠) پێشمەرگەی لایاندابووە لای هەوارەکەی فاروق لە دۆلی هەناران، قادری حاجی عەلی، لێپرساوی مەڵبەند و شێخ جەعفەر بەرپرسی عەسکەری مەڵبەند و عومەر فەتاح بەرپرسی کۆمەڵە بوو. کە هەڵسان بڕۆن، داوایان لە فاروق کرد کە لەگەڵیان بچیٚ، فاروق گوتی:

ـ من ئێرە بەجیٚ ناهێڵم... یەك بست لەم زێدەی خۆم دوور ناکەومەوە... ئەمن لێرە لەدایك بووم و دەبیٚ لێرەش بنێژرێم!

هەڤالان، قەناعەتیان پێهێنا، کە هەموویان هەمان سۆز و هەستیان بۆ ئەو خاك و نیشتمانە هەیە، بەلاّم چونکە هاوسەنگی هێزەکانی ڕژێم و پێشمەرگە زۆر نابەرابەرە، ئەوان وای بەباش دەزانن کە سەنگەر بگوێزنەوە، بۆ ناو شاخەکان. ئەو شەڕە لەو دەشتەدا شەڕی خۆ ترێنەو موحەققەق هەموویان تێدەچن.

شەو بەڕێکەتن، فاروق بە شەلەشەل و بە گۆچان، توانای ئەو شاخ و داخە سەختەی نەبوو، گوێدرێژی مەڕدارێکیان بۆ پەیدا کرد، ناویان لێنابوو، نێرەکەرۆکە، هەر کە لە گۆپتەپە دەرچوون و گەیشتنە ئاقاری جادەی قیڕ، ئەسپسوارێکیان دیت، خیسەیەکیان کرد، کە ڕەنگ بیٚ ئەو هێزی دوژمن بیٚ، کە دەنگی یەکیاندا، دەزانن کە خاڵە کەریمی مەرزانییە، دوای چەندان سەعات لەو هەوراز و نشێوە، دەگەنە بارەگای مەڵبەند لە سماقولّی سەروچاوە، کە ئەو کات بارەگایەکی کاتی بوو، هەڤاڵ کۆسرەت لە گوندی بیرۆی دۆڵی بالیسان بوو، خاڵە قاسمی یەدی قزلەری کارەکانی مەڵبەندی لەویٚ ڕادەپەڕاند. ئەو شەوە لەویٚ دەمێننەوە. هێزە گەورەکەی پێشمەرگە

دەمێنێتەوە و فاروق و چەند هاوڕێیەکی لە بەیانی زووەکەی بەرێدەکەن بەرەو دۆڵی بالیسان، لەوێش شەوێك لە بارەگای حەسەن کوێستانی باروبارگەی لێ دەخەن. شەو لەوێ بەسەر دەبەن و بۆ بەیانی لەگەڵ پێنج شەش بریندااری دیکە، بەرێدەکەون بەرەو دۆڵی خانەقا، بە شەو لەو دۆڵە دەپەڕنەوە، دوو لە برینداارەکان حاڵیان شڕ بوو، قاچیان لێ ببۆوە، ئەوانی دیکەش برینەکانیان سەخت بوو، بە دەم ڕێگاوە لەسەر پشتی هێستر و ماین و گوێدرێژان هەر ناڵە ناڵێن بوو، چیرۆکی بریندار بوونی خۆیان بۆ ڕێبوارەکان دەگێڕایەوە. فەیسەڵی هاوڕێی فاروق لە کاتی پەڕینەوەیدا لە ڕووبار، ئاو پێڵاوێکی دەبا، ئەو ڕێیە دووروودرێژە بە ناو ئەو دڕك و داڵەدا بە تاکە پێڵاوێك دەبڕێ، هەتا دەگەنە گوندی قەرناقە، جووتێك پێڵاوی بۆ پەیدا دەکەن.

برینی بە ئازاری فاروق لە مێشکی دابوو، ئەو بە باشی چاك نەببۆوە، بۆیە ئازاری پێدەگەیشت بەتایبەتی کە نێرەکەرۆکەکە بەخورتی دەڕۆیی و لەسەر پشتی جۆلانەی پێدەکرد، برینەکانی دەکولانەوە و فاروق یەك بە خۆی هاواری دەکرد، دەنگ و سەدای هاوار هاواری لەو دۆڵ و دەربەندانددا دەنگیدەدایەوە. پاش ماوەیەك کڕ و مات دەبۆوە، دەستی دەکردەوە، بەوە باش بوو لە بارەگای حەسەن کوێستانی، نزیکەی(١٥٠) نانی مادەیان لەگەڵخۆیان هەڵگرتبوو. کە دەگەنە ئالیەڕەش، شەو لەوێ دەمێننەوە. بناری قەندیل هەمیشە ساردە و بەفر بەسەر پشتییەوە هەر مابوو، کەسیش نەیدەوێرا ئاگر بکاتەوە. شەو فاروق بە بەتانییەکان دادەپۆشن و خۆیان پشت دەدەنە یەکتری و بۆ بەیانی بەرەو دۆڵە کۆگە سوار دەبنەوە، تومەز ڕەبییەکانی سەر چیای مامەندە کەشفیان دەکەن و دەیان بینن، دەیاندەنە بەر تۆپیان. ئەوان لە سەرتا تۆپبارانکردنەکەیان پێ ئاسایی دەبێ، چونکە ڕۆژ نەبووە ئەو شاخ

و داخەی کوردستان نەکرابێتە سێرەی تۆپچییەکانی سوپای عێراقی، بەڵام دواتر بە دەنگی نزم و ڕەنگی دوکەڵی سپیی گوللە تۆپەکان زانیان ئەو تۆپانە کیمیاوین، بەڵام چونکە ئەوان لە دۆڵەکە بەسەر کەوتبوون و گەیشتبوونە ناو قەدی چیایەکە لە مەترسی دەرچووبوون. کە شەو دەگەنە دۆڵەکۆك، لەوێ دەمێننەوە. ئەو کات ئێستگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەوێ بوو، فاروق لە ژووری فەرهاد سەنگاوی و دەستەی بەڕێوەبەری ئەو ئیستگەیە دەخەوێ، پێشمەرگەکانی دیکەش لە بارەگاکە دەخەون. بەفرێکی زۆر باریبوو. هەواکەی سارد و کوێستانی بوو، بۆیە نێرەکەرە قولە و ڕادیۆیەکی دەستی بۆ فەرهاد سەنگاوی بەجێدەهێڵن، بە لاکە لاك و شەلە شەل فاروق و هاڕێیەکانی دوای سەعاتێك ڕۆیشتن دەگەنە مەرزی ئێران. دوای چاوەڕوانکردنێکی دوو سەعاتی بە ئۆتۆمبیلێکی پیکاب، فاروق و خالە مەغدید حەسەن یەدیقزلەر و هەردوو ئامۆزای فاروق، هەژار و فەیسەڵ و کامەرانی کوڕی پورزای فاروق، سوار دەبن بەرەو قاسمەڕەش، پێش ئەوەی بگەنە وێ لە چێشتخانەیەکی سەر ڕێگا تێروپڕ نان و کەبابێکی باش دەخۆن.

لەو سەفەرە پڕ زەحمەت و مەترسی و ناخۆشییە، جگە لەوەی برسییەتی و ماندو بوون و سەرما، تەواو ئەوانی پەکخستبوو، لێ کێچ و ئەسپێ و قرێژی لەشیان، کە ئەو ماوە دووردرێژە خۆیان نەشووشت بوو، هێندەی دی ئەوانی شڕ کردبوو. جا هەر دەگەنە جێ، تەنەکە ئاوان گەرم دەکەن و جلکی شڕ و دڕی پڕ ئەسپێیان جوان لە ئاوەکەدا دەکوڵێنن و خۆیان دەشۆن.

چەندە زیندانییەکانی ژوورە تاریك و تەسك و تروسکەکانی بەندیخانەکانی ڕژێم داد و بێدایان بوو، بە دەست کێچ و ئەسپێوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، ڕەنگ بێ

پتریش ئەو جرِوجانەوەرانـە، گیـانی وانیـان هەراسـان کردبـێ. پێشـمەرگە هـەر ئـەو دەستە جلکەی هـەبوو کـە لەبەریـدا بـوو، بـەڵام پێشـمەرگە کارامـەکان، هەمیشـە هێندێ دەرمانی کێچ و ئەسپێیان لە ناو شووشویەکی بچووکی شرینقە دادەناو جوان جوان زارکەکەیان دەپێچاوە، لە کـاتی پێویسـتیدا، بـە تایبـەتی لـە زسـتان و وەرزی ساردا، بە کاریان دەهێنا.

فاروق و خاڵە مەغدیـد و هـەژار دوای دوو سـێ رِۆژ، دوعـا خـوازی لـە نـازمی عومەر دەباغ، بەرپرسی بارەگای یـەکێتی دەکـەن و بـەرەو سەردەشـت بەرِێدەکـەون، فاروق تەندروستی تـەواو خـراپ ببـوو، دەبوایـە زوو خـۆی بگەیێنێتـە نەخۆشـخانە. فەیسەڵ و کامەرانیش نزیکەی مانگێك لە بارەگاینەوشێروان مستەفا، لە قاسمەرِەش دەمێننەوە، دواتر دەگەرِێنەوە کوردستان.

ماڵی دایکی فاروق لەگەڵ سێ ماڵەکەی کە لە گەڵیان بوون، سێ رِۆژ لـە مـاڵی عەلی برِنەو، لە دێگەڵە، دەمێننەوە، تاوەکو هەندرێنی برای فاروق هەموو مێگەلـە مەرِەکـەی خۆیـان لەگـەڵ مێگـەلی کاوێسـی حـاجی رِەحمـانی و حـاجی حوسـێنی تێکـەڵکرد، لـە داربەسـەرەوە دەیانهێنێتـە دێگەڵـە، لەوێشـرِا فـاتمی دایکـی فـاروق دەچێتە ناو رِەشماڵەکانی کانی کوردە، ماڵی حاجی مەجیـد مـەنتك کـە سـەرەداوێك خزمایەتیان لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا هەبوو، رِەشماڵێکیان بۆ هەڵدەدەن و لە لای خۆیان دەیانحەوێننەوە، ماڵاتەکەشیان لە ئاقار و دەورو بەری خۆیان دەبێ.

دوای چوار پێنج مانگ، لەگەڵ ماڵی حاجی رِەحمان، رِادەگوێزنەوە بۆ کەسـنەزان و لەوێ رِەشماڵێـك هەڵدەدەنـەوە، دواتـر پارچـە زەوییێـك دەکـرِن و چـەند هۆدەیـەك و

حەسارێکی لەسەر دروست دەکەن، هۆدەکان بۆ خۆیان و حەسارەکەش بۆ مەڕ و بزنەکان.

لەم سەفەرەدا، فاروق، خۆی وەك خانەخوێ دەهاتە پێش چاو، نەك غەریب و غەوارە، شار بە شار و دێ بە دێ و شەقام بە شەقامی ئەو جێگایانەی ئێران شارەزا بوو، کە پێشتر بینیبوونی و فارسییەکەشی ئاستێکی باشی هەبوو، لێ ئەو لەبەر خراپی تەندروستیی و باری دەروونی، حەزی دەکرد، خاڵە مەغدید و هەژاری ئامۆزای لەگەڵ بێ. ئەوان هەمیشە چاوێکیان لە فاروق بوو، چونکە ژانەکەی هیچ دەم و وەعدی نەبوو، لە نیوەشەودا، لە بەرەبەیانیدا، لە کاتی نانخواردندا. لە کاتی دانیشتندا، بیگرتبا دەیگرت و هاواری لێ هەڵدەستاند، بەڕاستی بۆ کەسانی نائاشنا دیاردەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێش بوو. وایاندەزانی ئەو زەلامە ناتەواوە!

لە سەردەشتەوە، هەرسێکیان دەچنە تەورێز و لە ماڵی دکتۆر موشیری حەمە غەریب دادەبەزن. دکتۆر موشیر، لەو شارەدا ئیش وکاری ئەو نەخۆش و بریندارانەی ڕایی دەکرد کە لە کوردستانەوە دەنێردران بۆ تەورێز. شارەزاییەکی باشی لە هەموو نەخۆشخانەکان هەبوو. زۆر لە دکتۆرە باشەکانی ئەوێی دەناسی و ئاشنایەتی لەگەڵیان پەیدا کردبوو. کە فاروق زانی گەیشتە دەستی کەسێکی ئەمین و متمانە پێکراو، خاڵە مەغدید و هەژاری ڕەوانەی کوردستان کردەووە. دکتۆر موشیر و هاوژینەکەی دەستیان ڕاختبوو فاروق لە سەری بڕوا، زۆر خۆشیاندەویست و موراعاتی تەندروستی ئەویان دەکرد. لەو سێ چوار ڕۆژەی فاروق لە ماڵی وان بوو، دکتۆر موشیر، دەیباتە لای باشترین دکتۆری ئەو شارە، کە لەسەردەمی حەمە ڕەزاشا لە ئەمریکا بڕوانامەی وەرگرتبوو. دوای وەگرتنی تیشکی مێشك و

ئەنجامدانی هەموو پشکنینەکان، داودەرمانی بۆ دەنووسن و ڕێنمای و ئامۆژگاریی پزیشکیی پێدەدەن. فاروق زۆر لە ئاکامی پشکنینەکان ڕازی دەبێ و زۆریش ئەو خزمەتە خۆشمەشرەب و کۆییانەی ماڵی دکتۆر موشیری لەبەرچاو دەبێ. خەرجی و مەسرەفی دکتۆر و داودەرمانەکانیش هەموو لەسەر حیسابی یەکێتی بوو.

لەو شارانەی ئێران، فاروق زۆر دڵی بە سەقز دەکرایەوە، ئاشنایەتییەکی ڕۆحی لەگەڵدا پەیدا کردبوو. شێوەزاری شارەکە، وەکو لای خۆمان سۆرانییە و شارەکە کەوتۆتە نێوان بۆکان و بانە و دیواندەرەو سنە. خەڵکەکەی تابلێی ڕۆحسووك و غەریب دۆستن. جگە لە جادەو خەیابان و باخی جوان وخۆش، شارەکە بە کێوی و نەکرۆز و وەنەوشە و ئاڵمەلوو و مێرگەنەخشینە دەورە دراوە. چەمی زێڕینەش، کە بە چەمی سەقز ناسراوە، شارەکە دەکاتە دوو بەش و لە وەرزە خۆشەکانی ساڵ، سەیرانگا و هەواری خەڵکەکەیە. سەقز بەشێك بووە لە کۆماری مەهاباد و بە دەروازەی باشووری مەهاباد ناسراوە. خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ و ئەدیب و هونەرمەندی مەزن و ناوداری لێهەڵکەتووە.

شەماڵ پێشمەرگەیەکی هاوڕێی فاروق بوو، لە سەقز دادەنیشت، هەر کە ئەو گەیشتە ئەو شارە، لە نووسینگەی یەکێتی هەموو ئیش و کاری پێویستیان بۆ فاروق مەیسەر کرد. هەڤاڵنەوشێروان مستەفاش فەرمانی دابوو کە لە هوتێلێکی باش ژوورێکی بۆ بگرن. ئەو لە هوتێل ئازادی دادەبەزێ. سەقز بۆ فاروق شارێکی نامۆ نەبوو، چەندان لە هاوڕێ دێرینەکانی لەوێ دەژیان، عەبدولکەریم مامەند ناسراو بە مەلا خدر، کە برای ئاسۆ ئەڵمانی بوو، فاروق دەباتەوە ماڵەکەی خۆی و خزمەتێکی باشی دەکەن.

شەش مانگی ڕێك، مەلا خدر و حەسیبەی هاوژینی وەکو برا و خوشك شەو و ڕۆژ خزمەتی ئەویان کردووە، ئەویش هێندە ئاسوودە بوو لەگەڵیان، تاڕادەیەك غەریبی داربەسەر وکوردستانیان لە بیر بردبۆوە. ئەوەی کە زۆر ویژدانی فاروقی ئازار دەدا، ئەو هەموو ئەزیەت و مشەقەت و بارگرانییەبوو کە بەسەر کۆڵی دایکە بێوەژنەکەی کەڵەکەیان کردبوو. هەموو ئاواتی ئەوەبوو، ڕۆژێك دایکی ببینێ هەناسەیەکی خۆشی و سەرخەوێکی بێخەم و ژەمە نانێکی بێ حەسرەت بخوات. فاتمی دایکی کۆزێ منداڵی بەسەرەوە بوو جگە لە خوشك و براکانی فاروق و ئەرك و ئیش وکاری ماڵداری و ئاژەڵداری و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی هەمووان. فاروق دەیگوت:

- فاتمی ڕۆحم، دایکمانە... بابمانە.... برامانە... خوشکمانە. باوەڕ ناکەم دایکێك هەبێ بەقەد فاتمی دایکم لەم ڕۆژگارە ناخۆشی و زەبروزەنگ و دەربەدەری و عەزابی ژیانی چێشتبێ. ئەو یەك تاکە کەس بوو، خۆی کردبووە قوربانی بنەماڵەیەك. بنەماڵەی شەهید عەلی مەولود. ئەمن هەمیشە گوتوومە، ئەو باوکەی من، ئەو دایکەی لە پشت نەبوایە قەت قەت نە دەبووە ئەو عەلی مەولودەی لە هەر چوار ئیقلیمی کوردستان و ئێران و توران ناوبانگی دەرکردبوو!

ئەگەرچی دەنگوباسەکانی کوردستان هێندە خەمهێنەر و جەرگبڕ بوون، فاروق قەد بە چاوی ڕەشبینییەوە سەیری ئایندەی نەدەکرد. هەواڵی قۆناغی پێنج و شەش و حەوتی شاڵاوی ئەنفال هەمووانی تاساندبوو، دۆڵ و چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز و خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان و هیران و دەیان گوندی ئەو دەڤەرانە شیشەی سوورکراوە بوون چزیان لە دڵ و جەرگی کوردە دڵسۆزەکان هەڵدەستاند. سووتاندن و شۆقڵ لێدانی گوندەکانی بادینان، لە شاڵاوی قۆناغی هەشتدا و تۆپبارانکردن و

قەسـفکردنی فڕۆکـەکان بـە بـۆمبی کیمیـاوی و هێشـوویی فسـفۆری، گـرتن و یەخسیرکردنی دەیان هەزار لە خەڵکی سڤیلی بێدەسەڵات و بێسەروشوێن کردنیـان، هەموو کوردێکی ئەو جیهانەی تووشی نەخۆشی دەروونی و نەخۆشی دڵ و سەرئێشە و دەر و پەتا کردبوو.

(ڕەشیێ)ی ئازا و جەسوور و جەربـەزە و کوردپـەروەری خوشـکی فـاروق، کـە لـە ماڵی لالە ئەسعەدی کـوڕی پـوری لـە گـەڕەکی حـەمامۆك خـۆی شـاردبۆوە، دوای چـۆلکردنی داربەسـەر، لـە ڕۆژی(١٧) ی ئایـاری سـاڵی(١٩٨٨) سـەردانی مـاڵی ناسیاوێکی دەکات لە کۆیە، بەیانییەکەی بەچاوی خۆی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەبینیێ، کـە ئەنفالچییەکان بەسەر ئەو شارەیان داهێنا:

ئێستا ئەو کوڕەپارچەڵەی، چوو بوو کولێرەبـەڕوون بکـڕێ، نەگـەڕابۆوە ماڵـەوە، لەلای ڕۆژهەڵاتەوە، لە ئاسمانەوە دەنگێکی غەریب دەبیسـترا، بـەرە بـەرە دەنگەکـە گەورتر و نزیکتر دەبۆوە، کە هەمـوومان دەرپـەڕینە کۆڵان، بینیان کۆپتەرێك نە بـەرز و نەنزم، بە بڵندگۆ بە زمـانی کـوردی جـاڕدەدات و هـاوار دەکـات: (هەرکەسـێکی فیرار و موتـەخەلیف و موخـەڕیبە، زوو بچـێ خـۆی تەسـلیم بکاتـەوە. هـەر کەسـێك ئەوانە دالدە بدات و بشارێتەوە، دەگیرێن و یەکسـەر ڕەمـی دەکـرێن)، بـەردەوام بـە سـەر شـاردا دەخولایـەوە و ئـەو ئاگادارییـەی دوپاتـدەکردەوە، هەرهێنـدمان زانـی کوریژگەلە کە هاتەوە گوتی: دوکان و بازاڕ هەمـوو دایانخست و چوونەوە ماڵەوە، ئـا لـەو کاتـەدا بـوو، دەیـان ئیڤـای پـڕ سـەرباز، سـەری کۆڵانـەکانیان گرتـوو و خـەڵك مەشەوەشی و شەپرزەیی تێکەوت. ئەوەی فـیرار و موتەخـەلیفی هـەبوو لـە ماڵـەوە دەرچوون و بوو بە مقۆمقۆ، هەرچی بوو دەیگوت: زووکەن... خێرا ڕاکـەن.. خۆتـان

بگەیێننە ماڵی مامەی مام یەحیا. نیو سەعاتی پێنەچوو، چەندان کۆپتەر بە ئاسمانی شار بڵاوبوونەوەو هێندە بە نزمی دەفڕین، خۆیان لە سواندان دەخشاند. لەو دەنگە دەنگ و ڤڕەڤڕەی کۆپتەر، گوێمان لە دەنگی چەند ئارپێچی و دەستەڕێژی دۆشکەیەك بوو، هەموومان خۆمان لە کونی ژووریَ تەقەتدابوو. لە ناوەندی حەوشەی ماڵەکەدا دارهەنجیرێکی گەورە هەبوو، ئەو کۆپتەرە سەگبابە، هێندە نزم ببۆوە، لە درزی پەردەی سەر پەنجەرە تەماشامان دەکرد، چەکدارەکانی ناوی لە ئاسمانەوە بن ئەو هەنجیرەیان دەپشکنی و بەبای پەروانەکانی گەڵاو چڵ و پۆی دارهەنجیرەکەی هەمووی شکاندەوە. بۆ ماوەیەك دونیا کپ و مات و بێدەنگ بوو، ئەوەندەمان زانی، لە جادەی لای ماڵی قائیمقامی کۆن، بووە غەربەغەرب و هاوار هاوار، کە لە درزی دەرگای حەوشەوە، تەماشامان کرد، دەیان و سەدان، گەنجی سەرقۆت و پێخواست و شپرزە بەرەو گەڕەکی دڵدار غاردەدەن و هەموویان هەردوو دەستیان لەسەر سەری خۆیان بەرزکردۆتەوە و هەر چواردەوریان جاش و مەغاویرە. وەك چۆن سەگی شوانی مەڕ و بزنان تاودەدا، ئەوانیش ئەوها ئەو گەنجانەیان ڕاودەناو بە شوولاقان و قەمچی و کێبڵان لێیان دەدان، دیار بوو بەرەو ئامیرییە، لە سەر ڕێی تۆپزاوە ڕاپێچیان دەدان. هەر لەو کاتەدابوو، کوڕێکی خاوەن ماڵەکە، بە شڵەژاوی بانگی کردین و گوتی: وەرن، وەرنە سەربانی، تەماشاکەن ئەو هەموو ژن و منداڵە لە ئیڤایەکان دادەبەزێنن و دەیانبەنە ناو قشڵەی کۆیە.

سەدان ژن و منداڵ و پیرەمێردی گیراو، بە ڕاکێشان و لێدان، دەیانهێنانە خوارەوە و خێرا خێرا پاڵیان پێوەدەنان بۆ ناو قشڵە. ئەو ڕۆژە کەس بەکەس نەبوو، خەتی تەلەفۆنیان بچڕاندبوو، کەسیش نەیدەوێرا سەر لە ماڵ دەرێنی. تا لای ئێوارە،

دەتگوت ڕۆژی حەشرە، دواتر جولّەیەك پەیدا بوو، هەر دایك بوو، پرچی خۆی دەڕنییەوە و دەیزیڕاند...دەبێ کوڕەکەی منیشی لەگەڵ بێ؟... هەر باب بوو سەر و جامەدانی کەوتبووە سەر شانی و لە دەستی خۆی دەدا و ئاخ و ئۆفی بوو دەیگوت: مەرگم پێش مەرگت کەوێ، کوڕەکەی منیشیان لە ماڵی مامە گرتووە و هەموو هەموویان بردن... بەخوا تازە چاومان پێیانناکەوێتەوە.

شەو بەدیار تەلەڤزیۆن، هەموومان دانیشتبووین، دەمانگوت بەڵکو خەبەرێکی خۆش ببیستین، کە بووە سەعات (٨) و هەواڵەکان خوێندرایەوە:

بە دەنگ و ڕەنگ، لیوا ڕوکن بارقی حاجی حنتەی نیشاندا، کە چۆن بە کۆپتەرەکەی لە نزیك ماڵی مامەی مام یەحیا دەنیشێتەوەو ئەو هەموو لاوەی خۆیان لە ماڵەکە شاردبۆوە و دەستگیریان دەکات و مامەش چەکدەکات و دەیبا. لە حەوشەی قشڵەی کۆیە و ناو قەڵای هەرمۆتەو لە حەوشەی قوتابخانەی حاجی قادر بە هەزاران ژن و منداڵ و پیرەمێردی ترساو و شەکەت و بەستەزمان بە جاش و موغاویری دەست بە چەك دەورە دران و سواری ئیڤا و زیلانیان دەکەن و کەس نازانێ بۆ کوێیان دەبەن.

ڕەشێ، وەك شێتانی لێهاتبوو، هەر لە سینگی خۆی دەداو دەیگوت:

- چاوم کۆربێ... دایە... چاوم لۆتان کوربێ، کاکە بارزان و شۆڕش و یایە قەسپێ و موحتێ و حۆرە.. لەبەر ئەو مندارە وردانە مرم... خوایە زۆر شوکر کاکە فاروق و پێشەواو سەباح و هەندرێن و فەهد، لێرە نین و دەستی ئەو پیاوکوژ و خۆفرۆشانەیان ناگاتێ.... خوایە، بە گەورەیی خۆت ڕەحمیان پێبکەی و ئاگاداری دایك و خۆشك و براکانم و ئەو خەڵکە بێچارە بی!

مەلاخدر، لە سەقزەوە بۆ ورمێ نەقڵدەکرێ، لەوێ وەك بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەستبەکاردەبێ، فاروقیش لەگەڵی دەچێ و ماوەیەکی کەم لەوێ دەمێنیتەوە. دکتۆر کەمال فوئاد کە لە تاران بەرپرسی ڕێکخراوی داکۆککەران لە مافی مرۆڤ بوو، پەیوەندی پێوە دەکات و فاروق دەچێتە تاران. دیار بوو هاوڕێیان زانیارییان هەبوو، کە باری تەندروستی ئەو ڕوو لە خراپبوونە، (مام جەلال)یش، ئەوانی ئاگادارکربۆوە کە چاویان لە فاروق بێ و ئەوەندەی بۆیان دەکرێ موداراتی بکەن. هاوڕێ دکتۆر کەمال فوئاد، خەمخۆرانە دەستدەکات بە جێبەجێکردنی هەموو ڕێ وڕەسم و کاری ئوسوڵی سەفەرکردن بۆ دەرەوە و ناونووسکردنی لە نەخۆشخانەیەکی باش. بە درێژایی مانگی ئەیلول، فاروقیش بۆ مەیسەرکردنی ڕاپۆرت و پشکنینە پزیشکییەکان و کاروباری ڤیزەو پەساپۆرت و ئەو جۆرە شتانە، هەر لە هاتووچۆ و چرپوچۆپ دابوو.

هەواڵی سەفەرکردنی بۆ ئەڵمانیاو خەواندنی لە یەکێك لە نەخۆشخانە ناودارەکان، تەواو باری دەروونی فاروقی ئارام و هێورکردبۆوە، نەخۆش بە قەد ئەوەی بە داودەرمانی باش چاکدەبێتەوە و هەست بە خۆشی دەکات، هەواڵی دکتۆری باش و نەخۆشخانەی ناودار و چارەسەرکردنی زانستییانەی، باری دەوروونی هێمن و ئارام دەکەنەوە، جۆرە هیوا و ئەمەلێکی نوێ لە دڵیدا چەکەرەدەکات و زۆر دڵی پێخۆش دەبێ، کاتێك کە بلیتی فڕۆکە و هەموو نووسراوە پێویستەکان دەدەنە دەستی فاروق، بە ئومێد و حەز و هیوا سوپاسێکی گەرمەوە لێیان وەردەگرێ.

هێشتا ئەو بەرەو ئەڵمانیا نەفڕی بوو، کە هاوڕێیەکی بێخەبەر، دەیەوێ دڵی فاروق بداتەوەو دڵنەوایی بکات و دەڵێ:

ـــ فـاروق گیـان، دەبـێ وره بەرنـەدەیت و هەمیشـە وەك جـاران بـەخۆڕاگری بمێنیتەوە... باوەڕ بفـەرموو هـەواڵی شۆڕشـی بـرات هـەموومانی تاسـاندوە، بـەڵام چونکه شۆڕش برای فاروقە و کوڕی شەهید عەلی مەولودە، دڵنیـاین کـە تەسـلیمی ڕژێم نابێت و ئیعتراف ناکات و ئازاد دەکرێ!

فاروق، وەك کەسێکێ لێـدێ کـە یـەك دوو چـارەگ ئـارەقی مەسـتەکی بـێ ئـاو خواردبێتەوە، لێ هەوڵدەدا، بەسەر خۆی نەهێنێ کە ئەو هیچ زانیارییەکی دەربارەی گرتنی شۆڕشی برای نییە، دەیەوێ شتێك لە بن زمانی ئەو هاوڕێیە بدزێتەوە دەڵێ:

ـ ئەکید، ئەکید، شۆڕش برای خۆمەو من باش باش دەیناسم و لێی ناترسێم. بـەڵام تۆ خەبەرەکەت چۆن بۆ هاتووە و چییان پێگوتویت؟

ـ جاش و جەیش و مغـاویر، بەسـەر ڕەشماڵەکەیانـدا دادەدەن و شـۆڕش و دوو لـە هاوڕێکانی قۆڵبەست دەکەن و دەیانبەن!

فاروقیش دەپرسێ:

ـ نەیانگوت، ئەوە به ئەسەحی کەنگێ بووە و لە کوێ بووە؟

ـ بە گوێرەی خەبەرەکە بێ، دەبێ هەر ئەم مانگە گیرابێت. ماڵی دایکت لـە ترسـی گیران و ئەنفال کردن، ویستوویانە بەرەو هەولێر بڕۆن، لە کانیکەوە باریان کردووە بۆ کۆمەسپانێ و لەبەر ماڵاتەکە لەوێ ڕەشماڵیان هەڵداوە، وا پێدەچێ هەر لە نێو ئـەو ڕەشماڵەدا هەر سێکیان گیراون.

وشەی جاش و جەیش و مغاویر و گیران و چاوبەستن و قۆڵبەسـتن، هـەموو کۆنـە برینەکانی فاروقی کولاندەوە، ئـەو برایـەی ماشـەڵڵا کـە خۆشدەویسـت و هەمیشـە ڕۆحی لە لای ئەوبوو. بێئاگایانە، فاروق وای هەست دەکرد، کە ئەوە شـۆڕش نییـە،

گیراوە و ئێستا  ئەو کەسەی لە ژوورە تاریکەکانی ئەمنی عامەو هەیئەی خاسەی کەرکوك و بەغدا هەڵواسراوەو دارکاری دەکرێ خۆیەتی. گوێی لە هاوار هاواری براکەی بوو، کە دەیقیژاند:" من بێ تاوانم و هیچم نەکردووە و هیچ نازانم...!" گوێی لە وێزە وێزی قەمچی و شوولاق و کێبڵەکانی  نێو دەستی ئەو جەلادانەبوو، کە وەحشیگەرانە کەوتبوونە سەر جەستەی ناسك و شیرینی شۆڕشی تەمەن بیست و دوو بەهار.

فاروق، کەوتبووە ژێر ڕنوی بەفرێکی هێندە خەماوی و قورس و بەژان، نەیدەزانیٚ چیبکا، هەرچەند سەری دەینا و سەری دەبرد، بیرۆکەیەکی بۆ نەدەهات کە یارمەتی بدا هەوڵێك بدەن بۆ ئازادکردنی ئەو گەنجە بێ تاوانە. فاروق لە بەرخۆیەوە دەیگوت:

- من کە گیرام، وەك دەستی خاراوم لێهاتبوو، لەو کەژ و کێوانەو شەو و برسیەتی و مەشەقەتی ژیانی نێو شاخ و داخان ڕاهاتبووم و دەمزانی چۆن دەبێ بەرگەی ئازارەکان بگرم، بەڵام شۆڕش، هەر لەگەڵ کتێب و دەفتەر و پۆل و قوتابخانە دابووە، ئەو ئاشقی خوێندن بوو و من زۆر زۆر تەمام پێیبوو. ئێستا چۆن ئەو بەرگەی ئەو تەعزیبە دڕەندانەی ئەو گورگ و چەقەڵانە دەگرێ!؟ زۆر دەترسم لە ژێر تەعزیبدا شەهید بێ!

ئەوەی کە ویژدانی فاروقی پتر ئازاردەدا، ئەوەبوو کە خوێنی باوکی شەهیدی و فایلی ئەو لە دائیرەی ئەمن، ببنە باعیزی پتر ئەشکەنجەدانی شۆڕش و ئەوانە بکەنە بیانو بۆ تۆڵەکردنەوەی خۆیان لە باوکم و لە من و بنەماڵەکەمان. هەتا وردتر ئەو شتەکانی لێکدەدایەوە، ڕەشبینیتر دەبوو، بەرچاوی تاریکتر دەبوو. ئاخر ئەوەی ویژدان و مرۆڤایەتی و ئەخلاق و بەهای ئایین هەیە، لە نێو فەرهەنگی ڕژێمی

بەعسدا نییە. ئەوان ژنیان لە جیاتی هاوسەرەکەی و باوکیان لە جیاتی کوڕەکەی و برایان لە جیاتی براکەی لە سێدارەداوە و گوللەباران کردووە. ئەوەی جەنگیزخان و هیتلەر و مۆسۆلینی لە زوڵم و خراپەکاری پێیان ئەنجام نەدرا، ئەوانە دەرحەق بە کورد کردیان و شانازیشی پێوە دەکەن.

شۆڕش بەژن و باڵایەکی سوارچاکانەی هەبوو، چاو ڕەش و ئەبرۆڕەش و تیغی سمێڵی قەترانی، ڕەند و زرینگ و چەلەنگ، تا بڵێیت دڵی بە ژیان و ئاینده خۆش بوو. هەمیشە خەندە هیوابەخشەکەی دڵی دایك و خوشکەکانی خۆشدەکرد. ئەو چەترێك بوو بەسەر سەری ئەو دایکەو خوشکەکانییەوە، ئاخر فاروق و سەباح و هەندرێن و فەهد و پێشەوا، هەموویان چەك لەشان، وەك شووره بەرانبەر دوژمن ڕاوەستابوون. فاروق زۆر کەیفخۆش بوو بەوەی کە ئەو دەیەوێ لە ڕێی قەڵەم و کتێبەوە خزمەتی خاك و نەتەوە بکات، چونکە بۆخۆی هەمیشە ئەو گرێیەی هەر لەسەر دڵی مابۆوە کە نەیتوانی درێژە بە خوێندنی بدات و زوو بووە دێوانەی ئەو کەژ و کێوانە.

شۆڕش شەش ساڵی ڕێك لەگەڵ فەهدی برای ڕۆژانە بەیەکەوە دەچوونە گوندی ئیلنجاغ و تا پۆلی شەشەمی سەرەتاییان لەوێ خوێند، دواتر شۆڕش لە ماڵی مامە کەریمی لە کۆیە ناوەندی تەواو دەکات، کە لە ئامادەیی پێشەسازی هەولێریش وەردەگیرێ، قەسپێ دەبێتە بنەوانیان، خانوێك لە هەولێر دەگرن و فەهدیشیان لەگەڵ دەبێ.

شۆڕش، لەبەر چوست و چالاکی و ناوبانگی بنەماڵەکەی هەمیشە چاوێکی لەسەر بووە، ڕژێم هەنگا و بە هەنگاو لەدوای دەبێ، ڕۆژێك، ئەو لە پۆلی دووەمدا دەبێ

که بەڕێوەبەرەکەیان ئاگاداری دەکاتەوە، فریای خۆی بکەوێ، چونکە پیاوەکانی ئەمن پلانیان هەیە بۆ دەستگیرکردنی. لەو ساتەوە شۆڕش ئامادەیی پیشەسازی بەجێدەهێڵێت و دەبێتە موختەفی. لەگەڵ بەردەوامی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، ڕژێم بیانوی فیرارکردن و موتەخەلیفی لەسەربازیی کردە سزایەکی یاسایی بۆ گرتن و کوشتنی ئەو کەسانەی کە بە نەیاری خۆیانیان دەزانین.

شۆڕش و هەر دوو هاوڕێی: حەسەن جوان و ماڵکۆی کوڕی، چەند ڕۆژێك بوو خویان گەیاندبۆوە ڕەشماڵەکەی ماڵی دایکی شۆڕش لە گۆمەسپان، ماڵی فاروق دەیانەویست بچنە نزیك هەولێر و لەوێ نیشتەچێ بن، دوای ئەوەی کە گوند و لادێیەکان شۆڤڵیان لێدراو کاول و وێران بوون. فاتمی بەختڕەشی دایکی شۆڕش، جارێکی دیکە دەبێتە قەلەندەر و دێوانەی بەردەرگای بەندیخانەو دائیرەی ئەمن و سەرای هەولێر. پاش چەند ڕۆژێك کە دوو هاوڕێیەکەی شۆڕش بەربوون، ئەو تەواوەك دڵخۆش بوو، کە هەر لێیان دەپێچیتەوە و پرسیاریان لێدەکات، کە بۆچی کوڕەکەی ئەو ئازاد نەکراوە، تێدەگا کە ئەو کەسە پسوولەی جاشایەتیان پێبووەو بە فیرار و موتەخەلیف حیسێب نەکراون. دوای حەفتەیەك خەبەری ماڵی فاروق دەدەن کە شۆڕش ئازاد دەکەن و بچن بیهێننەوە. لێ کاتێك فاتم و خۆشکەکانی دەچن، لە جیاتی ئەوەی شۆڕشیان نیشان دەن و ئازادی کەن، لە بندیواری حەوشەی دائیرەی ئەمن پشتێنەکەی شۆڕشیان نیشان دەدەن و بە نائومێدی و چاو بە فرمێسك و هەنیسکەوە دەگەڕێنەوە ماڵەوە.

لە فڕۆکەخانەی تاران، فاروق بەڕێدەکەن بۆ ئەڵمانیا، کە فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانە گەورە و جەنجاڵەکەی شاری فرانکفۆرت دادەبەزێ و دەیەوێ بێتە دەرەوە، نە خۆی

نیشانەو ناوێکی بە دەستەوە گرتبوو، نە ئەو هاوڕێیانەی کە هاتبوونە پێشوازی بە شتێك خۆیان ناساندبوو، ئەوان هەر هاوڕێیانی حزب بوون، هیچیان یەکتریان نەبینی بوو و هەروەها یەکتریان نەدەناسی، لەوکاتەدا فاروق پەیوەندی بە سمکۆ تاهیر دەزەیی، ناسراو بە مولازم سمکۆ دزەیی دەکات، کە لە شاخدا فەرماندەی تیپی(٨٥) ی بەڕانەتی بوو و فاروقیش جێگری بوو و هاوڕێکی گیانی بەگیانی یەکتر بوون و زۆری خۆشدەیست. هەر ئەو شەوە فاروق دەباتەوە ماڵەوە، کە هەر نیو دەمژمێرێك لە فرۆکەخانەکە دوور بوو، دوای پشودانێکی سێ ڕۆژی فاروق دەباتە نەخۆشخانەی شاری گوتێنگن، زۆر پەرۆشی دەبێت و دڵسۆزانە هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ. ئەو کات فاروق باری تەندروستی باش نەبوو، هەموو ئەعزای لەشی دەلەرزی و قاچێکی نەدەگەیشتە سەر زەوی و بەسەری پەنجەی دەڕۆیشت. چونکە پێشتر ڕاپۆرت و نووسراوەکانیان بۆ ناردبوون، جێگەیان بۆ فاروق دانا بوو چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو بوون. کە داخیلی نەخۆشخانەکەی دەکەن دکتۆر فوئاد سەید عەلی، کە هاوڕێیەکی ڕاسپێردراو بوو، بووە یاوەری و وەکو موتەرجیم و یارمەتیدەر بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵی بوو و زۆر کارئاسانی بۆکرد و هەرچی فاروق بیویستبایە، بەدڵسۆزییەوە بۆی جێبەجیدەکرد، فاروق ڕۆژانە چارەسەری پزیشکی خۆی لەژێر چاودێری دکتۆرەکانی وەردەگرت و بۆ ماوەی چل ڕۆژیش لەبەشی (فیزیۆتەرتەبی) وەرزش ومەشقی سرووشتیان بەقاچ و ئەندامەکانی لەشیدەکرد. کاتێك فاروق هەستی کرد کە سحەتی زۆر باشتر بووە پەویوەندی بە مولازم سمکۆوە دەکات و ئەویش لە شاری هایدلبێرگەوە، کە(٤٠٠) کم دووربوو، دێتەوە خزمەت فاروق و لەگەڵ خۆی دەیباتە

ماڵەوە. دوای ئەوەی مامەڵەی دەرچوونی لەنەخۆشخانەکە بۆ ڕاهیکرد. نزیکەی دوو حەفتە لەماڵیان دەمێنێتەوە.

مولازم سمکۆ دزەیی وای بەباش دەزانێ کە فاروق نەگەڕێتەوە، هەوڵبدا لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بێ، فاروقیش دەڵێ:

ـ من دەبێ بگەڕێمەوە ئێران، تۆ دەزانی کە من ناوم دەرچوو بۆ ئەو سەفەرە چەندە کەیفخۆش بووم و چەندە هەناسەم هاتەوە بەرێ. ئێستا بە دەیان لەو کوردە بریندارانەی وەکو من، لەسەر ئاو و ئاگرن، چاوەڕوانن یەك دەقیقە زووتر بگەنە ئێرە. دەزانی، ئەگەر ئەمن خۆم بدزمەوە لێرە داوای پەنابەریەتی بکەم، ئەو متمانەو سقەییەی کە نەخۆشخانەکان و حکومەتی ئەڵمانیا بە من و بە ڕێکخراوەکەی داکۆکیکەران لە مافی مرۆڤی بەخشیووە، نامێنێ، ڕەنگە بۆ یەکجارەکی نەهێڵن، یەك نەخۆشی دیکەمان پێبنێتە ناو خاکی ئەڵمان؟!

مولازم سمکۆ، یەکسەر فاروق لەباوەش دەکات و ماچی دەکا و پێی دەڵێ:

ـ تۆ هەر کوڕە نەجیبەکەی شەهید عەلی مەولودی. ئافەرین بۆ نەجابەت و شەهامەتت. وەڵا هەیە ئێستا بە هەزاران دۆلار دەدا، لە ئێرانەوە بگاتە ئەڵمانیا، کەچی تۆ، لە پێناوی بریندارەکانی دیکە دەتەوێ هەرچی زووە بگەڕێیتەوە.

دواتر، فاروق لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرتەوە، سواری فرۆکە دەبێ...کاتێ فرۆکەکە بەرزدەبێتەوەو لموزی بۆ ناو هەورەکان دەبات، فاروق لە پەنجەرە خڕەکەی لای دەستە ڕاستی خۆیەوە تەماشای دیمەنی جوانی شاری فرانکفۆرت دەکات، کە هەر دەڵێی بووکێکی تارا بەسەری رازاوە و پۆشتەوپەرداغە. دەیان باڵەخانەی گەورە و زەبەلاحی جوان جوان کە بە تازەترین دیزاینی سەردەم بونیاتنراون، دەیان تاوەری نووك تیژی

کلێسەکان و ئەو هەموو شەقام و جادە و خانوو و بەرە ڕێك و پێك و نەخشـەندازە، هـەر دەڵێـی سـینیە پـاقلاوەی بـەتامن وا بـە ڕێکـوپێکی لەتەنیشـت یـەك ڕیزڕیـز وەستاون، ئەو بـاغ و باغـات و دارسـتان و چیمەنە سـەوز و جوانانـە، مەگـەر هـەر بەهەشت لەو دیمەنە بچێ، ئەو لەنێو دەریای خەیاڵی خۆیدا نقـووم ببـوو، کـە چـەند دڵۆپە فرمێسکێکی چاوی بەربۆوە سەر دەستەکانی، تۆمەز ئەو ژنە ئەڵمانییە کە لە تەنیشتی دانیشتبوو، فرمێسکەکان دەبینی و بە هێمنی دەچرپێنێ:

-lieber Freund Geht es dir gu?

"هاوڕێ! چ خێرتە؟"

فاروق، ڕادەچلەکێ، کە دەبینێ دەستەکان تەڕ بوون، دەزانێ ئەو ژنە بۆی پەرێشانەو دەیەوێ دڵنەوایی بداتەوە، بـەڵام خـۆ ئـەو زمـانی ئـەڵمانی بەباشـی نـازانێ و هـەر ئەوەندە دەڵێ:

mein Lieber.،-Vielen Dank

"هاورێ، زۆر سوپاست دەکەم."

مێشـکی فـاروق دەبیتـە شـانەی هـەزاران پرسـیاری بـێ وەڵام و دەروونـی دەبێتـە تەندووری هەزاران ئاخ و حەسرەت، ئەو وەڵامی هیچ لەو پرسیارانەی بۆ نەدەدرایەوە کە خۆشی نەیدەزانێ بۆ وا لە خۆی دەکات... ئەو دەپرسی:

ــ بـۆ دەبـێ کـورد لـەو بەدبەختیـەدا بـژی و بـۆ ئـەو دوژمنانـە وا وەحشـیگەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن؟

ـ بۆ ئەو دیمەنە جوان و دڵگیرانەی کوردستان، بۆ کورد بۆتە دۆزەخ و ئاگر و مەرگ؟

دەبێ ئایندەی ئێمە لەگەڵ ئەو نەزان و تاریکپەرست و ڕەگەز پەرستانە بمانگەیێنێتە کوێ؟ کەی لەدەست ئەو دێو ودرنجانە ڕزگارمان دەبێ؟

پێنج سەعات و پەنجا دەقیقە، لەو ئاسمانەدا، ئەو لەگەڵ فرمێسکی شاراوە و هەناسەی حەپسکراوی نێو سینە، خۆی دەخوارەدوە، تاوێ چڕەدوکەڵی گوندە سووتاوەکانی دەهاتە پێش چاو کە وەك گەردەلوول، پێچپیان دەخوارد و بەرەو عەرشی خودا بەرز دەبونەوە... ئەو گوێی لە نووزە نووزی ئەو ساوایە بوو کە جاشەکان بە لانکەوە فڕێیان دەدایە ناو ئاگری خانووە سووتاوەکان... ئەو دیمەنی ئەو سەگ و پشیلە لاوازانەی دەهاتەوە پێش چاو کە لە دەوری خانووە شۆڤڵ لێدراوی گوندەکان، بە تەنیا ماون و کەس نییە پارچە نانێك و پلە گۆشتێکیان داتێ...

ناوە ناوە بەوەی دڵی خۆی دەداوە کە شۆڕشی برای لە ئەمنی عامەی هەولێر ئازاد کراوەو سەلامەتە، ناوە ناوەش هەر خۆی بەخۆی دەگوت، جا خۆ نە تەلەفۆن و نە بروسکە بۆ کوردستان هەیە تا دڵنیابم لە ڕاستی و دروستی ئەم خەبەرە، کێ دەڵێ، دایکم، ئەو خەڵکەی ڕانەسپاردووە، کە بۆ خاتری دڵی من، بڵێن شۆڕش بەردراوە و وا ئێستا لەماڵەوەیە... .

هەر خودا دەزانێ، کە دڵ و دەروونی فاروق چۆن وەکو سەماواری جۆشدار، جزەجزیی لێوەدەهات و دەکوڵاو هەڵمی لێ هەڵدەستاو کەسیش پێینەدەزانی.

## (١٠)

## (لەنێوان نەغەدە و گۆڕستانی ئەختەرخان: مێژوویێك بە ڕەنگێکی جیاواز)

کە بە زۆر پیاڵە ژهەرەکەیان دایەدەست گالیلۆی گەردوونناس و ناچاریان کرد بینۆشی، گوتی: هەر دەسوڕێتەوە... دەسوڕێتەوە... دەسوڕێتەوە.
کلێسا دەیەویست، ئەو زانایە پاشەگەزبکاتەوە لەو کوفرەی بەسەر زمانی داهاتووە، کە گوایە زەوی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە.

بەعس و ڕژێمەکانی بەغدای پێش بەعسیش، کلێسا ئاسایەکە، ویستیان بە زۆر کورد ناچار بکەن، هەرچی پێگە و بنەمای بوون و ژیانە ڕادەستی بکاتەوەو تەسلیمی قەدەری ژێردەستەیی و چاوشۆڕیی و نۆکەرایەتی بێ. بەڵام ئەو خەونەی دوژمن، هەر بە خەون ماوە و دەمێنێتەوە. ئەوان بە بەرچاوی باوکییەوە، تاقانە کوڕەکەیان پارچە پارچە دەکرد، تا داڕوخێت و بەسەردەمدا بکەوێ و قەت هەڵنەستێتەوە، کەچی ئەو باوکە بۆ بەیانی ڕیشی خۆی دەتاشی و پۆشتەو پەرداغ خۆی دەپۆشی، تا پێیان بڵێ: ئەوەیە جەوهەری کورد.

خوێناویترین هەشت شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو گوندەکانی دەستەخوشکی هەڵەبجە، هەر بۆ ئەوەبوو، چۆك بەکورد دابدەن و تاهەتا قڕیانکەن، بەڵام ئەو زەبرانە پشتی کوردی بەهێزترکردو فێری کرد، چۆن هێزبداتەوە بەرخۆی و هەڵسێتەوە.

دکتۆرەکانی ئەڵمان سێ ئامۆژگاری یان ڕێنمایان بۆ فاڕوق کردبوو، پێیانگوتبوو:

ـ وەك چۆن کەسێك خەو لەچاوانی زڕابێ و چەندان شەوبێ نەخەوتبێ، پێویستی بە خەوێکی خۆشە تا بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی و بتوانێ ئیشوکارەکانی ڕۆژانەی جێبەجێ بکات، ئا... مێشکی تۆش وەك ئەو چاوە نەخەوتووە پێویستی بە ئیسراحەت و نووستنە. بۆیە ئامۆژگاریت دەکەین، کە تا بۆت دەکرێ چیتر مێشکی خۆت بە سیاسەت ماندو نەکەی. وەك چۆن وەرزشوانێك، دوای ئەنجامدانی چەندان کێبڕکێ، پێویستی بە پەیداکردنەوەی تین و وزە و ماسوولکەی بەهێزە، قاچەکانی تۆش، دەستەکانی تۆش، بڕبڕەی پشت و هەموو ئەندامانی جەستەت، پێویستیان بە حەسانەوە و پەیداکردنەوەی هێز و قوەتە، تا پێتدەکرێ لە چەك هەڵگرتن و لە ئەنجامدانی کاری سەخت و قورس خۆت بە دوور بگرە. نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەی کە وا تەمەنت لە هەڵکشاندایەو وا باشترە خێزانێك پێکەوەبنێی و لە ژێر بنمیچی خانووێکی پڕ خۆشەویستی باقی ژیانت بەسەربەری.

فاروق دڵی لە مەستوورە نەببۆوە، هەر خەونی بەوڕۆژەوە دەدیت کە بەیەکەوە سەربکەنە سەر سەرینێك. زووتر ئەو بەو ڕۆژگارە ناخۆش و پڕ مەترسییە، قاسیدێکی ناردبوو بۆ ماڵی باوکی مەستوورە، ئەوان ڕازی نەببوون کیژەکەیان بدەنە کەسێك کە پێشمەرگە بێ و ژیانی لە خەتەردابێ و دوورە وڵات لە ئێران و توورانێ بژی. پورێکی مەستوورە ببووە دڕکی مەم و زینێ و نەیهێشتبوو ئەو دووانە پێکبگەن.

فاروق، تەبیعەتێکی هەبوو، زۆر قوول بناوی لێدەدا و شتی زۆر زۆر خورددەکردەوە. ئەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

ـ بەڕاستی لەگەڵ دوژمنێکی زۆر بێ زەمیرمان لێقەوماوە. وەرە ئەتو بڕوانە، باوکت دەکوژن، برات دەکوژن، شار و دێت لێ وێران دەکەن و عارد و عاسمانت لێ داگیردەکەن، ئێستا ئۆخەیان نایە، لە خۆشەویست و دولبەریشت دەکەن. ئەگەر ئەوان ئەو غەدر و زوڵمانەت لێنەکەن، بۆ مەلەك، دەست لە من دەشووات و دەچێ شوو دەکات...؟ گەر ئەمن ئێستا لەسەر زەوی و زار و عەرد و بەراوی خۆم بوومایە، چۆن مەستوورە مێردی پێنەدەکردم و کەس وکاری ڕازی نەدەبوون. کورد تا بڵێی بەدبەختە، دوژمنەکەشی بە دوژمنان ناچێ. لە وڵاتاندا ئەوەی لە بەندیخانەن و مەحکومن، بووکیان بە هەڵهەلە و کراسی سپییەوە بۆ دەهێننە بەندیخانە.

ڕۆژێك فاروق لەبناگوێی قارەمان شینەی برادەری دەچرپێنێ کە لە کوردستان پێشمەرگە بووە لە کەرتەکەی و دەڵێ:

ـ دەمەوێ ژن بێنم، دکتۆریش ئەوەی پێباشە بۆ من.

ـ ئەوە لێگەڕێ، با خەمی من بێ. دڵنیابە برات تەقسیریت بۆ ناکا.

دوای ماوەیەك قارەمان داوا لە فاروق دەکات، کە بچن بۆ بینینی ئەو کچەی بۆی دەستنیشانکردووە، کە خۆشبەختانە ئەویش هەر لە نەغەدە دادەنیشێ.

کە بە میوانداری دەچنە ماڵی بابی کچە، دەستە کیژۆڵەیەك سینییە چایان بۆ دێ، قارەمان قونجڕکەیەك لە فاروق دەدا، کە کچەکە پیاڵە چای بۆ دادەنێ. لە دەرەوە فاروق بە قارەمان دەڵێ:

ـ دوو کچەکەی دی گەلێ بالابەرز و شۆخ و شەنگ بوون.

ـ نا، ئەوان کچی خاوەن ماڵ نین و بۆ تۆش دەست نادەن. برای ئەو کچە تۆ دەناسێ، من شتێکی وادەکەم خۆت و کچە بەیەکەوە دانیشن و لە نزیکەوە یەکتر ببین. خۆ ژن هێنان کراس نییە هەموو ڕۆژێ بچی بیگۆڕی.

فــاروق وکچــە بــۆ مــاوەی یــەك ســەعات بەیەکــەوە دادەنیشــن و ڕازونیــازان دەگۆڕنــەوە. دواتــر قەولــدەدەن کــە هــەردووکیان جــوابی یەکدی بدەنــەوە. هێنــدەی پێناچێ خەبەر بۆ فاروق دێنن کە ئەختەر و باوانی ڕازین و ئەویان بە دڵە.

لە کوردەواریدا دەگوترێ، ئیشی خێرێ، زوو مەیسەر دەبــێ. هــەر زوو هــاوڕێ و ناسیاوەکانی فاروق، دەکەونە هات و بات و کارەکە ڕادەپەڕێنن، ماریــای هــاوژینی عوسمان بانیمارانی و ئاوازی هاوژینی شاخەوان و ستی هاوژینی بەهرۆز و حەسیبەی هاژینی مەلا خدری و فەریدەی هاوژینی ئاسۆ ئەڵمانی، وەك بڵێی دایك و خوشکی فاروق بن، هەموو ئیش و کار و ڕێوڕەسمەکان بە جوانی و جەرگسۆزی بەڕێوەدەبــەن. ماڵێ بووکێ جگە لە جیاز و شتومەکی نێو ماڵ، داوای(٤٠٠٠) دیناریشان کردبوو، فاروق بڕە پارەیەکی پاشەکەوت کردبوو هاوڕێ نەوشــێروان مســتەفاش چــەند هــەزار دینارێکی کردبووە دیاریی. زەحمــەت و تــەدارەك و ئاهــەنگگێڕان هــەموو لــە مــاڵی هاوڕێ (عوسمان بانیمارانی) دەبێ لە نەغەدە، شەوێ بووك بە ئۆتــۆمبیلی قارەمــان شینە دەبەنە هوتێل کوێستان لە مەهاباد. دوای حەفتەیەك بووك و زاوا دەچنە نێــو ئەو خانووەی کە فەهدی برای فاروق و ئەحمەدی پــورزای و فــەتحوڵای ئــامۆزای، لــە شاری سەقز بۆیان ڕازاندبوونەوە.

فاروق و ئەختەر، شەش مانگ لە شارە شیرینەکەی سەقز بەســەر دەبــەن، دواتــر دەگوێزنەوە بۆ نەغــەدە، خانووێــك لــە نزیــك مــاڵی خــەزوران بــە کــرێ دەگــرێ. لــە

کوردستانیش، بەو بۆنەیە، دایک و خوشک و براکانی فاروق زۆر دڵخۆش دەبن و دڵنیا دەبنەوە کە فاروق باوەڕپێکردووە شۆڕشی برای ئازادکراوە و لە ژێر دەستی ڕەشی پیاوانی بەعس دا نەماوە.

دوای گیرانی شۆڕش لە گۆمەسپان، فاتم لەگەڵ ماڵی حاجی ڕەحمان، ڕەشماڵ دەپێچنەوە و مێگەل دەدەنە پێش خۆیان بەرەو کەسنەزان بەڕێدەکەون. لەوێ پێشەوا پارچە زەوییێك دەکڕێ و یەك دوو ژوور دروست دەکەن و حەسارێکیش بۆ ماڵاتەکە بەدەوری خانووەکە دروست دەکەن و لەوێ لێی ستار دەبن.

ئەگەرچی دکتۆرەکان، زۆر رجایان لە فاروق کردبوو کە خۆی ماندوو نەکات و ئاگاداری تەندروستی خۆی بێ، فاروق لە مانگی شوبات، خۆی دەگەیێنیتە قاسمە ڕەش. لەو ئان و ساتەدا مام جەلال لەوێ دەبێ و لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا دەڵێ:

ـ من وای بۆدەچم، بە قەناعەتی من، دوای ئەوەی سەددام خۆی بە پاڵەوانی براوەی جەنگی عێراق و ئێران دەزانێ، تووشی غرووری و لەخۆباییەکی بێ ئەندازە بووە، خۆی بە پەلێك دادەدا و سەری خۆی بەفەتارەت دەدا!

یەکێك لە هاوڕێیەکان کە لە نزیك فاروقەوە دانیشتبوو، سەری دەخاتە بن گوێی و دەڵێ:

ـ دیسان، مامان، بەهاری هێنایە پشتێنان!

فاروق دەگەڕێتە نەغەدە و زۆربەی کاتەکانی بە دیار تەلەڤزیۆن و گوێگرتن لە ڕادیۆ بەسەر دەبات و لە ناخدا هەمیشە نیگەرانی پێوە دیار بوو، زۆربەی شارەکانی ئێران، کوردی ئاوارە و پەراهەندەو بریندار و زامداری کوردستانی باشووری لێبوو.

ئەوەندەی ئەو بۆی کرابێ هەوڵیدەدا، کە بەو بڕە یارمەتییەی لە حزب مانگانە بۆ گوزەرانی خۆی پێیدەدرا، کۆمەکیان بکات و لە خزمەتکردنیاندا درێغی نەکا.

دوای حەوت مانگ، لە(٢) ی ئاب سوپای عێراقی پەلاماری کوێتی داو داگیریکرد و دونیا خرۆشا و تارمایی جەنگێکی گەورە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندی داگرت، فاروق یەکسەر دەڵێ:

ـ کوڕە، خۆ بەهارەکە هاتە پشتێنان و پێشبینییەکەی مام جەلال ڕاست دەرچوو!

لەگەڵ داگیرکردنەکە، زۆربەی وڵاتان لە عێراق هەڵگەڕانەوە و زوو مەجلیسی ئەمن و کۆمکاری عەرەبی داوای لە سوپاکەی سەددام کرد، خێراو بە پەلەو بێ شەرت و شروت لە کوێت بکشێتەوە. سەددام چووە سەر کەلی شەیتانی و لێی نەهاتەخوارێ و چل و سێ وڵات لەنێویاندا وڵاتانی زلهێز و چەند وڵاتێکی عەرەبی، بەسەر کردایەتیی ئەمریکا، هێزێکی گەورەیان هێنا بۆ ئازادکردنی کوێت. لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەم، لە سوپای عێراقیان سرەواند و گەردەلولی بیابان دەستی پێکرد، هەموو سوپا و تانك و زرێپۆش و تۆپ و جبەخانە و ئۆتۆمبیل و ئامێرەکانی سوپای عێراقیان شەقوپەقکرد و بە هەزاران سەرباز کوژران و بریندار و بێسەروشوێن بوون. لە تەلەڤزیۆنەکان وێنەی ئەو سەربازە کوژراو و بریندارانەیان نیشاندەدا، کاتێك کە سەربازە هەڵاتووەکان بە پێیان، بە شەپرزەیی و ڕەنگ پەڕیوی و ترسەوە بەرەو شاری بەسرا دەکشانەوە، تانکێکی سوپای عێراقی دیوارە تابلۆیەکی سەددامی لە گۆڕەپانێکی شاری بەسرا دایە بەر گوللە تانکان و خەڵك ڕژانە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانان و لە(٢) ی ئادار، ڕاپەڕینێکی سەرەتا سەری باشووری گرتەوەو لە ماوەی

چەند ڕۆژێکدا(١٤) پارێزگا لە(١٨) پارێزگاکەی عێراق لە لایەن جەماوەری ڕاپەڕیوو دەستیان بەسەردا گیرا.

فاروق حەفتا و یەك ڕۆژ پێش ڕاپەڕینی باشوور لە نەغەدە بوو، خودا کوڕێکی پێبەخشین و (نەوشیروان مستەفا) ناوی لێنا باوەڕ، فاروقیش ناوەکەی زۆر پێ پەسند و خۆش بوو، چونکە باوکی ڕەحمەتی ئەو وشەیەی زۆر لەسەر زاری بوو، هەمیشە دەیگوت، "بە مردن پیاو نامرێ، ئەو ڕۆژە دەمرێ کە باوەڕی خۆی دەدۆڕێنێ". فاروقیش هەر بەداوی ناوێکدا دەگەڕا شۆڕش و ئازادی و ئایندەی خاك و نەتەوە بەرجەستە بکات، بینی وشەی باوەڕیش داینەمۆی هەموو گۆڕانکارییەکی پیرۆز و جوانە.

خێرا خێرا سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە قاسمەڕەش و مەسعود بارزانی لە ڕاژان، پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و مەسعوود بارزانیش دێتە قاسمە ڕەش. کە فاروق خۆی دەگەیێنێتە لای نەوشێروان مستەفا، نەوشێروان هەواڵی ڕاپەڕینی ڕانیەی پێدەدا و دەیانویست بەیانی بەڕێکەون بەرەو ڕانیە، بەڵام بەفرێکی ئەستوور ئەو ناوچە شاخاویانە و دەڤەری سونێی داپۆشی بوو. دوای چەند ڕۆژێ کە ڕێگاکە دەکەنەوەو هەشت سەعات بەناو ئەوبەفر و بەستەڵەکەدا ڕێدەکەن، تا سونێ و دەگەنە جادەی قەڵادزێ. لەوێ سەید کاکە بە دوو ئۆتۆمبیلی لانکرۆز لە چاوەڕوانی کاك مەسعوود ونەوشێروان دادەبێ. کە دەگەنە جێ، پێشمەرگەکان خۆیان دەخەنە ناو ئۆتۆمبیلەکان، بە حاڵە حاڵ جێگەینەوشێروان دەبێتەوە. فاروق لەگەڵ حەڤدە پێشمەرگە دەمینێتەوە، دوای سەعاتێك ئۆتۆمبیلێکیان بۆ دەنێرن. ئەوان کە گەیشتنەجێ، شەش ڕۆژ بوو ڕانیە و چوارقوڕنە و حاجیاوە ئازادکرابوون.

له یەکەم بینینی دیمەنەکانی ڕانیەی ئازادکراو، فاروق نەیدەزانی باوەڕ بە چاوی خۆی بکات یان تارمایی ئەو ترس و تۆقاندنەی بەعس کە لە مێشکی هەموو کوردێکدا ئامارکرابوو. ئێستا ئەو بە دوو چاوی خۆی دەبینی ژن و منداڵ و پیاوی ئەم شارە هێندە بە خەندەو بزەی ئازادی شاگەشکە بوون، وەك بڵێی دەرگای بەهەشتیان بەڕوودا کرابێتەوە. تەخت و تاراجی بەعس و خۆفرۆشەکان بە تەواوی سەرەوبنکرابوو. هەموو پێگەو بارەگاو سەنگەرەکانیان، ببوونە یاریگای منداڵ و کوڕ و کچی ژیکەڵە و یارییان تێدا دەکرد. لە لایەك دەیبینی وا شەش حەوت منداڵ لە سەر تەیارەشکێنێ چوارلوولە دانیشتوون و سووکان و گێڕەکانی بادەدەن و بەچواردەوری خۆیاندا دەیسوڕێنەوە، چوار لوولەکە بەرز و نەوی دەکەن، کردوویانە بە ترمبێلۆکەی خۆیان و گەمەی پێدەکەن. لە لایەکی دیکە تانکێك لە ناوەندی شەقام لمۆزی حیزی خۆی شۆڕکردۆتەوە، ئەو خەڵکە دەچنە سەر پشتی و خۆیان بە لوولەکەی شۆڕدەکەنەوە. ڕانیە ڕانیەیەکی تەواو جیاوازتر بوو لەوەی کە ئەو پێشتر بینیبووی، تەنانەت سیما و ڕوخساری خەڵکەکەشی گۆڕابوو. فاروق ناحەقی نەبوو گومانی لە چاوی خۆی هەبێ، ئاخر جارێکیان لە عاسێترین شاخی دوورە دەستی کوردستان، شەو دەبێ پێشمەرگەیەك چەرخەکەی لێداو جگەرەیەك داگیرسێنێ، هاوڕێیانی بەسەریدا دەقیژێنن و هاواردەکەن: "بیکوژێنەوە... بیکوژێنەوە...بە کوشتنمان مەدە... ڕەصەدی تۆپەکان بەرانبەرمانن." جارێکی دیکەش لە بەردەرگای مزگەوت، تولە سەگێك، هەر بەدواوەیان بووە، گومانیان لێکردووە، نەوەکوو جیهازی لێبەسترابێ و جاسووسی ڕژێم بێ. ئەو حکومەتەی بەغدا هیچ نەماوە لەگەڵ کوردی نەکردبێ. ژنی لەسەر مێردەکەی خۆی کردبووە جاسووس، قوتابی

لەسەر مامۆستا و سەرباز لەسەر سەرهەنگ و سوالکەر لەسەر شێخ و مەلا...کەچی ئێستا هێزی گەل هەمووی دەرپەڕاندوون و خائینانی بە سزای گەل گەیاندووە.

ڕۆژی دوای ئازادکرنی ڕانیە، بازیان و هەر دوو ناوچەی دەشتی پشدەر ئازاد کران، ئەوجا بۆ ڕۆژی دواتریش سلێمانی، تاجی ئازادی نایە سەر سەری و بۆ بەیانییەکەی ئەمنە سوورەکە و موعەسکەر سەلامیان گرت. لە هەشتی ئادار، چەمچەماڵ و هەڵەبجەی شەهید و عەربەت و زەڕایەن و پیرەمەگرون خۆری ئازادیان لێهەڵهات و ڕۆژی دواتریش کۆیەو شەقلاوە و ئۆردوگای باسرمە و کفری هاتنە ڕیزی شارە دەستەخوشکە ئازادکراوەکانیان.نەوشێروان مستەفا، فاروق ئازاد دەکا لەوەی گەر دەیەوێ بچێتەوە لای دایك و خزم و کەسوکارەکانی لە کۆیە.

ڕۆژی دەی ئادار،خەڵکی شارۆچکەکانی سۆران و ڕەواندز و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور و چۆمان و سپیلك و خەلیفان و هەریر و باتاس و مەسیف و تەقتەق و ئاغجەلەر و قەرەهەنجیر ڕاپەڕین و شار و شارۆچکەکانیان ئازاد کرد.

هەرچەند بڕیار وابوو، زەماوەند گێڕان لە پێشدا لە هەولێر دەست پێبکات و دوای ئازادکردنی ئەوێ پەلاماری مەنزومەی کەسنەزان بدرێ، بەڵام کە لە شاری قەڵای دێرین بووە تەقە، خەڵکی کەسنەزانیش بەخۆ کەوتن و ڕاپەڕین. قەسپێ لەگەڵ حەمە کۆری دراوسێیان بەیانی زوو بە حەماسەتێکی زۆرەوە بەرەو مەنزومە لە ماڵ دەردەچن، هەرچەند ئەوان هیچ چەکێکیان پێنابێ و بەڵام هەر هێرش دەکەن و پیاوانی ڕژێم بە هەموو جۆرە چەکێك تەقەیان لێدەکەن. خەڵکێکی زۆر لە سەرەکۆڵان و جادەکان کۆ دەبنەوە، لەو هەرا و هۆریایەدا، قەسپێ حەمە کۆری لێ ون دەبێ، هەرچەندە چەند گوللەیەك بەدەوروبەری دەکەوێ، بەڵام هەر بەرەو

مەنزومە دەڕوا، کە دەگەنە ئەوێ، دەبینن پیاوانی ڕژێم وا ڕادەکەن و هەڵدێن، لە نزیکیانەوە پەلاماری ئیڤایەك دەدەن، قەسپێ، خاڵە مەغدیدی خاڵە عەولای دەبینێ، کە دەچێتە ناو ئیڤایەکە و کلاشینکۆفێك دەداتە دەست قەسپێ، دوو مەخزەنیشی لێوەردەگرێ. لەو کاتەدا عەسکەر، تەقەیان لێدەکەن ئەوانیش وەڵامیان دەدەنەوە، لە گوندیەوە قەسپێ تەقەی بە تفەنگ و قەناسەی کردبوو و شارەزایی باشی لەبەکارهێنانی چەك هەبوو. لەو حەشرە دا، حەکیم گۆمەشینی، کە پێشمەرگەیەکی دێرین بوو، پەیدا دەبێ و دەبنە بیست سی چەکدار و هێرشێکی شێرانە دەکەنە ناو مەنزومە و دەچنە ژوورەوە، لە پێشدا، کوڕی خاڵە باوەدینی وێنە گەورەکەی سەددامی لەسەر دیوار دەهێنێتە خوارەوە و دەیشکێنی و فڕێیدەداتە سەر زەوی. لەو کاتەدا خەڵك ڕوو لە مەنزومەکە دەکەن و ئەحمەدی هاوسەری قەسپێ و جەلال ئیلنجاغی و مامۆستا تاهیرە قووت دێن و دەست بەسەر چەك و جبەخانەکان دادەگرن.

لەو ئان و ساتەدا، کە جەماوەرێکی خوێن گەرمی تووڕە لەو ناوە کۆببوونەوە، قەسپێ دەچێتە سەر کۆسپەیەکی بەرز و کلاشینکۆف لە دەستێکی و دوو مەخزەنیش لە نێو باخەڵی کەوایەکەیدا، دەست هەڵدەبڕێ و بە دەنگێکی زوڵاڵی پڕ لە حەماسەت ئەم شیعرە دەخوێنیتەوە:

چاوم هەڵبڕی لە بۆ ئازادی
بینیم گەردنی کۆی ئەو میللەتە
هەردەم لە قوڵفەی قەنارە و پەتە
گوێم بە دەنگی ئاخ زرینگایەوە

دەمم بە هاوار گڕی نایەوە
بۆیە هەر ئەبێ پشکۆی تۆڵە بم
قوربانی تۆزی سەر ئەو خۆڵە بم(٢)

کە لە مەنزومە دێنە دەرەوە، قەسپێ، کابرایەك دەبینێ بڕنەوێکی جاشایەتی بە دەستەوەیە و دەڵێ، درۆیە سەددام نەشکاوە. قەسپێش، تێیدەخوڕی و بە توڕەیەوە لە دەمیدەداتەوە:

ــ چەڵتە چەڵت مەکە... ڕدێن سەگانی.. سەددامان پارچە پارچە کرد... سەددام لەناوچوو..تازە بەتۆ ڕزگار نابێ. بڕۆ لێرە ڕانەوەستی ردێن بە گوو!

وەك چۆن ڕۆژی ڕاپەڕین گوڵەباخ ــ کە ناوی خۆی مرەیەم قادر بوو ــ لە ڕانیە، جلوبەرگی پیاوانەی پۆشی و چەکی کردەشان و مەخزەنی بەست و تێکەڵ جەماوەر بوو و هێرشی کردە سەر مۆڵگەکانی بەعس، قەسپێش لە کەسنەزان تاکە ژن بوو چەکی بەدەستەوە بوو، دوای مەنزومە سواری سەیارە دەبێ دەیەوێ لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕووبکەنە دەربەند، بەڵام هەندرێنی برای زۆری لێی دەپاڕێتەوە کە چەکەکەی خۆی بداتێ، ئەویش دڵی ناشکێنێ، ئەوان بەرەو دەربەند دەچن و قەسپێش بە هەلهەلەلێدان و هوتافکێشان دەگەڕێتەوەماڵەوە.

قەسپێ خوشکی گەورەی فاروق بوو و لە سێ خوشکەکەی: ڕەشێ و موحتێ و حۆرەش گەورەتر بوو. ئەگەر نیوەی ماندوو بوون و مەشقەت و خەمەکانی ئەو ئاگردانە مەزنەی دیوەخانەکەی عەلی مەولود لەسەر شانی فاتمی دایکیان بووبێ،

---

٢- ئەمە شیعرێکی (کامەران موکری)یە, قەسپێ بە نیوەچڵی لەبەری بووە و بەم شێوەیە وتوویەتی.

ئـەوە نیوەکـەی دیکـەی، لەسـەر شـان و بـازووی قەسـپێ و ڕەشـێ بـووە. بـە پلـەی یەکەمیش قەسپێ.

ئـەو بـارودۆخی ژیـان و هەلـە لەبارانـەی، وەك بـۆ هەێنـدەکان هەڵدەکـەوێ، نەختۆکەکی بەبەر ئەو ژنە بە دەستوبردو ڕەنـدو جەسـووره بکەوتبایـە، دوور نـەبوو، بگەیشتبا پلەو پایەکی هێندە بەرز و بڵند کە ناوبانگی دەکردبا. هی ئـەوەبوو، وەك ژنـانی ئـەڵمان و نەروێـژ و ئینگلیـز ببێتـە وەزیـری بـەرگری یـان پـەروەردە یـان پلاندانان... دەکرا ببێتە سەرۆکی ڕێکخـراوی بوارێـك لـە بـوارە خزمـەتگوزارەکانی جیهانی، ئاخر کیژۆڵەیەك بازنەی جیهانەکەی هەر گوندێکی بیسـت و پێـنج مـاڵی وەکو داربەسەربێ، ئەوجا ئـەو شـۆڕەژنەی لێدەرچـێ، ئەگـەر بـەخت یـاوەری بوایـەو هەڵگری بڕوانامەیەکی باڵا بویە، چ داهێنەرێکی لێدەهاتەوە.

لە دیوەخان و مەجلیسان هەر خۆی لەسەر پەڕگێ دانیشتوەو لەگەڵ شێخ و بەگ و ئاغا و میراندا کەوتۆتە گفتوگۆ. لەگەڵ شوان و ڕەنجبەرو پاڵەو سەپانان، هـەر خـۆی مشوورگێڕ و کارگێڕبووە. لە سیاسەت و حزبایەتی وکوردایەتیدا. هـەموو کادیرێـك نەیوێراوە شانی لە شانی بدا. لە خەمخۆریی بۆ دایك و خوشك و براکانی، مەگەر هەر زەینەب بۆ حەسەن و حوسێنی وابووبێ.

حۆرە دەچووە کن یاسویێ جیرانیان لە گوندی و خۆی فێـرە مافوورچنین کردبـوو، فاتمی دایکیشی ڕەشماڵ و بەڕەو جاجمی دەچنییەوە و گوریس و کەژی دروست دەکرد، ڕۆژێك حۆرە دەچێتە سەرکانی و بەبێ ئەوەی کەس دەرسێکی بە قەسـپێ دابـێ، لـە بەر تەونەکەی خوشکی دادەنیشێ و تا دەگەڕێتەوە قولانجێکی لێدەچـنێ. کـە حـۆرە دێتەوە چەقۆ و مەقەست و شـتەکانی لێدەسـتێنێ و نـاهێڵێ چیدیکەی بـۆ بچـنی،

قەسپێش تورە دەبێ، دایکیشی دەزگا تەونێکی بۆ دادەمەزرێنێ و کەرگیت و چەقۆ و مەقەست و کەرەستەکانی بۆ دەستبەردەکات و هەر بە زەینی خۆی لاسای مافورێکی دەکاتەوە و جوانتر لەوی دەچنێ و نەقشەکانی دەردەچوێنێ.

کە شەوان قەسپێ لەگەڵ هەیبەتە حافزی جیرانیان لە داربەسەر پێکەوە دەستاڕیان لێدەکرد، هەیبەت چونکە نابینابوو. زۆر زەینی ڕوون بوو بەیت و شیعری زۆری لەبەربوو، بەدەم دەستاڕلێکردن، گۆرانی دەچڕی و دەیگوت:

دەچمە عەرەب کندر دێنم

بابی ئەو کچەی دەخنکێنم

کچەکەی جوانە لۆ برام دێنم

وردە وردە لە هیبەتیش فێرە شیعرگوتن دەبێ و جا چونکە ماڵیان هەر مەکۆی پیاوانی سیاسی بووەو خۆشی ئەندامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو، زۆربەی شیعرەکانی لەسەر کورد و کوردستان بوو.

کەریم ئەحمەد دەڵێ:" کە کۆنفراسمان لە داربەسەری بەست، خواردنی هەرسێ ژەمان، دە ڕۆژ لەسەر یەك، لەسەر شانی فاتمی هاوژینی عەلی مەولود و قەسپێ و ڕەشێی کچی بوو. ئەوجا وەرە جگە لەو کۆزە خێزانەی خۆیان ئەو هەموو میوانە بە شەویش نوێن و جێگایان بۆ دەستبەرکەن و نەهێڵن لە مانگی بەفرانبارێ کەس سەرمای بێ. ئەوە هەر بەو تەرحە ژنانەی وەك فاتمێ و کچەکانی دەکرێ. ئەوان شۆڕەژنی بەڕاستی بوون".

خۆ کە فاروق زامداربوو، ئەو سێ مانگە قەسپێی لەلا نەبوایە، بەکەس ئەو خزمەتە نەدەکرا، ئەو وەکو منداڵێکی ساوای لێهاتبوو، کەوچکێکی پێ نەدەگیرا...

ڕۆژی(١١) ی ئـادار شـاری هـەولێر بـە تـەواوی لـە داگیرکـەران پاککرایـەوەو کۆمەڵگەکانی کەسنەزان و بنەسلاوە و دارەتـوو و قوشـتەپە و شـاوێس و پیرزیـن و مەلائۆمەر و جدیدە و تۆبزاوە و کەورگۆسك و بەحرکە و بەردحوشتر ئازاد کران.

کە فاروق دەگاتەوە کۆیە، هێزەکەی سوپای ڕژێم لە هەیبەسوڵتان تـەفروتونابووو و هەر چەند دوو ڕۆژ بەسەر ئازادکردنی دوایین مۆڵگەی جاشـان تێپـەڕیبوو. خـوێنی ئاڵی سێزدە شەهیدەکەی هێشتا هـەر گـەرم بـوون. هێرشـی شـێرەکوڕ و شـێرەژنانی کۆیە بە دەیان لە پیاوانی دامودەزگا سەرکۆتکەرەکانی ڕژێمیـان لـە خـوێنی خۆیـان گەوزاند و شارەکەیان ئازاد کرد.

هەر کە ماڵی مام وەسمانی گوێیان لە تەقولباب دەبێ و دەرگای حەوشە دەکەنەوە چاویان بە فاروق دەکەوێ لە خۆشیان دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکیان لە چاو دێتە خـوارەوە و دەبێتە هەڵهەلە لێدان و بەزم و هەرا. دیوەخان و حەوشەو هەیوان پڕ دەبێ لە خـزم و دۆستان، بەیانییەکەی فاروق لەگەڵ خاڵە مـەلا زاهـیر و ئـازادی کـوڕی و یاسـینی ئـامۆزای خۆیـان دەبەسـتن و هەریەکـەی چـەکی خـۆی لـە مسـتی دەنـێ و بـە ئۆتۆمبیلێکی سوپەر دەچنە کەسنەزان. کە دەگەنە نێـو دەرگـەی حەوشـێ و فـاتمی دایکی چاوی پێدەکەوێ گورج بـۆی دەچـێ و لـە باوەشـی دەگـرێ و دەکەوێتـە مـاچ کردنی و بە حەسرەتەوە دەڵێ:

ـ فاروق گیان...یاخوا بەخێر بێتەوە... وەی بەقوربانی یـەك سـەعاتت بم...وەی کوڕە لەبەرت مرم... ئەتو لەکێ لۆمن پەیدا بووی! ئینشاڵلا پێوقدومت بەخێرە... بەو زووانە (شۆڕە)ش دێتەوە!

ـ کچی دایە گیان من لەدەورت گەڕێم... ئەوە چتگۆ...؟ بۆ شۆڕش لـە کوێیـە؟ دایە گیان...زوو پێم بڵێ... ئەدی ئەنگۆ خەبەرتان نەناردبوو شۆڕش بەربووە؟!

فاتمی دایکی بە لادادەچێ و زوو دەیگرن و لەسەر ئەرزی درێـژی دەکـەن و خێـرا خێـرا دەفرێـك ئـاو دێـنن و دەسـتی و دەموچـاوی تەڕدەکـەن و قەسـپێ و ڕەشـێ و هـەموویان بـە گریـان و دەنگێکـی حەزینـەوە، دەسـتدەکەن بـە دوعـاکردن، دوای ماوەیەك فاتمی دایکی بەهۆش خۆی دێتەوەو هەڵیدەگرن و لە هەیوانەکەی دایدەنێن. قەسپێ دەڵێ:

ـ کاکە... بەخوا ئەمە خەمی دڵی تۆمان بوو... گوتمان ئەتوو بۆخۆت نـەخۆش و عەمەلیاتی لە غەریبایەتییە... دەنـا وەڵـلا...دوو ساڵە کـوو شـۆڕەیان بردیـە و بێسەروشوێنە.. هەر بێسەر و شوێنە..لۆ لێت بشارینەوە... ئـەوە سـەددام و سـەگ وسوارەکانی نەمان و قڕبون... ئینشاللا خەبەرەکی خۆشمان پێدەگا!

ـ بریا... منیان گرتبا...منیان ئیعدام کردبا بەس شۆڕشـیان نەگرتبا...ئـەو زۆر ناسکەو بەری تەعزیبی ئەو وەحشییانە ناگرێ... ئەمن دەزانم ئەوانە چ موجریمێکن. دەی خـوا کەریمـە... خـەمتان نـەبێ.. خـۆ مـن وا دانانیشـم... دیـارە سـۆراغـەکی هەردەکەم.

ئەوڕۆژە تا ئێوارێ و دواتریش تا کاتی خەوتنان، دەستەدەستە ناسیاو و دۆست و جیران دەهاتنە لای فاروق. ماڵەکەیان لەبەر دەنگە دەنگ و چرپوچۆپ و هاتوچـۆیان دەتگوت داوەت و شـاییە. کـە شـەوێ هـەواڵی ئـازادکردنی شـاری زاخـۆ، دەشـتی سلێڤان و شارۆچکەی پردێ و کەلار و جەبارەیان ڕاگەیانـد، هێنـدەی دیکـە کەوتنـە خۆشی و هەهەلە لێدان و خەمی شۆڕشیان لەبیرچۆوە.

"خوایە نەمرم، حەقی خۆم بە چاوی خۆم ببینم." لە منداڵییەوە فاروق لە نەنکی و دایکی و پیرێژنانی ئاوایی، گوێبیستی ئەو دوعاو و نیزایە دەبوو، ئێستا سێیەم ڕۆژی ئازادکردنی هەولێرە، بۆ ئەو ئەو ڕۆژەیە کە دوعایان بۆ دەکرد بێتە دی. لەگەڵ گەردی بەیانی خۆی بەست و کلاشینکوف لە شان، چووە هەولێر، تامەزرۆی دیتنەوەی ئەو جێگایانە بوو کە تێیاندا ئەشکەنجەدەدرا. چووە ناو ئەو زیندان و گرتووخانەو دائیرەی ئەمن و ئیستخبارات و بارەگایانەی بەعس کە دۆزەخی ڕۆحی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بوون. سەری بەو ژوورە تەسك و تروسكانە دادەگرت كە خۆی و هەزاران کورد، تێیاندا تەعزیب دەدران و دەرگایان لەسەر دادەخرا زۆریشیان هەر لەوێ شەهید دەکران.

لای چێشتەنگاوێ، فاروق چووە مەرکەز شەباب و لەوێ کۆسرەت ڕەسووڵ و عەبدولڕەزاق و کۆمەڵەك هاوڕێی دیکەی دی. دیار بوو نەخشەی ئازادکردنی کەرکوکیان باس دەکرد. کە بەیەکەوە لە مەرکەز شەباب دێنە دەرەوە، دەنگی تەقەیەکی زۆر لە ناوەندی شارەوە دەهات، دیار بوو لە دەووری نەخۆشخانەی کۆماری ئەو ڕەفیق حزبیانەیان بە سزای گەل گەیاندبوو کە خۆیان شاردبۆوەو تەقەیان لە خەڵکی دەکرد.

هەر ئەو ڕۆژە فاروق دەکرێتە بەرپرسی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئەو دەڤەرەی دەکەوێتە نێوان جادەی شەستی و ڕێی کۆیە. ئەویش لەو ناوە دوو شوێن دەستنیشان دەکات و دەیانکاتە بارەگا. چەك و تەقەمەنیەکی زۆریان لە خەڵکەوە بۆ دێ و زۆر کەس خۆیان بە پێشمەرگە دەنووسن. فاروقیش نزیکەی دووسەد پارچە چەك بەسەر خۆبەخشەکان دابەش دەکات و واجیب وکاریان پێدەسپێرێ.

لەڕۆژی دووەمی ئازادکردنی هەولێر، خەڵکی جەلەولا و خانەقین راپەڕین و هەمان ڕۆژ مەخموور و ئاکرێ و سورچیایەتی و بەردەڕەش و دینارتێ و زێبار و شێخان ئازادکران. دوای ئازادکردنی دهۆك لە(١٤) ی مانگ، هەموو شار و شارۆچکەکانی دیکەش ئازاد کران، لە سمێڵەو تا پردێ.

ئازادکردنی کەرکوك، کەوتە نەورۆز. ڕۆژێك پێشتر شارەکە ئازادکراو ئێوارەکەی بڵێسەی ئاگری نەورۆز و گڕی بابە گوڕگوڕ ئەو دەڤەرەیان کردە شەوی جەژن و ژووان و پێکگەیشتنی ئازیزان. لێ شەڕ لە سەربازگەی خالید هەربەردەوام بوو.

دوای ئەوەی ڕژێمی بەغدا بە چاوپۆشی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە، ڕاپەڕینی باشووری عێراقی بە ئاگر و ئاسن و موشەك و تۆپ و کاتیۆشا خامۆش کرد و بە هەزاران خەڵکی سڤیلی بە دڕندەترین شێوە کوشت و دەیان هەزاری گرت و خەڵکێکی زۆر هەڵاتن، هەموو سوپای عێراق بە پاڵپشتی جاشە ناموجاهیدەکانی خەڵکی ئێران، شاڵاویان بۆ کەرکووك هێناو گرتیانەوە و خەڵکێکی زۆری شارەکەو دەوروبەری ڕوویان لە هەولێرکرد. کە هێزەکانی ڕژێم لە هەولێر نزیك بوونەوەو شارەکایان دایە بەر تۆپ و تانك، فڕۆکە دەستی کرد بە قەسفکردنی خەڵکی بێدەسەڵات، شاری هەولێریش زۆری چۆلیکرد و ڕوویان لە ڕێی شەقڵاوە و کۆیە کرد. ئەو بارەگایانەی فاروق کردبویەوە کەسی تێدا نامینێ، دەبێتە ڕۆژی حەشروحەلا، ئەویش لەگەڵ چەند پێشمەرەگەیەك بە دوو ئۆتۆمبیل دایك و خوشکەکانی دەگەێنێتە کۆیە. فاروق پلانی مانەوەیان لە هەولێر داڕشتبوو، بەڵام کە دیتی هەرچی هەیە شارەکە جێدێڵێ، زانی کە بەم دە دوانزدە کەسە هیچ ناکرێ و ئەویش

دەگەڕێتەوە کۆیە و کە لە خەتی تەقتەقەوە سوپاش هێرشدێنێ، لە بازگەی تۆپزاوا و ناو شاری کۆیە مقاوەمەیەکی باش دەکەن و ئەو لەگەڵ هاوڕێ بارام خۆشناو بوو کە بە ئاربیجی شەڕ لەگەڵ کۆپتەر دەکەن و بارام شەهید دەبێ. لە چیای هەیبە سوڵتانیش هەر بەرەنگاری هێزەکەی سوپابوونەوە، بەڵام چونکە هێزەکان نابەرانبەر بوون و کۆپتەروفڕۆکە بە خەستی قەسفی دەکردن، ناچار هێزەکانیان کشاندەوە.

ئەوان لە بەری مەفرەقی بێستانە و هیزۆپ دەبن کە بەیاننامەی ئاگربەست ڕاگەیاندرا و هێرشەکەی ڕژێم پایدۆستی پێکرا. هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ناوچەی دژەفڕینیان دیاریکردو هێڵی(٣٦) وەك سنووری نێوان هێزی کوردی وحکومەت دەستنیشانکرا.

ئەگەر شاڵاوی ئەنفال و بوردومانکردنی کوردستان بە چەکی کیمیاوی دوو کارەساتی جینوسایدکەرانەی ڕژێمی بەغدا بوون دەرحەق بە کورد، ئەوا کۆڕەوی دوای ڕاپەڕین بە مەزترین کۆچی بە زۆرەملێی ئەم سەدەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکرا، سێ چوار ملیون لەو کوردستانە بە شار و دێهاتەکانییەوە، ڕەوەو سنووری ئێران و تورکیا کۆچیان کرد، هەر هەموویان بە ناو ئەو شاخ و داخ و جەنگەڵ و کوێستانانەدا، لە کەش و هەوایەکی زۆر باراناوی و تەڕوتووش بە چەندان شەو و ڕۆژ ڕێگایان بڕی، بە سەدان ژن و منداڵ و پیروکەنەفت لەو ڕێیەدا زامداربوون و نەخۆش کەوتن و گیانیان لەدەستدا. دیمەنەکانی کە لە تەلەڤزیۆنەکانی جیهانی دەبیندرا، ویژدانی زۆرانی بەخەبەر هێناوە و بووە هاندەرێك بۆ دەستەبەرکردنی ناوچەی ئارام بۆ کوردانی باشوور و بڕینەوەی دەستی سەددام لە دەستدرێژیکردنە سەریان.

فاروق ماڵ و منداڵەکەی گەیاندە سونێ و لەوێشڕا بەرەو قاسمەڕەش بەڕێکردن و بۆ خۆی گەڕایەوە سەنگەسەر و ڕانیە. ئەوجا لەگەڵ مامۆستا خالید قادر و محەمەدی مام عەولا و یاسینی مام قادری لە ڕێی دۆڵی خانەقا دەچنە ڕەواندز. ماڵی برای خێزانەکەی سواری پیکابێك دەکات، دوای ئەوەی سەری بە کۆمبار و شڕوشیتاڵ لەبەر ئەو بارانە بە خوڕەکە دادەپۆشی و بەرەو ئێران بەڕێیان دەکا. فاروق بە ئۆتۆمبیلێکی بەڕازیلی کە خۆی شوفێری دەکرد، دەچێتە شەقلاوە، کاك مەسعوود بارزانی و هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ و حەسەن کوێستانی لەوێ بوون، تازە لە شەڕی کۆڕێ، هێزی بەرگری چوار تانکی تێکشکاندبوو.

لەو سەروبەندەدا، مام جەلال بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك دەچێتە بەغدا و فاروقیش دەگەڕێتەوە لای منداڵەکانی لە ئێران، بەڵام دوای سێ ڕۆژان لە نەغەدە بە بێتەل خەبەری پێدەدەن کە خەبات، خاڵی ئەختەری خێزانی، شەهید بووە، ئەو ئامیر بەتەلۆن بوو لە ناوپردان بەسەر میندا کەوتبوو. سالمی براشی زامدار ببوو، دوایی لە ڕێگا گیانی لەدەستدابوو. فاروق خەسوو و ئەختەری خێزانی و بەدیعەی هاوژینی سالم ئاگاداردەکاتەوە، کە دەبێ بگەڕێنەوە ڕەواندزێ، چونکە سالم بریندابووە. کە دەگەنە جێ جەنازەکانیان لە دەرگەڵە بەخاکسپاردبوو و پرسەشیان لە ڕەواندز بۆ دانان، کاکنەوشێروانیش بۆسەرەخۆشی دەچێتە پرسەکە. دوای چەند ڕۆژێك دیسان فاروق و خێزانەکەی دەگەڕێنەوە ئێران.

وردە وردە تا ڕادەیەك ئارامی و ئاسایش بۆ هەولێر و ناوچەکانی دیکە دەگەڕێتەوە، فاروقیش لە هەولێر دەبێتە جێگری سەفینی مەلا قەرە، کە بەرپرسی میحوەر بوو و بارەگایان لە عەنکاوە دانابوو. بە بەرنامە و نەخشەی داڕێژراو

سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەیان دەکرد لە کەڵەك و ساتۆر و جمکە و بنبیرز و خەزنە و تەرجان و گوندەکانی ئەو دەڤەرە. لە بەری قوشتەپەش پشتێنەیەکی دیفاعی دروست دەکەن. کۆبوونەوەکانی مەکتەب سیاسی یەکێتی لە هەولێر دەبێ.

بەعس کوردستانی کردبووە قەبرستانێکی گەورە گەورە، لە هەر شوێنێك دائیرەیەکی ئەمنی لێبوو بێ، ئەوا لە نزیك خۆیان شوێنێکی لاچەپیان دەکردە گۆڕستانی ئەو زیندانیکراو و دیلانەی، کە لە ژێر تەعزیب و ئەشکەنجەدا دەمردن، یان بە هۆی دەردونەخۆشی، یان هەر خۆیان بە قەنارەو گوللە دەیانکوشتن. خەڵکی جەرگسووتاوی شار و دێیەکان کەوتنە سۆراغکردن و گەڕان بەدوای کوڕ و باوك و مێردە گیراوە بێسەروشووێنەکانیان. ماڵی فاروقیش، هەر هەموویان بە دایك و براو خوشك و ئامۆزاکانییەوە، هەر یەکەی لە ئاقارێ خەریك بوو. لە شارێکی دوور گۆڕێکیان بدۆزیبایەوە، دڵیان بەبەریەوە نەدەدا، ئەوانیش دەچوونە سۆراغکردنی چارەنووسی شۆڕشی کوڕیان.

هەر دوای چەند مانگێك لە کشانەوەی هێزەکانی سەددام لە هەولێر، گۆڕستانی مەعمەل قیڕی هەولێر، بووە قۆمرغانەی ئەو جەرگسووتاوانەی ئازیزێکیان لێ ونکرابوو. مەعمەڵ قیڕ، دەکەوێتە سەر ڕێی مەخمور و هێندە دوور نییە لە هەولێر، پیاوانی ڕژێم ئەو جێگەیان کردبووە شوێنی ناشتنی ئەو کوردانەی دەیانکوشتن. خەڵك چەندان ڕوفاتی ئازیزانی خۆیان لەوێ دۆزییەوە.

حەسەن جوان، کە خەڵکی شێخ مەمودیان بوو و لەگەڵ شۆڕش لە هەمان ژووردا زیندانی کرابوو، دوای ئازادکردنی، وای گێڕاوەتەوە، کە شەوێك دوو ئەمن دێن و

کەلەبچە دەکەنە دەستی شۆڕش و دەیبەن، ئەو بە حەسەن جوانی دەڵێ:" حەسەن گیان خواحافیز، ئەوە دوا ڕۆیشتنمەو ناتبینمەوە."

زێوانی قەبرستانی مەعمەل قیڕ، جێگەی ئەو گۆڕانەی دەست نیشان دەکرد، کە شەو ئەمنەکان دەهاتن و کوژراوەکانیان تێدا دەناشت. لە لای خۆی مانگ و وەرزەکەشی یاداشت دەکرد. مانگی سەرماوەز بوو، قەسپێ و فەهدی برای دەچنە قەبرستانەکەو زێوانەکە دەبینن و جێگەیەکیان بۆ دەستنیشان دەکات کە گۆڕی وەرزی هاوینی ساڵی(١٩٨٨)بوو. زێوان پێیگوتبوون کەئەو سەیارەی شۆڕشیان پێ هێنابووە ئێرە، دوو کەسی دیکەشیان لەگەڵ بوو، ئەوان هەرسێکیان زیندوو بوون، بردنیانە ناو چاڵێکی بە تاڵ کە پێشتر بە حەفارە لێدرابوو، بە گوللە هەرسێکیان کوشتن و بە خۆڵ مەیتەکانیان داپۆشین و ڕۆیشتن."

ئەوان چەند گورێکیان هەڵدابۆوە، بەڵام هیچ ئاسەواری شۆڕشیان تێدا نەبوو. دوای چەند سەعاتێك لە هەڵکەندنی ئەو گۆڕەی کە زێوانەکە بۆی دەستنیشان کردبوون، ئێسك و پروسکی سێ کەس بەدیار کەوت. جلك و بەرگەکانیان دەناسراویەوە، تەنها ئەو جێگایانە ڕزیبوون کە خوێنی پێداڕژابوو. قەسپێ بە زیرەکی و کارامەی خۆی زوو ڕووفاتی شۆڕشی ناسییەوە، بەو دۆخینەی کە لەکاتی خۆی هەر ئەو بۆی چنیبۆوەو داوی سیمی زەردی لەگەڵ چنیبۆوە بۆ جوانی نەخشەکەی. ئیسك و پروسکەکەی دەردەهێننەوە و گۆڕەکە دادەپۆشنەوە و چەند پارچەیەك لە جلك وبەرگی دوو کەسەکەی دی لەسەر گۆڕەکە دادەنێن، بۆ ئەوەی گەرکەسێك بۆ سۆراغکردنیان بێت، ماندوو نەبن ، گۆڕەکە دیسان هەڵنەدەنەوە. لەو مەعمەل قیرە گۆڕ هەبوو دوو کەسی تێدا نێژرابوو، هەبوو سێ و هەبوو چوار،

زۆربەی ئەو گۆڕانەی هەڵدرابوونەوە، نیشانەیەکی جلك وبەرگی قوربانییەکانیان لەسەر بوو. هەبوو پارچە ڕانگوچۆغەڵ بوو، هەبوو دەستەسڕ بوو، هەبوو، تەسبیح و گۆرەوی بوو، چەندان کەزی ژنان لەسەر ئەو گۆڕانە بە جوانی داندرابوون. ئەو ڕۆژگارە ئەوناوە وەك بازاڕی لێهاتبوو، دەستەیەك دەهاتن و دەستەیەك دەڕۆیشتن، هەر کەسەی لە ئازیزی خۆی دەگەڕا. ڕووفاتی شەهید عەیشە گڵۆکەشیان هەر لەو مەعمەل قیرە دۆزییەوە.

ڕۆژی هەڵدانەوەی گوڕەکە، فاروق لە هەولێر نەبوو، زوو پەیوەندیان پێوەکرد و خەبەرەکەیان گەیاندێ.

ئەو ڕۆژە بۆ فاتم و قەسپێ و ڕەشێ و حۆرە و موحتێ و براکانیان بووە شینگێڕان و گریان و سینگ کوتان و قژڕنینەوە. وەك ئەوەی هەر چەند سەعاتێك بێ شۆڕش ڕەمیکرابێ. ڕووفاتەکەی دەهێننەوە کەسنەزان و فاروق لە ڕەواندوزەوە دەگەڕێتەوە و بە ناشتنی ڕادەگات و بە ڕێوڕەسمی شەهیدان بە خاکی دەسپێرن و پرسەیەکی گەورەی لە کەسنەزان بۆ دادەنێن، هەموو بنەماڵەو عێل و عەشرەت و خزم و دۆست بەشداری ئەو پرسە گەورەیە دەکەن و لە شار و دێیەکان بۆ سەرەخۆشی دێن. دەستە دەستە سەرکردەکانی کوردیش بۆ دڵنەوایی پرسەکە بەسەر دەکەنەوە و لەگەڵیان دادەنیشن. تەعزیە و سەردانی خزم و دۆستان نزیکەی مانگێك هەر بەردەوام دەبێ، دیسان جلکی ڕەش دەبێتەوە پۆشاکی ئەو ماڵە زەبوون و خێرلەخۆ نەدیووە!

هەر لە دوای شەهیدکردنی هەڵەبجە بە مانگ و نیوێك، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە بێئامانە دڕەندانەکەی ڕژێم، بەرەی کوردستانی پێکهێندرا.

دوای شکستهێنانی گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی سەددام، لە پاییز حکومەتی عێراق دەستی کرد بە کێشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی لە ناوچەکانی کوردستان. بەرەی کوردستانی، کە پێکهاتبوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و ئیسلامییەکان و (پارتی سۆشیالست و پارتی سەربەخۆیی کوردستان) و یەکێتیی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و بێلایەنەکان و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و لیستی سەربەخۆی دیموکراتەکان و دیموکراتی ئاشووری ... وەك دەسەڵاتی دیفاکتۆی ناوچەکە بیری لە دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە لەرێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆی ئازاد و دیموکراتی. بۆ ئەمەش لێژنەیەکی تایبەتی لە پازدە کەس لە سیاسەتوانەکانی ناوبەرەی کوردستانی پێکهێنرا بەم ئەندامانەوە: ڕەشید عەبدولقادر، مەعرووف ڕەئووف، نازم حەوێزی، حاکم ئەمیر، شەمسەددین موفتی، مەحموود بابان، سەعدی بەرزنجی، خورشید شەوکەت، مستەفا عەسکەری، فەرسەت ئەحمەد، قەیس دیوالی، حەسەن عەبدولکەریم، بەختیار حەیدەری، قادر جەباری، فەرەنسۆ هەریری.

بۆ فاروق و هەموو کوردێك ڕۆژی (١٩) ی ئاداری ساڵی(١٩٩٢)، زۆرخۆشتربوو لەو ڕۆژەی کە لە گرتوخانەی ئەبوغرێب ئازدکرا. هەڵبژاردنی نوێنەرانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، خەونێکی لە مێژینەی هەمووان بوو، وەك ڕۆژی تاج نانە سەر سەری شەهیدان سەیردەکرا.

لەو ڕۆژگارەدا، کوردستان بە بارودۆخێکی یەکجار سەخت تێدەپەڕی، سەرەڕای کەم ئەزمونیمان لە ئیدارەدانی وڵات و قەڵەمڕەوی، سەددام حوسێن توندترین

گەمارۆی ئابووری خستبووە سەر باشووری کوردستان، هەموو ئەرزاق و خواردنێکی، بە شیری منداڵەوە و داودەرمان و نەوت و بەنزین و وزەی کارەبا و هەموو پێویستییەکانی ژیانی لەسەر بڕیبوون. تەنانەت هاتووچۆش بۆ شارەکانی ژێردەستی ڕژێم پڕ زەحمەت و مەترسی بوون و خەڵکی کوردستان کەتبووە زێقەتییەکی زۆر و بەرەی کوردستانی ڕەخنەی زۆری لێدەگیرا.

فاروق هەمیشە بە وردی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی سەرگۆڕەپانی هەرێمی دەخوێندەوە و لێکدانەوەی وردی بۆ دەکرد، خەونی زۆری دەدی لێ خەمی زۆریشی دەخوارد. هەستی دەکرد مەراقێك وردە وردە لە سەردڵی گەورە دەبێ و ناشتوانێ دەریببڕێ و بیدرکێنێ: تەواو شێوازی ئەو حوکمڕانی و قەڵەمڕەوییەی کە بەڕێوەدەچوو، هیچی بەدڵ نەبوو، چونکە لەناو جەماوەر بوو، زۆر گوێبیستی گلەیی و گازەندە بوو، هەموو تاکێکی کورد زۆر مەرام و مرازی گەورەتری پێشبینی دەکرد لەوەی کە دەبینرا. فاروق وای هەست دەکرد کە ئیستراتیژیی حکومڕانی ئەو دوو حزبەی سەرگۆڕەپانی سیاسی، یەکێتی و پارتی زۆر جیاوازن و هیچ هەنگاوێکی بەرچاویش نابینرێ کە لێکیان نزیککاتەوە، نەخشەو بەرنامەی گوزەرانی و ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ ئەو خەڵکە زامن بکەن.

هەمیشە لەسەر دڵی فاروق مەراق و گرێیەك هەبوو، نەیدەزانی چۆنی دەربڕێ و چۆن چارەسەری بکات.

لە ساڵی(١٩٩٣) خودا برایەکی بە باوەڕی کوڕی بەخشی و فاروق زۆر دڵخۆش بوو کە دایکی داوای لێکرد ناوی بنێ شۆڕش. بەمەش فاروق هەم شکۆ و نەمرییەکی بە برا شەهیدەکەی داو ویستی بە ڕەقیب بڵێ، شۆڕشتان شەهید کرد، وا شۆڕشێکی

دیکەمان بۆ چاوتان کردە دڕکەزەردە، هەم چونکە شۆڕشی یەکجار خۆشدەویست و پێگەو جێگەیەکی تایبەتی لە دڵی ئەودا هەبوو، حەزیدەکرد ئەو ناوەی هەر لەسەر زار بێ و لەبەرچاو بێ.

درزی نێو ئەو دوو حزبە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو، دەستی ناپاکی ناوخۆ و دەرەکی بە هەموو ڕێگەیەك هەوڵی قوڵکردن و لێکترازانی جەرگبڕتری دەکرد، ئەوەبوو دوای ساڵێك ئاگری شەڕی برا کوژی هەر چوارئیقلیمی کوردستانی باشووری گرتەوە، چارەنووسی کوردی خستە بەردەم ئایندەیەکی تاریکی نادیاری ترسناك. هەر لەو ساڵەدا غەمباری ئامۆزای فاروق، وەکو سەدان پێشمەرگەی دی، بە کوللەی برای خۆی کوژرا. ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی کوژراو و بریندار و ئاوارە و دەربەدەر و ماڵوێرانی زۆرتر دەبوو خەم و گرانی و نەبوونی باڵی بەسەر هەمووان داکێشابوو. هەبوو ڕێی هەندەرانی گرتبووەبەر، هەبوو ئاوارەی شاران ببوو، هەبوو گیراو و یەخسیربوو.

فاروق زۆر حەزی دەکرد خودا کچێکی جوانی بداتێ، ئەوە بوو دوو ساڵی دوای لە دایك بوونی شۆڕش، خودا بە سۆمای چاوگەش و جوان و ژیکەڵە مرازی هێنایە دی و بوونە دایك و باوکی دوو کوڕ و کچێکی نازدار.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی (١٩٩٦) فاروق لەناوەندی مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی لە قەڵاچۆلان، ڕەئیس عورەفای خولی ئەفسەرانی ئاسایش بوو. ئەوان تەنیا ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی پشوویان هەبوو. پۆشاکی مەشقکردنیان ڕەنگی مەغاویری بوو و پۆشاکی وەرزشیشیان پانتۆڵی شینی خەت سوور بوو. خوولەکە هەموو پلەیەکی تێدا بوو ئەو عەسکەرانەی کە لە سوپای عێراق خزمەتیان کردبوو،

عەریف و نائیب عەریف و نائب زابت. مەشقپێکەریان دەرچووی کۆلێژی سەربازیی بوو ناوی ملازم وشیار خانەقینی بوو. ڕۆژێك کە فاروق ڕاهێنەرەکان ئامادە دەکا و سافیرەی کۆکردنەوە لێدەداو سڵاو وەردەگرێتەوەو دەیەوێ تەقدیمی ئەفسەری سەپەرشتیاری خولەکەیان بکات، ئەوەندە دەزانێ چاوی تاریك دەبێ و دەکەوێتە سەر زەوی.

کە سەعات یەکی شەو چاودەکاتەوە، دەبینی لیوا عومەر سەید حەسەنی فەرماندەیان لە ژوور سەری ڕاوەستاوە و ئەو لە نەخۆشخانەی سلێمانی کەوتووە. بەردەوام دوو دکتۆر چاودێری وردیان دەکرد و زۆری پێوە ماندوو بوون. بۆ بەیانی لێژنەی پزیشکی کە چوار دکتۆر بوون دێن بۆ پشکنینی و پشنیاز دەکەن کە دەبێ پشو بدات و لە ژێرچاودێری دابێ، هەڤاڵ کۆسرەت و هێروخانیش کە هاتبوونە سەردانی، فەرمانی مام جەلالیان پێڕاگەیاند کە بنێردرێتەوە ئێران.

بۆ بەیانی فاروق دەگەیێننە پەروێزخان تا لەوێوە بچیتە کرماشان، بەلام لە بازگەی سەر مەرز ناوی نایێتەوە و دەیگەڕێننەوە سلێمانی و شەو لە هوتێل بەسەردەبا، ڕۆژی دواتر بە دوو ئۆتۆمبیلی سەرکردایەتی دەیگەیێننە باشماغ، نەچوونەوە پەروێزخان. پێشەوای برای و ئەکرەم شەقلاوەیی کە پێشمەرگە بوو لەگەڵ فاروق، دوای ئەوەی پسوولەیان بۆ دەکەن، دەیانبەنە مەریوان و لەوێشڕا دەچنە سنە. لە ڕێگا سیروان ناوێکیان لەگەڵ دەبێ زۆر دەترسێ، دەڵێ لە بەرنامەی کەشکۆڵ زۆر قسەم بە ڕژێمی ئێران وتووە بمناسنەوە لەوانەیە بمکوژن. لە سنەوە بە ڕێگەی قاچاغ دەچنە کرماشان، چونکە قەرارگای ڕەمەزان ئیعتراف بە پسوولەکەیان ناکات. چوار

شەو لەوێ دەمێننەوە، پاشان چاویان بە فەریدون عەبدولقادر دەکەوێ، لەوێوە بەفڕۆکە دەچنە تاران.

مامۆستا چەتۆ حەوێزی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی دەبێ لە تاران و ملازم کەمال جێگری دەبێ. زوو لە هوتێل ئازادی جێگەیان بۆ ئامادە دەکەن و دوای پشوودانێك ڕۆژی دوایی فاروقی دەبەنە نەخۆشخانەی ئەحمەد خومەینی و پشکنینی بۆ دەکەن و بە تیشکی موگناتیسی وێنەی دەگرن. ڕاپۆڕتی دکتۆرەکان ئەوەبوو، کە ئەو نەخۆشە خوداره و ناوە ناوە خوودەگرێ و مێشکی نەختێك پڕژاوە. فاروق ئەو ڕاپۆرتەی قبوڵنابێ و داوا دەکات کە بیبەنەوە لای دکتۆرەکەی خۆی کە ناوی مەنوچهەر دەبێ. دکتۆر سەردار تاڵەبانی زۆر یارمەتیان دەدا، تا دکتۆر مەنوچهەر دەدۆزنەوە و فاروق دەبەنە لای. چونکە ئەو پێشتر فاروقی دیتبوو و مێژووی نەخۆشییەکەی دەزانی، داودەرمانی پێویستی بۆ دەنووسێ و خۆشبەختانە دوای بیست ڕۆژ فاروق دەبێتەوە گوێزی ساغ و ژانەسەرەکەی نامێنێت و قاچیشی ئەرز دەگرێتەوە.

ئەو ماوەی لە تاران بوو دکتۆر سەردار و ئاواتی هاوژینی کە کچی شێخ جەنگی تاڵەبانییە، هەمیشە سەردانیان دەکرد و ناوە ناوە لە باغ و بازاڕەکانی تاران دەیانگەڕاند. جارێکیان خاتوو ئاوات بڕە پارەیەکیشی دەداتێ، هەرچەندە فاروق پێداگریدەکات کە پێویستی پێنییەو لە هیچی کەم نییە، خاتوو ئاوات وەکو دیاری باوکی پێیدەدات و فاروقیش نایەوێ دڵی شێخ جەنگی برەنجێنێ.

لەسەر مەرز، ئۆتۆمبیلێك چاوەڕێیان دەکات و دەگەڕێنەوە سلێمانی، دواتر لە (٢٥) ی ئاب دەچێتەوە عەنکاوە، چونکە ماڵی لەوێ بووو بەرپرسی بارەگای

یەکێتی بوو لەوێ. ڕۆژانە دۆست و ناسیاوی بۆ بەخێرهاتنەوە سەردانی فاروق دەکەن. لەبەر باری تەندروستی چیتر ناتوانی لە خوولەکەی ئاسایشی قەڵاچوڵان بەردەوام بێ.

پەیوەندی فاروق و مەسیحییەکانی عەنکاوە زۆر خۆش و تۆکمەو پتەو بوو. هەرچی ئیش و کارێکیان لەو داواکردبوایە ڕاستەوخۆ بۆی جێبەجیدەکردن. ئەوان زۆریان خۆشدەویست و ڕێزیان دەگرت. سۆز و خۆشەویستییەکەی فاروق بۆمەسیحییەکان پەیوەندییەکی رۆحی لەمێژینەی لەناخی دڵی ئەو داگرتبوو، ئەویش لەچاوی (شەهید سۆران عەنکاوەیی)یەوە دەیڕوانییە مەسیحییەکان و ڕێزی لێدەگرتن، ئەو شەهید سۆرانەی هەڵۆ ئاسا ڕووبەڕووی ئەمنە بەدفەڕەکانی هەولێر بووەوەو ژمارەیەکی لێ کوشتن، ئەو شەهید سۆرانەی کە شاعیرێکی نەتەوەیی و مرۆڤێکی دڵسۆزی کوردستان بوو. جگە لەوە فاروق لە باوکییەوە ئەو پەیوەندییە دۆستایەتییەی لەگەڵ مەسیحییەکان هەبوو، عەلی مەولودی باوکی زوو زوو دەچووە هەرمۆتە و لەناویان دەمایەوە، فاروقیش لە کاتی پێشمەرگایەتی چەند پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی مەسیحی هەرمۆتەی هەبوو، لەوانە: هورمز عیسا، حیکمەت حەنا، سەلام یەلدا...، بۆیە لایەنی سۆز و ڕێزگرتنەکەی زۆر بوو بۆیان، مەسیحییەکانی عەنکاوەش ڕێزێکی تایبەتیان لێدەناو خۆشیان دەویست.

دوای پێنج ڕۆژان، لە سەعات چواری بەیانی فاروق گوێی لەگرموهۆڕی تۆپان دەبێ و نازانێ چییە؟! کە پەیوەندی بە مەکتەب سیاسییەوە دەکات، ئەوانیش هیچ زانیارییەکان نابێ، پاشان وردە وردە دەنگی تۆپەکان لە نزیك مەعمەل قیڕ و دارەتوو و ڕێگەی گوێڕەوە نزیکتر دەبنەوە. کە تەلەفۆن بۆ ئەحمەد شەریف دەکات،

وەڵامەکەی ئەوەدەبێ، کە مام جەلال ئەمریکای ئاگادار کردۆتەوە ئەوان فڕۆکە دەنێرن و هێزەکە دەگێڕنەوە. سەرەتا، فاروق وادەزانێ بەعس هێرشی کردووە و دەیەوێ هەولێر بگرێتەوە، دواتر کە هێزەکانی سوپا لە قوشتەپەو کەسنەزان نزیکدەبنەوە، تێدەگا مەسەلەکە چییە. هێزەکانی یەکێتی دەکەونە تەقەکردن و ئارپێچی هاویشتن، لەبەر نابەرانبەری پارسەنگی هێزەکان، هێزەکانی یەکێتی پاشەکشێ دەکەن. کاتێك فاروق خۆی دەگەیێنێتە بارەگای ئاسایش، ئاگاداری دەکەنەوە کە تانکەکانی عێراقی گەیشتوونەتە بەردەم پەرلەمان. فاروق و پێشمەرگەکانی کە لەگەڵیدا بوون ڕوو لەناو شار دەکەن، بەڵام بە دۆشکە لێیان دەدەن. لە گەڕەکی محەتەوە خۆیان دەگەیێننە بن قەڵات، لەوێ پێیان دەڵێن کە هێزێکی زۆری عێراقی لە مەلائۆمەر و کانی قرژاڵە و گرد جوتیار و عەنکاوەیە. پێشمەرگەیەکی زۆر شەهیدبووین. بۆ خۆ دەربازکردن دەچنە باداوان و لە باخچەیەك خۆیان دەشارنەوە، بەو مەبەستەی شەو بێنە دەرەوەی شار، بەڵام خۆشبەختانە هەندێ پێشمەرگە لەوێ دەبن. دواتر لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و ملازم عومەر و مەلابەختیار سەعیدی ئەحمەد پیرە یەکدەگرنەوە...فاروق شارەزای ئەمشوێنەبوو، چونکە دەیان جار بۆچالاکی ئەم ڕێگایانەی کوتابووەوە. شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و سوپای عێراق لە سەد مەتری گەرم دەبێ و هێرشەکە لەوێ ڕادەگرن.

دوای ئێوارە بە فرمانی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسووڵ دەکشێنەوە و لە بێستانەو چەمەرگە و نزیك ئەشکەوت سەقا هێڵی دیفاعی دادەنێن و خۆیان دادەمەزرێنن.

ئەگەرچی دواتر جەبار فەرمان بە هێزێکی زۆرەوە لە سلێمانی بۆ پشتیوانی وان دەگاتە جێ، بەڵام بە بروسکەی مام جەلال دەکشێنەوە کۆیە.

فاروق لە کۆیە هەر خەمی منداڵ و دایك و خوشکەکانی دەبێ، کە لە هەولێر و عەنکاوە بەجێمابوون. بۆخۆی لەگەڵ باوەدین و هێمنی کوڕی خاڵی، لەڕێی پشدەرەوە دەچنە زەڵێ. بۆ ماوەی مانگێك لەوێ دەمێننەوە. هێزەکانی پارتی تا نزیك سونێ دەچن. بارودۆخەکە یەکجار سەخت و ناخۆش دەبێ.

قەسپێ، محنەت و کارەساتی ئەو شەوەی ئەوها بۆ گێڕاینەوە:

ـ" گورگە... گورگە، دەی خۆت حازرکە، ئەوە دنیایە، پارتی و حکومەت بێنەسەرمان...! ئەمەش لە ئینزارین."ئەحمەدی مێردم، سەعات یەکی شەوێ هاتەوە، وای گوت و بۆی دەرچوو، ئەو بەمنی دەگۆ: گورگە. ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت و هەستم ڕادەگرت، بزانم لەو شورتاوەی هیچ دەنگ و باسێکم گوێ لێنابێ. لەبەر گرمەگرمی تۆپان و زرمەو شریقەی کاتیوشاو ئارپیجی دونیا خەراب ببوو. هەر بەیانی گزنگیدا، لە ماڕێ هاتمەدەرێ و چوومە ماڕێ عەلی نەسرەدینی جیرانمان، و پێم گۆ: کاك عەلی بە قوربانت بم، ئەوە دنیا خەراب دەبی، دەبزانە قسەکی لەگەڵ کاك کۆسرەتی ناکەی، بزانین چ قەومایە. کاك عەلی چووە دەرێ و ئەوەندەم زانی هاتەوە، گۆتی: نەمتوانی بگەمێ، بزانم ئەوجارەی خۆم تێناکەم!

لە پەنجەرەی تەماشام دەکرد، ئەوەندەم زانی سێ سەیارەی پڕ پڕ چەکداری دەمامکدار هاتن، یەکیان بۆ ماڕێ ئەحمەد سماقە چوو، یەکیان لمووزی لە کۆرانەکەی مە کرد. ئەوی دیکە لە جێی خۆی ڕاوەستا. لە دەرەگای مەیاندا، هەتا ئەمن چووم دەرگاکە بکەمەوە، دەمامکدارەکیان لەسەر دیواری بازیدایە ناو حەوشە و بە

تورِەیەوە گۆتی: ئێرە ماریێ ئەو گەوادەیە! هەرچی جنێوی ناشیرینی بەسەر زار دادەهات نەیدەگێڕایەوە، دوایی گۆتی: ئەتو جەلالی، یاللا پێشمان کەوە. ڕایانکێشامە دەرەوەو دووسێ یەکیشیان چوونە ژوورەوە و لە شتی دەگەڕان. یەکیان گۆتی: دەی سویچی سەیارەکەمان دەیە لەگەڵ بیکەیسییەکەی! گوتم نە سویچی سەیارەی لەکن منە و نە بیکەیسیشمان هەیە. ئەوجارەی لولەی کلاشێنکۆفەکەی لە من کردوو گۆتی: قەسەم بە گۆڕی سەرۆکی، ئێستا سویج و بیکەیسییەکەم نەدەییێ، لێرە دەتکوژم! گۆتم: ئەوە ڕاوەستایم و هەرنەهاتیمە. دەمکوژی نامکوژی کەیفی خۆتە...بەرام هەتا یەومولقیامە لێرەبی نە سویچم لەکنەو نە بیکەیسیمان لە ماریێ هەیە. گۆتی: ئەو قسانە فائیدەت نادا. ئەحمەدی مێردت و فاروقمان هەردووك کوشتییە. گوتم: ئەگەر ئەحمدتان لە شەڕی کوشتییە دەستان خۆش بی، فاروقیش نەخۆشەو لە ناو جێی کەتووە ئەگەر ئەویشتان بەو حارەی کوشتییە، ئەوا خۆتان دەزانن. بەدەستە خۆم نەبوو، کە گوتیان فاروقمان کوشتییە زۆر زۆر خەمم خوارد و ڕقم لێیان بۆوە... بەلاّم پێم لەجەرگی خۆم نا نەمهێشت گریانم بێ. لەو ئان و ساتەدا دوو ژن هاتن خزمی ئەحمەدی بوون، گۆتیان، نابێ ئەو ژنە بەستەزمانە ببەن. ئەو قسانە نەیخوارد. ژنەکان ڕوویان لەمن کرد و گۆتیان... دەی، بگرییێ، خۆت بگرییێنە، ئێستا وازتلێدەینن. گوتم، وەلاّهی بشمکوژن ناگرییێم. دوو سێ فیشەکیان بەسەر سەرمدا تەقاند. وایانزانی من لە تەقەی زەندەقم دەچی... تا پشت ماریێ عەلی بە پاڵپیوەنان و ڕاکێشان بردم. چەکدارێکی پارتی کە پارچە پەڕۆیەکی ڕەشی بە سینگیەوەبوو، لێمان هاتە پێشی و پڕیدا دەستی من و هاواری کرد: ئەوە، ئەو ژنە لۆکێندەر دەبەن؟ گۆتیان: جەلالییە. گۆتی: ئەوجا ژن هەیە لە گەڕەکی لە ڕووی

ئەو ژنە بەخۆی بڕێ ژن. وەڵاهی نایەڵم بیبەن. مـن بـرام کوژرایـەو پارتیشـم، بـەرام نایەڵم دەستکەنە ئەو ژنە. دەستیکرد بەگریانێ. گوتی قوربـانی ئـەو بسـکەت دەبم. کێندەرت دەوێ من دەتبەم و نەجاتت دەدەم. هەستە لەگـەر مـن وەرە. ئـەمن لـەدو مەیتی براکەم دەچمە کەسنەزانی خەبەرم لۆهاتیە لەوێ کوژرایە.

هەموو ڕۆیشتن و ئـەمنیش چـوومە مـارێ عـەلی نەسرەدینی و لـە هەیوانەکـە دانیشتم، ئەوەندەم زانی دەنگـی دەسـتڕێژێك هـات و گوتیـان عـەبـدوڵڵایان کوشـت. عەبدوڵڵا لە کۆمیتەی یەکێتی کاری دەکرد. لە بەیتونەش تەماشام دەکرد، لە سەد مەتریش دەستڕێژیان لە کوڕێکی دیکەش کرد و کوشتیان.

کاك عـەلی هاتەوە، گوتم: کاك عـەلی چ بکـەین؟ کێـوە بچـین؟ لـەو عانـەی پـێم پێوەنا و خۆم گەیاندە مارێ عەلی پشت قەمبوری، ئەوان تەلـەفۆنیان هـەبوو، گـۆتم تەلەفۆنەکی لۆ مارێ فاروقی دەکەم بـزانم چـیان لێبەسـەرهاتیە. ئەوەنـدەم تەلـەفۆن کرد، ماندی بووم، تەلەفۆن نـەبوو، تومـەز هـەموو خەتـەکانیان ڕاگرتبـوو. گۆتیـان بچیە دەرەوە دەتکوژن. ماریان تاران کردین و هەرچی شتومەك هەبوو بردیـان، یـەك دیناری ئاسنم لۆ (ڕیمێ) پێنەمابوو پێی بچمە جێیەکی.

بەیانی زوو چەند چەکدارەك لە دەرگای مارێ مەیان دابوو، بەرام ئەمن لە مارێ کاك عـەلی بووم. یا فاتمی جیرانمان گوتوبووی: ئەو مارە چۆل و هۆلە کەسی تێدانییە، هەموویان گیراین. ئەوانیش گوتبویان: نارۆین و لێرەدەبین، هەتا پێمان نەرێی باجی قەسپێ لەکێیە؟ ئەمن بۆخۆم گێم لەو دەنگە دەنگە بوو، کە لە درزی پەردە تەماشام کرد ئەو کوڕەم ناسییەوە. کوڕەکەی عەلی برنەوی دیگەڵە بوو، منیش چوومە دەرێ و خـۆم لـێ ئاشـکرا کـردن. گوتیـان ئەمـە هـاتین ئـەتو نەجاتـدەین. مـنـیش زۆرم

سوپاسکردن. لەگەریان چوومە ماریێ بایزی برازای عەلی برنەوی. مارەکەیان نزیک نەخۆشخانەی رزگاری بوو. کە چوومەوێ هەموویان لە خۆشیان گەشانەوە، دیتم فەهدی براشم لەوێیە، راستەوخۆ گوتم هەبی و نەبی شتەکی ناخۆش رووی داوەو دیارە قسەی ئەو چاکدارانە راستە، مەگەر خوا خەبەری مەرگی عەزیزانیان پێیە، یەکسەر لە هۆشخۆم چووم. فەهد گۆتی، ئەمن لەبەر تو لێرە مایمەوە. ئەو بۆخۆی بە سەیارە چووە بێستانە و ئەمنیش دوو رۆژان لە ماریێ کاك بایزی مامەوە، گوتیان لەلای بێستانەی شەرە. سەیارەیان هێنا، ئەمن و ئەحمەدی مام کەریمی و ژنەکەی و مۆژدەی براژنم، خێزانی فەهدی برام، سواربووین پێش ئەوەی بەرێکەوین کاك بایز زەلفەکی هێنا پر پارەبوو، گۆتی چەندی هەرەگری هەرگرەو لۆ فاروقی براشت ببە. من یەك فلسم پێنەبوو بەرام هیچم لێوەرنەگرت و چووینەوە کۆیە. لە بەنزینخانەی مەنتکاوە راوەستان بەنزینی تێکەن، کاك بایز هاتە لای سەیارەکەی و بە زۆر نەختێك پارەی لە مستینام. سەیارەکەی پێشەوەمان کاك بایز لێیدەخورێ و دوو سەیارەکەی دیکەش کورەکەی عەلی برنەو و کاك ئەحمەد دەیانهاژوشت. گەیشتینە قوشتەپە، لە فولکەی شەهید فاقە مەخموری. وێنەکەیان درانبدبووە گوللەبارانیان کردبوو. لەو بازگەی نەجاتمان بوو، بەرام لە بازگەی قەشقە و خورخور، سەربازی بەعسی لێبوو ئیزنیان نەدەداین. زۆریان لێپاراینەوە، گوتیان، برۆن، دەتانکوژن، گوتمان، خونی خۆمان لەسەر خۆمان، هەر دەرۆین. دوایی ئیزنیان داین و رۆیشتین، هەندەك رۆیشتین ئەمەیان دا بەر تۆپان و ئەو ناوە هەموو بووە تەپوتۆز، وەڵاهی بە عجووبە دەرچووین، دوو سەیارە گەرانەوەو ئەحمەدی مام کەریمی پێی پێوەناو وەکو مامزێ لۆی دەرچوو. خودا نەجاتی داین، کە لە کانی بزرە تێپەرین، گەیشتینە

نزماییەکی، وەی بابەڕۆ..چ حەشروحەلایەك بوو...؟ پڕ پڕ بوو لە ژن و مندار و پێشمەرگەشی تێدابوو. ڕێگامان لێ بزربوو، نەماندازانێ ئێرە کێندەرێیە. پیکابەك هات، خەرك خۆیان پێدا شۆڕکردبۆوە، ئەویش دەیپرسی ئێرە کێندەرە! ئەمەش بە دوپێکابەکەی کەوتبوین. دەمانبینی بە لۆریان خەڵکی لە هەولێرەوە دێنن و لەوێ فڕێیان دەدەن. لە قەشقەی چووینە ناو باخچەیەکی باخچەوانەکە هات و پرسی: ئەنگۆ لەکێوە هاتن؟ گۆتمان لە هەولێرەوە هاتین، گوتی: ئەمن ئامۆزای مەلا عەزیزم...هیچ خەبەری وی نازانن؟ گۆتمان، وابزانین بریندارە. پێمان نەگوت کوژراوە. دوایی سێ شفتی گەوری پێداین و ئینجا هاتینە تەقتەق و گەیشتینەوە داربەسەری خۆمان. موژدەی ژنی فەهد گۆتی ئەمن ببەنە مارێ حۆرەی لە کۆیە. چوینە کۆیە. کە لە هەواڵی فاروقم پرسی گۆتیان.. سەلامەتەو لەگەڵ پێشمەرگان دەرچووە، ئەوکاتە ئۆخژنی دڵم هات.

یەك شەو لە ماری حۆرەی ماینەوە، لۆ سبەینێ، ئەحمەد جەوابی ناردبوو بە گورگەی برێن نەڕوا، دەنا بەجێی دەهێڵین. فاروقیش لە چەمرگە هاتەوە بە سێ سەیاران ئەمن و فەهد و یاسین و ماڵێ فەتحوللای بە بەرازیلی بەڕێی چنارۆکێ لۆ سولەیمانی بەڕێکەتین. کە گەیشتینە سولەیمانی فڕکان فڕکان بوو، یەك مراکە شەکریان بە پێنج دیناران داینێ. گوتم، فەردە ئاردەك و برنج و ڕوون و شتی بکڕن. هیچمان پێنەبوو. سێ جار گندۆرە و شفتی و نانیشمان کڕێ. لە نزیك پێنجوین لە باخچەیەك دابەزین، بە باخچەوانەکەمان گۆ پێت ناخۆشنییە بێینە ناو باخچەکەت؟ گۆتی: ئەنگۆ یەکێتین و هەولێرین؟ گۆتمان، چاکت هەرینا، گۆتی حاکم قادر چی لێهات؟ فەهد گۆتی: لە ناو بارەگای یۆئێنە لە عەنکاوە سەلامەتەو نەکوژراوە.

گۆتی خێرتان گەیشتیێ ئەو خەبەرەتان دامیێ، حاکم قادر پورزای منە. هەرچەندی داویکرد کە شەویێ بچینە ماری وی نەچووین، شەویێ لە پێنجوێنیێ چوینە ماریێ ناسیاوێکی فەتحوڵای مام حەمیدی، شەویێ لەویێ بووین و لۆ سبەینەکەی بەرێکەتین لۆ باشماغی. لەویێ ئەمەیان گێڕاوە، گۆتیان ڕێگیراوە، هاتینەوە سەیرانبەند. نان و چشتمان پێنەما، بەقسەی منیان نەکرد، فەردە ئاردەکەیان نەکڕی، چوار پێنج ڕۆژان هیچ نەبوو بخۆین، دوایی چوار مادەمان پەیدا کرد، ئەویشمان دا منداەکان. سەیارەك هاتبوو خەڵکی دەربەندیخان بوون، لە سەیارەکە مارمان لەگەر داگرتن، ئەو مادانەیان داینیێ. بە هەمووەمان پازدە کەس دەبووین، هەندەك ساوار و تەماتەمان پەیدا کرد وکردمانە تەماتەوڕوون و پراوساوار. لە سەیرانبەند تووشی شەوکەتی حاجی موشیری و جەمیل هەورامانی بووین. فاروق و فەهد و ئەحمەد قسەیان لەگەر کردن، ئەوانیش گۆتیان چتان دەویێ لە خزمەتاندایین. لەو کاتەدا یاسینی ئامۆزام زۆر نەخۆش کەت و کاك شەوکەت گەیاندییە خەستەخانەی سوپای پاسداران لە بانە. شەو زۆر سارد بوو، هیچ نوێن و شتومەکمان پێنەبوو، لەسەر مەرزیێ گۆتیان ئەوەی ژن و منداری لەگەر نەبیێ نابی لە مەرزیێ بپەڕتەوە، ئەمنیش گۆتم ئەمن پێشەوای بەجێناهێڵم و بە ئەحمەد دەربەندیخانم گۆ پێشەوام لۆ ئیزن نادەن، ماری ئاوەدان بی وەڵا هاتوو ئەویشی پەڕاندەوە. کە چوینە نزیك بانە، دیتمان خێمەکی زۆر هەردرابوو لە بۆ ئاوارەکانی مە. لەویێ (نەوزادی کاکە ڕەش)م دیت، پەتۆیەکی ئێرانی داینیێ، کاك شەوکەت ناوی نووسین بە دوو نەفەران یەك پەرداغ برنج و مشتەك تۆچا وهەندەك شتی دیکەیان داینیێ. سیێ ڕۆژان لەو ئوردوگایە ماینەوە، ڕۆژەك کۆپتەرك هات و لەناو خەیمەکان نیشتەوە. کاك شەوکەت و جەمیل هەوارمی

گۆتیان با هەموویان ببەینە قاسمەڕەش. سبەینێ سەعات هەشت بەڕێکەتین و کە گەیشینێ گێم لە دەنگی قارەمان شینە و سەفین مەلاقەرە بوو، گۆتیان خۆ فاروقتان لەگەرە.

دوای ئەمەیان ئیزندا لە قاسمە ڕەشەوە بێنە زەڵێ. لەوێ ئەمن مام جەلالم دی لەسەر عاردی دانیشتبوو."

کە قەسپێ حیکایەتی ئەو ڕۆژانەی دەگێڕایەوە، زۆر جار چاوەکانی پڕ ئاو دەبوو، هەستت دەکرد کە چەندە بەپەرۆش بووە بۆ ئەو خوێنەی کە بەناحەق لەبەر کورد ڕۆیی، لە هیچ و خۆڕای و بەبێ ئەوەی بایی یەك زەڕڕە سوود و قازانجی کوردی تێدابێ.

کەڕەش، کە براگەورەی فاروق بوو، خۆی و شیرنی ژنی کە نابینا بوو، لە کەسنەزان دەرکرابوون و لە ئەشکەفت سەقا فڕێیاندابوون، نەجاتی کوڕیی فەیزوللای خەیلانی دەیانگاتێ و دەبێتە فریادڕەسیان و دەیانباتەوە کەسنەزان.

کە ئەو بەیانییەی فاروق لە عەنکاوە لە ماڵ دەردەچێ هیچ خەبەرێکی ئەختەر و منداڵەکانی نازانێ. دەوری سەعات چواری پاشنیوەڕۆ، بەهزادی برای ئەختەر کە لە زانکۆ دەیخوێند و لە ماڵی فاروق بوو، ئەختەری خوشکی و منداڵەکان و باوە ڕەسوو بە پێیان دەباتە ماڵی برادەرێکی خۆی لە کورانی عەنکاوە. تا دونیا نەختێ تاریك دەبێ، ئەوجا هەر بە پێیان هەموویان دەباتە ماڵێ برادەرێکی دیکەی خۆی لە تەیراوە. دوو سێ ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە تا نەختێك زروفەکە هێوردەبێتەوە. برادەرێکی فاروق کە پارتی دەبێ دەچێ ئەختەر و منداڵەکانی دەباتە ماڵی خۆی و ئاگاداریان دەبێ.

لەوکاتەدا حۆرە دێتە هەولێر بزانی فەهدی برای و کەرە چیان لێبەسەر هاتووە. دەچی دەیانهێنێتەوە کۆیە.

ئەو برادەری فاروقی کە ئەختەر و منداڵەکانی لە ماڵی خۆی شاردبۆوە، بە تەکسییەکی ئەمین و متمانەپێکراو، بەرەو کۆیە ڕەوانیان دەکات، کە تەکسیەکە لە دێگەڵە تێپەڕدەبێ، دوایی کە دەیانەوێ بچنە چەمرکە، باوەڕ چاوی بە سەیارەی باوکی دەکەوێ و لەگەڵ سەیارەکانی کاك کۆسرەت دەبێ دەیناسێتەوە، ڕایدەگرن. فاروق ئەختەر و منداڵەکانی دەبینێت و ماچیان دەکات و بەیەکەوە شاد دەبنەوە. یەکسەر بادەدەنەوە تا داربەسەری ڕاناوەستن.

فاروق هەر لە سلێمانی دەمێنیتەوە و دەبێتە لێپرسراوی میرەیی، بەرپرسی هەموو مومتەلەکات و دائیرە و دامودەزگاکانی دائیرەکانی کوردستان بوو، موچەیەکی نەژینەمری هەبوو، خۆی پێدەژیاند.

لەو ماوەیەدا خودا کچێکی دیکەشی دانێ و ناویان نا سانا. شەڕی برا کوژی درێژە دەکێشێ و چەندان هێرشی خوێناوی بە ناونیشانی پڕ لە ڕق و تۆڵە، دەکەنە سەریەکتری و بە هەزاران گەنج و ژن و منداڵی ئەم کوردستانە خێرلەخۆ نەدیوە بوونە سوتووی ئاگری ئەو شەڕە، تا لە(١٧) ی ئەیلولی ساڵی (١٩٩٨)بەئامادەبوونی مادلێن ئۆڵبڕایت، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جەلال تالەبانی و مەسعوود بارزانی ڕێکەوتنامەی ئاشتی واشنتۆنیان واژۆکرد.

لە ساڵی (١٩٩٩) ساوێنیش لەدایکبوو و خێزانەکەی فاروق ئەرك و گوزەرانیان تا دەهات زەحمەتتر دەبوو. تەندروستیی گشتی فاروق دیسان ڕۆژ لە داوی ڕۆژ بەرەو

خراپی دەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئیش وکاری ڕۆژانەی خۆی لە بارەگای ئاسایش بە دڵسۆزی و وەفادارییەوە جێبەجی دەکرد. لە دوو گۆنگرە و پلینۆمێك بەشدار بوو.

ساڵی(٢٠٠٢) ڕەوای کوڕی چاو بە دونیا هەڵدەێنێ، بەڵام هەر لەو ساڵەدا ئەختەری هاوژینی فاروق باری تەندوستی تێکدەچێ و بن باڵی ژان دەکات و گرێیەك لە مەمکی پەیدا دەبێ، کە دەچنە لای دکتۆر فەزلەدین لە قەڵادزێ، دەڵێ دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ! هەرچەندە پێشتر دڵنیایی دابوونێ کە ئەو نەخۆشییە مەترسی شێرپەنجەی نییە، بەڵام پشکنینەکان پێچەوانە دەرچوون. گەرچی نەشتەرگەریش بۆ خاتوو ئەختەر دەکەن، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ تەندروستی هەر خراپتر دەبێ، ئەوە بوو دکتۆر محەمەد خۆشناو دکتۆر قەلەندەر پێشنیازیان کرد کە دەبێ دیسان نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێتەوە. دوای ئەو نەشتەرگەرییە، دەرزی کیمیاویشی لێدەدەن، کە نرخی هەر دەرزییەکی (٢٠٠٠) دیناربوو، ئەوبڕەپارەیە بۆ فاروەق زۆر بوو، چونکە باری گوزەرانی بەتەواوی لاسەنگ ببوو.

لەو ماوەیەدا (ڕەشێ)ی خوشکی فاروق هەر لە ماڵەوەیان بوو خزمەتی هەموو منداڵەکانی دەکرد کە گەورەکەیان تەمەنی(١٣) ساڵ و بچووکەکەیان پێنج مانگان بوو.

فاروق شارنەما بەو ژنە نەخۆشەی نەکات و هەر دکتۆرێك کە بەباش باسیان دەکرد، دەچوونە سەردانی، بەڵام نەخۆشییەکەی لێپیسکرد و لە هەموو لەشیدا بڵاوبووەوەو لە ڕۆژی(١١) ی ئاداری ساڵی (٢٠٠٤) گیانی پاکی بەخشی.

ئەختەر، ئەستێرەی ئەختەری دڵ و چاوی فاروق بوو، بۆیە بڕیاریدا کە لە گۆڕستانێك بنێژریت بە ناوی گۆڕستانی ئەختەرخان، دواتر بوو بە گۆڕستانی

بنەماڵەکەیان. هەموو بنەماڵەی شەهید عەلی مەولود و بنەماڵەی حاجی غـەریب دەرگەڵەیی، باوکی ئەختەر، بـە گـەرم وگـوڕی پرسـەکەیان بـەڕێوەبرد، لـە چـەندان شاروشارۆچکەو گوندەکانەوە دەستە دەستە بۆ سەرەخۆشی دەهاتن.

## (١١)

## (خەونە پەمەییەکانی جەستەیەکی بریندار لە نیشتمانێکی بریندارتردا)

ئەختەر، پێش ئەوەی هاوژین بێ، بۆ فاروق، پشت و پەناو تەگبیرکەر و خەمخۆر و مشورگێر بوو. ماڵئاوایی یەکجاریی ئەو خاتوونە خۆڕاگر و چاوقایم و لەخۆبوردە، کۆستێکی یەکجار گەورەو قورس و پڕ ژان بوو. نەك لەبەر ئەوەی یادەوەری و یادگاری(١٨٦) مانگ پێکەوەبوون وکۆزەك مندالّیان هەبوو، ئاسان نییە لەبیر بکرێ، بەڵکو پتر لەبەر ئەو مەعدەنە بێ غەل و غەشەی ئەو شۆڕەژنەی لێدروستکرابوو. سەرەڕای هەموو ئەو کارەساتە جەرگبڕانەو ئەو هەموو مەرگەساتەی بە درێژایی ڕۆژگار بەسەریان داهات، بۆ یەکجار ئەو خاتوونە بێزاری و ناشوکری و ناقایلی بەرانبەر ئەو پیاوە نیشان نەدا. بە برسیەتی و نەبوونی و بێ ماڵی و ئاوارەیی و دەربەدەری، خۆی کردبووە تۆربەی پشتی فاروق و هاوسۆزانە و خەمخۆرانە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵی بوو. بەتایبەتی لەو کاتە پڕ ناخۆشی و بە ژانانەی کە فاروق نەخۆش دەکەت و بە ئازاری برینەکانی دەتلایەوە.

بەڕاستی خزمەتکردنی شەش مندالّی بێدایك، لە نێویاندا ساوایی پێنج مانگی و لە شاری غەریبیدا، هەر بەزار خۆشە، بۆ پیاوێکی مێشك پڕژاوی جەسدە پڕ لە ساچمە و جەستەیەکی(١٥٧) برین! کە چاکبوویێتەوەش ئاسەواری برین و ساچمەکان هەرماون. لەو ڕۆژە ڕەشانەشدا، دیسان ڕەشێ و قەسپێ کردیانە کێبڕکێ، کامیان

باشترین و زۆرترین خزمەت بەو منداڵانە دەکەن. خۆشەویستی ئەو چوار خوشکە بۆ فاروق بێ میسال و بێ ئەندازە بوو. خۆ ڕەشێ ژیان و چارەنووسی خۆی کردە قوربانی ئەو برایەو دایکە بێوەژنەکەی و براکانی و شووشی نەکرد.

ئەو جووتە خوشکەو ئەوانیدیکەش، لە لای منداڵەکانی فاروقی دەمانەوە و خزمەتیان دەکردن، هەر حەفتەو هەر مانگەی یەکێکیان، زامی کۆچی ئەختەریش لە دڵی فاروق هەر نوێبوو، دەبوایە دڵی ئەویش ڕاگرن.

فاروق ئەو وەسیەتەی ئەختەری هەر لە بیربوو کە گوتبووی:" توخوا فاروق گەلەك چاوت لە منداڵەکان بێ، من زۆر زۆرم خۆش دەوێن، هەر ئەو وەسیەتەم هەیە!"

بۆ ماوەیەك فاروق ویستی خۆی سەرپەرشتی منداڵەکان بکات، کوڕە ساوایەکەی، (ڕەوا)ی، دایە (موحتێ) ی خوشکی، ئەوان منداڵیان نەبوو، زۆر زۆریشیان پێخۆش بوو، کە منداڵێکی برایان لە باوەشی گەرموگوڕی وان گەورەبێ.

شەش حەوت مانگێك بەسەر پرسەی ئەختەر تێپەڕی، حەمەد وەرتەیی، کە خزمی دایکی فاروقی بوو، دەڵێ:

ـ فاروق، ئەو ژیانە وا ناچێتە سەر، ئەو کۆزە منداڵەی تۆ پێویستیان بە سەرپەرشتکارێك هەیە. ناکرێ، ئەو خوشکانەت هەتا سەر هەر گیرۆدەی ئەو خەم و خەفەتانە بن. ئەمن دوو ژنی باش و شەرمبەخۆ و نەجیبزادەم بۆ دەستنیشان کردووی، کامیانت بە دڵ بوو، سەرپشکبەو یەکیان هەڵبژێرە!

پێشتریش زۆر کەس لەبن گوێی قەسپێ و ڕەشێیان دەخوێند و ناویان بۆ هەڵدەدان. فاروق و حەمەدی وەرتێ، پێکەوە دەچنە ماڵی حەمەدی کەبابچی، فاروق دەڵێ:

- ئەمن کادیرێکی حزبیم و بریندار بوویم و مەعاش و مووچەم ئەوەندەیە. کەسێکی ڕۆناکبیر و کراوەم و دڵپیس و داوێن پیس نیم. قومارچی و پارەبەفیڕۆدەر نیم، بەڵام لەگەڵ نوێژ و ڕۆژوش دۆستنیم. شەش منداڵم هەیە، لە ڕۆحی خۆمم خۆشتردەوێن، ئەوەی منی دەوێ دەبێ نەهێڵێ ئەو منداڵانە هەست بەبێ دایکی بکەن. من کوڕی بنەماڵەیەکم، ڕۆژ هەیە(٣٠) میوانم دێن، دەبێ خزمەتی هەر هەمووان بکرێت و ڕێزیان لێبگیرێ. جا ئەگەر ڕازین دوای حەفتەیەکی دیکە وەڵامان بدەنەوە.

دوای سەردانی یەکتری کردن و باشتر لێك نزیك بوونەوە و دانیشتن، خاتوو عایشەی کچی حەمەدی کەبابچی سەرڕاستی و کەسێتی فاروقی بە دڵ دەبێ و پەیمان دەدات کە هیچ تەقسیرییەك لە بەخێوکردنی منداڵەکان نەکات. دوای مارەکردنی ئایشە لە دادگای کۆیە، بە چەند ڕۆژێك فاروق و ماڵەوەیان دەچنە دیانەو زۆر ڕێز و ئیحترامیان دەگرن و دوای داوەتکردن و شەکراوخواردنەوە. مەلا حەسەنی ماویلیان بە شەرع و بە سوونەت لێکیان مارەدەکات. بەبێ شایی و ئاهەنگێڕان بووك دەگوازنەوەو لە گەڕەکی قەندیل لەکۆیە لە خانوویەکی ئاسایی ماڵ دادەنێن.

لە سەرتا هەدوو خوشکەکەی فاروق، قەسپێ و ڕەشێ لە گەڵیان دەمێننەوە، دوای پانزدە ڕۆژێك قەسپێ دەچێتەوە ماڵی خۆی و ڕەشێش تا شەش مانگان هەر لە گەڵیان دەبێ. دوایی خاتوو فاتمی دایکی فاروقیش حەوت مانگێك لە کنیان دەبێ. عایشە زۆر دڵسۆزانە هەوڵدەدات ببێتە دایکی منداڵەکان و ئەو بۆشاییەی کۆچی

دایکیان لە دڵ و دەروونیان بەجێیهێشتووە پڕبکاتـەوە. هەرچـەندە لەسـەرەتادا ئـەوە زۆر ئاسان نەبوو بۆ ئەو، بـەڵام پاشـان بـە کارامـەیی و ژیـری خـۆی تـوانی زۆربـەی کۆسپ و تەگەرەکان تەختکات و ژیانێکی ئاسایی پێکەوە بژین.

(عایشە محەمەد شەریف)ی خیزانی فاروقی عەلی مـەولود، سـەربووردەکەی وا گێڕایەوە و وتی: کە فاروق هاتە داخوازیم ماڵەوە هانیان دام کە مێردی پێبکەم، کە فاروق لەگەڵم دانیشت ڕاستگۆیانە باسی ژیانی خـۆی کـرد، دواتـر وتـی وەرە مـاڵ و حاڵم ببینە، ئەمنیش لەگەڵ برایەکم و برادەرێکم هاتینە کۆیە و جێ و ڕێکەم دیت و منداڵەکانیم بینی، شەش منداڵی هەبوو، یەکێکیان کە ناوی ڕەوا بـوو لـەلای پـورە (موعتەبەر)ی خوشکی فاروق بوو، کە لە شەش مانگییەوە بەخێوی کردبوو، ئەوانەم بینی و گەڕاینەوە دیانـە، (عومـەر)ی بـرا گـەورەم لـەڕێگا پێـی وتم: ئـەو بـارە زۆر قورسە! باوەڕناکەم پێت هەڵگیرێ، بەپێکەنینەوە وتی: حیساب بکـە تـۆ تویێتەیـەکی یەك تەنی، چۆن دەتوانی باری دوو تـەنی هـەڵگری؟ منـیش وتم: لەبـەر خـاتری ئـەو منداڵانە هەرچۆنێك بێ هەوڵ دەدەم ئەو بارە قورسە هەڵگرم.

ئەوکاتە کە هاتە داخوازیم کچە بچووکەکەی ساوێن هاتە باوەشـم و سـۆزم بـۆی بزوا، ئەوانەی تریشم کەبینی بەهەمان شێوە بوو. بەتایبەتی کوڕە گەورەکەی کەناوی باوەڕ بوو، نەخۆشی تالاسیمای هەبوو، پێویستی بەخزمەت و چاودێری بوو. مـاوەی مارەکردنەکـەم و گواسـتنەوەم سـێزدە ڕۆژ بـوو. هاتمـە سـەرماڵێکی خـاپوور، لـە خانوێکی بچوك بووین، کە لە دوو ژوور پێکهاتبوو، یەکێیان بۆمن و فاروق و ئەوەی دیش بۆمنداڵەکان.

شتێکی دیکەش کە هاتم فاروق ڕوخابوو پاشی چوار ساڵ کوڕە گەورەکەی ئـەمری خوای کرد. فاروق دوای مـەرگی کوڕەکـەی جەڵتـە لێـی دا و یـەك سـاڵ لـەنێو جـێ کـەوت، خـۆم خزمـەتم دەکـرد و بەهیمـەتی چـەند خزمێکمـان لەوانـە مـەریوان وەسمان...وەرزشمان پێدەکرد.

بەخێوکردن و پـەروەردەکردنی ئـەو منداڵانـە، بـۆمن بـارێکی قـورس بـوو، بـەڵام هیمەتم دا خۆم و مەبەستم پـەروەردەکردنی منداڵـەکان بـوو، چـونکە ئـەو منداڵانـە تەواو لە سۆزی دایکایەتی بێبەبەش ببوون و هـەوڵم دا ئـەو سۆزەشیان پێببەخشـم، هەستم کرد لە خوێندن زۆر دواکەوتوون، منیش خۆم مامۆستای زمـانی عـەرەبیمـە زۆر خەمم لێدەخواردن و هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدان و ڕاستەڕێم کردنەوە و هەوڵیشمدا خۆشیان بوێم و متمانەم پێبکەن. سانا پۆلی دووی بنەڕەتی بوو، ئەو زیرەك بوو ئـەو ساڵی دەرچوو، سۆماش مامناوەندی بوو ئەویش دەرچوو، شۆڕش سـاقیتی پـار بـوو لـەپۆلی شەشـی بنـەڕەتی، هامووشـۆی قوتابخانەکـەیم و دەکـرد و مامۆسـتاکانم تێگەیانـد، کـە گرینگـی پێبـدەن. خۆشـم لەماڵـەوە دەرسـم پێـدەوت. خۆشـبەختانە ئەویش دەرچوو. باوەڕیش لە پۆلی هەشتی بنـەڕەتی بـوو، لـەخولی دووەم دەرچـوو. بەپشتیوانی خوای گەورە و هیمەتی خۆم و (فاروق)یش پشت و پەنام بـوو، توانیمـان هەموویان بگەیێنینـە ئاستێکی بـەرز و ببنـە خـاوەن بڕوانامـەو بچـنە ڕێ و جێـی خۆیان. ئێستاش کە لەڕێ و جێی خۆیانن هەمیشە پەیوەندیم پێوەدەکەن و دەیانبینم و تەکبیرکەریانم بۆدانانی ڕێ و شوێنی باش، بۆئەوەی ئاسوودەبن.

دوای ساڵێك و چەند مانگێك ئـەو دوو هاوژینـە دڵسـۆزە، هەوڵیانـدا بەیەکـەوە خانوویەکی گەورەتر بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن، ئـەوبوو خانووەیـەکیان لـە گـەڕەکی

ئازادی لە کۆیە پێکەوەنا و هاتنە ناوی. فاروق هەمیشە گلەیی و شکایەتی لە ڕۆژگار هەبوو، کە دەربەدەریی و بێباوکی و ژیانی سەخت و زیندان و ئەو شاخ و داخە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساند، خوێندن تەواو کات و خەونی لاویەتیی خۆی بهێنێتە دی. ئەو ئیستاش گوتەی ئەو پێشمەرگەیەی لە بیرنەچۆتەوە کە لە حەوشەی داربەسەری پێگوت، تۆ دەبێ بخوێنی!

فاروق دەیزانی تازە ئەو کەلێنە گەورەیەی بۆ پڕنابێتەوە و بەو تەمەن و تەندروستییە خراپە ناتوانی بچێتەوە بەر خوێندن، بەلاّم یەکجار ئومێدی بە منداڵەکانی هەبووە، هەمیشە پێیدەگوتن:

ـ باوکتان بە هێز و ئارەقە و خوێنی خۆی ویستی خزمەتی ئەو خاك و نەتەوەیە بکات، ئێستا ڕۆژگار گۆڕاوە، دەبێ ئێوە، بە عیلم و زانست خزمەتی نەتەوەی خۆتان بکەن. ئەو سەردەمە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێمەمانان تێیدا ژیاین... قوربانی چاوەکانتان بم، لە ئێوە سەعیکردن و خوێندن، لە من خزمەت و مەسرەف و ئەمەکداری... شەرتبێ، ئێوە بخوێنن من حەمباڵێتان بۆ دەکەم و گاوانیتان بۆ دەکەم، ناهێڵم موحتاج بن!

کە باوەڕی نۆبەرەی گەیشتە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، فاروق خەنی بوو، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن وابکەن کەش و هەوایەکی هێمن و ئارامی بۆ سازکەن و کۆمەك و یارمەتی بدەن لە دەرس و دەورەکانی.

لێ ماوەیەك بوو فاروق و ئایشەخان دەیانبینی باوەڕ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ خولق و بی تاقەت دەبێ، شەوان ئارەقەیەکی زۆر دەکات و بەبێ ئەوەی هیچ بکات ماندوو و هەناسەسوار دەبوو، بەردەوام لاوازیش دەبوو، بۆیە زوو سەردانی دکتۆریان کرد و

دوای فەحس و پشکنینێکی ورد، نیشانەکانی نەخۆشی تالاسیمای لێ بەدیارکەوت. ئەمە بووە بروسکەییێکی هێندە کتوپڕ و بەهێز، تەواو پشت و ئەژنۆی فاروقی شکاند. ئەو دەرد و بەڵا و ئازار و ژانی خۆی لە تاو باوەڕی کوڕی لەبیر چۆوە. هەر ڕۆژەی لەبەر دەرگای نۆڕینگەی دکتۆرێك بوون... هەر شەوەی لە نەخۆشخانەیەك ڕۆژیان دەکردەوە. چ دکتۆر و نەخۆشخانە نەما نەیکەن. سەرەڕای ئەو هەموو داودەرمان و چارەسەری و دەرزی لێدان و خوێن وەرگرتنە، باوەڕ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باری تەندروستی خراپتر و شەپرزەتر دەبوو، ئیسقانەکانی لێ بەژان کەتبوون و پەڵەی سوور سوور لەسەر لەشی پەیدا ببوو و زوو زوو لوتی دەپژا، تا وایلێهات هێندە لاواز و بێتاقەت بوو کەوتە سەرجێ. تەمەنی حەڤدەساڵ و پێنج مانگ و (١٥) ڕۆژ بوو، کە بۆ یەکجارەکی چاوی لێکناو ئەویش بەو کۆچە کوچکەکی سوورکراوەی دی بە جەرگی باوکە ماندو و زامدارەکەیەوە نا.

لەڕێ و ڕسمێکی زۆر شکۆدارانە جەنازەی باوەڕیان لە تەنیشت گۆڕەکەی دایکی لە گۆڕستانی ئەختەرخان بەخاکسپارد و پرسەیەکی گەرم و گوڕیان بۆ دانا.

دوو کۆستی گەورە، هاوژینێك و کوڕێك، لە ماوەی چوارساڵدا، کارەساتێکی زۆر خەمگین و پڕتاسەی بە سفتوسۆیە... ئەو دوو کۆستە گەورەیە کاریگەری مەزنیان لەسەر دید و تێڕوانین و ڕامانی فاروق بەرانبەر ژیان و بوون و مەرگ و خەونەکانی مرۆڤ هەبوو. ئەو لە کاتێکدا هەزار و یەك خەونی پەمەیی بۆ ئایندەی منداڵ و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی لە دڵ دابوو، هەستی دەکرد کە قەدەر زۆر جار لە مرۆڤ بەهێزترە.

بەرداشی کارەساتە ناخۆش و دڵتەزێنەکان، فاروقی فێرە چەندان دەرسی نوێی ژیان کرد، کە پێشتر وا پێیان ئاشنا نەبوو، ئەمانە هاندربوون بۆ ئەوەی ئەو ڕۆحە بریندارە پتر هەژاران لە باوەش بگرێ و کۆمەکی نەخۆش و دەردەداران بکاو هاریکاریی لێقەوماو و بێ دەرەتانەکان بکا. ئەو ئەندام پەرلەمان نەبوو، لێ ماڵەکەی ببووە نووسینگەی کۆمەکی خەڵکە بێدەرەتانەکان، ئەو هەموو سەعاتەکانی تەمەنی بۆ خەڵك تەرخان کرد، چاوێکیشی هەر لەسەر منداڵەکان بوو.

هەمیشە ترسێك لە دڵ و دەروونی فاروقدا خۆی شاردبۆوە و ئازاری ئەوی دەدا و نەشیدەویست ئەو ڕازە بۆ کەس کەس بدرکێنی: کۆچی ئەختەری هاوژینی و باوەڕی نۆبەرەی بەو نەخۆشییە، هەمیشە ببووە مەراقێك و نەیدەوێرا بە چاوی شانازیی و فەخرەوە سەیری کوڕ و کچەکانی بکات، نەکۆ دێوەزمەی شێرپەنجە چڕنوکیان لێبوەشێنێ.

سەرەتا، نەبووە جارێك سەردانی فاتمی دایکی کردبێ لە داربەسەر و پێشتر لە دەوری گۆڕەکانی ئەختەر و باوەڕ، وەکو دێوانە نەسوڕابێتەوە و دڕکوداڵی دەوری بژارنەکردبن و بە ئاوی چاوی کێل و سەرسینگی نە شووشتبنەوە...دواتر وردە وردە تەسلیمی قەدەر دەبێ و یادەوەرییە خۆشەکانیان دەکاتە دڵنەوایی و دڵدانەوەی خۆی.

ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان شەهید عەلی مەولود پشکۆ و ژیلەمۆی ئاگردانە گەورەکەی بووبێ، ئەوا خاتوو فاتم، تەندووری ئەو ئاگردانەبووە، کە هەم پارێزەری ئەو پشکۆ و ژیلەمۆیانە بووە، هەم ئەو گڵە بووە بە گەرمایی ئاگرەکانی سینەی سووتاوەو چاوی پڕ دوکەڵ و لێوی وشك هەڵگەڕاوە. خاتوو فاتم، ژنێك بوو لە جنسی

فریشته، له دڵپاكی و دڵگەورەیی و دڵسۆزیدا. وەرزێك بوو له كه تێكەڵەیەكی پاییز و بەهار، خەمەكانی هەڵدەگرت و بۆ بەهاران دەیكردنەوە گوڵ و خونچەی خۆشی. ئەو خوشكی ئایشەگڵۆكەو قەدەمخێر و خانزادی سۆران بوو: گەنجینەی نهێنی و ڕاز و مرازەكان بوو، پریاسكەی پڕ نامەو ڕاپۆرتی پێشمەرگەكان بوو، مشوورگێڕی بنەماڵەیەكی میهرەبان بوو. فاروق قەت دایكی وەكو دایك نه دەهاتە بەرچاو، هەر وایدەزانی ژنەخوداوەندێكە، بەسەر ئەرزدا دەسوڕێتەوە، پەڕەسێلكەیەكە بە ئاسماندا دەخولیتەوە، ئەستێرەیەكی گەشە بۆ كاروانچییەكانی شەوی دەیجور هەڵدێ و كانیاوێكە بۆ ڕێبوارانی ڕێی دوور هەڵدەقوڵێ.

دوو ساڵی ڕێك دوای ماڵئاوایی باوەڕی جوانە مەرگ، تەندروستی دایە فاتم، لە نزولی دەداو، وردە وردە تەنگی پێهەڵدەچنی، چەندان دكتۆر و نۆڕینگەی پێدەكەن. بەڵام لە ئاكام ئەویش ڕۆحە پیرۆزەكەی بە جوانی كوردستان و كاروانی خەباتگێڕان دەسپێڕی و لە گۆڕستانی ئەختەرخان، ئەختەر و باوەڕ لەباوەش دەكاتەوە و دەچێتەوە لایان.

لەو(١٥٧) ساچمەی جەستەی فاروقیان كردە سەرد و بێژینگ، هیچیان بەقەد ئەو ساچمەیە، ژیانی ئەویان تاڵ نەكرد كە بەبەر كەللەسەری كەوت و مێشكی پژڕاند. ئەو هەمیشە قاچێكی لە نۆڕینگەی دكتۆران بووە چ لە هەرێم و چ لە وڵاتەكانی ئێران و ئەڵمانیاو سوید و نەرویژ و هۆڵەنداو نەمسا و سویسرا. بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ نیشانەی نەخۆشی دیكەی لێهەڵدەدا، زۆر جاریش كە ژانەكە تاوی بۆدێنی چەند ڕۆژان لەسەر جێ دەیخا.

وا ساڵی(٢٠١٨) ورده ورده غلۆردەبتەوە وخۆری سەرتای ساڵێکی نویٚ لە پشتی کۆسار پرچی خۆی شانەدەکات و بە نیازی بەڕێکەتنە بەرەو ئێرە. لە دیدی فاروقدا ساڵە نۆییەکان، زۆر کەم گۆڕانکاریی جوان و پیرۆز و بەخشندەیی لەگەڵ خۆیان دهێنن، ئەو دڵخۆشە کە شۆڕش زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا لەگەڵ هاوژینەکەیدا لە ژێر بنمیچی خانوویەکی پڕ لەخۆشەویستی و موحەبەت ژیان بەسەر دەبەن. سۆما بڕوانامەی دبلۆمی لە کارگێڕی یاسا لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە بەدەست هێناوە و شوی کردووە و چویتە ڕێی خۆی، سانا بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمانی عەرەبی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە وەرگرتووە و شووی کردووە. (ساوێن)یش لە زانکۆی نۆلێج لە هەولێر بەشی شیکاریی نەخۆشییەکانی خوێندووە.

لە ساڵی (٢٠٠٢)فاروق هەر بۆ چارەسەری، سەردانی سوید دەکات و لەوێشڕا سەرێك لە نەرویژ دەدات. دوای دوو ساڵان دەچێتەوە ئەڵمانیا و دوای وەرگرتنی چارەسەر گەشتێك بە وڵاتانی سویسرا و نەمسا و هۆڵەندا دەکات. دوو ساڵیش دوای کۆچی دوایی دایکی، دیسان بۆ چارەسەر دەچێتەوە ئەلمانیاو لەو سەفەرە خاتوو ئایشەی هاوژینیشی لەگەڵی دەبیٚ و سەرێکیش لە خزمانی سوید و فەرنسا دەدەن.

خەونە پەمەیەکانی فاروق کە خۆی و باوك و دایك و خۆشك و براکانی، لەدەوری ئەو ئاگردانە مەزنەدا کۆکردبۆوە و بە خوێن و ئارەقە و تەمەنی خۆیان قوربانیان بۆ دا، هێشتا گەلیٚ دوورترن لەو ڕۆژانەی کە ئەوان لە دەوری گردی حمکە خڕدەبوونەوەو لە کاریزی ئاوبار و سوراوان، بە مەشکان ئاویان دەهێناو نەمامەکانی قەبرستانی کەورۆمەر و کانیلەیان پیٚ ئاودەدا.

فـاروق هـەتا لەداربەسـەر بـوو، گزینگـی بـەیانیان ڕووەو ڕۆژهـەڵات لەبـەر هەیوانەکەی ماڵی خۆیانەوە تەماشای گردی بێژێنگ بەسەری دەکرد، چاوەچاوی بوو خۆر هەڵبێ و جوان جوان دیقەت لە تیشکە زێڕینـەکانی بـداو تێـر لـە جوانییەکـەی بخواتەوە. فاروق وایدەزانی کە خۆر هەڵبێ ئازادی دەبێتە میوانیان و خۆشـی بەسـەر ماڵانی ئاوایی و گێڵگە و بێستانەکان دادەبارێ. ئاخر ناحەقی نەبوو، شەهید عـەلی مـەولودی بـاوکی هێنـدەی شـیعری ئـازادی و خـۆری ئـازادی و ئاسـۆی روونـاك و سەرفیرازی خەڵکی ڕەشوڕوتی بۆ خوێندبۆوە، مێشك و دڵ و دەروونـی کـاس ببـوون. گلەیەکانی فاروق زۆر بوون و لە قەڵەمڕەوانی هەرێم و لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکەو لە خودی حزبەکەی خۆی و لە خودی خۆشی.

چێشتەنگاوی چواردەی تەمموز لەو دەشت و دەرەی داربەسەری، بۆنی هەواری بـن کەپران و دانیشتنی سەر تاتەبـەردی بـن دارهـەنجیری کـەنار کـارێزی لێـدێ. فێنکـە شەماڵی لای باواجی، وەك باوەشێن، سینگ و دەروون فێنك دەکاتەوە و حەز دەکەی پڕ بە سییەکان هەوای سازگار و بۆنخۆشەکەی هەڵمژی. فاروق لەو بەیانیەدا بـەیادی ڕۆژانی پڕ لە کەسەر و خەون و مراز، حەزیدەکرد، وەکو منداڵ خۆی بخاتەوە باوەشی زێدە ئازیزەکەی خۆی و ئەو مەراقـەی وەکـو مـار لـە دەروونیـدا کەپکـەی کـردووە، سەری پانکاتەوەو بۆ تاوێك بێ خەم هەناسـەیەك لـە هـەوای کۆنـە هـەواری دایـەو بابەی هەڵمژێ.

زوو بە سواری تۆیۆتەیەکی بەرز، کە بێستوون گۆمەشینی شوفێریدەکرد، فـاروق لەگەڵ شـەوڕۆ و هـاوژین و سـامانی کـوڕی خـاڵی بـە ڕێـی شێواشـۆك و شـەریکەی نەوتەکە کەوتنەڕێ. هەر لە تۆپزاوە ڕەتبوون، فاروق کەوتـە گێڕانـەوەی سـەربوردەی

ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر خۆی یان بەسەر باوکی هاتبوو، ناوە ناوە بە بێستوونی دەگوت، هێواشی کەوە، دەستی لە جامی ئۆتۆمبیلەکە دەردەهێناو ئاماژەی بۆ کەپکە شاخێك دەکرد کە لەوێڕا هێرشیان کردۆتە سەر قافڵە سەربازییەکانی ڕژێم. لە شوێنێکی دیکە ئەو سەربوردەی دەگێڕایەوە کە چۆن شەهید عەلی مەولودی باوکی ڕێی بە جەیش گرتووە و چەند جوتیارێکی داربەسەر بەبێ چەك خۆیان بە سەربازەکان داداوە و چەکیان کردوون و بە دەسکەوتەوە گەڕاونەتەوە دێ. کە گەیشتە ئەو پێدەشتەی سەربازەکان بەقۆڵبەستراوی و بە چاوبەستەکی ئەویان فڕێدابووە ناو پاشکۆی ئیڤایەك و گوێی لێبوو جاشەکان گوتبوویان، " هەوە... خۆیەتی..." وبەرەو سەرەبازگەی تەقتیەقیان ڕاپێچدابوو، بۆ ماوەیەك مات و بێدەنگ بوو، دوایی بە دەنگێکی نزم، لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ بیور... کلکت لە پەلی خۆم نەبێ... تۆ منت پێنابڕدرێتەوە... زەمانە ڕووت ڕەش بێ! دەنا ئەوانە ئەو پیاوە نەبوون، بتوانن من لێرە دیلکەن! خوایە جۆرکتان هەر پڕ سندان بێ!

شەوڕۆ و هاوژین، یەکەمجاریان بوو ئەو گوندە ببینن، پێش ئەوەی بگەنەجێ، وایان خەیاڵ دەکرد، داربەسەر گوندێکە دیزاینی خانووەکانی نوێ و تازەن و نێوان کۆڵانەکانی جادەی قیرتاوکراون و شۆستەی ڕێك و دارودرەخت و چیمەن و ئینجانە گوڵ و باخچۆڵەی جوان جوان هەموو لایەکی ڕازاندۆتەوە، قوتابخانەو بنکەی تەندروستی هێند جوانن هی ئەوەیە وێنەی یادگارییان لەتەکدا بگری، جۆگەڵە ئاو و نافورە و خوڕەخوڕی ئاشەئاوی سەر ئەو بەردانە هێندە سەرنجڕاکێشن، هەر حەز دەکەی ئەو جێیە بەجێنەهێڵی. ئاخر ئەو گوندە مێژوویەکی بە کۆڵی خۆی داداوە،

به قەد مێژووی پایتەختێك قورس وسەنگینە. خزمەتکردنی ئەو شوێنانە فەرز وسوونەتە، چونکە ئەوان و چەندان کەسی دڵسۆزی دیکە نەبوونایە شۆڕش لەباردەچوو و ئەو هەرێمە نەدەگەیشتە ئەو ڕۆژەی ئێستا!

لێ، هەر خەیاڵ بوو... بە درێژایی دەوروبەری ڕێگا خۆڵاویەکەی ئاوایی، کەلاوە خانووی قوڕی داتەپیو و دارماوی ساڵانی زووە، ئاسەواریان لە شوێنەوارە کۆنەکانی سەدان ساڵ پێش ئێستا دەچوو. خانوو هەبوو هەر کەڵەکەبەردەکەی دەووری مابۆوە، هەبوو لادیوارێك و یەك دوو کۆڵەگەی ڕزیوو بوو، هەشبوو لەگەڵ ئەزرەکە تەخت ببوو، بەڵام پاشماوەی داروبەردی کەڵەکەبووی هەر لێمابوو. چەند خانوویەکی لە بلۆك دروستکراوی نزم و بێ شوورە و دەرگا والا لێرە و لەوێ دەبینران و دارتووێکی بێخولق لەو سەری و دار هەنارێکی وشکهەڵگەڕاولە تەك کۆنە خانوێکی ڕوخاو بە عادزی ڕاوەستابوون.

کە بێستوون لەندکرۆزەرەکەی باداوەو و لە بەردەم حەوشەی خانووێکی دیوی ڕۆژهەڵات وەستا، تولەسەگێکی قاچ کورتی خورمایی بەستراوە، کەوتە وەڕین و خۆی بۆ هەمووان هەڵدەدا و پێنج شەش قازی نێو گۆماوێکی دەستکردی نێو حەوشەکەش دەستیان کرد بە قیڕەقیڕ... دیار بوو ئەوێ کۆنە هەواریماڵی فاروق بوو. لەبەر هەیوانەکە، کە بیست گەزێك دوور بوو، ژنێکی بەژن و بالا مام ناوەندی تێکچەقیوی ڕەشتاڵەو بسك سپی ڕەشپۆش لە شوێنی خۆی لەبەر خوانی نانەکە هەستاو تیرۆگەکەی ناو مستی بەربۆوە و بە شاگەشکە بۆ فاروقی هاتووکەوتنە یەکترماچ کردن و فاروق گوتی: ئەوە ڕەشێی خوشکمە. ئەوجا کیژۆڵەیەکی پارچەڵەو دوو منداڵیش بەرەو پیرمان هاتن. بێستوون و سامان بن باڵی فاروقیان گرت و

هێواش هێواش بەرەو هەیوانەکەیان برد، چونکە هاوسەنگی تێکچووبوو خۆی پێڕانەدەگیرا. بووە چرپووچۆپ و لە ژوورەکە سێ کورسی نایلۆنیان هێناو فاروق و هاوژین و شەورۆ دانیشتن.

دوای چاك و چۆنی و هەواڵ پرسین، کۆتکە ماستاویان هێناو کەوتنە قسە. ڕەشێ لەسەر تەژگەبەرێکی لەتەنیشت خوانەکە دانیشتەوە، دیار بوو سەپگەنانی دەکرد، لەسەر کۆسپەی بەردەم هەیوانەکە پانزدەبیست سەپگەنان داندرابوون تا ساردببنەوە. هێشتا چایەکەی سەر ئاگرەکە دەمی نەدابوو، زەلامێکی دیشداشە لەبەری کەڵەکەتی چوارشانەی ئەسمەر لەگەڵ ژنێکی وردیلەی ڕەقەڵەی سپیلکەی ناسك و دوو منداڵ بەرەو پیری فاروق هاتن. دیاربوو یەکتریان دەناسی، دوای بە خێرهاتن بە عەرەبی کەوتنە گفتوگۆ. عەبدوڵڵا خەڵکی گوندەکانی لای بەرتلەی موسڵ بوو، لە ترسی داعش بە خۆی و ژن و منداڵەکانی هەڵاتبوون و ببوون بە شوانکارەی مێگەلە مەڕی ڕەشێ.

فاروق بە وردی دیقەتی لە هەموو قوژبن و داروبەردی ئەو ناوە دەدا، وەك بڵێی دەمێکە تامەزرۆی دیتنیانەو حەز دەکات هەستێتە سەرپێ و گۆچانەکەی دەستی فڕێدا و چاوێلکە ڕەشەکە لە چاوی بکاتەوە، لە نزیکەوە بچێ دەست لە هەموو شتەکان بدا، بەڵام دەیزانی گەر ئەوەبکا دوور نییە بەسەر پەلەدارێکدا بکەوێ، یان نووکەبەردێك ساتمەی پێبکات، بۆیە بەڕاست و چەپی خۆی دەڕوانی و پرسیاری دەکرد:

ـ مێشەکان، هەر وەکو خۆیانن، زیادیان نەکردییە؟ ئەدی جێیەکەیان زۆر ڕوو لە هاتاوی نییە و سینگەبا نییە؟. دەڵێیی هەندەك شانە تەواو بەرگەکەیان کەرخبووە.

لەسەر تەختەیەکی شلۆقی زۆر کۆن شەش حەوت شانە مێشەهەنگوین لە تەنیشت یەکدی، لەو بەری هەیوانەکە بەلای بێراییێدا، ڕیزکرابوون، مێشەکان لە باخەکەی دەستە ڕاست دەهاتن و دەچوون، هەندێکیشان لە گۆلاوە ئاوەکەیان دەخواردەوە.

ـ کۆترکان، کۆترەقەلاشیشیان هاتووەتەناو، ئەدی ئەوە بۆ هێلانەی تازەتان بۆ دروست نەکردوون؟ هێندێکیان لەبن سواندەی ئەو کۆلێتە بگوازنەوە بەر ئەو هەیوانە باشترە.

لە سەر تەلی کارەبای نێوان مالێیان و دارتەلەکەی دەم ڕێیەکە، چل پەنجا کۆترەی مالێی و کێوی وەك پەرەسێلکە ڕیزببوون، لە ناو حەوشەکە دەنیشتنەوەو چینەیان دەکردو هەلێدفڕینەوە سەر ڕستەی دارتەلەکەو سەرسواندەکەی ئەو بەر.

ـ ئینجانە گولێکانیش، جوان بوون، چاکە هالاوی ئەو هاوینە هەلێی نەپروکاندوون و نەمردوون. زۆر پڕ داندراون، بۆ لە سەر کۆسپەکەی هیوانەکە بە ڕێزدایان نانێن، جوانتر نییە؟ ئێرە بەرسێبەریشە، هێندە خۆرەتاویان لێنادا.

ڕێك بەرانبەر هیوانەکە، باخچۆکەیەکی جوان بە بنکە گولێ و نەمامان چاندرابوو، دار کاژی کورت کورت پەرژینێکی جوانی بۆ دروستکردبوو، لە بەردەمەکەشیدا، چەندان پنجە ڕەیحانەڕەشە بوون.

بە ناو حەوشەکە مریشك و کەلەشێری خۆمالێی و مراوی و قاز هاتووچۆ گارەگار و قیڕەقیڕیان بوو، لەولاوەش کۆلێکی ژیکەلەیان لە تەنەکە بۆ دانیان بۆ دانابوون. هەموو دەروبەری خانووەکە زەوییەکی ڕووتەنی ئیشك و برینگ بوو، جگە لە پنچە دڕکەزەردە و خڕنووك و دڕکودالێ بەولاوە هیچی دیکەی لێ نەبوو. مێگەلەکە لە ناو

شووره و بەردەرگای ئەو خانووە خۆیان دابووە بەر سێبەر کە عەبدوڵڵای بەرتلەیی تێیدا دەژیا.

کاتێ کچۆڵەیەك سینییە چایی لە پیاڵەی زێڕین و ژێرپیاڵەی کافرۆشی بۆ هێنایین، فاروق دەیقەتێکی لە منداڵەکەداو دەستێکی بەسەری داهێناو دەستخۆشی لێکرد و گوتی:

- ڕەشێ، ئەدی کوا لافە، دیار نییە؟ نەیزانییە ئەمن هاتیمە؟

ــ دیارە ئۆتۆمبیلەکەیان نەدیتییە، دەنا زوو دەگەیشتە ئێرە، ئێستا دەنێرم، بانگیکەن. هەندرێنی باوکی بەیانی زوو لێرە بوو گۆتی دەچمە هەولێر.

فاروق، وەکو مامۆستای مێژوو و جوگرافیا، کەوتە گێڕانەوەی زۆربەی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر ئەو ئاواییە داهاتبوو، بست بەبستی گوندەکەی بۆ باسکردن. جێگەی ئەسەف بوو کە بەدەگمەن باسی ڕووداوی خۆشیان تێدابوو. دوایی گوتی دەهەستن بابچین، ئاسەواری ئەو ئاگردانەتان نیشاندەم کە هەمووانی لە ڕۆژگارێکدا لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە.

بێستوون و سامان بن باڵی فاروقیان گرت بە هێمنی لەسەر کورسییەکە بەرزیان کردەوەو ئەویش خۆی خستە سەر گۆچانەکەی و کەمێك وەستا تا هێزێك بداتە قاچەکانی، تەزوویەکی کارەبایی هەموو گیانی داگرت و لاشەی کەوتە لەرزین و یەك دوو جار ئاخ و ئۆفی کردوو و سەری ڕاوەشاند، دواتر ئارەقەی کردوو دەمارەکە بەریدا، پێش ئەوەی بڕوات لە گیزدانەکەی باخەڵی دوو دە هەزار دیناری دەرهێناو دایە دەستی ئەو دوو منداڵە عەرەبەی لەگەڵ عەبدوڵڵای شوانکارە هاتبوونە پێشوازی، دەستێکی بە پرچە ئاڵۆزەکەیان داهێنان و پێیگوتن:

ــ خذو هاي الكم اشتروا شوية حلويات و بسكت.

فاروق پێشکەوتوو و نەرم نەرم گۆچانەکەی دەنایە سەر ئەرزی و هاوژین و شەوڕۆش لە تەنیشتی دەڕۆیشتن، کە لە حەوشەکە تێپەڕین، خانووەکە هیچ تەیمان و شورەیەکی لە دەوریدا نەبوو، بەلای چەپدا سووڕانەوەو دوو دەقیقەی پێنەچوو گەیشتنە سەر خانووێکی قوڕی داتەپیو، شوێنەواری شوورەکەی هەرمابوو، بەرد و دار بەسەر یەکدا کەڵەکەچن ببوون، فاروق بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ ناوەندی خانووەکە کرد و گوتی:

دیوارە داروخاوەکانی ئەو ژوورە گەورەیە دەبینن! ئەوە دیوەخانمان بوو. لە پێشەوەی ناوەڕاستی دیوەخانەکە ئاگردانێکی جوان دروستکرابوو، ڕۆخەکانی بە گڵەسوور سواخدرابوو و سێکوچکەیەکی ئاسنیشیان دروست کردبوو مەنجەڵی گەورەیان دەخستە سەر. ئێمە هەموومان بە چێشت و ئاشی سەر ئەو ئاگردانە بەخێوکراوین، زستان بە ئاگری ئەو ئاگردانە خۆمان گەرمدەکردەوە، میوانەکانمان، کە بە شەو و بە ڕۆژ سەردانیان دەکردین. لە ناسیاو و نەناسیاو، بە دەوری ئەو ئاگردانە دادەنیشتن و خۆیان گەرمدەکردەوە و نانیان دەخواردو چایان دەخواردەوە. کە کۆنفرانسی حزبی شیوعی لە ساڵی(١٩٦٧) لێرەبەسترا، پترلە(١٢٥) کەس لەدەوری ئەو ئاگردانە کۆبوونەوە، بەسیاسەتمەدار وئەندام و لایەنگر و پاسەوان وکارگێر.

لە سەردەمی ڕۆژگارە سەختەکاندا، زۆر کۆبونەوەی حزبیمان لە دەوری ئەو ئاگردانە دەبەست و ڕاپۆرتمان دەنووسی و بڵاوکراوەمان ئامادە دەکرد. دەتوانم بڵێم لە هەر چوار ئیقلیمی ئەو کوردستان و عێراقەوە، دەهاتنە دیار ئەو ئاگردانە. لێرە جگە لە نان و ئاوی زۆر، ئەمن و ئاسایش و هێمنی و متمانەو باوەڕ و وەفاداری

هەبوو. ئێرە دیوەخانێك بوو بۆ هەموان و ئاگردانێك بوو بۆ هەموان. ئێرە شوێنێك بوو بەقەراری قەتعی جاسووسی نەبووە. داربەسەر هەرگیز نە ئاغای هەبووە نە لەژێر دەسەڵاتی هیچ ئاغایەك بووە.

هاوژین، چاوێکی بە دەوروبەری خانووەکەو هەموو ئاواییەکە گێڕاو، بە هێمنی بە چەند وشەیەکی بیستراو گوتی:

ـ بەڕاستی، پڕ بە پێستییەتی بۆ پێناسەی ئەو ئاگردانە، بڵێین:" ئاگردانێك بە قەد نیشتمان".

کە ویستیان بڕۆن، دەنگی ناسکی کچۆڵەیەك هاتە بەرگوێ، بەرەوپیریان غاری دەدا و دەیگوت:

ـ مامە... مامە فاروق... مامە فاروق ئەوە هاتم...!

کچۆڵەیەکی چاو و برۆ ڕەشی قژ قەترانی نەختێ وردیلە، کراسێکی پەمەیی گوڵداری هاوینی لەبەردابوو و سەندڵێکی سەر بە گوڵی لەپێدابوو، خێرا هات و خۆی خستە باوەشی فاروق و کەوتە ماچکردنی، هەردوو دەستیشی لە ملی ئاڵاندبوو. فاروقیش بە هێواشی ماچی دەکرد و دەیگوت:

ـ لافێ، کچێ ئەتو لە کوێ بووی، ئەمن دەمێکە هاتیمە... ئەدی ئۆتۆمبیلەکەی من بەبەر ماڵتان ڕەتبوو، نەتبینی؟

ـ نا مامە نەمبینی، ئەمن لەو دیوی لە کن کەروێشکەکان بووم.

ئەوجا فاروق بە دەستێکی گۆچانەکەی گرتوو بە دەستەکەی دی دەستی لافەی گرتوو گوتی:

ـ مامۆستا شەوڕۆ و دکتۆر هاوژین ئەنگۆ بڕۆنەوە، ئەمن لەگەڵ لافێ دەچم بە ناو ئاواییدا پیاسەیەك دەكەم... ئەنگۆ خواتان لەگەڵ.

فاروق، لە كۆنە خانووەكەی ماڵی باوكی دووركەوتەوە و لەگەڵ لافێ بەرەو ڕۆژهەڵات، هێواش هێواش هەنگاوی دەهاویشت و دەڕۆیی، بەدەم ڕۆیشتنەوە لافێ دەدواند و دەیپرسی:

ـ لافێی، ئەتو حەزت لە داربەسەرییە؟ حەزدەكەی لێرە بی یان لە كۆیە؟

ـ مامە ئەمن زۆر حەزم لێرەیە، كەروێشك و مریشكەكانم لێرەنە، بزنەكی خۆشم هەیە زۆر زۆر خۆشم دەوێ. بەرام ئێرە یاریگای منداڵان و باخچەی خۆش و قوتابخانەی گەورەو و دوكان و شتی لێنییە.

ـ (بابە عەلی)ت، نەخشەی جوانی بۆ ئەو گوندانە كێشابوو، ئەو بەئاواتەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان خەونەكانی بێتە دی و ئێرەش ببتە گوندەكی خۆش خۆش، وەكو ئەوانەی لە فیلمی كارتۆنێ دەیبینی.

ـ ئەدی لۆ بابە عەلی، ئێرەی نەكردە گوندەكی خۆش خۆش؟

ـ ئاخر، ئەویان شەهید كرد و ئێرەیان سووتاند و ئەمنیان گرتوو و هەمووی دەربەدەربووین.

ـ مامە، كێ وایلێكردن؟

ـ دوژمن، لافەگیان دوژمن، ئەرێ پرسیارێكت لێبكەم، بەڵام دەبی بەڕاستی جوابم بدەیەوە؟

ـ بەوخوایە بەڕاستی جوابت دەدەمەوە؟

ـ ئەتو، لەگەڵ دەستەخوشكەكانت لە مەكتەبێ شەڕی دەكەی؟

ـ نابەخوای، ئەمن قەت شەڕی ناکەم، بەرام کچەکمان لە پۆلێیە، هەر پرچمان ڕادەکێشی و تەشقەرەمان پێدەکا.

ـ ئافەرین، حەیرانی لافەی خۆم بم. قەت قەت نەکەی لەگەڵ دەستە خوشکەکانت شەڕ بکەی. گەورەش بی نابێ شەڕ لەگەڵ هاوڕێ و برادەرەکانت بکەی. ئەمن دەزانم شەڕ چ نەگبەتییەکی گەورەیە، ئەدی بۆ گوندەکەمان هەروا کاولە و پێمان چاکناکرێتەوە؟، لەبەر شەڕی نێو خۆمان و کوشتن و ماڵ سوتاندنی یەکدی. لافە نابێ قەت قەت شەڕ لەگەڵ کەس کەس بکەی. دەبێ هەموانت خۆش بوێ.

ـ باشە، مامە، بەقسەت دەکەم. هەمویانم خۆش دەوێ. خۆ من قەت شەڕی ناکەم.

بەدەم ئەو گفتوگۆیەوە گەیشتە گۆڕستانی ئەختەرخان و فاروق لە ژوور سەری دایکی ڕاوەستاو فاتیحایەکی خوێند، لافەش لاسایی وی کردەوە، دوایی ماتەمینییەك فاروقی داگرت و بێدەنگییەکی ترسناك ئەو ناوەی خامۆشکرد. ئەوجا فاروق مشتێ خۆڵی سەر گۆڕی دایکی لە لوتی خۆی نزیك کردەوەو ویستی بۆنی بکات، لافێ پرسی:

ـ مامە، لۆ ئەو خۆرەی بۆن دەکەی؟

فاروق چاوەکانی بڕیە چاوی لافی و گوتی:

ـ ئاخر ئەو خۆڵە، بۆنی باوەڕ و داربەسەی لێدێ!

ـ باوەڕ کێیە؟

فاروق بە دوو هەنگاوان چووە لای گۆڕەکەی باوەڕ و لە تەنیشتی دانیشت و گوتی:

ـ ئەوە مامە باوەڕە، ڕۆحم بە قوربانی بێ، برای کاکە شۆڕشە. کوڕی پلە ئەختەریە، ئەوەتە گۆڕی دایکی!

چاوی بڕییە مشتە خۆڵەکەی ناومستی و لەبەر خۆیەوە گوتی:

ـ ئەم خۆڵە جوانە، گڵی ئەم خاکەیە، دەبێ وەکو ڕۆحمان خۆشمان بوێ.

ـ مامە، مامۆستا کنێریش لە وانەی ئایین پێیگوتین، خوا ئەمەی لە گر و قوڕ دروست کردیە، دوایی دیسان ئەمە دەبینەوە گر و خۆر.

پاشئەوەی فاروق بە دەوروبەری هەر سێ گۆڕەکە سووڕایەوە و دەستی لافەی گرتوو، چووە سەر ئەو باریکە ڕێیەی بەرەو چیای باواجی دەچوو بە لافەی گوت:

ـ لافی، وەرە با ئەمن و توو پێکەوە بچینە لای بابە گەورەت.

هێواش هێوش دەڕۆیشتن و فاروق ورد ورد دەیقەتی لە خۆڵی سەر ڕێیەکە دەدا وەك ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێ.

لافی پرسی:

ـ مامە، ئەتوو لۆوا تەماشای ئەو خۆرەی دەکەی؟

ـ ئاخر دەمەوێ شوێن سمی ئەسپە شێیەکەی بابە عەلی بدۆزمەوە!

ـ سم چییە، مامە فاروق؟

ـ سم، بنی پێی ئەسپە، بابە عەلی، کە دواجار ئوغری کرد، لەو ڕێیەوە، بەرەو باواجی ئەسپە شییەکەی خۆی تاودا.

بە گۆچانەکەی، ئاماژەی بەو تولەڕێیە کرد کە بەرەو باواجی پێچی دەخوارد.

ـ ئەوجا لۆ ئەتوو دەتەوێ جێی سمی ئەسپەکەی بدۆزیەوە؟

ـ ئاخر تا شوێنپێی هەڵگرم و ئەمن و تۆ پێکەوە بچینە لای.

ـ لۆ بچینە لای؟

ئاخر دەزانم ئێستا ئەو پەیامێکی بۆ تۆ و پەیامێکی بۆ من پێیە؟

ـ مامە فاروق، پەیام چییە؟

ـ وەك بلێی پێشنیازێك، تەگبیرێك، ڕێوشوێنێك بۆ ئاینده، دەزانم بابە عەلی ئێستاش لە خەمی ئێمە دایە... وەرە با شوێن سمی ئەسپەکەی بدۆزینەوە بچینە خزمەتی. ئەتو ماندوو نەبووی؟ وەرە لەسەر ئەو بەردەی بەرانبەرم دانیشە، با ئەو شیعرە جوانەی "لەتیف هەڵمەت"ت بۆ بخوێنمەوە، دوێنێ شەوێ لە فێسبووکەکەی ئەوم وەرگرتووە.

فاروق مۆبایلەکەی دەرهێناو، دەقە شیعرەکەی دیتەوەو بە دەنگێکی غەریب زۆر بە هێمنی بۆ (لافێ)ی خوێندەوە، وشەکان لەو دەشتە چۆڵ و هۆڵە وەکو باڵی پەپوولە، کزەبایەکە لەگەڵ خۆی دەبردن:

(بارانی گوڵ و پەپوولە)

خەون بەوەوە دەبینم

سبەینێ.... سێدارەکان

بکەم بەجۆلانێ بۆ:

پەپوولە و

پاساری....

خەیاڵ بەوەوە دەکەم

سبەینێ لە سەر ئاگری

قۆناخە تفەنگەکانتان

چایەك لێ بنێم بۆ

کۆڵبەرەکان...

سیٚ و دووی ئەوە دەکەم

ڕۆژێك ئاسنی مووشەکەکانتان

بکەم بە گاسن بۆ

جووتیاری گوندەکەمان...

تامەزرۆی ئەوەم... ڕۆژی داهاتوو

زنجیر و کەلەپچەی دەستی ئازادیخوازان

بکەم بە سکەی شەمەندەفەر لە نێوانی

سلێمانی و سنەدا....

ئەڵوەدای ئەوەم

بەیانی کۆشك و تەلارەکانتان

بکەم بە مۆزەخانەی

پەیکەری شەهیدەکان...

چەند ئاسوودەبم

هەست بەقورسایی خەمێك

لەناو دڵمدا دەکەم...

ڕەنگە بۆ منداڵێك بیٚ

بوومەلەرزەکەی کرماشان

دایکی لیٚ دزیوە...

چەند...

چەند...

چەند...

چەند نائومێد بم...

چاوەڕوانی ئەوەم

دڵم پڕاوپڕ بکات لە بریسکەی ئومێد...

نووری خودا....

ـ وای، شیعرەکی چەند خۆش بوو! مامە فاروق، ئەمنیش پێمخۆشە بێمە کن بابە عەلی. ئێستا بابە عەلی لە کێندەرێیە؟

ـ لاڤی گیان، کچە جوانەکەم... ئەو زۆر زۆر دوورە. ئەمن نازانم لە کێیە، ڕەنگ بی لەگەڵ ئەستێرەکان بیٚ، یان لەگەڵ ئەو ڕەوە سووسکانە بیٚ کە تازە بێرەدا ڕەتبوون. یان ڕەنگ بیٚ ئێستا لەگەڵ کێشکەکان لەسەر دارتووەکەی حەوشەیماڵتان بی. کێدەریٚ ئێستا لەگەڵ مامە شۆڕش و باوەڕ لەسەر لوتکەی ئەو باواجییە نییەو چاوەڕوانی مەیە. وەرە با بڕۆین، هەردەڕۆین، هەر دەڕۆین، هەر دەڕۆین هەتا دەیدۆزینەوە و دەیگەینیٚ، ئەوجا پەیامەکانی لێوەردەگرین.

وەرە دەستت بێنە،

با بڕۆین،

حەیرانی!

**ڕۆحەکەی بابە عەلی!**

**کۆتایی**

# شـەهید عەلی مەولـود
# لەدیـدی هاوڕێکانیـدا

# (عەلی مەولود کادرێکی بەرجەستەی جوتیاران بوو)

## ئەحمەد دلزار [(٣)]

بۆ ئەوەی باشتر لە نەژاد و بنەماڵەی شەهیدی نەمر هاوڕێ عەلی مەولود بگەین، گوێ لەم هەواڵە مێژووییە بگرین.مێژوونوس( دکتۆر عەبدولعەزیز سولەیمان نەودار) لە کتێبەکەیدا "مێژووی عێراقی نوێ لە کۆتایی حوکمڕانی داود پاشاوە تا کۆتایی حوکمڕانی مەدحەت پاشا" دەڵێ: هێرشی ڕاماڵدەری (میر محەمەدی ڕەواندزی) میری سۆران، کە بە پاشای کۆرە بەناوبانگە، بە سوپایەکی زۆرەوە لە پاییزی ساڵی ١٨٣٢ ی زاینی ڕێکەوتی ١٢٨٤ کۆچی، هێرشێکی زۆر گەورە بۆ سەر دەڤەری شێخان و سنجار و دوکان دەکات و بەهەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەو ناوەش هانا دەبەنە بەر خەڵکی موسل و لەو کاتەشدا " مەدحەد سەعید پاشا" ی والی ئەو پردە دەپچڕێنێ کە ڕۆخی چەپی زێی دیجلە بەشاری موسڵەوە دەبەستێ و ئاپۆڕەی دەورە دراوانیش لە ڕۆخی چەپی زێی دیجلە و گردەکانی دەگاتە سەریان و دەست بە قرچ و بڕکردنیان دەکات و ئەوانیش هانا دەبەنە بەردانیشتوانی موسل کە داڵدەیان بدەن و لە مردن ڕزگاریان کەن. خەڵکی موسڵ لەسەر بانی کۆشك و تەلارە بەرزەکانیانەوە باسی ئەم دیمەنە جەرگبڕە دەکەن. دەڵێن لەم شەڕە دڕندانەیەدا سەد هەزار کەس بوونەتە قوربانی و تەنانەت عەلی بەگی داسنیش بە دیلی دەگیرێ و لە ئەنجامیشدا پاشای سۆران لە سێدارەی دەدا.

---

٣- ناوەکان بەگوێرەی ئەلف و بێ ڕیزبەندکراون.

جا له ئه‌نجامی ئه‌م کوشتاره که‌م وێنه‌یه‌دا بنه‌ماڵه‌ی هاوڕێ عه‌لی مه‌ولودیش، وه‌ك زۆره‌ها بنه‌ماڵه‌ی دی په‌راگه‌نده‌ی شارو دێیه‌کانی دیکه‌ی باشوری کوردستان ده‌بن و تا ئه‌م ساڵ که ساڵی (٢٠١١) ی زاینییه ده‌کاته‌(١٧٩)ساڵ و له‌و ماوه‌یه‌دا له هه‌موو ڕوویه‌که‌وه تێکه‌ڵ به برا کورده‌کانی ده‌ڤه‌ری سۆران بوون، پیاوی به‌وه‌ج و لێهاتوویان لێهه‌ڵکه‌وتووه و له مه‌یدانه‌کانی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر و سیاسه‌ت و ته‌نانه‌ت له مه‌لایه‌تیشدا ڕۆڵی دیاریان هه‌یه و هه‌بووه، وه‌ك زانراوه باوکی (هاوڕێ عه‌لی)ش خاڵ مه‌ولودی کوڕی حه‌مه‌د. به‌ر له کۆتایی هاتنی جه‌نگی یه‌که‌می جیهان و که‌وتنی ئیمپراتۆریه‌تی فیۆداڵی عوسمانی چووه‌ته گوندی داربه‌سه‌ری سه‌ر به شاری کۆیه و له‌وێ نیشته‌جێ بووه و هاوڕێ (عه‌لی مه‌ولودیش) هه‌ر له‌وێ له ساڵی ١٩٢٥ له دایك بووه. هه‌ر له منداڵییه‌وه زیت و زیره‌ك و وریا بووه وه‌ك زانیوومه چالاك و به‌رچاو بووه.

له هاوینی ساڵی ١٩٥٦ دا بوو که له تاراوگه‌ی " نوگره‌تولسه‌لمان" گه‌ڕامه‌وه کۆیه. دوای چه‌ند ڕۆژێك کاك عه‌لی هاته لام و یه‌کترمان ناسی. ئیدی دوای ئه‌و دیداره له نێو حزبی ڕزگاری نیشتمانی (حزب التحرر الوطني)دا ڕووکارێکی ئاشکرای حزبی شیوعی عێراق بوو، به یه‌کتر گه‌یشتنه‌وه و ماوه‌یه‌کی زۆریش تا له کۆیه بووم به‌یه‌که‌وه کارمان کرد. له دوای شۆڕشی ١٤ی ته‌موزی ڕزگاری خوازی نیشتمانی هاوڕێ عه‌لی ئه‌ندامی لێژنه‌ی شاری کۆیه بوو، دوایش بوو به ئه‌ندامی لێژنه‌ی ناوخۆی پارێزگای هه‌ولێر له‌به‌رپرسی بزوتنه‌وه‌ی جوتیارانی قه‌زای کۆیه. ئه‌و هاوڕێ نه‌مره کادرێکی گورج و گۆڵ و دڵسۆز و ڕه‌وشت به‌رز و میوانپه‌روه‌ر و خاوه‌ن قسه‌ی خۆی بوو. خزمه‌تگوزارێکی که‌م وێنه بوو بۆ یارمه‌تیدانی لێقه‌وماوان. تا حه‌زبکه‌ی

چالاك بوو، كه لـه چـیای ئـاوەگرد بـووین، ڕوداوێـك لـه گونـدی سماقوڵی ڕوویـدا و دەمودەست لەگەڵ دەستەیەك له پێشمەرگەكانمان به هاواریانـەوە چـوون، ڕووداوەكـه بەم جـۆرە بـوو لـه كۆتایـەكانی مـانگی ئـابی ١٩٦٣دا، لەسـەر كارێزەكـەی چـیای ئاوەگردا كه كلكی چیای سەفینه، كه هێزێكی جاشان له كۆیەوە هاتبوون، پەلاماری گوندی (سماقوڵی سێنان ـ سماقوڵی گەلی) یان داو سوتاندیان هـاوڕێ عـەلی مـەولود نارنجۆكێكی بەدەستەوە بوو گورج خستییه ناو گێرفـانی و لەگـەڵ پۆلێـك پێشـمەرگه تفەنگەكانیان له شان كرد و لەگەڵ برینپێچێك بـه خێرایـی بـەرەو گوندەكـه چـوون. دووری ئێمـه لـه گوندەكـه لـه سـاته ڕێیـەك كـورت تـر بـوو. جـا هـاوڕێ عـەلی و پێشمەرگەكان گەیشتبوون جاشەكان بەرەو كۆیه كەوتبوونه ڕێ و له سێرەی تفـەنگ دەرچووبوون. ئیدی كه چووبوونه نـاو دێیەكـه، گـورج ئاگرەكـەیان كوژانـدبۆوەو دوو برینداریش كه لەوێ دەبن برینەكانیان بۆ تیماركردبوون و سەرو دەرزییـەكی "ئـەنتی بایۆسیل" یان لێ دابوون و شەو له لایەن مابوونـەوە و ئێـوارەی دووەم گەڕانـەوە بـۆ ئاوەگرد. ئەمه هەڵوێستی عەلی مەولود و هاوڕێكانی دەبێ، له كاتێكدا یـەك پـۆل پێشمەرگەی دیكه له گوندی كرۆژ دەبن و زۆریش لێیانەوە نزیك دەبـن، كـه چـی بـه هاواریانەوە نەچووبوون.

جاشەكان له گەڕانەوەیانـدا عبـدولڕەحمان چـەلەبی و كـوڕێكی هـەرزەكاری خـۆی لەگەڵ دادەبێ، كه ماوەیەك بوو لەبەرزەبر و زەنگـی بـەعس ڕوویـان لـەوێ كردبـوو، دەیانگرن و بەرەوكۆیەیان دەبەن. جا لەبەر ئەوەی عەبدولڕەحمان پیاوێكی بـه تەمـەن و زۆریـش قەڵـەو و بـەخۆوەبوو، نەیـدەتوانی بـڕوا، بۆیـه دەكـەوێ و دوای هەنـدێك ڕاكێشان هەردووكیان دەكوژن و تەرمەكانیان بەجێ دەهێڵن، ئەو هێرشه دڕندانەیـه

بە فەرمانی تاوانبار تەهاشەکرچی بوو، کە یەکێك بوو لە ئەفسەرە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان.

شایەنی باسە هاوڕێ علی مەولود لە سەردەمی شۆڕشی ١٤ تەمووز و پێش شۆڕش و دوای شۆڕشیش بنکە و بارەگایەکی حزبمان هەبوو، تەنانەت کۆنفرانسی سێیەمی حزبی شیوعی هەر لە ماڵی ئەوان لە گوندی ( داربەسەر) بەسترا.

ئەمەش کورتە باسێکی ئەو کۆنفرانسەیە: سکرتێر هاوڕێ عزیز محەمەد و چەند هاوڕێیەکی لە مۆسکۆ بوون کە لە ئەیلوولی ١٩٦٧ دا کەرتکارییەك لە حزبدا ڕوویدا و ئاگادارکران و داوای گەڕانەوەیان لێکرا بۆ عێراق و ئامادەکاریکردن بۆ بەستنی کۆنفرانسی سێیەم.

جا حزب لە کانونی یەکەمی ١٩٦٧ کۆنفرانسی سێیەمی لە گوندی (( داربەسەری گەورە )) ی سەر بە شاری کۆیە بەست و دانیشتنەکان (١٠) ڕۆژیان خایاند و (٥٧) کادیری حیزبی بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسە بانگێشت کران و (١٠) ئەندامیش بە سیفەتی چاودێر بەشداریان تێدا کردو هاوڕێ عەلی مەولودیش کرا بە کاندیدی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی حزبمان.

بەڵام بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لە ڕۆژی ٢٥ ـ ١٢ ـ ١٩٧٤ لە ناوچەی ناوپردان لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکەیەکی عەفلەقی، هاوڕێ علی مەولود شەهیدکرا.

هەزاران درود بۆ گیانی پاکی عەلی مەولودی پیاو و سەربەرز و خەباتگێڕ.

هەولێر، ١٨ ـ ١ ـ ٢٠١٨

# (لەبارەی عەلی مەولودەوە)

## ئەحمەد دلزار

بۆ دەورەیەکی ڕۆشنبیریی یەك ساڵی ڕۆژی دوازدەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٠ من و هاوڕێ عەلی مەولود و عەلی حاجی و ئەحمەد عەوێنە و دوو هاوڕێی کەرکوکی بەرەو مۆسکۆ کەوتینەڕێ و بۆ ئێوارە گەیشتینە (پیرمۆس)، کە لقێکی پێشمەرگەی ئێمەی لێ بوو هاوڕێ (توما تۆماس) سەر لقیان بوو، کە چوین هاوڕێ ئۆمەر و پێشمەرگەکانی پێشوازییەکی باشیان کردین و شەو لەوێ ڕۆژمان کردەوە. بۆڕۆژی دوایی ١٣ ـ ١٠ بە ئۆتۆمبیلی پێشمەرگەکان چوینە گوندی (دێرەبوون) کە گوندێکی کریستیانەکانە و باوەشە ئاوێکی سارد و ساف لە گوندەکەدا لە گەرووی ئەشکەوتێکدا دێتە دەر و ڕووبارێك دروست دەکات.

کە چووین لە ماڵی (ئێلیا) ناوێك دابەزین، ئەم ئێلیایە سەر بە شۆڕشی کوردستان بوو، لێپسراوی دێیەکەش بوو شەو لەوێ ماینەوە و بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵیان کرابوو سەر و دینارێکمان دایێ، لە پاشان کرێی جێیەکەشمان دایێ کە ڕۆژی دوایی ١٤ ـ ١٠ لە ماوەی نیو سەعاتێکدا ئێمەی گەیاندە سەر ئاوی (خابور)، کە لەسەر سنوری عێراق و سوریایە زۆریش لە (پیشخابور) نزیکە.

جا (ئێلیا) بەر لە گەرانەوەی وەك بۆق قیرەیەکی کرد، کە هێشتا نازانم چۆن ئەو قیرە بۆقانیەی دەربڕی، ئیدی دوا بەدوای ئەمە دوو زەلام بە گوێدرێژێك و دوو تایەی ئۆتۆمۆبیل و باوەشێ تەختەدارەوە گەیشتنە بەرامبەرمان و لەوبەری ڕووبارەکەوە کەڵەکێکی زۆر سادە و سەرەتاییان هەڵبەست و یەکەیەکەپێی پەڕینەوە و

جانتاکانیشیان پەڕاندووە و لە گوێدرێژەکەیان بارکرد و خەرجی ئەوانیشماندا، جا پێشمان کەوتن و دوای کەمتر لە سەعاتێك گەیشتینە یەکەم گوندی سوریا، کە گوندێکی بچووك بوو، لەمێژنەبوو ناوە کوردییەکەیان گۆڕی بوو، (بلێسیێ) یان کردبوو بە (کەربەلا)! هەروەها ناوی هەموو دێیە کوردییەکانیان کردۆتە عەرەبی شەو لە ماڵی قاسم ناوێك بووین، کە بە دیمەنی دەرەوەی عەرەبێکی تۆخ بوو، کەواو چاکەتێکی شڕ جەمەدانییێکی چڵکن و عەگالێکی کۆنی بەسەرەوە بوو، بەڵام بە کوردی قسەی دەکرد. هەرچۆنێك بوو شەو لەوێ بووین هەرچەند شوێنەکەشمان زۆر سەخڵەت بوو، ڕۆژی ١٥ ـ ١٠ یش تا تاریکان داهات هەر لە کەربەلا بەلای کوردستانی ژێر دەستی بەعس دابووین، تا هاوڕێیەکی لە قامشلییەوە بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە هات و بەرەو قامیشلی بردین، دوای ئەوەی یارمەتییەکی ماڵی قاسمیشماندا، شەو درەنگێك گەیشتیەنە قامشلی و لێخورەکە بردینیە ماڵی عوسمان سۆفی مەحمود، کە ئەندامێکی لێژنەی ناوەندی حزبی شیوعی سوریا بوو.

پێنج شەش ڕۆژ لەماڵی هاوڕێ عوسمان ماینەوە ڕۆژێکیش ئەبوجەنگۆ (ڕەمۆ شێخۆ ـ ڕەمەزان شێخۆ)، هاتە لامان لە دوایی بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی سوریا.

شەوی٢٠/٢١ ـ ١/ ـ ١٩٧٠ هەندێ برادەری تریش پەیدابوون، کە بۆ دیمەشق دەچون و ئێمەش دوو تەکسیمان گرت و بەرەو حەلەب کەوتینەڕێ و بەشاری حەسەکە تێپەڕین، کە ناوەندی پارێزگای حەسەکەیە و قامیشلی شارێکی سنورییە! بە درێژایی شەو ڕۆیشتین و جارجارە بۆ چا خواردنەوە بۆ چەند خولەکێك لامان دەداو بەر لە ڕۆژهەڵات گەیشتینە (حەلەب)، کە دووەمین شاری گەورەی سوریایە و ئەوسا

ژمارەی دانیشتوانی لە دەوری شەسەدهەزار کەس بوو، بەڵام ئێستا لە ملیۆنێك زیاترە و شارێکی فرە خۆشە.

لەوێ لە ئۆتۆمبیلەکانمان دابەزین بلیتی نێرنە گەورەکامان کڕی و دوای ساتێك وچانگرتن کەوتینە ڕێ و بە شارەکانی (حەما) و (حمص) دا تێپەڕین و نیوەڕۆبوو گەیشتینە سەرەتای (غۆتەی شام)، پاش نیوەڕۆش لە دیمەشق دابەزین و بردنیانینە ماڵی برادەرێکی کورد بەناوی (ئەبوبوفەر)، زاوای عوسمانی قامشلی و لێخوری ئۆتۆمبیلەکەی خالد بەگداش بوو. لەسەر چەقی بازنەکەیان وەستا بووین کە گوتی: ئەم خانووە گەورەی بەردەممان ماڵی خالد بەگداشە، جا هەر لە ڕێی ئەوەوە سەردانی هاوڕێ خالد بەگداشمان کرد. ڕۆژی ٢٩ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٠ هاوڕێیەکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی سوریا لەگەڵمان هاتە فرۆکەخانەی دیمەشق و لەگەڵ کاربەدەستانی ئەوێ کارەکانیان بۆ ڕاهیکردین، چونکە پاسەپۆرتەکانمان دروست نەبوون، جا کە سواری فرۆکەبووین و بە چوار سەعات گەیشتینە مۆسکۆ، لەوێش برادەرێکی سۆڤێتی چاوەڕوانی دەکردین و گورج ڕێیان بۆ کردینەوە و ئینجا بە ئۆتۆمۆبیلێکی تایبەت چوینە ناو مۆسکۆ لە دەور و پشتی شار لەناو دراستانە چڕەکانی ( سنەوبەر) و (بەتولا)دا هەندێ (ڤێلا)ی هاوینی زۆر جوانیان هەیە کە پێی دەڵێن ( داچە)، ئێمەیان بردە ناو یەکێك لەو داچانە، کە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی تێدابوو بە تایبەتی بە ئینجانە گوڵی زۆر جوان ڕازابۆوە، لەوێ دکتۆری تایبەتیمان بۆهات ئەزمونی گشتیان بۆ کردین و دەرزیان لێداین و خوێنیان گرتین و دوای پێنج ڕۆژ بۆ ئامۆژگاری زانستە کۆمەڵاتییەکانیان بردین، لەوێش بۆ بەشی ناوەوەیان بردین، هەر بە دووکەس ژورێکیان داینێ، کە دوو

چارپایەو دوو مێز و دوو لامپـای سـەرمێز و دوو دۆلابـی جـل و بـەرگ هەڵواسـین و پێدوایستی تری لێبوو. دەرسەکانیشمان بریتی بوون لە ئـابوری سیاسـی و فەلسـەفە بەگشتی و فەلسەفەی مـەتریالیزمی مێژوویی و مـەتریازیمی دیالەکتێکی بە تایبـەتی لەگەڵ مێژووی حزبی شیوعی سۆڤیەتی و مێژووی بزوتنەوەی کرێکارانی جیهان.

ڕۆژی دووەم بـەناو شـاری مۆسـکۆیاندا گێـڕاین و هەنـدێ جێگایـان پێشـانداین وەك مەیدانی سور و کەرملین و مۆزەی چەك و بورجی ئوستان و کینـو چـەند شـوێنێکی دی. ئەمە هەر نیشاندانێکی سەرەتایی بوو دوای یەکەیەکە سەردانی هەموو شوێنە مێژوویەکانمان کرد.

هەروەها لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەولود تێکڕای خوێنـدکارەکان کـە ژمارەمـان ٢٣ هاوڕێ بوو لە ئێوارەی دوا ڕۆژی ساڵی١٩٧١ هەریـەکێکمان جانتایـەکمان لەکـەل و پەلی پێوست هەڵگرت و بەدوو ئۆتۆمۆبیلی پـاس چـوینە وێسـتگەی شـەمەندەفەری خێرایی لینگراد (پەتروس بورگ) و لەسەرەتای شەودا کەوتینە ڕێ و بەیانی ١ ـ ١١ ـ ١٩٧١ لە لینینگراد دابەزین و چوینە ئۆتێلێکی گـەورە و جـوان و پـاك و گـەرم و گوڕ کە دەرەوەی ئوتێل سەهۆڵبەندان بوو، لینیگـراد یەکێکـە لـە شـارە جوانـەکانی جیهـان، لـەوێ هـەر ڕۆژێـك سـەردانی چـەند شـوێنێکی گرینگمـان دەکـرد وەك مۆزەخانەی (ئەرمی تاج) و کەشتییە جەنگییەکەی (ئـۆراوا) و کۆشـکی زسـتانی و کارگەی ئاسن تواندنەوە و کارگەی چنین و مۆزەخانەیەکی پێش ئایینە ئاسمانییـەکان و هـی دەوری جولەکـە و مەسـیحییەکان و سـەردەمەکانی ناوەڕاسـت و پیشـاندانی جۆرەها ئازاردان بە (خازوق) و داغکردن بەسەر ئاگردا و هەڵواسین و لـە سـێدارەدان و.... .

هەروەها گۆڕە بەکۆمەڵەکەی (پیسکەری و ڤسکایە) کە ئەم گۆڕە بە کۆمەڵە شەش سەد و چل هەزار کەسی لینینگرادی لەخۆ دەگریٚ، کە خەڵکی ئەو شارە (٩٠٠) شەو و ڕۆژ گەمارۆدراون لە لایەن لەشکرەکانی ئەڵمانیای نازی و هەموو ڕۆژێك دە دوازدە جار بۆردومان کراون و کۆڵیشیان نەدا هەرچەند هەر هەموو ئەم قوربانییانە لە برسان و لەسەرمان ڕەقهەڵگەران و مردن لە ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٤٢ هەروەها لەسەر داوای من شەش هاوڕێی کورد سەردانی پرۆفیسۆر قەناتی کوردمان کرد.

گەڕانەوەمان بۆ مۆسکۆ، ئێوارەی ٦ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧١بوو بە بۆنەی تەواوبوونی حەفتە پراکتیکی گروپە میوانەکانەوە، لێپرسراوەکانی ڕێکخراوی حزب لە لینیگرادا بانگهێشتی هەموو گروپەکانیان کرد و دوای خواردنی شێوان کۆبونەوەیەکی گەورە بەسترا، لێپسراوی گروپەکان یەکەیەکە ڕاپۆرتی خۆیان لە بارەی پراکتییکەوە خوێندەوە و سوپاسی ڕێکخراوی لینیگرادیشیان کرد بۆ ئەو میوانداری و پێشوازەییە شایانەی کە بۆ گروپەکانیان کرد.

ئیتر لەنیوەی شەو بە دوو سەعات کۆبونەوەکە کۆتایی هات و ئێمەش ماڵئاوایمان لە هاوڕێیانی لینیگراد و شارەجوان و ڕازاوەکەیان کرد و بەرەو وێستگەی شەمەندەفەری خێرا ڕۆیشتن و کەوتینە ڕیٚ لە ڕۆژهەلاتی وێستگەی مۆسکۆ دابەزین و گەڕاینەوە ئامۆژگاکەمان. ساڵی ١٩٧١ یش تا کۆتایی ئەیلول هەر خەریکی خوێندن و خۆ فێرکردن بووین. لە ڕۆژی ٢٠ ـ ١٠ ـ ١٩٧١ لە فرۆکەخانەی مۆسکۆوە بە چوار سەعات گەیشتینەوە دیمەشق جا لەبەر ئەوەی نێوان عێراق و سوریا باش نەبوو دەشەو لە دیمەشقماینەوە و سەردانی گەلیٚ شوێنی مێژوویمان کرد

و ئینجا ڕومانکردە قامشلی، کە زۆر لە سنوری عێراق نزیکە و لە سەدا هەشتای کوردن، سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، ئینجا گەڕاینەوە ماڵ.

## (علی مەولود ئەو تێکۆشەرەی تا شەهید بوونی دڵسۆزی گەل و نیشتمان بوو)

## جەلال دەباغ

هاوڕێ عەلی مولود لە خێزانێکی جوتیاری ڕۆژئاوای کۆیە و کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەکە و هەموو کوردستان و تا ڕادەیەکیش عێراق بوو، لە گوندی داربەسەر ژیانی بەسەر دەبرد هەر لەوێشدا درێژەی بە تێکۆشاندا، ئەو کاتەی ئێمە چوینە داربەسەر و بارەگای نوسینگەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقمان ئاوەدانکردەوە و لەوێ ژیاین، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، هاوڕێ عەلی مەولودم ناسی و بوینە هاوڕێ و برادەری یەکتر.

هاوڕێ ئەحمەد دلزار ی شاعیر هەردووکمانی بەیەك ناساند. ئەو کاتەی هاوڕێ عەلی کادرێکی ناسراوی جوتیاری ناوچەکە بوو، ئەندامی لیژنەی ناوخۆیی (محەلی) پارێزگای هەولێر و بەرپرسی ڕێکخستنە فراوانەکانی حزب بوو لە قەزای کۆیە، لەگەڵ هاوڕێ دلزار ماوەیەك و داوی ئەویش خۆم چەند ساڵێك بە تایبەتی هاوینان لەو گوندە دەژیام و هاتووچۆم دەکرد.

گەیشتە ئەوەی هاوڕێ دلّزار گلەیی لە حزب بکات و بڵێ : هاوینان وادەکەن لە گەرمای داربەسەر و زستانانیش لە ناو سەرما و بەفری گوندی دەرگەڵەبێت، دوای ئەویش وا ڕێکەوت کە من چەند زستانێك لەو گوندە بەسەربەرم.

هاوڕێ عەلی مەولود خۆی و ماڵ و منداڵ و زۆربەی خزمەکانی بۆ تێکۆشان و خزمەتی حزبی چینی کرێکار و جوتیار تەرخان کردبوو، گوندی داربەسەری کردبووە بارەگایەکی گەورە بۆ حزب و ماڵەکەشی هەروا.

مەکتەبی هەرێمی کوردستان لەوێ هەموو کارێکی حزبی ئەنجام دەدا و پێشتریش مەکتەبی مەحەلی هەولێر.

ئێمە لەو گوندە بەیانامە و ڕۆژنامەی نهێنیمان چاپ و بڵاودەکردەوە و زۆربەی کادرەکانمان لەوێ و لە گوندی دەرگەڵەی سلێمان بەگی کۆچکردوو ئەنجام دەدا.

هاوڕێ(نەجیب حەنا) لە کاروباری چاپدا بە تایپ و ڕۆنیۆ ڕۆڵێکی باش و چالاکانەی هەبوو هاوڕێ عەلی مەولود پشت و پەنامان بوو، ئەو جوتیارە کادیرە شیوعییەی دەشتی کۆیە، پیاوێکی ئازا و دلێر و قسەخۆش و زیرەك بوو، ڕێزێکی تایبەتی لە ناوچەکە و لەناو ئەوانەدا هەبوو کە دەیانناسی. تەنانەت ئەوانەش کە بیر و باوەڕیان جیاواز بوو، یان نەیاری حزب بوون، ڕێزیان بۆ هاوڕێ عەلی مەولودهەبوو. ئەو پیاوە کە خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو، بە کۆششی خۆی و حزب و لە تاقیکردنەوەکانی ژیانەوە و لەناو جوتیاران و کەسایەتییەکاندا زۆر شت فێربوو بوو، بۆیە لە ئەنجامی چالاکی و نەبەزی و دڵسۆزیدا لە پلە حزبیەکاندا پێشکەوتبوو.

کاتێك بە گوندەکانی ناوچەکەدا بڕۆیشتینایە، کە دەیان پرسی لە کوێوە هاتوون، هەر ئەوەندە بەس بوو بڵێین: "لە داربەسەری عەلی مەولودەوە هاتووین" ئیتر ئەوپەڕی ڕێزمان لێدەگیرا و میوانداریمان دەکرا، لەم تێکۆشانەدا نابێ ڕۆڵی "کوێخا عەبدوڵای بانی ماران" و ئیلینجاخییەکان و تەواوی دێهاتەکانی ناوچەی خۆراوای کۆیە لە یاد بکرێ، هەر لەو ڕۆژانەی تیکۆشاندا لە یادمە جارێکیان لە ترسی پەلاماری جاش و سوپا بەشی زۆری خەڵکی گوندی (هەرمۆتە) کە هەموویان لە برا مەسیحییەکان بوون هاتنە گوندی داربەسەر و بەژن و منداڵەوە داڵدەدران و ئەو چەند ڕۆژە وەك لە ماڵی خۆیان بن و وایان هەست دەکرد و هاوڕێ عەلی مەولود و برایانی گوندەکە بە جۆرێك بە دەنگیانەوە هاتن کە مایەی شانازی بوو.

هاوڕێ عەلی مەولود چ جۆرە پیاوێکە دڵفراوان و بەخشندە و خۆشەویست بوو، تابووە ئەندامی پاڵێوراو بۆ هەرێمی کوردستانی حزب.

دەرگای ماڵ و گوندەکەی بۆ هەمووان بە تایبەتی بۆ هاوڕێیانی ئێمە و هێزی هاوپەیمانان و بۆ پێشمەرگە لەسەر پشت بوو. هاوڕێ عەلی پێشمەرگەیەکی ئازا و کارامەش بوو، هەرکاتێك هێرشی جاش و سوپا بۆ سەر ناوچەکە بهاتایە هەرزوو خۆی دەبەست و لەگەڵ هاوڕێیان وپێشمەرگەکان و خزمەکانی لە ڕیزی پێشەوە بوون بۆ بەرگری لە ناوچەکە. ساڵێکیان لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، هەواڵ گەیشت کەوا هێزێکی سوپا و جاش بەڕێوەیە بۆ گرتنی کۆیە، هەرزوو هێزێکی چاك بۆ بەرگری و ڕێگرتن لە دوژمنان بەسەرکردایەتیی هاوڕێ عەلی مەولود کۆکرایەوە، قایل نەبوو ئێمە لەگەڵیاندا بچین بۆ شەڕ، چونکە زۆر خەمی پاراستنی ئێمەی بوو. تاقمە پێشمەرگەیەك بە ناوی (حەسن حەوسێن) بێ چەك بوو، بە دوایاندا دزەی کرد تا

گەیشتە سەر جادەکەی نێوان تەق تەق و کۆیە، لە شەڕێکی قارەمانانەدا چەند زیلێکی عەسکەری سوتێنران و زیانێکی گەورە لە هێزی هێرش هێنەرەکەی دوژمن دراو، هاوڕێ (حەسن حەسین) توانی خۆی بگەیەنێتە سەر زیلێکی پەکخراو دەست بداتە کلاشینکۆفێك و بەغار بۆ گوند بگەڕێتەوە.

کاتێك هێزەکە بەسەرکەوتوویی بە فەرماندەی عەلی مەولود گەڕانەوە بۆ گوندی داربەسەر و هەندێك دەستکەوتیان هەبوو، تەماشایان کرد هاوڕێ حەسەنیش کلاشینۆکۆفێکی نوێی بریقەداری لە شانە و پێیگوتن ئەمجارە لە ڕیزی پێشەوە لەگەڵ خۆتانم دەبەن بۆ شەڕ، بەداخەوە ئەو هاوڕێ (حەسن حەسەینی) لە شەڕێکدا شەهیدکراو، چووە ڕیزی نەمرانەوە، ساڵ دەهات و دەڕۆیشت، هاوڕێ عەلی مەولود نەترسانە لە تێکۆشان بەردەوام بوو، ناوبانگی لە هەموو کوردستاندا دەنگی دابۆوە، بارزانی نەمر زۆر ڕێزی دەگرت و گوێڕایەڵی بوو بۆ بیروڕا و قسە خۆشەکانی.

هاوڕێ عەلی بۆ قسەی خۆش باسی لە پێکهێنانی کۆمەڵەی پیران دەکرد، گوایە پێکیهێناوە، پاشان کۆمەڵەکەی گۆڕی بە "کۆمەڵەی ئەوانەی لە ژنەکانیان دەترسن" لە دیدارێك لەگەڵ بارزانی مستەفای نەمر، کە بۆی باس دەکات، بە پێکەنینەوە دەڵێ"دیارە کاك عەلی خۆت سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیت" هاوڕێ عەلی یەکەو ڕاست لە وەڵامدا دەڵێ" ئەزبەنی، هەتا جەنابت وەستابی من حەدم چییە سەرۆك بم!" هەردوو دەست بە پێکەنین دەکەن.

بەڕاستی گێڕانەوەی قسە خۆشەکانی هاوڕێ عەلی مەولود، پەند و ڕاوێژەکانی، قسەی جوتیارانی ناو خەڵك، بەشدارییەکانی لە تێکۆشاندا، لەشەڕی چینایەتیدا بۆ بەرژەوەندی جوتیاران و چەوساوەکان لە شەڕی پێشمەرگایەتیدا لە خزمەتی حزبی

شـوعیدا، لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و عێـراق چـەندان کتێبـی پـێ دەوێ، خۆزگـە تێکۆشەرەکانی هاوڕێ و هاوسەنگەری، یادگارییەکانی خۆیان لـە بـارەی ئـەم پیـاوە قارەمانەوە تۆماردەکرد.

کۆنفرانسی سێیەمی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی کانوونی یەکەمی ۱۹٦۷ دا لە ماڵی ئەم کادیرە تێکۆشـەرە و جوتیـارانی دەشـتی کۆیـە، لـە " داربەسـەری عـەلی مەولود" پێکهات کە ئەمەش پرکێشییەکی گەورە بوو لـە دژی ڕژێمـی دیکتـاتۆر و داروەستەکانی ....

دەگێڕنەوە کە لە کۆنفرانسەکەدا، لە کاتی هەستانی هاوڕێی تێکۆشەری کۆچکرد و دکتۆر ڕەحیم عەجینەدا، سەری بە لۆکسە داگیرساوەکە دەکـەوێت، هـاوڕێ عـەلی بە دەنگی بەرز و بە پێکەنینەوە دەڵێ: "جا ئەگەر تۆ ئەو لۆکسە داگیرساوە نەبینی ئەی چۆن گیروگرفتی جەماوەر دەبینی".

ساڵ هات و ڕۆیشت، بەرە بەرە پارتی خۆی لە هاوکاریی ڕژێم کێشایەوە و حزبی شیوعی بە تەنیا مایەوە و کێشـەکانی نێـوان هـەردوو حـزب پـەرەی سـەند و چـەند کەسانێکی تێکۆشەر لە لایەن هێزەکـانی پارتییـەوە گـیران و ڕەوانـەی بەندینخانـەی (رایات) کران، کە یەکێکیکان هاوڕێ عـەلی مـەولود بـوو، هـەروا دکتـور فـارس و ئەوانی تر... دوای ئازار و ئەشکنجەی زۆر هەردووکیان بـەرگریان کردبـوو. لـەناکاو هـەواڵ گەیشـت کـە هـاوڕێ عـەلی مـەولود(ڕوخـاوە و پاکانـەی کـردووە)! هـەموو هاوڕێیان و خەڵك زۆریان پێ ناخۆش بوو ...

لە دیدراێکـدا دواتـر، پـاش چـاکبوونەوەی پەیوەنـدی هـەردوو حـزب، فەرەنسـۆ حەریری بۆیگێڕاینەوە گوتی: "ئێمە فیڵمان لە عەلی مەولود کـرد، ئـەو بـەرنگاریی

کـردین و زۆر ڕەق بـوو، پیلانێمـان بـۆ ڕێکخسـت تێیـدا سـەرکەوتو بـووین، کـاتی سـەردانەکەی (زەکـی خـەیری و کـەریم ئەحمـەد و دکتـور ڕەحـیم عەجینـە) بـۆ لای بەرزانی لەناوچەی گەلاڵە، بە عەلی مەولودم گوت دەتەوێ بچین دیدارێکت لەگـەڵ کاك کەریم ئەحمەد بۆ ڕێکبخـەین؟ گـوتی بـەڵێ... پـاش گەڕانـەوەی وەفدەکـە بـێ ئەوەی داوای دیدارەکە بخەینە بەرچاوی کاك کـەریم هاتینـەوە لای عـەلی مـەولود و گوتمان: کاك کەریم گوتی نامەوێ بیبینم... چی بەسـەر دێ کـەیفی خۆیـەتی!! کـاك عـەلی کـە ئەمـەی بیسـت یەکسـەر هەڵوێسـتی خـۆی گـۆڕی و هـیچ نهێنییـەکی نەدرکاند، بەڵام قسەی نا بە جێی بە حزب گوت و ڕایگەیاند کە ئیتر ئەنـدامی ئـەو حزبە نییە..!

پاش چەند ڕۆژێك لەو ڕووداوە و دوای بەربوونی هاتە بەغدا بـۆ لای دکتـۆر کـە ئاگادار کرام چووم بۆ خزمەتی و بردم بۆ مـاڵی خۆمـان، ڕاستییەکانم تێگـەیان کـە هـاوڕێ کـەریم ئاگادارنەکراوەتـەوە بـۆ دیـداری بـەڕێزتان و ئـەوەی ڕوویـداوە پـیلان بووە... زۆر خەمبار بوو، کە ڕاستییەکانی لەمن بیست ئامادەیی دەربڕی بۆ دیداری هاوڕێ کەریم، پێکەوە سەردانمان کرد و ئەملا و ئەولای یەکیان مـاچ کـرد و هـاوڕێ عەلی ئامادەی پیشاندا بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو حزب و هەرلەوێ ئاگادارمـان کـرد کـە هەر بەئەندامی حزب دادەنرێ و مایەی شانازییە. ئەمەش ئەزموونێکی دیکەی سەر خەرمانی تێکۆشانیەتی، هەر لەوێدا بڕیاریدا کە لەناو هێزەکانی پارتیدا بمێنێتەوە و خۆشی ئەمەی لا پەسند بوو... دوای چەند ڕۆژێـك بـە دڵێکـی خۆشـەوە گەڕایـەوە. مخـابن پـاش ماوەیـەك لـە رۆژی ٢٥ ـ ١٢ ـ ١٩٧٤ دا بـە بۆمبـارانی فرۆکـە

جەنگییەکانی ڕژێم شەهید بوو و چووە ناو کاروانـە مەزنەکـەی شـەهیدانی حـزب و گەلەکەیەوە، وەك ئەندامێکی حزب چووە ڕیزی نەمرانەوە... .

لەم یادکردنەوەی عەلی مەولودا، بە ڕاشـکاوی دەڵـێم: ئـەم تێکۆشـەرە دڵسـۆزە چاونەترس و ئازایە ئەم کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە، کـە بـەهۆی هاوکـاری هاوسـەرە بەڕێزەکەی و منداڵـەکانی و خزمەکانییـەوە، لـە هاوشـانی هاوڕێیانیـدا تـوانی ئـەو هەموو خزمەتە پێشکەش بە حزبی شیوعی و بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلەکەی بکات، شایەنی لە بیرنەکردنە، شایەنی هـەموو ڕێـز و پێوانەیێکیشـە، شـایەنی ئەوەیـە لـە شەقام یان باخچەیەکی شارەکەی کۆیەدا پەیکەرێکی بۆ دروست بکرێ. هەزار سـڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدەی تا سەر بە دڵسۆزی مایەوە بۆ گەل و نیشتمانەکەی.

## (عەلی مەولودم چۆن ناسی؟)

## زرار دەرگەڵەیی

کۆنفرانسی جوتیارانی حزبی شـیوعی لـە ١ ـ ٤ ـ ١٩٥٩ کـە لەهـەولێر بەسـترا (عەلی مەلود)م ناسی و پێیان گوتم کاك عەلی بەرپرسی حزبی دەشتی کۆیەیـە، کـە قسەشی کرد دەرکەوت پیاوێکی بە توانا و قسەزان و دەریش کەوت لـەناو جوتیـاران خۆشەویستە، بڕیـاری دابـوو لـەم کۆنفرانسـەدا مـن وەك میـوان قسـە بکـەم، بـەڵام بروسکەیەك هات و چووم و بۆ کەرکوك و ڕێکنەکـەوت قسـەبکەم، بۆیـە لـە عـەلی مەولودیش دابڕام.

دوای ئەوەی جـارێکی تـر لـە بارەگـای یـەکێتی جوتیـاران لـە هـەولێر لای مـام ڕەحمانە شەل دانیشتبووم و بینیم عەلی مەولود، لەگەڵ سێ چوار کەسـی تـر هاتنـە

ژوورەوە  و دوای چاك و چۆنی و هەواڵپرسی پێیگوتم جاری پێشوو بە تەواوی و بەتێر و تەسەلی یەکترمان نەبینی و پێم خۆشە یەکتر ببینین، منیش لە وەڵامدا گوتم بەڕاستی منیش زۆرم لا مەبەستە و پێمخۆشە یەکتر ببینین. وارێکەوت دیسان ماوەیەك یەکترمان نەدیتەوە تا ئەو کاتەی میوانداری کراین بۆ کۆنفرانسی سێیەمی حزبی شیوعی، کە لە داربەسەر لە ماڵی عەلی مەولود دەبەسترا، سێ شەو لەوێماینەوە کاك عەلی جیاواز لە هەموان ڕێزی منی زۆر دەگرت، ئەوانەی بەشداری کۆنفراسەکە بوون بە ژمارە یەکجار زۆر بوون، بەشدار بووان لە بەغداوە تا زاخۆ هاتبوون، میوانداری بەڕێوەبردنی ئەم کۆنفرانسە لە ماڵی کاك عەلی مەولود شتێکی گەورە بوو، چونکە هەموو کەس ئیدارەی ئەو خەڵکەی پێ نەدەدرا.

لەناو کۆنفرانسەکە سەرەتا هەژار کەرکوکی قسەی دەکرد، دوای ئەو عەلی مەولود قسەی کرد، داوایان لەمن کرد قسە بکەم، پێمگوتن لەبەر ئەوەی ناوی من لە لیستی قسەکەراندا نییە، بۆیە قسە ناکەم، هەروەها وتەبێژی کۆنفراسەکەش هەر عەلی مەولود بوو، کە بە ڕاستی پیاوێکی وشیار و زانا و لێهاتوو بوو، دوای کۆنفرانسەکە عەلی مەولودم نەبینەوە تا ڕۆژێ لە ڕەواندزەوە دەچووە چۆمان کە ئەو کاتەش لە حزبی شیوعی جیا ببوەوە، چاوم پێی کەوت، پێم گوت کاك عەلی پێم خۆشبوو منداڵەکەم بمردابایە بەس نەیانگوتبا عەلی مەولود لە شوعیان جیا بۆتەوە، گوتی من تەنیا بەجەستە لێیان جیا بومەتەوە دەنا بە ڕۆح هەر لەگەڵیانم، چونکە لە هەندێك بڕیار و ڕەفتار تووڕەم ئەگینا بە فیکرە هەر شوعیم و لێیدانابڕێم.

باسکردنی ئەم پیاوە تەواو نابێ، چونکە بە ڕاستی لێهاتووبوو، کورد پەروەر بوو، دڵسۆزی نەتەوەکەمان بوو، باوەڕی تەواوی بە یەکسانی مرۆڤەکان هەبوو، کادیر و سەرکردەیەکی لێهاتوو بوو.

## (چۆن شەهید علی مولود داربەسەری باوکی فاروقم ناسی؟)

## عەبدولحەمید ڕەسووڵ

پێش بەرپابوونی شۆڕشی (١٤) تەموزی ساڵی (١٩٨٥) ئەو کات تەمەنم لە نێوان (١٢ تا١٣) ساڵان بوو قوتابی بووم لە قۆناغی سەرەتایی، دوای دەوامی قوتابخانە دەبوایە ڕاستەوخۆ بچینە لای باوکمان بۆ ئەوەی دوربکەوینەوە لە شەڕ و بەزمی ناو هەرزەکاران لە لایکەوە و یارمەتی باوکمان بدەین لە لایەکی ترەوە، تا لە پاشەڕۆژ فێری کاسبی باو باپیرمان ببین، دەنا پێمان دەڵێن (دەست و پێ سپی). ئەمە دروشم و پەروەردەی جاران بوو، کە دەبوایە کوڕە دارتاش فێری دارتاشی ببێ وەك باوکی، کوڕە بەرگ دروو بچێتە سەر ڕێ و شوێنی بابی، کوڕەکەباب چی دەبێ وەك بابی ببێتە (کەباب چی)، هەرچەندە منیش شاگردی باوکم بووم، بەڵام بەهۆی بەردەوام بونم لە خوێندن پیشەی باوکم نەگرتەوە، باوکیشم ئەو پیشەیەی لە باوکی (حاجی عبدوللا کەبابچی) بۆ مابۆوە، کە خزمایەتییەکی نزیکی هەبوو لەگەڵ مەرزان و شیواشۆك و داربەسەر و هەندێك خزمی تر لە گوندی (یەددی قزلر)، کە ئەم خزمانە زوو سەردانیان دەکردین زۆر کاتی وا هەبوو لە بیرمە بە تایبەتی زستانان کە ڕۆژ کورتە، شەوانە دەمانەوە لە ماڵی باپیرمان.

برا گەورەمان خوالێخۆشبوو (کاک فاتح) دوکانێکی گچکەی هەبوو لەناو بازاڕ کە دەکەوتە بەرامبەر دوکانی ئێستای کاک (جەلال جۆبار)، هەستم دەکرد ئەم دوکانە بەناو دوکانە بەشێوەی بارەگایەکی حزبی (نهێنی) بوو، چونکە لە ماڵەوەشمان جموجۆڵی سیاسەتی پێوە دیار بوو هەموومان هەستمان پێ دەکرد بە تایبەتی هەندێ لە بەیانات و شتی نهێنی (کاک فاتح) نەیدەهێشت بیخوێنینەوە، من نەختێك بزێو بووم سنورم دەبەزاند و دەمخوێندەوە، بەڵام کاکم دڵی نەدەشکاندم و نازی برا گچکەی هەڵدەگرت هەروەك دڵی کەسی نەشکاند و ناز و ڕێزی هەموو کەسێکی بەڕێزەوە دەگرت، تا دوا چرکەی ژیانی.

ڕۆژانە ئەم دوکانە گچکەیە چەندین دۆستو برادەرانی (کاک فاتح) سەردانیان دەکرد، بەمەبەستی شت کڕین و کار وکاسبی نەبوو، بەڵکو دانانی ڕێ و شوێنی سیاسەت بوو بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لەسەر بیر و باوەڕی سوشیالست بوون، ئەم جموجۆڵ و هاتووچووە ناوناوە دەتەقییەوە لەسەر شێوەی مانگرتن، یان خۆپیشاندان لە شاری کۆیە، تا پێشساڵی (١٩٥٨) یەکێك لە نزکترین ئەم برادەرە دڵسۆزانە کاك (علی مولود)بوو، کە بە بەردەوامی لای (کاک فاتح)، بوو لە بەر دوو هۆ یەکەمیان باوکم لەگەڵ داربەسەریان خزمایەتیان هەبووە، کە نزیکتریان ماڵی (حاجی صالح احمد نظام) بوو باوکی مامۆستا محەمەد و زاهیر و و سەمەد، هۆی دووەمیان کاك عەلی هەمان بیر و باوەڕی هەبوو. کاك عەلی لاوێکی چالاك و نەترس بوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان سەری دانەنواند بۆ پیاوانی ڕژێمی پاشایەتی، باشترین بەڵگە لێدانی لێپسراوێکی گەورە بوو لە کۆیە لە پەنجاکان، کە زۆر بەنادادوەری کاری دەکرد و ئازاری خەڵکی دەدا.

(کاك عەلی) لەنزیکەوە منی زۆر خۆش دەویست، بەڵام جار جار لێم تورە دەبوو لەسەر ئەوەی کە کەمێك شەڕاوی بووم، هەرچەندە ئەو کات شەڕە منداڵ و هەرزەکار زۆر بوو، بە تایبەتی ئەوانەی لەیەك تەمەن بوون، هەڵگرتنی چەکی هەرزەکاران بریتی بوو لە (بوکس) و خەنجەری گچکە کە زۆر جوان دروست دەکران بە قوماشی ئەستوری سوور کالانەکەی دەپێچراوە، دوو قۆپکەی زیرلی بە دەسکەکەیەوە بوو، چەند وەستایەکی زۆر بەناوبانگی خەنجەر لەکۆیە هەبوون، لەوانە: وەستا عەبدە، وەستا صابر، وەستا قادر، وەستا حەمەد، ئەوانەی کە دیبوم و لە بیرمن، ئێمە لاوە هەرزەکارەکان بە بەردەوامی شتێکمان هەر لەبەر پشتی دەنا، تا گەیشتینە ئەم ڕۆژەی زانیمان کەشەڕ دوژمنی (ئینسانە). ڕۆژێکیان (کاك عەلی) گوتی: ها ئێستاکە چت پێیە لە (چەك)، کەزانی بێ چەکم گوتی: هەی لەمنت نەکەوی عەیب نییە (بەن بڕت ددانە)، ئەو ڕۆژەی کەوای گوت گەلەکەمان پێوستی بە چەك هەبوو، بۆیە وتەکەی لای من زۆر مانای هەبوو هەر بۆیە ناو ناوە ئەم وتەش بۆ کاك (فاروق) دەگێڕمەوە.

ڕۆژێك لە دوکانی (کاك فاتح) تەماشای ناو سندوقێکی (چا)م کرد کە لە بیرمە مارکەی چایەکە (سیفین) بوو، چەند کاغەزێکی تێدا بوو لول درابوون و پێچرابوونەوە، چەند کەسێك دەهاتن بەناوی چاکڕین ئەگەر (کاك فاتح) لە دوکان نەبا (کاك علی) ئەو کاغەزە نوشتاوانەی لەگەڵ کەمێك چا لە زەرف دەکرد و دەیانبرد ئەو کارەش بۆ ئەنجام درا؟ لەبەر ئەوەی ڕۆژانە یەك دوو سیخور بەرامبەر ئەم دوکانە گچکەیە دادەنیشتن، ئەوانیش دەیانزانی ئەمدوکانە دوکانێکی ئاسایی نییە.

کاك علی مەولود هەرچەندە هیچ قۆناغێکی خوێندنی تەواو نەکردبوو، بەڵام مرۆڤێکی یەکجار زیرەك و لێهاتوو بوو، ئەم زیرەکییە وایکردبوو کە لە ناو جەماوەری کۆیە و دەوروبەری کۆیە جێگای خۆی بکاتەوە، لە دوای شۆڕشی (١٤)ی تەموزی  ساڵی (١٩٥٨) بەردەوام بوو لە هاندانی جەماوەر بۆ پشتگیری کردن لە شۆڕش و سەرکردەکەی خوالێخۆشبوو(عبدالکریم قاسم) بوو، ئەم زیرەکییەی کاك عەلی دەنگی دایەوە لە ڕاستی و دروستی ڕاوبۆچوونی خۆی و زیرەکی و لێهاتوی ناوبراو لە خولێکی کادیران لە پەیمانگای یەکێتی سۆڤیەتی (کۆن) بەشدار بوو، بە هۆی ئەوەی ناوبراو مەدالیای زێرینی (لینین)ی پێ بەخشرا لە ساڵی **١٩٧٣**.

یەکەم جار کە بەعسییە فاشییەکان هاتنە سەر حوکم ساڵی (١٩٦٣) ماوەیەك لەگەڵ کورد یاری پشیلە و مشکیان دەکرد، دەیانویست هەڵیبخەڵەتێنن و بەناوی پێدانی حکومەتێکی (لامەرکەزی) بۆ کوردستان، بەڵام هێندەی پێنەچوو دەستیان بە ڕاونان و کوشتن کرد لە هەموو شارەکان...کاك عەلی ماوەیەکی زۆر لە داربەسەر و بانی ماران ماوە، دوایی لەگەڵ هاوڕێیانی دوای ئەوەی چەند بارەگایەکیان کردەوە کە بارەگای سەرەکی (کەلکە سماق) بوو، بەڵام ناوبراو بەردەوام بوو لە تێکۆشان و لەهەموو شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان لە ساڵی ١٩٦١تا ١٩٧٤. شەهید (عەلی مەولود) هەرچەندە هەڵگری بیرو باوەڕێکی (مارکسی)بوو، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان سڵ نەبوو لە تێکۆشان بۆ ڕزگاری و هێنانە دی مافی کورد، بەڵام بە داخەوە ئەم ئاواتەی نەهاتە دی و نەیبینی بەهۆی هێرشێکی ئاسمانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر دەڤەری چۆمان، کە بووە هۆی شەهید بوونی لە ڕێکەوتی (١٩٧٤/١٢/٢٥) هەزار

ڕێز و سڵاو بۆ گیانی پاکی تێکۆشەری ماندونەناسی لەبیر نەکراو( کاك عەلی مەولود) و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری.

## (تێکۆشەری کۆچکردو عەلی مەولود)

## کەریم ئەحمەد

بۆ دەرکەوتن و پێشکەوتنی کەسایەتییەکی مێژوویی بەرچاو دەبێت ئامـاژە بـە هەندێ مەسەلەی سەرەکی بکەم کە دەبێت لەو کەسایەتییە مێژوویەدا هەبێت:

١. مرۆڤ واتە تاکە کەس بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە کە تیایدا دەژیت و پێشدەکەوێ، مێژوو زۆر کەسایەتی بینی کە لە ڕووی پێداویستییە مێژووییەکاندا وەستان و هەوڵیانداوە ڕەوڕەوەی مێژوو بگەڕێننەوە دواوە، ئەو کەسانە دەربڕی بەرژەوەندییەکانی چینە کۆنە پەرستەکان بوون.

٢. مرۆڤی مەزن بە ڕاستی ئەو کەسەیە لە ژیاندا هەموو توانا و چالاکییەکانی خۆی بگاتە گەڕ لە پێناوی پێشکەوتنی کۆمەڵگەداو بۆ بونیادنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو.

٣. هێزی هەر کەسایەتییەکی بەرچاو لەناوهێزی بزووتنەوە کۆمەڵاتیەتییە پێشکەوتووەکاندا دەبێت کە ئەو کەسایەتییە گوزارشتی لێ دەکات و بە سەرکردایەتی دەکات و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دەبینێ و دەزانی پێداویستییە بەرجەستە و ژیانی کۆمەڵایەتی چاك بکات هەروەها هێز و توانای ئەو کەسایەتییە لە خزمەتکردن بەرژەوەندیەکانی چینە پێشڕەوەکان و بەژەوەندی ملیۆنەها لە

ڕۆڵەکانی گەلدا کۆدەبێتەوە، بەمەش زۆرترین لایەنگری و متمانەیان بە دەست دێنێ.

عەلی مەولود لەناو جەرگەی بزوتنەوەی نیشتمانی ڕزگارخوازی عێراقی و نەتەوەی کورد و بزوتنەوەی جوتیارانی دژ بە دەرەبەگایەتیدا لە دایکبووە و گەشەی کردووە و ژیاوە لەناو مانگرتن و ڕێپێوان و ڕاپەرینی نیشتمانی و جوتیاراندا کە ئاڵا و دروشمەکانی بە خوێنی سەدان تێکۆشەر و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە زەحمەت کێشە هەڵکراوە لە بەر دوو هۆ شەهید عەلی مەولود ڕێگەی لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا دۆزییەوە، یەکەمیان: لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی نوێنەرایەتی جەماوەری جوتیارانی دەکرد دژ بە دەرەبەگایەتی — هاوڕێ شەهید بەر لەوەی بێتە ناو ڕیزی حزبی شیوعییەوە، تێکۆشەرێك بوو دژ بە دەربەگایەتی و ڕێگەی نەدەدا بە بونی لایەنگرانی هیچ دەرەبەگێك لە گوندەکەیدا (داربەسەر) لەبەر ئەوەی مولکی جوتیاران بوو، کە ژمارەیەك ئاغا هەوڵیان دەدا جێگایەك خۆش بکەن لەو گوندەدا بە کڕینی پارچە زەوییەك تیایدا، بەڵام هاوڕێ عەلی ڕێی پێنەدان، هەر بۆیە زۆر جار لە لایەن دەسەڵاتی حکومەت لە کۆیە ڕێگەیان پێ دەگرت کە ئەوان لایەنگر و پشتگیری هاوەڵەکانی ئاغاکان بوون، بەڵام ئەو ملکەچی ئەو فشارانەیان نەدەبوو، هەربۆیەش بەکەمی لە ماڵی خۆیدا دەخەوت بەمەش لە ناوچەکە بە تێکۆشەر و دژ بە دەرەبەگەکان ناسرابوو.

هۆی دووەمیان: لەبەر ئینتمای بۆ حزبی شیوعی عێراقی، چونکە تاکە حزب بوو لە عێراقیدا دانی بە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان دەنا.

مرۆڤ ئەگەر بڕوای بە شتێك هەبوو هەموو هەوڵ و توانایەكی خۆی دەخاتە گەڕ لە پێناوی بەدیهێنانی. عەلی مەولودی كۆچكردووش بە بڕوایەكی تەواوەوە ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردبوو بەو پێیەی تاكە ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ بوو لە زوڵم و چەوساندنەوە، ئەم بەم بڕوایەشی پاڵی پێوەدەنا هەوڵ و تواناكانی بخاتە كار بۆ هوشیاركردنەوەی خەڵك، بەتایبەتی زەحمەتكێشان لەچوار دەوری حزبی شیوعی و كاركردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەكان و چارەسەركردنی مەسەلەی كوردستان ئەم بڕوایەی هاندەری بوون بۆ ئەوەی هەموو ژیانی بخاتە خزمەت حزبی شیوعی ئامانجە ڕەواكانی. هەرچەندە ئەگەر كۆسپ و تەگەرەیەكیش هاتبێتە ڕێگەی، كە حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٦٧ بڕیاری بەستنی كۆنفرانسی لە گوندی (داربەسەر) و لە ماڵەكەی هاوڕێ "عەلی مەلود"دا، كە نزیكە لە كۆیە و بە شێوەیەكی زۆر نهێنی ئەو كۆنفرانسەی بەست، لەبەر ئەوەی حزب نەیدەتوانی بە ئاشكرا كاری حزبی بكات، لەهەمان كاتیشدا شۆڕشگێڕییەكانیش لە شۆڕشی كوردستان بە دڵێكی فراوانەوە ئەم بڕیارەیان وەرگرت و هەموو توانایەكی خۆیان خستە خزمەت كۆنفرانس، ئامادەكردنی سێ ژەمی خواردن و خەوتن و پشوودان كە (فاتمەی) تێكۆشەری خێزانی و هەردووكچی (ڕەشی و قەسپێ) بە درێژایی ئەو دە ڕۆژە سەرقاڵ بوون بە ئامادەكردنی خواردن و نان بێ ئەوەی هەستی ماندووبوون نیشان بدەن، لە كاتێكدا ئامادەكردنی خواردن و جێگای خەوتن بۆ(٥٧)كەس ئاسان نەبوو، (چونكە لەمانگی كانونی یەكەمدا بوو كە زستانە) جگە لە خێزانەكەی خۆیان و ئەو هاوڕێیانەش كە ئەركی چاپ و پاسەوانیان جێ بەجێ دەكرد، هەتا سێ منداڵە وردەكەی: (بارزان و فاروق و

سەباح) خەریکی ئامادەکردنی هەندێك کار بوون، بوونی کۆنفڕانس کە بەڕاستی ئەوە کارێکی ماندووکەربوو و جێگای ڕێز بوو.

شەهیدی کۆچکرد و عەلی مەولود چاودێر بوو لە کۆنفراسەکەدا، لە یەکێك لە شەوەکانی کۆنفڕانس پاش کۆبونەوە بازنەیەکمان بە دەوری سۆپەدا بەستبوو لەبەر گەرما سوور ببۆوە یەکێك لە هاوڕێکان کە دەیویست هەستێ دەستی بە بۆڕییەکەوە گرت و دەستی سوتا و هەمووانی خەفەت بار کرد لێرەدا هاوڕێ عەلی مەولود وتی: ئەگەر گەرمی ئەو بۆڕیە نەبینین چۆن گرفتەکانی خەڵك دەبینین، هەمووان پێکەنین و بە هاوڕێ دەست سوتاوەکەشەوە.

هاوڕێ کەسێکی ئازا بوو و ترس ڕێگەی پێ نەدەبڕی، ڕاستگۆ بوو، ڕقی لە درۆ بوو، بە جورئەت بوو لە پیادەکردنی ڕەخنە و لەخۆگرتن و یارمەتی ئەوانی تری دەدا ئەگەر پێویستیان بە یارمەتی بوایە چاوچنکۆك نەبوو، بەڵکو کەسێکی دڵ و دەست چاك بوو.

پاش کودەتا فاشییەکەی ۱۹٦۳ پەیوەندی کرد بە پەلەکانی پێشمەرگەی شوعییەکانەوە، عەلی مەولود لە هەر شوێنێك بوایە ورەی پێشمەرگەکانی بەرزدەکردەوە، لە ناخۆشترین و سەخترین ئەو ڕۆژانەی پێشمەرگە پێکهێنرا خێزانەکەی (فاتمە)ی کۆچکردوو بە خێوکردنی منداڵەکان و ڕێکخەری کاروباری ماڵەکەی بوو. ئەو دەستە ڕاستی بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان و پێشوازی کردنی میواندا، چونکە حزب ماڵەکەی ئەوی کردبووە بارەگایەك بۆ ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق و لێژنەی محەلی هەولێر، ساڵی ۱۹۷٤ ناکۆکی دروست بوو لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حزبی شیوعی، ژمارەیەك

کادیری حیزبی لە لایەن پارتییەوە گیران، لە پێشەوەیان هاوڕێ عەلی مەولود کە لە ماوەی گرتنەکەیدا دووچاری ئازار و ئەشکەنجەی زۆربوو، حزب منی ڕاسپارد کە چاوم بە بارزانی کۆچکرد و بکەوێت بۆ ئەوەی داوایان لێ بکەم کە گیراوەکان بەربدەن و لە پێشەوەیان هاوڕێ عەلی مەولود، منیش لەگەڵ تێکۆشەری مەزن عەزیز شەریف و زەکی خەیری چوینە دیدەنی بارزانی و چاومان پێکەوت و داوای بەردانی گیراوەکانمان کرد و بە شێوەیەکی تایبەت داوام لە بارزانی کرد کە هاوڕێ علی مەولود بەربدات، بەڵام بەداخەوە هاوڕێ عەلی مەولودیان گواستبۆوەو پێیان وتبوو کە کەریم ئەحمەد نایەوێت بتبینێ، ئەم کاریگەرییەکی دەروونی کردبووە سەر هاوڕێ عەلی مەولود، پاش چەند ڕۆژێك هەمویان بەردان و هاوڕێ عەلی مەلود هاتە لام لە بەغداد لە ماڵەکەی من مایەوە وەك میوانێکی بەڕێز و خۆشەویست. دڵخۆش بووین بە سەلامەتی و هاتنیشی خۆشحاڵبووین، لەوێ دڵنیا بوو لەوەی بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، تا بارودۆخی ناوچەکە جێگیر دەبێت، ئەویش (١٠) ڕۆژ مایەوە، پاشان زۆری کرد بچێتەوە بۆ کوردستان لەوێشەوە چووە ناوچەی شۆڕش لە (حاجی ئۆمەران)، لە یەکێك لەو هێرشانەی فرۆکەکانی ڕژێمی دکتاتۆری کورد کردیانە سەر ناوچەکە، هاوڕێ عەلی مەولود شەهید بوو، بەمەش ژیانی تێکۆشانی کۆتایی هات، بەڵام یادی ئەو لە دڵی گەل و هاوڕێیاندا هەر دەمێنێ.

نەمری و سەربەزی بۆ هاوڕێی بەنرخ عەلی مەولود.

# چەند پەیڤێک دەربارەی
# فاروق شەهید عەلی مەولود

# (چۆنیەتیی ناسینی کاك فاروق)

## د. ئارام ڕۆستەم

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧ بوو بەدڵێکی خۆش و بە جانتایەکی پڕ لە دەرمان و پێداویستی پزیشکی لەگەڵ (کەریم چاوشین ) ی ئامۆزام و شەهید (ئیدریس حاجی عەزیز) بەهیوای ئەوەی ڕۆڵی نیشتمانی و نەتەوایەتی خۆم ببینم و بەتایبەتیش لە چارەسەرکردنی پێشمەرگە بریندارەکان کە گەیشتنە ئاومار پێیانوتین بڕۆن بۆ لای (س.ش) کە ئەوکات ئامرکەرت بوو، بەڵام سڕکرابوو، کە چووین بۆ لای بەخێرهاتنی کردین، بەڵام هەندێ قسەی(استفزازی)کرد و بوو بە دەنگە دەنگمان، منیش توڕە بووم و بەتوندی هاتمە دەرەوە و بینیم پیکابێك پڕ لە پێشمەرگە لەپێش کەپرەکە ڕایگرت و دابەزین لەوانە گەنجێکی باریکەلەی قۆزی سمێڵ ڕەشی جوان و سەر و قژ تۆزاوی کە دواتر زانیم کاك فاوق علی مەولودە لەگەڵ پێشمەرگە مەغدید مەخموری کە ناسراوە بە (خاڵە مغدید)، دیاربوو زانیان من توڕەبووم بۆیە کاك فاروق بەڕووێکی خۆشەوە لەگەڵ خاڵە مغدید هاتن بۆلام و دەستی خستە سەر شانم و وتی ئەوە چییە بۆ وا توڕەبویت، منیش وتم جارێ بابزانم جەنابت کێی، چونکە تا ئەو کاتە نەمدەناسی، وتی من: (فاروق مولود)م منیش وتم: کاکە منیش دکتۆرم بەکۆمەڵێك دەرمان و پێداویستی پزیشکییەوە بەتەزکیەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران هاتووم پالێوراوی کۆمەڵەم (ئینتیدابیشم) فیرار نیم هاتووم ببم بە پێشمەرگە، کەچی ئەو پیاوە لێرە خەڵك سارد دەکاتەوە کاك فاروقیش وتی: وەرە خۆت و ئەوانەش

کەلەگەلێن حەقتان بەکەس نەبێت و لەگەڵ خۆم بن بەپێشمەرگە، ئیتر ئاوا ماینەوە و بووم بە پێشمەرگە لەگەڵ ئەو.

دوایی کاك فاروق دەستی خاڵە مەغدیدی گرت و وتی با ناوێکی لێ بنێین دوای کەمێك گەڕانەوە لام و کاك فاروق وتی ئەوە ناوم ناوی دکتۆر ئارام بەناوی شەهید ئارام و بۆ ئەوەی هەر ئارام بیت و جارێکی تر تورەنەبیت، کە خۆشبەختانە تائێستاش هەر بەو ناوە ناسراوم، بۆ ماوەیەکی باش جەولەی دەشتی هەولێر و بەستی شەرغەمان دەکرد، تاکو ڕۆژی ٣١ ـ ٥ ـ١٩٨٧ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك دیارییەك بۆ یادی دامەزراندنی (ی.ن.ك) کە ١ ـ٦ بوو شارۆچکەی تەق تەقی ئازادکرد لەو داستانەدا (کاك فاروق و شەهید ئازاد داربەسەری ) زۆر بەسەختی بریندار بوون، کاك فاروق پارچەی زۆری بە دەموو چاوو لچ و لێو و ددان و سەری کەوتبوو، باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، بەڵام بەهاوکاری هەریەك لە (دکتۆر خالید و دکتۆر نەبەز) هەرچۆنێك بوو دەم و لێو چاویان بۆ دوربیەوە و چارەسەری سەرەتایی باشمان کرد، بەڵام شەهید ئازاد داربەسەری فیشەك بەر سەری کەوتبوو باری تەندروستی زۆر خراپ بوو، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، بەڵام چونکە من خوێنەکەم O+ هەر لەوێ بتڵێك خوێنی خۆم داپێی، لەسەر فەرمانی هەڤاڵ کۆسرەت من ئەوم برد بۆ نەخۆشخانەی مەرکەزی سەرکردایەتی لە بەرگەڵو و تەندروستی بەرە و باشی دەچوو، بۆیە ناردمانەوە بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ لە سماقوڵی، بەڵام لەبەر دوری و ناخۆشی ڕێگا زۆر درەنگ گەیشتبونە سماقوڵی، لەڕێگا باری تەندروستی تێکچوبوو، بۆیە دوای مانەوەی ماوەیەك لە نەخۆشخانەی سماقوڵی

شەهید بوو. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەو و سەرجەم شەهیدانی ڕزگاریخوازی کوردستان.

کاك فاروق کە تائێستا من بە لێپرسراوی خۆمی دەزانم، تابڵێی پیاوێکی ئازاو بوێرو ڕاستگۆو ڕاست پەرست و هەق گۆ و هەق پەرست بوو. زۆر بەنەرمی و بە قسەی خۆش و گاڵتەو گەپەوە هەموو کێشەکانی چارەسەر دەکرد، ئەگەر پێویستیش بوایە گوێی بە هیچ کەسێك نەئەدا و بە توندی دەهاتە مەیدانەکە. ئەم نەریتانەی کاك فاروق نەك لە شاخ، بەڵکو لە شاریش هەر بوێر و ئازا و ڕاستگۆ بووە لەساڵی ٢٠٠٦ کاتێك بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی کۆیە بووم ویستم هەندێك ئامێری پێشکەوتوو بۆ نەخۆشخانەی کۆیە دابین بکەم، من دەمویست ئامێری ئەمریکی و ئەڵمانی و فەڕەنسی بکڕم، بەڵام هەندێك کۆمپانیای گەندەڵ و دەست ڕۆیشتوو دەیانویست و هەوڵیان ئەدا ئامێری صینی و مارکەی خراپ بهێنن و زۆر گوشارییان لەسەر من دەکرد، کە دەنگ نەکەم، بەڵام من پەنام بۆ کاك فاروق برد و پێم وت شتێکی ئاوا هەیە، ئەویش وتی هەرشتێك بوو هیچ مەترسە وەڵاهی RBG لەسەربان دادەنێم هەر شوێنێکت ویست بۆت پاکدەکەمەوە، بۆیە بە هەوڵ و هیمەتی ئەو و چەند دڵسۆزێکی تر توانیم چەندین ئامێری پزیشکی پێشکەوتووی دروستکراوی ئەڵمانی و فەڕەنسی بکڕم. کاك فاروق هەموو کات وەك مامۆستا و ڕێبەرێکی من بووە، چونکە لەو فێری هەقبێژی و هەق دۆستی بووم، لەو فێربووم چۆن ڕێزی خەڵکی باش و ڕاست و هەق خوراو بگرم، لەو فێری ئارامی و خۆڕاگری بووم، هەر بۆیە بە مامۆستا و ڕابەری خۆمی دەزانم، هەموو کات هیوای لەش ساغی بۆ دەخوازم.

# (شیكردنەوەی كەسایەتییەكی قارەمان بەناوی " فاروق عەلی مەولود" )

## د. جوان نوری ڕەسووڵ

لـەژیانی سیاسـی و ڕێكخسـتنم نـاوی زۆر لەوكەسـایەتیانەمان بیسـتبوو كـەوا پاڵنەرمان بوو ئەمڕۆ ئەو كەسە گیانفیـدا دوور لـە هـەموو چـێژەكانی و حـەزەكانی ژیان بوون بۆ دەستەبەركردنی مافی میللەتێك و بەدڵسۆزییەوە دەجەنگان.

دەتوانم چەند دێڕێك بۆ ئەو پاڵەوانە بنووسم كەوا دەكرا چەندین پـەرتووك بـە وشـەو دێـڕی ئـاوزێڕ بنووسـرێ. دیـارە منـیش هـەر ئەوەنـدەم بـۆ دەكـرێ لـە چـەند دێـڕێ كۆیبكەمەوە بە هەست و ویژدانی هەموو مرۆڤـێك بەرامبەر بەم قارەمانە بینووسم، هیوادارم یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان هـەڵمان بـۆ بڕەخسـێنێ تـاكو توێژینـەوەی ئەكادیمی لەسەر ژیان و هەڵوێسـتی ئـەم قارەمانـە بنووسـین و بیكـەین بـە مێـژووی داهـاتووی وڵاتەكـەمان بـۆ نـەوەی داهـاتوو تـاكو بـزانن ئـەم ڕۆژگـارە بەخـەبات و ماندووبوونی ئەم قارەمانانە هاتۆتەدی.

كەسایەتی ئەم شۆڕشگێڕە باوەڕێكی تەواوی بەخاك و نیشتمان هـەبوو و بـەهای تایبەتی خۆی هەبوو، كەسێكی نموونەییە، زۆر بوێر و بەحەماس بووە زۆر گرینگـی بەبۆچوون و فەلسەفەی نوێ دەدا، تاكو زیاتر بە گوڕوتین بەردەوام بێ لە خەباتكردن، بـەڵام زۆر خەمسـارد بـوو لـەگرینگی دان بـەوردەكاری ژیـانی تایبـەتی خـۆی، كەسایەتیەكەی ڕەنگ ڕێژ بوو بەگرینگیدان تایبەت بە كوردایـەتی و توانـای دیـار و ژیربووە، دوو شت لە سیفاتی ئەم قارەمانە دەبیندرێ:

یەكەم: هەستی زۆر ورد بووە بەرامبەر بە بابەتەكانی دەوروبەری.

دووەم: دەتوانم بڵێم زۆر بوێرانە لەگەڵ مەوقفەکان هەڵوێستی هەبووە بۆ هەست و باوەڕی خەڵك تاکو سەرنجیان ڕابکێشێ بۆ قەزیەی نەتەوەیەك، کە ئەویش ئازادی بۆ نەتەوەیەك لەچوارچێوەی دیموکراسیدا.

## (فاروق عەلی مەولود)

## د. جەمیل عیسا

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لەژیانمداو ڕاستەڕێی کردم ئەوە بوو، کە دەبێ لەهەق لانەدەم و چەندی پێم بکرێت ڕاستگۆیانە کار و ڕەفتار بکەم، جا چ لەبواری کارکردنی کارگێڕی، سیاسی، یان کۆمەڵایەتی و زانستی بێ. نووسینەوەی مێژوو کارێکی وائاسان نییە، بەڵکو دەبێ مرۆڤ چەندی دەتوانێت لە نووسین و هەڵسەنگاندندا بێ لایەن بێت و نەکەوێتە بەر ڕکێفی ئەملاو ئەولاو چۆنە ئەوهای تۆمار بکات، هەرچۆنێك بێت هەوڵ بدات لە ڕاستی نزیك بێتەوە، چونکە هیچ مێژوویەك پەردەپۆش ناکرێت و ڕۆژێك دادێت هەڵدەماڵرێت، ئەمە وادەکات کەوا ئەگەر بەچەوتی مێژووەکە تۆمار بکەیت زیانی زۆر زیاترە لە قازانج و بێ بەها دەبێت و دووبارە مێژوونووسی وەها پەیدادەبێت کە ڕاستییەکان سەرلەنوێ تۆماربکەنەوە. مێژوو نووسەکانیش بەدەرنین لەشاردنەوەی هەندێ زانیاری ڕاست، یان بۆی هەیە بەپێی بارودۆخ و کات و ساتەکە نووسرابێت، وەیان ڕازیکردنی بەرپرس و سەرکردەکانی تێدا بەدیدەکرێت. لەپاڵ ئەمانەدا ئەو مرۆڤە مێژوو نووسە لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی و مەزهەبی و تەنانەت ناوچەیش بێبەش

نییه و بەهیچ جۆرێك ڕەنگە خۆی پێ ڕزگـار نـەكرێت، بـەڵام زۆریـش هەیـە بـەهیچ شێوەیەك راستی پێشێل ناكات، چونكە دوابەدوا باش دەزانێت مایە پـووچ و ڕەنجـی بەفیڕۆ دەردەچێت، چونكە مێژوو پڕیەتی لەبەڵگەی سەلمێندراوی ئەم قسانە.

كاك فاروق علی مولود لەبنەماڵەیەكی تێكۆشـەرو ڕەنجبـەر و هـەژارو جوتیـاری هاتۆتە دونیاوە، پێش ئەوەی كە فاروق بناسم باوكیم ناسیوە و لەگـەڵی دانیشـتووم، كەخۆی وەكو پیاوێكی چەپ و ماركسی و شـیوعی دەناسـاند، تـابڵێی سەرڕاسـت و شۆڕشـگێڕ و هەژارپەرسـت و سـەلمێنەری مـافی یەكسـانی ژن و پیـاوی لەبـەر چـاودەگرت. لەسـاڵانی شەسـتاكاندا و بەتایبـەتی دوای ئـەوەی كـە كودەتـا ڕەشـەكوژییەكەی ( ١٩٦٣ ) بـەرپا بـوو، زۆربـەی زۆری شـوعییەكان لەباشـوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بەرەو كوردستان هـەڵاتن. تەنانـەت بەشـی زۆریـان لـە گونـد و لادێكان و شاخەكانی كوردستان گیرسانەوە. بۆیە هەرلەوكاتەوە كاك عـەلی مـەولود وەكو پێشمەرگەیەك خۆی گەیاندە چیاكان و لەئاوەگرد گیرسایەوە لەگەڵ كۆمـەڵێ لە هاوڕێكانیدا، شەوانە بۆ كۆكردنەوەی پیتاك و خواردن و یارمـەتی دەهاتنە گوندەكان و هەرمۆتەش بەبارەگایەكی سەرەكی دادەنراو وەكو بازنەی گەیشتن بە شارو كۆیـە و ناوچەكانی تری عێراق و كوردستانەوە، لەوساتەدا هـاوڕێ عـەلی مـەولودم ناسـی و دەهاتە ماڵمان و دۆسـتایەتی دێرینـی زینـدوكردەوە لەگـەڵ (عیسـا كـەریم و یەلـدا كریم)دا، چونكە ئەمانەو كەریم ئیسحاق لەگەڵ بنەماڵەی عەلی مولوود دۆستایەتی و هاموشۆی یەكتریان كردووە.

ڕاستە هەمـوو گونـدی هەرمۆتـە خەڵكەكـەی شـیوعی بـوون، بـەڵام كـاك عـەلی مولوود شەوانە بۆكاری نهێنی زیاتر متمانەی بە ( عیسا كەریم ) هەبوو و باشیشی

دەزانی کە بنەماڵەکەیان پارتین، بەڵام ئەم دۆستایەتی دێرینی لەبەرچاو دەگرت. لەپێشمەرگایەتیدا عەلی مولوود پیاوێکی زیرەك و ئازاو چاونەترس و خۆڕاگربوو، تا ڕۆژی شەهیدبوونی لە ( ١٩٧٤/١٢/٢٥ ) لەسەر پردی ناوپردان (قەزای چۆمان). بەندە ئەوکاتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووم و وەکو مامۆستاش لەناو شۆڕش لەقوتابخانەو خوێندنگاکانی ناوەندی و دواناوەندی لە هیران و خانەو زێوێ مامۆستا بووم و تەنانەت بەشێك لە سەرکردە و هەڵسوڕاوە دیارەکانی ئێستاش خوێندکارم بوون، بۆنموونە:( ئاریێز عبوڵڵا و ئازاد جوندیانی و نیهادی مەلا مستەفا و سەرکیس ئاغاجان و... ) زۆری تر کە لە حیزبەکانی تریشدان و داوای لێبووردنیان لێدەکەم کەوا ناویانم نەهێناون.

جا کە سەروەرییەکانی ئەو بنەماڵەیە تۆمار دەکەین، ڕەنگە نەتوانم هەموو بنج و بنەوان و هەرچی هەیە لەم چەند دێڕەدا تۆماربکەم. بۆیە دووبارە داوای لێبووردن لەهەموو لایەك دەکەم، (کاك فارۆق) یش کوڕی ئەو زاتە مەزنەیە هەر لەمنداڵییەوە بەنیشتمان پەروەری وکوردایەتی گۆشکراوەو ئەوەی سەروەرییە بۆ منیش کەوا کاك فاروق خوێندکاری خۆمەو شانازییەکی گەورەیە کەوا لە حەفتاکان فێری زۆر شتی بکەم کە ڕێگەی ڕاستی کوردایەتی و یەکسانی و هاوەنیشتمانی و خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەکەی بکات و لەناو ڕێکخستنەکانی ( ی.ن.ك ) خۆی بدۆزێتەوە و بەشداربێت لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

کاك فاروق جگە لەوەی وەکو پێشمەرگەو کادیر و پیاوی ڕۆژانی سەخت چەندین جار بەسەختی بریندار بووەو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە، لە سنووری کۆیە و تەق تەق و پشدەر و دەشتی هەولێر و شوێنەکانی دیکە.

ئێستاش بەئازاری ئەو پارچە ئاسنانەی کە لە جەستەیدا ماون دەناڵێنێ و جاروبار تەرازوی نامینێت. جگە لەوەی کە هاورێ و هاوبیرمە لەوسەردەمەدا بەیەکەوەش ئێستاکە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندین لەناو ( ی.ن.ك ). بەکورتی کاك فاروق ئەم خاسیەتانەی هەیە:

١. پیاوێکی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکانی بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگاو خەڵکی رەش و رووتە.

٢. پیاوێکی ژیر و زیرەك و بەهرەمەند و چاونەترس و چاو قایمە و لایەنگری هەق دەگرێت:( هەق و رەقە).

٣. دەست و دەم و داوێن پاکەو دڵسۆزی رێبازی مام جەلالە.

٤. لەپێشمەرگایەتیش چەندین جار بریندار بووەو لەزۆربەی داستانەکان بەشداری کردووە.

٥. لەخێزانێکی شۆرشگێر هاتووتە دونیاوەو باوکیشی لە شۆرشی ئەیلول لەگەڵ حیزبی شیوعی پێشمەرگە بووە تاوەکو رۆژی شەهیدبوونی، بۆیە وەکو دەڵێن: ( گیا لەسەر پنجی خۆی دەروێتەوە).

٦. بەوەفاو دڵسۆز بۆ هەڤاڵ و هاوبیرەکانی و بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداریان نابێت.

## (چەند وتەیەك بۆ فاروق عەلی مەولود)

## خالە مەغدید

لەسەرداواکاریی بەڕێزتان ئەمەوێت بە نووسین کەمێك لە یادەوەرییەکان کە مشتێکە لە خەروالێك لەسەر تێکۆشەر کاك فاروق بنووسین لەگەڵ ڕێزماندا. من مغدید حسن مستەفا (پ.م) ی کۆن ناسراوم بە خالە مەغدید.

سەرەتای ناسینی بەڕێز کاك فاروق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٤ لە ئاهەنگی نەورۆزی (سورداش)، بە حوکمی ئەوەی من ناوبانگی ئەوم زانیبوو لە خزمەکانی خۆم، چونکە ناوبراو خەڵکی گوندی داربەسەرە و زۆر تێکەڵ بوو لەگەڵ مەرزانی دار بەسەر و شیواشۆك. منیش هەرچەندە خەڵکی مەخمور و گوندی قەڵاتە سۆرانی مەرزانیم بەهۆی خزمایەتیم لەگەڵ خەڵکی داربەسەر و شیواشۆك و لەڕێگای ئەوانەوە کاك فاروقم ناسی.دەمزانی کە پێشمەرگەیەکی قارەمان و چاونەترسە بەهۆی ئەوەی کەمن لە ڕێکخستنی نهێنی بووم، هەواڵ و دەنگوباسی هەمویانم ئەزانی لەدوای تێکچونی گفتوگۆی (ی.ن.ك) لەگەڵ ڕژێم لە ساڵی ١٩٨٤ و ئاشکرابونمان داوام لە شەهید (محەمەد شینە) کرد کە دەبم بە (پ.م)، چونکە ناوبراو بارەگای لە گوندی گردگراو بوو کە سەر بە مەخمورە لە قەراج ناوبراو وتی باشە ئێستا تۆ (پ.م)ی لای من، بەڵام نابێ واز لە کاری ڕێکخستن بهێنیت، چونکە زۆر سودی لە کارەکانی ڕێکخستنی من دەبینی و زۆر هاوکاری بوم، ناچار من قاچێکم لای ئەو بوو قاچێکیشم لای ڕێکخستن بوو، تا ساڵی ١٩٨٦ گوشاری ڕژێمم زۆر

لەسەر بوو لە ترسی گرتن خۆم گواستنەوە بۆ مەڵبەندی (٣) لای بەڕێز کاك کۆسرەت لە سماقوڵی.

دوای ماوەیەك لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ برایەکم بەناوی بورهان و ئامۆزایەکم بەناوی غازی ڕەسوڵ لەگەڵم بوون لە مەڵبەند و وتیان ئێمە حەزمان لەخوارەوەیە دەمانەوێت بچین بۆ تیپەکانی ٨٦،٨٧ ی دەشتی هەولێر و قەرەچوغ، ناچار منیش لەگەڵیان چومە خوارەوە، چونکە دڵم نەهات بەتەنها بڕۆن و لە گوندی سێگردکان توشی کاك فاروق بوین، کە ئەو کات هەردوو تیپی ٨٦ و ٨٧ نیوەیان چوبون بۆ شەڕی سەرکردایەتی و نیوەکەی تریان کاك فاروق سەرپەرشتی دەکرد و هەر ئەو کات خەڵك بە لێشاو دەهاتن و دەبون بە (پ.م)، دوای دامەزراندنی براکەم و ئامۆزاکەم لەسەر داواکاری خۆیان لەکەرتی چواری تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ، کە شەهید (عەریف ئەکرەم) ئامر کەرت و کاك (پیردان حسن ) جێگری بوو. بەداخەوە لە ڕۆژی (١٩٨٧/٧/٢٩) براکەم بەناوی بورهان لە چالاکی یەکدا شەهید بوو چووە ڕیزی شەهیدان، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی و سەرجەم شەهیدانی کوردو کورستان.

دوایی ویستم بگەڕێمەوە بۆ مەڵبەند کاك فاروق وتی: نابێ بگەڕێیتەوە دەبێ لەلای من بیت، چونکە منی دەناسی و دەیزانی من لە بنەماڵەیەکی دیار و بەناوبانگ بوم، چونکە خۆشی لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و دیار و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو. منیش دڵم نەشکاند لای مامەوە. ئەوەندە ڕێزی لێدەگرتم وای لێکردبووم کە بەهیچ شێوەیەك بیر لەوە نەکەمەوە لەلای بڕۆم و جێی بهێڵم. من تازە چوبوم بۆ لای و منی کرد بە کەسی دووەم لەلای خۆی. تەنانەت زۆر جار ئەگەر بچوباین بۆ شوێنێك بۆ چالاکی ئەگەر خۆی لەگەڵمان نەبوایە منی ڕائەسپارد سەرپەرشتیان بکەم بۆ

کارەکان، ئەو ناوی لێنام خاڵە مەغدید.کە بووە بە نازناوم. ئەوەندە دڵم بەو نازناوە خۆشە ئێستاش کە یەکێك بانگم دەکات خاڵە مغدید زۆر پێم خۆشترە لەوەی کە پێم بڵێن عەمید مغدید، چونکە ئێستا عەمیدم.

کاك فاروق لە دیدی مندا:

١- بەڕاستی پیاوێکە بەمانای وشە دەست و دەم و داوێن پاکە .

٢- ئەوەندە کۆمەڵایەتییەو ڕێز لە بەرامبەرەکانی دەگرێت پیاو خەجاڵەت دەکات.

٣- زۆر ڕێزی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان دەگرێت و زۆر جار پێیان دەڵێت من شەهیدی زیندوم.

٤- زۆر ڕێزی ژن دەگرێت و زۆر جار دەڵێت حەقە ژن مافیان لە ئێمە زیاتر بێت، تەنانەت لە کۆڕ و دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر ژنی تیابێت ئەو کەسەی ئاو دێنێت یان چا ئەگێڕێ ئەڵێ جارێ بۆ ژنەکان دابنێ ئینجا بۆ ئێمەی بهێنە.

٥- ئەوەندە لەگەڵ منداڵی بچووك بە سۆزە و خۆشیانی دەوێ تەنانەت ناوی لە هەموو منالێکی بچوك ناوە جا منالی هەر کەسێك بوایە بە کوڕەکان ئەڵێ فافەلۆ و بەکچەکانیش ئەڵێ دادەلۆ، تەنانەت منیش وام لێهاتوە لەو ساوە بەقەد ئەو منالی بچووکم خۆشبوێت بەو ناوانە بانگیان بکەم.

٦- زۆر دێهاتییەو هەموو کێشەی ناو پێشمەرگەو خەڵکی دێهات ئەو چارەسەری دەکرد و ئاشتی دەکردنەوە.

٧- ئەوەندە قسەزان و قسە خۆشە یادی بەخێر مام جەلال ئاسا نوکتەی زۆر خۆشی لایە، یەکێك لە نوکتەکانی جارێك لە بارەگا دانیشتبوین کاك فاروق بەدەنگی بەرز گوتی برادەران گوێتان لێبێت دوو بەیانی کەس نەیەت بۆ لام و سەردانم مەکەن

ئەوانیش وتیان کاك فاروق بۆ، چونکە پێیان سەیر بوو کاك فـاروق قـەت قسـەی واو شتی وای نەکردوە، لە هەموو کات و ساتێکدا خۆی وتەنی حەزی لە دیوەخانی گەرم بوە لـە وەڵامـدا وتـی: وەڵا بـرادەران لێتـان ناشـارمەوە مـن بـەیانی نـا دوو بـەیانی نەخۆش دەکەوم ئیتر لێکرا بوو بە پێکەنین و بەزم .

٨- کاك فاروق پـێش برینـداربوونی، گـەنجێکی زۆر قـۆز بـوو سمێڵێکـی زۆر جـوانی هەبوو تەنانەت هەندێك جار فەرماندەکان، یان هەریـەك لـە پێشـمەرگەکان شـتێکی جوانیان بدیبایە دەیانووت ماشەڵڵا چەند جوانە دەڵێی سمێڵی فاروق عەلی مەولودە. بەداخەوە کە دوای برینـداربونی سمێڵەکـەی نـەما ئینجـا بـە بـرادەرە فەرمانـدەکانی دەوت دەبێت ئێوەش هەموو سمێڵتان بتاشن تاوەکو وەك من بێ سمێـڵ بـن، چـونکە ئێوە سمێڵی منتان لە چاو بردووە حزبێکیش دادەنێین بەناوی حیزبی بێسمێڵان.

لەساڵەکانی (١٩٨٦-١٩٨٧-١٩٨٨) یش تیپەکانی ٨٦ ی دەشتی هـەولێرو ٨٧ ی قەرەچوغ حەفتانە جارێك یان مانگانە(٢-٣) جـار سـەردانی ئۆردوگـای قوشـتەپەی دەکرد بۆ هاوکاریکردنی ژن و منداڵی بارزانییەکان کەلەو ئۆردوگایە بـوون، چـونکە پیاوەکانیان زۆربەیان لەلایەن ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ گیرابوون و بێ سـەر و شـوێن بوون، زۆر جار ئێمە بەسەرپەرشـتی کـاك فـاروق سـەردانی ئۆردوگاکـەمان دەکـرد و هەموو جۆرە هاوکارییەکمان دەکردن، زۆر جاریش هاوکاریمان لە خەڵکی دەوڵەمەنـد وەردەگرت و بۆمان دەبردن. کاك فاروق هەموو جارێ کـۆی دەکردنـەوەو بـە زاراوەی بادینی قسەی بۆ دەکردن و دەیوت خۆڕاگربن ڕۆژێك دادێت ئەم ڕژێمە لەناو دەچـێت و ئێوەش ئازاد دەبن و بەسەربەرزی دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتـان. ئێمـە تەنانـەت کەســـی دەوڵەمەنــد و جوتیـــاری گونـــدەکانی دەوروبـــەری ئۆردوگاکـــەمان

ئاگاداركردبووەوە، كە پێویستە ئێوەش ئاگادار و هاوكاری ئەو ژن و مندڵانە بكەن، چونكە لێیانقەوماوە، خۆشبەختانە ئەوانیش شەوانە بە دزی دەزگاكانی ڕژێم بەگەڵابەو لۆری گەنم و ئارد و خواردن و جلوبەرگیان دەبرد لە ناوەڕاستی ئۆردوگاكە هەڵیاندەڕشت و بۆ ڕۆژی دوایی ئاگاداری ئێمەیان دەكردەوە، كە ئێمە كارێكی ئاوامان كردووە، ئێمەش وێڕای سوپاسكردنیان دەست خۆشیمان لێدەكردن، زۆر جار كە دەچوینە ئۆردوگاكە، مندالّەكان كۆڵان بەكۆڵان بە دوامانەوە بوون ودەیان وت كاك فاروق و لەگەلەو لە (كیری یە) یانی كاك فاروق لە كوێیە ئێمەش پێمان ئەوتن بەڵێ لە گەڵمانەو وا لە فلاّن شوێنەو بەكۆمەڵ ڕایاندەكرد بۆ لای كاك فاروق، ئەویش زۆر بە هێمنی دەیوت فافەلۆ و دادەلۆ ئەوە هاتن ماچی دەكردن و دەستی بەسەریدا دەهێنان و قسەی خۆشی بۆ دەكردن ئەوانیش لە خۆشیان پێدەكەنین و چەپڵەیان بۆ لێدەدا، هەموو جارێكیش كێك و نوقڵمان بۆ دەكڕین و بۆماندەبردن، دوایی كە ئەڕۆیشتین باوڕتان بێت هەمویان بە چاوی پڕ فرمێسك و گریانەوە بای بایان لێدەكردین و دەیانوت حەزدەكەین هەموو ڕۆژ بێن بۆ لامان.

بریندارىونی كاك فاروق:

بەداخەوە لەوكاتەدا من چوبوم بۆ دەشتی هەولێر بۆ سەردانی دایكم و باوكم وهەندێك كاری تایبەت بۆ ماوەی دوو ڕۆژ، لە شەوی ١٩٨٧/٥/٣١ شارۆچكەی تەقتەقیان ئازادكرد، بۆ ڕۆژی دوایی ٦/١ یادی دامەزرانی (ی.ن.ك)بوو، بەداخەوە لەكاتی ئازادكردنی لەیەكێك لە سەربانەكان كاك فاروق بە گوللەی (RBG) پێكرابوو بریندار ببو زۆر بەسەختی و بۆ بەیانی زوو گەیەندرابووە نەخۆشخانەی مەڵبەندی سێ لەسماقوڵی. منیش بە زانینی هەواڵی بریندارىونی كاك فاروق هەر هەمان شەو

گەڕامەوە، بۆ بەیانی هەمان ڕۆژ لەگەڵ هەریەك لە براکەم و ئامۆزاکەم و مامۆستا ڕەسوڵ کە کادری دارایی بوو بڕی سەدهەزار دیناری گومرگیشی پێ بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر کە ناوەکانم لەبیر نەماوە بەڕێگای بنەباوی کە زۆر ناخۆش بوو بۆ سەیارە گەیشتینە نەخۆشخانەکە، بەداخەوە کاك فاروق لەسەر قەرەوێڵەیەك درێژکرابوو هیچ هۆشی نەبوو گیانی هەموو خوێن بوو باوڕتان بێت خۆم ژماردم تەنها دەموچاوی و سەری نزیکەی پەنجا پارچەو برینی پێ وە بوو خۆشبەختانەش هەمان کات دکتۆر زریان گەیشتە لای، دیاربوو هەر شەو کاك کۆسرەت بروسکەی بۆ کردبوو هەواڵی برینداربونی کاك فاروقی پێڕاگەیاندبوو، چونکە ناوبراو لە بالیسان بوو. منیش زۆر پەرۆشی تەندروستی کاك فاروق بووم بە دکتۆر زریانم گوت کاك دکتۆر چۆنە؟ وتی: ئەگەر تا ٢٤ کاتژمێری تر نەمرێت مەگەر خوا ئەگەر نا دڵنیاتان دەکەمەوە کە چاکدەبێتەوە و نامرێت. بەڕاستی بەو قسەیەی کاك دکتۆر زریان هەمومان دڵخۆش بوین و دوای تێپەڕبونی ٢٤ کاتژمێرەکە و مانەوەی کاك فاروق و نەمردنی زۆر دڵخۆش بوین. دووبارە لە دکتۆر زریانم پرسی ئێستا چۆنە وتی دڵنیابن کە چاکدەبێتەوە، بەڵام ماوەی دەوێت دوای هەفتەیەك چاوی کردەوە و سەیری هەمومانی کرد، بەڵام دەنگی نەبوو، دوای ماوەیەك دەستیشی بەجوڵە کەوتەوەو دەنگیشی بۆوە، بەڵام قسەی بۆ نەدەکرا لێمان پرسی کاك فاروق چۆنی دوو پەنجەی بەرزئەکردەوەو دەیووت (نۆنی نۆنی ) ئێمەش هیچی لێتێنەدەگەیشتین تاکو دوایی چاك بوەوەو بە قسە کەوتەوەو گوتی: من دوو گوللە ئاربێچیم بەرکەوت یەکەمیان جاشەکان تێیان گرتم ئاربیچی یەکەی دەستی خۆشم کە ئامادەم کردبوو

تەقییەوەو پارچەی هەردوکیانم بەرکەوت. ئینجا ئێمە تێگەیشتین کە ئەو دوو پەنجەی بەرزی ئەکردنەوە ئەیوت (نۆنی نۆنی ) مەبەستی دوو گوللە ئارپیچیەکە بووە.

سەردانی کاك کۆسرەت بۆ لای کاك فاروق :

کاك کۆسرەت بە بەردەوامی سەردانی کاك فاروقی دەکرد بۆ بینینی هەواڵ و پرسینی ئەو سەرجەم نەخۆش و بریندارەکانی نەخۆشخانەکە، ڕۆژێکیان لە مەڵبەند بوین کاك کۆسرەت بەمنی گوت خاڵە مەغدید بابچین سەرێك لە کاك فاروق بدەین، بزانینن چۆنە. منیش وتم بەسەرچاو فەرموو، دیاربوو بە ئەمیرەخانی خێزانیشی وتبوو بەپیکاب چویین کەمن لێم دەخوڕی کاك کۆسرەت و ئەمیرەخان و شالاۆی کوڕی کەئەوکات تەمەنی (٣-٤) ساڵ بوو لەگەڵ چوار پێشمەرگەی تردا بەڕێکەوتین بۆ لای کاك فاروق لەکاتی بینینی کاك فاروق کاك کۆسرەت دەستی کاك فاروقی گرتوو هەژاندی و وتی کاك فاروق هیمەتت هەبێت دڵنیابە چاکدەبیتەوە، منیش وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد کە منالی بچوکم زۆر خۆش دەوێت ناوە ناوە لەڕێگا یاری و قسەم لەگەڵ شالاۆ دەکرد، چونکە دیار بوو زۆر ئاقڵ و قسە خۆش بوو، لەگەڕانەوەمان لە ڕێگا دیاربوو دایکی قسەی لەگەڵ دەکرد لە پڕێکا پێکەنی منیش وتم براژن ئەوە شالاۆ چی وت ئەویش وتی لەشالاۆ بپرسە بابت چی بە کاك فاروق وت منیش وتم شالاۆ بابە چی وت ئەویش دەست و مەچەکی خۆی توند کردو بەرزی کردەوە و ڕایوەشاند و وتی: بابە کاکە هیمەت هیمەت ئیتر ئێمەش دەستمان کرد بە پێکەنینن و ماچمان کرد .

سەفەری کاك فاروق بۆ ئێران بەمەبەستی چارەسەر:

١- یەکەم جار لە مانگی ١٩٨٧/١١ من و مام هەژارو فەیسەل و کامەران کە ئامۆزای بوون لەگەڵ کاك فەهدی برای بەسەیارە تاکو سکتانمان برد لەوێ ئێمە گەڕاینەوە و هەریەك لە شەهید (ئەحمەد سماقە و کاك فتاح داربەسەری) لەگەڵی چوون بۆ ئێران.

٢- جاری دووەم لە مانگی ٥ /١٩٨٨ بو من و مام هەژار و فەیسەڵ و شەهید کامەران بە پیادە لەگەڵی چوین، کە گەیشتینە قاسمە ڕەش فەیسەڵ و کامەرانمان لەبارەگای کاکنەوشێروان بەجێهێشت و من و مام هەژار لەگەڵی چوین بۆ تەبرێز و دوایی بۆ تاران، نزیکەی یەك مانگ لای بوین تەندروستی بەرەو باشبوون دەچوو لەو ماوەیەدا دیارە خوالێخۆشبوو مام جەلال کە لەلەندەن بوو ئاگاداری بریندارەکەی بوو داوای کردبوو بینێرن بۆ دەرەوە بۆ چارەسەرکردن، بۆیە لە ڕێگای پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) هەموو ئامادەکارییەکی بۆکرابوو کە بڕوات، بۆیە ئێمە گەڕاینەوە و ئەویش ڕۆیشت بۆ دەرەوە، ئیتر نەمانبینییەوە تاکو دوای ڕاپەڕین. سوپاس بۆ خوا ئێستا تەندروستی زۆر باشە و هیوای تەمەن درێژی بۆ ئەخوازم.

## (كاك فاروق عەلی مەولود وەك من دەیناسم)

## دێدەوان یەعقوب

ڕەنگە مرۆ بۆباسکردن لە کاك فاروق عەلی مەولودی داربەسەری بتوانێ لەچەندان لاوە دەست پێبکا و لەچەند دەرگەیەکەوە بچێتە ناو بابەت و باسەکەوە، چونکە ئەگەر لەبنەماڵەکەیان دەست پێبکەین، ئەوا خۆی بابەتێکە، گەرلە شەهید عەلی مەولودی باوکی کاك فاروق دەست پێبکەین ئەویش خۆی خەباتنامەیەکی درێژە. خۆئەگەر لە سەلاری سەرەژنی و کورد پەورەری پورەفاتمی دایکی کاك فاروق یش بدوێین دیسان باسگەلێك دێنەوە پێشەوە.زیادە ڕۆیش نییە ئەگەر لەباری شەهیدان و زینـدانی سیاسـی مـاڵی عـەلی مـەولود بـدوێین خـۆ هـەر هـەقی خۆیـەتی بەزیادەوە.خۆئەگـەر تیشـکە باسەکەشم زیـاتر نزیـك بکەمـەوە لـە خـودی خـەباتی ڕۆژەسەختەکانی خەباتی کوردستان و کاك فاروق وەك نموونەی زینـدانی و برینـداری سەختی چالاکی پێشمەرگانە وەرگرم، ئەویش قسەی زۆری حاشاهەڵنەگر هەڵدەگرێ، کە بۆ هەمووئەوانە جێ دەهێڵم و پێموایە یادگاری هاوڕێکانی تری کاك فاروق ئەو بابەتانەیان بازنەدابێ و منیش نامەوێ قسەکانمان چون یـەك و دووبـارە بـن، کەواتـە من دەمەوێ لە خەسڵەتێکی تری کاك فاروق بدوێم و کە ئەو خەسڵەتە پێوەرە بۆزۆر لایەنی تر، ئەویش تایبەتمەندی یـان بڵـێین خەسـڵەتی دەسـت و دەم و داوێـن پاکییـە .ئەگەر ئامۆژگاری و بڕیار و دروشـمەکانی (مـام جـەلال)ی ڕەحمـەتی وەك سـکرتێری گشـتی و فەرمانـدەی گشـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە شۆڕشـی نـوێ وەبیرخۆمان بێنینەوە، سەری زمانی مام داوای دەست و دەم و داوێن پاکی بووە، لـە

خەباتدا و هەمووکەرەت ئەوەی دووپات و چەندبارە دەکردەوە،کە پێشمەرگە دەبێ دەست و دەم و داوێن پاك بێ.

جا هەمووئەوانەی هاوخەبات و هاوسەنگەری کاك فاروقی عەلی مەولود بوونە لەژیانی پێشمەرگانەو گەڕان و سوڕان و دابەشبوون لەگوندکان و هۆبەی ڕەوەندەکان و مالآندا، لەسەر ئەوە ڕێککەوتون و کۆکن، کە بەهەق و بەڕاست کاك فاروق نموونەی پێشمەرگەو کادیر و فەرماندەی دەست و دەم و داوێن پاکبووە و تەنانەت لەوبارەوە یەکجاریش دانەخزاوە و جوانی کیژۆڵەیەك سەرنجی غێر ئاسایی ڕاکێشابێ و یان بوێرانە و ناجۆرانە هاتوچۆی ماڵێکی کردبێ و یانە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی کارێکی کردبێ و یان بۆ دەستکەوتی تایبەتی خۆی دەستی بۆسەر ماڵی هاولآتیان بردبێ، یان لەکاتی دەستکەوتی شەڕ و چالاکیدا خۆی سوودمەند کردبێ، یان شتێکی وەلا نابێ. بۆیە گرینگە بۆ کەسێك کە لەهەرەتی لاویەتی و گەنجیداو ناوێکی هەبووبێ، وەك فەرمانـدە و کـادیر و پێشمەرگەی دیار، کەچی لەخۆی نەگۆڕابێ و بەمانای وشەو پێشمەرگەی دەست و دەم و داوێن پاك بووبێ. واتە لەپاڵ پێناسی دڵسۆزی و خۆڕاگری و قوربانی دان و ماندووبوون و پێناسی دەست ودەم و داوێنپاکی بۆ کاك فاروق خاڵی شانازی بەخشە.

## (لەبارەی فاروق عەلی مەولود)

## عەبدولڕەحمان مەلا وەسمان ناسراو بە(د. زریان)

لەمانگی ئەیلوولی ١٩٨١ شەهید فەقێ گۆمەشینی لەجێی کاکەجوان گۆمەشینی و بە ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەجدەرانی کوردستان منی گەیاندە ماڵی فاروق عەلی مەولود، لە گوندی شاخەپیسکە، کە ئەوکاتە دایکیشی لەوێ بوو. ئەو شەوی لەماڵی خۆیان حەشاریاندام، چونکە ڕۆژی پێشی جاشەکان چوبوونە گوندەکە بەدوای پێشمەرگە گەڕابوون. ڕۆژی دواتر قوەتی دەشتی هەولێر، کە شەهید شاخەوان لێپرساوی بوو، شەهید هاوڕێ کاوە مەحموری جێگری بوو، دەوری چل و پێنج پێشمەرگەیەك دەبوون، چەندینیان بێ چەك بوون، دووسێ کلاشینکۆف و یەك ئاربیجی و چەند تفەنگێکی کۆن، کاك فاروق عەلی مەولود فەرماندەی کەرت بوو، بۆیەکەم جار ناسیم پیاوێکی ڕووخۆش و قسەخۆش و نوکتەباز. فەهدی براشی لەگەڵی بوو، کە ئەوکات زۆر منداڵ بوو. فاروقی عەلی مەولود لەوکەسانەیە، کە هەرچەندە یەکەم جاریش بێ بیناسی، وادەزانی زۆر دەمێکە ناسیوتە. لەوکاتەوە کاك فاروق و بەندە برا و برادەر و هاوڕێی نزیکین. لەساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ لە شەڕێکی مەڵبەندی چوار، لەشەڕی گرتنی تەقتەق زۆر بەسەختی بریندار بوو. گەیاندیانە نەخۆشخانەی سماقووڵی ئەوکات من لە نەخۆشخانەی خەتێ بووم. کاك کۆسرەت رەسووڵ ناردییە دوام، منیش دەست بەجێ هاتمە سماقوڵی، کاك فاروق برینەکانی سەخت و شڕ بوو. یەك گولە ئاربیجی پێکەوتبوو، چەندین پارچە ساچمە لەمێشکی بوو، لەخەتەریات بوو، هەموو گیانی برین و ساچمەبوو، تەنانەت بنی

پێشی برینداربوو، دەستم بەچارەسەری کرد، تەندروستی ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو و ژیانی لەمەترسی دەردەچوو.

٢٠١٨-١١-١١

## (کورتە گەڕانێك بەنێو ژیانی شەهید عەلی مەولود و بنەماڵەکەی)

## عەبدولکەریم شێخانی

هەندێ کەس هەن هەتا لە ژیاندان شوێنی دەست و پەنجەیان دیارە و دوای مردنیشیان ناویان هەردەمێنێ و بەنەمری دەمێننەوە و بەپێچەوانەشەوە کەسانێك هەن هەر کە گۆڕەکە لەباوەشی کردن، ناوەکانیشیان دەچێتە گۆڕەکەوە.

عەلی مەولود شێخانی یەکێکە لەو نەمرانە، کە هەرگیز لەگەڵ ئەو ناوبزرانە بەراورد ناکرێ. ئەو لە بنەماڵەیەکی جوتیاری گوندی داربەسەری دەشتی کۆیە لەدایك بووە. ژیانی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجی هەر لەو گوندە بەسەربردووە. ئەو کەسێکی زیرەك و چاوکراوە بوو، بەچاوی خۆی زوڵم و زۆری دەستڕۆیشتووانی ئەو سەردەمەی دیوە، بەتایبەتی کە عێراقی ئەو سەردەمەی کە دەرەبەگەکانی ناوچەکە وەکو کۆیلە سەیری جووتیارنیان دەکرد و دەیانچەوساندنەوە، ئەو هەستی بەو ناعەدالەتییە دەکرد کە چینی چەوساوەی جوتیار گیرۆدەی بووبوو.

لەوسەر و بەندەدا، جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی هاتبوو بەڕووخانی بەرەی نازییەت و سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتی و باهۆزێکی تازە و بە بیر و باوەڕێکی جیا لەبیرکردنەوەکانی پێشوو، بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە. بانگەشەکردن بۆ ڕزگاری گەلانی ژێردەستە و ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆچینی چەوساوەی جوتیار و کرێکار.

ئەمەش گڕ و تینی بەحزبی شیوعی عێڕاقی بەخشی و پەل و پۆی هاویشت و لە کوردستان شوێن پێیەکی باشی بۆخۆی کردەوە، چونکە ئەو دروشمانەی ئەو بەرزی کردبووەوە قدیلانەی (ختووکەی) هەست و خواستی ئەو چینە بەشخوراو و مەینەتبارانەیان دەکردەوە، بۆیە ئەو بەشە چەوساوەیە هەر زوو کەمەندکێش کران بۆناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێڕاقی و (کاك عەلی مەولود)یش یەکێك بوو لەوانەی جێی خۆی لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی کردەوە. حزبی شیوعی بەتەواوەتی هەوڵی دەدا کادیرەکانی خۆی لەڕووی ڕەوشت و ڕەفتار و ڕۆشنبیرییەوە پێبکەێنن. کاك عەلی لەبەر زیرەکی خۆی پێشکەوتو بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوەکانی جوتیارانی سەر بە حزبی شیوعی لەناوچەی کۆیە. ئەو لەبەر چالاکی و لێهاتوویی خۆی زوو کەوتە بەر شالاّوی حکومەتی سەردەمی شایەتی، کە هەڵمەتی گرتن و ڕاونان و ئازاردانی شیوعییەکانی دەست پێکردبوو، بەتایبەتی لەساڵەکانی ١٩٤٧ ـ ١٩٤٨ کە زۆربەی زۆری شیوعییەکان لە کونی زیندان ئاخێندران و تەنیا ئەوانە نەبێ کە توانییان خۆیان بشارنەوە. کاك عەلی زۆر جار خۆی لەماڵی هەوادارانی حزب لەکۆیە دەشاردەوە و یارمەتییان دەدا بۆخۆ دەربازکردن لەگرتن، بەتایبەتی لەماڵی (حوسێن قادر) ی ناسراو بە (ئاری)، کە یەکێك بوو لە ئەندامە چالاکەکانی حزب. لەو ماوەوەیەدا بەچەند جۆرێك کەوتە بەر شالاّوی گرتن، بەلاّم هیچیان لەسەر ساغ نەکردەوە.

کاك عەلی وەك ئەندامێکی چالاك، کاریگەری لەسەر ماڵ و مناڵەکانیشی هەبوو و ئەوانی بەو بیر و باوەڕە پەروەردە و گۆش کرد، کە لەوە بەدوا ئەوانیش ڕۆڵیان دەبێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا و لەسەر ڕێچکەی باوکیان دەڕۆن.

دوای شۆڕشی ١٤ تەمووز ١٩٥٨ عەلی مەولود وەك هەموو نیشتمان پەروەران لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق جۆرە ئاسوودەییەکیان بەخۆوە بینی و کاك عەلی دەرفەتی زیاتری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بۆچینی جوتیارانی کوردستان هەبوو، بەڵام ئەو ئازادییە کەمە تووشی گەلێك ئاستەنگ بوو، بەهۆی بووژانەوەی دوژمن و ناحەزانی ڕەوتی دیموکراتی و ئازادیی و ئەمەش کودەتا شومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ی لێکەوتەوەو دیسان کەوتەوە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاونان لەسەر دەستی کودەتاچییە خوێنرێژەکانی بەعس و نەتەوە پەرستە عەرەبەکان.

لاپەڕەو قۆناغی گەش و پڕ شانازی لەژیانی شەهید عەلی مەولود زۆرن، بەڵام لە هەموویان پرشەنگدارتر ئەوەیە کە کۆنفرانسی سێیەمی حزبی شیوعی لە ماڵی ئەو لە داربەسەر لە ساڵی ١٩٦٧ گیرا، ئەمەش مایەی سەربڵندی ئەوە کە شانی دایە بەر ئەو ئەرکە گرینگەو بەسەرکەوتوویی جێبەجێ کرا. لاپەڕە گەشەکەی دووەمی ئەوەبوو، کە ئەو ڕای وابوو، ڕێککەوتن لەگەڵ بەعسدا لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە بەعس دەستی بەهەزاران کادر و ئەندامانی حزبی شیوعی سوورە و بەعس هەر ئەو بەعسەی جارانە و بێچووە گورگ هەردەبێت بەگورگ و ئەوە بوو لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ و پەشیمان بوونەوی بەعس لەبەڵێنەکان، عەلی مەولود پەیوەندی بەڕیزی شۆڕش کرد و هەر لەو پێناوەشدا شەهید بوو.

ئەو منداڵەکانی بەبیر و باوەڕی شۆڕشگێڕی پەروەردە دەکرد و ئەوانیش هەر زووخۆیان لەنێو ڕیزەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد جێگیرکرد و کاك فاروقی کوڕی هەر لەسەردەمی ژیانی قوتابییەتیدا پەیوەندی توند و تۆڵی لەگەڵ ڕێبازی

شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد هەبوو و پەیوەندی بەڕیزەکانی کۆمەڵەوە کرد و دوای ئەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەسەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هەڵگیرسا، هەر زوو پەیوەندی بەڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد. فاروقی ئامۆزا لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی توانی خۆشەویستی خۆی لەنێو دڵی هاوڕێکانیدا بچەسپێنێ. ئامۆزا فاروق گەلێك لەو شەڕانەی کە ڕووبەڕوویان دەبووەوە، ئازایەتی و دڵسۆزی خۆی زیاتر نیشان دەدا و دڕی بەئاگری شەڕ دەدا...تا لەیەکێك لەو شەوانە کە لەگەڵ هاوڕێیانی نەبەردییەکی بێوێنەیان نواند بەسەختی بریندار بوو، بەجۆرێك کە ئومێدی ژیانی لێ نەدەکرا. بەڵام لەبەر ئەوەی مام جەلال زۆری خۆش دەویست بەپەلە گەیاندییە ئێران، بۆ شاری تەورێز لە خەستەخانەی (ابن سینا) چارەسەری بۆکرا.

بەڵام لەبەر ئەوەی برینەکەی سەخت بوو لە ئەنجامی تەقینی ئاربیجی و گوللەیەك کە بەر ڕانی کەوتبوو، ماوەیەك لەوێ مایەوە، دوای ئەوە نێردرا بۆتاران. دوای پشکنیی چڕ و پڕ پزیشکەکان ڕایانسپارد کە دەبێ کە هەمیشە لەشوێنی ئارام و هێمندا بژی. بەڵام ئەو شوێنە ئارام و هێمنە لەکوردستان دەست نەدەکەوت و تاڕایەك زیاتر توشی نائارامی دەبوو و لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بوو، بەڵام ئەوی دوایی لەگرتنی تەقتەق بریندار بوو لە هەموو برینداربییەکانی دیکە سەخت تربوو و کەس تەمای ژیانی پێنەمابوو و هەر لەبەر ئەوەش بوو، کە جەنابی مام جەلال پێی گوت شەهیدی زیندوو. ئامۆزا فاروق لەگەڵ ئەو ئێش و ئازارەی دووچاری بوو لە ڕیزەکانی شۆڕش دانەبڕا و بە باوەڕی بەتینەوە بەشداری لە هەموو چالاکییەکاندا کردووە. دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، کاك فاروق کرا

به ئەفسەری ئاسایش و وردە وردە بەهۆی چالاکی و لێهاتوویی خۆی لەڕیزەکانی ئاسایشدا پێشکەوت ئێستا پلەی (عەمید)ی هەیە، دەبوایە دە ساڵ پێش ئێستا بکرێ بە (لیوا)، بەڵام بەرزکردنەوەی پلەکەی ڕاگیرا.

ئامۆزا فاروق خەڵاتی بلەی پێبەخشرا وەك پێشمەرگەی نموونەیی، کە ئەمە خەڵات و مەدالیای شانازییە دەکرێ بە بەرۆکییەوە و تاپێش بەستنی کۆنگرەی نوێبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەو ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بوو، بەڵام ئەم ئەنجوومەنە هەڵوەشێندرایەوەو ئێستا بەپلەی (عەمید) لە ئاسایشی کۆیەیە. هیوای لەشساغی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئەم ئامۆزا بوێر و کۆڵنەدەرەم دەخوازم.

## (کورتەیەك لە یادەوەریەکانم لەگەڵ برا و هەڤاڵم (فاروق عەلی مولود)
## سابیر ئەحمەد مەولود (سابیرکاریتانی)

دیدار و هاوڕێیەتیم لەگەڵ هەڤاڵ (فاروق عـەلی مـەولود) دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٩٨٤) لـە گونـدی سـێگردکان، لـە دامێنـی زێـی بچـوك چـەند دەقیقەیـەك و کۆبونەوەیـەکی کورتـدا بـە دیـداری شـادبووم، ئـەو کاتـە هـەڤاڵ فـاروق جێگـری فەرماندەی تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ و لێپسراوی سیاسی بوو، بەندەش یەکێك بووم لە پێشمەرگەکانی ئەو تیپە. هەڤاڵ فاروق بەردەوام کۆبوونەوەی بە تیپ دەکرد، چونکە کاتەکە سەروبەندی بە کۆتا گەیشتنی گفتوگۆی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان و ڕژێمـی ئـەو کاتـە بـوو، کۆبونـەوەکان پەیوەنـدار بـوون بـە خـەبات و بـەرخودان و بەردەوامی لە خەبات و دەور و کاریگەری یەکێتی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و دەوروبـەر. هـەڤاڵ فـاروق کـادرێکی خوێنـدەوار و شـارەزا لـە سیاسـەتی ناوچـەکە شیکردنەوە و تێڕوانینی لە بەرامبەر بیر و بۆچوونی حزبەکانی کوردستان تا ئێستاش هەر ڕاستە ئەو قسانەی ئـەو کاتـەی ئەگـەر بـەراووردی بکـەین لەگـەڵ کـۆی کـار و کردەوەکانی حزبە کوردستانییەکان لە ئێسـتادا هـەمووی ڕاسـتن. پێشـمەرگەکان بـە گشتی بەندە بە تایبەتی زۆر مشتاقی کۆبوونەوەکانی بوین، حـەزمان دەکـرد ڕۆژانـە کۆبوونەوەمان پێبکات ساڵێك بەردەوام کۆبوونەوەی پێدەکردین لە بیرمـە لـە سـاڵی ١٩٨٥ بەهارێکی درەنگ بوو تیپی قەرەچـوغ (٣٠٠) پێشـمەرگە دەبـووین، هـەڤاڵ فاروق کۆبوونەوەی پێکردین لە گوندی ئۆمەر گومبەت زۆر بە درێژی باسی کـورد و خەبات و مێژووی ئەو کاتە و داهاتووی کرد.

له نێو قسەکانی باسی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد، وتی هەندێك لایەنی سیاسی چۆن دەبنە بارگرانی و ئاژاوە و فیتنە بۆ کورد و کوردستان دەنێنەوە ڕێگا نادەن خەڵکی ئەم کوردستانە ئیسراحەت بکات لەو کاتەوە تاکو ئێستا هەموو ڕۆژ قسەکانی هەڤاڵ فاروقم بیر دێتەوە، دەڵێم ڕەحمەت لە دایك و باوکت کاکە فاروق چۆنت زانی کورد بۆ کورد فیتنەیە نەوەك دوژمنەکانی. هیوای تەمەنێکی درێژ و تەندروستێکی باش بۆ هەڤاڵ فاروق و هەموو ئەو کەسانەی وەك هەڤاڵ فاروق بیردەکەنەوە.

٢٠١٩/١/٢٣

## (وتەیەك)

## سالار بۆگدی [٤]

لەبارەی فاروقی عەلی مەولود وتی: فکرەی چەپ کە هاتە ولاتەوە لەڕێی ئەوانەوە گەیشتە بۆگد و لەوێوە خزمەتی بەخەڵك و حەرەکەی کوردی گەیاند. بنەماڵەیەکی دیاربوون، فاروق لەگەڵ دروست بوونی شۆڕش، قارمان بوو، کاری مەسئولیەتی هەبوو، یەکێك لەکادیرە باشەکان بوو و لەناو خەڵکیش خۆشەویست بوو. تاکو ئێستاش ئەو ڕێز و سەنگەی هەیە، چونکە بەپاکی لەپێناو ئازادکردنی گەلەکەی تێکۆشا.

[٤]- ئیسماعیل عەبدوڵلا مستەفا ناسراو بە (سالار بۆگدی) ١٩٥٣ لە کەرکوك لەدایك بووە.

## (تێکۆشەرێکی جەربەزە)

## سامی قادر

لە کۆمـەڵگای نقـوم بـووی دابونەریتـە دواکەوتووەکانـدا، نەخاسمـە لـە کۆمـەڵی کوردەواری کە دوژمنێکی دڕەندەی ڕەفتار فاشی جومگەکانی ژیـانی خسـتبێتە ژێـر مۆتەکـەی تـرس و تۆقانـدن و سیسـتماتیکانە کـار بـۆ گـۆڕینی سـیمای ڕوخسـاری نەتەوایەتی و جێ بەجێ کردنی وسێ کۆڵەگـە نەگریسـەکەی (تـەرحیل و تـەعریب و تەبعیس ) بکات، تاك بارێکی قـورس دەخاتـە سـەر شـان بڕیاربـدا ڕووبـەڕووی ئـەو واقیعە دژوارە ببێتەوە، ئەمەش جەربەزەیی و وشیاری و خۆنەویستی و مل لە چەقۆ خشاندن و یاخی بوونی دەوێ، ئاساییە کەسێك لـە ژینگەیـەکی پـڕ لـە تێکۆشـانی نیشتمانی و خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی هەگبەکەی لێوان لێو بێت لە داکۆکی لـە جوتیار و کرێکار و زەحمەتکێشی وڵاتەکەی ئەوەی لێڕەچاو دەکـرێ هـەر زوو تێکـەڵ بە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی بێت و ڕێکخراوێك هەڵبژێرێت کە گوزارشت لە دید و جیهانبینی ئەوبکات، دیارە ئەو ڕێکخراوەش کۆمەڵـە بـوو لـە نـاو (ی.ن.ك) کـە شوێنی هەڵسوڕانی ئەو تاکە جەربەزەیە بێت، بنەماڵەی تێکۆشەری (علی مـەولود) کـە کـادیرێکی قیـادی ناسـراوی جوتیـاریی ڕیزەکـانی (حشـع) بـوو لـە ناوچـەکە و هەڵوێست وەرگرتنی لە حزبەکەی دوای ڕێکەوتنی لەگەڵ حزبی بەعس بەناوی (بەرە) وە ڕیزەکانی بەجێ هێشتبوو، وەك هەڵسوڕاوێکی چەپی مارکیستی کاری دەکرد لـە بۆردومانی بەعس بە فڕۆکە دروستکراوەکانی یەکێتی شورەوی ئەوسا بووە قوربانی و

شەهید بوو، بنەماڵەکەی ئاوارە بوون و دواتر دورخرانـەوە بـۆ باشـوری عێـراق، کـە ڕێگای گەڕانەوەیاندرا بۆ کوردستان لە داربەسەری گوندەکەیان گیرسانەوە.

(فاروق ) ئەوکاتە کە خوێندنی ناوەندی تەواو کردبوو دەبوایـە هـەم بـەکاروباری سەرپەرشتی ماڵ ڕابگات و هـەم لێنەگـەڕێ ئـاگردانی دیوەخانەکـەیان خەفـە بێـت، هـەمیش خـەمی خـاك و نیشـتمان بـدات بـە کۆڵـدا، لـەو سـەردەمەی (ی. ن. ك) مەفرەزەکانی ناردەوە شـاخ و لادێکـانی کوردسـتان بـۆ جـاڕدانی شۆڕشـی نـوێ ئـەم مەفرەزانـە بەقـەد ئـەوەی (تیپـی پڕوپاگەنـدەی چـەکداری) بـوون، ئەوەنـدە کـاری پێشمەرگایەتیان ئەنجام نەدەدا، مەگەر بە ناچاری لە حاڵێکدا بکەوتبانـە گـەمارۆی هێزەکانی دوژمن یان ئاشکرا بوبـان ئـەوا شـەڕێکی قارەمانانـەیان دەکـرد و گـورزی گورچك بڕیان دەسرەواندە هێزەکـانی پـەلاماردەر، جـا ئـەم هێزانـە هەنـدێ جـار بـە پیادەیی دەکەوتنـە کێومـاڵکردن و هەنـدێ جـاریش بـە هەلیکۆپتـەر دادەبەزێنرانـە مەیدانی شەڕەوە، هەڵسوڕانی ئەم مەفرەزانە بۆ ئەوەبوو هیوا و ئاواتێك بخرێتەوە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەلك، کە کورد لە خەبات و تێکۆشان بـە شـێوازێکی نـوێ و ئایدیایـەکی تـازە و پێشـکەوتن خوازانـە، کـە ئـەو ڕۆژگـارە دونیـا بەسـەر بـەرەی پێشکەوتن خواز و کۆنەپەرستی یـان ڕوونـتر بڵـێن بلـۆکی سۆسـیالیزم و ئیمپریـالیزم دابەش بووبوو، ئەگەر چی عێراق کـە بەشـەمەندەفەری ئیمپریـالیزم هاتبوونـە سـەر حوکم، خۆیـان لەبـەرەی وڵاتـانی سۆسیالست دەدایـە قەڵـەم، بـەڵام لـە جیهـانبینی نەتەوەیی سەر دەست و شۆڤێنیانە دژ بـە گەلەکـەمان هـەنگاویان دەنـا، تۆقانـدن و ڕاوەدوونانی تێکۆشەرەکان لـە شـار و شارۆچـکەکان تـا دەهـات زیـاتر بـاڵی بەسـەر کۆمـەڵانی خەڵکدا دەکێشا، بە پێچـەوانەوەش سـەرباری ئـەوەی سـوپای داگیرکـاری

ڕژێم مۆڵگەو سەربازگەکانیان لەسەرتاسەری کوردستان بڵاوکردبووەو خەریکی چۆڵکردنی پشتێنەی سنوری بوون و خەڵکەکەی ڕادەگواست، بەڵام بەهۆی بوونی دەستە چەکدارەکانیانەوە مەودایەکی جولەی فراوان بۆ خەڵکی دانیشتوی گوندەکان ڕەخسابوو لەچاو شارەکاندا، فاروق کە کەسێکی خوێندەوار و نیشتمان پەروەر و چەپ گەرا بوو بێ سڵەمینەوەو دەمامك لەڕێی هاوڕێ (عەلی ساڵح) لە ڕیزەکانی کۆمەڵە ڕێکخراوبوو چالاکانە کاریدەکرد.

بێگومان ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بەهۆی هەلومەرجی ڕۆژگار و نەبوونی دیموکراسیەت و زاڵی سیستەمی تۆتالیتاری بەشێوەیەکی ژێرزەمینی کار و چالاکی ڕێکخراوەیی دەکرد بەتایبەت ئەو کاتە ژمارەیەك لە ڕابەر و سەرکردەی کۆمەڵە لە کونجی زیندانەکان خزێنرابوون و هەندێکیان حوکمی ئیعدامیان بەسەرا جێبەجێ کرابوو. ژمارەیەکی تریش حوکمی زیندانی جۆراوجۆر درابوون. بۆیە دەستنیشان کردن و پەیوەندیکردن و ڕێکخستنی کەسانی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵە لە شارەکان دەبوایە زۆر بە وردی هەڵوەستەی لە سەر بکرێ و هەموو لایەنەکان تاوتوێ بکرێ ئینجا دەخرایە ئەلقەی ڕۆشنبیری و پەروەردە دەکراو بەشێوەی تاك و پاشان بەشێوەی هێشوویی ڕێکدەخرا، جگە لە ڕێکخەر و هاوڕێیەك یان دوو هاوڕێ کەسی تری نەدەناسی ئەمەش وەك ئحتیاتێك ئەگەر بەهەر هۆێکەوە بووبێ دوچاری گرتن یان ئاشکرابوون ببوایە ڕێکخستنەکانی تر بە ئاسودەیی و دڵنیایی درێژەیان بەکاری ڕێکخراوەیی خۆیان دابا، بەڵام ڕێکخستنی (فاروق) ئەم یاسایەی بەزاندبوو لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، ئەو لەدێدا دەژیا نەك لەشار، کەمتر لەبەر چاوی دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێم بوو، ڕۆژانە یان ماوەماوە مەفرەزەی دەستە

چەکدارەکان دەهاتنە گوندەکەیان و ئەو جگە لەوەی لە کۆمەڵە ڕێکخرا بوو لەگەڵ ئەوانی تریش (ی. ن .ك ) و (بزوتنەوە) بە ڕاشکاوی لە ماڵەکەی خۆیان مناقەشەی مەسەلە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانیان دەکرد، ئەگەر چی ناسنامەی ڕێکخراوەیی خۆی بۆیان نەدەدرکاند.

ئەوکاتی لە مەفرەزەکانی کۆمەڵە کادیر ژمارەیان لە پێشمەرگە زیاتر بوو، چونکە زۆر نەبوو ڕێکخستنەکانی هەولێر کەوتبوونە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونان و ژمارەیەك لەمانە گەیشتبونە ڕیزی مەفرەزە سەرتاییەکان و متمانەیەکی بێوێنەش لە نێوان ئەم هاوڕێیانەدا هەبوو، لەبەر ئەوەی (فاروق) لە ڕێساکە بەدەر بوو، هەروەها دوای ڕێکخستنیش ڕاستەوخۆ وەك کادیرێکی کۆمەڵە لە گوندەکانی دەوروبەری ئەرکی ڕێکخراوەیی پێ سپێردرابوو، خۆیشی کوڕێکی چوست و چالاك و روحسوك و ماندوونەناس و لێهاتووبوو لە گوند، سڵی لەهیچ نەدەکردەوە، زۆرجار تا شوێنی مانەوەی ڕۆژی دەستە چەکدارەکان لە هەڵەت و شوێنە عاسێکان لەگەڵ مەفرەزەکان دەچوو بەیانی بەر لە ڕووناکی داکەوتن دەگەڕایەوە ماڵ.

لە بەر ئەوەی پێشمەرگە بۆ خۆ لادان لە شەڕی سوپا و بەکرێگیراوەکانیان بەڕۆژ تا تاریکی داکەوتن شوێنێکی لاچەپ و قائیمیان هەڵدەبژارد، ئەم شوێنانەش زیاتر شوانەکان بۆ لەوەڕاندنی مەڕو بزنەکان بەکاریان دەهێنا. بۆیە ئاشنایەتیان لەگەڵ پێشمەرگەکان پەیدا دەکرد و هەمیشە دۆستی پێشمەرگە بوون و جێی متمانەش بوون، وا ڕێکدەکەوێ شوانەکەی ماڵی (فاروق ) بەدەر لە ڕۆژانی پێشووتر ڕۆژانە تێشوو پێخوری زیاتر لەگەڵ خۆی دەبا، ئەوانیش هەست بەم دیاردەیە دەکەن تا جارێکیان پێشمەرگان پرسیاری لێدەکەن ئایا (فاروق ) و ماڵەوەیان دەزانن؟ تۆ ئەم

خواردنەی لەگەڵ خۆت دێنی بۆ ئێمەی پێشمەرگەیە ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت نەخێر، دواتر کە کارەکەی ئاشکرا دەبێ لەماڵەوە دەڵێن بۆ باست نەدەکرد، دەڵێ ڕاستییەکەی بنەماڵەی (علی مەولود) کاتی خۆی شیوعی بوون من لێیان بە گومان بووم باسی پێشمەرگەیان بۆ بکەم نەوەك بچن خەبەر لە پێشمەرگە بدەن لەمەوە شوانەکە بەسادەیی و دڵسۆزی خۆی بۆی دەردەکەوێ (فاروق ) یەکێکە لەوانەی کار لەگەڵ پێشمەرگە دەکات و ئازاد تر دەبێ لەکارەکەی بەبێ ئەوەی تێبگا (فاروق) هەڵسوڕاو وکادری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیە، دواتر شوانەکە خۆشی بووە پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و چالاك.

کادیر و ڕێبەرە سیاسیەکان لایان شاراوە نەبوو کە (فاروق) یەکێك لەوانە بوو زۆریش لێی ئاسودە بوون و بەشێك لە کارە تایبەتیەکانی خۆیانیان بۆ ڕایی کردن بەو دەسپارد، وەك ئەوە وابوو لە فەزایەك کار بکەن کە هیچ گومان و چاوێك ناچێتە سەریان و (ئارخەیان)[٥] بوون لە پاکی و نهێنی پارێزی وەك بزانم چەند جارێکیش بە ئەرکی ڕێکخستن نێردرایەوە شار و ئەرکەکانی وەك پێویست ڕاپەڕاند و گەڕایەوە، ئیتر ئەو متمانە لە ڕادەبەدەرەی نێوانیان لای پێشمەرگەش هەست پێکراو بوو، ئەوکاتەی مەلا بەختیار بەنیازی گەڕانەوەی بۆ ناوچەی قەرەداخ لە دێی (کونەگورگ ) خیانەتی لێکرا بە ئازایەتی و قارەمانیەتی خۆیان مەفرەزەکەی لە تەفروتونا کردن ڕزگار بوو، شەهیدێك و بریندارییاندا بۆ شوێن بزری گەڕانەوە دەشتی کۆیە، سنورەکە بەگشتی و وراتی کۆیە و دەشتی کۆیە کەوتە بەر شاڵاوی لەشکرکێشی و بۆ پەیجور کردن و دۆزینەوەی پێشمەرگەکان ئەوەی خیانەتەکەی ئەنجام دابوو لە تەك

---

[٥]- ئارخەیان: دڵنیا

هێزی داگیرکەر دێ بەدێ و هەرەت بە هـەرەت بەدوایانـەوە بـوو، بـەڵام مایـە پـوچ بوون، جگە لە وەی بەرە بەیانێکی زووی مانگی یەکی (١٩٧٨) کۆپتـەر گـەمارۆی گونـدی داربەسـەریاندا و (فـاروق ) دەسـتگیر کـرا، بـە گرتنـی (فـاروق) باشـترین و هەڵسوراوترین کادیری کۆمەڵەکەمان لە ناوچـەکە لـە دەسـتدا، بـەڵام (فـاروق ) بـە خـۆڕاگری و ورە بـەرزی و قارەمانیـەتی بەرگـەی هـەموو ئـازار و ئەشـکەنجەی جەلادەکانی ڕژێمی گرت، لە هەیئەی کـەرکوك وەك پاڵـەوانێکی زینـدان مایـەوە و دوژمن نەیتوانی هـیچ شـتێکی لێهـەڵکرێنێ تـا لـە سـاڵی (١٩٧٩) بـەر لێبـوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا. هەرچەند ڕۆژێکیش دوای ئازاد بوونی بە هەمان نەفەسی پێشوو کەوتە کار و پەیوەندی بە ڕیزەکانی (ه.پ.ك ) کردەوە.

# (فاروقی علی مولود و خانەوادەکەی)

## شوکرولّلا حەمەدەمین

لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان و بلاوکردنەوەی بیری پێشکەوتووخوازی گیانی بەرخودانی لەناو خەڵکدا نموونەیەکی بێ هاوتان، ڕەنگە لـەم پێناسـانەدا خـەڵکانێك هەبن بلێین زێدەڕۆیم کردوە، بەمجۆرە پێناسـەی کەسـایەتی و خانەوادەیـەکم کـردووە، بەلام دڵنیام کە بۆ گێڕانەوەو تیشك خستنە سـەر مێـژووی تێکۆشـان و قوربانیـدانی ئەم خانەوادەو کەسایەتییەی شەهید (عەلی مەولود) و خانەوادەکەی چی بگوترێت و بنوسرێت ناتوانرێت گوزارشت لە ئارەقەو خوێن و فرمێسکی ئەو خانەوادەیە بکرێت، ئاخر خانەوادەیەك لەسەردەمی هەڵچونی بیری کۆمـۆنیزم ڕۆڵـی پێشـەنگی خـەباتی زەحمەتکێش و کرێکار و جوتیاری هەژاری کوردانی لە ئەستۆ گرتبێت لـە ناوچـەیەك کە دەشتی کۆیـە و ناوچـەی سـوتماکی کوردسـتانە دەبـێ شـانیان خسـتبێتە بـەردەم زەحمـەتی و ئازارێـك، خانەوادەیـەك لـە حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوو بـە کۆمـەڵ پێشمەرگە بوون و سەری گەورەی خانەوادەکەیان شەهید ببێ و کوڕەکانی بێ باوك و براکانی بێ برا گەورە بهێڵێتەوە، دەبێ ئازار و ئێشی ئەم قوربانییـە چ ناسـۆرێك بـە گەروی یەك بەیەکی ئەندامانی ئەم خێزانەدا نۆش بکات، بۆیە مێـژووی خانـەوادەی کاك فاروق دەگەڕێتەوە بـۆ ئـاگردانی (شـەهید عـەلی مـەولود) کـە لـە حـەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە لە شۆڕشی ئەیلول و شەهید دەبێ، دەبێ کورەی خەبات چۆن لـەم ماڵە جۆش درابێ.

خانەوادەیەك ڕۆڵەكانی بەشیری ( دایكە فاتم ) فرچك درابێ، چۆن دەبێ ڕۆڵەكانی بێچوە شێر دەرنەچن. ئاخر ڕۆڵەیەك وانەی شۆڕش و نیشتمان پەروەری و بیری پێشكەوتووخوازی لەلایەن ( شەهید عەلی مەولود) پێوترابێ، چۆن دەبێ وەك (كەڕەو فاروق و صەباح و پێشەوا و فەهد و هەندرێن و شەهید شورش)شۆڕشگێڕ نەبێ، خانەوادەیەك هێندە شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەربن چۆن (بەعس) شەهید شۆڕش زیندە بەچاڵ ناكات، كاتێك چنگی دڕندانەی دەگاتە ئەو خانەوادەیە كچانی شەهید علی مەولود نموونەی ژنی سەلار و زرنگی كوردن، نموونەی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری، كادری هەڵسوڕاوی بیری ئازاد و پێشكەوخوازین. كاتێك باسی ئەم خانەوادەیە دەكرێت، ناكرێت ڕۆڵی ئەو كچانەی شەهید عەلی لە پشتیوانی براكانیان نادیدە بكرێت، كە هەمیشە پشت و پەنای براكانیان بوون لە كۆڕی خەبات. بۆیە ئەم خانەوادەیە لە شۆڕش و قوربانیدان بێ هاوتان و نمونەیان ڕەنگە زۆر دەگمەن بێت، جێگەی خۆیەتی لەلاپەڕە زێڕینەكانی مێژووی خەباتی گەلی كورددا جێگای تایبەتیان هەبێت، ناودێر بكرێن پاداشت بكرێن لە هەموو ڕوێكەوە بۆ باسكردنی ڕۆڵی شەهید عەلی مەولود بۆ كەسانێكی تر جێ دەهێڵم كە لە سەردەمی خۆی ژیاون و شاهیدی كار و چالاكی و دڵسۆزی ئەم پیاوەن، كە پێویستە بەدواداچونی بۆ بكەین بۆ ئەوەی نزیكببینەوە لەوەی مافی خۆی پێ بدرێت. تێكۆشان و دڵسۆزی ئەو كەڵە پیاوە بزانین، سەبارەت بە ڕۆڵی ئەو خانەوادەو براكانی شەهید علی مەولود لە شۆڕشی ئەیلول بەهەمان شێوە بۆ كەسانی تر جێدەهێڵم، كە ڕەنگە بە واقعی لە شۆڕشدا هاوخەباتیان بووبن و سات بە سات لەگەڵیان ژیابن تا شەهید بونی شەهید عەلی و هەرەسی شۆڕش، بەڵام لە شۆڕشی نوێدا بەندە شەرەفی ئەوەم

پێسپێردراوە کەلەگەڵ بەشێك لە زانیارییەکانی سەر ئەم خانەوادەیە ئاشنابم، ئەویش بەهۆی خزمایەتی و ناوچەی جوگرافی و هاوخەباتیم لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەم خانەوادەیە، بەتایبەتی (کاك فاروق و صەباح و پێشەوا و فەهد و مام هەژار و فتحوللا و شەهیدان مامۆستا برایم و شەهید ئازاد)، کە نموونەی لاوی دڵسۆزو خوێن گەرم و نیشتمان پەروەری گەلەکەمان بوون لە شۆڕشی نوێدا. هەریەك لەم پێشمەرگەو تێکۆشەرانە دەهێنێ بە دەیان پەخشان و شیعر و لاوك و داستانی خوێناوی خەباتیان و داستانی قارەمانیەتیان بنووسرێت.

تێکۆشەرو نیشتمان پەروەری (فاروق عەلی مەولود) سەلماندی و ئیسپاتی کرد کە خوێنی باوکی ون ناکات و هەر زوو توانی جێگەی باوکی بگرێتەوەو درێژە بە خەون و خەباتی باوکی بدات، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو کارو چالاکییەکانی لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەران درێژە پێبداو کورەی خەباتی جۆش دایەوەو بونە پشت و پەنای شۆڕشی نوێ و مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لە دەشتی کۆیە، چونکە گوندەکانی ئەم ناوچەیە شوێنێکی زۆر لەبارن بۆ خەباتی پارتیزانی و درێژە دان بە شۆڕشی نوێ .کاك فاروق لە سێ وێستگەی خەبات ڕوو سور و سەر بەرزانە درێژەی بە خەباتدا، شاهیدم و نموونەی وەفاو ئەمەکداری بووە بۆ یەکێتی و کوردستان ناسینی کاك فاروق لە چەندین بواردا، یەکەم: لە مەیدانی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بەهۆی کاری ڕێکخراوەی و کارکردن لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاك فاروق لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو لەلایەن جاسوس و خۆفرۆشەکانی گەلەکەمان زانیاری دەدرێتە ئیستخبارات و لەلایەن ئیستخباراتی بەعسەوە دەستگیردەکرێت و تا لێبوردنی گشتی بەند دەکرێت ئەوکاتەی کەکاك فاروق گیرا

من قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، چووم لە قوتابخانەی سەرەتای ئیلنجاغی گەورە کە لەهەمان کاتدا مامۆستا ( عەزیز ڕەسول ) بەهۆی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە سوپای داگیرکەری بەعس هات لەمەکتەب دەستگیریان کرد، کە مامۆستایەکی نیشتمان پەروەرو خۆشەویست بوو، خەڵکی کۆیە بوو ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، ئەم ڕووداوە کاریگەری لەسەر ناوچەکە بەجێهێشت بەتایبەتی لەسەر قوتابییەکانی گوندی ئیلنجاغ، کە پێکهاتبوون لە قوتابیانی: (ئیلنجاغ و داربەسەری وگوندی کاك فاروق و مەرزانی سەرو و خواروو) ئەم ڕوداوە نیشانەی ڕۆڵی بەرچاوی (کاك فاروق)ە لە سەرکەوتن و چالاکی ناوبراو لەکاری ئەو ڕێکخراوەی سەرباری شاهێدی زیندوو کە لەگەڵ پێشمەرگەکان هاوکاری دەکران لە زیندانی عێراقی نەکرد و نکوڵی لە تۆمەتبارکردنی دەکرد، بۆیە لە مەیدانی خەباتی ڕێکخراوەیی و زیندانیدا بێ ئەوەی هاوڕێکانی دوچاری گرتن بکات.

دووەم: لە مەیدانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، کە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو دەست پێدەکات، کاك فاروق دوای ئازاد بونی لە زیندانی بەعسیەکان بە ماوەیەکی کورت پەیوەندی بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە دەکاتەوە لە شۆڕشی نوێ هەر زوو دەبێتە جێی سەرنجی هاوڕێیانی کۆمەڵەو سەرکردایەتی و پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت و دەبێتە ڕابەری سیاسی لە تیپی دەشتی کۆیە و دواتر جێگری فەرماندەی تیپ و (٨٦) ی دەشتی هەولێر. لە زۆربەی نەبەردییەکان ڕۆڵی کاراو بەرچاوی هەبووە و چەندین جار لە لێواری گۆڕ و مەرگ گەڕاوەتەوەو پیاوێکی سەر ڕاست و خزم دۆست و قسە خۆش و خۆڕاگرە، بە درێژایی ئەم ماوەیە لە خەباتی پێشمەرگایەتی دانەبڕاوە. هەمیشە بە ئیرادەو خۆڕاگری خۆی

قۆناغە سەخت و جۆر بەجۆرەکانی تێپەڕاندوە. لە شەڕەکانی ڕوبەڕودا لەدواوە نەبوە هەمیشە ژمارەیەکی دیار بووە لە دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە، تا سەر ئەنجام لە دەشتی تەق تەق لەشەوی ١٩٨٧/٥/٣١ لەکاتی گرتنی ناحیەی تەق تەق بەسەختی بریندار بوو، کە هیچ کەسێك ئومێدی ژیانی پێی نەمابوو لە لێواری مەرگ گەڕایەوەو ئەو شەوە شەهیدان (ئەحمەد سماقە و شەهید ئازاد داربەسەری و شەهید حەسەن کورداوە ) و زۆر کەس لەم شارەدا بەشدار بوون کە تیپەکانی مەڵبەند و مەڵبەندی سێ و چوار بەشداریان لەم داستانەدا کرد، ناحیەی تەق تەق بەتەواوی گیرا، تەنها(منەزەمە) نەبێت، دەسکەوتێکی زۆر کەوتە دەست شۆڕش لەم شەڕە خوێناوییە بە دەیان شەهیدو بریندارمان هەبوو، کە شەهید عەبدولڕەحیم ئەندامی فەرماندەی گشتی ( ه.پ.ك) بوو، لەگەڵ بریندار بوونی شەهید (ئازاد داربەسەری)، کە دواتر بەهۆی برینەکەیەوە دوای مانگێك شەهید بوو. لەم شەڕەدا کاك فاروق بریندار بوو تا ئەمڕۆ و نووسینی ئەم نووسراوە بەهۆی برینەکانییەوە ئازار دەچێژێ و برینەکانی سارێژنەبووین دوای (٣٠) ساڵ زیاتر لەسەر هەمان بیر و باوەڕە و هەمان ئیرادەی هەیە، بێئومێدی و دوودڵی و پەشیمانی لە خەبات نییە. قارەمانیەتی کاك فاروق لەم شەوەدا وایکرد کە بەجۆرە بریندار ببێ ئەم شەوە تا بەیانی هەر هەڵمەت و خوێن بەخشین و هێرش و نەبەزی و نەبەردی بوو تا کورد و ناوچەکە ماوە دەبێ شانازی بەم گیانبازییە بکەن لە بوار و مەیدانی پێشمەرگایەتی. شاهیدی دەیان داستان و شەوی لەم جۆرەی کاك فاروقن، کە ئەوانی تر بۆ شاهیدەکانی بەجێ دەهێڵم کە لەگەڵی بوون، برینداری کاك فاروق لەم کاتە کە دکتۆر و دەرمان وەك پێویست نەبوون چارەسەرکردن و تیمارکردنی ئاسان نەبوو، بۆیە بۆ چارەسەرکردن

نێردرا مەڵبەند و ... لەوێ چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا کە تا ئەمڕۆ پێیەوە دەناڵێنێ. نووسینەوەی ئەم یادەوەریانە هەمیشە کەموکوڕی تێدایە، هەر کەسێك بینووسێتەوە ناتوانێت (تغطية) ی تەواوی بکات لەبەر بێویژدانی یاخود بێ ئاگایی نییە، بەڵکو ئەم ڕۆژانە ئازارەکانی هێندە قوڵ و هەمەلایەنە و پڕ کار و چالاکی و بەسەرهات و کۆمەڵێك کەسی پێشمەرگە و دیلو قوربانی و بریندار و ڕێکخستن، دکتۆر و خێزانەکان و ڕوداوەکانی تریش ... پڕۆسەیەکە ئەکتەر و ئازار و چالاکی و بەسەرهاتی هێندە زۆرە، کەس بەتەنها پەی پێنابات ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر مەغزای کارو پڕۆسەکە هێندە گەورەو پیرۆزە، ئەوەندە دڵسۆزی و گیانبازی تێدایە، کەس ناتوانێت گوزارشتی لێبکات، بۆیە هەرچی بکەی و نەکەی هەر حەقی خۆی پێنادەیی و ناتەواوە، بۆیە دەبێت زۆرترین کەس لەسەر ئەو بابەتانە بدوێنین بۆ ئەوەی لە حەقیقەت و واتای ئەم مەیدانە نزیك ببینەوە.

سێ یەم: لە مەیدانی سیاسی و ئیداری و حوکمڕانیدا کاك فاروق لە دوای ڕاپەڕینەوە بەم وەزعە ناتەندروستەی کە هەیبوە هەمیشە لە مەیدانی خەبات درێژەی بە خەبات داوەو لە یاریگای کەسنەزان کە سەرپەرشتی کەسنەزان و بەرەی کوردستانی لە ئۆردوگای کەسنەزانەوە تا پێکهێنانی حوکمەتی هەرێم و خولی ئەفسەران لە قەلاچۆلان و گەیشتن بە پلەی لیوای ئاسایش لە دەزگای ئاسایش بەردەوام بوە لە کۆنگرەی (٣) ی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ٢٠١٠/٦/١، بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی هەڵبژێردراوە کە تا ئێستا بەردەوامە. لەم پۆستە کاك فاروق لە هەموو وێستگەکانی خەبات ئامادەی هەبوە و شانی داوەتەبەر، تا ئاستەنگ و کارەسات و تراژیدیاکان بە تێپەڕبونی کات کاك

فاروق و خانەوادەکەی بەشداری کارای لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی و پێشمەرگانەی نەتەوەی کورددا هەبووە، ڕۆڵی کاك فاروق و خانەوادەکەی لە بڵاوکردنەوەی بیری پێشکەوتوخوازیی و کوردایەتی لە ناوچەکەدا پێشەنگ بووە، نموونەی خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری قوربانیدەری ڕێگای خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بوون و جێ پەنجەیان بە سەرکەوتنی شۆڕشەوە دیارە.

## (یەکەم دیدار)

## شاهۆ فەقێیانی

یەکەم دیدار لە چالاکییەکی پێشمەرگانە لە(١٩٨٧/٥/٣١) دا بۆ ئارام کردنەوەی ڕۆحی شەهیدان، بە بەشداری کردنی هەردوو تیپەکانی کوڕانی سۆران و کۆڕەك بوو، لە دوای نیوەڕۆ لە گوندی گۆمەشینی شێخان و سەیدان بەڕێدەکەون بەرەو گوندی مەلا زیاد و دواتر بەرەو شارۆچکەی تەق تەق، کە لە چاوی هەریەك لە پیشمەرگەکان کۆمەڵێك ئازاری نەتەوەیەکی ستەم دیدە دەبینرا، لەشێوەی ڕێچکەی پڵینگ ئاسا لە دەمەو عەسرێکدا، پۆل پۆل بەرەو شوێنی مەبەست هەنگاویان دەنا. سەرەتا بەرەو گوندی مەلا زیاد، لە هەندێك شوێن بۆ گواستنەوەی ڕەتڵەکانی پیشمەرگە بۆ خێرایی گەیشتن بە شوێنی مەبەست سواری تراکتۆر دەبوون. بە پێچەوانەی ئەو چنگ بەگڕانە خەڵکانێك لە شارۆچکەی تەق تەق دەبینران وەکو جێنشینی ئەهریمەن بۆ ڕازیکردنی ئاغاکانیان بەرامبەر بەفرۆشتنی ویژدان و خاك و وڵاتیان. بەشێکیان بۆ دەسکەوتنی مشتێك جۆ، کە خەڵکی ئەو دەڤەرە لێیان

بێبەری بوون، بۆ یەکەم جار فەرماندەیەك دە ناسرێ کە باری قورسی نەتەوەیەکی لەکۆڵنابوو، سەرکردایەتی نزیکەی ١٢٠ پ.م لە کۆی ١٣٥ پ.م ی بەشدار بوو، لە ئەستۆ گرتبوو هەڵۆ ئاسا لە غەمی یەکەبەیەکی پێشمەرگەکانی دابوو، بەهۆی چپەکردنەوە وەکو نەریتێکی ئاسایی پەیامەکانی بەدەم ڕۆیشتنەوە دەنارده دواتر، هەریەك لەو مەرگ بەزێنانە بەدوای خۆیان دەگەیاند، تا دوا پێشمەرگە، هەر پێشمەرگەیەك کلاشینکۆفێك و تاقم و زەمزەمی ئاو و لایت و کەرستەی سەربازی دیکەی پێویستی لەخۆی بەستبوو، فەرماندە مەرگی خۆی لەسەر لەپی دانابوو، لە ڕەتڵی پێشەوە بوو، بۆ ئەوەی هەرچی ئاهورامەزدا ببیێنێت یەکەمجار بەرۆکی ئەو بگرێت، بەشێك لەفەرماندەکانی ئەو دوو تیپە، چەند ڕۆژێك بەر لە چالاکییەکە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوون لەسەر دوژمنانی گەل، ڕۆڵە بەئەمەکەکانی نەتەوە زۆر بویرانە و چاونەترسانە ئەرکەکانیان ڕادەپەڕاند بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیی سەربازی کارەکە ئەنجام بدەن، بە کەمترین زیان زۆرترین دەست کەوت، دواتر پێدانی دەرسێك بە دوژمن تا ماون لەبیری نەکەن، ڕۆیشتنی پێشمەرگانە لە شێوەی پارتیزانی هەروا ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە سەدان هەوراز و نشێو و سەرما و گەرما، بە بێ پشوودان و بە سکی برسی و تێنویەتی و هۆشیارییەك و هەستیارییەکی زۆرەوە لە مەترسی خۆفرۆشان وجاسوس. ئەمە جگە لە تواناکانی سەربازیی دوژمن، کە هەموو داهاتی وڵاتیان بۆ کڕینی ئامێر و چەکی کوشندە و کاریگەر بۆ لاواز کردن و لەناو بردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەرخان کردبوو، ئاسمان و زەویان تەنی بوو بە هێز و چەك.

هەتا نزیکتر دەبوونەوە لە سەنتەری ناحیەکە، ڕاسپاردەکان زیاتر دەبوون، هەر لە(٢٠-٣٠) هەنگاونان، ڕاسپاردەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهات، وەکو (ئەگەر تووش بووین لای چەپ بگرن، لای ڕاست بگرن، بۆ دواوە بگەڕێنەوە، یان لەجێگەی خۆتانەوە خۆتان بەزەوی دادەن، لەجێگەی خۆت بوەستە یان لەجێگەی خۆتان دانیشن، شوێن پێتان لەهەمان شوێن پێی دەلیل، دابنێن لەترسی مین).

هەتا زیاتر دەڕۆیشتین پێشمەرگە زیاتر ماندووتر و هیلاکتر دەبووو بەپێوە و خەوهاتن، زیندەخەو بەدەم ڕۆیشتنەوە، بەدەیان پێشمەرگە هەنگاوی دەنا (خۆی بەردەبۆوە یان خۆی بەپێشمەرگەی پێش خۆی دادەدا یان دەم و چاوی بەچەکی پێشمەرگەی پێش خۆی دەکەوت، کاتێ بەرز دەبۆوە پرسیاری لێدەکرا چی بوو وەڵلاخەوم لێکەوتبوو! کاك فاروق و دەستەکەی لەپێشەوە ئەرکیان زۆر قورس بوو، جگە لەوەی وەکو ئێمە ماندو و هیلاك بوون، بەرپرسیاری هەموو هێزەکە بوون لە گەیاندنمان بۆ شوێنی مەبەست، دەبوایە ڕێگەی تێپەڕبوون بدۆزنەوە، بۆ ئامانجی دیاریکراو، بەناو ئەو هەموو مین و ڕەبیە و کەمین و مۆڵگانەدا بڕۆن.

یەکێك لەپێشی پێشەوە بە هۆی ماندوو بوونەوە گلۆر بووەوە، کاك فاروق خۆی بوو بەلای ڕاستدا کەوتە خوارەوەرو بەربووەوە، هەموو ئەو هێزە بەلای ڕاستدا خۆی بەزەوی دادا و بەدەیان پێشمەرگە خۆیان پێك دادا یان خۆی بەچەکی هەڤاڵانی پێش خۆی دادا، بووە غەڵبە غەڵب و دەنگێك بەرز بووەوە چییە چییە، وەڵام هات وەڵلا لەپێشەوە پێشمەرگەیەك بەربۆوە، تەنها بەربوونەوە، ئەوانی دیکە بەشێکیان یەك لەدوای یەك بەربوونەوە.

ڕاسته شەوێکی زۆر تاریکە، بەڵام هەر دەبێ ڕێ بکەن، پەلە بکەن، یەکتر ون نەکەن، دەنگە دەنگ نەکەن، هەتا نزیك دەبووینەوە لەشارۆچکەی ناوبراو ڕاسپاردەکان زیاتر دەبوون، پەلە بکەن دوا دەکەوین لە سەعات سفر.

لەپەنا گردێك وەستانێك بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، هەموویان دانیشتن، کاك فاروق لەپێشەوە هات و گوتی بۆ ماوەی چەند دەقەیەك هەرکەسێ هەر پێویستییەکی هەیە جێ بەجێی بکات، بەڵام نابێ کەس جگەرە پێ بکات، نابێ کەس لایت هەڵبکات، هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو لەولاوە یەکێ لایتێکی پێ کرد.

سەردار شەرکانی پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا زۆر چوست و چالاك بوو، ئێستاش هەروەکو ئەو کات هەر دڵسۆزە بۆ ڕێبازەکەی، چەند جار زۆر بەسەختی بریندار بووە لەمەرگ گەڕاوەتەوە، لەیەکێ لەداستانەکاندا پێیەکی پەڕیووە، خۆش بەختانە کەسێکە بەردەوام خەریکی نووسینەوەی سەرەوەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لە سەردەمی قڕکردن و ئەنفالدا. کاك سەردار لایتێکی دوو پاتری گەورەی پێ بوو هەروەکو پیشمەرگەکانی دیکە، بەلاستیکێك توند بەنیتاقەکەی خۆیەوە توند کردبوو، لەگەڵ هەستان و دانیشتن و خۆ کوڕ کردنەوە، لاستیکی لایتەکە لە دوگمەی لایتەکە گیر بووە پێ دەبوو، کاتێ کاك سەردار خۆی کوڕ دەکردەوە لاستیك شل دەبۆوە و لایت دەکوژایەوە، کاتێك خۆی بەرز دەکردەوە یاخود هەڵدەستایەوە، لایت پێ دەبوو، چوار پێنج جار لایتەکە پێ دەبوو و دەکوژایەوە، کاك فاروق غاری دایێ و زۆر بەتوورەیی فرمانیدا: بیگرن ئەوە جاسوسە بیگرن! کاك سەردار کەزانی وەزعی خراپە و تێکەوتووە، بۆ خۆ دەرباز کردن وتی من نەبووم ئەوە بوو ئەوە!(کاکە ڕەش)ی لەلابوو، واتا گێژاوەکە بەسەر کاکە ڕەشدا کەوت.

ماوەی دانیشتن کۆتایی هات، هەموو پێشمەرگەکان خۆیان ساز و ئامادە کرد، لەپێشەوەمان پردێك هەبوو، لەسەر پردەکە بازگەی جەیشی ناشعبی لێبوو، یەکەم بازگەبوو بۆ ناو شار، ئەم بەر و ئەو بەری بەرزاییەکان دوو گردی بەرز بوون هەر یەکی ڕەبایەکی گەورەی دوژمنی لێ بوو، دەبوایە خۆمان لەبازگەکە و ڕەبایەکان لابدەین تەنها ڕێگەی چونە خوار بۆ ناو دۆڵەکە و لەژێر پردەکە دەربازبین بۆ ئەو بەری پردەکە.

کاتەکە زۆر تاریك و زۆر سەخت بوو، ئەو هەموو هێزە بێ ئەوەی هیچ دەنگێکیان لێوە بێ لەو لێژاییە بچێتە خوارەوە، تەنانەت نەدەبوو لەکاتی شۆڕبوونەویان دەنگی پێیان بێت، ئەوەندە نزیك بوون لە دوژمن نێوانیان هەر (١٠٠) مەترێك دەبوو.

کاتژمێر سفر چەند دەقیقەیەکی کەمی مابوو، بەڵام هێشتا گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو زۆر دووربوو، دەبێ زۆر پەلە بکرێت، بۆ ئەوەی زوو بگەن بە شوێنی مەبەست، لەلایەکی تر نابێ دەنگی پێت بێت ڕۆیشتنیش لەو لێژییەوە بۆ ناو چەم بوو.

سەرەتا هێزەکە گەیشتنە پردەکە.لەژێر پردەکە ئاوی پیا دەڕۆیشت، خڕکە بەرد و لەسەرەوەی بەردەکان بەدرێژایی پردەکە (جەمەلۆن) وەکو دۆشەك ڕاخرابوون، ئاوەکە بەناو بەردەکان و لەژێر جەمەلۆنەکان دەڕۆیشت، ڕۆژانە جاش و جەیش ناشعبی لەبەر گەرما بۆ پشوودان دەهاتنە ژێر پردەکە. لەبەر ئەوەی دونیا زۆر تاریك بوو ناو ئەو چەمە و دۆڵە و ژێر پردەکەش ئەوەندەی تر تاریکتری کردبوو.

پێشمەرگەکان ویستیان یان هەر دەبوو بەناو پردەکە دەربازی ئەو دیو بن، دەیان پێشمەرگە ویستیان بەپەلە بەناو ئاوەکەدا بپەڕنەوە ئەو دیو، لەگەڵ ئەوەی فەرماندە

یەکەم کەس بۆ ناو پردەکە هەڵمەتی برد کە جەمەلۆنی لیدانرابوو، تەق و هۆڕی جەمەلۆنەکان زۆر بە زەقی دەرکەوت، بە بێ گویدانە دوژمن ئەوانی تریش بەدوای یەکدا شۆڕ بوونەوە ناو پردەکە، تازە کار لەکار ترازا کەشف بوون، زیاتر لە(٢٥) پێشمەرگە لەناو پردەکە و ئەوانیتریش لەدواوە، لەهەردوو ڕەبییەکان بەهەموو جۆرە چەکێك دەست کرا بەتەقە کردن وەزعەکە ئەوەندە خراپ و مەترسیدار بوو، لەو کاتەدا کاك فاروق ئەمری کرد وتی وەزع خراپە نابێ لێرە بمێنینەوە بۆ دوژمن زۆر ئاسانە لەو حاڵەتەدا لەم لا و ئەو لای پردەکە گەمارۆی هێزەکە بدەن و کارەسات ڕووبدات توشی زیانی زۆر دەبن، بۆی هەیە هەمووان شەهید بن، گوتی دوامکەون، ڕەتڵەکە بەدوای کەوتن بەڕاکردن خۆی و پێشمەرگەیەك یەکەم کەس لەپێشەوە و پیشمەرگەکانی دیکە بەدوای ئەوانەوە بۆ ئەو دیو پردەکە هەنگاویاننا، (لەو دیوی پردەکە گۆماوێکی گەورە و قوڵی لێبوو، خۆی و پێشمەرگەکە لەلایەکی پردەکە دەرچوون، هێزەکەش هەربەدوای ئەوانەوە بوون (سەعید باویانی، شەهید خالدە ڕەش و شاهۆ، ڕەشۆی بەگمە) بەدوای یەك هەنگاوی خێرایان دەنا، سەعید باویانی گۆماوی دیت ویستی شەهید خالدە ڕەش ئاگادار بکاتەوە لەبوونی گۆماوەکە کەمێك ئاوڕی دایەوە و گوتی ئیتر...دەنگ نەما، شلپ! کەوتە ناو گۆماوەکەو ون بوو هەستایەوە گوتی...گۆمە، شەهید خاڵدە ڕەش وەڵامی دایەوە گوتی ئەزانم گۆمەو زانینەکەی لەوە بوو دیتی کە سەعید باویانی چی بەسەر هاتووە) لەم دەم و دەستەدا گشت پیشمەرگەکان بەم دیمەنە پیکەنین، سەعید باویانی هەموو لەش و جل و بەرگ و چەك و تاقمی تەڕ بوون، پێڵاوەکانی پڕ بووە لەئاو، بەو بارودۆخەوە دەبووایە لەدەستڕێژی دوژمن خۆیان بەدوور بگرن و دەربازبن، لەو کاتەدا بەدەیان

لولەی چەکی دوژمن تەقەیان لە پیشمەرگەکان دەکرد، وە پێشێمەرگەکانیش بە غاردان و بەو دیمەنەی سەعید باویانی و وەڵامەکەی خالدە ڕەش پێدەکەنین، کاتی دیاریکراو یان سەعات سفر بەسەر چوو بوو، لەهەموو لایەك پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمن درا، لەهەموو ڕەبییەکانی دەوروبەری شار لەناو هەموو شار لەهەموو مۆڵگەکانی دوژمن هەڵمەتی پیرۆزی پێشمەرگەیە و لە هەمان کاتدا ڕاکردن و خۆشاردنەوەی جاش و جەیشی ناشعبی و خۆفرۆشەکانە.
بۆ یەکەمین جار بوو لەڕێگەی فڕۆکەی کۆپتەر (تەنویر) بەکار بەێنرێت لە شەڕگەدا، لەیەك کاتدا فڕۆکەی کۆپتەر تەنویری بەسەر تەواوی شار بەردەدایەوە، ٢٠-٣٠ ی تەنویر پێکەوە دەهاتنە خوارەوە ئەو شەوە تاریکەی دەکردە نوێژی نیوەڕۆ.
تەقە نەما، لەپێشەوە ١٦ پێشمەرگە یەکیان گرتەوە بەدوای کاك فاروق و پێشمەرگەکەی هەتا هێزیان تێدا بوو بەڕاکردنێکی خێرا بۆ ئەو ڕەبیەی کە تانکی ئاوی لێبوو هەروەها یەکێك بوو لە ئامانجەکان، هێرشکرایە سەر دوژمن، پێشمەرگەکان زۆر نزیك بوونەوە و پەلاماری ڕەبییەکەیان دا و دەستیان گرت بەسەریدا، بەڵام دوژمن هەروەکو پیشەی خۆی بەرامبەر بە ورە و ئازایەتی پێشمەرکە خۆی ڕانەگرت و ڕای کرد بۆ ناو شارۆچکەی تەق تەق و بەرەو باوەشی ئاغاکانیان، دوای پشکنین و گەڕانی تەواو بەناو ڕەبایەکاندا بەدوای خۆفرۆشە هەڵاتووەکان، بەڵام پێشمەرگەکان زۆر تێنوو بوون زیاتر بەدوای ئاوی خواردنەوەدا دەگەڕان، هەمووان زۆر تینوویان بوو، زمانیان شکا بوو لەتێنان، هیچ بڕە ئاوێکیان نەدۆزییەوە، بەڵام لەخوارەوە ڕەبییەکی لێبوو تانکییەکی ئاوی گەورەی لێبوو کە ئاوی بۆ شار دابین دەکرد، سەتڵی لێ بوو لەگەڵ فافۆن پێشمەرگەکان بە(پشدێن)ی

پ.م شاهۆ کە توند لە سەتڵەکەی گرێیدابوو چووە سەر تانکی ئاوەکە و سەتڵەکەی خستە ناو تانکییەکە هەر نەگەیشتە ئاو تاکو تەواوی پشتێنەکە و سەتڵەکە گەیشتە بنی تانکی، دواتر دەرکەوت کە تانکیەکە بەتاڵە و هیچ ئاوی تێدا نییە، لەهەڵکێشانەوەی سەتڵەکە پشتێن گیربوون لە (قادرمەکە)، پیشمەرگەکە زۆر توند ڕایکێشا دەسکی سەتڵەکە شکا، لەکاتی ڕاکێشان و گیربوونی سەتڵەکە لایتێکی قەڵەمی لە پشتێ بوو یەکسەر لایتەکە لە خۆڕا پیێ بوو، بەڵام ڕۆشنایی بۆ ناو تەنکییە بەتاڵەکە بوو، ناوبراو کەوتە بەر دەستڕێژو تەقەی دوژمن، بەڵام سەلامەت دەرچوو، لەقوڵێکی دیکەوە سەردار شەڕکانی دوو چەکداری لەبەرامبەر بوون لێی پرسین ئێوە کێن وتیان ئێمە چەکدارین، هەرکە گوتیان چەکدارین سەردار شەڕکانی، یەکسەر پەلاماری دان و هەردوو جاشەکەی چەك کرد، دەسکەوتی کاك سەردار دوو کلاشینکۆفی نوێی (جەیشی ناشعبی) بوون، ئەوەش بەڵگەیەکی باشی دڵسۆزیی و قارەمانییەتی بۆ کاك فاروق سەلماند.

دوای تەواو بوونی چالاکییەکە لەدووری ڕەبییەکە جەمەلۆنێکی گەورە دانرابوو، کاتێك کە لایاندا بینییان لەژێرەوەی دوو تەپەدۆر (فلین) پڕاو پڕ لەئاوی سارد و سەهەوڵی تیابوو، بەڕاستی دەسکەوتێکی زۆر بوو لەو کاتەدا ئاوی سارد ماندوو بوونیانی حەساندەوە.بەرە بەرە تەواوی هێزەکە یەکتریان گرتەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ پێشمەرگەکان بۆ ناو شار دابەزین. بەشێك لە پێشمەرگەکان بۆ ناو شار دابەزین، لەپێش هەمووان کاك فاروق و لەگەڵ کۆمەڵێ پێشمەرگەی دیکە، دیسان تەقە گەرم بووەوە دەستکرا بە پەلاماردانی دوژمن لەو کاتەدا هەواڵ هات و گوتیان کاك فاروق بریندارە و وەزعی زۆر خراپە، کە پێشمەرگە گەیشتنە لای کە لەپەنایەك ڕاکشابوو،

وتیان شەهید دەبێ، ئەوەندە جەستەی شێوا بوو گەر نەیان گوتبا ئەوە کاک فاروقە کەس نەیدەناسییەوە، لەهەموو لەشی خوێن دەچۆڕا، برینەکەی زۆر بوو و هەموو جەستەی سوور هەڵگەڕابوو، نزیکەی(٢٠٠) مەترێك پ.م شاهۆ هەڵیگرت یەکی تر لێی وەرگرتەوە. گشت هێزەکە ئاگادار کرانەوە بۆ چۆڵ کردنی شارەکە و ئەم شارە هەمووی چۆڵ کرا، بەپێشمەرگە و هاوڵاتی شارۆچکەکە کە هەندێکیان بەماڵ و منداڵ و هەندێکیان بەسەیارە و هەندێکیان بەپیادەن ئێمەش بەپیادە بۆ دەرەوەی شار هەنگاومانناا لەو کاتەدا تراکتۆرێك بەعارەبانەکەی بەلای پێشمەرگەکاندا تێپەڕی بەشێکیان خۆیان پێداهەڵواسی و سواربوون.

ئیتر بە هۆی ئەوەی کاک فاروق شوێن و یەکەیی پێشمەرگایەتی لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئەو تیپە، لە یەك جیا بوو و لەیەك دوور بوون، تاماوەی چەندساڵێك یەکتریمان نەبینییەوە.

## (فاروقی عەلی مەولودی، برینێکی گڕگرتووی مەشخەڵی خەبات و کوردایەتی)

## شێخ چاپووك سەید عومەر- سوید

کاك فاروق دووجار ناوی تێکەڵ بەناوی عەلی مەولودی باوکییەوە بووە. یەکەم کە ئەو ڕۆژەی لەدایك بوو بەناوی باوکیەوە نووسرا. دووەم ئەو ڕۆژەی کەدەستی بەکاری سیاسی کردو نازناوی فاروقی عەلی مەولودی وەرگرت.

ئەوەی عەلی مەولودی ناسیبێ و ناوی بیستبێ ناکرێ ژیاننامەی فاروق بنوسرێتەوەو بێ باسکردنی عەلی مەولود، چونکە باوکی یەکێك لەدیارترین و چالاکترین کادیر و پێشمەرگەی دڵسۆزی ناو ململانێی سیاسی و پیاوێکی بەهەڵوێستی کوردایەتی بووە و تا ئەو ڕۆژەی شەهیدبووە یارونەیاری گەواهی مەردایەتی و بوێری و جوامێری وەك دەروێشێکی بەئەمەکی خانەقای کوردایەتی بۆ دەدەن.

کاك فاڕوقم لە گۆڵمەزێکەوە ناسی، ساڵی ١٩٧١ تەمەنم یازدە دوازدە ساڵان بوو چوومە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی کۆیەی کوڕان. ڕۆژێکیان لەدەرگای سەرەکی ناوەوە کە دەهاتیە دیوی ژوورەوەی مەکتەب، بووە دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵب و یەکدو مامۆستاو چەندان تەڵەبە کۆمەڵیان بەسەریەکدا کردبوو ئاڵۆزیەکی زۆر پەیدابوو، ئیتر چونکە ئێمە پۆلی یەك بووین و بچووکتربووین لەدورەوە ڕاوەستابووین و سەیری ڕەوشەکەمان دەکرد گوێمان ڕادەگرت، ناوناوە ناوی فاڕوقی عەلی مەولودمان دەبیست. زانیمان کەشتێك لە فاڕوق ڕویداوە .

ڕاستییەکەی ئەوەبوو کەدەیگێڕمەوە"دوای بەیانی یازدەی ئازاری ساڵی حەفتا یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی پارتی زۆر بەهێزبوو. حیزبی شیوعیش هەرچەند وەك جاران، واتە شێستەکان، بەهێز نەمابوو بەڵام تاکە حیزب بوو لە کوردستان کە ڕکابەری پارتی بێت تا ساڵی حەفتاوپێنج . پارتییەکان بەردەوام چاویان لەسەر کەسە چالاکەکانی حیزبی شیوعی بوو. من خۆشم لەبەرئەوەی باوکم پارتی بوو ئەندامی یەکیەتیی قوتابیان بووم ئاگاداری ئەوەبووم .کاك فارۆقیش هەم شیوعی بوو هەم کوڕە شیوعی بوو. لەناو گەنجە شیوعییەکانی ئەوکاتیش ئەو بەدەرەوەتر و دەستەوەکەلتر و بێمنەتربوو. ئیدی ئەو ڕۆژە کێشەکەیان زۆر لێگەورەکرد، گوایە دەمانچەی هێناوەتە مەکتەب. بیرم نەماوە چ سزایەك درا، بەڵام دڵنیام سزاکەی قورس بوو. ئیتر بەوگۆڵمەزەی باسم کرد کاك فارۆقم وەك چالاکوانێکی سیاسی ناسی.

گەورەتربووم لێرە و لەوێ لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەوسەردەمە دژوارەدا کە کەم کەس قەرەی لەقەرەی بەعس دەدا و دژی ڕادەوەستا، ناوی کاك فارۆقم دەبیست لەکاتی هەواڵی گرتن و زیندانی و بوونە پێشمەرگە بڵاودەبۆوە. ئەو ڕۆژەی بوومە پێشمەرگەش، وردە وردە لەنزیکەوە باشتر ئاگاداری ڕەوشی ژیان وخەبات و کەسایەتی و تێکۆشانی کاك فاروق دەبووم، تێگەیشتم کاك فاروق قەڵایەکە لەمتمانە لەنێوان هاوڕێیکانیدا.

کاك فاروق کە لەدوورەوە دەیبینی یان باس دەکرێ، دەزانی ڕێبوارێکی ماندووی هەورازی دۆندە بەرزە یەك لەدوای یەکەکانە، لەکەلی هەر لوتکەیێ سەرکەوێ بێ پشوو ئامادەیە بۆسەرکەوتنی زیاتر بەرەو بڕینی ئاسۆی کەلێکی دی. ئەگەر

لەنزیکەوەش بیبینی ڕشتەی مرواریە، خۆش مەشڕەب و بەمەزیەت و فەرهەنگێکە لەقسەی خۆشی خۆشی کوردەواری بەتام و خوێو خۆش خۆش. تێرنابی لێی و دڵت بەرایی نادا بەجێ بهێلی. لەلایەکی دیکەشەوە دڵ و دەرونی ئاگردانە پڕ سەخاوەتەکەی عەلی مەولودە ئەگەر هەموو دەمێ کۆنگرەو کۆنفرانسێ لەماڵەکەی بکرێ بەو خزمەتە دەگەشێتەوە. بەڕاستی پشکۆ گەشاوەکەی ناو ئاگردانی خەباتە بەردەوام هەرگەشە.

دواکۆمێنتی من لەسەر کاك فاروق. برینداریيە سەختەکەی کاك فاڕوق نەبووە هۆی پەککختنی، بەڵکو بووە زیاتر بەگەڕخستنی. بەڕاستی سەرسامم بەو سەبرە خۆڕاگرییەی ئەو جوامێرە بەجەرگ و جەسوورە.

## (فاروق، مرۆڤـێك له جنسی ئاگر)

## مامۆستا عەزیز ڕەسووڵ ئیبراهیم ـ سوید

لەسروشتەوە، خۆڕسکانە، خودا مرۆڤـی وا خەلقکردوە، پتر ئەو کەسەی خۆش بویێ، کە لە خودی ئەودا خۆی دەبینێتەوە، دڵئارامییەك بە بوونی ئەو کەسە لە ناخی چەکەرەدەکات. لە یەکەمین ڕۆژی ناسینی هەڤاڵ فاروقەوە، من هەستم بەو ئارامی و خۆدۆزینەوە کرد لە خودی ئەو زاتە جوامێرەدا.

هەرچەندە باوکی من سەر بە قوتابخانەی حزبەکەی شەهید عەلی مەولودی باوکی فاروق نەبوو، بەڵام هەستم دەکرد کەسێتی ئەو دوو قارەمانـە زۆر لێکدەچـن، لـە بیروباوەڕ بـەخۆ بـوون و دڵسـۆزیی بـۆ خـاك و نەتـەوەو گیانفیـدایی لـە پێنـاو ئـەو مەبدەئەی چەکیان بۆ کردەشان، تا ڕۆژێ بتوانن بیکەنە خەڵات و دیاری بۆ نەوەکانی ئایندە.

کورد دەڵێ، لە سەفەردا، هاوڕێی خۆت دەناسی. لێ، من دەڵـێم لـە شـاخدا تـۆ جەوهەری حەقیقی هاوڕێی خۆی دەناسی. هەرچەندە زام و برین و خەونەکانی هەڤاڵ فـاروق و بەنـدە، زۆر ئاوێتـەی یـەکتری بـوون، ئـاخر هـەردووکمان تـەعزیبی وەحشیگەرانەی زیندانەکانی بەعسمان چێشتبوو، هەردووکمان ژوورە بە سام و تاریك و تنووکەکانی بەندیخانەکانمان دیتبوو. هەردووکیشمان لەو شاخ و داخەدا، بەشـداری برسیەتی و مەرگەسات و ئەشکەنجەو عەزاب و مەشەقەتی ڕۆژانی سەخت بـووین. جا سەیرەکە لەوەدایە، چارەنووسی هەردووکیشمان ئـەوەبوو بـە گولـلەو ئـارپیجی دوژمن پێکراین و بووینە کەمئەندامی لەش بە ئێش و ئازار و ژان.

ئەو ڕۆژگارەی بەندە فاروقی تێدا ناسی، من گەلەك عەوجە بە پیاوێکی وەکو ئەو بووم، ئاخر ڕۆژگارێك بوو دوژمن داروبەردو هاوڕێ و دۆستی لەسەرت کردبووە جاسووس و پیاوکوژ. نەبووە شەوێك بێترس سەر بنێینە سەر بەردێك و خۆش لێی بخەوی. زۆر کوڕی دلێرمان بوونە قوربانی بە دەستی ئەو کەسانەی کە بە دڵسۆزمان دەزانین و لە گەڵماندابوون.

زوو هەستم کرد کە هەڤاڵ فاروق بە ڕۆحی من ئاشنایەو ئەو پیاوەیە کە دەتوانم بە تەواوی متمانەوە نهێنی و سرِی خۆی لەلا بدرکێم. ئەو تا بڵێی ڕەشید و ئازاو بەجەرگ بوو. لە کادیرایەتی، کەم کەس هەبوو بیگاتێ، ڕۆشنبیر، ئەقڵکراوە، دونیا دیتە، قسەزان و ڕوخۆش و لە هەمووشیان گرنگتر لە چاوی شێر نەدەگەڕایەوەو قسەی حەقی خۆی کردووە، جا باجەکەی هەرچەند قورسیش بووبێ.

ئێستاش، کە یادەوریيە ناخۆشەکانی ڕۆژگاری سەختی شاخم وەبیردێتەوە، وێنەی هەڤاڵ فاروق و ئەمسالی ئەو، وەکو ئاوێنە دێنەوە بەرچاوم و زۆر دەگەشێمەوە، کە لەو ڕۆژگارەدا ئەو جۆرە پیاوە لە دەوورم بووین و هەموومان لە پێناو خاك و نەتەوە و پارێزگاری لە یەکتریش ڕۆحمان لەسەر دەست بوو.

درود لە ڕۆحی پاکی شەهید عەلی مەولودو چاوەکانی کاکە فاروقیش ماچ دەکەم و من بەقەد دونیایەك شانازی پێوەدەکەم و ڕۆژەکانی کە بەیەکەوە لەو شاخ و داخە بووین، ئەمسالی کەسانی وەکو ئەو، هەستم بە بوونی خۆم و یەکێتییەکەمەوە کردووە. سڵاو لە قارەمانە دڵپاکە ڕووخۆشە.

١٦ ـ ١ ـ ٢٠١٩

## (یەك دوو وتــە)

## عەلی بچکۆڵ ٦

ســەبارەت بــەفاروقی عــەلی مــەولود وتــی: ئەنــدامی ئەنجوومــەنی ناوەنــدیم ڕابردوویەکی زۆرمان پێکەوە هەیە. ئەو ساڵی وردە ڕاپەرین پەیدا بووبوو هەندێ خەڵك نارازی بوون لەشاری کۆیە، دەنگی نارازیی گەشەی کردبوو لەگەڵ شەهید سەرباز و شەهید شێخ شەماڵ و شەهید ملازم خولەو فاتح شوانی و کۆمەڵێ کەسی تێکۆشەر (کاك فاروق)یش یەکێك بو لەو تێکۆشەرانە و ڕابەری سیاسی تیپ بوو، بەچاوساغی و وریایی کاك فاروق و شەهید سەرباز کۆمەڵێ گەنجیان کۆکردبووەوە، زەرور بوو بێنە ناوشار بۆ بەشداری راپەڕینی خەڵك. ئەوەبوو لە ڕووباری کۆیە پەڕینەوە، ئەو گەنجانە هەریەکە مەسافەیەکیان وەرگرتبوو، دەستڕێژێکیان لێکردین لە سەر ڕووبارەکە بووین بۆئەوەی بپەڕینەوە، فاروق یەکێ لەکادیرە وشیارەکان بوو، پێش ئەوەی بگەینە چەمەکە بەهۆی خشەخش و دەنگەوە کاك فاروق وتی: نایەڵم هیچت لێبێ باوەشی پێداکردم وتی با تۆ هیچت لێنەیێ، چوینە ناوشار کە چوینە گردی ئەو خەڵکە وا خۆی ئامادە کردبوو جەیش و جاش لەناو شار بوو ئێمەش هاتبووینە گردی، ئەم خەڵکە لە ماڵی خۆی کاسەی ماست و خواردنیان هێنابوو، کاك فاروق لەگەڵ قاسماغا بە تەلەفۆن قسەی کرد، وتمان عەیبە خەڵك ڕاپەریوە پێش لەخەڵك مەگرن، شەرم بکەن لەگەڵ کاك فاروق چوینە ماڵی شێخ جەنگی متەهەم

---

[6] - عەلی بچکۆڵ: ١٩٤٣ لەگوندی عەسکەرلە دایکبووە ناوی (عەلی محەمەد قادر) ناسراو بە عەلی بچکۆڵ.

بوو بەوەی دەیەوێ خۆپیشاندان بکوژێنێتەوە قسەمان لەگەڵ کرد وتی: ڕاست نییە من پاڵپشتی خەڵکم، بەس کە کەسێك دەگیرێ من هەوڵ دەدەم بەریبدەم. ئەو شەوی دووسێ ئاربیجیمان نا بە منەزەمەی بەعس.

تا ئێستا لێکدانەبڕاوین لەبیرو باوەڕ و خەتی سیاسی و فیکری. لە کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆنی ئەنوومەنی ناوەند ماوەیەکی چاك پێکەوە کارمان کردووە بەئێستاشەوە. لە هەموو کۆبوونەوەکان دیفاعمان لەیەکێتی نیشتمانی کردووە. هەردوکمان بەرژەوەندیمان یەکێتی نیشتمانی بووە، هیچ بەرژەوەندی تایبەتیمان نەبووە. مساوەمان نەکردووە بۆشتی شەخسی، بەڵکو هەموومان بۆگەلەکەمان کردووە.

یەك شایەدیم هەیە بنەماڵەی عەلی مەولود مەشهورن، کچەکانیشی ئازابوون کەچووینەتەماڵیان جل و بەرگیان بۆشۆردووین ونانیان بۆئامادە کردووین و لەخزمەتی پێشمەرگە بووین دوو کچی قارەمان و ئازابوون. کاك فاروق هەموو لەشی برینداربوو و جەسەدی لەپێناوی نیشتمان بێژراوە.

## فاروق علی مەولود تێکۆشەرێکی دێرین
## عەلی مەحمود حەمەد ـ ناسراو بە (عەلی ئیلینجاغی)

بەحوکمی ئەوەی من و کاك فاروق خەڵکی دوو لادێی ئیلنجاغی گەورە و داربەسەری گەورەین، کە هاوسنوورن و دووری نێوانیان بە پیادەڕێ نزیکەی (٢٠-٣٠) خولەك دەبێت. جگە لەمەش هاوتەمەنین هەر چەند بە پێی پێناسەی باری شارستانی من لە دایك بووی (١٩٥٤)م ئەویش (١٩٥٥)ە، بەڵام هەویەکەمان هەڵەیە و دڵنیام هاوتەمەنین، هەروەها لە زۆر وێستگەی ژیانمان هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوپیشە بوینە، لە سەرەتای ژیانمان لەبەر ئەوەی گوندی دابەسەری گەورە قوتابخانەی لێنەبوو قوتابیانی ئەوان دەهاتن بۆ لای ئێمە، هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لەگەڵ کاك فاروق بەیەکەوە بووین، دواتر لە پێشمەرگایەتی ماوەیەکی زۆر لە سنوری تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر بەیەکەوە بوین، دوای ڕاپەرین لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایش پێکەوە بە موچەی ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دامەزراین و خولی ئەفسەرانی ئاسایشمان لە قەڵاچوالان پێکەوە تەواوکرد، قەدەر وابوو لە دوای (١٩٩٦/٨/٣١) و دەرپەراندنمان لە هەولێر لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی عێراقەوە ماڵەکانمان بەیەکەوە لە شاری قەڵادزێ گیرساینەوە و ماوەیەك بەیەکەوە تەنسیب بوین لە ئاسایشی قەڵادزێ.

کاك فاروق هەر لەسەرەتای ژیانییەوە لە خێزانێکی تێکۆشەر لە دایك بووە و پەروەردە بووە، خوا لێ خۆشبوو(علی مولود)ی باوکی، کادێرێکی دیار و دڵسۆز و ماندوونەناسی پارتی کۆمەنیستی عێراق بوو و پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ و ڕوخۆش و قسەزان و ڕۆشنبیر بوو، هەمیشە لێپسراویەتی دیاری هەبوو لە ناو پارتی کۆمەنیستی عێراق. کاك (فاروق) لەسەر دەستی ئەم ڕابەرە کۆمەنیستە پەروەردە بووە و بەهۆی بەرپرسیارەیەتی باوکییەوە و ماڵەکەیان هەمیشە وەك بارەگایەکی حیزبی وابوو. دایکیشی (فاتمە ڕەسول) خوالێ خۆش بێت ژنێکی زۆر ژنانە بوو مەرد و لێوەشاوە بوو. لەبەر ئەوەی کاك (عەلی) سەرقاڵی ئیش و کاری حیزبی بوو و نەدەپڕژایە سەر کاروباری ماڵەوە و کارو کاسبی کردن و ژیانی تایبەتی خێزانەوە، بۆیە دایکی هەم  باوك بوو، هەم دایك. سەرپەرشتیکردنی خێزانەکەو بژێویان لە ئەستۆی ئەم دابوو. کاری وەرزێری و مەڕداری و... هتد ئەم سەرپەرشتی دەکرد.
کاك فاروق لە سەرەتای تەمەنییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقەوە کردوە و دواتریش ڕیزەکانی (حشح). لە بیرمە لە قۆناغی ناوەندی هەردوکمان لە شاری کۆیە دەمانخوێند لەگەڵ ئەوەی بیر و بۆچون و ڕێبازی حیزبایەتمان جیاواز بوو، من لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابییانی کوردستان(ی.ق.ك) و (پ.د.ك) بووم پەیوەندیم لەگەڵ ئەوان هەبوو، وەك لە پێشەوە گوتم کاك فاروق لە ڕیزەکانی (ی. گ.ق.ع) و (مشح) بوو، بەڵام ئەم جیاوازیەی بیر و حیزبایەتییە کاری نەکردبووە سەر پەیوەندی و هاوڕێیەتیمان، هەمیشە هاتووچۆی یەکترمان دەکرد و بە یەکەوە دادەنیشتین، ساڵێکیان وابزانم (١٩٧١-١٩٧٢) بوو ئێمە لە بارەگای (ی.ق.ك) لە شوقەیەك بوو لە بەرامبەری دوکانی (یانەزیف) بوو نیشتەجێ بووین

وەك بەشی ناوەخۆیی زۆر شەوان كاك فاروق دەهاتە لامان و تا درەنگانی شەو دەمایەوە و پاشان ئێمە تاكو ماڵەوە لەگەڵی دەچووین، چونكە نێوان (پ.د.ك) و (مشح) خۆش نەبوو.

دوای ئەم قۆناغە لەگەڵ كاك فاروق لێكدابڕاین و ئێمە ماڵمان چووە هەولێر لە ساڵی (١٩٧٧) زانیم كە هێزێكی ڕژێم بە هیلكۆپتەر هاتونە سەر گوندی داربەسەر و كاك فاروق یان دەستگیركردووە لەسەر ئەوەی یەكێك لە پێشمەرگەكانی ئەم مەفرەزەیەی (ی.ن.ك) و (پ.م.ل.ك) خائین بووە و لە ژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێم هەبووە و پاشانیش تەسلیم بۆتەوە و زانیاری هەبووە كە كاك فاروق لە ڕێكخستنەكانی (ك.م.ل.ك)) كار دەكەن و بڵاو كراوەو بەڵگەنامەی لایەو ئەم هەواڵەی بە دەزگا هەواڵگرییەكانی ڕژێم گەیاندووە، بۆیە ڕژێم ئەم شاڵاوە دڕندانەی كردە سەر گوندی داربەسەر و دەستگیریان كرد، تاكو ساڵی (١٩٧٩) بەر لێبوردنی گشتی كەوتو ئازاد كرا، لە یادمە بۆ بەخێر هاتنەوەی سەردانیم كرد لە گوندی داربەسەر.

كاك فاروق لە پێش ڕاپەڕین چەندین بەرپرسیاریەتی جۆراوجۆری كردووە وەك ڕابەری سیاسی هەرێم و ڕابەری سیاسی قوەت و تیپ و دوا لێپسراویەتی پێش راپەڕین جێگری فەرماندەی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بوو. بەشداری چەندین شەڕ و بەرگری كردووە و لە گرتنی چەندین ڕەبایەو پێگە و سەربازگەی دوژمن و شارۆچكە بەشداربووە لە هەندێكیان سەرپەرشتیار بووە. لە گرتنی شارۆچكەی (تەق تەق) زۆر بە سەختی بریندار بوو لایەنی مردنی پتر بوو لە ژیانی، بەڵام خۆش بەختانە تاكو ئێستا لە ژیانە، هەرچەند بەدەست ئێش و ئازارەوە دەناڵێنێت و

تەندروستی باش نییە، بەهۆی ئەم برینداربونیەوە کاك فاروق پیاوێکی کۆمەڵایەتییەو نوکتەگێڕەرەوە و قسە خۆشە، لەهەر شوێنێك بێت جێگای خۆی دەکاتەوە و خۆی دەگونجێنێ. لەگەڵ کاك فاروق لە زۆر قۆناغی ژیان بەیەکەوە بووین. لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بوین خولێك بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئاسایش لە مانگی نیسان (١٩٩٦) کرایەوە، من بەڕێوەبەری کارگێڕی بووم، پێم گوت کاك فاروق بۆ ئەم خولە ناوت بنووسم یا نا، گوتی تۆ و سەرکەوتە ڕەش دەچن منیش گوتم: بەڵێ هەرچەندە من و سەرکەوت زۆر پێمان خۆش نییە، بەلام کاك (حاکم قادر) جەخت دەکاتەوە دەبێ بچین، گوتی کەواتە منیش دێم زۆر هەوڵمدا ڕازیبکەم کە تەندروستی تەواونییە ماندو دەبێت بۆ ئەو باش نییە، گوتی نەخێر لەگەڵ ئێوە هەردێم، ئەوە بوو چوینە خولەکە و لەوێ هەولێدا هەموو ئەرك و مەشقەکان وەك کەسێکی ساغ و تەندروستی ئەنجام بدا، بۆیە ڕۆژێك لە گۆڕەپانی مەشق کەوتو ماوەیەك لە نەخۆشخانە مایەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم پیاوێکی لەخۆبوردەو بەورەیەو نەی دەویست لە هاوڕێکانی دابڕێت. کاك فاروق پیاوێکی نوکتە گۆیە و زۆر بەیەکەوە بووین، هەربۆ خۆشی یەکێك لە نوکتانەی دەگێڕمەوە ساڵی ١٩٨٤ لە کاتی گفتوگۆی (ی.ن.ك) و حکومەتی عێراق بارەگای تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر و کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر لە گوندی بێستانەی گەورە بوو من ماڵەکەشم هەر لەوێ بوو، کاك فاروق جێگری فەرماندەی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر بوو منیش ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر بووم.

ڕۆژێکیان لە بارەگای تیپ بووم و دانیشتبووین (٢-٣) کەس لە یەکێك لە گوندەکانی مەنتکایەتی هاتن بۆ لای کاك فاروق، بە حوکمی ئەوەی نەنکی کاك

فاروق دایکی باوکی ((مەنتکە))، بۆیە کاك فـاروق پێـی دەگـوتن خالـە و ئـەوانیش پێیان دەگوت خوارزا، هاتن گوتیـان بنەمالـەی فـلان غـەدرمان لێدەکـەن و هـاتوین چارەسەرێمان بۆبکەی، ئەویش گوتیە من هاوڕێ عەلی با بچین، ڕۆیشـتین و چـوینە گوندەکە و کێشەکەمان چارەسەرکرد و ڕێکمان خستن، بـەلام ئـەوەی خـۆش بـوو لـە ڕێگا ناوە ناوە کاك فاروق دەیگوت خالە کەس نەما ئەوانە بە تۆ داخسین.

بۆ مێژوو دەلێم کاك فاروق نەك هەر خۆی تەواوی خێزانەکەی لە هەردوو قۆناغی حیزابەیەتیدا، هەم ئەم قۆناغەی کە لە ڕیزەکانی (مشح) بوون، هەم ئەم قۆناغەی کە ڕیزەکانی ((ی.ن.ك)) بوون، زۆر ماندووبوون و سەر و مالیان بەخشی بووە شۆڕش و حیزبایەتی، مالەکـەیان هەمیشـە بارەگایـەك بـوو باوەڕناکـەم هـیچ ژەمێـك و هـیچ ڕۆژێـك و هـیچ شـەوێك تێپـەڕ بووبێـت ئـەوان چـەند میوانێکیـان بەڕێنـەکردبێ، خێزانێکی لە لوتکەی خەباتگێڕی و خۆنەویستی و ئەو پەڕی دلسۆزیدا. لە کۆتایـدا دەلێم فاروق علی مولود ناوێکی دیارە لە سەرتاسەری کوردستان و بـە تایبـەتی لـە کۆیە و دەوربەری . هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باشی بۆ دەخوازم .

١٠ _ ١ _ ٢٠١٩

## (بنەماڵەی علی مەولود داربەسەری)

## مەجید میرخان

کـاك علـی مـەولود یـەکێك بـوو لـە جوتیارەکـانی دەشـتی کۆیـە(وراتی کۆیـە)، لەسەرەتای ژیانی ڕێکخراوەیی، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شـیوعی عێـراق کـردووە، پیـاوێکی وشـیار و زیـت و چـالاك بـووە، هـەر زوو ناوبـانگی دەرکـردووەو بەردەوام بووە لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی تا سـاڵی (١٩٧٤) تـا ئەوکاتـەی حیزبـی شیوعی دەچێتە بەرەی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و بەڕابەری (صـدام حسـین) لە بەیاننامەی ( ١١ )ی ئازار پاشگەز دەبنەوەو شەڕ لـەنێوان حکومـەتی عێـراق و شۆڕشی گەلی کوردستان هەڵدەگیرسێتەوە. لەوساوە کـاك عـەلی پەیوەنـدی لـەحزبی شـیوعی دەپچـڕێنێت و بەپێچـەوانەی بـاقی کـادر و ڕێکخسـتنەکانی تـری حـزب، پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات.

ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی دەبێتە مایەی دڵخۆشی خـەڵکی دەڤەرەکـە، کەچـی هیچ کاردانەوەیـەکی ئـەرێنی لەلایـەن بەرپرسـانی شۆڕشـی ئـەیلول بـەدی ناکـات و دەبێتە مایەی دڵگرانی کاك علی، دواتر لەبەر گۆتە گۆتی زاری خەڵکـەوە بارەگـای بارزانی بەدوایـدا دەنێـرن، ئـەویش ڕوو بـە ڕووی ڕەحمـەتی مـەلا مسـتەفا دەڵێـت : جێگای داخە بەقەد ئەو گرینگی و بایەخـەی کـە (صـدام حسـین) بـەکادرانی حزبـی شـیوعیدا، ئێـوە ئەوەنـدەش حسـابتان بـۆ نەکردم...بەدڵشـکاوی دەچـێتە ناوچـەی چۆمان، کەچی بەداخەوە دوای ماوەیەکی کورت لەبۆردومانێکی فڕۆکە جەنگیەکانی

ڕژێمی بەعس هەر لە چۆمان لەگەڵ چەند هاوڵاتییەکی تر شەهید دەکرێت، هەزاران سلاو لە گیانی پاکی.

فاتم ڕسووڵ: ژنێك بە بەرزی قەندیل، بەسەختی قەندیل و بەخۆڕاگری قەندیل. فاتم ڕسووڵ، ژنە شەهید و دایکی شەهید (شۆڕش) و دایکی پێشمەرگەی چەندین جار بریندار و دێرین فاروقی عەلی مەولود براکانی: سەباح و پێشەوا و فەهد، قەڵایەکی سەخت و خۆڕاگر بوو، لە دوای شەهید بوونی باوکیان، پاڵنەرو ورە بەخشی کوڕەکانی بوو، هەم لەپەروەردەکردنیان و هەم لەدابینکردنی بژێوی بۆخۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان. ئەو شێرە ژنە، هەر بەتەنیا پشت و پەنای کوڕەکانی خۆی نەبووە، بەڵکو ماڵەکەی شوێنی حەوانەوەو داڵدەدان و توێشووی سەفەری سەختی گشت پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. کەم پێشمەرگە هەیە لەدەشتی هەولێر و دەشتی کۆیە و خۆشناوەتی نمەکی دەستی ئەم خانەوادەیان نەکردبێ.

قەرزێکی زۆری بەسەر شۆڕشی ڕزگاری خوازی کوردەوە هەیە، بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان... هەزاران درود و سلاو بۆ گیانی پاکی ئەم تەوارە بەرزە فڕە، بەرز و پیرۆزبێت یادی هاوسەری شەهید و سەربازی ون عەلی مولوود، دایکی شەهید و شەهیدی زیند و فاروق علی مەولود.

دایك و باوکی ئاوا بەجەرگ و نەبەرد هەڵبەت ڕۆڵەیەکی وەك کاکە فاروق دەبەخشنە نیشتمان.

فاروقی علی مولود: لەساڵی (١٩٨٠) بەڕێوەبەری کارگەی مافوری شاری کۆیە بووم، دوای ئازادکردنی بە لێبووردنی گشتی، لە کارگەکە دامەزرا، بووە یەکەم دیدار و یەکترناسینی من و ئەو، لەو ماوە کورتەی پێکەوە لەکارگە بووین، هەستم

بەوەکرد خەریکی کاری سیاسییە، بەڵام دوای ونبوونی بۆ ماوەیەك، دەرکەوت کە پەیوەندی کردووە بە ڕیزی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، دواتر منیش پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەوە، جارێکیتر لە دۆڵی بالیسان بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەتیپی ( ٨٣ )ی هەوریَ یەکترمان گرتەوە، ئەو وەك ڕابەرسیاسی و بەندەش وەك فەرماندەی کەرت.

کاتیَ کە مفاوەزاتی (١٩٨٣) دەستی پێکرد لەنێوان ( ی.ن.ك ) و ڕژێمی بەعس و شەڕ ڕاوەستا، ئێمە ئیتر لێکجیابووینەوەو ئەرکی نوێمان وەرگرت، ئەو بۆ تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر، منیش بۆ لێپرسراوی لێژنەی تەنسیقی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر.

لەو ماوەیەی پێکەوە بووین کاك فاروقم وەك کادیرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر خۆشەویست، پێشمەرگەیەکی ئازا و دلێر و لێهاتو و مرۆڤێکی دڵسۆزو وشیار و دەست و دەم و داوێن پاك بوو. لەهەر شوێنێك ئەو کاری تێدا بکردایە جیَ دەستی دیار بوو. یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی تەنانەت برینداربوونیش نەیتوانی ساردی بکاتەوە لە شۆڕش و خەباتی چەکداری، بەتایبەت ئەو بەسەختی برینداربوونەی کە لەشەڕی ئازادکردنی شارۆچکەی تەق تەق، کە تائێستاش ئاسەواری کاریگەری ماوە بەسەریەوە.

هەرچەندە ئێستەش باری تەندروستی باش نییە، بەڵام ئەو هەمیشە خۆڕاگرە و هەرگیز کۆڵینەداوە، نموونەی پیاوی ئازاو دڵسۆز و شۆڕشگێڕی وەك کاکە فاروق زۆر دەگمەنە، بە ژیانێکی سەخت و دژوار پەروەردەکراوە، هەڵبەت مرۆڤێکی مەزنی

وەك كاك فاروق، بەرجەستەی دەكات، بەهیوای لەشساغی و تەمەن درێژی بۆخۆی و سەربەرزیش بۆ خانەوادەكەی...

۱۱ ـ ۱۱ ـ ۲۰۱۸

## (چۆن و كەی فاروق عەلی مەولودم ناسی)

## د. مشیر حەمەغەریب

هەرچەند ڕەگ و ڕیشەی پەیوەندیی بنەماڵەی ئێمەو ماڵی شەهید علی مولود مێژوویەكی درێژتری هەیە لە پەیوەندی نێوان بەندە و كاك فاروق، چونكە لە زووەوە باوكی كاك فاروق شەهید (علی مولود) پەیوەندییەكی بە تین و توكمەی لەگەڵ باوكی ڕەحمەتیمدا هەبوو، ئەوەش زیاتر لە خاڵەكانمەوە پەڕیبۆوە بۆ باوكم، بە حوكمی ئەوەی لەو سەروبەندەدا هاوڕێیانی حزبی شیوعی، ئەوێ ڕۆژێ زیاد لە حەد كاری ڕێكخراوەییان دەكرد و سات لە دوای سات لە هەوڵی فراوانكردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی و دواتریش پەیوەندییە ڕێكخراوەییەكان دابوون، بە تایبەتی مامۆستا بەكر شەریفی خاڵم كە بەشەریف كورەچی ناسرابوو، چونكە خاڵم كادیری حزبی شیوعی بوو، چ وەك هاوڕێ، چ وەك هاوخەبات لە تەك شەهید عەلی مولود دا كاری زۆری كردووە.

یەكترناسینی (بەندەو كاك فاروق)یش زیاتر بۆ ئەو ساڵانە دەگەڕێتەوە كە كاك فاروق لە شاری كۆیە دەیخوێند و دواتریش ساڵی **۱۹۷۳** كە بەندە لە گوندی داربەسەر نەخۆشخانەیەكم بۆ شۆڕش دانابوو ڕۆژانە چاوم بە كاك فاروق دەكەوت زۆر كاتیش دەكەوتینە ناو باس و خواسی سیاسی و فكری و مەسەلە نیشتمانی و

نەتەوەیییەکانمان تاوتۆی دەکرد. کاک فاروق جگە لەوەی پیاوێکی لێوەشاوەو دڵسۆز و لە خۆبوردو بوو لە هەمان کاتدا پیاوێکی ڕۆح سوك و قسەخۆش بوو. زۆری نەخایاند بە هۆی تێکچونی شۆڕشەوە بەندە ئاوارەی ئێران بووم و لە کاك فاروق دابڕام و لەگەڵ یەکەم چرکەساتی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی (ی.ن.ك). پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کردەوەو بوومەوە پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٧٩ بارەگای (م .س) لە ناوزەنگ بوو، کاتی هەواڵی کاك فاروقم پرسی وتیان بە هۆی لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە، ئەوسا بۆمدەرکەوت کە گیرانی ناوبراو پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەبووەو جاریکی دیکە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردەوەو وەك ڕابەری سیاسی کەرت لە هەرێمی هەشت دەستی بە خەبات کرد.

ناوبراو کەسێکی زمان پاراو و خۆش مەشرەب بوو، توانیبوی لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی پێشمەرگەکان ئاشنای بن و لەزەت لە قسەخۆشەکان وەرگرن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تا ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵەیەکی تۆندڕەو بوو ئەوەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ناوبراو لە خانەوادەیەکی ئایدۆلۆجی گۆشکراو بە بیرو باوەڕی چەپگەری بوو.

بۆ نموونە لە ساڵانی هەشتاکاندا بەهۆی گرتنی ناحیەی (تەق تەق)ەوە کاك فاروق وەك سەرتیپ زۆر بە سەختی بریندار بوو دەنگ و باس وا بڵاوبۆوە کە کاك فاروق هیچ کەسێك ناناسێتەوە و هیچ یادەوەرییەکی نەماوەو لە دۆڵی سماقوڵی لە ژێر چاودێری پزیشکی چڕدایە، ڕەهبەری سەید برایم ئەوکات سەرتیپی ٩٣ ی کۆیە بوو سەر بە باڵی شۆڕشگێران بوو، ئەو سەر و بەندەیش ململانێیەکی توند لە نێوان کۆمەڵەو شۆڕشگێڕاندا هەبووە، ناوبراو واتە کاك ڕەهبەر سەردانی دەکات و پێی

دەڵێ دەمناسی کاك فاروق پاش نەختێك لە سەیرکردنی بە چۆکی خۆیدا دەکێشی و دەڵێ تۆ شۆڕشگێرانەکە نی؟ کاك ڕەهبەریش پێی دەڵی "وەڵاهی هەناوتان ڕەشە ئەگەرنا خێرە هیچت لەبیر نەماوە ئەوەت لە بیرە."

یەکێك لە جارەکان وا ڕێککەوت بەندەو کاك فاروق لە گوندەکانی دۆڵە ڕەقە پێکەوەبووین لەو سەر و بەندەدا کاك فاروق زۆر دژی شۆڕشگێران بوو بەندەش بە ئەنقەست دەمبردە ئەو ماڵانەی کە سەر بە شۆڕشگێران بوون. سێ چوار ماڵم پێکرد بەڕێککەوت خاوەن ماڵەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە تۆزی نارێك بوون بە تایبەتی یەك دوویەکیان لوتیان زۆر گەورەبوو، پاش تەواوبونی سەردانەکان کاك فاروق بە بەندەی گوت دکتۆر خەڵکم بینیوە سمێڵیان هێشتۆتەوە کەچی ئەو شۆڕشگێڕانە لوتیان هێشتۆتەوە. ئەمانەو چەندان قسەی خۆشی تری ئەو پیاوە، کە هۆکار بوون بۆ دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی شۆڕشگێڕی و بەشێك لەو مێژووە پڕشانازیەی کە گەلەکەمانی گەیاندە کەناری ئازادی و سەربەستی، نەك هەر بەندە بەڵکو دەبێ هەموو کوردێك شانازی بە خانەوادەو مێژووی خەباتی کاك فاروقی علی مولودەوە بکات، چونکە ئەو پیاوێکی پشو درێژ و بە حەوسەڵەبوو، توانی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە کاروانەکەی خۆی بگەیێنێتە شوێنی پێویست و بە سەرکەوتوویی و پاکی ئەرکەکەی تەواو بکات.

# ڕووبەڕوو لەگەڵ فاروقی عەلی مەولود
## د. هاوژین سـلیوە و فازیل شـەوڕۆ

**پرسیاری١- (فاروق عەلی مەولود)تۆ کوڕی بنەماڵەیـەکی جوتیـارو ڕەنجـدەری و بەبنەماڵەی شەهید عەلی مەولود ناوبانگت دەرکردووە، چۆنە نەچویتە سەر ڕێبازی باوکت و نەبووی بە کۆمەنیست؟**

**فاروق:** کاتیێ کە کۆمەڵـە هاتـە کایـەوە، فیکرەکـەی کۆمەنیسـتی بـوو، کۆمەڵـەی مارکسی کوردستان، بۆئەوەی بتوانم خـەباتی چـینایەتی و نەتەوایـەتی تیێدا بکـەم. لەبەر ئەوەی بڕوام بە عیێراچییەتی نەماو هاتمە ناو ڕێکخـراوی لینینـی کوردسـتانی، ئەوکاتیش گەنج بووم هەستم کرد گڕوتینەکـە لـەناو یـەکیێتی نیشـتمانی کوردسـتان بەدەرکەوت، منیش هاتمە ناو یەکیێتیی نیشتمانی کوردسـتان. چـونکە هـەمو بـیر و بۆچونی کۆمەنیستیشی تیا جیێدەبووەوە. فکرەی چەپیشی تیێدایەو سۆشیال دیموکراتی تیێدایە، هەتاکو ئیێستاش تیێیدا ماوەتەوە.

**پرسیاری ٢- ناخۆشترین و سەخترین ڕۆژی ژیانت کامیان بووە؟ ئەدەی خۆشـترین ڕۆژی ژیانت کام ڕۆژ بووە.**

**فـاروق:** ناخۆشـەکەیان دەسـتگیرکردنم لەلایـەن ڕژێمـی بـەعس بـوو لەسـاڵی ١٩٧٧ ئەمری عیعدامیشی تیێدابوو. خۆشترین ڕۆژم ئەو ڕۆژە بوو کە راپەڕین ڕوویداو هیێڵی سی و شەش بۆ هەریێمی کوردستان دیاریکرا.

**پرسیاری ٣- مـەزنترین سەرکردەی کورد بەلای تۆوە کیێیە، بۆچی بەمـەزنتری دەزانی؟**

**فاروق:** مام جەلال، چونکە لەهەموو بوارەکاندا، کارامەو لێهاتوو و تێگەیشتوو پێگەیشتوو بوو، خەمخۆری کورد بوو هەر لەسەرەتای لاوییەوە تاوەکو کۆچی دوای کرد، بۆ خزمەتی کوردو کوردستان خەباتی کرد.

**پرسیاری ٤- لەغەیری سەرکردەی کورد، بەچ سەرکردەیەك زۆر سەرسامی، لەبەرچی؟**

فاروق: ماو و غاندی و ماندێلا، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی پاك و دڵسۆز و بێگەرد بوون لەخزمەت کردن و خەبات بۆ وڵاتەکەیان. ڕەنگدانەوەش بوون بۆ نەتەوە داگیرکراو و بەشخوراوەکان، خەباتەکەیان دەنگی دایەوە بە هەموو جیهاندا.

**پرسیاری ٥- زەقرین و کاریگەرترین ڕەخنە چییە لە خەباتی خۆتدا لێتگیرابێ، ئایە ئەوان لەسەر حەق بووین و ڕەخنەکەیان بەجێ بووە؟**

**فاروق:** لەخەباتی سیاسی هەم شار و هەم شاخ، دووچاری ڕەخنە گرتن بووین، هەندێکیان ڕەخنەی بێ بنەمابوون، هەندێکیشیان ڕەخنەی لەجێی خۆی بووە، بەڵێ هەڵەشم هەبووە، هەندێ جار لەتەمەنی خەباتدا توشی توندڕەوی بوومەو غەڵەتم کردووە. زۆر جار هەڵەم کردووە، بەڵام عەمدی نەبووەو پێموابووەو لەو کات و سات و زوروف و تەمەنم بەگونجاوم زانیوە، کەچی ئەزموونی ژیان دواتر فێری کردم وانەبووە.

**پرسیاری ٦- لە چ کارێکی حزبی و شۆڕشگێڕیدا پەشیمانی؟**

**فاروق:** لە هیچیان پەشیمان نیم و تاوەکو لەژیان داماوم بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان تێدەکۆشم.

**پرسیاری٧- بەڕای تۆ دەردی کوشندەی نەتەوەی کورد چییەو عیلاجی چییە؟**

**فاروق:** یەکنەگرتنە لەنێو خۆدا لەنێوان حیزبە سیاسییەکاندا، یەکگرتوویی و تەبایی و یەکڕێزی چاکترین چارەسەرە، لەنێوانماندا بۆئەوەی سەرنجی دونیا ڕابکێشین و وڵاتانیش حیسابمان بۆبکەن.

**پرسیاری ٨- خوانەخواستە لەسەرەمەرگ بی، چ وەسیەتێکت هەیە بۆهاوژینەکەت، بۆکوڕەکانت، بۆکچەکانت، بۆکورد؟**

**فاروق:** چەند لەتواناتان دایە بخوێنن لەهەموو بوارەکاندا، چونکە پێشکەوتنی هەموو میللەتێك بەخوێندن و خوێندەوارییەو لەڕێی خوێندنەوە نەتەوە هۆشیار دەبێتەوە. هەروەها خزمەت کردن بەمرۆڤ، بەتایبەتی بەخەڵکی هەژار و نەدار و زەحمەتکێش.

مردیشم ببەنەوە گۆڕستانی داربەسەر و لەتەنیشت دایکە جگەرسۆزەکەم بمنێژن.

**پرسیاری ٩- ئەمانەت چەند خۆش دەوێن، مام جەلال،نەوشێروان مستەفا، کۆسرەت ڕەسووڵ، مەلا مستەفای بارزان، قاسملوو، شەرەفکەندی، ئاپۆ؟**

**فاروق:** مام جەلال: لەسەرەتای ناسینم تاکو کۆچی دوایی خۆشم ویستووە و ڕێبازەکەشیم خۆش دەوێ.

نەوشێروان:نەوشێروان سکرتێرمان بووە، ماوەیەك ئەوکات کۆمەڵە بووم. خۆشم دەویستوو ڕێزیشم بۆی هەیە.

کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی: هاوڕێ و هاوخەباتم بووە لەڕۆژانی سەختی خەباتدا، ڕێز و خۆشەویستیشم هەیە بۆی.

مستەفا بارزانی: خەباتی بۆکورد کردووەو ڕێزم هەیە بۆخەباتەکەی.

قاسملوو: لەسەرەتای لاوییەوە تاوەکو شەهید بوونی خەباتی بۆمیللەتی دابەشکرا و و داگیرکراو کردووە، ڕێزم بۆخەبات و ماندووبوونی هەیە.

شەرەفکەندی: نەمناسیوە بەس بیستوومە مرۆڤێکی تێکۆشەربووەو خەباتی بۆنەتەوەکەمان کردووە.

ئاپۆ: بەپیاوێکی تێکۆشەر و ماندوونەناسی دەزانم، خۆشم دەوێ.

**پرسیاری ١٠- بەلای تۆوە جوانترین شت چییە لەژیان؟**

**فاروق:** ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان جوانترین شتە بەلاماوە.

**پرسیاری ١١- بۆنەبووی بەسەرکردەیەکی زۆر باڵا، خۆ هەموو خەسڵەت و کەسایەتییەکانت تێدابووە، خۆت حەزت نەکردووە، یان ڕێگری هەبووە؟**

**فاروق:** من پلەی حزبیم زۆر بڕیووەو ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندم لەسەر لیستەکەی مام جەلال دا. لەبەر نەخۆشییەکەم نەمتوانیووە پۆستی گەورە وەرگرم، زۆر جار پۆستی گەورە هاتۆتە پێش، بەس من هەولم بۆکەسی تر داوە بۆئەوەی ئەو پۆستەی پێبدەن و زۆر بەقسەشیان کردووم، بەڵام بۆخۆم ئەو هەولەم نەداوە، چونکە نەخۆشم و تەندروستیم گونجاو نییە، بۆهەر هەڵسانەوەیەك لەسەر کورسی دەبێ کەسێك بێتە بن باڵم و ڕاستم بکاتەوە. من برینـدار بوویم و پارچەیەك بەر سەرم کەوتووە زۆر جار چەند ڕۆژێك بەبێ هۆشی لەماڵ دەکەوم.

**پرسیاری ١٢-ئەگەر بتەوێ پەیکەر بۆکوردێك بکەی کە بۆی نەکرابێ بۆکێی دەکەی، لەبەرچی؟**

**فاروق:** بۆهەڤاڵ و قارەمانی دێرین: شەهید ملازم سەید کەیم. کە لەساڵی ١٩٨٤ شەهید بوو.

# ( ئەرشـــيفە وێنــە )



فاروق عەلی مەولود لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال



شاڵاو کۆسرەت ڕەسووڵ، فاروق عەلی مەولود، کۆسرەت ڕەسووڵ، ؟، جەنگی ڕەسووڵ-
زستانی ١٩٨٧، سماقوڵی



منالەکە: شەهید شۆڕش عەلی مەولود، فەهد عەلی مەولود، م. کاوە ، فارووق عەلی مەولود- داربەسەر، ماڵی عەلی مەولود ئەیلوولی، ١٩٨٠



مامۆستا سالار، فاروق عەلی مەولود، کۆیە- بانیماران ،١٩٨٢



ئاهەنگی بووک گواستنەوەی فاروق عەلی مەولود، نەغەدە ، ٢٥-١٢-١٩٨٩



فاروقی عەلی مەولود لەگەڵ دایکی( فاتمە ڕەسوڵ ) ١٩٩٨



فەهد عەلی مەولود، فاروق عەلی مەولود، جەلیل گادانی، فەتحوڵا حەمید ساڵح، عەبدوڵا حەسەن زادە، حەسەن ڕەستگار، کۆیە - بەردەم قەڵای دیموکرات، ٢٠١٥



مەلا بەختیار، فەهد عەلی مەولود، تووژەڵە-، ١٩٨٨



فاروق عەلی مەولود، قەندیل- گۆمی کرمە سووران، مانگی دوازدەی ۱۹۸۷



شەهید عەلی ساڵح، فاروق عەلی مەولود، داربەسەر لەماڵی فاروقی عەلی مەولود،
هاوینی ۱۹۸۰



مەحموود دەروێش، عەلی مەولود/ مۆسکۆ، ١٩٧١



فاروق عەلی مەولود، دکتۆری چارەسەری سروشتی، ئەڵمانیا- نەخۆشخانەی گوتینگن، ئەیلوولی ١٩٨٩



بارزان عەلی مەولود، منالّەکە: باخان بارزان عەلی مەولود، فاروق عەلی مەولود، ١٩٩٩



تێکۆشەر: عوسمان خالید ئیسماعیل شیواشۆکی، لەدایکبووی ١٩٣٠



فاروق عەلی مەولود، ئەڵمانیا- ماڵی لیوا سمکۆ دزەیی، ١٩٨٩



مشیر گۆمەشینی، دایکی فاروق(فاتمە ڕەسوڵ)، فاروق عەلی مەولود، شۆڕش فاروق، کۆیە، گۆمەشین، ٢٠٠٤



شوێنی کۆبوونەوەی فاروق عەلی مەولود و مەلا بەختیار و شاخەوان عەباس،
کۆیە، داربەسەر، گەرماوە.



فازیل شەورۆ و هاوژین سڵێوە لە سەردانێکی مەیدانی بۆ گوندی داربەسەر و هەرەت و
پەرەتەکانی، ٥-٩-٢٠١٨



فازیل شەوڕۆ لەو شوێنەی کە ١٩-٨-١٩٧٩ خەڵکی گوندی لێی کۆبوونەوە بۆپێشوازی
فاروق عەلی مەولود کە لە ئەبوغرێب گەڕایەوە، ٥- ٩- ٢٠١٨ گیراوە



کۆنە ماڵەکەی عەلی مەولود لە داربەسەر، ٥ - ٩- ٢٠١٨



بێستوون سەعدون، فاروق عەلی مەولود، سامان عەبدولآ، داربەسەر،
٥ - ٩- ٢٠١٨



هاوژین سلێوە، فاروق عەلی مەولود، فازیل شەورۆ، کۆیە- ماڵی فاروق عەلی مەولود،
٣ - ٩- ٢٠١٨



ڕەشێ عەلی مەولود، فاروق عەلی مەولود، قەسپێ عەلی مەولود،
کۆیە- ماڵی فاروق عەلی مەولود، ٨ - ١٠- ٢٠١٨



فاروق عەلی مەولود، پێشەوا عەلی مەولود، فەیسەڵ کەریم مەولود، ئەیلوولی ٢٠١٨




**فاروق عەلی مەولود- وەرگرتنی خەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد، ٨- ٤- ٢٠١٣**




**؟،؟، عایشە (خێزانی فاروق عەلی مەولود)، فاروق عەلی مەولود، کەریم شێخانی، وەسفیە خانەقینی**




هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، فاروق عەلی مەولود، ٢٠١٣/٤/٨




فاروق عەلی مەولود و خێزانەکەی، سلێمانی ٢٠١٣/٤/٨



شۆڕش فاروق و فاروق عەلی مەولوو، کۆیە، ٢٠١٩



شۆڕش فاروق (کوڕی گەورەی فاروق عەلی مەولود) و خێزانەکەی (ڕۆشنا عەبدولمەجید)
٢٠١٦



فاروق عەلی مەولود و خاڵە سەید مەجید-٢٠٢٠





ناساندنی کتێبەکە، ٧- ٧- ٢٠٢٠، فاروق عەلی مەولود، د. هاوژین سڵێوە، فازیل شەوڕۆ، هاوکار ڕەندیخانی



لە ڕێوڕەسمی ناساندنی کتێبی "ئاگردانێك بەقەد نیستمان"، ٧- ٧- ٢٠٢٠

# تێبینی:

**چەند نازناوێك و ناوەكانیان، وەك لە یاداشـتەڕۆمانەكەدا ناویان هاتووە:**

**كەڕە: بـارزان**

**قەسـپێ / گورگە: مەحبوبە**

**ڕەشـێ: سوعاد**

**موحتێ: موحتەبەر**

# پێرست

واژوو.................................................١
ئەم یاداشتە ڕۆمانەمان چۆن نووسی؟ ........................٢
ئاگردانێك بە قەد نیشتمان ........................... ٨
شەهید عەلی مەولود لە دیدی هاوڕێكانیدا.................. ٢٧٦
چەند پەیڤێك دەربارەی فاروق شەهید عەلی مەولود..................٣٠٣
ڕووبەڕوو لەگەڵ فاروق عەلی مەولود..................................٣٦٩
ئەرشیفە وێنە..........................................٣٧٣